خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
ئەرسەلان حەسەن		بابان ئەنوەر

# پۆپۆلیزم

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك وەرگێڕ

2017

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

1

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# پۆپۆلیزم

بابەت: فكری
وەرگێڕانی: كۆمەڵێک وەرگێڕ
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز كەمال- كەیوان عومەر- زریان ڕەحیم
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2017
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نرخ: 6000 دینار
لەبڵاوكراوەكانی: دەزگای ئایدیا بۆ فكر و لێكۆڵینەوە

لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (250)

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07709556990 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک كۆمەڵگەی بەهاران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان
ژمارەی سپاردن (925 )ی ساڵی2017ی پێدراوە



# پۆپۆلیزم

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ

2017

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

# پێڕست


بەشی یەکەم: لە ستایشی پۆپۆلیزمدا.................................................9
-یاداشت: مەهدی پارسا........................................................10
- پێشەکیی وەرگێڕانی فارسی.........................................................13
- پۆپۆلیزم: چۆنییەتی ناوێک.........................................................29
- دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستی.........................................................65
-بۆچی سازدانی خەڵکانێک ئەرکی سەرەکی سیاسەتی ڕادیکاڵە؟.........121
- سەرنجڕاکێش بوو...............................................................213
بەشی دووەم: کۆمەڵە وتار و گفتوگۆیەک لەگەڵ (شانتال موفه)......275
- (1) ئەمریکا لە سەردەمی پۆپۆلیزمدا.........................................277
- (2) پێویستە چەپ پەرە بە پۆپۆلیزم بدات.................................295
- (3) پۆپۆلیزمی ڕادیکاڵ....................................................313
- (4) پۆپۆلیزم زەرورەتە.....................................................325
- (5) تەحەدای پۆپۆلیستی.....................................................341
- (6) ساتەوەختی پۆپۆلیستی...................................................359
بەشی سێیەم: مەترسیی زیاتری پۆپۆلیزم..........................................367
بەشی چوارەم: پۆپۆلیزم؛ باڵاترین قۆناغی تۆتالیتاریزم.................401
بەشی پێنجەم: لە فاشیزمەوە بۆ پۆپۆلیزمی ناسیۆنالیست.............465
بەشی شەشەم: سەرکردە پۆپۆلیستەکان............................................481

# پڕۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

پڕۆژەیەکی نوێی دەزگـای ئایدیایە و خۆی لە زنجیرە کتێبێکی گەورەدا دەبینێتەوە، هەر کتێبێک تایبەتە بە چەمکێک، هەموو لایەنەکانی ئەو چەمکە دەخـاتـەڕوو و لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە پێناسەیەکی تێروتەسەلی لەسەر دەنووسرێت یان وەردەگێڕدرێت و ڕاڤە و شیکردنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت. پاڵنەری ئەم پڕۆژەیە هەر بەتەنها ئەو بۆشاییە فکرییە گەورەیە نییە کە لەناو کایەی فەرهەنگی و فەلسەفیی کوردییدا هەیە، بەڵکو هەڵەتێگەیشتن لە چەمکەکان و ڕاڤەی هەڵە بۆیان، پاڵنەرێکی گەورەتری ئەم پڕۆژەیەیە.

ئەگەر تەماشای مێژووی هاتنی چەمک و زاراوەکان بکەین بۆناو زمانی کوردی، ڕەنگە بە باشی هەست بەوە بکەین کە هەریەکێکیان لە سەرەتادا بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی تاڕادەیەک جیاواز لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیەوە هاتووە، بەڵکو بەشی زۆریان بەدووریش نەبوون لە شێواندن و هەڵەتێگەیشتن و بەهەڵە بەکارهێنان، کە هەموو ئەم لادانانەش بەهۆی کاریگەرییە ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئـابـووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریانهەڵداوە. هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هەتاوەکو ئێستا بەهەڵە و نەشارەزایی بە شان و باڵی هەندێک چەمکدا هەڵدەدرێت و هێرشی بێ بنەماش دەکرێتە سەر هەندێک چەمکی دیکە.

ئەوەی زیاتر بۆتە مەیدانی ئەم شێواندن و هەڵەخوێندنەوەیە، ناوەندە ‹ئەکادیمی و فەرهەنگی›یەکانن. ساڵانە دەیان خوێندکار

بەشەکانی فەلسەفە و زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئابووری و ...هتد تەواودەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی مێژووی هزری مرۆڤایەتی؛ نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەو زانستەی خۆیان پسپۆڕن تێیدا، بەڵکو بە هەڵە ئەو چەمکانەیان وەرگرتووە کە گوایە چەند ساڵێک خوێندویانە و کاریان لەسەر کردووە و توێژینەوەیان لەسەر نووسیوە. لەڕاستیدا دەبوو ئێستا خوێندنەوەی جیاواز و لێکدژ و تازە بۆ ئەم چەمکانە بکرایە و کۆڕی ڕەخنەیی و نووسینی زانستیی بەپێزیان لەسەر بنووسرایە و قۆناغی ناساندنیان تێبپەڕاندایە؛ بەڵام بەداخەوە هێشتا لە قۆناغێکداین کە دەبێت دەیان کتێبیان لەسەر بنووسین و وەربگێڕین، هەتاوەکو ئەو چەمکانەدەناسێنین.

دەزگای ئایدیا وەک هەمیشە چاوی بۆ کەلێنەکانی کایەی فکری و فەلسەفیی ناو زمانی کوردی گێڕاوە، لەئێستاشدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆشاییەی لەسەرەوە باسکرا، ئایدیا پڕۆژەیەکی نوێ ڕادەگەیەنێت بۆ دووبارە ناساندنەوەی ئەم چەمکانە و دروستکردنی مشتومڕی فکری لەبارەیانەوە. ئەم پڕۆژەیە لە دۆخێکی قەیراناوییدا لەدایکدەبێت و دەیەوێت دۆخێکی قەیراناویی چارەسەر بکات؛ بەو مانایەی لەدایکبووی ئەم دۆخە نالەبارە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەی کوردستانە، هاوکات دەیەوێت کەمێک چارەی دۆخێکی قەیراناوییش بکات، کە بریتییە لە دۆخێکی لاوازی دونیای فکر و فەلسەفە.

# پێڕست


بەشی یەکەم: لە ستایشی پۆپۆلیزمدا.................................................. 9

–یاداشت: مەهدی پارسا...................................................................... 10

– پێشەکیی وەرگێڕانی فارسی.......................................................... 13

– پۆپۆلیزم: چۆنییەتی ناوێک........................................................... 29

– دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستی........................................................... 65

–بۆچی سازدانی خەڵکانێک ئەرکی سەرەکی سیاسەتی ڕادیکاڵە؟......... 121

– سەرنجڕاکێش بوو...................................................................... 213

بەشی دووەم: کۆمەڵە وتار و گفتوگۆیەک لەگەڵ (شانتال موفە)...... 275

– (1) ئەمریکا لە سەردەمی پۆپۆلیزمدا............................................ 277

– (2) پێویستە چەپ پەرە بە پۆپۆلیزم بدات..................................... 295

– (3) پۆپۆلیزمی ڕادیکاڵ.............................................................. 313

– (4) پۆپۆلیزم زەرورەتە................................................................ 325

– (5) تەحەدای پۆپۆلیستی............................................................. 341

– (6) ساتەوەختی پۆپۆلیستی........................................................... 359

بەشی سێیەم: مەترسیی زیاتری پۆپۆلیزم......................................... 367

بەشی چوارەم: پۆپۆلیزم؛ باڵاترین قۆناغی تۆتالیتاریزم...................... 401

بەشی پێنجەم: لە فاشیزمەوە بۆ پۆپۆلیزمی ناسیۆنالیست.................... 465

بەشی شەشەم: سەرکردە پۆپۆلیستەکان........................................... 481

## پڕۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

پڕۆژەیەکی نوێی دەزگـای ئایدیایە و خۆی لە زنجیرە کتێبێکی گەورەدا دەبینێتەوە، هەر کتێبێک تایبەتە بە چەمکێک، هەموو لایەنەکانی ئەو چەمکە دەخـاتـەڕوو و لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە پێناسەیەکی تێروتەسەلی لەسەر دەنووسرێت یان وەردەگێڕدرێت و ڕاڤە و شیکردنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت. پاڵنەری ئەم پڕۆژەیە هەر بەتەنها ئەو بۆشاییە فکرییە گەورەیە نییە کە لەناو کایەی فەرهەنگی و فەلسەفیی کوردییدا هەیە، بەڵکو هەڵەتێگەیشتن لە چەمکەکان و ڕاڤەی هەڵە بۆیان، پاڵنەرێکی گەورەتری ئەم پڕۆژەیەیە.

ئەگەر تەماشای مێژووی هاتنی چەمک و زاراوەکان بکەین بۆناو زمانی کوردی، ڕەنگە بە باشی هەست بەوە بکەین کە هەریەکێکیان لە سەرەتادا بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی تاڕادەیەک جیاواز لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیەوە هاتووە، بەڵکو بەشی زۆریان بەدووریش نەبوون لە شێواندن و هەڵەتێگەیشتن و بەهەڵە بەکارهێنان، کە هەموو ئەم لادانانەش بەهۆی کاریگەرییە ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریانهەڵداوە. هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هەتاوەکو ئێستا بەهەڵە و نەشارەزایی بە شان و باڵی هەندێک چەمکدا هەڵدەدرێت و هێرشی بێ بنەماش دەکرێتە سەر هەندێک چەمکی دیکە.

ئەوەی زیاتر بۆتە مەیدانی ئەم شێواندن و هەڵەخوێندنەوەیە، ناوەندە ‹ئەکادیمی و فەرهەنگی›یەکانن. ساڵانە دەیان خوێندکار

بەشەکانی فەلسەفە و زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئابووری و ...هتد تەواودەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی مێژووی هزری مرۆڤایەتی؛ نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەو زانستەی خۆیان پسپۆڕن تێیدا، بەڵکو بە هەڵە ئەو چەمکانەیان وەرگرتووە کە گوایە چەند ساڵێک خوێندویانە و کاریان لەسەر کردووە و توێژینەوەیان لەسەر نووسیوە. لەڕاستیدا دەبوو ئێستا خوێندنەوەی جیاواز و لێکدژ و تازە بۆ ئەم چەمکانە بکرایە و کۆڕی ڕەخنەیی و نووسینی زانستیی بەپێزیان لەسەر بنووسرایە و قۆناغی ناساندنیان تێبپەڕاندایە؛ بەڵام بەداخەوە هێشتا لە قۆناغێکداین کە دەبێت دەیان کتێبیان لەسەر بنووسین و وەربگێڕین، هەتاوەکو ئەو چەمکانەدەناسێنین.

دەزگای ئایدیا وەک هەمیشە چاوی بۆ کەلێنەکانی کایەی فکری و فەلسەفیی ناو زمانی کوردی گێڕاوە، لەئێستاشدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆشاییەی لەسەرەوە باسکرا، ئایدیا پڕۆژەیەکی نوێ ڕادەگەیەنێت بۆ دووبارە ناساندنەوەی ئەم چەمکانە و دروستکردنی مشتومڕی فکری لەبارەیانەوە. ئەم پڕۆژەیە لە دۆخێکی قەیراناوییدا لەدایکدەبێت و دەیەوێت دۆخێکی قەیراناویی چارەسەر بکات؛ بەو مانایەی لەدایکبووی ئەم دۆخە نالەبارە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەی کوردستانە، هاوکات دەیەوێت کەمێک چارەی دۆخێکی قەیراناوییش بکات، کە بریتییە لە دۆخێکی لاوازی دونیای فکر و فەلسەفە.

# بەشی یەکەم

## لە ستایشی پۆپۆلیزمدا

## گفتوگۆی (ئەرنستۆ لاکلاو) و (سلاڤۆی ژیژەك)

وەرگێڕانی

ئەرسەلان حەسەن

**یاداشت**

*هەوڵی من هەمیشە ئەوەبووە کە لە سنووری وتەی فەلسەفیدا بمێنمەوە.*

**جاک دریدا**

سنوورەکانی کتێبێک لە کوێیە؟ کتێبێک لەکوێوە دەستپێدەکات و لەکوێ کۆتایی پێدەهێنرێت؟ فۆکۆ کتێبەکان بەگرێی تۆڕێک دەچوێنێت (فۆکۆ، 1974). سنوورەکانی گرێیەک لە کوێیە؟

پرسیارێکی دیکە: (چۆن دەتوانیت لەسنوورەکانی حەقیقەت بپەڕیتەوە؟) چۆن دەکرێت لەناو جیهان دابیت و تەماشای جیهان بکەیت؟ چاوێک چۆن دەتوانێت خۆی ببینێت؟

وەڵام، فەلسەفەیە. فەلسەفە، ڕەتبوونە بەسنوورەکانی کتێب و حەقیقەتدا، نووسینی پەتییە، نووسین لە دەرەوەی کتێب و هەڵاتنە لەسنوورەکانی حەقیقەت. فەلسەفە ڕاکردنە لەخود، یان باشتربڵێین، هەناسەی ڕاکردنە، بوونەوەرێکە بۆخۆی بەچالاکیی خۆی، شووناسی خۆی دیاریدەکات. فەلسەفە پانتایی بەدیهێنەری مەحاڵە. فەلسەفیترین پرسیار، لەوانەیە تاکە پرسیاری تەواو فەلسەفی، ئەوەیە: (فەلسەفە چییە؟) فەلسەفە ڕامانە بەمەرجی توانای خود، کاتی باڵاڕۆیی (Transcendental) بەرکەوتنە بە ڕیشە، ژیان بەرهەمی هەمان ساتەکانی باڵاڕۆیی و ڕووتەڵییە. زیندوبوون، ڕاکردنە، فەلسەفە هونەری ژیانکردنە.

قوتابخـــانه فەلســـەفییەکان، نایانەوێــت لـــەنێــوان ئەم بیرکــردنەوە ڕووتەڵییــە و ژیــانی لکــانی ڕۆژانە دا، پــرد درووســـت بکــەن. ئەوان ئــەو بیرۆکەیــان لە باکگراونــدی خۆیانـدا هــەیە، کە فەلســەفە خــۆی لەخۆیـدا پەیوەنـدی بە ژیــان و کــارەوە هــەیە و پێویســت ناکــات بە نــاوەڕۆکی واتایی بیئاخنین. کەوایە فەلسەفە شایستەیی ئەوەی هەیە لە کەلی کتێب بێتەخوارەوە و لەنامیلکەکاندا دەستاودەست بکــات و پــەڕەکانی هەڵبـدرێتەوە، تاپەیـامەکەی خــۆی بە بەردانگکردنی تووڕەیی، نەفرەت و عیشقەکان بگەیـەنێت. کەواتــە مەبەســتمانە ســنوور ببــەزێنین و خۆمــان بکــەیـن بـەنـاو مــاڵی پیـرۆزی کتێبـدا. سـنووری نێـوان دەرەوە و نــاوەوە والابکەیـن و لە فەلســەفەدا هــەودای قســە لەگــەڵ نامۆکــان بکــەینــەوە. بزاوتێـک لەنــاوەوەی ڕۆحــەوە، بـۆ دەرەوەی جەســتە. قووتابخــانە فەلســەفییەکان نایانەوێـت کاربکەن لەسەر زیهنەکان، بەڵکو دەخوازن لەسەر جەستە و هەست کـاربکەن، کە بەردەوام بـە جۆرەکانی سیستمی فکری پێکهـاتوون، هەربۆیـە پێدادەگرین لەسـەر مـانەوەی فەلسەفە، تا تەواو قاڵبوونەوە لە ژیان بوون، سەرقاڵبوون بەهزرە کلێشەییەکان لە بابەت ژیان بوون، لـە ئاسودەییدا بمێنێتــەوە و هەڵبەتــە لە بیرمــان نەچێـت، کە فەلســەفەی سۆزداری، هەر ئەوەی نێوان – بوونی پەتییە، هەمانشتە کە دەرەوەی لە نــاوەوە و نــاوەوەی لەدەرەوەی ئامـادەیە. یان بەدەربڕینێکی دیکە، پێشتر هەموو هەوڵەکان بێئاکـامن بـۆ بەسیســتمکردنی. گرنگتـرین پــارێزەر بـۆ ئەو تیـۆرە ئەوەیە، کە بیرکردنەوە بەبێ دەق مەحاڵە. پێویستە تیۆری

ئامـانج بـوونی نووسـین لەگەڵ تیـۆری بـە ئامـانجکردنی [هەموو شتێک لە لایەن] نووسینەوە کۆبکرێتەوە، هەر لەو ڕووەوەیە کە هەموو قووتابخانەکان هەوڵدەدەن دەقێک بۆ ژیان ئامادە بکەن.

بڕیـار وایـە قووتابخـانە فەلسـەفییەکـان بەشـێوەیەکی گشـــتی تەرجومەگـــەلێک بـــن لە بەرهەمە فەلســـەفییە هاوچەرخـەکانی ئەوروپـی، یـان وەک دەڵـێن فەلسـەفەی پۆستکیشـوەری. بەڵگە نەویسـتە، کە توانـای کۆکردنەوەی تەواوی بۆچـوونە هەبـووەکـان لە فەلسـەفەی هـاوچەرخی ئەوروپیــدا، لەم کــۆمەڵەیەدا بـــوونی نیـــیە و هەڵبەتـــە پەیوەنـدی و سـەلیقەکانی ئێمـە بەربەسـتەکان دەسـەپێنێت، بەڵام هاوکـات ئەو کـۆمەڵەیە ترسـی نیـیە لە دەنگـەکـانی دیکـە. ئەم کـۆمەڵەیە هەوڵـدەدات هاوشـانی کۆمەڵەکـانی دیکـە، هاوکـاری کـاری بەرهەمهێنـانی کولتـوور بکـات. ئامانجی ئێمە پشـک هەبوونـە نـەک مەلەکردنـە دژە ڕەوتـی ئاو، پشک هـەبوون لە گۆڕانکـاری و بەرهەمهێنانی مانـای فەلسـەفە، بەهێنانەئـارای کۆمـەڵێـک دیـالۆگ نەک لە نێـوان فەلسـەفە و هـونەر، ئەدەب و دەروونشـیکاری، سیاسـەت و...هتـد، بەڵکـو کۆمەڵێـک دیالۆگـە لە کرۆکـی فەلسـەفەدا، لەگەڵ هونەر، ئەدەب، دەروونشیکاری، سیاسەت و... هتد.

# پێشەکیی وەرگێڕانی فارسی

## پۆپۆلیزم: تاکە کردەی سیاسی

لەوانەیە بکرێت کاری لاکلاو بە جۆرێک تیۆرسێنی پەتی بزانیت، کە لەودیوو ئەوەی خۆی ناویدەنێت ئەخلاقی و لەناو فرە شیکاری سیاسی هەنووکەییدا جارێکی دیکە دەیناسێتەوە، دەکۆشێت بە بۆچوونی **ناچالاک**، لۆژیک لەسەر پێکهێنەرەکانی پانتایی کردە سیاسییەکان ئاشکرابکات. ڕێگەدۆزینەوەی ئەو بۆ پۆپۆلیزم بەئاقاری شیکردنەوەی ئەو چەمکانەدایە کە سالانێک لێیکۆڵیونەتەوە، چەمکەکانی وەک هێما، هاوتایی و دەربڕینی داواکارییەکان. خاڵی سەرەکی کارەکانی لاکلاو، خۆبەدوورگرتنە لەخستنە ڕووی ستراتیجێک بۆ گۆڕانکاری هەمەلایەنە، لەکاتی مانەوەیە لە گۆڕەپانی تیۆردا. هەر لەبەر ئەوە، لەجیاتی بەگژداچوونەوەی بڕیارلێنەدراوەکان و پێشبینی نەکردنی کردە سیاسییەکانە لەجیاتی کەم و کوڕی، کە پەلکێشیاندەکاتە ناو تیۆرەکەی خۆیەوە. تیۆرەکانی لاکلاو لەسەر سێ وتەزای بنەمایی وەستاونەتەوە، کە پێشمەرجی چوونەناوەوەی شیکارکردنی لۆژیکی پۆپۆلیزمن.

**یەکەم: وتار؛** وتاری تێکڕایی ئالۆزییەکە، کە لەودا پەیوەندییەکان ڕۆڵی ستراکچەر دەبینن. بەدیوێکی دیکەدا، تووخمەکانی وتارێک نەک بەجێگەیاندنی پێشتر ئامادە، بەڵکو بەرهەمی وتارن. بۆیە، پەیوەندی و بابەتێتی دەبنە

ئەڵتەرنـاتیڤ. بەپێی بۆچوونی سۆسۆر، زمان کۆمەڵێک لە جیاوازییەکـانە کە لـەودا، هـیچ تووخمێـک خـاوەن لایـەنی ئەرێنـی نییـە، بۆیـە لە ئەنجامـدا، هەر تـوخمێکی هێمـاگەر لە هەر تێکڕاییەکـــی هێماییـــدا، پێویســـتە پەیـــڕەوی لەو تایبەتمەندییە زمانییە بکات. بۆ نموونە ناساندنی کردەیـەک، تەنیا بەهۆی جیاوازییەوە لەگەڵ کردەکانی دیکە و هەمـوو تـوخمە هێماگەرەکانـەوە ڕەخسـاوە. هـیچ شـتێک لەودیـوو یـارییە جیاوازییەکـانەوە، هـیچ بوارێـک نیـیە، کە پێشـتر سەروەری بە بەشێک لە تووخمەکان ببەخشێت. ناوەندێتی تووخمێــک، بەرهەمــی پەیوەندییــەکانی لە ســەربنەمای جیاوازییەکانە لە وتاری گریمانەییدا.

**دووەم: بەڵگەی پووچ و هەژمـوونی؛** ئەگەر تێکڕاییەک بەپێـی جیـاوازیی نـەگۆڕی لە بـەرچاوبگرین، دەبێـت ئەو تێکـڕاییە لە هەمـوو کـارێکی ڕێنمـایی تاکـدا ئامـادەبێـت، بەمەش تێگەیشـــتنی تێکڕایـــی، مەرجـــی هێمـــایە، کە تێگەیشـــتنی تێکڕایـــی پەیوەنـــدی بە تێگەیشـــتنەوە هەیـــە لەسـنووری خـۆی، بە دەربڕینێکـی دیکـە، دەبێـت تێکڕایـی لەشـتێکی تـر جیـابکەیتەوە. دەکرێت ئەو **ئەوی دیکـە** تەنیـا جیـاوازییەکی تربێت، بەڵام کە بەگـژ تێکڕاییەکـی هەڵگـری تەواوی جیاوازییەکـــان (سیســـتمی جیاوازییەکـــان)دا چــوونەوە، جیــاوازییەکەی دیکــە ســەبارەت بــەتێکڕایــی لەجیـاتی ئـەوەی کـە دەرەکـی بێـت، نـاوەکییە و توانـای تەواویـەت بەخشـینی بەتێکڕایـی نییـە. لە ئەنجامـدا، تـاکە

ئەگەر بۆ بوونی دەرەکی و ڕاستی ئەوەیە دەرەکی نەک توخمێکی ناچالاکە کە پاژێکی **وەلانرابێت**، شتێکە دەبێت تێکڕایی بۆ بنیاتنانی خۆی بیخاتەلاوە. ئێستا کێشەیەکی دیکە دێتەئاراوە: هەموو جیاوازییەکان لە بەرامبەر توخمی وەلانراودا، دەبنە هاوبەهای یەکتری، بەو مانایە کە هەموویان لە خستنەلاوەی ناسنامەی وەلانراودا هاوبەشن، بەڵام هاوتایی ڕێک هەمانشتە کە پاشەکشە بەجیاوازیی دەکات، کەوایە پێوستە هەموو ناسنامەکان لەگرژی نێوان لۆژیکی جیاوازییکردن و هاوبەهاسازییدا درووستبکرێن. ئەوەی لە کرۆکی هەر تێکڕاییەکدا دەیدۆزینەوە، ئەو جۆرە گرژییەیە، لە ئەنجامدا، ئێمە نە ڕووبەڕووی تێکڕایی سەد دەر سەد بووینەتەوە، کە لەگەڵ تێکڕایی کەم و ناکامین لە تەواوەتیی، نە شوێنی دەستەبەرنەبوونی یەکگرتوویی. تێکڕاییەکی وەها هەم مەحاڵە و هەم پێویست. مەحاڵە، چونکە لە کۆتاییدا، گرژی نێوان هاوتایی و جیاوازی چاوپۆشی نەکردنە و پێویستە، چونکە بەبێ بوونی جۆری کۆتایی، هەرچەند لەرزۆک و کاتیی بێت، هیچ هێما و ناسنامەیەک پێویست نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە لەسەرووی ئەوەوە نەبوونی توانای چەمکێک لەجۆری توانای لە سەربنەمای نیشاندانەوە، قسە بێنێتەئاراوە. لەوانەیە جیاوازییەک، لەکاتی مانەوەی خۆی وەکو جیاوازیی بەشەکی، تێکڕایی پێوانە نەکراو نیشانبداتەوە، لەم کاتەدا، پەیکەرەکەی شەق

دەبات، لە لایەکەوە هەر وەک بەپێی پاژێک دەمێنێتەوە و لە لایەکەی دیکەیەوە، هێمایەکی زۆر تێکڕاییتر هەڵدەگرێت. پەسندکردنی ئەو ڕۆڵە، هەمانشتە کە لاکلاو ناویدەنێت هەژموونی. بەگریمانەی مەحاڵ بوونی تێکڕاییەکی وەها جەستە سەلمێنراو، دەبێت ناسنامەی هەژموونیک پەیڕەوی لە دیسپلینی بەڵگەی پووچ بکات. بەمەش، هەرگیز تێکڕایی لەڕیشەوە هەڵناکێشرێت، چونکە دەبێت لەجیاتی تێکڕایی، ناچار بە کەلی هیوای بزانین نەک بنەڕەتێک یان بنەما.

**سێیەم: ڕەوانبێژی؛** خوازەیەک لە بۆچوونی باودا، کە ناکرێت بەمانای وشە بەوشە تەرجومە بکرێت بە catachresis دەیخوێننەوە، کە وشەی وشە بەوشە ناتوانێت وەک خۆی بیگوازێتەوە. لەدۆخێکی لەم شێوەیەدا catachresis تەنیا خوازەیەکی تایبەتی نییە، بەڵکو خەسڵەتی گشتی ڕەوانبێژییە. ئەگەر بەڵگەی پووچ دەرکەووتنی پێویستبوونە بەناونانی سوبێکتێک، کە هەم مەحاڵە و هەم پێویست، کەوایە دەبێت هەژموونی ڕاستەوخۆ catachrestical بێت.

لاکلاو دەخاتە بەردەم دوو داوەری باوی پۆپۆلیزم، دوو ئەگەری جیاوازەوە. ئەو دوو داوەرییە بریتیین لەوەی کە پۆپۆلیزم ئاڵۆز و دیاری نەکراوە و تەنیا لەچوارچێوەی **ڕەوانێژییدا** دەگونجێت. لەڕوانگەی لاکلاوەوە، ئاڵۆز و دیارینەکراو، خاڵی لاوازی وتارێک نین

لـەبارەی واقعیـەتیی کۆمەڵایەتییـەوە، بەڵکـو لە هەنـدێک هەلومەرجدا، لەسەر واقعیەتیی کۆمەڵایەتی نەخشێنراوون. ئەوی دیکـە ڕەوانبێـژی کـارێکی زیـادە نییـە لـە بەرامـبەر ستراکچەرێکی چەمکی سەرومڕدا، چونکە هیچ بنەمـایەکی ستراکچەری چەمکیی گونجانی نـاوەکیی بەبێ هەڵواسین بە میکانیزمەکانی ڕەوانبێژانە بە دەستەوە نادات.

بەو پێـیە، ئـەو ئەنجـامگیری دەکـات کە پۆپـۆلیزم باشترین ڕێگایە بۆ تێگەیشتن لەچۆنییەتی پێکهاتنی کاری سیاسـی. خەڵـک نەک هـەر مـاهیەتێکی ئایـدیۆلۆژی پەیوەنـدیی واقعیـی نێـوان بکەرانـی کـۆمەڵایەتییە، بـەڵکو ڕێگایەکە بۆ هێنانەئاراوەی یەکگرتوویی.

ویسـتی کۆمەڵایەتی، بچـووکترین یەکەیـە لـە شـیکاری لاکـلاودا. ویسـت (demand) لە ئینگلیزیـدا هەم مانـای دەخوازێتـە و هەم مانـای بانگەشـەکردن و داواکـاریی. لاکلاو تێپەڕبوون لە داخوازی بۆ داواکاری، بە یەکێک لە گرنگتـرین تایبەتمەنـدییەکانی پۆپـۆلیزم دەزانێـت. لــە بیردۆزەکەی ئەودا، پێویسـتە جیاوازی لەنێوان دووجـۆر داخوازییدا بکرێت، داخـوازی **دیموکراسی**، کە جیابووەوە و لێکجیـایە لە داخوازییەکانی دیکـە و داخـوازیی **پۆپۆلار**، یـان پۆپۆلیسـتی بۆخـۆی کۆمەڵێک داخـوازییە و بەهـۆی دەربڕینیەکـانی لە سـەربنەمای هاوتـایی، هۆکـاربوونی سیاسـییەوە فراوانتـر بەدیـدێنێت. کەوایە دوو پێشـمەرجی ئاشـکرای پۆپـۆلیزم بـریتیین لە فـۆڕمگرتنی سـنوورێکی ئەنتاگۆنیستی نـاوکی، خەڵک لە دەسـەڵات جیادەکاتەوە و

جومگەبەندیی داخوازیی هاوتایی، بوار بۆ سەرهەڵدانی خەڵک دەڕەخسێنێت.

لاکلاو دوو ڕێگا بۆ درووستبوونی کاری **کۆمەڵایەتی** ئەژمار دەکات، کاری کۆمەڵایەتی یان بەرهەمی بەشێکە کە ئەڵقەی پەیوەندییەکەی ئەو بە هەموو پاژەکانەوە، ماهییەتی لە سەربنەمای جیاوازیی هەیە (وەک پاژەکانی داخوازیی)، یان دەرئەنجامی بەشداریکردنی پاژەکانە بەپێی هاوتایی. تەنیا لەباری دووەمدا، درووستبوونی کاری کۆمەڵایەتی پێویستی بە کێشانی سنووری ئەنتاگۆنیستی دەبێت. بەمەش، پێشمەرجێکە بۆ پەیدابوونی پۆپۆلیزم، باڵاڕۆیی لۆژیکی هاوتاییە بەسەر لۆژیکی جیاوازییدا.

گەرچی هاوتایی و جیاوازی سەرئەنجام پێکەوە ناکۆکن، بەناوی هەلومەرجی پێویست بۆ درووستبوونی کاری کۆمەڵایەتی پێویستی یەکترن. لە کۆتاییدا، کاری کۆمەڵایەتی شتێک نییە جگە لە شوێنی ئەو گرژییە کم نەکراوەیە. پرسیارێک کە لێرەدا دەخرێتەڕوو ئەوەیە ئەگەر لە کۆتاییدا، ئەو دوو لۆژیکە لێکجیانەبوونەوە، هاوتایی چۆن سەبارەت بەجیاوازی نایاب دەبێت و لەبنچینەدا نایاب بوون مانای چی دەگەیەنێت؟ لاکلاو وەڵامدەداتەوە، لە لایەکەوە، تەواوی ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان لە خاڵی بەیەکگەیشتنی هاوتایی، جیاوازیی درووست دەبن و لە لایەکەی دیکەیەوە، کە نا هاوسەنگی بنەڕەتیی لە کاری کۆمەڵایەتیدا هەیە،

پێویستیی بە تەواوبوونە، کە پاژێکی نیشاندانەوەی تێکڕایی مەحاڵ بگرێتەئەستۆ. بەم شێوەیە، ناسنامەی دیاریکراو لەتێکڕای جیاوازییەکاندا، بۆ ڕواڵەتی تەواویەت بوون دەگۆڕێت. ئەوە ڕێک مانای نایاب بوونە.

سڕینەوەی سنوورێک لە یەکپارچەیی پۆپۆلیستیدا، کۆمەڵگە بۆ دوو کامپ دابەشدەکات. لەم بارەدا، خەڵک شتێک کەمترە لە تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە. دەکرێت خەڵک بە populous بزانیت، کۆمەڵی هەموو هاووڵاتیان، یان plebs، بێبەشان. جەماوەری، کە پۆپۆلیزم ئافرێنەرییەتی پلیبیسییە و خوازیاری ئاڵوگۆڕیەتی بۆ پۆپۆلستی ڕەوا. سنووری ئەنتاگۆنیستی، کۆمەڵگە بۆ دوو کامپی دانەشکاو دابەشدەکات، کە لەدەوری دوو زنجیری هاوتایی ناکۆکدا درووستبوون. ڕادیکاڵبوونی ئەو کەلێنە، پێویستی نیشان نەدانەوەی چەمکەکەیەتی. هاوشێوەی دەربڕینی لکانی (پەیوەندی سێکسی نییە) - ناکرێت دوو جەمسەری پەیوەندی بەشێوەبەندییەک بزانیت - لە ئەنتاگۆنیزمیشدا، کەلێنی ئەنتاگۆنیستی لە تێگەیشتنی چەمکی ڕادەکات. کەوایە، ئەنتاگۆنیزم دەرخەری دەرەوەیی بوو یان دەرەوەییەکە، ئەگەرچی دەتوانێت بەسەریدا زاڵبێت، بەڵام ناتوانێت بەشێوازی دیالێکتیکی چاوپۆشی لێ بکات.

وێنای سنووری ئەنتاگۆنیستی ڕادیکاڵ، بوونی شوێنی درزبردن نیشاندەدات شوێنێک، بریتییە لە ئەزموونی

نەبوونێک، بۆشاییەک کە لەبەردەوامی لێکچووی کاری کۆمەڵایەتیدا دێتەئاراوە، یان بە دەربڕینێکی دیکە، سنووری ئەنتاگۆنیستیی نیشانەی یەکگرتوویی و پڕبوونی نائامادەیی کۆمەڵە. لاکلاو دەڵێت سازدانی خەڵکێک هەوڵێکە بۆ ناونانی ئەو یەکگرتووییە نائامادەیە، بەبێ بوونی ئەو درزە سەرەتاییە لە سیستمی کۆمەڵایەتییدا، ئەنتاگۆنیزم، سنووری دیارنابێت و سەرئەنجام خەڵک دەرناکەوون. ڕەهەندی دووەم درزبردنی بەم شێوەیە: زۆرجار مانای داخوازیی بەگشتی بەپێگە جیاوازەکانی ئەوان لەچوارچێوەی سیمبۆلیکی کۆمەڵگەدا دیاریدەکرێت، بەڵام ئەگەر کۆمەڵێک داخوازیی نەخەملێنرێت، ئەو چوارچێوەی سیمبۆلیکە دەپووکێتەوە و نامێنێت. لەمبارەدا، چوارچێوەی پێشتر هەبوو کەمتر و کەمتر وەڵامی داخوازیی جەماوەر دەداتەوە، بەمەش بوونی چوارچێوەیەکی نوێ حەتمی دەبێت. هەر لەبەر ئەوە، ناسنامەی دووژمن پەیوەندی هەیە بە پڕۆسەی درووستبوونی کاری سیاسییەوە.

بەهەمانشێوە کە پێشتر وترا، پۆپۆلیزم پێویستی بەدابەشکردنی کۆمەڵگەیە بۆ دوو کەمپ. ئەم دابەشکردنە ئامادەیی بەڵگە دانسقەکان دەکاتە پێشگریمانە (ڕژێم، ئۆلیگاریشی، گرووپە زاڵەکان و.. هتد بۆ دووژمن، خەڵک، میللەت، زۆرینەی بێدەنگ و هاوشێوە بۆ سەرکوتکراوان)، کە هێمای تەواوی کەمپێکی ئەنتاگۆنیستی لەخۆیدا کەڵەکە

کــردووە. لاکــلاو لەو ڕەوتــی کەڵەکەبــوونی هێماییــەدا، جیاوازی لەنێوان دوو لایەندا دەکات، ڕۆڵی ئەنتۆلۆژیکی دابەشــــکردنی کــۆمەڵایەتی بە ســـــتراکچەری وتــــار و نـاوەڕۆکی ئـەنتیکی، کە لە هەلـومەرجی دیـاریکراودا، ئەو ڕۆڵە دەگرێتەئەستۆ. لەوانەیـە نـاوەڕۆکی کۆن نەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێـت، لەکاتێکـدا ئەگەر پێویسـتمان پێیمابێـت، هێمــاگەلێکی ئامــاژەیی سیاســی دژ ئەو ڕۆڵە دەبیــنن. هەروەک کە دوورنییە لە کاتی لاوازبوونی چەپدا چەندین نـاوەڕۆک بـۆ بـاڵی ڕاسـت بگـوازرێنەوە، کە وەک نەریـت ناوەڕۆکەکەیان پێکهێنابوو.

سێیەمین ڕەهەندی گرنگ لـە هێنانـەئاراوەی سنووری ئەنتاگۆنیســـتیی بـــۆ گـــرژی نێـــوان جیــــاوازی و هاوتایی کۆمەڵێک لە داخوازیی دەگەڕێتەوە، کە لـە ڕێگـەی جومگەبەندییـەوە، نـاوەڕۆکی پۆپۆلاریـان دۆزیـوەتەوە. لە لایەکەوە، جێبوونەوەی هەر داخوازییەکی دیموکراسیی لە زنجیرەی هاوتاییدا، جەستەیەکی پێدەبەخشێت کە بۆخۆی نەیتوانیوە بەتەنیا دەستەبەری بکات.

داخوازییەکی وەها ئیدی نـابەردەوام و زووتێپەڕنابێت و لــەوەدا تێکهەڵکـێش دەبێـت، کە گرامشــی بە (شــەڕی بــارودۆخ)ی دەزانێــت. لە لایــەکەی دیکەیــەوە، خەڵــک (زنجیـرەی هاوتـایی) یاسـای سـتراتیژی تـایبەت بەخـۆی هەیە و هیچ گرەنتییەک بوونی نییە کە ئەم یاسایانە ڕێگـە نەبەنە قووربانیــدانی هەنــدێک داخــوازیی دیموکراســیی تاکەوە. بەمەش ئاکامی پۆپۆلیزم ڕێک پەیوەستە بەئاکامی

سـنووری سیاسـییەوە، ئەگەر ئەو سـنوورە نەمێنێـت، خەڵکیش وەکو فاکتەری مێژوویی لێکدەترازێت.

ئەگەر پەیوەنـدییەکان لە سـەربنەمای هاوتـایی شووناسێکی وتاری دیاریکراو بەرجەستە نەبن، جۆری هاوپەیوەندی ئاڵۆز تێناپەڕێنن. ئەم شووناسە، پەیوەندی لە سەربنەمای هاوتایی نیشان دەداتەوە، نەک داخوازیی دیموکراسیی کە بوونەتە هاوتایی یەکتری. تەنیا لەکاتی بەرجەسـتە بـوونێکی وەهادایـە کە خەڵـک لـە مانـای پۆپۆلیسـتییدا، پێـدەنێتە پانتاییـەوە. ئەوەی پێشـتر نێوەنـدگیری نێـوان داخوازییەکـان بـوو، ئێسـتا خـۆی ڕێکـدەخات. هەرچەنـد لەسـەرەتادا پەیوەنـدی نێـوان داواکانیـان سـەبارەت بەئـەوان پێگـەی بەشـەکی هـەبوو، ئێسـتا لەبەرامبەریانـدا کـاردانەوەی نیشـانداوە، بەهـۆی ئاوەژوبوونەوەیـەکـی وەک بنەمـاو بنچینـەی ئـەوان کاردەکات، بە بێ ئەو ئاوەژوبوونەوەیە، هیچ پۆپۆلیزمێک پێویست نابێت.

دوو لایەن لە درووستکردنی ناسنامەکانی پۆپۆلاردا جێـی بـایەخن: یەکـەم، داخـوازییەک کە لە ناسـنامەی پۆپۆلاردا بەرجەستە دەبێت و لە ناوەوە درز دەبات: لە لایەکـەوە، هـەروەک لەجیـاتی داخوازییـەکی لاوەکـی دەمێنێتەوە و لە لایەکەی دیکەیەوە پاژی ئەو، دەلالەت لەسـەر شـتی جیاوازدەکـات، واتـا تێکـڕای زنجیـرەی داخـوازیی هاوبەهـا، بەمانـایەکی تـر، داخـوازیی لەکـاتی بەشـەکـی بـوون بـە دالێـک بـۆ تێکڕاییەکـی فراوانتـر دەگۆڕێت.

ئەم هێمایە تێکڕاییترە، بەناچاری بۆ پەیوەندییەکانی دیکەی زنجیرەکە دەگوازرێتەوە، ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان پاژەکانی داخوازیی خۆی و هێمای گشتییدا درز دەبەن، کە لەسەر تێکڕای زنجیرەکە نەخش بووە. بەمەش ئالۆزییەک دێتەئاراوە: هەرچەند داخوازییەکە لاوازتر بێت، بۆ تەواوکردنی خۆی زیاتر وابەستەیە بەشوێنی خۆیەوە لەزنجیرەکەدا و لە بەرامبەردا، هەرچەند داخوازیی لەڕووی وتار و دامەزراوەییەوە سەربەخۆتربێت، پەیوەندی ئەو بە زنجیرەی هاوتاییەوە کەمتردەبێت. دووەم، پێویستە هەموو ناسنامەیەکی پۆپۆلار بەدەوری ئەو دالانەدا کەڵەکەبن، کە وەکیەکیی تێکڕای زنجیرەی هاوتایی دەردەخەن. هەرچەند زنجیرەکە فراوانتربێت، ئەو دالانە کەمتر پەیوەست دەبن بە داخوازیی بەشەکی سەرچاوەکەیانەوە، بەدیوێکی دیکەدا، نیشاندانەوەی تێکڕایی ڕێژەیی زنجیرەکە لەسەر دەربڕینی داخوازیی بەشەکی چڕدەبێتەوە، وەک ناسنامەی پۆپۆلار فراوانترین زنجیرە نیشان دەداتەوە و بۆ بابەتێکی ئاسان دەگۆڕێت و هاوکات، بۆ بەدەستهێنانی داخوازیی کۆمەڵایەتی جیاواز، دەبێت خۆی لە ناوەڕۆکی لاوەکی داماڵیبێت. بەمشێوەیە، ناسنامەی پۆپۆلار وەکو بەڵگەیەکی پووچ کاردەکات. لاکلاو لەبارەی ئاوێتەکردنی پووچبوون و ڕووتەڵی هۆشداری

دەدات، واتــا نابێــت **کــارێکی هــاوبەش** بەخەســڵەتێکی ئەرێنـــی و کۆتـــایی لێمـــان بگۆڕێـــت، کە بە هێمـــای پۆپۆلیستی دەردەبڕدرێت و لە نێوان هەموو پەیوەندییە هــەبووەکان لــە زنجیرەکــەدا هاوبەشــە. داخــوازیی لە پەیوەنـدی هاوتاییـدا، هـیچ تـوخمێکی ئەرێنـی بەشـداری پێنـــاکەن، جـــگە لەو واقعیەتـــەی کە هەموویـــان بەدینـــەهاتوون. بەمەش دژی، خـــودی پەیوەنـــدی هاوتاییە.

بۆ نمونە، لە بارودۆخێکی ناسەقامگیریی ڕیشەییدا، لێپرســینەوە بــۆ شــێوەیەک لە سیســتم بــوونی هەیە (پێویســتە بەشــێوەیەکی هاوشــێوە، لەنــاوەڕۆکی وەک دادپـەروەری، یەکسـانی، ئـازادی... بکـۆڵینەوە). هەوڵـدان بـۆ تەرخـانکردنی مانایـەکی ئەرێنـی بـۆ سیسـتم، یـان دادپەروەری، یان دانانی جۆرێک ناوەڕۆکی چەمکیی بۆ ئەوان بێ سوودە. ڕۆڵی ماناناسی ئەم وشانە نەک هـەر دەربڕینی ناوەڕۆکی و ئەرێنـی، بەڵکـو ناونـانی پڕبـوونە کە بەشـــێوازێکی ســـتراکچەری، لـــە نادیارییـــدا بەسەردەبات. هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بوونی نییە کە نادادپــەروەری تێــدانەبێت، بەڵام پێویســتە وشــەی دادپەروەری مانا ببەخشێت، لـەو ڕووەوە، دادپـەروەری نەک وشــەی ڕوووتــەڵی، بەڵکــو لە وردتــرین مانــادا، وشەیەکی بێ ناوەڕۆکە.

هەنـدێکجار سـنوورەکانی ئەنتاگۆنیسـتی جێگیـر و دیـــاریکراونین، هەربـــەو هـــۆیەوە، لاکـــلاو بەڵگـــە

سـەرئاوکەوتووەکان دەخـاتە شـیکارەکەی خـۆیەوە. ***بەڵگـەی سـەرئاوکەوتوو*** بەرئەنجـامی جێگـۆڕکێ، یـان گـۆڕانی شـێوەی سـنوورەکانی ئەنتاگۆنیسـتییە. کـاری سیاسی لەڕوانگەی لاکلاوەوە گەمەی پێشبینی نەکراوی نێـوان کـردەی بەڵگـە پووچـەکان و بەڵگـە سـەرئاو کەوتووەکانی لەخۆگرتـووە. لە ئەنجامـدا، شـیکاری ئـەو بۆ پۆپۆلیزم، لە دوو قۆناغـدا ئـەنجام دەدرێت. یەکـەم، ئەفرانـدنی ***خەڵـک*** لە ڕێگـای فۆرمۆلەبـوونی زنجیـرەی هاوتـایی و بەرجەسـتە بـوونی لە بـوونێکی پێکەوەبەسـتراودا و بەهاوکـاری بەرهەمهێنـانی بەڵگـە پووچـەکان، بەڵام سنووری ئەنتاگۆنیستی بـەدیهێنەری ئەم بەرهەمهێنـانە، ***پێشـتر دراوەیـە***. لە کاتێکـدا کە بەرهەم هێنـانی ***خەڵـک*** سەردەکێشـێتە هەژمـوونیکی نوێوە و سەرهەڵدانی سنوورە ئەنتاگۆنیستە نوێکانیشـی بەدوادادێت (بەڵگە سەرئاوکەوتووەکان).

کەوایە لەسەرەتای دووەمدا هەموو شەڕەکان سیاسین، یان بەدەربڕینی لاکلاو هەمان گرۆتینی پێکهاتەی «شـەڕی سیاسـی»ن. بەو جـۆرەی کە لاکـلاو چەمکـی پۆپـۆلیزم کەڵەکەدەکات، ئەو ئەنجام گیرییە، بەو چەشنەی کە خودی ئەویش بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت نەگۆڕە و کاری سیاسـی هەمان پۆپۆلیستە. لـەوێ کـە بەکردەوەیەکی سیاسـی ڕەهـا ئەژمار دەکرێت، بەرهەمی **خەڵک** لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بـە بەڕێـوەبردنی پـاکی کـۆمەڵ لە چوارچێـوەیەکی

دامەزراوەگەرایی جێگیردا، بەکردەی ڕەهای سیاسی ئەژمار دەکرێت، مەرجی بنەمایی کاری سیاسی، هاتنەئاراوەی سنوورەکانی ئەنتاگۆیستی و سەرهەڵدانی بکەرانی نوێیە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، واتا بەرهەمهێنانی بەڵگە پووچەکانە بۆ ئاوێتەبوونی زۆرینەیی داخوازییە جیاوازەکان لە زنجیرەی هاوتاییدا.

هەموو ئەو بابەتانە، تایبەتمەندێتی ڕیشەیی ناسێنەری پۆپۆلیزمن، هیچ دەستتێوەردانێکی سیاسی بەبێ ئاستێک لە پۆپۆلیزم مومکین نییە. ئەم ئاستە بەچۆنایەتی گەشەکردنی زنجیرەی هاوتاییەوە گرێدراوە و داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان یەکدەخات. لە وتاری دامەزراوەگەرادا (institutionalism) بە زاڵبوونی ڕەهەندی لە سەربنەمای جیاوازیی پەرەسەندنی زنجیرەیی بە لانی کەم دەگات، لە کاتێکدا کەلێنەکان لەوتاری ناوەڕۆکی درزبردوودا کە ڕێگادەباتە هێنانەئارای سنوورەکانی ئەنتاگۆنیستییەوە، بە پۆپۆلیست بوونی شەڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە زۆرینە. ئەنجامگیری ڕادیکاڵی لاکلاو ئەوەیە کە ئێمە ڕووبەڕووی دوو فۆڕم پێدانی جیاواز لە سیاسەت نەبووینەتەوە، فۆڕمی دووەم (بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی)، هەمان مردنی سیاسەتە.

***

ئەم کتێبە لـە ڕەخنەگرتنـی ژیـژەک لـە کتێبـی ***عەقڵـی پۆپۆلیسـتی***[1] (دەسـتی) پێکـرد، ئەندێشـەی ئەم کتێـبە بەرئەنجامی دیالۆگێکە لـە نێوان دوو تیۆرسـێنی گەورەی چەپ، (ئەرنستۆ لاکلاو) و (سلاڤۆی ژیژەک) دا، فۆڕمیگرت، کە دەکرێت دابڕانی تیۆری قووڵی نێوان تیۆرسێنانی چەپ نیشانبدات.

ئەم دیبەیتە کتێبیە لەوێوە دەستی پێکرد کە ژیـژەک ڕەخنەی لە کتێبی عەقڵی پۆپۆلیستی گرت و لاکلاوی بە پێکناکۆکیی وتن تۆمەتبارکرد و پرۆژەی (بەرهەمهێنانی خەڵک)، لاکلاوی بە شکستخواردوو زانـی. لاکلاو لە وەڵامێکی تووند دا، ژیژەکـی لـە هەمان ئەو ڕەخنانە ئاگادارکردەوە، کە لەکتێبەکەی خۆیدا ئاماژەی پێکردبوون، بەڵام ژیـژەک دووبارە، بـە هەمانشـێوە کـە چاوەڕێدەکرا، ڕەخنەی لە لاکلاو گرت تا دەریبخات هێشتا پێویستە تەواوی ئەڵتەرناتیڤەکانی مارکسیستیی، ئەژماری خۆیان لەگەڵ مارکسیستە ئەرتەدۆکسییەکان پاکتاو بکەن.

ئەوەی لە هەڵبژاردنی وتارەکانی ئەم کتێبەدا گرنگ بوو، ڕەخنە و شرۆڤەکردنی تیۆری (بەرهەمیی خەڵک) بەشێوەیەکی گشتی، تیۆری «پۆپۆلیزم»ی لاکلاوە، کە لەوانەیە بەبێ خوێندنەوەی ***عەقڵی پۆپۆلیستی*** ئەستەم بێت، لەم ڕووەوە، وتاری یەکەم، کە پووختەیەکە لـە تیـۆری

[1] . Laclau, Ernesto, On populist Reason, London: Verso, 2005.

«پۆپۆلیزم» بە قەڵەمی خودی لاکلاو، دەکرێت بە پێی یەک Prolegomenon وەربگیرێت.

ئایا «پۆپۆلیزم» هێندە خراپە کە باسیدەکەن؟ ئایا لە بنەڕەتڕا باسی کام پۆپۆلیزم دەکەین؟ ئایا دەکرێت لە پانتایی و پێکهاتەی فراوانتر و دوور لە سادەکردنەوە سیاسییەکان، پەیامێکی فریادڕەس بۆ ئەو چاوەڕوانکراوبوو؟ «خەڵک» لەم ناوەدا ڕێک بە مانای چییە؟ ئایا تیۆری سیاسیی لاکلاو، کە گورجبوونەوەی بارودۆخەکە کاری تێکردووە، لێڕوانینێکی جوانە و دەکرێت بۆ قەیرانی ئێستا چارەسەرێک بەدەستبێنێت؟ ئەمانە هەندێک لەو پرسیارانەیە کە ئەم وتارانە هەوڵدەدەن وەڵامیان بدەنەوە.

**محەمەد ئەیزیدی– عەباس ئەرزپەیما**

# پۆپۆلیزم: چۆنییەتی ناوێك

ئەرنستۆ لاکلاو
محەمەد ئەیزدی

هەموو پێناسەیەک پێشگریمانەی بنەمایی و تیۆرییە و دووبارە مانایەک بەوە دەبەخشێت، کە بڕیارە پێناسە بکرێتەوە. ئەم مانایە هەروەک کە خودی چەمکی پێناسەش بەڕاشکاوی دەردەبڕێت، تەنیا بەجیاکردنەوەی لەبزی پێناسەکراو و شتێک دێتەدی، کە پێناسەکە دەیکاتە دەرەوە. ئەو کردنەدەرەوەیە بەنۆرەی خۆی ***چوارچێوەیەک*** گریمانە دەکات کە ناخی ئەو، خودی جیاوازییەکان بیرکردنەوەیی دەبن. ئەوە هەر ئەو چوارچێوەیەیە، کە کاتی بە پۆپۆلیستی خوێندنەوەی بزووتنەوەیەک، ئایدیۆلۆژیایەک، یان کردەیەکی سیاسی

ناتوانێت یەکسەر ڕاستەوخۆ دیاری بکات. لە دوو بابەتی یەکەمـــدا، بە پۆپۆلیســـتی زانینـــی بزووتنـــەوە و ئایـــدیۆلۆژیایەکان پێویســـتی بەوەیـــە ئەو خەســـڵەتە لە خەسـڵەتەکانی دیکـە جیـابکرێتەوە، کە لە هەمـان ئاسـتی پێناسـەکەدان، خەسـڵەتی وەک «فاشیسـتی»، «لیبـراڵ»، «کۆمۆنیسـتی»و..هتـد. ئەوکـارە یەکسـەر تووشـی کـاری ئـاڵۆز و سـەرئەنجام لێکـدژمان دەکـات: دۆزینـەوەی ئـەو دوایـین حەشـارگەیەک، کە بڕیـارە پۆپـۆلیزمی «پەت»ی تێدا بـدۆزینەوە، پێناسـەیەک بـۆ هیچکـام لەم خەسـڵەتانە کـەم ناکرێتـەوە کە وەک نمـونە باسـمانکردن. بـەملـدان بـۆ کـارێکی وەهـا لە واقیعـدا چـووینە یـارییەکەوە کە تێیـدا بەڵـــگەی هەرجـــۆرە نـــاوەڕۆکێکی کـــۆمەڵایەتی، یـــان ئایدیۆلۆژیایـــەکـــەی، هـــەرزوو ڕووبەڕووی لافاوێـــک پۆپۆلیزمی ڕیزپەڕمان دەکاتەوە، بۆیە ناچارین بگەینە ئەو ئەنجـــامەی، کە کاتێـــک ئـــەو وشـــەیە [واتـــا پۆپـــۆلیزم] بەکاردەهێنین، نەریتی زمانناسیمان وادەکات پێشتر مانـای هەنووکەییمان گریمانەکردبێت، بەڵام لەگەڵ ئـەوەشـدا، ئەم مانـایە بـۆ هـیچ مانـایەکی پێناسـەکراو تەرجومە ناکرێـت. ســـەرەڕای دۆزیـــنەوەی پێشـــینەیەک کە لەگەڵ ئەمجـــۆرە چەمکە هەر ئەوەبێت، تەنانەت سەختتریش دەبێت (هەمـان پێشینە کە هەمان مانا لە پووچدا بەدیدێنێت).

ئێســـتا ئەگەر یەکەی شـــیکارکردنمان لـــە بزووتنـــەوە و ئایـدیۆلۆژیایەکان بـۆ کـردە سیاسـییەکان پـاڵ بـدەین، چ ڕوودەدات؟ هەمـوو شـتێک پەیوەنـدی بەوەوە هەیـە کـە چـــۆن لەم خـــولانەوە [میتـــۆدی]یە گەیشـــتووین. ئەگەر

تێگەیشــتنمان لــەو خــولانەوە میتــۆدییە لە ســەربنەمای یەکێتــی ســوبێکت بێــت، کە لە ئاســتی ئایــدیۆلۆژیا، یــان بزووتنــەوەی سیاســیدا، هەڵســەنگێندراوە یــان هــەڵقوولاوە، بــە ئاشــکرا بچــووکترین هەنگاومــان لــەڕێگای دیــاریکردنی ئەوەوە نەنــاوە، تەنهــا پۆپۆلیســتییە و بــەس. تــا ئەو کاتەی کــە بەشــیکارکردنی ئەو کــردانە، مــاهیەتی دەروونــی وشــەکانی [هۆکــار لە] دەرنەخەیــن، نــاتوانین بەســەر ئەو کێشــانەدا زاڵبــین کە لەڕێگــای دیــاریکردنی مــاهیەتی پۆپۆلیستی ئەو وشانەدا هەیە و بەردەوامیش زیاد دەکەن. لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەگەری دووەمــیش هەیە، واتــە ئــەوە کــە لەبنەرەتڕا کردەی سیاسی ماهیەتی بکەرانی کۆمەڵایەتی ئاشــکراناکەن، بەڵکــو بەڕێکــەووت بەپــێچەوانەوە، مــاهیەتی ئــەوان هەڵدەســەنگێنن. لەدۆخــی یەکەمــدا کــردەی سیاســی جۆرێــک پێشــینەی بوونناســی ســەبارەت بــە بکــەری [کــۆمەڵایەتی] هەبــوو - بکــەری کــۆمەڵایەتی تەنیــا خــڵتەی مێژوویی کردەی سیاسی بوو. ئێستا بێین کەم و زۆر ئەو چەمکــانە بە وشــەی جیــاواز هەڵبســەنگێنین. کردەکــان دەتــوانن ســەبارەت بــە گــرووپ، یەکەی گونجــاوترین بــۆ شیکارەکە – بەو مانایەی کە گرووپ تەنیا دەرهاویشتەی جومگەبەنــدی کــردەی کــۆمەڵایەتییە. ئەگەر ئەو لێــڕوانینە ڕاســتبێت، دەتــوانین بڵێــین بزووتنــەوەیەک ناتوانێــت پۆپۆلیســتی بێــت، چــونکە نەک تــەنیا هــەر لە سیاســەت و ئایدیۆلۆژیایەکەیــدا نــاوەڕۆکی کردەیــی دەخــاتەڕوو، کە تایبەتمەنــدییان پۆپۆلیســت بوونیــانە، بەڵکــو لــۆژیکی جومگەبەنــدی (logic of articulation) بۆخــۆی ئاوێنــەی نیشاندەرەوەی وردەکاری نێوان ئەو ناوەڕۆکانەیــە – ئــەو ناوەڕۆکانە دەیانەوێت هەرچییەک بن.

پێویستە پێش ئەوەی بچینە ناو ئەسڵی باسەکەمانەوە، خاڵێکی تر بووترێت. وتەزای (جومگەبەندی) ڕەواجی زۆربووە لەزمانی تیۆریی سێ، یان چوار دەیەی ئەم دواییەدا – بەتایبەت لە قووتابخانەی ئاڵتۆسێری و ناوەندە هەژموونییەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڵێین ئەوبۆچوونە لەجومگەبەندی  کە ئاڵتۆسێرەکان گەشەیان پێداوە، تەنیا تایبەت بووە بە ناوەڕۆکی وجودیی (ontic)، ئەو ناوەڕۆکانەی کە چوونەتە ڕەوتی جومگەبەندییەوە، (کاری ئابووری، کاری سیاسی، کاری ئایدیۆلۆژیا). لەواقیعدا لەبەرئەوەی کە جومگەبەندی خراوەتەڕوو (چەمکەکانی وەک (دیاریکردن لە دوایین پێگە [یان شوێن]) و (سەربەخۆیی ڕێژەیی)، جۆرێک تیۆرسێنی بوونناسیش دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم لۆژیکە ڕواڵەتییانە بە پێی پێویست لە ناوەڕۆکەکانی وجودی هەندێک وتەزادا ڕیشەیان گرتووە، (بۆ نمونە، دیاریکردن لەدوایین پێگە، تەنیا لەبارەی ناوەندی ئابووریدا دەتوانێت گرێکەرەوەبێت) ئەگەری هێنانەپێشی بوونناسی کاری کۆمەڵایەتیش لە هەمان سەرەتاوە سنوردار بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم سنووربەندییانەبوون کە بیرکردنەوە لە لۆژیکی سیاسی پۆپۆلیزم دا بووە مەحاڵ.

ئەوەی لە بەردەوامییدان بەم بابەتە دێت، شیکردنەوەی سێ مەسەلەی تیۆرییە:

1. بیرکـردنەوە لە تایبەتمەنـدی بەرتەسـکی پۆپـۆلیزم، پێویستی بە یەکەی بچووکتر لـە گرووپە (هەر شتێک لـە ئاستی سیاسی، یان ئایدیۆلۆژی بێت).

2. پۆپـۆلیزم وتەزای بوونناسـییە و نەک بـوون، واتـا مانای ئەو بڕیارە نییە لە هیچ ناوەڕۆکێکی سیاسی، یان ئایـــدیۆلۆژیا دەســـتەبەربێت، کە دەچێـــتە ناوەنـــدیی وەسـفکردنی کـردەی گرووپێکـی دیـاریکراوەوە، مانـای پۆپۆلیزم بۆ شیوازی جومگەبەندی (articulation of mode) وردەکـــاری هەرجـــۆرە ناوەڕۆکێـــک، چ سیاســـی، چ ئایدیۆلۆژیا و چ کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

3. فـۆڕمی جومگەبەنـدی (form articulating)، جیـا لە ناوەڕۆکی بەرهەمهێنەری ئاکامە بنەماییەکان، کە بە پلەی یەکەم خۆیان لە ئاستی شێوازەکانی نیشاندەرەوە (mode representation of) ئاشکرادەکەن.

## داواکاریی کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی

هەروەک کە وتمـــان دەبێـــت خـــاڵی ویســـتی ئێمـــە، وەرگرتنـــی یەکەی بچـــووکتر لە گـــرووپ و هـــەروەها سەرنجدان بێت لە لۆژیکە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەربڕینی ئەو یەکانە بەپێی ئەوان ئەنجام دەدرێت. پۆپۆلیزم یـەکێک لـەو لۆژیکانەیـە. بـا بـۆ دەسـتپێکردن بڵێـین کـە ئێمـە شـیکارەکەی خۆمـان لەسـەر گریمـانەی بەراوردنەکردنـی نێـوان گـرووپ بـەپێی یەک لە تێکـڕا ("کۆمەڵگـە") و هەر

چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی پتەوودەکەین، کە لەودا چالاکی دەکات. ئەوە مانایوایە لەبنەڕەتڕا نییە، کە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکەی، ویستی تەبای کردەی ئێستای کۆمەڵگە بێت و بە پێی تەواویەتێکیش تێگەیەنراو بێت.

ڕۆسۆ تەواو دەرک بەوەدەکات کە هەڵسەنگاندنی خواستێکی هەموانیی – شتێک کە بۆئەو مەرجی پێویستی دیموکراسی بوو – بەشێوەیەکی زۆروزەوەند لەژێر هەلومەرج و پێوەندی کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، کارێکی زۆر سەختە و ڕێک هەمانشێوەکان [فرەجۆر] و ناتەبا [ناوەوەیی]انە، کە پێویستی بەهێزکردنی میکانیزمە ڕواڵەتییەکانیان زیاد دەکات، هیگڵ هەوڵیدا ئەو مەسەلەیە بە گریمانەی جیاکارانە لە نێوان کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی نەتەوەیی بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، بەمشێوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕەسەنێتی بابەتی (particularism)، ناتەبا نیشان دەدات (سیستمی پێداویستییەکان «system of needs»)، کۆمەڵگەی سیاسی ئاماژەپێدەری ساتەکانی یەکگرتوویی (totalisation)، تێکڕایی و مارکس جارێکی دیکە جەختی لە یۆتۆپیایەک کردەوە، کە لەودا شوێنی کۆمۆنە و ئیرادەی هەموانی بە هۆی ڕۆڵی چینی هەمەگیر و تێکڕاوە لە کۆمەڵگەیەکی لێکبووردە [نەک ئەنتاگۆنیستی]، کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەیە.

لەواقیعدا دەسپێکی باسەکەمان جەختکردنەوەبوو لەوخاڵە، کە هەرهەوڵێک بۆ هێنانەوەیەکی درزی نێوان ئیرادەی سیاسی و فەزای کۆمۆنە، سەرئەنجام بێئاکام

دەبێت. هەرچەند دەکرێت هەوڵێکی وەها بەدیاریکردنی جومگەبەندی سیاسی و تایبەتی نێوان شووناسە کۆمەڵایەتییەکان کۆتایی بێت.

هەڵبەتە بۆ بەرگرتن لە بەدحاڵیبوونیشی دەبێت ئەوەشی بخەینەسەر، کە ئەم نەچوونەناو یەکەوەی نێوان کۆمەڵ وەکو تەواویەتێک و ئیرادەی کەسی و هەنوکەی هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی، نابێتە هۆی ئەوەی ئێمە لە وەڵامدانەوەی مەسەلەی هۆکاربوون (agency)، لە ڕوانگەی میتۆدێکی تاک گەرایانەوە چارەسەری بکەین. چارەسەری تاک گەرایانە پێشتر ئەو گریمانەیەی لەگەڵ خۆی هەیە، کە لەواقیعدا تاکەکان تەواو مانادار و خۆ-ناسێنەرن، (self –defined) بەم گریمانەیە تەنیا کەمێک لەو ئەنجامگیرییە دووریـن، کە پێویستە هەر بەرهەمێکی کردەی کۆمەڵایەتی دانوستانی نێوان بکەران [کۆمەڵایەتی] بێت، کە ناسنامەکەیان بەدەوری پەیوەندییە تەواو لێکجیاکاندا بەهێز بووە [دووركیم دەڵێت: «نیشاندەرەوە کۆمەڵییەکان سەبارەت بە زیهنی تاک دەرەوەیین...»]، بەڵام بۆچوونی ئێمە بەپێچەوانەوە بۆچوونێکە تەواو تێکڕایی باوەڕانەیە (holistic)، تەنیا بەومەرجە کارێکی دەستپێنەگەیشتووە کە وادەی گەیشتن بەپڕبوون، ڕیشەی بۆ وازانینی تێکڕاییەکی کۆمەڵایەتی تەواو ئازاد دەگەڕێتەوە. بۆیە هەوڵدان بۆ هێنانەئاراوەی فەزای کۆمۆنە لە دەرەوەی زۆرینەی ئیرادەی هەموان، هەرگیز هاوشێوەی [تیۆری] پەیماننامەی [کۆمەڵایەتی ڕۆسۆ] نابێت -.

ئێستا دەمانەوێت ڕەخنە لە [تیۆری] پەیماننامە بگرین، کە لە سەربنەمای وێنای پەیوەندییەکان و ئیرادەی خۆیان ویستویانە. پڕبوونی کۆمۆنیستی یان کۆمۆنەیی بۆ تاکیش ناگوازرێتەوە، کە تێکڕای کۆمەڵ ناتوانێت بەدیبێنێت. تاکەکان تەواوی پێکەوە پەیوەست نین، بەڵکو تەنیا ناسنامەی گەڕاوەن کە دەبێت بۆ زنجیرەیەک پێگەی ژێردەسەڵات دابەش بن و جومگەبەندی نێوان ئەم پێگانەش ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی هەیە، نەک تاک (بۆچوونی «تاک تەوەر» لە تێڕوانینی ئێمەدا نییە).

بەمشێوەیە، ئەو یەکە گچکەترانە دەتوانن چ شتێک بن کە لە دەسپێکی شیکارەکەماندا ئاماژەمان پێکردن؟ سەرەداوی ئێمە، وتەزای «داواکەمان»ە، داخوازی لەجیاتی ڕواڵەتی سەرەتایی لە هێنانە ئاراوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. وشەی «داواکاری» (demand) لەئینگلیزیدا وشەیەکی ونە: ئەم وشەیە لە لایەکەوە مانای ***داواکاری*** (request) دەگەیەنێت و لە لایەکەی دیکەیەوە مانای ***سەپاندنی*** داخوازییەک – داواکارییەک (claim) – بەسەرتاکێکی دیکەدا (هاوشێوەی «ڕوونکردنەوەی داواکارییەکە لەکەسێک). لە هەموو زمانەکاندا، بۆ نمونە ئیسپانیدا، وشە بۆ ئەو دوو مانایە زۆرە: وشەیەک کە بۆ مانای دووەم گونجاوبێت «reivindication»ە. هەرچەند کاتێک ئێمە سوود لە وشەی «داخوازیی» وەردەگرین، مەبەستمان جەختکردنەوەیە لە مانای دووەم، لەگەڵ ئەوەشدا، هەمان ئاڵۆزی پەنهان لە وشەدا، بێ سوود نییە، چونکە چەمکی تیۆری داخوازی کە ئێمە سوودی لێوەردەگرین، جۆرێک بڕیارنەدانی نێوان ئەو دوو مانایەی هەیە – لە بنچینەدا وەک دەیبینین، ئەم دوو مانایە

بەشێوەی جیا ئاماژە بە جومگەبەندی سیاسی دەکەن. دەبێت ئەوەشی بۆ زیادبکەین کە لە هەردوو ماناکەدا گریمانەی هاوبەش پەنهانە: بەمانای داواکاری خۆبەس [ self –atisfied] نییە، بەڵکو دەبێت بەرێکەوت بەردانگ بە پێگەیەک [instance] لە پێگەیەک جیابێت، کە داخوازی تێیدا فۆڕمی گرتووە.

ئێستا نمونەیەکی داخوازی ئاسایی دێنمەوە: کۆمەڵە خەڵکێکی دراوسێی یەکتر، داوای پاسێک دەکەن کە لەشوێنی نیشتەجێبوونیانەوە بیانگەیەنێتە سەرکارەکەیان. گریمان هەموویان بچنە شارەوانی و داواکەیان پەسەندبکرێت. لێرەدا کۆمەڵێک بنەمای تەرخانکراومان هەیە:

1. پێویستی کۆمەڵ دەبێتە **داواکارییەک** - واتا ئەو داواکارییە بەشێوەیەکی خۆڕێکخەر نایەتەدی، بەڵکو بەپەنابردنەبەر شوێنێکی دیکە چارەسەردەبێت. شوێنێک کە دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە.

2. کاتێک داواکاری فۆڕم دەگرێت، ئەوە نیشاندەدات کە هەرگیز پێگەی باڵاتری دەسەڵاتی بڕیاردان جێی گومان نابێت – بەمشێوەیە ئێمە تەواو لەچوارچێوەی مانای یەکەمی «داخوازیی» دەچینەدەر.

3. ئەو داواکارییە داخوازییەکی لەکاتی خۆیدا و ڕێکوپێکە، چونکە لەخۆیدا کورتبووەتەوە - واتا وەک کێوێک لە داخوازی، یان لافاوێکی گەورەی داواکاری نەنووسراوی کۆمەڵایەتیی نییە. ئەگەر ئەو سێ تایبەتمەندییە بەتەنیشت یەکەوە ڕیزبکەین، دەگەینە ئەو

ئەنجامەی: داخوازیی لەمجۆرە هیچ کەلێن یان سنوور لەکۆمەڵگەدا درووست ناکات، کە داواکارییەکانی ڕێکوپێکن یان هەریەکەیان بە تەنیا دەخەملێنرێن، لە بەرامبەردا، هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی ڕەوایەتی هەریەک لەم پێگانە بەپێی گریمانەیەکی باسنەکراو [پێشتر] پەسەند دەکەن. هیچ کەس نە مافی خۆی بۆ داخوازیی دەخاتە گومانەوە، نە مافی پێگەی بڕیاردەر بۆ بڕیاردان دەباتە ژێر پرسیارەوە. هەر پێگەیەک بەشێک (یان خاڵی جیاوازی دانان) لە گەیشتنی یان ئیماناس (immanence) کۆمەڵایەتی تەواو دامەزراوە (institutional). لۆژیکە [جۆراوجۆرەکانی] کۆمەڵایەتی، بە پێی ئەم مۆدیلە جێگیردەبن و بە جیاوازی کاردەکەن، کە ناویان دەنێین ***لۆژیکە جیاوازەکان***. پێشگریمانەی ئەو لۆژیکانە ئەوەیە یەکەم، هیچ جۆرە دابەشکرندێکی کۆمەڵایەتی بوونی نییە. دووەم، دەکرێت هەموو جۆرە داواکارییەکی ڕەوا بەشێوەی نائەنتاگۆنیستی [واتا بە بێ شەڕوکێشە] و [لە ناو-] حکومەت دا بەدیبهێنرێت.

ئەو نمونانەی لەو یۆتۆپیا کۆمەڵایەتییەی کە نوێنەرایەتی کاری جیهانگری لۆژیکی جیاکارانە دەکەن: چەمکی دیسرائیلی [بنجامین دیسرائیلی، دەوڵەتکار و نووسەری ئینگلیزی]، (میللەتی یەکدەست) و دەوڵەتی خۆشگوزەران، یان ئایدیالی سان سیمۆنی (لە حکومەتکردن بەسەر مرۆڤەکاندا، بۆ ئیدارەدانی شتەکان).

بۆ نمونەکەمان گەڕاینەوە: وایدابنێین ئەو داواکارییە ڕەتکراوەتەوە، بێگومان بڕیارێک بارودۆخێک لە

بنبڕکردنــی کـۆمەڵایەتی دێنێتەئـاراوە، کە بڕیـاری پـێگەی بــــــــالاترە. ئێســــــــتا لە کاتێکــــــــدا کە هــــــــیچ داواکــارییەک بــەدینەهێنرێت، ئیــدی مــاهیەتی بــارودۆخ وەرناچەرخێت. ئەگەر بەهەر هـۆیەک ژمـارەی داواکارییـە نەهاتووەدییەکان زۆربن، زۆرینەی بنبڕکردنی بەرهەمهێن لـە ئـەوان، دەبێتەهـۆی هەڵتـۆقینی لـۆژیکە کـۆمەڵایەتییە تەواو جیاوازەکان. بۆ نمونە ئەگەر هەمـان کۆمەڵـەخەڵک، دراوسـێیی یەکتـرن و لە بەدیهـاتنی داخوازییەکـەیان بـۆ هـــاتوچۆ نائومێـــدبوون، ببیـــنن دراوســـێی ئـــەوانیش بەشێوەیەکی هاوتا لەهێنانەدی داواکاری خۆیان لە ئاسـتی ئاسایش، دابینکردنی ئاو، شوێنی نیشتەجێبوون، فێربـوون و هتـد نائومێـد کـراوون، جۆرێـک یەکێتـی و یەکگرتـوویی لەنێوانیاندا بەهێزدەبێت: هەموویـان لەو واقعیەتە هـاوبەش دەبـن کـە داواکارییەکانیـان نەهـاتووەتەدی، بەم مانـایە کە داواکــاری لـــەڕووی نەرێنییـــەوە، هەمەلایـــەنی مـــاهیەتی پۆزەتیڤ و جیاکارانەیان هاوبەش دەبن.

بـــــارودۆخی کـــــۆمەلایەتی کە لــــەودا داواکـــــارییە بـەدینەهاتووەکان، ئـارەزوودەکەن لە بەسـتێنی نەرێنیـدا کەڵەکەبـن، لە واقعیـدا هەمـان پـێش بـارودۆخی ڕواڵەتـی جومگەبەنـدی سیاسـییە کە ئێمـە ناویـدەنێین پۆپـۆلیزم – هەڵبەتـە ئەمە تـاکە پـێش بـارودۆخی بـاریی جومگەبەنـدی نـاوبراو [واتـا پۆپـۆلیزم] نیـیە. ئێســتا ئامــاژە بە چەنـد تایبەتمەندییەکی ستراکچەری ئەو بارودۆخە دەکەین:

1. لــە کاتێکــدا کە ڕێکخســتنی دامەزراوەیــی لەســەر بنچیــنەی لــۆژیکی لێکجیــابوونەوە وەســتابوو، لێــرەدا لەبەردەم بارودۆخی هەڵگەڕاوەداین، کە دەکرێت ناویبنێین

جۆرێـک ***لـۆژیکی هاوتـایی*** (equivalence logic of) – کە لـەودا داواکارییەکـان سـەرباری سروشـتی جیاوازییـان، دەیانەوێـت خۆیـان لـە دەوری یەک کۆببنـەوە، کـە ئێمـە ناویدەنێین ***زنجیرەی هاوتایی*** (equivalential chains)، ئەم کارە بەو مانایەیە کە هەر داواکارییەکی تاک لەڕوانگەی بنەماییەوە پارچە پارچەیە: یـەک داواکـاری لـە لایەکـەوە هەمان خودی بەش بەش بووە و لە لایەکەی دیکەیـەوە بە هۆی پەیوەندییەکانی (links) هاوتاییەوە، ئاماژە بەتەواوی داواکارییەکانی دیکە دەکات.

بۆ وەسفکردنەکەی خۆمان گەڕاینەوە: لە واقیعدا هەر داواکـارییەک وەک لـوتکەی شـاخێکی سـەهۆڵ کـردووە، چـونکە ئەو لـوتکەی شـاخە سـەهۆڵکردووە [کە بەشـی زۆری لــەژێرئاودایــە]، ئەگــەرچی خــۆی لەوردەکاریــدا دەخـاتەڕوو، بەڵام داواکـاری دەرکەوتنـی خـۆی تـەنیا بـە لەجیاتی داواکارییـەک دەزانێت، لـەناو کـۆمەڵێکی گەورەتـر لە داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

2. ســوبێکتی داواکــاری لەدوو دۆخــی ســەرەوەدا جیاوازییـان هـەیە: لەدۆخـی یەکەمـدا سـوبێکتی داواکـاری هەر هێندە ئاڕاستەیە، کە داواکاری بۆخۆی ئاڕاستەیە و لە جێی خۆیدایە. ئێمە ئەو سـوبێکتە نـاودەنێین ***سوبێکتی دیموکراسی،*** کە لە جیاتی کاری لاوەکی تێگەیەنراودەبێت. لە دۆخــی دووەمــدا، ســوبێکت فراوانتــرە، وەک سوبێکتیڤەکەی لە کەڵەکەبوونی هاوتـایی زۆری داواکاری دیموکراسـی ڕیشـەی گرتـووە. سـوبێکتێک نـاودەنێین ***سـوبێکتی پۆپـۆلار*** [ popular subject= سـوبێکتی پۆپۆلیستی]، کە بە پێی ئەم لۆژیکە هەڵدەسـەنگێنرێت. هەر

ڕادەیەکــی داواکــاری کــۆمەڵایەتی ئــارەزوو بــکەن، بە شــێوازێکی جیــاوازیکردن پەلکێشــی نــاو سیســتمی دامەزراوەییەوە بکرێن، پەیوەندییەکانی هاوتایی نێوانیان لاوازتــر دەبێــت و گریمــانەی دامەزرانــدنی ســوبێکتیڤیی پۆپۆلار کەمتردەبێتەوە، ئەم کارە بە باشی هەلومەرجی سەرهەڵدان و ئاوابوونی سۆبێکتیڤیی پۆپۆلار نیشاندەدات. لە بەرامــبەردا، بارودۆخێکمــان هەیە، کە تێیــدا زۆری داواکاری نەهاتووەتەدی و جۆرێک زۆر لاوازی سیستمی بەدامەزراوەکراو لە کێشکردنی جیاکاریی ئەم داواکارییانە بەرچاودەکەوێت. ئەم بارودۆخە سەردەکێشێتە جۆرێک کەلینی پۆپۆلیستییەوە.

3. لــە ســەرەتاوە دەزانــین هــیچ کرۆکێکــی پۆپــۆلاری، بــە بــێ کێشــانی ســنووری نــاوەویی بــوونی نابێــت. هاوتاییەکانیش هەر بەهۆی ***لە دەستدانێکەوە*** بەمجۆرەن، کە لە ناخیانــــدا گەشــــەی کــــردووە و پێویســــتی بەدەستنیشانکردنی سەرچاوەی ڕواڵەتی نەرێنی کۆمەڵە. بەمشێوەیە وتارەکانی [وتار] پۆپۆلاری و هاوتایی کاری کــۆمەڵایەتی بــۆ دوو بەشــی لێکجیــا دابەش دەکەن: دەســـەڵات و دۆڕاو. ئەم کـــارە وادەکـــات مـــاهیەتی داواکارییەکان گۆڕانیان بەسەردابێت: ئەمانە ئیدی تەنیا داخوازی سادە و ئاسایی نین، بۆ داواکاری ململانێ دەگۆڕێن (reivindicationes) – لێرەدا ئێمە بەدووەم مانای داواکاری دەگەین.

هاوتاییەکــان، واتــا هەمــان ســۆبێکتیڤیتی پۆپــۆلار، هەڵســــەنگاندنی دوولایەنەی کــــاری کــــۆمەڵایەتی دەورووبەری سنووری ناوەوەییە، پێدەچێت ئێستا بنەمای

تـــايبەتی پێویســـــتمان بـــۆ پێناســـەکردنی پۆپـــۆلیزم لەبەردەستدایە، بەڵام هێشتا بەشێوەیەکی ناتەواو، ڕواڵەتی گرنگ و کلیلی جێکەوتووە کە ئێستا شرۆڤەیان دەکەین.

### بەڵگە پووچ و سەرئاوکەوتووەکان

تـا ئێـرە بـەدوو بارودۆخێـک ئاشـنابووین، کە ڕەنـگە لـــەودا کـــەلێنێکی پۆپۆلیســـتی فـــۆڕم دەگرێـــت، ئەو بارودۆخـــانەی کە لەڕوانـــگەی بنەمـــاییەوە پێویســـت و تەواوکەری یەکتـرن: هـاوێرکردنی فەزای کـۆمەڵایەتی بە هۆی هاتنەئاراوەی سنووری ناوەکی و فۆڕم و ڕواڵەتدان بەزنجیـرەی هاوتـایی نێـوان داواکـاری بەدینەهـاتوو، بەدەربڕینێکـی وردتـر ئەو بارودۆخـانە دوو بـارودۆخی تەواو جیـانین، بەڵکـو دووڕووی بـارودۆخێکن، چـونکە سنووری ناوەکی تەنیا بەهۆی کاری زنجیرەی هاوتاییەوە بەدیـدێت. شـتێک کـە لـەم نـاوەدا گرنـگ ئەوەیـە بـزانین، زنجیـرەی هاوتـایی سروشـتی دژە - دامـەزراوەی هەیـە: زنجیرەی هاوتـایی مـاهیەت و سروشـت، جیاوازییکردن و بەشـــێک لە داواکارییەکـــان لەنـــاوەوەدا دەگۆڕێـــت. لە چرکەسـاتێکدا پەیوەنـدی کـەمی نێـوان داواکارییەکـان کە دەخـــرێنە ســـەر «سیســـتم» و توانـــای سیســـتم بـــۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان ڕوودەدات. ئەوەی پێویستە ئێستا لێیبکۆڵینـــەوە، کـــاریگەری ئەو پەیوەنـــدییە کەمەیـــە هەم لەســـەر مـــاهیەتی داواکـــاری و هەم لەســـەر مـــاهیەت و سروشـــتی سیســـتمێکە، کە لە جیـــاتی یـــەکگرتوویی تێگەیەنراودەبێت.

داواکاری هاوتایی ئێمە یەکسەر ڕووبەڕووی مەسەلەی نیشاندانەوەی چرکەساتی هاوتایی دەبێتەوە، چونکە لە لایەک ئاشکرایە داواکارییەکان بەشەکیین، لە کاتێکدا کە ڕەهەند یان لایەنی تێکڕاییتری لە هەبوونی هەردۆخێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای نیشاندانەوە نائومێدە، کە پەیوەستە بە هاوتاییەوە. بەڵگەی ئێمە ئەوەیە کە یەکەمین پێشمەرجی پێویست بۆ نیشاندانەوەی چرکە ساتەکانی هاوتایی، هاومانای تەواوبەخشی دەسەڵاتێک (لەڕێگای ناوەڕۆکیەوە)یەتی لە بەرامبەر یەکێتیی ئەو داواکارییانەدا بەربەرەکانێ دەکات، کە بەهێزکەری ویستی گشتییە. بەڵگە نەویستە لەوەی کە زنجیرەی هاوتایی سنووری ناوکیی کۆمەڵ بەرهەمدێنێت، کە دەبێت بە شێوازێک ئەو جەمسەری دیکەی سنووریش نیشانبدرێتەوە. هیچ پۆپۆلیزمێک بەبێ داتاشینی دووژمنی گریمانەیی بوونی نییە: سیستمی کۆن، ئۆلیگاریشی، دەسەڵاتداران یان هەر شتێکی تر. پاشان بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێینەوە. ئەوەی ئێستا لەسەری چڕدەبینەوە، پەڕینەوەیە لەڕوانگەی سوبێکتی دیموکراسییەوە بۆ ڕوانگەی سوبێکتی پۆپۆلار، کە بە پێی کاریگەری بەدوای یەکدای پێکهاتنی سنووری ناوەکیی کۆمەڵگە، شیکاری دەکەین.

هاوتایی بەم وەسفە چۆن خۆی ***نیشاندەدات***؟ وەک چۆن پێش ئەوە وتبوومان خاڵی هاوتایی هەرگیز لە تایبەتمەندێتی ئەرێنی و پۆزەتیڤی، واتە تایبەتمەندیەتییەک نادۆزرێتەوە، کە لە هەموو داواکارییەکاندا شاراوەیە، چونکە داواکاری لەڕووی تایبەتمەندێتی ئەرێنییان، بەتەواوی لە یەکتر جیاوازن. هاوتایی تەواو بەهۆی

لێکدژییەکــەوە گەشــەدەکات کە بــەتوانای هەمەلایەنــی ســنوورەوە بــوونی هەیــە، توانایــەک کە هیچییــەک لە داواکارییە هاوبەهاییەکان بەدیناهێنێت.

لــەم حاڵەتــەدا زنجیــرەی هاوتــایی چــۆن دەتوانێــت بەمانــــای وردی وشـــــە، لەبــــارودۆخێکی وەهـــــادا نیشانبدرێتەوە؟ پێشتر لەشوێنێک وتبووم ("بۆچی بەڵگە پووچەکان بۆ سیاسەت، ئەوەندە گرنگن؟"، لە ئازادی**یەکان**، لەندەن، وارشۆ) نیشاندانەوە، یان نوێنەرایەتی تەنیا کاتێک ئاسـانە، کە داواکـارییەکی بەشــەکی بە بــێ ئــەوەی لــە وردەکاری خۆی وازبهێنێت و وەک بەڵگەیەک کاربکات، بەڵگەیــــەک کە زنجیــــرەی [هاوبەهـــــای]ی لەجیــــاتی یەکپارچەیەک نیشانیدابێتەوە (وەک چۆن بۆ نمونە زێڕ بە بــێ ئــەوەی کــە ڕەگەزی پـاژەکـی لە دەسـتبدات، ڕەگەزی خۆی بە نیشاندانەوەی تێکڕای بەهایی دەگۆڕێت).

ئەم پرۆســەیە، کە بە هــۆی ئەو داواکــارییە بەشــەکیــیەوە زنجیرەیەک هاوتـایی نیشاندەداتەوە، بێگومـان هەمـان شـتە، کە پێشــتر ناومــان نـابوو ***هەژمــوونی***. بـۆ نمـونە داواکـارییەک کە ئەندامانی سۆلیدارنیشک[2] داوایان دەکرد، لەسەرەتادا داواکاری یــەک چینــی کرێکــاری تــایبەت بــوو لــە دانتزیــک[3]، بەڵام کە داواکــاری ئەو یەکێتیــیە لە کۆمەڵگــەی لاواز فـۆڕمی گرتبــوو، کۆمەڵگەیــەک کە تێیــدا زۆربەی داواکــارییە کۆمەڵایەتییەکــان

---

[2]. solidarnsc، یەکێتیی بازرگانی ئازاد کە لە 1980 بە ڕابەرایەتی لخ ڤالسا لە پۆڵەندا دامەزرا – و.ف

[3]. Gdansk، شارێکە لە باشووری پۆڵەندا- و.ف

نەزۆک کرابوون، ئەم داواکارییانە لە وتاری نویّ و دووکەرت بوو، بۆ دالەکانی کەمپی جەماوەری گۆڕان.

کەوایە تایبەتمەندییەک لەپرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئاماژەیەکی تێکڕایی و پۆپۆلاردا بوونی هەیە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ تێگەیشتن لە پۆپۆلیزم گرنگە. ئەو تایبەتمەندییە ئەوەیە: هەرچەند زنجیرەی هاوتایی زیاتر بڵاوببێتەوە، پەیوەندی بەداواکارییە بەشەکییە پەسندکراوەکانیانەوە لاوازتر دەبێت، کە جارێکی دیکە دووبارە تێکڕای ویستی گشتی نیشانبدەنەوە. ئێستا دەگەینە ئەنجامێکی گرنگ: تەنیا بە هۆی بەرهەمهێنانی لۆژیکی دالە پووچەکانەوە دەتوانین سوبێکتە پۆپۆلارەکان هەڵبسەنگێنین، کە بەرێکەووت بەشێوازێکی ***لایەنگرانە*** بەرهەمدەهێنرێن. بەو جۆرەی باوە «نەداری»، هێما پۆپۆلیستییەکان هاومانای مەرجی پێویستن بۆ کاریگەربوونی سیاسی ئەو هێمایانە – لەوەی کە کاری ئەو هێمایانە بەخشینی واقعیەتی تەواو ناتەبایە بەهاوتایی تەبا. ئەم هێمایانە دەتوانن بەکەمکردنەوەیان بەلانیکەمی ناوەڕۆکی بەشەکییان، ئەو کاریگەربوونە سیاسییە بەوپەڕی باشی ئەنجام بدەن. ئەم پرۆسەیە لە باری ئاستێکدا بەپنتێک دەگات کە ناوێکی پاک، ئەرکی تەباسازی دەگرێتە ئەستۆ: ناوی پێشەوا (leader).

هێشتا دوو خاڵی دیکە ماوون کە دەبێت لێیان بکۆڵینەوە... خاڵی یەکەم پەیوەستە بەگۆڕینی شێوەیەکی تایبەتی، کە لۆژیکە هاوتاییەکان لەکاتی هەڵسەنگاندن و داتاشینی (خەڵک) و (دەسەڵات)، لەجیاتی دوو جەمسەری ئەنتاگۆنیستی پێویست دەبن. لە پەیوەند بە بابەتی تایبەتی (خەڵک)ەوە، وەک چۆن کە پێشتریش بینیمان، لۆژیکی

هاوتـایی لەسـەر لـۆژیکی «بەتـاڵکەرەوە» وەسـتاوەتەوە، لۆژیکێک کە بەدیهاتووەکانی هاوکات دەتوانن بەهێزکـەر، یـان لاوازکـەربن. ئەوە لـۆژیکی بەهێزکـەرە وەک دالەکـانی یـەک زنجیـرەی هاوتـایی پێکـدەهێنن، چـونکە پێویسـتە هەمـوو ئـەو پەیوەندییانـە لـەخۆبگرن کـە پەیـوەسـتن بەو زنجیرەوە.

ئەو دالانە سەرچاوەی کراوەتریان هەیە و تەنیا ئامـاژە بەنـاوەڕۆکی جیاوازکارانە ناکـەن، کە دالێک بە مەدلولێک دەبەستێتەوە. ئەم لۆژیکە لاوازکەرە، وەک ڕێک لەبەر ئەو گەڕانـدنەوەدایە (بەزەبـری تێکڕایـی) پەیوەنـدی کراوەتـری دال بە نـــاوەڕۆکە لاوەکییەکانـــەوە، بلـــەز ڕووەو شیکارکردنە. دەتوانین بە بەهرەمەنـدبوون لـەجیاکارییەکی لـۆژیکی بڵێـین هەرچەنـد لە ***ڕاستیی*** نزیکتـردەبینەوە، لە ***چەمکەکە*** دوورتـردەکەوینەوە. هەمانکـار لە هەڵسـەنگاندنی جەمسـەری دەسـەڵاتدا دووبـارەدەبێتـەوە: ئەو جەمسـەرە بەسـادەیی بە هـۆی مادییـەتی نـاوەڕۆکی جیاکـارانەی کارناکـات، چـونکە ئەو نـاوەڕۆکە هـەڵگری ڕەتکـردنەوەی جەمسـەری پۆپۆلار و جەماوەرییە (بە هـۆی بەدینەهـاتنی داواکـاری جەمسـەری پۆپـۆلار، واتە «خەڵـک»). لەو ڕوانـگەیەوە جـۆرێکی نـابەردەوام و لەرزۆکـی بنچینەیـی دێتەپـێش، کە لەوانـەیە دزەبکـاتە تەواوی وتـاری ناچـالاکەوە. تـا ئەو جێیە کە پەیوەسـتە بە داواکـاری لاوەکییـەوە، ئاڕاسـتەیەک ناڕەخسـێت کـە لـەودا ئەو داواکارییـانە بتـوانن بەشـێوازی جیاوازیکـارانە، یـان هاوبەهـاوە جومگەبەنـدی بکـرێن - واتـا هەلـومەرجی مێـژوویە، کە شـێوازی جومگەبەنـدییان دیاریـدەکات – هـەروەها (لەبـارەی هاوتاییەکان)ەوە شتێک لـەگۆڕێ نییە

کــە دیاریبکــات ڕاســتیی و شــێوازی پێکهــاتەی ئــەو زنجیرەییانە چ دەبێت کە ئەو داواکارییانە تێیدا هاوبەشن، بەڵام دەبێت لەبارەی دوو جەمسەری دوانەیی دەسەڵاتی خەڵکەوە بووترێت ناسنامە و ستراکچەری واقعی ئەوان، بەشــێوەکی یەکســان جێگــەی مشــومڕە و پێویســتی بــە دووبارە پێناسەکردنەوەوە هەیە. فەرەنسا لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئاژاوەگێڕییەکانی بەخۆوە بینیووە لەسەر خۆراک، هەڵبەتە دووژمنی سەرەکی ئەو ئاژاوەگێڕیانە حکومەتی پاشایەتی و ڕژێمی پادشایی نەبوو. دەبوایە تەواوی وەرچەرخانــە ئاڵۆزەکــانی ســەدەی هەژدەیــەم بەقۆناغێک دەگەیشتن، کە داواکاری خۆراک تێیدا بەشێک بێت لە زنجیرەی هاوتایی شۆڕش، ئەو زنجیرانەی کە تەواوی سیستمی سیاسییان دەگرتەخۆ. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم پۆپۆلیزمی ئەمریکی جووتیاران شکستیخوارد، چــونکە هەوڵــدان بــۆ پێکهێنــانی زنجیــرە هاوتاییەکــانی پۆپــۆلار، کە داواکــاری گرووپەکــانی مــاڵ لەدەســت چووەکــانی دەکــردە هاومەبەســت و ئامــانج، بە هــۆی کۆمەڵێــک بەربەســتی ***جیاوازکــارانە*** و ســتراکچەرەکەی، ڕووبەڕووی کێشــەی نــەبوونی بڕیــاردان بــووەوە، ئــەو بەربەستانەی کە دەرکەووت لە ئاشکراگەرایی پۆپۆلیستی بــەهێزتربوون: ئــەو کێشــانەی کــە لەســەر یەکگــرتنەوەی دووبارەی جووتیارانی پێست ڕەش و پێست سپی بوو، بێمتمانەیی دوو لایەنەی جووتیاران و کرێکارانی شارییی، وەفــاداری بیرتەســکی جووتیــارانی باشــوور بــۆ حزبــی دیموکرات و لەم جۆرانە.

نهــۆ خــاڵی دووەم شــەنوکە و دەکــەیــن. ئــێمە لەسەرانسەری باسەکەماندا بەگریمانەی سادەکردنەوەی

پستبەستوو بە بوونی ***دیفاکتۆی*** سنووریی بەرەوپێش چوووین، کە دوو زنجیرەی هاوتایی و ئەنتاگۆنیستی لێکجیادەکاتەوە. ئەو گریمانەیەبوو، کە بەنیازیین زیاتر شرۆڤەی بکەین. لێڕوانینی تێکڕایی ئێمە ناچارماندەکات سەرلەنوێ دووبارە ئەو گریمانەیە هەڵبسەنگێنینەوە، کە ئەگەر عەقڵی کۆن لەگۆڕێ نییە، کەوایە بۆچی داواکارییەک لەجیاتی ئەوەی بچێتە هەر زنجیرێکی هاوتاییەوە، یان هەر جومگەبەندییەکی جیاکارانەوە، دەبێت بچێتە زنجیرەی هاوتاییەوە، یان جومگەبەندیی جیاکارانەی تایبەتەوە. لەم کاتەدایە دەبێت دان بەخۆماندابگرین کە ستراتیژە سیاسی و ئەنتاگۆنیستەکان بەشێوەی جیاجیا، پەیوەندییان بە بەرهەمهێنانی سنوورە سیاسییەکانەوە هەیە، هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بەگریمانە بزانین، کە ڕەنگە سنوورە سیاسییەکان بگوازرێنەوە.

پێویستە لەم شێوەیەدا گریمانەکانمان دیاری بکەین. هەر تووخمێک کە لە بەڵگەیەکدا بوونی هەیە، سەرئەنجام خۆی ڕادەستی فشاری بنەماییەک دەکات کە بە هۆی دەربڕینی لێکدژەوە، ئەو بنەمایە هاتووەتەئاراوە. تیۆرسێنی ئێمە لەبارەی دالە کۆتەکان بە ئێرە گەیشت، کە وتمان گونجاوی ئەو دالانە تەواو پەیوەست بوو بە ئامادەیی زنجیرە هاوتاییەکانەوە، ئەو زنجیرانەی کە لەخۆگری سنووری ناوکی بوون.

شێوەی کلاسیکی پۆپۆلیزم - بۆ وێنە، زۆربەی پۆپۆلیستەکانی ئەمریکای لاتین لە 1920 و 1950 – هاوتەریبی ئەم وەسفەن. دینامیکی سیاسی پۆپۆلیزم

پشتئەستوورە بە بەرهەمهێناوەی بەردەوامی ئەو سنوورە ناوەوەییە. دەتوانین بەسوودوەرگرتن لە لێکچواندنێکی زماننناسی بڵێین، کاتێک وتاری سیاسی دامەزراوەیی ئارەزوودەکات جومگەی هاونشینی زمان نایاب بکات - ژمارەی شوێنە جیاکارییەکان، کە بەهۆی پەیوەندی ئاوێتەکردنەوە جومگەبەندی دەبن — لە هەمان باردا وتاری پۆپۆلیستی دەیەوێت جەمسەری جێگرەوەی زمان نایاب بکات - بەدیوێکی دیکەدا، پەیوەندی جێگرەوەیی نێوان توخمەکان (لەباسەکەماندا، داواکارییەکان) تەنیا لەدەوری دوو بابەتی هاونشینی کۆدەبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت سنوورە دەروونییەکەی لەناوبچێت، کە وتاری پۆپۆلیستی لەسەری وەستاوەتەوە. ڕەنگە ئەو کارە بەدوو شێوە ڕووبدات:

یەک، بە هۆی پچڕانی پەیوەندی هاوتایی نێوان داواکاری بەشەکی، واتا بە تاک قرساندنی ئەو داواکارییانە. ئەم ئاڕاستەیە سەردەکێشێتە وێرانەی شێوەی پۆپۆلیستی سیاسەتەوە، ئاڕاستەیەک کە بەرەو سڕینەوەی سنووری ناوکی و دەربازبوونە بۆ ئاستی باڵاتر لە لێکدان و یەکگرتنی سیستمی دامەزراوەیی — بە وتەی گرامشی، چالاکییەک سەر بەقۆناغی پەڕینەوە - کۆتایی پێدێت. ئەم ئاڕاستەیە هاوشێوەی پرۆژەیەک (یەک میللەت)ی دیسرائیلی، یان هەوڵە سەردەمیانەکانی تیۆرسێنانی «ڕێگای سێیەم» و «ناوەندی بنەمایی»، بە ئامانجی خستنەوەجێی ئیدارەکردنە (administration) بە سیاسەت.

دووەمین ئاڕاستە، کە وەکو مەرجی پێویستی پۆپۆلیزم سەردەکێشێتە هەڵوەشانەوەی سنووری ناوکییەوە، سرووشتێکی سەرانسەر جیاوازیی هەیە. ئەم ئاڕاستەیە بەناو ***سڕینەوەی*** سنوورەکاندا تێناپەڕێت، بەڵکو ***بەگۆڕانی ئاماژەی سیاسی سنوورەکان*** ئەوانە پەکدەخات. وەک چۆن کە دیتمان ئەم ئاماژە سیاسییانە، هاوشێوەی داڵە تەوەرییەکانی وتاری پۆپۆلار، کە بەشێوەیەکی ناوچەیی بەتاڵبوونەوە، پەیوەندی پێشوویان بەناوەڕۆکی لاوەکییەوە سستدەکەن، ئەو ناوەڕۆکانە لەبەردەم ***جۆرە*** کراوەکانی دووبارە جومگەبەندییەکانی هاوبەهایی دان. ئێستا تەنیا ئەوەندە بەسە ئەو داڵە پۆپۆلار و پووچە ڕادیکالیزمانە خۆیان بپارێزن - واتا بتوانن کۆمەڵگە بۆ دووبەش دابەش بکەن - لەم کاتەدایە، کە زنجیرەی هاوتاییەکان بە هۆی ئەم داڵانەوە یەکدەگرن، بۆ زنجیرەی جیاواز دەگۆڕێن، چونکە پێکهاتەی سیاسی تێکڕای کاری پۆپۆلیزم، پێویستی بە ئاماژەی سیاسی لێکدژە.

سەدەی بیستەم، نمونەی لە ژمارنەهاتووی لەوجۆرە هەڵگەڕاوانەی هەیە. لە ئەمەریکا ئەو داڵانە لە ***نەخشەی نوێی*** (New Deal) ڕۆزفلێتدا بەزۆری ئاماژەی چەپیان هەبوو، کە ڕادیکالیزمی پۆپۆلاریان لە خۆگرتبوو، پاشان بە دەستەڕاستە بیرتەسکەکان، لە جۆرج ڤالاسەوە تا «زۆرینەی ئەخلاقی»، لە نوێوە بووژایەوە. بەرەی میللی لە فەرەنسا تارادەیەک «ڕۆڵی تریبۆن»ی حزبی کۆمۆنیستی گرتە ئەستۆ و بڵاوبوونەوەی فاشیزم لەشەڕی ناوخۆ [ئەڵمانیا]، بە بێ لەبەرچاوگرتنی دووبارە

جومگەبەنــدی نـــاواخن و داواکارییەکـــان تێناگـــات کە لەبنچینەدا پەیوەندییان بەنەریتی شۆڕشگێرییەوە هەبوو، شتێک کە هەڵبەتە لە لایەن باڵی ڕاستەوە [واتە حزبێکەوە ئەنجامدرا، کە پاشان دەرفەتی دەرکەوتنی بە فاشیزمیی هیتلەردا].

ئــەوەی ئێســتا گرنگــە، ناســینی ئەلگــۆی ڕەوتــی ئەو دووبــارە جومگەبەنــدییە: ئەو ئەلگــۆیە لەســەر شــێوازی بەرپەرچـــــدانەوەی لایەنگـــــرانەی دالە تەوەرییـــــەکانی ڕادیکـــاڵیزمی پۆپـــۆلار وەســـــتاوەتەوە، ئەو دالانەی کە زۆربەی داواکارییە دیموکراسییەکان لەزنجیرەی جیاواز لە هاوتاییدا یاداشت دەکەن. ئەو دووبارە جومگەبەندییەی هەژموونیک ئاسانە، وەک هیچ داواکارییەکی کۆمەڵایەتی پێـوە نەلکێنـدراوە، داواکـارییەک بە پێــی «چارەنووســی ئاشـــکرا» هەرچۆنێـــک بێـــت، کـــە پێشـــتر شـــێوازی یاداشتکردنی [داواکاری لەزنجیرەی هاوتایی] دیاریدەکات - هەمووشتێک بەڕکابەریی پەیوەستە بەدەستەبەرکردنی هەژموونییـــەوە. هەرجارێـــک داوکـــارییەک تەســـلیمی نەخشــەکانی ئەنتاگۆنیســتی بــوو، چیتــر لە هیچکــام لەم نەخشـــانەدا جێینـــابێتەوە - ئەو داواکـــارییە پێویســـتی بە جۆرێک خۆ بونیاتنەری تێپەڕ و لایەنگرانە دەبێت.

بــۆ ئامـــاژەکردن بەچەنـــد مانـــایەکی پەنهـــان لە دالە پۆپــۆلار و داواکـــاریی پێناســـە دەکـــات، کە بە هــۆی ئەو دالانەوە جومگەبەنــدی دەبــن، ***داله ســـەرئاوکەوتووەکان*** (floating signifier). جۆری پەیوەندی بنەمـایی ئەو دالانە سازدەدات، کە تەواو لەگەڵ جۆری پەیوەندی نرخێنەری

جیاوازە و داڵە پووچەکان ئامادە دەکات: لە کاتێکدا داڵە پووچەکان، گیراوەی سنورێکی دەروونی کامڵ، تەواو و بەرئەنجامی زنجیرەی هاوتایین، داڵە سەرئاوکەوتووەکان چەند لایەنێک نیشاندەدەن یان ترسی شاراوەی سنوورەکان و مەحاڵ بوونی ئەو سنوورانەن لە دەستەبەرکردنی بەردەوامی کامڵ، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەو جیاوازییە کە بەگشتی شیکارییە، داڵە پووچەکان و داڵە سەرئاوکەوتووەکانی بەکردەوە زۆر تەبان: ناتوانین بارودۆخێکی مێژوویی بدۆزینەوە، کە کۆمەڵگە تێیدا بەمشێوەیە یەکپارچە بێت، بەشێوەیەک کە سنوورە دەروونییەکەی نەکەوێتە بەردەم هیچجۆرە هەڵوەشانەوە، یان گۆڕانێکەوە و هیچ قەیرانێکی گونجاو و قووڵ لەگۆڕێ نەبێت، بەجۆرێک کە هیچ شێوەیەکی پتەوی بەخش نەتوانێت هۆکاری ئارەزووی کاولکاری سنووردارابکات. [بەدەربڕینێک، هەرگیز ئەو دوو جۆرەی داڵە بە ڕەهایی تەبانین.]

## پۆپۆلیزم، سیاسەت و نوێنەرایەتی

ئێستا هەموو بەشەکانی بەڵگاندنەکانمان بەدوای یەکدا ڕیزدەکەین، تاچەمکی گونجاو لە پۆپۆلیزم بە دەستبێنین. کاتێک ئەو گونجانە بەدەستدێت، کە ڕەهەندەکانی چوونە ناوەوەی شیکردنەوەی ئەم چەمکە ڕەهەندی لێکجیانەبن، چونکە بێجگەلەمە تەنیا چەند بەشێکی پێڕستئاسامان بەتەنیشت یەکەوە ڕیزکردووە، دەبێت ئێمە تێکڕاییەکی تیۆری دەربڕینیەکمان بەدەستهێنابێت.

لە سەرەتادا ئەگەر زنجیرەیەک شێوازی سیاسی - وتارێک کە بەهێزکەری سوبێکتی پۆپۆلارمان هەبێت، بەم مانایەیە کە پۆپۆلیزممان هەیە و هەڵبەتە پێشمەرجی سەرهەڵدانی سوبێکتێکی وەها بەوشێوەیەی بینیمان، هەڵسەنگاندنی سنووری دەروونییە کە فەزای کۆمەڵایەتی بۆ دوو کەمپ دابەش بکات، بەڵام وەک چۆن دەزانین لۆژیکی ئەم دابەشکردنە بەهاتنەئارای زنجیرەی هاوتایی نێوان کۆمەڵێک داواکاری کۆمەڵایەتی ڕێنووسکراوە. ئەو داواکارییانەی کە لەودا خولەکێک هاوتایی بەسەر سروشت و ماهییەتی جیاکارانەیاندا زاڵدەبێت. لەئەنجامدا زنجیرەی هاوتایی ناتوانێت ڕێکەوتیی بێت، بەڵکو دەبێت بەهۆی توخمێکەوە پتەوبێت، توخمێک کە بە نیشاندانی ئەو زنجیرەیە، لەجیاتی تەواویەتێک دەیگونجێنێت. ئەم توخمە هەمانشتە کە ئێمە پێیدەڵێین «دالی پووچ».

ئەوانە هەموویان تایبەتن بە ناساندنی بنەمایەک کە لە ڕوانگەی منەوە دەچنە ناو وتەزای پۆپۆلیزمەوە. وەک چۆن دەتوانی ببینی چەمکی پۆپۆلیزم، کە من بەنیازم

بـیخەمەڕوو چەمکێکـی تـەواو ڕواڵەتیـیە، چـونکە تەواوی تایبەتمەندی ناساندنی، تەنیا پەیوەستە بە دۆخێکی تایبەتی جومگەبەندییـەوە - زاڵبـوونی لـۆژیکی هاوتـایی بەسـەر لۆژیکی جیاکارانەدا - شێوازی ئەو پەیوەندییە بە تـەواوی لـە ***ناوەڕۆکی*** کردەیی جیایە کە جومگەبەندیی کراوون. هەربـەوهۆیە لە سـەرەتای وتـارەکەوە ڕامگەیانـد کە «پۆپۆلیزم» وتەزایەکی ئەنتۆلۆژییکە و نەک کۆن. هەموو هەوڵـی ئێمـە بـۆ پێناسـەکردنی پۆپـۆلیزم بـۆ ئەوەبـووە تائـەوەی تایبەتـە بـە پۆپـۆلیزم، لەنـاوەڕۆکی کـۆن و بەشـەکیـدا جێبگرێـت و لە ئەنجامـدا، بەهـۆی کـاری چارەنووسـەوە بەشکسـت لەناوبچێـت، کارێـک کە دەرئەنجـامی بەشـەکی و پێشـبینیکراوی، یـان هەڵبژاردنـی نـاوەڕۆکی ئەزمـوونییە، ناوەڕۆکێـک کە یەکسـەر ڕووبەڕووی لافاوێـک لە ڕیزپەڕییەکـان دەبێـتەوە، یـان پەنابردنە بۆ (بینین)، کە بۆ هیچ ناوەڕۆکێکی چەمکییەکەی نەگوازرێتەوە.

ئەم خولانەوەیـە لـە خـەریکبوون بـە چەمکـەوە، لە ناوەڕۆکەوە بۆ شێوە، کۆمەڵێک بە سەرەوەبوونی هەیە، (جیا لەدوورخستنەوەی تێڕوانینی گەمژانەی ڕەسەنێتی سۆسیۆلۆژی، کە تێیدا شێوازی سیاسیی بە یەکگرتوویی پێشتر – بۆ هەڵسەنگێندراوی گرووپێک دادەبەزن). یەکەم، ڕێگایەکمـان لەبەردەسـتە بـۆ بەرکەوتنـی مەسـەلەی دووبـارەبووەوەی ڕووبەڕووبـوونەوە بە ئامـادەیی هەمەگیری پۆپۆلیزم – چونکە پۆپۆلیزم دەتوانێت لە خاڵی جۆراوجـۆری سـتراکچەری کـۆمەڵایەتی – سیاسـیدا

سەرهەڵبدات. ئەگەر تایبەتمەندییەکانی ناسێنەری پۆپۆلیزم بە زاڵبـــوونی لـــۆژیکی هاوتـــایی، بەرهەمهێنـــانی داله پووچـەکـان و پێکهێنـانی سـنووری سیاسـی لە مـاوەی ڕوونخـوازی چینـی ژێرسـتەم لە پەیوەنـدی دابێـت، ئـێمە یەکسـەر تێـدەگەین کە دەکرێـت وتـارە شـاراوەکان لەم لۆژیکی جومگەبەندییە لەهەر جێگایەکی ئەو ستراکچەری کـۆمەڵایەتی – سیاسـییەدا سـەرهەڵبدات: ئەو ڕێکخـراوە سیاسییانەی لەکارەکانیاندا پشت بە بەکرێگیراو دەبەستن، حـزبە دامەزراوە سیاسـییەکان، یەکێتیـیە بازرگانییەکـان، سـووپا، بـزووتنەوەی شۆڕشـگێڕی و هتـد. «پۆپـۆلیزم» سیاسەتی هەنوکەیی ئەو حزبانە دیاری ناکات، پۆپۆلیزم شـێوازێک لە جومگەبەنـدی بیرونـاوەڕۆکی سـەرەکیی ئەوانەیـە –کەئێسـتا ئەو بیرونـاوەڕۆکە سـەرەکییانە هەرچییەکییان دەوێت ببن.

دووەم، [بەشـیکارکردنی ڕواڵەتـی] دەتـوانین شـتێکمان دەستبکەوێت، کە بۆ باشـتر تێگەیشـتن لە پانتـایی سیاسـی هاوچەرخ پێویستە: خولانەوەی داله نارازییەکانی ڕادیکاڵ لە نێـوان ئـەو بزووتنـەوانـەی، کە پەیوەنـدییان بە ئامـاژە سیاسییەکانی تەواو دژەوە هەیە. نمونەیەک لەم بارەیەوە، خولانەوەی دالەکانی مارینیزم[4] و گریبالدیزمـە[5] لە ئیتالیـای

[4]. بزووتنەوەیـەکی نەتەوەگەرایانـە بەڕابەرایـەتی جۆزیـە مـازینی، سیاسەتکاری ئیتالیی لە سەدەی نۆزدەیەم- و.ف

[5]. ڕەوتـی پـەیڕەوی لـە جۆزیـە گریبالیـدی، سـەرداری ئیتالیـایی هاوسـەردەمی مـازینی کـە کاریگـەری بەسـەر پرۆسـەی یـەکگرتنی ئیتالیاوە هەبوو- و.ف

سـەردەمی شـەڕ بـۆ ئـازادکردن (1945 - 1943). ئەو دالانە، دالی ناڕەزاییەتییەکانی ڕادیکاڵ بوون لـە ئیتالیا، کە زنجیرەیـان بـە ڕیـزر جیمتـۆ دەگەیشـت[6]. هەم کۆمۆنیستەکان و هەم فاشیستەکان هەوڵیاندابوو ئەودالانە بەوتارەکانی خۆیانەوە بلکێنن و پاشـان بۆ هاوتاییەکانی نیمچـە سـەربەخۆی ئەو شـێوازە جومگەبەبدییـە سیاسـییە بیگۆڕێن.

ئەوان لایەنە ڕادیکاڵـەکـانی ئەو دالانەیـان پاراسـتووە، بەڵام سەرنجدان بەوەی کە سـەرەتا دوودڵ بـوون لـەوەی ئەم ڕادیکـالیزمە لای چەپ بێـت یـان ڕاسـت - ئەوان بە هەمان مانایـەک کە وتمـان، دالـی پووچ بـوون. دەکرێت بە ئاشکرا تێبگەین کارێکی بێهودەیە ئەگەر لەخۆمان بپرسین کـام گرووپـی کـۆمەڵایەتی بە هـۆی ئەو هێمـا پۆپۆلیسـتیانەوە، ئامـانجی خـۆی دەربـڕی: زنجیـرە هاوتاییـەکانی کە ئەو هێمایانەیـان پێکهێنـاوە، لەزۆربەی بەشـە کۆمەڵایەتییەکـان پەڕیونەتـەوە و ڕادیکالیزمێک کـە هێماکـانی هەروا نیشـانەی ئەوەبـوون، دەیتـوانی بەهـۆی بزووتنـەوەکانی سـەربە ئامـاژە سیاسـییەکانی تەواو نەیـار جومگەبەنـدی بکرێـت. کاتێـک دەکرێـت وەسـفی ئەو کۆچکردنەی دالەکان بکرێت کە پۆپۆلیزم وەکو بنەمـایەکی وێنـایی بۆ جومگەبەندی تێی بگەن، نەک ئەوەی کـە ئـەو بنەمایە لە پشت ناوەڕۆکە بەشەکییەکانەوە پەنهان بکرێت و ئەم ناوەڕۆکـانە لە پێکهـاتەی سیاسـی جیـاوازدا بەدی

---

[6]. پرۆسەی یەکگرتنی ئیتالیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم-و.ف.

بێنێت. [پۆپۆلیزم، شێوەیەکی تایبەتە لە جومگەبەندی، جیا لە ناوەڕۆکەکان.]

لە کۆتاییدا ئەوە کە دەستگەیشتن بە ڕێکاریێکی ڕواڵەتی لە مەسەلەی پۆپۆلیزمدا، ئەو ئەگەرە دەڕەخسێنێت کە سۆراخی مەسەلەیەکی دیکەش بکەین. ئەو پرسیارە کە جوڵانەوەیەکی پۆپۆلیستییە یان ***نا***، لە واقیعدا، پرسیارێکی هەڵەیە. پرسیارێک کە دەبێت لەجێدا لەخۆمانی بکەین ئەوەیە: ***تا چەند*** بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستییە؟ بەهەمانشێوە کە دەزانین ئەوپرسیارە هەمان پرسیاری خوارەوەیە کە: تا چەند لە وتاری بزووتنەوەیەکی لۆژیکی هاوتاییدا باڵادەستە؟ ئێمە تاکو ئێستا کردە سیاسییەکەیمان ئەژمارکردووە، کە لە دوو سەری ناکۆکی بێ پسانەوەدا کاریگەر دەبوون، نەپساوەیەک کە دوو بەرایی ***بەڵگەی جێگرەوەی*** وتاری دامەزراوەییە و لۆژیکێکی جیاکارانەی پەتی و هەروەها لۆژیکی پۆپۆلیستی بەسەریدا باڵادەستە، هێشتا لەو لۆژیکەی هاوتاییدا، پەلکێش نەکراونەتە ململانێوە. ئەو دوو بەراییە لە واقیعدا دەستنەکەوتوون: وێنای جیاوازی یان جیابوونەوەی پووختی کۆمەڵگەیەک دەکات، کە ئەوەندە لەژێر دەسەڵاتی حکومەت (administration) و بەشەخسەنەکردن (individualization) داواکاری کۆمەڵایەتیدایە، کە هیچ شەڕێکی لەسەر سنوورە دەروونییە شیاوەکانی تێدا نییە - بەدەربڕینێک، سیاسەت لەو کۆمەڵگەیەدا ئامادە نییە، هاوتایی پەتی پێویستی بەپچڕاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بەشێوەیەک، کە چەمکی (داواکاری کۆمەڵایەتی)، تەواوی مانای خۆی لەدەستدەدات – ئەو کۆمەڵگەیە هەمان وێنای

«دانیشتوان»ێکە کە تیۆرسێنان «دەروونناسی جەماوەر» (psychology mass) لە سەدەی نۆزدەیەم ڕەنگڕێژیان کردبوو (کەسانی وەک تین، لیبۆن، سیگل و هتد «Taine, Bon Le, Sighele»).

تێگەیشتن بەدرووستی لەو بابەتە زۆر گرنگە، کە نەگونجاوی جیابوونەوەی پەتی، یان هاوتایی پەتی کاریکی ***ئەزموونی*** نییە، ئەو نەگونجاوییە تەواو ***لۆژیکییە***. نەمانی جیاوازی و جیابوونەوە بە هۆی لۆژیکی هاوتاییەوە، بە مانای سڕینەوەی یەکجارەکی جیاوازی نییە لەڕێگای لۆژیکی هاوتاییەوە. ڕێژەیی هاوتایی ڕێژەیەک نییە، کە لەودا جیاوازییەکان لە ئەم وەک ئەو نغرۆبن، هاوتایی ڕێژەیەکە کە لەودا جیاوازییەکان هێشتا کاران. هاوتایی ***جیابوونەوە***(separation)***یی*** نێوان داواکارییەکان ناهێڵێت، نەک خودی داواکارییەکە. ئەگەر کۆمەڵێک لە داواکارییەکان - هەڵگرتن و گواستنەوە، نیشتەجێبوون، کار و هتد، یان نمونەی سەرەتای وتارەکە – بهێنرێنەدی، هاوتاییە هەبووەکانی نێوانیان – و ناسنامەی پۆپۆلاری، کە لەو هاوتاییەدا ئەنجامگیری دەکرێت، پێویستی بەپێداگری و سووربوونە لەسەر داواکارییەکان. لەم ڕووەوە هاوتایی هەروا میتۆدێکی تایبەتە بەدەربڕینی جیاوازییەکان، بۆیە جۆرێک نەگوونجان لە نێوان جیاوازیی و هاوتایی دیالێکتیکی ئالۆزدا هەیە. ئێمە زۆر نمونەی مێژووییمان هەیە، کە تێیدا ***ئامادەیی*** (presence) هەر دووک، بەڵام هاوکات ***گرژی*** (tension) نێوانیان پێشتر شایانی بەشوێندا چوونە.

ئێستا چەند نموونەیەک لەم بەڵگە مێژووییانەدا شرۆڤە دەکەیین:

1. ورده ورده سیستمی دامەزراوەیی بۆ پەلکێشکردنی جیاکارانەی داواکاری کۆمەڵایەتی لاوازدەبێت و ئەوکارە سەردەکێشێتە درزی دەروونی کۆمەڵگە و دامەزراندنی دوو زنجیرەی هاوتایی ئەنتاگۆنیستی (ناکۆک بە یەکتری)یەوە. ئەوە هەمان ئەزموونی کلاسیکە لە دابڕانێکی شۆڕشگێڕی، یان پۆپۆلیستیی، درزێک کە بە گشتی لە قەیرانی نوێنەرایەتی [یان نیشاندانەوە] سەرچاوەدەگرێت، شتێک کە گرامشی ناوی‌ناوە (قەیرانە ڕێکخراوەکان).

2. ڕژێمێک ورده ورده بە دامەزراوەیی دەبیت کە ڕیشە لە درزی پۆپۆلیستی دەگرێت و بەمشێوەیە لۆژیکی جیاکارانە دووبارە بالادەست دەبێتەوە و ناسنامەی پۆپۆلار، هاوتایی بەشێوەیەکی زۆر و زەوەند، دەبێتە ***هەڵیتوپەڵیت***[7] و ناکاریگەر، کە هەرچەند کەمتر و کەمتر چاودێری کاری سیاسەت دەکەن. پیرۆنیزم[8] لە ئەرجەنتین هەوڵیدا بەرەو سیاسەتی بەرایی بەرکەووتن و گیرۆدەیی هەنگاوبنێت، بەرکەووتن و شەڕی گرووپێک کە سوبێکتی پۆپۆلاریان (دیسکامیزادۆ)، [ناوی هێمایی لایەنگرانی سیاسەتەکانی خوان پیرۆن] بوو (هاوتای

---

[7]. هاوتای langue de bois ی فەرەنسییە، بە مانای قسەی بە توێکڵ کە زۆرجار سیاسەتکاران بۆ بێنەوبەرەکردن لە وەڵامدانەوەکان دەیکەن – و.ف.

[8]. ئایدۆلۆژیای ناونراو بە خوان پیرۆ، سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی ئەرجەنتین کە بە سەنترالیزەبوونی حکومەت و سەربەخۆ لە دەرەوەی وڵات ڕازیبوو– و.ف.

(culotte–sans)، ئەو سیاسەتە وردە وردە بوو بە وتاری ناوەندی، کە بوونیادنەری پێیدەوترێت «کۆمەڵی ڕێکخراو» (organized commended la) ئێمە لەبابەتێکدا سەیری نوسخەیەکی تری بەراوردنەکراوی نێوان داواکاری و وتاری هاوتایی دەکەین، کە وتاری هاوتاییەکەیان هەمان ***هەڵیتوپەڵیتی*** حکومەتی باڵادەستە.

ئێمە زۆرجار لەم بابەتانەدا دەبینین، کە مەودای زۆری نێوان داواکاری کۆمەڵایەتی هەنووکەیی و وتاری هاوتایی زاڵ [لەجیێدا بەدیهێنانی داواکارییەکان)، دەبێتەهۆی چەپاندنیی داواکارییەکان و سەپاندنی ئەو وتارە. زۆربەی ڕژێمە ئەفریقییەکان دوای پرۆسەی سڕینەوەی کۆلۆنیالی، پەیڕەویان لەو ئەلگۆیە کردووە.

3. هەوڵی ئەو گرووپە زاڵانە بۆ بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی سنوورە دەروونییەکان بەهۆی وتارێکەوە، بە زۆری دژ – بە گشتی ناوەندێکی بە ئاکام نەگەیشتوو دەبێت. دەکرێت لەو مۆدیلەوە ئاماژە بە پرۆسەی قۆناغی جیاجیای «شۆڕشی کولتووری چین» بکرێت، کە لە فەرەنسا لە دۆمنیکنیزمەوە تا دیرکتوار درێژەی کێشا.

بزووتنەوەیەک یان ئایدۆلۆژیایەک – یان هەردووکیان لەژێر ڕەگەزێکی هاوبەش، ***وتارێک*** (discouse) – پەیوەست بەوەی کە تاچەند لۆژیکەکانی هاوتایی ناوەڕۆکەکەیان بەیەکەوە بەستبێتەوە، دەتوانن پۆپۆلیستیترین (وتاری شیاو) بن. ئەوە بەو مانایەیە کە هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی لە پۆپۆلیزم بێبەهرە نییە، چونکە هیچ ئایدۆلۆژیایەک یان بزووتنەوەیەک [یان بەشێوەیەکی گشتی وتاری] لەڕوونگەرایی و

بانگهێشتکردنی «خەڵک» دژی دووژمن، ئەویش بە هۆی هێنانـەئارای سـنووری کۆمەڵایەتییـەوە بـەهەڵەدا ناچێت. هەربـەو هۆیەوەیـە کـە لاپەڕەکـانی ناسنامەی پۆپـۆلیزمی بـزووتنەوەیەک، یـان ئایـدۆلۆژییەک لەکـاتی پەڕیـنەوەی سیاسـیدا دەگـۆڕێن، کاتێـک کە دوورنمـای کـۆمەڵایەتی لە بارودۆخێکی هاوتادا دێتەبەرچاو.

بـۆیە پـلەی «پۆپـۆلیزم» سـەربە قـووڵایی درزێـکە، کە جێگــرەوە سیاســییەکان لێکجیادەکــاتەوە. هەڵبەتــە ئەو شــێوازە ڕوانینــە مەســەلەیەکی تــر دێنێتەپــێش، ئەگەر پۆپـۆلیزم بنەمـای ئەومەسـەلەیە لەخۆبگرێت کە بەدیلێکی ڕادیکـاڵی نـاو فەزای کۆمـۆنە یـان سۆسیالیسـتی ئامـادەیە، واتە مــافی هەڵبژاردنێــک، کە چارەنووســی کــۆمەڵێکی دەستنیشانکراو بەومەرجەیە، ئایا پۆپۆلیزم [بەسـەرنجدان بەدوا شــیکار] هەمــان سیاســەت نابێــت؟ بێگومــان وەڵامەکەی ئەرێنییە، پۆپۆلیزم بە مانای خستنەململانێوەی سیستمی دامەزراوەییە بەهـۆی هەڵسـەنگاندنی کۆمەڵێکی سـتەمدیتوو، بەپێـی هۆکـارێکی مێژوویـی - فاکتەرێـک کە لەبارەی سەرهەڵدانی شتەکانەوە، یەک ***ئەوی دیکە*** ئەژمار دەکرێـت، بەڵام ئەوە هەمـان سیاسـەتە. ئـێمە سیاسـەت بەهـۆی ژێسـت (gesture)ەوە بەدەسـتدێنین، ژێسـتێک کە دۆخـی هەبـووی کارەکـانی لەجیـاتی سیسـتمێک لەخۆیـدا جێکردووەتــەوە و [هاوکــات] بەدیلێــک لە بەرامبەریــدا دادەنێت (یـان بە پێچەوانەوە ئـەم، [سیاسـەتی کـاتییە] کە بەرگری لەو سیستمە بکەین لە بەرامبەر بەدیلە بە زەبر و هەبووەکانـدا. هەربۆیەیـە کـە کۆتـایی پۆپـۆلیزم هاوکـاتی کۆتایی سیاسەتە. ئێمـە کاتێک دەگەیـنە کۆتـایی سیاسـەت، کە کۆمەڵ وەکو تەواویەتێک تێگەیەنراوبێت و ویست، یان

ئیــــرادەیەک کە نـــوێنەرایەتی ئەو تەواویەتە دەکـــات، لە ویستەکانی دیکە جیانەکرابێتەوە.

لەم دۆخەدا، هەروەک لەم باسەدا جەختمان لێکردەوە، سیاســـــەت شـــــوێنی خـــــۆی بـــــە بەڕێــــــوەبردن و سەرپەرشـــــتیکردن دەدات و شــــوێنپێی دابەشـــــکردنی کۆمەڵایەتی دەسڕێتەوە. لویاتـان هـۆبز لەجیاتی ویسـتی یەکپـارچەیی باڵادەسـتی ڕەهــا و هــەروەها سـوبێکتی تێکڕایی، یان جیهانگری کۆمەڵگەی بێ چینی مـارکس، دوو ڕێگـای هاوتەریـب نیشـاندەدەن، نیشـاندەری کۆتـایی سیاســەت – هەڵبەتــە ئەگــەر چــی ڕەنگــدەرەوەی دوو ئامـاژەی لێکدژن، حکـومەتێکی تەواو و ململانێ هەڵنەگر، یـان حکومەتێـک لەدۆخـی وێرانبوونـدا، دوو ئاڕاسـتەی یەکسـانن بـۆ سـڕینەوەی شـوێنپێی دابەشـکردنی کـۆمەڵ. بەم مانـایە، تێگەیشـتن لەوحەقیقەتـە ئاسـان دەبێـت، کە هەلـومەرجی ئەگەری کــاری سیاســی و هەلـومەرجی ئەگەری پۆپـــۆلیزم یەکســـانە: هەردووکیـــان هەڵگـــری پێشـگریمانەی دابەشـکردنی کـۆمەڵن، لە هەر دووکیانـدا ***دیمـۆس*** (demos =خەڵـک) دووسـەرە دەدۆزینـەوە، کە لە لایەک وەک بەشـــــێکی نـــــاو کـــــۆمەڵ (کـــــۆمەڵی سـتەمدیدەکان)ەو لە لایـەکەی دیکەیـەوە، فـاکتەرێکە کـە خـۆی، بەشـێوازی ئەنتاگۆنیسـتی، بـە نـوێنەری ***تێکـڕای*** کۆمەڵ دەناسێنێت.

ئەم ئەنجــامگیرییە، لە کۆتــایی شــیکارەکە نزیکمـــان دەکاتــــەوە. لەبــــەر ئــــەوەی ڕووبەڕووی سیاســــەت بووینەتـــەوە(و هەڵبەتــە ئەگەر بەڵگەکەمـــان ڕاســـتبێت، پێکهـــــاتەکەی بە پۆپـــــۆلیزم بـــــزانین)، ڕووبەڕووی دابەشکردنی کۆمەڵایەتیش دەبینەوە. ئەنجامێکی سروشتی ئەم دابەشــکردنی کــۆمەڵایەتییە ئەوەیە، کە بەشــێک لە

کرۆکی کۆمەڵ خۆی بە پێی دەربڕین و نوێنەری کۆمەڵ دەخاتەڕوو، کۆمەڵێک وەکو تێکڕا. ئەو درزە تائەوکاتەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی سیاسی بووینەتەوە، لەناوناچێت. ئەوە بەو مانایەیە کە (خەڵک) تەنیا لەچوارچێوەی ڕێژەکانی نیشاندەرەوە [یان نوێنەرایەتی] دا ڕاڤە دەکرێت [واتە «خەڵک» ناتوانێت نوێنەری شتێک نەبێت، «خەڵک» لەجیاتی بوونەوەرێکی ***جیاواز*** لەبنەڕەتڕا ***بوونی*** نییە.] ئێمە پێشتر نەخشەی تۆڕی ڕێژەکانی نیشاندەرەوەمان (matrix representative) لە دەرەوەی کێشاوە، کە «خەڵک» لێیدەردەکەوون: وردەکاری زانراوێک کە نموونەیەکی نیشان دەرەوەیە و دۆخی تێکڕایی هەڵگرتووە و جیهانگرە.

گۆڕانی ناسنامەی ئەو وردەکارییە بەهۆی بنەمای زنجیرە هاوتاییەکانەوە، کەمپی پۆپۆلاری خۆی بەجۆرێک دەخاتەڕوو، کە لەو جێگەرەوانەدا دەردەکەوێت، گوایا کۆمەڵگە وەک یەک لە تێکڕای نوێنەرایەتی (نیشان)دەداتەوە. لەم شیکارانەدا، ئەنجامگیرییەکی گرنگ دەکەین. یەکەم، چونکە «خەڵک» وەک چۆن لە وتاری پۆپۆلیستیدا ڕەفتاردەکات، دراوێکی خاو نییە، بەڵکو بنەمایەکە - وتاری پۆپۆلیستی جۆرێک لە ناسنامەی ڕەسەنی پۆپۆلار ***دیاری ناکات***، لەواقیعدا ***هەڵیدەسەنگێنێت***. دووەمین ئەنجامگیرییەک کە دەیکەین ئەوەیە ڕێژەی بەشداربووان لە [پڕۆسەی] نیشاندانەوەدا، ئاستێکی مامناوەندی نین، کە ڕەنگدەرەوەی ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی سەرەتایی و خاوبن، واقعیەتێک کە گومان دەکرێت لەجێگایەکی دیکە هەڵسەنگێندراوە. ئەو ڕێژانە، بە

پـێچەوانەوە، چـوار چێـوەی بەرایـی پێکـدەهێنن، کە کـاری کۆمەڵایەتییان تێدا هەڵدەسـەنگێنرێت. لەو ڕوانگەیەوە هەر جـۆرە گـۆڕانێکی سیاسـی بە هـۆی جێگـۆڕکێی دەروونـی توخمگەلێکــەوە ڕوودەدات، کە چــوونەتە نــاو پڕۆســەی نیشاندانەوەوە.

ئاکامی سـێیەمی شـیکارەکەمان ئەوەیە کـە [پڕۆسـەی] نیشـاندانەوە یـان [نـوێنەرایەتی]، وەک چـۆن ئەگەر ڕۆسـۆ ئێستا زیندووبووایە، لەوانەیە ئۆباڵی بۆ دەکێشا. دووەمـین و باشـترین ئەنجـامی قووڵتربـوونی کـەلێنی نێـوان فەزای تێکڕایـی سۆسیالیسـتی و وردەکـاری بـاوەڕی [پەنهـان لـە] ویســـتی هەنووکـــەی هەبـــوو، کـــۆمەڵ نیـــیە. ڕاســـت بەپـێچەوانەوە، ئەم ناهاوسـەنگییەی نێـوان کـۆمەڵ وەکـو یەک لە تێکـڕاو ویسـتی کـۆمەڵی، ڕیشـەکەی گەمەیەکـی هاندەرە، کە ئێمە بە ***سیاسەت*** دەیخـوێنینەوە، یارییەک کە هەڵبەتە سنوور و توانای خۆمانی تێدا دەدۆزینەوە. شـتی گرنــگ و زۆر لـــە نـــەگوونجاوی [نـــەگوونجان یـــان نـــــەگونجاووی(impossibility) لەگـــــەڵ مـــــەحاڵبوون (absurdity)، جیـاوازە] تێکـڕاییەک، یـان جیهـانگری عـەیارە بیسـتوچوار ڕیشـە دەگـرن – لە نێوانیانـدا، سـەرهەڵدان و دەرکەوتنی «خەڵک» لە ئەوانی دیکە گرنگترە.

## سەرچاوەی وەرگێڕانی ئەم بەشە:


,Panzer in«?NAME A IN,WHATS:POPULISM–
of Mirror the and Populism .2005).ed(Francisco
.Verso :London .Democracy

# دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستی

**سلاڤۆی ژیژەک**
**عەباس ئەرز پەیما**

بێگومان وەڵامی نەرێنی فەرەنسیی و ئەڵمانییەکان بۆ ڕەشنووسی دەستوری ئەورووپا، نموونەیەکە لە تیۆری فەرەنسیدا و بە بەڵگەی پووچ دەخوێنرێتەوە. یەک، **نـە** مانای شێوێنراو، نەگونجاو، ڕیشەگرتوو لە هۆکارە فرەلایەنەکان، سندوقێک لە خاڵە هاوبەشەکان، بەرگریکردن لە مافەکانی کرێکاران و ڕەگەزپەرستی، کاردانەوەی کوێرانە و ترسناک بەهەڕەشەی واتایی وەرچەرخان و ئومێدە شاراوە یۆتۆپیاکان، هەموویان بەسەریەکەوە، پێماندەوترێت ئەو **نە**یە، لە حەقیەتدا، نە

وتنه بەزۆربەی شتەکان: لیبرالیزمی نوێی ئەنگلۆساکسۆن، شـیراک و حکـومەتی ئەوکـاتی فەرەنسـا، پەلامـاردانی کرێکـارانی کـۆچبەری پۆڵەنـدی کە دەبنـەهۆی کەمبوونـەوەی کرێدەسـتی کرێکـارانی فەرەنسـی، و... . کێشەی واقیعی: ئێستا لە ئارادایە: شەڕ لەسەر ***مانای*** ئەو ***نە*** یە، کێ ئەوە داگیر دەکات؟ کێ - ئەگەر کەسێک هەبێت - ئـەوە بـۆ بۆچـوونی سیاسـی جیـاواز و گونجـاو دەیگۆڕێت؟

ئەگەر خوێندنەوەیـەکی سـەرکەوتوو بـۆ ئەم ***نە***یە هەبێـت، وەکـو گۆڕانکـاری نوێیـە لـەدرووشـمی کـۆنی کلینتـۆن، «ئەوە ئـابوورییە، گەمـژە!». وەک ئاشـکرایە ئەو ***نە***یە وەڵامێـک بـوو بـۆ داوەسـتانی ئـابووری ئەورووپـا، بەسەرنجدان بە بەربەستە ئابوورییە نوێیەکان، کە لەسـەر ڕێگاکـەی هەڵـدەتۆقین و خـاوبوونەوەی ئـابووری، کـۆمەڵایەتی، سیاسـی و ئایـدۆلۆژییەکەی، بەڵام وەڵامێـک بەشـێوەیەکی لێکـدژ، نەگونجـاو، کـاردانەوەیەک کە درووست نوێنەرایەتی خاوبوونەوە و ناکردەیی ئەورووپییە بژاردەکـانی دەکـرد. کەسـانێک، کە خوازیـاری ئیمتیـازاتی حکـومەتی خۆشـگوزەرانی پێشـوو بـوون، کـاردانەوەی ئەورووپـای کۆن لەدەرئەنجـامی تـرس لـەگۆڕانی حەقیقـی، خۆبـەدوورگرتن لە قبـووڵکردنی نامسـۆگەری یۆتۆپیـای مۆدێرانیزاسیۆنی جیهانگر.[9]

---

[9]. زۆرێـک لـە شـرۆڤەکارانی پـارێزەری یـەکێتیی ئـەورووپای کـۆک لەسەر ڕایەک، ئامادەیی ئەندامانی ڕۆژهەڵاتی نوێی یەکێتییەکە بۆ

جێگەی سەرسوڕمان نییە کە کاردانەوەی فەرمی ئەورووپا بە ئارەزوومەندییە ترسناکەکان، دژە عەقڵگەرایانە، ڕەگەزپەرستانە و گۆشەگیرگەراییە، کە پشتیوانی ئەم **نە**یە بوون، تاڕادەیەک سەراسیمەبوو **نە**یەک کە بەرەتکەرەوەی تەسکبینانەی فەزای کراوە و فرەکولتوورگەرایی لیبراڵ ئەژماردەکرێت. بیستنی سکاڵا لە گەشەی بێمەیلی نێوان دەنگدەران و دابەزینی ئاستی بەشداری کردنی سیاسی خەڵک بووەتە نەریت. لیبراڵەکان بەردەوام نیگەرانی پێویستی جووڵەی خەڵک و باسی پێگەی پێشەوایانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن تا زیاتر پەلکێشیان بکەنە ناو جەرگەی پرۆسەی سیاسییەوە. ئەگەرچی هەرجارێک خەڵک لە خەوی خۆشی دوور لە سیاسەت خەبەریان دەبێتەوە، بە پێی ڕێسا، دەکەونە ژێر ئالای ئاژاوەگێڕی پۆپۆلیستی و دەستەڕاستەوە. کەوایە سەیر نییە کە ئێستا زۆربەی لیبراڵە تەکنۆکراتە گەشبینەکان حەپەساوون، کە چ جای ئەو سستی و

---

بەرگەگرتنی زیانە داراییەکان، بە ڕەفتاری خۆخوازانە و سەرسەختانەی بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و تەواوی ئەندامانی کۆنی دەچواندن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە، دووڕوویی سلۆڤانیاو ئەندامەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی لە یادە، ئەوان بەشێوەیەک هەڵسوکەوتیان دەکرد کە گوایە دوا ئەندامی یانەیەکی قۆرخکاریین و دەیانەوێت دوا کەسێک بن کە مۆڵەتی پەڕینەوە وەردەگرێت. کاتێک کە لە لایەن فەرەنساوە بە نەژادپەرستی تۆمەتباریان دەکرد، لە لایەکەی دیکەیەوە دژی هاتنەناوەوەی تورکیابوون بۆ یەکێتیی ئەورووپا.

خۆبەدوورگرتنـــە لە سیاســـەت، بەرهەمێکـــی پەنهـــان و قۆنداغکراوبێت.

دەبێت لەبەرچاومان بێت، کە هەتا ئەو تووخمانە چۆن بە کردەکـی، شـوێنی نـاڕازی کرێکـار داگیـر دەکەن، کە بەنـــاوی ڕەگەزپەرســـتی پەتیـــی دەستەڕاســـتەوە سەرهەڵدەدەن.

هەڵبەتـە داواکـاری وەسـتاندنی کـۆچکردنی کرێکـارانی بێگـانە پێشـینەی ڕەگەزپەرسـتییە، کە بە هەڕەشـەیەک بۆسـەر کارمـان ئەژمـاردەکرێن، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێـت سـەرنج لەو واقعـیەتە ئاسـاییە بـدەین کە شـاڵاوهێنانی کرێکـارانی کـۆچبەر لەوڵاتـانی کۆمۆنیسـتی پێشـوو، دەرئەنجـامی لێکبـووردەیی فرەکولتـوورگەرایی نەبـووە و لەواقیعـدا، بەشـێکە لە سـتراتیژیەتی سـەرمایە بـۆ بەجڵەوکراوی هێشتنەوەی ویستی کرێکاران. هەربۆیە لە ئەمریکا، بوش بۆ دیموکراتەکان زیاتر هەڵدەسوڕێت، کە بە تووشەوەی فشاری یەکێتییە پیشـەییەکان بوون، بۆ بە یاساییکردنی بارودۆخی کۆچبەرانی نایاسایی مەکزیکی.

بە مەش ئەمڕۆ، تەنزاویـانە پۆپـۆلیزمی ڕەگەزپەرسـتی ڕاسـت بە باشـترین شـێوە دەیسـەلمێنێت، کە دژایەتـی چینایەتی نەک نەماوە، بەڵکو هـەروەها ڕاستیشـە. وانەیەک کە دەبێـــت چەپ فێربێـــت ئەوەیە، لە هەڵەی هاوکـــات نهێنیـانەی جێگـرەوەی ڕەگەزپەرسـتانەی پۆپۆلیسـتی لە نەفرەت بە بێگـانە خـۆی بپارێزێت و تەڕو وشـک پـێکەوە نەسـووتێنێت، هەروەهـا نابێـت بەنـوێنەرایەتی لە فەزای کـراوەدا، فـرە کولتـووری، تەواو، لە بەرامـبەر پۆپـۆلیزمی

ڕەگەزپەرســـت و دژە كــۆچبەر بوەســـتێت و پێكهـــاتەی چینایەتی جێگۆڕكێ بووی بفەوتێنێت. كاری خێرخـوازانە، كە بانگەشــەی بـۆ دەكـات، پێـداگریكردنی پەتیـی لەســەر فەزای كــــــراوەی لە ســــــەربنەمای فرەكولتــــــووری، خائینـانەترین شـێوازی سـەرهەڵدانی دژایەتـی چینایەتییـە، دژی كرێكاران.

لەم بـارەیەوە، كـاردانەوەی سیاســەتكارانی ســەرەكی ئەڵمانیـا بۆدامەزرانـدنی حزبی چەپـی (parties links) نـوێ لە هەڵبژاردنی 2005، نمونەی گرووپێكی باشـە لە خەڵك، ئیئتلافێـــك لە حزبـــی چەپـــی ئەڵمانیـــای خـــۆرهەڵات و بیركەرەوانـی دیكەی چەپی حزبی سۆسیال دیموكراسـی (SPD). كاتێـك یۆشــكا فیشــەر ســكار لاڤـۆنتینی ناونــا هایدگەرێكی ئەڵمانی (چونكە لاڤۆنتین دژی هاتنەنـاوەوەی هێـزی كـاری هەرزان بـوو بـۆ ئەوروپـای خـۆرهەڵات، كە مــافی كرێكــارانی ئەڵمــانی دادەبەزانــد)، بۆئاســتێكی زۆر نزمتـــریین پیشـــەیی هاتـــەخوار. كـــاردانەوەی ئـــاڵۆز و زێدەڕۆی دەزگای سیاسی(و تەنـانەت كولتووری)، كاتێك كە لاڤۆنتین ئاماژەی بە كرێكارانی بێگانە كرد، یـان كاتێـك سـكرتێری حزبـی سۆسـیال دیمـوكرات، دەلالانـی دارایـی ناونـا ڕەوە كـوللەی وتـار، ئامـاژەیەک بـوو لە نەخۆشـی، گوایـە ئـێمە لە سـەدا سـەد بـووژانەوەی نـازیزمی نـوێ دەبینین.

لە دەستدانی تەواوی بۆچوونی سیاسـی و بێجگە لەوە توانـای لێكجیـاكردنەوەی چەپ و ڕاسـت، خـۆی لەخۆیـدا سەرســـامی سیاســـی ئاشـــكرادەكات. دوودڵ بـــوون و

دەرپەڕاندنی پەروەردەی هەر جۆرە هزرێکە لەدەرەوەی تایبەتی پۆست سیاسی سەلمێنراو بەناوی خەڵک خەڵەتێنی پۆپۆلیستی. تا ئەم ساتە، حەتمیترین شایەتی لەسەر ژیانی ئێمە لەژێر یاساغییەکی هزر(denkverbot)ی نوێ بووە. (تراژیدی، ئامادەیی حزبی چەپە وەکو حزبی ئۆپۆزسیۆنی پاک، کە بەکردەوە هیچ بەرنامەیەکی گشتی نزیکەی سەرکەوتووی نییە).

### پۆپۆلیزم: لێکدژییەکانی چەمکێك

بەمجۆرە ***نەی*** فەرەنسی – ئەڵمانی، دوا بەسەرهات لە چیرۆکی پۆپۆلیزم بۆ ئیمە دەخاتەڕوو. بۆ دەستەبژێرانی لیبراڵ – تەکنۆکرات، پۆپۆلیزم بەشێوەیەکی سروشتی وێنەی سەرەتایی سەرهەڵدانی فاشیزمە، مردنی عەقڵی سیاسی، شۆڕشێکە لەژێر ئاڵای خولیای کوێری یۆتۆپیایی، سادەترین وەڵام بۆ ئەو بەدگومانییە ئەوەیە، کە بانگەشە بکەین پۆپۆلیزم لەخۆیدا ناچالاکە: جۆرێک سیستم، یان میکانیزم (deposited) ڕواڵەتی – باڵادەستی کە دەکرێت ئاوێتەی کێشە سیاسییە جیاوازەکان بکرێت. ئەرنستۆ لاکلاو بە ڕاشکاوی ئەم بابەتەی شرۆڤە کردووە[10].

بە باوەڕی لاکلاو، لە نمونەی جوان لە خود – گەڕاوە، لۆژیکی جومگەبەندی (articulation) هەژمۆنیک دەربارەی

[10]. بڕوانە: Emsto Laclau, On Populist Reasson (London, 2005)

بەرامبـــەری چەمکـــی نێـــوان پۆپـــۆلیزم و سیاســـەتیش بەکاردەهینرێت: پۆپـۆلیزم سـوبێکتی aی سـمۆڵی لکانـدنی سیاسـەتە، شـێوەی تایبەتـە کە نیشـانەی ڕەهەنـدی تێکڕایـی کـــاری سیاســـییە و لەم ڕووەوە ســـادەترین ڕێگـــا بـــۆ تێگەیشتن لێی، دەخاتە بەردەستمان. هیگڵ زاراوەیەکی بۆ دەسـتتێوەردانی کـاری تێکڕایـی بـە بەشـێک لەنـاوەڕۆکی تـــایبەتی داهێنـــا: نـــەگۆڕیی بەرامـــبەر (gegensatzliche Bestimmung) خاڵێـک، کە تێکڕایـی لە کرۆکـی یەکێـک لە بەشـــەکانی، ڕووبەڕووی خۆیـــدەبێتەوە. پۆپـــۆلیزم نەک جۆری تایبەتییە لـە بزووتنـەوەی سیاسـیی، بەڵکو پاکترین شێوەی کاری سیاسییە، هەڵاوسانی فەزای کۆمەڵایەتییە تا ئـەو جێیـەی کە هەر نـاوەڕۆکێکی سیاسـی دەخـاتە ژێـر کاریگەرییەوە.

بەشـــەکانی بەجۆرێـک پەتـــی وێنـــەیـــی - بـــاڵاڕۆیی و نـــائەنتیکن، کاتێـــک پۆپـــۆلیزم ڕوودەدات کە کۆمەڵێـــک خواســـتی دیموکراســـی تـــایبەت (ئاسایشـــی کـــۆمەڵایەتی، تەندروسـتی، خزمەتگـوزاری، بـاجی کەمتـر، ئاشـتی و....)، وەک زنجیر لە کۆمەڵەی هاوتاییەکاندا دەتەنرێن، زنجیرێک کە خەڵک وەکو سوبێکتی سیاسی گشتی بەرهەمـی دێنێت. تایبەتمەنـــدی پۆپـــۆلیزم نەک نـــاوەڕۆکی بـــوونی داواکارییەکـان، بەڵکـو ئەو واقعیەتـە ڕواڵەتیـیە پـاکەیە کە، خەڵک لەناو ئەڵقەکانی پەیوەندییان وەک سـوبێکتی سیاسـی دەردەکەوێـت و هەمـوو لێکـدژییە لاوەکیـیە جۆراوجـۆر و هاوشـــەڕەکان لە دەســـتەی ئۆپۆزســـیۆنی ئەنتاگۆنیســـتی تێکڕایـــی و هەمەلایەنەی نێـــوان ئێمـــە (خەڵـــک) و ئەوان

هەڵدەتۆقێت. دیسانەوە، پێشتر ناوەڕۆکی ئێمە و ئەوانیشی نووسیووە و ئاشکرانەبووە ڕێک وەک ئەو قومارەیە، لە ململانێکردن بۆ هەژموونی، تەنانەت تووخمە ئایدۆلۆژییەکانی وەک ڕەگەزپەرستی دڕندانە و شەڕی جولەکەش دەتوانن بۆ درووستکردنیان، هاوخەباتیی کۆمەڵەی پۆپۆلیستی هاوتاییەکان بن.

ئێستا ڕوونە کە بۆچی لاکلاو پۆپ*ۆلیزم* بۆ ***ململانێی چینایەتی*** بە باشتر دەزانێت: پۆپۆلیزم لە ململانێی کراوەدا فۆڕمی نەزۆک و باڵاڕۆیی بەدیدێنێت، کە بیروناوەڕۆکی سەرەکییەکەی بەهۆی شەڕی گریمانەییەوە بۆ دەستەبەرکردنی هەژموونی دیاریدەکرێت، لە کاتێکدا کە ململانێی چینایەتی بوونی گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت (چینی کرێکار)، وەک فاکتەری سیاسی باش دەکاتە پێشگریمانە، ئەم باشییە بۆخۆی بەرهەمی ململانێی هەژموونیک نەبووە و لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی واتایی چینی کرێکار وەستاوەتەوە، ململانێی سیاسی - ئایدۆلۆژیی بەم شێوەیە لە کۆتاییدا سەبارەت بە پرۆسە کۆمەڵایەتییە واتاییەکان، دەسەڵات و لێکدژییەکانیان، بۆ دیاردەی مام ناوەند دادەبەزێت. لە بەرامبەردا، لای لاکلاو واقعیەت هەڵکشانی جۆرێکی تایبەت لە ململانێی هاوسەنگە بۆ هەموو جۆرە شەڕەکان، نەک واقعییەتی پێشتر زانراو، بەڵکو دەرئەنجامی ململانێی سیاسی گریمانەییە بۆ هەژموونی.

بێگومان دەکرێت ئەو ململانێیە لەسیستمێکدا شەڕی چینایەتی بێت، لە سیستمێکی تردا ململانێی ئەنارشیستی

بێــت بــۆ لێکبــووردەیی کولتــووری. هــیچ پێویســتییەکی ناوەوەیی خۆیی لە ململانێیەکی تایبەتیدا نییە، کە پێشتر لە ناوەوەی هەژموونیک، وەکو هاوسەنگی گشتی، بۆ هەموو شــێوەکانی پێکــدادانی پێبــدات. بەمەش ململانــێ بــۆ هەژمــوونی، هەم مەودای کەمنەکــراوەی نێــوان شــێوەی تێکڕایــی و زۆرینــەی بیرونــاوەڕۆکی ســەرەکی لاوەکــی و هەم بوونی پرۆسەی گریمانەیی پێشگریمانە دەکات، کە بە هــۆی یەکێــک لەم بیرونــاوەڕۆکە ســەرەکییەوە، مــاهیەتی بەرجەستەکراوی یەکجێی ڕەهەندی تێکڕایی دەگۆڕێت. بۆ نمـــونە (بە پێـــی نمونەکـــەی خـــودی لاکـــلاو) لە پۆڵەندای1980دا، خواستەکانی Solidarnosc [بزووتنەوەی ســۆلیدارنووس] بــووە، بــە بەرجەســتەکردنێک لــە ڕەتکــردنەوەی ڕژێمــی کۆمۆنیســتی لــە لایــەن تێکــڕای خەڵکــەوە، بەمەش هەمــوو ئەو بــابەتە جیــاوازانەی دژی کۆمۆنیستی (لە بابەتی ناسیۆنالیزمی موحافزکار، لیبراڵ دیموکراســی، بیروڕاجیــاوازی کولتــووری تــا بــابەتی کرێکارانی چەپ)، خۆیان لە بەڵگەی پووچی هاوپەیوەندی ناسینەوەدا پشتڕاستکردەوە.

بەم جۆرە لاکلاو بابەتەکەی هەم لەبەرەبەرەگەرایی (بەدابەزینی ڕەهەندی کاری سیاسی، تێگەیشتنی قۆناغ بە قۆنــاغی داواکــاری دیموکراســی و بەشــەکی فەزای کــۆمەڵایەتی، لە ســەربنەمای جیــاوازی بەجێیــدەهێڵێت) جیادەکــاتەوە و هەم لە ئەندێشــەی بەرامــبەری، واتــا شۆڕشی هەمەلایەنە، کە سەردەباتە کۆمەڵی تەواو تاکەوە لەگەڵ خـۆی. ململانێـی هەژمـوونی لە هەردوولاکـەوە نـا

ئامادەیە، کە داواکاری تایبەتی ناوی بۆ فاکتەری سەرەکی هەڵکشاوە و دەبێتە نیشاندەری تێکڕای خەڵک. کەوایە مەیدانی سیاسی گرفتاری گرژی نێوان بەڵگە پووچ و بێ ناوەڕۆکەکان دەبێت.

هەندێک کە ڕۆڵی بەڵگەی پووچ دەبینن، بە بەرجەستەکردنی ڕاستەوخۆی ڕەهەندی تێکڕایی و تواندنەوەی لە زنجیرە هاوتاییەکاندا، ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگە سەرئاوکەوتووەکان، یەکپارچە و یەکسان دەکەن[11]. لاکلاو ئەو فەزا بەتاڵەی نێوان پێویستی بوونناسی بە بۆچوونی ئۆپۆزسیۆنی پۆپۆلیستی (مەرجدار بەو واقعیەتە کە وتاری دەسەڵاتی هەژموونی ناتوانێت کۆمەڵێک داواکاری جەماوەری تێکهەڵبکێشێت و یەکپارچەی بکات) و هانی ناوەڕۆکی بوونی گریمانەیی دەدات کە ئەم ڕایە، بۆ شرۆڤەکردنی گۆڕانکاری زۆربەی

---

[11]. ئەو جیاوازییە وەک ئەو جیاوازییەیە کە مایکل والزر (Michael Walzer) لەنێوان ئەخلاقی سادە و چڕدا کردی (Michael Walzer, Thick and Thin, 1994) ئەو گردبوونەوە گەورەیەی ساڵی 1989ی لە پراگ کە بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیستی، بە نمونە دێنێتەوە، لەسەر زۆربەی لافیتەکان نووسرابوو حەقیقەت، عەدالەت و ئازادی، درووشمی تێکڕایی کە تەنانەت دەسەڵاتدارانی کۆمۆنیستیش ناچاربوون پشتگیریان بکەن، مەسەلە لە تۆڕی زێڕینی داواکارییە چڕەکان (دەستنیشانکراو و دیاریکراو) شاردراوەبوو – داواکاری وەک ئازادی چاپەمەنی، هەڵبژاردنی فرە حزبی و ... – کە ئاماژەی بە نیێتی خەڵک دەکرد لەو درووشمە سادەو تێکراییانە. بەکورتی، کێشە نەک تەنیا لەسەر ئازادی و عەدالەتە، کە بۆ مانای ئەو وشانە بوو.

دەنگدەرانی فەرەنسی لە 1970، حزبی کۆمۆنیست بۆ بەرەی میللی (National Front) ڕاستگەراو پۆپۆلیستی، دەچنە پاڵی. وردەکاری ئەو چارەسەرە لەوەدایە کە لە بابەتی داهێزەری هاوپەیوەندی قووڵتر (بێگومان، تەواویەتگەرا)ی نێوان ڕاستی دەمارگیر و چەپی دەمارگیر تێدەپەڕێت[12].

ئەگەرچی تیۆری لاکلاو لەبارەی پۆپۆلیزمەوە وەک نمونەیەکی باڵا(و مەخابن لەتیۆری کۆمەڵایەتی دا، دەگمەن)، پێ لەسەر چەمکی زۆر بەرجەستەکراو دادەگرێت، بەڵام دەبێت دوولایەنی مەسەلە سازی بیربهێنرێتەوە. یەکەم لایەن، پێناسەیەتی بۆ پۆپۆلیزم. کۆمەڵێک مەرجی ڕواڵەتییە کە ئەو ئەژماری دەکرد بۆ پاساوی پۆپۆلیستی، خوێندنەوەی دیاردەیەک بەس نییە، هەروەها دەبێت ئاڕاستەیەک بخرێتە ژێرسەرنجەوە، کە وتاری پۆپۆلیستی ناوی شوێنی ئەنتاگۆنیستی گرتووەتەوە و دووژمن دادەتاشیت. لەناوبردنی دووژمن لە پۆپۆلیزمدا، کە بوونەوەرێکە فڕێدراوەتە دەرەوە و یان لە بوونەوەری ئەرێنی و بووناسانەدا بۆتە شت (تەنانەت ئەگەر ئەو بوونەوەرە تارمایی ئاسا بێت)، هاوسەنگی و دادپەوەری دەگێڕێتەوە، بە جۆرێکی هاو وێنە، شووناسەکەمان - هۆکاری سیاسی پۆپۆلیست - وەک بوونەوەری پێشوو لەبارەی هێرشی دوژمنەوە تێکەیەنراودەبێت.

---

12 . On Populist Reason, p.88.

با له شیکارەکەی خودی لاکلاو بکۆڵینەوە کە بۆچی چارتیزمی وەک پۆپۆلیزم ئەژمارکردووە. (ناوەڕۆکی سەرکەوتووی چارتیزم دانانی ئاژاوەگێڕییەکانی کۆمەڵە، نەک لە خودی سیستمی ئابووریدا، بەڵکو بەتەواوی لە بەرامبەری، لە قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن گرووپە ئەنگڵ و بازرگانەکانی جڵەوکەری دەسەڵاتی سیاسییە، بەدەربڕینی کابێت «Cobbett» «گەندەڵی کۆن»... هەربەو هۆیەوە تایبەتمەندی زۆر زەقی چینی باڵادەست، بە کاهلی و ئەنگڵی بوونی دەزانرێت)[13].

بەدەربڕینێکی دیکە، هەرگیز خودی سیستم بۆخۆی هۆکاری کۆتایی ئالۆزیی نییە بۆ پۆپۆلیستێک، بەڵکو هۆی تاکیی (قۆرخکردنی دارایی و هاوشێوەی و نەک بێشک سەرمایەداران)ە، کە گەندەڵی بەسەر سیستمەکەدا دەسەپێنن، نەک ڕەوتێکی کوشندە، کە خۆی لەخۆیدا لە سیستمەکە دوور دەخرێتەوە، بەڵکو بەشێکە و لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی خۆی دەدزێتەوە. لە بەرامبەردا، بۆ مارکسیستێک (هەروەها بۆ فرۆیدێک)، کاری خەسارناسانە (هەڵەی لەخشتەبەرانەی هەندێک لە بەشەکان)، ئاماژەی نەخۆشی کاری بەهادارییە، کە لە تێکچوونی بنەمایەکدا، ڕاپەڕینی خەسار ناسانە هەڕەشەی لێدەکات.

دادوفیغانی ئابووری لای مارکس، کلیلی تێگەیشتنی کاری ڕێسایی سەرمایەدارییە و لای فرۆید، دیاردەی

---

13 . On Populist Reason, p.90.

خەسارناسی وەک ڕابوونی هیستریایی، کلیلی تێگەیشتنی چۆنییەتی پێکهاتنی سوبێکتێکی ڕێوشوێنی درووستمان دەخاتە بەردەست (و شەڕی نهێنی کارەکەی دەپارێزن). هەروەها هەر بەو هۆیەیە، کە فاشیزم بێگومان جۆری پۆپۆلیزمە. وێنای فاشیستی لە مرۆڤی جوولەکەدا هاوشێوەی کۆمەڵێک هەڕەشەی (ناکۆک و تەنانەت نەگونجاو)، کە تاکی بە ئەزموون، جوولەکە هاوکات زۆر ڕووناکبیر، قرێژ، لەڕووی سێکسییەوە تێرنەبوو، زۆر هەوڵدەر و لەڕوانگەی داراییەوە زۆر چەوسێنەرە. لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی تایبەتمەندییەکی کلیلی تری پۆپۆلیزم دەبینەوە، کە لاکلاو ئاماژەی پێنەداوە. ئەو بە دروستی جەختدەکاتەوە کە دالی بالاتری پۆپۆلیستی لەمەڕ دوژمنی کۆتایی، لاڵ و پەنهان دەکات کە:

باسکردنی ئەوەی کە ئۆلیگاریشی بەرپرسیاری ناکامی داواکاری کۆمەڵایەتییە، بەمانای دیاریکردنی هۆکارێک نییە، کە بتوانێت لە کرۆکی داواکاری کۆمەڵایەتی دەربیبێنێت، ئۆلیگاریشی جیا لەو خواستانە زادەی وتارێکە کە ئەو خواستانە دەتوانن ڕۆڵی لەسەر ببینن ... لێرەیە کە ساتی بۆشایی بەناچاری سەروەدەردەنێت و بەدوایدا زنجیرەی هاوتایی جێگیردەبێت. بەمەش (پەنهانی و لاڵی)، بێئەوەی لە هیچ جۆرە بارودۆخێکی پەراوێزی و بەرایی دا ڕیشەبگرن، لە سروشتی کاری سیاسییدا جێگیربوون.

کەوایە ئەو تایبەتمەندییە ڕووتەڵییە لەخودی پۆپۆلیزمدا، بەردەوام دەبێتە پاشکۆی واتایی درۆین لەوێنەی هەڵبژێردراودا بۆ دوژمن، تاکە هۆکاری ئەودیوو

شتەکان، کە هەڕەشە لە خەڵک دەکەن. ئەمڕۆ دەتوانیت ئەو لاپتۆپانە بکڕیت، کە بەخۆڕاگری پەنجەکان و چکەی بەرکەوتنی پیتەکان، لاسایی کاغەز دەکەنەوە لە ئامێری چاپی کۆندا.

چ نمونەیەک لەوە باشترە بۆ پێویستبوونی تازە سەرهەڵدراوی ڕاستی درۆیین؟ ئەمڕۆ، کاتێک نەک تەنیا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو هەروەها تەکنەلۆجیا، زیاتر و زۆرتر، ئاڵۆز دەبێت. (کێ دەتوانێت بەرجەستەی بکات لە کۆمپیوتەرێکی شەخسیدا چ دەگوزەرێت؟)، پێویستی گرنگ بۆ نۆژەنکردنەوەی واتاییەکی دەستکرد بۆ گوڕپێدانی تاک بە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەورووبەری ئاڵۆسکاویان، بەناوی ژینگەی جیهانی بەمانا، بوونی هەیە. ئەپڵ (Apple) لەبەرنامەنووسی کۆمپیوتەریدا، ئەم هەنگاوەی - واتایی درۆینی ئایکۆنەکانی - لابرد.

لە ئەنجامدا سەختی و دژواری نوێ دەخرێتە سەر فۆرمۆلی کۆنی (گی دووبۆر)، لەبارەی کۆمەڵگەی نمایشەوە: وێنەکان بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی دێنەئاراوە، کە جیهانی دەستکردی نوێ لە دەوراندەوری ژینگەی جیهانی کۆنینەمان جیادەکاتەوە، بەدیوێکی تردا، ڕۆڵی وێناکان، قبوولکردنی ئەم جیهانی نوێیەیە. ئایا وێنەی واتایی درۆیینی پۆپۆلیستی لە مرۆڤێکی جولەکەدا، کە کەڵەکەیەکی زۆری هێزی بێ ناونیشان کورت و پووختدەکاتەوە، لە کیبۆردێک ناچێت کە لاسایی ئامێری چاپدەکاتەوە؟ جولەکە، لەجیاتی دووژمن، بێگومان

سـەبارەت بـەداواكـاری كـۆمەڵایەتی نـامراد، دیـاردەیەكی دەرەكییە.

ئەم ئیزافەیــە بــۆ پێناســەی لاكــلاو لــە پۆپۆلیزمــدا، بەرِەهـایی بـەمانـای گەرِانەوە نییە بۆ قۆنـاغی بـوون یـان ئەنتیک، ئێمە لە قۆناغی وێنـەیـی - بوونناسـیدا مـاوینەتەوە و بەقبـووڵكردنی تیـژی لاكـلاو، لەسـەر ئەو بنەمایـەی كـە پۆپۆلیزم، لۆژیكی سیاسـی و وێنـەیی تـایبەتییە و تایبـەت نابێـت بـەهـیچ ناوەرِۆكێـك، تەنیـا كردومـانەتە پاشـكۆی خەســڵەتی شــتبوونی (كە لەبــاقی تایبەتمەنــدییەكانی باڵادەســتی كەمتــر نیــیە) ئەنتــاگۆنیزم (لەبــوونەوەری ئەرێنیـدا). لـەم رِووەوە پۆپـۆلیزم هەڵگـری لانـی كەمـی - شێوەی سەرەتایی - سۆفیگەرێتی ئایدۆلۆژیایە.

لەبەرئەوە ئەگەرچی پۆپۆلیزم ستراكچەرێكە وێنەیی یان فۆرمێك، دەتوانێت خـولانەوەی سیاسـی جیـاواز بگرێتەخـۆ (ناسـیـۆنالیزمی كــاردانەوەگەرا، ناســیۆنالیزمی پێشــرِەو)، لەگەڵ ئەوەشدا تاكو ئەو جێیە كە ئەنتاگۆنیزم، یـان شـەرِی كـۆمەڵایەتی لەكرۆكـداماوە دەخـاتە شـەرِی نێـوان خەڵكـی یەكگرتـوو، دووژمنــی دەرەكـی، پـاڵنەری درێژمـاوەی بـۆ سەرهەڵدانی فاشیزمی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە[14].

---

[14]. زۆربـەی پـارێزەرانی رِژێمـی هۆگـۆ چـاڤێز لـە ڤـەنزوێلا، دژی میتــۆدی خۆنــوویێنی و هەنــدێكجار گووندنشــینانەی ئــەون، لــە هەڵگیرساندنی بزووتنەوەی جـەماوەری گـەورە بۆخـۆی، رِێكخسـتنی هەژاران و نەداران، دوای لەسەركار لابردنی لـە كودەتایـەك، كـە بـە هاوكاری ئەمەریكا رِوویدا، دووبارە گێرِایانەوەی بۆ سـەر كوورسـی دەسەڵات میتۆدێكی نارِاستە، ئەگەر گومان بكەین كەسێک دەتوانێت

لەم ڕووەوە، ئەژمارکردنی هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی لەجیاتی جۆرێک پۆپۆلیزم مەسەلەساز دەبێت. فرۆیـــد دوای دەستنیشـــاکردنی ئەگەری گـــۆڕان لەڕووی ناسنامەی هاوبەشـەوە کە هۆکـاری کـۆکردنەوەی خەڵکە، بەمجۆرە درێژە بە کەسایەتی ڕابەر بۆ ئەندێشەی ناکەسـی دەدات: (لەوانەیـە ئەم ڕووتەڵییـە دووبـارە پـەراوێز کەمتـر، یـان زۆرتـر لە فۆڕمی کەسـایەتییەکدا، کەسـێک بەرجەسـتە بێـت، کە دەتـوانین بەپێشـەوای مـام ناوەنـدی بـزانین و پەیوەندی نێوان ئەندێشە و ڕابەری جۆراوجۆر دەبێتەهـۆی

---

دووەم بـــەبێ یەکـــەم، بەدەســـت بێنێـت. بزووتنـەوەی جـەماوەری پێویستی بە کەسایەتی هاوشێوەسازی سـەرۆکی کاریزماتیک هەیە. خاڵی لاوازی چاڤێز لـە جێگەیـەکی دیکەیـە، هـەر ئـەو هۆکـارەی کـە توانـای بینینـی ڕۆڵەکـەی پێدەبەخشـێت: پـارەی نـەوت. گوایـە نـەوت، ئەگەر ڕاستەوخۆ مایەی بە هیلاک چوون نەبێت، بەخششـی دوانـەیی (هەم باش و هـەم خراپ)ە. بە هـۆی بـوونی وەهـا پاشـەکەوتێکە کـە ئەو دەتوانێت بە فیگۆرە پۆپۆلیستییەکان، درێژە بـە ڕێگەکـەی بـدات، بەبێ پێدانی بـەهای تـەواوی ئەوانـە، بـەبێ هـیچ جـۆرە نوێگەرییـەکی حەقیقی لە ئاستی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی. پـارە توانـای گرتنەبـەری سیاسەتی ناکۆکی پێدەدات (بـەهێزکردنی هـەنگاوی دژە کەپیتالیسـتی – پۆپۆلیسـتی و دەسـتلێنەدراو دانـانی بینـای سـەرمایەداری)، ئـەو سیاسەتانەی کە بێجگە لە هەڵپەساردنی کار (وەرچەرخانی بنەڕەتی) نین. (چاڤێز بە پێچەوانەی دەمەقاڵێ دژە ئەمەریکییەکەی، بە توونـدی چـاودێری دەکـات کـە گرێبەسـتەکانی ڤـەنزوێلا لەگـەڵ ئەمـەریکا بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـک هەڵـەچنی بکـرێن، ئـەو لـە کـرداردا، فیـدلیی خاوەن نەوتە.)

سەرنجڕاکێشـــان[15].) ئایـــا ئەو دەربـــڕینە، بەتـــایبەت لەمەڕ ڕابەرێکـــی ستالینیســـت، لە بەگژداچـــوونەوە ڕابەرێکـــی فاشیســـت، وەک میکـــانیزمی بەرجەســـتەکردنی ئەندێشـــەی کۆمۆنیستی ڕاست نییە؟ هەر بۆیە، ناتوانرێت بزووتنەوە و ڕژێمە کۆمۆنیستەکان لەژێر چەتری پۆپۆلیزمدا چین بەندی بکرێن.

زۆر خـــاڵی لاوازتـــر لـــە شـــیکارەکەی لاکـــلاودا هـــەیە، بچـووکترین یەکەی شـیکاری ئـەو لـە پۆپـۆلیزم، کۆمەڵێـک داواکاری کۆمەڵایەتییە (لە مانای دوانەیی ئـەو، واتـا ویسـت و داواکاری). هۆی سـتراتیژییەتی هەڵبژاردنـی ئەو زاراوەیە ئاشکرایە: سـوبێکتی داواکـاری لەکرۆکـی ئـارەزووی زۆری خواستدا جێ دەگرێت، واتە خەڵک خۆی لەنێوان زنجیـرەی هاوتایی داواکاریدا جێگیردەکات.

خەڵـک نـەک گرووپێکـی پێشـتر هەبـوو، بەڵکـو ئاکـامی کردەکـــی زۆربـــوونی ئەم داواکارییـــانەیە، بەڵام زاراوەی داواکاری بەتەواوی ماناپێویسـتی پانتـایی نمایشـە، کە تێیـدا سـوبێکتی داواکـاری بـەئەوی دیکـە دەسـپێرێت و پێشـتر ئەگەری خەملاندنیان فـەرزدەکات. ئایـا شـۆڕشـی حـەقیقی یـــان کـــردەی سیاســـی ڕزگـــاریخوازی هەمەلایەنـــەی ئەو ئاسـۆی داواکارییـە سـەرهەڵنادات؟ سـوبێکتی شـۆڕشـگێڕی ئیـدی لە خـــاوەن دەســـەلاتان هیچـــی ناوێـــت، ئێســـتا ئـــەو خوازیاری لەناوچوونیانە.

---

[15]. Sigmund Frued, Group Psychology and the Anlysis of the Ego (1921).

سەرەڕای ئەوە، لاکلاو بەجۆرێک داواکاری سەرەتا، پێش جێگیربوونی یەکجارەکی ئەو لەزنجیرەی هاوتاییەکان، بەدیموکراسی دەخوێنێتەوە، وەک چۆن کە لاکلاو شرۆڤەی دەکات، ئەو بۆ ئاماژەدان بە داواکارییەک کە هێشتا لە سیستمی کۆمەڵایەتی- سیاسیدا دەخەملێنرێت و لە ئەنجامدا ناکام نەبووە و کە ناکام بوو ناچاردەبێت خۆی بخاتە ناو کۆمەڵێک ئەنتاگۆنیستی هاوتاییەوە، تا ئاستێکی تایبەتی پەنادەباتەبەر ئەوکاراییە. هەرچەند لە فەزایەکی سیاسی لەباردا جەخت لە بوونی دوژمنایەتی زۆرینە دەکاتەوە - ئەو لێکدژییانەی کە یەک بە یەک پێکەوە بەستراونەتەوە بێئەوەی هۆکاری یەکگرتن، یان دژایەتی لێکدابڕان و فرەلایەنەبێت - بەڵام باش پێکهاتنی زنجیرەی هاوتایی، لە فەزای دیموکراسی لە باردا دەرک دەکات.

بیرخۆتبێنیتەوە چۆن لە بەریتانیا بە سەرۆکایەتی موحافزکارانەی جۆن مێجەر لە کۆتایی دەیەی 1980دا ڕووخساری دایکێکی ڕەبەنی بێکار، بووە هێمای ناکارامەی حکومەتی خۆشگوزەران و هەموو نەگونجاوییەکانی کۆمەڵگە بە شێوازێک بۆ ئەم ڕووخسارە کوورتبووەوە. (قەیرانی بودجەی حکومەت؟ پارەیەکی زۆر بۆ پاراستنی ئەو دایکانە و منداڵەکانیان خەرج دەکرێت. خراپەکاری لاوان؟ دایکانی ڕەبەن بۆ دیسلپینکردنی خوێندن، منداڵەکانیان لەتواناو دەستڕۆیشتوویی پێویست بەهرەمەند نین و....).

لاکلاو لە جەختکردنەوە لەسەر ناوازەبوونی دیموکراسی لە پەیوەند بەدابەزینی چەمکی بنەمایی نێوان

لــۆژیکی جیاوازییەکــان (کۆمەڵگـــە وەک سیســـتمێکی گشـــتگری ڕێکخــراو)، لــۆژیکی هاوتاییەکــان (فەزای کۆمەڵایەتی وەکو درزی نێوان دوو ئۆردووی تێکهەڵچوو کە جیاوازی جەوهەرییان هاوشان دەکەن)، لە تێکچڕژاوی تەواو جەوهــەری ئەو دوو لــۆژیکەدا درێغــی دەکــات. یەکەمین شت کە دەبێت بیربهێنرێتەوە ئەوەیە کە چۆن، تەنیا لە سیستمێکی دیموکراسیدا، لۆژیکی ئەنتاگۆنیستی هاوتاییەکان لە کرۆکی بینایەی سیاسی، وەک تایبەتمەندی ســتراکچەری بوونیــادی ئەو، جێگردەبێــت. پێــدەچێت بەرهەمەکــانی شــەنتــاڵ مــوفە، بەتــایبەت (Democratic Paradox 2000)، لەم بارەیەوە زیاتر بابەتی بێت، لەکاتێکدا لە هەوڵدانی دلێرانەی بۆ پێکەوەبەستنی دیموکراسی و ڕۆحی خەباتی پڕکێشمەکێش، هەردوو ئاستی کۆتایی بەگومانــاوی دادەنــا: لەلایەکـــەوە، بەرزنرخانـــدنی ڕووبەڕوویـــی و شـــەڕی دلێـــرانە کە دیموکراســـی و ڕێســاکەی هەڵدەواسێت (نـیچە، هایدگەر، شـمیت) و لە لایەکەی دیکەیەوە، گواستنەوەی خەباتی ڕاستەقینەیە بۆ دەرەوەی فەزای دیموکراسی، کە تاکە هۆکاری ڕکابەریێتی ڕێســـامەند و بێهێزدەبێـــت (هابرمـــاس). مـــوفە لە نیشاندانەوەی چۆنیەتی گەڕانەوەی خێرای توونـدوتیژی، بەهـۆی وازپێهێنـانی کەسانێک لەسـەر هەقە، کە ناتەبـای پەیوەنــدی بێکــۆت و مەرجــن. ئەگــەرچــی لە وڵاتــانی دیموکراســـی ئەمــڕۆ هەڕەشــەی ســەرەکی بــۆ ســەر دیموکراسی، ئەو دوولایەنەی دەمارگیری نییە، کە کاری سیاسی لەناخی بە کاڵایی بوونی سیاسەتدا گیان دەدات.

له سەرەتای یەکەمدا، شێوازی گورزەبەندی و فرۆشی سیاسەتکاران له هەڵبژاردنەکاندا مەترسی نییە، کێشەوگرفتی قووڵتر، فۆرمگرتنی باوەڕێکه کە هەڵبژادرن بەدرێژایی هێڵەکانی بازرگانی (لەم بارەیەوە، کڕینی دەسەلات) دادەنێت، هەڵبژاردن بریتییه له ململانێیەک له نێوان حزبه جیاوازیی فرۆشەکان، دەنگی ئێمە وەک ئەو پارەیەیە، که بۆ کڕینی حکومەتی دڵخوازمان دەیدەین. لەم وێنەیەدا – سیاسەت وەک خزمەتگوزارییەک بەتەنیشت هەموو خزمەتگوزارییەکانی شایانی کڕین – سیاسەت وەکو گفتوگۆی گشتی و هاوبەش لەبارەی مەسەله و بڕیاری هەموان، مانای خۆی له دەستداوە.

له ئاکامدا، پێدەچێت دیموکراسی نەک تەنیا دەتوانێت ئەنتاگۆنیستی لەخۆبگرێت، بەڵکو تاکه وێنەی سیاسییه که کردوویەتییه پێشگریمانه، پێیدا هەڵدەواسێت و ***بەدامەزراوەیی دەکات***. دیموکراسی بۆ مەرجی ئەرێنی ڕێسای کاری خۆی دەیگۆڕێت که له سیستمه سیاسییەکانی تردا به هەڕەشەیەک دەرک دەکرێت، (لەدەستدانی بانگەشەکارێکی دەسەلاتی بێلایەن). پێگەی دەسەلات بەتاڵه، هیچ بانگەشەکارێکی بێلایەن بۆ ئەوە نییە، POlemos یان شەڕ کەم نابێتەوە و هەر دەوڵەتێکی نەگۆڕ بۆ دەسەلات گرتنەدەست، دەبێت تا تێکشکاندنی لایەنی بەرامبەر بجەنگێت. تێبینی ڕەخنەیی لاکلاو بۆ [کلود] لیفۆر (Lefort) خاڵی سەرەوەی نییە: (بۆ لیفۆر، ***پێگەی*** دەسەلات له دیموکراسییەکاندا به تاڵه. مەسەلەکه بۆ من بەشێوازێکی تر دەخرێتەڕوو: مەسەلەی

***بەرهەمهێنانی*** بۆشاییە لە دەرەوەی کاری لۆژیکی هەژمۆنیک. بۆشایی جۆرێک ناسنامەیە، نەک پێگەیەکی بنەمایی)[16]. ئەو دوو بۆشاییە بە سادەیی شایانی هەڵسەنگاندن نین.

بۆشایی خەڵک، پووچبوونی دالی هەژمۆنیکە کە تەواوی زنجیرەی هاوتاییەکان لەخۆدەگرێت یان ناوەڕۆکی تایبەتی بە بەرجەستەکردنی لەتێکڕای کۆمەڵگەدا ماهییەتی دەگۆڕێت، لە کاتێکدا پووچبوونی پێگەی دەسەڵات بیروناوەڕۆکێکی سەرەکییە، کە هەر هەڵگرێکی دەسەڵاتی ئەزموونگەرایی ناتەواو، گریمانە و زووتێپەڕ دەکات.

سەرەڕای ئەوە، لاکلاو تایبەتمەندییەکی دیکەش لەبەرچاوناگرێت، پارادۆکسی بونیادی فاشیزمی دیکتاتۆر، کە تاڕادەیەک بەشێوەیەکی هەڤدەم، پێچەوانەی پارادۆکسی دیموکراسی (موفە)یە. ئەگەر گەمەی دیموکراسی (بەدامەزراوەیی بوو)، وەک ئاوێتەی شەڕی ئەنتاگۆنیستی لەفەزای دامەزراوەیی - جیابووەوەیی و گۆڕینییەتی بۆ کێشمەکێشی ڕێسامەند، فاشیزم ئاڕاستەی دژ دەبڕێت. کاتێک کە فاشیزم، لەشێوازی کارەکەیدا، لۆژیکی ئەنتاگۆنیستی بەدوائاستی ئەو دەگەیەنێت (باسی ململانێی تا ئاستی مردن لەگەڵ دوژمنانی و بەردەوام بانگەشە دەکات لانیکەمی هەڕەشە بۆ توندوتیژی لە دەرەوەی مەیدانی دامەزراوەیی بەهۆی فشاری ڕاستەوخۆی کەسانێک هەیە، کە کەناڵە ئاڵۆزەکانی یاسایی

---

16 . On Populist Reason, p.166.

- دامەزراوەیـــــــــــی دەخەنەلاوە، تەنـــــــــــانەت ئەگەر دەستنیشانیشی نەکات)، ئامـانجە سیاسییەکەی ڕێکدەخاتە لای بەرامـــبەرەوە: پەیـــکەری کـــۆمەڵایەتی زۆر ڕێـــک و پلـەبەنـدی (جێی سەرسوڕمان نییە، کە فاشـیزم هەمیشـە پشت بەخوازەی جەستەی گومان - ڕیزباوەڕ دەبەستێت).

دەکرێـــت ئەو بەگژداچـــوونەوەیە لە وشـــە لکاوەکـــانی بـــابەتی ڕووبەڕوبـــوونەوەی نێـــوان ســـوبێکتی دەربـــڕین (subject of enunciation) و ســـــــــوبێکتی دەربـــــــــڕدراو (نـاوەڕۆک) (subject of enunciated): ["مـن" وەک تاکێک کە قســـە دەکـــات، ســـوبێکتی قســـە – "مـــن" لە ســـتراکچەری ڕێزمـــان، ســـوبێکت لە قســـە] ئاڕاســـتە بکـــات. کاتێـــک کە دیموکراســـــی وەک ئامـــــانجی مقۆمقـــۆی ئەنتاگۆنیســــتی قبوولـّـدەکات (لە وشـــە لکێنراوەکانـــدا: بەنـــاوی ســـوبێکتی دەربـــڕدراوی، نـــاوەڕۆکی)، شـــێوازی کـــاری ڕێکوپێـــک و دەوڵەمەندە، هەوڵدەدات لە بەرامبەر فاشیزمدا، هـەماهەنگی پـــێگەی بنەمـــا بەهـــۆی ئەنتاگۆنیســـــتی جلەوپســـــاوەوە بسەپێنێت.

لە ئەنجامـــــدا، پۆپـــــۆلیزم (بەو شـــــێوازەی، کە ئـــــێمە پێناســـەکەی لاکلاومـــان تەواوکـــرد)، تـــەنیا دۆخێـــک نییـــە لەبـــوونی زێـــدەبایی ئەنتاگۆنیســـتی بەســـەر چوارچێـــوەی دامەزراوەیـــــی - دیموکراســـــیی ململانێـــــدا. نەک تـــــەنیا ڕێکخـراوە شۆڕشـگێڕە کۆمۆنیسـتەکـانی (پێشـوو)، بەڵکـو دیـاردەی نـاڕەزایی کۆمەڵایەتی و سیاسـی نـادامەزراوەیی، لەشـــێوازی جۆراوجۆریـــدا، لەبزووتنـــەوەی خوێنـــدکاری 1968 تـا ناڕەزاییەکـانی دژی شـەڕ و بزووتنـەوەکانی دژی

بــه جیهــانیکردنی دواکەوتــوو، شایســتەی ناونیشــانی پۆپـۆلیزم نـین. وەک نمـونە بزووتنــەوەی دژی جیـاوازی ڕەگەزی لە ئەمـەریکـای کۆتـایی 1950 و سـەرەتای 1960 کە مارتین لۆسەر کینگ سیمبوولیەتی.

ئەگەرچی ئەو بزووتنـەوەیە هەوڵێک بـوو بۆ دەربڕینـی ئەو خواسـتانەی، کە دامەزراوە دیموکراسـییەکان وەڵامــی پڕبەپێسـتیانی نەدایەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا، ناکرێـت لەژێـر ئـاڵای هـیچ مانـایەک لـە پۆپـۆلیزم جێیبکـەیتـەوە، چـونکە شــێوەی ڕابەریکردنــی خەبــات و دیــاریکردنی لایەنــی بەرامـبەر (دوژمـن)، هەرگیـز پۆپۆلیسـتی نەبـوو. (دەبێـت سـەرنجێکی تێکڕاییتـر لە بزووتنــەوەی جەمــاوەری تــاک تەوەری بدەین. بۆ نمونە ئەو شۆڕشـانەی کە لەسـەر باج لە ئەمەریکا ڕوویدا، ئەگەرچی شێوەی پۆپۆلیستی هـەبوو، هانـدانی خەڵـک بەپێـی ئەو داواکارییـانەی، کە دامەزراوە دیموکراسـییەکان پێـی ڕاناگــەن، بەڵام پێناچێـت پشــتی بەزنجیــرەی ئــاڵۆزی هاوتاییەکــان بەســتبێت، بەڵکــو قوڵبوونەوەیە لەسەر خواستێک).

## تا بنبەستی پابەندبوونی سیاسی

لە ســاڵی 2004، جــۆرج لاکــۆف (George Lakoff)، فەیلەسوفی زمانی بان چۆمسکی کە پێشتر زۆرجار وەک شــیکارکەری باســی خــوازەیی دەناســرا، بەهــۆی خستنەڕووی گەلاڵەی بەرایی و سادەی هۆکاری ناکارایی سیاسـەتی دیموکراتەکـان و چـۆنییەتی لابردنـی لەڕووی بـووژانەوەی هێـزی داینەمـۆی حـزب، کتـوپڕ ناوبـانگی

دەرکـرد. هـۆی سـەرنجمان لەسـەر گەلاڵەکەی کۆمەڵێـک لـە تایبەتمەنـدی وێنـەیـی هاوبەشـە کە لەگەڵ تیـۆرەکەی لاکلاو هەیەتی: بزاوت لە خەباتی سیاسی، لەجیاتی شـەڕی نێـوان ئەو بـکەرانەی کە بـۆ بەرژەوەنـدی کەسـی، لێپرسینەوەی عەقڵانی دەگرنەبەر.

بە بۆچوونی کراوەتر لە خەبات، واتە شەڕی نێوان ئەو تامەزرۆیـانەی، کە لە قسـەی خـوازەیی دانـەبەزیـوو، پشـتیوانیان دەکرێـت و دەپـارێزرێن (لای لاکـلاو، خـوازە ڕێکدەکەوێتە کرۆکی خەباتـەوە بۆ هەژمـوونی سیاسـی – ئایـدۆلۆژی، کـاری ڕیشـەیی هەژمـوونی واتـا هەڵکشـانی بیرونـاوەڕۆکی سـەرەکی تـایبەتی بـۆ بەرجەسـتەکردنی ڕاستەوخۆی گشتی، لە واقیعدا ڕەوایی تەوەری پەیوەندی کورت «short circuit» خوازەییە).

دەبێت لە یادمـان بێت لاکۆف دژە نوام چۆمسکییەکی حەقیقییـە کە بەئاشـکراکردنی ڕاسـتی و دەسـەڵاتی بەڵگاندنی ئاشکرا، باوەڕی هـەیە (جێی سەرسوڕمان نییە کە لە نێـوان خـۆی و چۆمسـکی، مامۆسـتای پێشـووی، دووژمنـایەتی پیشـەیی و هەروەهـا کەسـی بـوونی نیـیە). لاکۆف ڕوانگەی دژە ڕۆشنگەری سەیر هەڵدەبژێرێت کە بە دەوری پـارادایمی عەقڵخـوازانە – ماتریالیسـتیدا دەخولێتەوە.

خەڵک لـەپێناو بەرژەوەندییانـدا، لێپرسـینەوەی عەقڵانـی نـاگرنەبەر، ئەمـان لەچوارچێوەی ڕەوایـی نـیمچە ئاگاییـدا بیـردەکەنەوە، کە بە دەوری خوازەکـانی ناوەندیـدا ڕێکخـراوون، باوەڕییـان بەهـۆی ئەو چوارچێـوانە، نەک

بەڵگاندنی عەقڵانی، پشتیوانی لێدەکرێت. لەوڕووەوە، ئێمە بۆڕووبەڕووبوونەوەی کۆنی نێوان ئوستوورە و لۆگۆس، وتـــاربێژی و بەڵگەهێنـــانەوە، خــــوازە و مانــــای ورد و ڕاشـکاوانە گەڕایـنەوە. شـیکارەکانی چوونەپـاڵی لاکـۆف لەنێـوان پێشـنیازی ســەرگەرمکەری بـابەتی چـۆنییەتی گـــورزەکردنی ڕاڤەکـــانی وتـــاربێژانەی ڕۆژانە، بەهـــۆی گریمـانە نەوتراوەکانـەوە (بـۆ وێـنە، لەهەڵبژاردنـی سـاڵی 2004دا میدیاکانیان وەک سـەرچاوەی زانیـاری، تەماشـای مــاڵی کیریــان دەکــرد و وەک کــێڵگە لــە مــاڵی بوشــیان دەڕوانـــی) و کـــۆدکردنەوەی بەرایـــی شـــێوە فرۆیـــدی لە لەرانەوەدان.

لاکــلاو لــەبــارەی 11ی ســێپتەمبەرەوە دەنووســێت: «تاوەرەکـان هێمـای دەسـەڵاتن و دارمانیـان ئەندێشـەی لە دەسـتچوونی دەسـەڵات بەهێـزدەکەن.... ئەو فڕۆکـانەی، کە بە سـتوونی ئـاگرەوە دەچوونەنـاو تاوەرەکـانەوە و وەک ســـارۆخ لە پنتـــاگۆن، وێنەیەکـــی بێمانـــا لەئاســـمانەوە، شـــــۆڕدەبنەوە[17]. لەڕوانـــــگەی فرۆیـــــدیزمێکی وەهـــــا ڕواڵەتییــەوە، سەرسـوڕهێن نیـیە لای لاکـۆف، ڕیشــەی خوازەییـە ڕێکخراوەکـانی ناوەنـدی بـۆ بۆچـوونی نـاڕازی دەگەڕێـــتەوە لەبابـــەت بنەمـــای خێزانـــی ئایـــدیالی. نەریتگەرایان، میللەت وەک مۆدیلێکی خێزانی باوکسـالاری وێنادەکـەن، کـە تێیـدا سـەرۆکی خێـزان فـەرمانی چاکـە و

[17]. George Lakoff, Don’t Think of an Elephant (New York, 2004). P.55.

خراپـــە بەهاوســـەرەکەی دەکـــات و بـــۆ دیســـپلین، گـــوێڕایەڵکردنی منـــداڵەکانی و گۆڕینیـــان بـــۆ مرۆڤـــی پێگەیشتووی متمانە بەخۆ، پەنا دەباتەبەر تەمبێکردن، لە کاتێکدا کە لە مۆدێلە پێشکەوتووەکاندا، باوان بە پەیوەندی بەرامـــبەر و هاوکـــارانە، منـــداڵەکانیان پەروەردە دەکەن. (وەک چۆن کە تێبینی دەکرێت، هەر دوو ئەلگۆکە، ئەلگۆی خێـــزانین، گـــوایە جیـــاکردنەوەی سیاســـەت لە ڕشـــەی لیبیدۆیی خێزانییەکەی مەحاڵە).

لاکـــۆف ئەنجـــامگیری دەکـــات کە چەپ، لە جیـــاتی ســـوودوەرگرتن لە بەڵـــگە عەقڵانییەکـــان و ئامۆژگـــاری ئەخلاقـــی ڕووتـــەڵی، کە لەزمـــانی خـــوازەیی بەهەســـت دووریدەخاتەوە، دەبێت لەم مەیدانەدا پێشوازی لە شەڕ بکرێت و فێربێت چوارچێوەکانی لە خشتەبەرانەتر ئاراستە بکات[18]. لاکۆف لە کۆتایی کتێبی ***بەدوای فیلدا مەگەڕێ!*** دەنووســـێت موحافزکـــاران (لە بەهاکانیـــان، بنەماکـــان و ڕێبازەکانیان دەگەیشتن و زۆر کاریگەرتر لە سی ساڵی ڕابـــردوو، لە زەینـــی گشـــتیدا بڵاوییـــان کـــردوونەتەوە). دەکرێـــت ئەو بنەمایـــانە لە دە وشـــەدا وەبیـــربێنییەوە: بەرگری بەهێز، بازاڕی ئازاد، باجی کەمتر، حکومەتی گچکەتر، بەها خێزانیەکان)، ئەو فەلسەفە دە وشەییە بۆ

[18]. پێویستە بە کەمێک وریاییەوە بوترێت: هەندێکجار چەپ لە ئاراستەکردنی چوارچێوەیەکی وەهادا سەرکەوتوبووە، ئەگەرچی نەک دوانە بە ناوچاکی، بۆ نمونە لە کۆتایی 1930 و 1940 کاتێک داوەریکردنی ستراکچەری یەکێتیی جەماوەری سۆڤێت بە ڕێگایەک کە دادگایی کردنە سیناریۆییەکانی 1930 ڕەوایەتی وەرگرت.

لیبراڵەکـــان پێشـــنیاز دەکـــات: (ئەمریکـــای بەدەســـەڵات، درەوشانەوەی فراوان، داهاتووی باشتر، دەوڵەتی لێهاتوو، بەرپرســـێتی بەرامـــبەر)[19]. پێشـــتر لاوازی ئەو بەدیـــلەش ئاشکرایە.

کاتێـــک کە فۆرمـــۆلی موحافزکـــارانەی خـــراوەڕوو بژاردەکانی بە ڕواڵەت ڕوون، دەرحەق وەرگرتنی بابەتی لێکجیـــا و ڕووبەڕووبـــوونەوەن (بەرگـــری بەهێـــز دژی داکۆکیکـــارانی دامـــاڵینی چەک، بـــازاڕی ئـــازاد دژی چاکسازییەکانی دەوڵەت، کەمکردنەوەی باج دژی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکـــان spend tax and و...)، فۆرمـــۆلی لیبـــراڵ بـــریتییە لە ڕاڤەکردنـــی تێکڕایـــی و دڵخۆشـــکارانە کە هـــیچ نەیارێکی نییە (کێ دژی درەوشانەوە، داهاتووی باشتر و دەوڵەتی کارایە؟). هەموو ئەوەی ڕوودەدات جێی وتاری توونـدوتیژی - بە گـوڕوتینی جۆری سـەرپێیی و هەسـتی دەگرێتەوە، خاڵی زۆر سـەیری لاوازی لاکـۆف، زمانناسـی ورد و پرۆفیشـناڵ لە ماناناســی، فۆرمـۆلی ئەرێنـیەکەی تێگەیشـــتنی ئاشـــکرایە لەم لاوازیـــیە، لاوازیـــیەک کە بەدیـقەتەوە لە زاراوەی لاکـۆف فۆرمۆلبەنـدی دەکرێـت: فۆرمۆلی لاکۆف بە ئاشکرا باری ئەنتاگۆنیستی تێدا نییە بـــۆ دیـــاریکردنی دوژمـــن، کە مەرجـــی بنچینەیـــی هەر فۆرمۆلێکی سیاسی ڕاستەقینەی بزاڤی سیاسییە.

ئامانجمـــان خســـتنەڕووی ئەو درکە نیـــیە، کە لاکـــۆف سیاســـەتی لاکـــلاوی پێشـــنیازدەکات، بە پـــێچەوانەوە،

---

[19]. Lakoff, Don’t Think of an Elephant, pp. 93–94.

گەڕانەوەیە بـــۆ لاکـــۆف، کە وامـــان لێــــدەکات سنووردارییەکانی لاکۆف لەژێر لێکچووە ڕواڵەتییەکانـدا ببینین. بەپێی وتەی سیناتۆر دیک دۆرین (Dick Durbin)، کە بەرگریکارێکی لاکۆفە لە لیستی دیموکراتەکان: لاکۆف لە ئێمەی ناوێت تیۆروانین یان فەلسەفەمان بگۆڕین، ئەو ئێمـە بـۆ نـوێکردنەوەی پەیوەنـدی بانگهێشـت دەکـات. کۆماریخوازەکـان، لـە مـەلۆکردنی ئەندێشـە کۆنەکـان لە گەڵیشەیەکی نوێدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. لە ئەنجامدا ململانێ تەنیا بۆ وتاربێژی کورتدەبێتەوە.

ئەندێشـــەکان (و سیاســـەتی واقعیـــی) بە یەکســـانی دەمێنـــنەوە، مەســـەلە هەر چـــۆنییەتی کـــۆکردنەوە و فرۆشـــتنیانە (یـــان، جێکردنەوەیانـــە لەژێرئـــاڵای زاراوەی مرۆڤـایەتیتری دووبـارە هێنانـەئارای پەیوەنـدی باشـتر). لاکۆف بە پشـتگیریکردنی ئەو خوێنـدنەوەیە لە تێـزەکەی خـۆی نیشـانیدەدات کە بەجـدی، جەختناکـاتەوە لەهێـزی چوارچێـوەی خـوازەیی و بـۆ کۆکردنـەوەی سـەرلەنوێ کـەمی کردووەتـەوە، لە ڕووبەڕووبـوونەوەی ئاشـکرا بە لاکـلاو کە ڕەوانبێـژی لە دڵـی پرۆسـەی سیاسـی - ئایدۆلۆژی و لە هێنانەئاراوەی جومگەبەندی هەژمۆنیکدا دەیدۆزێتەوە، هەرچەند هەندێک کات پێدەچێت بەناچاری ڕەوانبێـــژانە ڕادەســـتی کەڵـــکەڵەی کەمکـــردنەوەی ئاڵۆزییەکانی ئێستای چەپ دەبێت، وەک ئەم پەرەگرافەی خوارەوە:

ڕاســت و چەپ لە یــەک ئاســتدا ململانـێ ناکـەن. لە لایەکەوە، ڕاست هەوڵدەدات کێشە جیاوازەکانی خەڵک بە

خەیاڵی سیاسی ببەستێتەوە و لە لایەکەی دیکەوە، چەپ لە پاشەکشەی وتاری ئەخلاقی پەتی دایە، کە ناچێتە گەمەی هەژمۆنیکەوە... کێشەی سەرەکی چەپ، ڕوونەدانی ململانێیە لە ئاستی شیکاری سیاسی ئەمڕۆدا. چەپ، پشتی بەوتاری عەقڵگەرایانە بەستووە لەبارەی ڕاستەوە، وتاری ڕووتەڵی پەتی کە ناچێتە مەیدانی هەژمۆنیکەوە و بەبێ ئەوچوونەناوەوە ئەگەرێک نییە بۆئاڕاستەکردنی بەدیلی سیاسی هەڵکشاو[20].

کەایە کێشەی ڕیشەیی چەپ، لاوازبوونییەتی لە وێناکردنی بە هەست و جیهانی گۆڕان. بەڕاستی ئایا مەسەلەکە هەروا بەم سادەییەیە؟ ئایا چارەسەرکردنی کێشەی چەپ، لابردنی وتاری عەقڵگەرایانەی ئەخلاقی پەتی و وێناکردنی بۆچوونی دەستەبەرتری خەیاڵی سیاسییە، بۆچوونێک کە بتوانێت بە پێشنیازی موحافزکارە نوێیەکان، ڕکابەرێتی ڕوانگەکانی پێشووی چەپ بکات؟ ئایا دیاریکردنێکی وەها کتومت ئەو وەڵامە بەناوبانگە نییە، کە پزیشکێک وەڵامی نەخۆشە دوودڵەکەی دەداتەوە: (تۆ پێویستت بەئامۆژگاری دکتۆرێکی گول بوونە؟)، دەربارەی پرسیاری یەکەم دەڵێی چی؟ ئەو بۆچوونەی چەپی نوێ، بەشێوەی چوونەپاڵی، بەسەرنجدان بە ناوەڕۆکەکەی چ دەبێت؟ ئایا هەرەسی چەپی باو، پاشەکشەکەی بۆ وتاری عەقڵگەرایانە و ئەخلاقی کە ئیدی ناچێتە یاری هەژمۆنیکەوە، پەیوەندی

---

[20]. بەوەرگرتن لە: Mary Zournazi, *Hope* (London, 2002), p. 145

بەگۆڕانکـاریی گەورەی ئـابووری دەیەکـانی ڕابـردووەوە نیـیە؟ چارەســەری باشــتر، جیهــانی و چەپگەرایــانە، بــۆ قەیرانی ئێستامان لە کوێیە؟ دژایەتیکردنی ***ڕێگای سێیەم*** لانـیکەم هەوڵـێکە بـۆ ئاڕاسـتەکردنی بۆچوونێـک کە ئەم گۆڕانکارییانە لەبەرچاودەگرێت. جێی سەرسوڕمان نییە، کە لەگەڵ نزیکبوونەوە لە شیکاری سیاسی و چوونەپاڵ، ئاڵۆزی و پشێوی هەمەگیر دەبێت. لاکلاو لە گفتوگۆیەکی ئەم دواییەیدا، تـۆمەتێکی سـەیر لەدژی مـن دەخـاتەڕوو، دەڵێت من بانگەشەم کردووە کە

کێشــــــەی وڵاتە یەکگرتووەکــــــان ئەوەیە کە وەک باڵادەســتی جیهــانی کاردەکــات، بەڵام وەک باڵادەســتی جیهـانی بیرناکـاتەوە و تـەنیا بەدوای بەرژەوەنـدییەکانی خۆیەوەیەتی. لە ئەنجامدا دەبێت لەبری ئەوەی بەشێوەی باڵادەستی جیهانی بیربکەنەوە و کاربکەن، دەبێت ڕۆڵیان وەک (پۆلیسی جیهانیی) قبووڵ بکەن. بۆ کەسانی وەک ژیژەک، کە هەڵتۆقیووی نەریتی هیگڵین، ئەو کارە مانای پاڵنەری وڵاتە یەکگرتووەکانە لە گۆڕانی بۆ چینی تێکڕایی (class universal)، ڕۆڵێک کە هیگڵ داویەتە پاڵ دەوڵەت و مارکس بە پڕۆلیتاریا، ئێستا ژیژەک دەیداتە پاڵ باڵاترین ئاستی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، هیچ پێگەیەک بۆ ئەندێشەی لەو شێوەیە نییە. من پێموانییە بکرێت هیچ ئایدیالێکی پێشڕەوی هیچ جێگەیەکی دنیا، لەژێر هزرێکی وەهادا دەرببڕێت[21].

[21] . Laclau, “Las Manos en la masa,” Radar, 5 June 2005, p. 20.

من بۆ ئەو پەرەگرافە، پەنجە لەسەر بەڵگەی چەواشەکاری پێکەنیناوی و دوانە بەنیازخراپی دانانێم. بێگومان من هیچ کاتێک لەجیاتی چینی تێکڕا، یان جیهانگیر بەرگریم لەئەمریکا نەکردووە. مەبەستم لەو دەربڕینە کە ئەمریکا جیهانی کاردەکات و ناوخۆیی بیردەکاتەوە، ئەوە نەبوو کە دەبێت جیهانی بیربکاتەوە و کاربکات، نیازم دەربڕینی پێویستی بنەمای بۆشایی نێوان تێکڕا و بەش بوو، بەپێی هەمان پێویستییە کە ئەمریکا لەماوەیەکی زۆردا گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت و لە نەکاو لەوێ، لە هیگڵگەراییەکەمدا جێگیربووە: ماتۆڕی پرۆسەی مێژوویی - دیالێکتیکی ڕێک بۆشایی نێوان کار و بیرکردنەوەیە. خەڵک بەو شتە کارناکەن کە پێیانوایە، مادام ئەندێشە بەڕووکەش تێکڕاییە، کار لاوەکی دەبێت، هەربەو هۆیە، لای هیگڵ هیچ سوبێکتێکی مێژوویی ڕوون بوونی نییە.

هەموو سوبێکتەکانی کاری کۆمەڵایەتی، بەردەوام بەپێی پێناسە، دەکەونە داوی پیلانی عەقڵەوە و ڕۆڵی خۆیان بە ناکامی لە بەئەنجامگەیاندنی نیازیاندا دەبینن. لە ئەنجامدا بۆشایی جێسەرنج تەنها کەشێکی بەتاڵی نێوان شێوەی تێکڕایی ئەندێشە و بەرژەوەندی لاوەکی پشتیوانی کارەکانمان - کۆمەڵە کارێک نییە، کە بە هۆی ئەندێشەی تێکڕاییەوە ڕەوابوون. لەڕوانگەی ڕاستینی هیگڵەوە، شێوەی تێکڕایی، لە ڕووبەڕووبوونەوە بە ناوەڕۆکی بەشەکی لابراو، خۆی دەکاتە بەشەکی، خۆی پێشێلدەکات، بەمەش، پێویستی بەئەو ناوەڕۆکە خەسار ناسییە نییە کە تێکڕایی پەتی ئالودە دەکات.

هۆی هینانەوەی ئەو پەڕەگرافە سەرنجی تیۆری وردە، بۆچوونی تێکڕاییەک، لێرەدا، لەدوو لۆژیکی پێکناکۆک و جیاواز دەکۆڵینەوە. لە لایەکەوە، بۆرۆکراسی حکومەت وەک چینی تێکڕای کۆمەڵگە (یان لەڕوانگەیەکی فراونترەوە، ئەمەریکا وەک پۆلیسی جیهان، بەهێزکەر و زامنکەری جێهانی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی) و فاکتەری ڕاستەوخۆی یاسای جیهانییە، لە لایەکەی دیکەیەوە، تێکڕاییەکی «زێدەبایی»، بەرجەستەبوو لە بەشێکی زیادەی ڕێسای هەبوو، کە لە کاتی خۆییبوون لەم ڕێسایەدا، هیچ شوێنێکی گونجاوی نییە (ئەوەی ژاک رانسێر Part of no – part دەیخوێنێتەوە)[22].

ئەو دوو تێکڕاییە، نەک تەنیا هاوتانین، بەڵکو شەڕی کۆتایی لە نێوان ئەودووانەدا ڕوودەدات، نە بەسادەیی لە نێوان توخمە بەشەکییەکانی تێکڕایی، نەتەنیا لەسەرئەوەی کە کام ناوەڕۆکی بەشەکی بەسەر شێوەی بۆشایی تێکڕاییدا زاڵدەبێت، بەڵکو لە نێوان دووجۆر لەمپەری گشتی تێکڕاییدا[23].

---

[22] . Jacques Ranciere, Disagrwwment: politics and philosophy, trans, Julie Ros(Minneapolis, 1998), p. 23.

[23]. باشترین نمونە بۆ مەسەلەبوونی شێوەی یەکەمی تێکڕایی، چیرۆکێکە لە شەڕی یەکەمی جیهانی لەبارەی سەربازێکی ئینگلیز لە چینی کرێکار کە لە مۆڵەت بوونیدا ڕووبەڕووی لاوێکی چینی باڵا بووەوە کە لە ئاسودەییدا، بەبێ هیچ نیگەرانییەک لەشەڕ، لەسەر ژیانی خۆشی ئینگلیزی بەردەوامە (ئێوارانێکی پڕ داب و دەستور و هەتادوایی). کاتێک کە سەربازەکە بە تێڕاخوڕینەوە لە لاوەکەی پرسی، (چۆن دەتوانی دابنیشیت و چێژ وەربگریت کاتێک ئێمە

لەم ڕووەوە لاکلاو، ئەوکاتەی کە ***چینی کرێکار و خەڵک***، لە سەربنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی بیرو ناوەڕۆکی سەرەکی چەمکێک و کاریگەری (nomination) ڕیشەیی، دەخاتە بەرامبەر یەکەوە، خاڵێک لەبەرچاوناگرێت: ***چینی کرێکار*** ناودەنێت گرووپێکی کۆمەڵایەتی پێشتر هەبوو، گرووپێک کە بە هۆی ناوەڕۆکی گەوهەرییەکەی جیادەکرێتەوە، لە کاتێکدا ***خەڵک*** لەجیاتی هۆکاری یەکگرتوو، درووست لە کردەی داناندا دەردەکەوێت. لە ناتەبایی داواکارییەک هیچ نییە، کە خەڵک بە یەکگرتوویی لایەنگری دەکەن (On Populist Reason, p.183). مارکس چینی کرێکاری لە پڕۆلیتاریا جیادەکردەوە: چینی کرێکار بەکردەوە گرووپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییە، لە کاتێکدا پڕۆلیتاریا دال لەسەر پێگەی بکەرێکە (لەبەرئەوە باسی ڕەخنەکەی لاکلاو لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی مارکسی نێوان پڕۆلیتاریا و ***لۆمپۆن پڕۆلیتاریاش*** ئەو خاڵەی تێدا نییە. جیاکاری نێوان گرووپێکی واتایی و یەک ناگرووپێک «nongroup»، زێدەبایی ماوە، کە لە بنەمای کۆمەڵایەتیدا هیچ شوێنێکی شایستەی نییە، بەڵکو جیاکاری نێوان دوو شێوەی ئەم زێدەباییە ماوەتەوە، کە دوو پێگەی بکەری جیاواز دێنێتەئاراوە.) ناوەڕۆکی شیکارەکەی مارکس ئەوەیە کە بە پێکناکۆکیی، ئەگەرچی ***لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا*** بەشێوەیەکی ڕەگاژۆتر لەپەیوەندی بە پەیکەری کۆمەڵایەتییەوە جێگۆڕکێ پێکراوە، بەڵام زۆر زیاتر تەبای

---

خوێنی خۆمان دەکەینە فیدای ڕەوشی ژیانمان؟) لاوەکە بە هێمنی وەڵامی دایەوە، (من ئەو ڕەوشەی ژیانم کە تۆ لە سەنگەرەکاندا بەرگری لێدەکەیت!)

یەکپــــارچەیی بینـــــای کـــۆمەڵایەتیی دەبێـــت. بە پێـــی جیاکردنەوەی کانتی نێوان ناوبژیوانی نەرێنی و داوەری کۆتـایی نەهـاتوو، ***لۆمپۆنی پرۆلیتاریا*** لە حەقیقـەتدا نەک ناگرووپێــک (نەرێنـــی لەدەروونـــدا مـــاوەی گرووپێـــک، گرووپێک کە ناگرووپە)، بەڵکو گرووپێک نییە و لابردنی لە هەموو چینەکاندا نەک تەنیا ناسنامەی گرووپەکانی تر یەکپـارچە دەکـات، بەڵکـو هەروەهـا بـۆ تـوخمی ئـازاد و لێهاتووی دەگۆڕێت، کە دەکرێت هەموو چینێک سوودی لێوەربگرێت. دەکرێت ***لۆمپۆنی پرۆلیتاریا*** بەشێک بێت لە کەرنەڤـاڵی ڕادیکـالیزەبووی خەبـاتی ئەوکرێکـارانە کە لە ســتراتیژییەتەکانی سازشــکارانە و میـــانڕەوەوە، بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی کراوەیان دەبات، یان بەشێک کە بە هۆی چینی باڵادەستەوە بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان سـوودی لێـوەردەگرن (نەریتـی دوورڕوودرێـژی خزمەتـی گرووپە خراپەکارەکان بۆ دەسەڵاتداران). چینی کرێکار لە بەرامبەردا، گرووپێکە لە خۆیدا وەکو گرووپێک لە بینـای کۆمەڵایەتیدا، ناگرووپێکە، بەدیوێکی دیکەدا، گرووپێک کە پێگەی لە - خۆیـدا - لێکدژی هەیە، چینـی کرێکـار هێـزی بەرهەمهێـنە کە کۆمەڵگـە (و فەرمانڕەوایـان) بە مەبەسـتی بەرهەمهێنـــانەوەی خۆیـــان و فەرمانڕەوایـــەتی خۆیـــان پێویسـتیان پێیـانە، بەڵام بەم حـاڵە، ناتوانرێـت شـوێنێکی شایستەیان بۆ بدۆزنەوە.

ئەم کــارە بــۆ سەرزەنشــتکردنی ســەرەکی لاکــلاو لە ڕەخنەی مارکسیی ئـابووری سیاسـی، ڕێنماییمـان دەکـات: ئــابووری سیاســـی زانســـت «ئەنتیـــک» و ئەرێنیـــیە، کە ســنووری بەشــێک لە واقعیـــەتـــی کـــۆمەڵایەتی مـــادی

دیاریـدەکات، بەمەش بەتـۆکمەکردنی ڕەخـنەی ئـابووری سیاســی لەســەر سیاســەتی ڕزگــاری بەخــش (یــان بەدەربڕینێکــی تــر، بــەڕازیبــوون بەدەســـتکەوتیی پاوانکاری خەباتی چینایەتی)، لە واقعیـەتدا کـاری سیاسـی بۆ دیاردەی بەشەکی مادی دادەشکێت. ڕوانگەیەکی وەها ئەو شتەی تێدا نییە، کە دێرێدا بەڕەهەندی تارمایی ئاسای ڕەخنەی ئابووری سیاسی مارکسی خوێندەوە، سـەرووتر لەخســتنەڕووی بوونناســی پەراوێزێکــی کــۆمەڵایەتی دیـاریکراو، ڕەخـنەی ئـابووری سیاسـی نیشـانیدەدات کە چــۆن ئەم بوونناســییە بەردەوام لەگەڵ (hauntology)[24] زانیـاری ڕۆحەکـان، تەواو دەبێـت، ناوێـک کـە مـارکس بە وردەکــاری میتــافیزیکی و مەعــنەوی جیهــانی کاڵاکــانی بەخشیی.

ڕۆح یـان تارمـایی، درووسـت دەچێتـە دڵـی واقعیـەتی ئابوورییەوە، چونکە بازنەی ڕەخنەی مـارکس بە ڕەخنەی ئـابووری سیاسـیی دادەخرێـت. تێـزی سـەرەتایی مـارکس لەبەرهەمەکـانی پێشـوویدا ئەوەبـوو کە ڕەخـنەی ئـایین، خاڵی دەسپێکی هەر ڕەخنەیەکە، لەم خـاڵەوە، بە ڕەخنەی دەوڵەت، سیاسـەت و سـەرئەنجام بە ڕەخـنەی ئـابووری سیاسیدا تێپەڕی. ڕەخنەیەک، کـە لەبنچینەتـرین میکـانیزمی بەرهەم هێنـانەوەی کۆمەڵایەتییـدا، بۆچوونێـک بـۆ ڕوانـین دەدات. ئەگەرچی لەم کۆتـاییەدا، جووڵـە بازنەئاسـا دەبێـت

---

[24]. Ontologie و hauntologie هەردووکیان بە فەرەنسی بەیەک گـۆدەکرێن. ئـەوەیش لـە گەمـەی زمـانی درێـدا لـە کتێبـی تارمـایی مارکس دایە- و.ف

و جـــاریکی دیکـــه بۆخـــاڵی ســـەرەتا دەگەڕێـــتەوە، بەدەربڕینێکی دیکە، هـەمان ڕەهەندی خواییە لـەدڵی ئـەم واقعیـەتی ئابوورییـە تـاڵەدا ئاشـکرادەبێت. کاتێک مـارکس سووڕی خۆزۆرکەری شێتانەی سـەرمایە شـرۆڤە دەکات، کە ڕەوگـــەی بەرهـــەمهێنی ئـــەو، ئەمـــڕۆ لەگومـــان ڕازێنـــەرەوەی ســـەرەوەدا، ڕەنگـــدانەوەیەک لە بـــابەتی داهاتوو گەیشتووەتە لـوتکەی خۆی، ئەو بانگەشـەیەی کە ڕۆح، ئەو زەبەلاحەی خـۆبەرهەمهێن، بێئـەوەی سـەرنج لە مـــرۆڤ، یـــان دەورووبەر بـــدات ڕێگـــاکەی دەگـــرێتەبەر، ڕووتەڵی ئایدۆلۆژیایە و لەودیوو ئەو ڕووتەڵییە، سووڕی سـەرمایە بەسـەر توانـا و سـەرچاوەکانی بەرهەمهێنـانی مرۆڤـی واقیعـی و شـمەکی سروشـتیدا وەسـتاوەتەوە و هاوشیوەی ئەنگڵی زەبەلاح، هێز و وزەیان لێوەردەگرێت، زۆر سادە ڕوانینانەیە.

کێشـە، واقیعی بوونی ئەم ڕووتەڵییەیـە - ڕووتەڵییـەک لە چەمکی وردی دیاریکردنی بنەمای تەواو مـادی پرۆسـە کۆمەڵایەتییەکـــان، کە هـــەر لـــە بەدحـــاڵیبوونی ئێمـــە (مامەڵەکـارانی دارایـی) لە واقعیـەتی کۆمەڵایەتیـدا جێگـای نیـــیە. چارەنووســـی تێکـــڕای چینەکـــانی مرۆڤـــایەتی و هەنـدێکجار هەمـوو وڵاتـان دەکرێت لە لایەکـەوە سـەمای تـــاک و بازرگانـــانەی ســـەرمایە دیـــاری بکرێـــت، کە لە ساردوســـڕی سەرخۆشـــانە ســـەبارەت بـــە چۆنچـــۆنی کاریگەرییەکەی بەسـەر واقعیـەتی کۆمەڵایەتیدا، تەنهـا بیر لە قـــازانج کـــردن دەکـــاتەوە. توونـــدوتیژی سیســـتمی و بنەمـــای ســـەرمایەداری لێرەدایـــە، کـــە لە توونـــدوتیژی

سۆسیۆلۆژیای ڕاستەوخۆی پێش سەرمایەداری زۆر گوماناویترە.

ئەم توونودتیژییە ئیدی شایانی درانەپاڵی کەسە واتایی و ئامانجە بەدفەڕانەکەیان نییە، بەڵکو بە جۆرێکی پەتیی، واتایی، سیستمی و بێ شوێنەوارە. لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی جیاوازی لکانی نێوان واقعیەت و کاری واقعی دەبینەوە: واقعیەت، واقعیەتی کۆمەڵایەتی خەڵکانی حەقیقییە، کە گیرۆدەی پڕۆسەکانی لایەنێکی کڕیار یان فرۆشیار و بەرهەمهێنەرن، لەکاتێکدا کە کاری واقیعی، لۆژیکی ئاڵوگۆڕنەبوو، تارماییئاسا و ڕووتەڵی سەرمایەیە، کە ڕەوتی واقعیەتی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات.

ئەوساکە، با ئاماژەی ڕەخنەی ئابووری سیاسی فەرامۆش نەکەین: ئابووری بەجۆرێک لەخۆیدا، سیاسییە، بە مەش ناکرێت شەڕی سیاسی بۆ دیاردە یان ئاکامی مام ناوەندی لە پڕۆسەیەکی ئابووری- کۆمەڵایەتی بنەماییتر دابشکێنێت. دژایەتی چینایەتی لای مارکس، ئامادەیی کاری سیاسی درووست لە دڵی ئابووریدا، هەر لەبەرئەوە وچانێک کە لە نووسینی بەرگی سێیەمی ***سەرمایە*** ڕوویدا، ڕێک کاتێک مارکس شایانی گرنگی پێدانە، کە بەنیازبوو ڕاستەوخۆ لەدژایەتی چینایەتی بکۆڵێتەوە. ئەو وچانە تەنیا نەبوون یان نیشانەی شکست نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی لاری ئەو هێڵە فکرییەیە لەسەر ڕووی خۆی و گۆڕانییەتی بۆ ڕەهەندی هەمیشە ئامادە.

شەڕی چینایەتی سیاسی لە هەمان سەرەتاوە، لە هەموو شیکارەکاندا بڵاودەبێتەوە، کۆمەڵەکانی ئابووری

سیاسی (بەدەستەواژەیەکی تر، بەهای هێزی کاری کالاًیی، یان ڕادەی قازانج) نەک زانیاری واتایی ئابووری - کۆمەڵایەتیین، بەڵکو ڕێنمایی هەمیشەیین بۆ وەدەرنانی ململانێی سیاسی. بەگوێرەی ڕێکەووت، پێدەچێت لاکلاو لە پەیوەند بەکاری واقعی نێوان بۆچوونی ڕواڵەتیی، لەبارەی کاری واقعی بەناونیشانی ئەنتاگۆنیزم و باوەڕی ئەزموونیتر لەو، وەکو ئەوەی ناتوانرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕواڵەتیی دابشکێت، لە لەرانەوەدایە: (ڕووبەڕووبوونەوەی ***ئەلف*** - ***ب*** هەرگیز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی «***جیا لە ئەلف - ئەلف***» ناگۆڕێت. ***ب*** واتا بوونی ***ب***، سەرئەنجام شایانی دیالێکتیزەبوون نابێت. ***خەڵک*** بەردەوام شتێک زیاتر دژی دەسەڵاتی پەتییە. واقعیەتێک لە ***خەڵکدا*** هەیە کە بەگژ یەکپارچەکردنی هێماییندا دەچێتەوە[25].

پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە تایبەتمەندی زێدەبایی ***خەڵک***، لەسەرووی ***دژایەتیکردنی پەتی لەگەڵ دەسەڵات***، کتومت چییە، یان، چ شتێک لە ***خەڵکدا*** بەگژ یەکپارچەکردنی هێماییندا دەچێتەوە؟ ئایا هۆکار تەنیا فراوانی دیاریکردنی ئەو (ئەزموونی و هتد) نییە؟ ئەگەر بەمجۆرەیە، ئەوکاتە ئێمە ڕوبەڕووی کاری واقعی نابینەوە کە لە بەرامبەر یەکپارچەییکردنی هێماییندا دەوەستێتەوە، چونکە کاری واقعی، لێرەدا، ڕێک شەڕ «***جیا لە ئەلف - ئەلف***»ە، بەمەش «ئەوەی لە ***ب*** دا زیاتر

---

[25] . On Populist reason, p. 152.

له «***جیاله ئەلف***» هەیە)، کاری واقعی هەبوو له **ب** دا نییه، بەڵکو دیاریکردنی هێماییني **ب** یه.

له ئەنجامدا، سەرمایەداری تەنها کۆمەڵەیەک نییە، که جوغز بەدەوری ناوەندێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنیدا دەکێشێت، بەڵکو فۆڕمی (ماتریس) ڕواڵەتی – باڵاڕۆییە که تێکڕای فەزای کۆمەڵایەتی ڕێکدەخات، بەدەربڕینێکی دیکە، سەرمایەداری شێوازێکی بەرهەمهێنانە، که دەسەڵاتەکەی، ڕێک له لاوازییەکەیدایه، سەرمایەداری، به مەبەستی خۆدزینەوه له ڕووبەڕووبوونەوه به ئەنتاگۆنیزمی بنەماییی و ناهاوسەنگی ستراکچەرییەکەی، بەناچاری بەجووڵەی جێگیر و لەجۆری دۆخی نا ئاسایی بەردەوام دایه. بەمشێوازه، سەرمایەداری جۆری بووناسانه کراوەیه و خۆی لەزاڵبوونێکی بێ وچانی بەسەرخۆیدا، دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوه، گوایه قەرزداری داهاتووی خۆیەتی، قەرزی لێوەردەگرێت و بەردەوام ڕۆژی پێدانەوەی قەرزەکەی دوا دەخات.

## مارشی تورك

ئەنجامی تێکڕایی ئەوەدەبێت، ئەگەرچی وتەزای پۆپۆلیزم لەدوورنوێنی سیاسی ئێستادا گرنگ بووه، بەڵام ناتوانێت وەکو بوونیادێک بۆ لەدایکبوونی سیاسەتی ڕزگاری بەخش بەکاربهێنرێت. پێویستە سەرەتا سەرنج لەجیاوازی پۆپۆلیزمی ئەمڕۆ لەگەڵ جۆری باوی بدەین.

ڕووی جیاکەرەوەی هەردووکیان بەرهەڵستکارییەکە، که خەڵک له بەرامبەریدا ناچاردەکرێن بجووڵێن: سەرهەڵدانی بان سیاسەت، داشکاندنی سیاسەته بۆ

بەڕێـــوەبردنی عەقڵانـــی بەرژەوەنـــدی لێکـــدژ. لانـــیکەم پۆپۆلیزم لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپای خۆرئاوا و ئەمەریکادا، پۆپۆلیزم وەکو سێبەرێکی جەوهەریی بان سیاسـەتی دامەزراوەیـی دەردەکەوێـت، دوودڵ دەبـین پۆپـۆلیزم بە تەواوکەری بـان سیاسـەت، بەتێگەیشـتنی درێدایی ئەوی بزانین، پانتاییەک کە دەکرێت تێیدا خواستە سیاسییە ناتەباکان لەگەڵ فەزای دامەزراوەیی، بەیەکەوە بگەیەنـــدرێن. لەم چەمـــکەدا، زگمـــاکی (mysticism) ستراکچەری هاوپێوەندی پۆپۆلیزمە. نیشانەی ڕیشەیی ئەو، پێویستی نەبوونە بە ڕووبەڕووبوونەوە بە ئاڵۆزی و داشـکاندنییەتی بـۆ شـەڕێکی ڕوون لـەگەڵ دوژمنێکـی بـەواتـایی درۆیـین (لە بۆرۆکراسـی برۆکسـلەوە تـا کۆچبەرانی نایاسایی)ە. لە ئاکامدا، بەپێی پێناسە، پۆپۆلیزم دیـاردەیەکی نەرێنییە، دیاردەیـەک کە ڕیشـەکەی لەسـەر پێویست نەبوون، یان تەنانەت لە پەسەند کردنی ناوەکیی لاوازە.

هەموومان ئەو نوکتە کۆنەمان بیستووە پیاویک، کە لەژێـر گڵـۆپی شـەقامەکەدا بەدوای کلیلەکانیـدا دەگەڕا، لەوەڵامـدانەوەی ئـەو پرسـیارەی کە کلیلەکـانی لەکـوێ ونکـردووە، وتـی: لە کـونجێکی تاریکـدا، کەوایە بـۆچی لەڕووناکیـــدا بەدوایانـــدا دەگەڕا؟ چـــونکە دەیتـــوانی لە ڕووناکیدا باشتر ببینێت. بەردەوام گەمژەییەکی وەها لە پۆپۆلیزمـدا هەیە. بەمەش نەک تەنها پۆپـۆلیزمی ڕواڵەتـی بۆهاتنەی پێشنیازە ڕزگارییبەخشەکانی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو دەبێـت لە هەنگـاوێکی سـەرووتردا بووترێـت، ئەرکـی سەرەکی سیاسەتی ڕزگارییبەخشی ئەمڕۆ، مەسەلەی ژیان

و مردنـــی ئـــەو، دۆزیـــنەوەی شـــێوەیەک لە جـــووڵانی سیاســـییە کە، ئەگـــەرچـــی (وەک پۆپـــۆلیزم) ڕەخـــنە لە سیاســـەتی ناوەنـــدی دەگرێـــت، بەڵام دەبێـــت خۆمـــان لە ڕاڕایی پۆپۆلیزم بەدووربگرین.

ئێستا ئەمانە چ پەیوەندییەکیان بە بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوروپـــاوە هـــەیە؟ نزیکییەکـــی ئاشـــکرا لە بەرامـــبەر هەلومەرجێکـدا نەخـرایەڕوو، کە ***بەڵێـی*** بـۆ دەنگـدەرانی فەرەنسی نایاب کرد.

بژاردەی پێشنیازی دەستەبژێران بۆ خەڵک بەکردەوە بـژاردە نەبـوو، خەڵـک بـۆ پەسـندکردنی کـاری ناچـاری بانگهێشـتکراوون، واتـا هەمـان دەرئەنجـامی کارناسـی گەشبینانە. میدیاکان و دەستەبژێرانی سیاسی بژاردەیان لەجیاتی هەڵبژاردن لە نێوان زانیین و نەزانیان خستەڕوو، لە نێوان کارزانی و ئایدۆلۆژیا، لە نێوان بەڕێوەبردنی بان سیاسـی و ئـارەزووی کـۆنی سیاسـی چەپ و ڕاسـت[26]. بەمەش ***نە*** وەکـو کـاردانەوەیەکی تەسـکبینانە و بێئاگـا لە ئاکامەکـانی خرایـەلاوە، کـاردانەوەی ئـاڵۆز و ڕیشـەگرتوو لەترســـی سیســـتمی جیهـــانی بـــان تەکنەلۆژیـــای لەسـەرهەڵداندا، غەریـزەیەک بـۆ پاراسـتنی نەریـتە ئـارامی

---

[26]. سنووردارێتی بان سیاسەت بەباشترین شێواز، بە هەڵبژاردنی ساڵی 2005ی بەریتانیا ئاشکرابوو (نەک بەسەرکەووتنی پۆپۆلیزمی دەستەڕاست)، وێڕای کەمبوونەوەی خۆشەویستی تۆنی بلێر (ئەو وەک ناخۆشەویسترین کەس لە بەریتانیا دەنگیهێنا)، هیچ دەرەتانێک بۆ دەربڕینی سیاسی ئەو نارەزایەتییە بوونی نەبوو، بنبڕکردنێکی وەها تەنها دەیتوانی سەربکێشێتە تەقینەوەی دەرەوەی پەرلەمان.

بەخشەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران، نیشانەیەک لە مانگرتن، کە بەدەرە لە هەرجۆرە بەرنامەیەکی ئەرێنی. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە تەنها ئەو حزبە سیاسییانە هەڵوێستی نەرێنیان وەرگرت کە کەوتبوونە دوولای کۆتایی جەمسەری سیاسییەوە: بەرەی میللی لوین لە لای ڕاست و کۆمۆنیست و ترۆتسکیستەکان لە لای چەپ.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەگەر تۆسقاڵێک حەقیقەت لەتێکڕای ئەو چیرۆکەدا هەبێت ئەوە واقعیەتە، کە ئەو ***نە*** یە لەتێڕوانینی سیاسی جیاواز و گونجاوەوە پشتیوانی ناکرێت، ڕەنگە پتەوترین ئیدانەی شیاو بۆ نووخبەی سیاسی و میدیاکاران، کۆڕیادبێت بۆ لاوازی دەربڕین و تەرجومانی ئارەزووە ناڕەزاییەکانی خەڵک لەسەر بۆچوونێکی سیاسی.

وەک ئەو بەردەستە کەم زەینانە لەگەڵ خەڵک ڕەفتارییان کرد، کە بەگوێی وەستاکەیان نەدەکرد، ڕەخنەگرتنیان لەخۆیان، هەڵگری ناکامی وانە وتنەوەی مامۆستابوو بۆقوتابییەکانی. ئەوەی داکۆکیی لە تێزی بەئاگاسازی (***نەی*** ئەڵمانی و فەرەنسی بەمانای شکستی دەستەبژێران دەگەیەنێت لەپێدانی زانیاری گونجاو بەجەماوەر)، ناتوانێت بزانێت ئەوەیە کە ئەم ***نە*** یە نمونەی لەسەدا سەدی پەیوەندییە، کە تێیدا وەک لکان دەربڕی، گێڕەوەی پەیام چ بەشێوەیەکی پێچەوانە، یان واقعی لە بەردانگی خۆی وەریدەگرێت، بۆرۆکراتە گەشبینەکانی ئەوروپا لەشێوەی حەقیقییەکەی، ڕواڵەتی بوونی پەیامی خۆیان بۆ دەنگدەرانیان وەرگرت. پێشنیازی یەکێتی ئەوروپا کە فەرەنسا و هۆڵەندا ڕەتیانکردەوە، نیشانەی

پیلانێکی قێزەون بوو، گوایە ئەوروپا دەتوانێت خۆی ڕزگاربکات و بەهۆی متوربەکردنی باشترینەکانی هەر دوو جیهان بەسەر ڕکابەرەکانیدا سەربکەوێت، واتا بەشکستی ئەمەریکا، چین و ژاپۆن لەبووژانەوەی زانستی و تەکنەلۆژیادا، نەریتە کولتوورییەکانی بەزیندوویی بهێڵێتەوە. دەبێت پێداگرانە ڕایبگەیەنێت کە ئەگەر ئەوروپا خوازیاری ڕزگاربوونە، دەبێت ئامادەبێت مەترسی لەدەستدانی (خستنەژێر پرسیارەوەی ڕیشەیی)، هەردووکیان قبووڵ بکات: سڕینەوەی بتی پێشکەوتنی زانستی - تەکنەلۆژیا و خۆبەدوورگرتن لە پشتبەستن بە لەسەررووتری میراتە کولتوورییەکەی.

کەوایە، ئەم هەڵبژاردنە، نە لەنێوان دوو بژاردەی سیاسی بوو، نە لەڕوانگە گەشبینەکانی ئەوروپای مۆدێرن، واتا ئامادەیی سازان لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانی و ئارەزووی سیاسی ئاڵۆزی کۆن. ڕاڤەکردنی ئەو ***نە*** یە وەک ترسێک داماوی هەڵەبوو. ترسی سەرەکی ئاڕاستەی دەستەبژێرانی سیاسی نوێی ئەوروپایە، ترس لە نەکڕینی ڕوانگەی بان سیاسییان لە لایەن خەڵکەوە.

ئەو ***نە***یە بۆ هەموان، دەربڕی هیوابوونە، هیوا بەزیندوبوون و توانای سیاسەت، هیوا بەکرانەوەی باسوخواس لەسەر چییەتی ئێستا و داهاتووی ئەوروپای نوێ. هەربەوهۆیەیە کە ئێمە، لەباڵی چەپ، دەبێت درکەی گاڵتەجاڕانەی لیبراڵەکان ڕەتبکەینەوە، درکەیەک کە دەڵێت ئەو ***نە*** یە سەردەکاتە هاوپەیمانی ئێمە و فاشیستە نوێکان.

ڕاست پۆپۆلیستی نوێ و چەپ تەنها لە شتێکدا هاوبەشن: ئاگاداربوون لە زیندووبوونی خودی سیاسەت.

بژاردەی ئەرێنی لەو **نە** یەدا بوونی هەبوو: بژاردەی خودی هەڵبژاردن، سەرپێچی لەباجدان بە نوخبە نوێکان کە تاکە بژاردەی پشتگیری زانستی پسپۆڕیان، یان نمایشی پێنەگەیشتوویی ناعەقلانی ئێمە [چەپەکان]ە کە دەیخاتەڕوو. ئەو **نە**ئە شایستەی بڕیاری ئەرێنییە بۆ دەسپێکی گفتوگۆی سیاسی بەقازانجی ئەوروپا، کە ئێمە لەڕاستیدا خۆزگەی بۆدەخوازیین. فرۆید لە کۆتایی تەمەنیدا لە قبووڵکردنی سەرسامی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە بەئاڵۆزی ڕەگەزی مێینە، پرسیارێکی گرنگی کرد، ژن چی دەوێت؟[27] ئایا سەرلێشێواوی هەبوو سەبارەت بە قبووڵ، یان قبووڵنەکردنی دەستوری ئەوروپا، شایەت نییە بەسەر ناڕوونی یەکسانەوە: ئێمە خوازیاری کام ئەوروپایین؟

سروودی نافەرمی یەکێتی ئەوروپا، کە لە زۆربەی ڕووداوە سیاسی، کولتووری و وەرزشییەکاندا دەبیسترێت، میلۆدی «چەکامەی سروور» (Ode to Joy)، لەدوا مومان سەمفۆنی نۆی بتهۆڤن وەرگیراوە، بەڵگەیەکی پووچی ڕاستەقینەیە، کە دەکرێت هەموو شتێک نیشان بدات.

لە فەرەنسا، ڕۆمان ڕۆلان لە ساڵی 1938 بۆ سروودێکی مرۆڤایەتی هاوڕێیەتیکردنی هەموو خەڵکی

[27] . Was will das Weib?

گـۆڕی (مارسـیلیزی مرۆڤـایەتی)، لەلـوتکەی فێسـتڤاڵی مۆسـیقای ڕایـش (tag musk s‹Reich) و هەروەهـا بـۆ لەدایکبـوونی هیـتلەر لێـدرا، لەکـاتی شۆڕشـی کولتـووری چـین، لە فەزای وەدەرنـانی کلاسـیکەکانی ئەوروپـا، وەک پارچەیەک بۆ شەڕی چینـایەتی پێشـڕەو پارێزرا و ئـەمڕۆ لە ژاپۆن، بۆتە بابەتێکی ئایینی کە هاوشـانی پەیامی چێژ لـە کـاتی ئـازاردا (سـادیزم)، لـە پێکهـاتەی کۆمەڵایەتیـدا تەنراوە.

تـا سـاڵی 1970، واتـا تـا ئـەوکاتەی تیمە ئۆڵەمپیەکـانی ئەڵمانیـای خـۆرهەڵات و ئەڵمانیـای خۆرئـاوا ناچـاربوون لەچوارچێوەی تیمێکدا یـاری بکەن، (چەکـامەی سـروور) لەکاتی پێدانی مەدالیای زێڕ بە ئەڵمانیا لێدەدرا و هاوکـات ڕژێمی نەژادپەرستی ڕۆدزیا بەسـەرۆکایەتی یان سـمیت، کە بەمەبەستی پاراستنی ئاپارتاید لە1960دا سـەربەخۆیی ڕاگەیانـد، ئـاوازی هاوشـێوەی وەک سـروودی نیشـتمانی هەڵبـژارد. تەنـانەت ئـابی مایـڵ گازمـان، سـەرۆکی نـوێ سیندیرۆ لۆمینۆسـۆ [حزبی کۆمۆنیستی پیرۆ، ناسـراو بە ڕێگـــای درەوشـــاوە. و. ف]، لە وەڵامدانـــەوەی ئـــەو پرسـیارەی کە چ مۆسـیقایەکی بەلاوە خۆشـە، ئامـاژەی بە مومـان چـوارەم سـەمفۆنیای نۆی بتهـۆڤن کـرد. بەمەش، بەئاسـانی دەتـوانین ژەنینێکـی خەیـاڵی ئەو مۆسـیقایە وێنابکەین، کە تێیدا، تەواوی دوژمنانی سـوێندخواردوو، لە هیتلەرەوە تاستالین، لە بوشـەوە تـا سـەدام، بۆ مـاوەیەک

دوژمنکارییەکانیان خستۆتەلاوە، لە ساتێکی سیحراویدا، لە برایەکی جوانناسییدا دەبنەهاوبەش[28].

لەگەڵ ئەوەشدا، پێشئەوەی وەک پارچەیەک بەلای مومانی چواردا گوزەربکەین، کە لە بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییدا خەوشداربووە، سەرنج لە هەندێک لەتایبەتمەندییە بنەماییەکەی دەدەین. لە ناوەڕاستی موماندا، دوای میلۆدی سەرەکی کە لە سێ ئۆرکسترا و سێ واریاسۆن ئاواز لێدەدرێت، لەیەکەمین خاڵی لوتکەدا، شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدات، کە ڕەخنەگران لە یەکەم ژەنیندا پێش 180 ساڵ، ئازاری هەیە: لە ڕادەی 331، بەشێوەیەکی گشتی ئاوازەکە دەگۆڕێت و لەجیاتی بەردەوامی ڕووحانی، تیمی (Joy) بەشێوازی مارشی تورک، وەرگیراو لە مۆسیقای سەربازی ڕێکخراو بۆ سازە هەواییەکان و کۆپلەیەک دووبارە دەبێتەوە، کە لە سەدەی هەژدەدا سەربازە ئەوروپییەکان لە سەربازە عوسمانییەکانیان وەرگرتووە.

شانۆی دوانە بە لاساییکردنەوە و گاڵتەجاڕی، وەک ڕیزی هەموان و کەرنەڤاڵئاسا[29]، دوای ئەو کاتە، هەمووشتێک تووشی لادان دەبێت، ئیدی بەرهەمێک لە شکۆی ڕۆحانی بەخشی یەکەم مومان نییە، دوای ئەو بەشە «تورک» لە کۆنتەرمومانی ڕوون، لە گەڕانەوەیەکدا

---

28. بڕوانە: Nicholas Cook, Bwwthoveny no. 9 (Cambridge, Mass., 2003) کە لە دەقەکەدا بەکورتی B نووسراوە.

29. تەنانەت هەندێک لە ڕەخنەگرانی پرخەپرخی پێکەنیناوی بە ئالەت و تەپڵییەکانیان لەسەرەتای Marcia turcaی دەرچوونی بایان لە ورگ چوواند، بڕوانە: B, p.103

بۆ پەنهانترین ئاناتی ڕۆحانی، مۆسیقای کۆراڵئاسا (کە بەناوی گەڕانەوەی گریگۆریایی لە لایەن ڕەخنەگرانی دەرکراو)، هەوڵدەدات وێنایەکی بەرز لە ملیۆنان مرۆڤ ئاڕاستە بکات، کە لەئامێزی یەکتردا چۆکیان داداوە و لە ترس و ڕێزدا بۆ ئاسمانی دوور دەگەڕێن، تا باوکی میهرەبانیان بدۆزنەوە، خوایەک دەخاتەڕوو، کە دەبێت لە بەرزایی ئاسمانی پڕئەستێرەدا شوێنی نیشتەجێبوونی هەڵبژاردبێت[30]، هەرچەند پێدەچێت وشەی muss، سەرەتا لە لایەن باسەکان جێبەجێ بکرێت و پاشان بەهۆی ڕووناکیی و ئامێرەکان و سەرئەنجام بە هۆی سۆپرانۆکانەوە دووبارەدەبێتەوە، مۆسیقا بێدەنگ دەمێنێتەوە، بەڵام گوایە ئەو بانگهێشتکردنە دووبارەیە، هەوڵێکی بێئومێدانە بۆ قایلکردنی ئێمە(و خۆی) دەخاتەڕوو، کە ئەوەی دەیزانێت حەقیقی نییە، دێڕی (دەبێت لەوێ باوکی میهرەبان شوێنێکی بۆ نیشتەجێبوون هەڵبژاردبێت)«B . p. 109»، بۆ پاڕانەوەیەکی بێئومێدانە دەگۆڕێت و لەئەنجامدا، ئەو واقعیەتە بەڕاشکاوی ڕادەگەیەنێت کە هیچ شتێک لەبەرزایی ئاسمان بوونی نییە: لەوێ هیچ باوکێکی بەخشندەی لێ نییە کە بمانپارێزێت و گرەنتی برایەتیمان بێت. لە درێژەیدا، گەڕانەوە بۆ دۆخێکی شادمانانەتر لە پێچڕاوەی فۆگی دووئەوەندە جێیکراوەتەوە، کە لە درەوشانەوەی زۆر دەستکردیدا، بەناچاری درۆیین دێتەبەرچاو، سەنتێزی بەڕاستی ساختە، هەوڵی بێئومێدانە بۆ داپۆشینی

---

[30]„u„berm Sternenzelt Muss eim liber Vater wohnen„ *B,* p. 104.

لەدەســـتدانی خـــوای نادیـــار، کە لەبەشـــی پێشـــوودا ئاشـکرابوو، بەڵام دوا کـادینزا سـەیرترینیانە، کە نەک لەو بتهۆڤن، بەڵکو زیـاتر هاوشـێوەی نوسـخەیەکی ئاوسـاو لە Abduction form the Seraglio، بەرهەمـی مـۆزارتە کە ڕۆکۆکۆییـانە متـوربەی توخمەکـانی تـورک و نمایشـی زووتێپەڕ کراوە.

(بـا تیـۆری ئـۆپێرای مـۆزارت فەرامـۆش نەکەیـن: لەڕاسـتیدا وێنـای فەرمـانڕەوای سـتەمکاری خـۆرهەڵاتی وەک ئاغـایەک گەشـبین نیشـاندەدرێت.) بەشـی کۆتـایی، بەمشـــێوەیە، متـــوربەی نائاســـایی ڕۆژهەڵاتناســـی و پاشـەکشـەیە بـۆ کلاسـیزمی کۆتـایی سـەدەی هەژدەیـەم، پاشەکشـــەیەکی دووهێنـــدە لەکـــاتی مێژوویـــی ئێســـتادا، پەســـندکردنی ئـــارامی دڵســـۆزی خەیـــاڵ، ورووژێـــنەری تایبەتمەنـــدی شـــادمانی برایەکـــی هەمەگیـــر. ئەوە تـــاکە نوایەکە کە بەڕاستی خۆی نۆژەندەکاتەوە. دژایەتی نێوان پێشـڕەوی هێڵێکـی زۆر ڕێکـی یەکەمـی مومـان و دۆخـی بەپەلەی ناتەبـاو نەگونجـاووی بەشـــی دووەم، ناتوانێـت لەوە حەتمیتر بێت.

جێگەی سەرسوڕمان نییە لە ساڵی 1826دا، دووساڵ دوای یەکەم ژەنـــین، کە هەنـــدێک لەوانـــەی بە وردی ســـەرنجیان لێـــدابوو، بەمجـــۆرە بەشـــی کۆتاییـــان شـرۆڤەکردووە: (ئـاهەنگی نەفرەتکـردن لە تەواوی ئەوەی پێیـدەوترێت شـادی مرۆڤـایەتی. جەمـاوەرێکی ترسـناک بەهێزێکـی پتەوەوە دەردەکەوێـت، دڵەکـان پـارچە پـارچە دەبـن و ئـاگری خواوەنـدی خوایەکـان بەگاڵتەجـاڕی پڕخرۆشـەوە، زەبەلاحییەکەی تەفروتوونـا دەکـات). (B, p.

93) (هەڵبەتە ئەم دێڕانە بەمانای ڕەخنەی بتهۆڤن نییە، تەواو بەپێچەوانەوە، بە شێوازی ئادرنۆیی، دەبێت ناکامی مومانی چوار بەهونەری کامڵی بتهۆڤن دابنرێت: نیشانەی حەقیقی شکستی پێشنیازی ڕۆشنگەرانەی برایەتی جیهانگر.)

سەمفۆنیای ژمارە نۆ لێوانلێوە لەو شتە کە نیکۆلاس کۆک ناویدەنێت (هێما بەکارنەهێنراوەکان): توخمە زیادەکان کاریگەری بەسەر مانای جیهانی بەرهام (ئەوتووخمانەی کە لەمومانـدا ڕوودەدەن) و بەم مانایە ناکۆکن، هەرچەند دیار نییە ئەو مانا زیادەیە چییە (B, p. 103). ئامادەکردنی لیستی (مارشی پرسە) لەڕادەی 513 لەمومانی یەکەم، کۆتایی لەنەکاوی مومانی دوو، دەنگە سەربازییەکان لەمومانی سێ، (فانفارەکانی ترس). مارشی تورک و زۆربەی کاتەکانی مومانی چوار ئەژمار دەکات، بەڵگەی ناوەکی هەموو ئەو توخمانە، (سیناریۆی مۆسیقی کەڵەکە کردووە و لێوڕێژی دەکات) (B, p. 93).

ماناکەیان بەهۆی لێکدانەوەی ئامانجی، بەئاسانی ئاشکرانابێت، پەیوەندی نێوان دەق و مانا پێچەوانەیە. ئەگەر لە ڕواڵەتدا (سیناریۆی مۆسیقی) زاڵ، مانایەکی پێشتر جێگیرکراوی هەبێت (ئاهەنگی خۆشی، برایەتی هەموان و هتد)، پێشتر مانای ئەو توخمە نەدراوە و لەجۆری دیاری نەکردنی مەجازی لێهاتووە. گوایە ئێمە دەزانین لەوێ مانایەک پەنهانە (یان ***دەبێت پەنهان بێت***) بێئەوەی هەرگیز بتوانین ***چییەتی*** ئەم مانایە بسەلمێنین.

ئێستا چارەسەر چییە؟ تاکە چارەسەری ڕیشەیی، گۆڕینی تێکڕای تێڕوانین و خستنەڕووی بەشی یەکەمی

مومانی چوارە لەجیاتی کاری مەسەلەساز. لەحەقیقەتیدا، سەرەتای لادان، تەنها ڕادەی 331، بە چوونەناوەوەی Marcia Turca نییە، بەڵکو هەر لەبەراییەوە هەموو شتێک خەوشدارە. دەبێت قبووڵمان بێت کە ساختەکاری بێگیان لە (چەکامەی سروور)دا هەیە، لە ئەنجامدا، پشێوی دوای ڕادەی 331، جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ کاری سەرکوتکراو، **سمپتۆمێک** کە لە هەمان سەرەتاوە نا دروستبوو. چ دەبوو ئەگەر (چەکامەی سوور) زۆر ڕام وماڵیمان دەنواند، لەنوێوە چ دەبوو ئەگەر دەبوایە ڕووبەڕووی ببینەوە، ئەوەی کە لە ئەودا نادرووست بوو، دەمانخستەلاوە؟

ئایا ئەمڕۆ ئەوروپا تووشی بارودۆخێکی لەوچەشنە نەبووە؟ دوای بانگهێشتکردنی ملیۆنان کەس، لەبەرزترینەوە تانزمترین بۆ باوەشکردن بە یەکتریدا، پارچەی دووەم بە شومی کۆتایی پێدێت: (بەڵام ئەو کە ناتوانێت دڵخۆشی بکات، با لە پەنایەک بۆخۆی بگریت)[31]. تەنزی (چەکامەی سروور)ی بتهۆڤن، وەک سروودی نافەرمی ئەوروپا، ئامادەیی تورکیا هۆکاری قەیرانی هەنوکەی یەکێتییەکەیە. بەپێی زۆربەی دەنگەکان، هۆکاری سەرەکی دژایەتیکردنی کەسانێک کە لەدوا ڕاپرسی لە فەرەنسا و هۆڵندا وەڵامی نەرێنیان داوەتەوە، بە ئەندام بوونی تورکیابوو. دەکرێت ئەو **نە**یە ڕیشەی لە حەقیقەتی پۆپۆلیستیدا هەبێت (**نە** بۆ هەڕەشەی تورکیا بۆسەر

[31] .Und wer,s nie gekonnt, der stehle weinend sich aus disem Bund (B, pp. 108–9).

کولتوورەکەمان، ***نە*** بۆ کرێکارانی هەرزانی تورک)، یان لە فرەکولتوورگەرایی لیبراڵ (تورکیا مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی پێنەدراوە، شێوەی بەرکەوتەی بەکوردەکان، نیشانەی ڕەچاونەکردنی مافەکانی مرۆڤە)، لەڕوانگەی دژەوە، بەڵێ بەهەمان ناتەواوی دوا کادینزای بتهۆڤنە. ئایا دەبێت تورکیا ڕێی چوونەژوورەوە بدۆزێتەوە یان دەبێت ڕێی پێبدرێت خۆی بشارێتەوە، گریان، لە یەکێتییەکە (Bund) بێت؟

ئایا ئەورووپا دەتوانێت پاش (مارشی تورک) بمێنێتەوە؟ هەروەک کۆتایی سەمفۆنیای ژمارە نۆ، چ دەبێت ئەگەر کێشەی سەرەکی ***نە***ی تورکیا، کە بۆخۆی میلۆدی سەرەکی بێت؟ ئاوازی یەکێتی ئەورووپا، هاوشێوەی ئەوەی لە لایەن دەستەبژێرانی تەکنۆکراتی بان سیاسی برۆکسلەوە بۆ ئێمە دەژەنرێت. ئێمە پێویستمان بە میلۆدییەکی تەواو نوێیە، پێناسەی تازەی خودی ئەورووپا. کێشەی تورکیا، سەرلێشێواوی ئەورووپا لە پەیوەند بەتورکیاوە، نەک لەبارەی تورکیاوە، بەڵکو دەربارەی ئاڵۆزی پێناسەی خودی ئەورووپایە.

تەنگژەی هەنوکەی ئەورووپا چییە؟ ئەورووپا کەوتۆتە قەپاڵی نێوان ئەمەریکا و چینەوە. هەردووکیان، میتافیزیکیانە یەکسانن، شێتی نائومێدانەی یەکسان بەتەکنەلۆژیای جڵەو پساو و ڕێکخستنەوەی سەرپێیی مرۆڤی مام ناوەندی. کاتێک کە تەکنیک دوورترین قووژبنی دنیای داگیرکردووە و دەتوانێت ئابووری بەرهەم بهێنێتەوە، کاتێک کە هەر ڕووداوێکت بووێت، لەهەر شوێن و کاتێک، کە بتەوێت، بەخێرایی بەدڵی خۆتان لەبەردەستە؛ کە بەهۆی

ڕوومـاڵی ڕاسـتەوخۆی تەلەفزیۆنییـەوە دەتوانیـت هاوکـات شـەڕێک لە بیابانەکـانی عێـراق و ئـۆپێرایەک لە بیجینـگ ئەزموون بکەی، کاتێک کە لە تۆڕی دیجیتاڵی جیهانی، کات شتێک نییە جگە لە خێرایی، یەکسـەر و هاوکات، کاتێک کە براوەی شـۆیەکی تەلەفزیـۆنی بە بەرزتـرین مـرۆڤ ئـەژمار دەکرێـت. پاشـان، بەڵـێ، پرسـیار وەک تارمـاییەک بەسـەر تێکڕای ئەو هاتوهاوارانەوە دەردەکەوێت، بۆچی؟ بۆ کوێ، پاشان چی؟[32]

ئەوروپییەکـان پێویسـتیان بەوەیـە هایـدگەر ناوینـا ڕووبەڕووبـوونەوەی تەئـویلی (Auseinandersetwng)، ڕووبەڕووبوونەوە بەئەوانی دیکە و هەروەها بە ڕابردووی خودی ئەوروپا لەڕوانگەی تەواوەوە، لە کۆنەوە و ڕیشـەی جـوولەکەیی – مەسـیحییەکەی تائەندێشـەی دەوڵەتـی خۆشـگوزەران کە بەمـدواییە مـرد. ئەمـڕۆ ئەوروپـا بـۆ دوو ئەلگۆ دابەشبووە، 1. مۆدیلی وەکدەڵێن ئەنگلۆساکسۆن، واتا پەسـەند کردنـی مۆدێرنیزاسـیۆن (هاوتـای یاسـای سیسـتمی نـوێی جیهـانی) و 2. مـۆدیلی فەرەنسـی- ئەڵمـانی، واتـا پاراسـتنی هەرچـی زیـاتری دەوڵەتـی خۆشـگوزەرانی ئەوروپـای کـۆن. ئەو دوو بـژاردەیە دوو ڕووی دراوێکـن و ئەرکـی حـەقیقی ئێمـە، نە گەڕانەوەیە بـۆ جـۆری ڕابـردووی

[32]. هەرکەسێک کە لانی کەم ئاشنایەتی لەگەڵ ئەندێشەکانی هایدگەر هـەبێت، بـە ئاسـانی لـەم پەرەگرفـەدا دووبـارە وتنـەوەی تـەنزاویی پارچـەی بـەناوبانگ لـە سـەرەتایەک لەسـەر میتافیزیـک دەستنیشـان دەکات:

Marin Heidegger, Introduction to Metaphysics, trans. Gregory Fried (New Haven, Conn., 2000), pp. 28–29.

ئایدیالییە – ئەو ئەلگۆیانە بە ئاشکرا، پووچ و ڕزیوون – و نــە قەناعەتکردنــە بەئەوروپییــەکان بــەوەی کــە، ئەگــەر خوازیــاری مانــەوەی ئــەوروپان وەک دەســەڵاتی جیهــانی، پێویستە بەخێراترین ڕێگای شیاو خۆیان لەگەڵ ئارەزووی ئەم دواییەی بەجیهانی بووندا بگوونجێنن.

هەروەهــا نابێــت ئەو ئەرکە پەیوەســتبێت بەوەی، کە لەوانەیە خراپتــرین بــژاردەیە، گەڕان بــۆ (ســەنتێزی ئەخلاقــی) نێـوان نەریتـی ئەوروپـی و بە جیهـانیبوون، بە ئامـانجی گەیشـتن بە کەڵکەڵەی ناونـانی بەجیهـانی بـوون بەڕووخساری ئەوروپی.

هەر قەیرانێـــک بەجۆرێـــک لەخۆیـــدا، داینەمـــۆی سەرەتایەکی نوێیە، هەر شکستێکی ستراتیژی و کردەیی لە لێپرســـینەوەی مـــاوە کورتـــدا (بـــۆ ڕێکخســـتنەوەی ســـەرلەنوێی دارایـــی یەکێتیـــیەکە و هتـــد)، بە نیعمەتێکـــی پێچـــراوە ئـــەژماردەکرێت، دەرفەتێـــک بۆپێـــداچوونەوەی هەموو بونیادەکان. ئێمە پێویستمان بەبەدەستهێنانەوە – لەکـــــاتی – دووبـــــارەکردنەوەین (Holung – Wieder) لە ڕووبەڕووبـــوونەوەی ڕەخنەیـــی بەتێکـــڕای نەریـــتە ئەوروپییەکـان، دەبێـت ئەو پرسـیارە دووبـارەبکەینەوە کە ئەوروپـا چیـیە؟ یـان ئەوروپـی بـوون بـەمانـای چیـیە؟ بەمشـێوەیە بەرایـی نـوێی دانـا، کـاری دژوار کە ئێمە بە هەنگاوهاویشـتنی کوێرانـە، ناچارمانـدەکات مەترسـییەکی گەورە قبووڵ بکەین. هێشتا تاکە بەدیل، نەمـانی ئارامییە، گۆڕانی شـێوەی پەیتـا پەیتـای ئەوروپایە، بەوەی حـوکمی یۆنانی بۆ ئیمپراتۆری کامڵبووی ڕۆم هەیەتی، ئامـانجێکی

بۆ جیهانگەڕی نوستالیژیک بەبێ هیچ هاوپەیوەستییەکی کردەیی[33].

لەسەرووی ئەوەوە، دەبێت لەبارەی گریمانەی لەسەر هەقبوونی هایدگەر بکەینەمەترسی، ئەگەرچی نەک لە مانایەکدا کە مەودای دووربینی ئەو بوو، چ دەبێت ئەگەر دیموکراسی دەرەتانی چوونەدەرەوەنەبێت لەم تەنگژەیە؟ ***لە یاداشتەکانی دەربارەی پێناسەیەک لە کولتوور،*** موحافزکاری گەورە، تی. سی ئەلیۆت بیرماندێنێتەوە، کە هەندێکجار تاکە ڕێگا، بژاردەی نێوان دەستەگەرایی و بێباوەڕییە، مادام تاکە ڕێگای بەزیندووهێشتنەوەی ئایین، هێنانەئاراوەی درزی دەستەگەرییە لە جەستەیدا.

---

[33]. لە ئازاری 2005، پنتاگۆن پووختەیەکی لە بەڵگەیەکی زۆر نهێنی بڵاوکردەوە کە نەخشەکێشی بەرنامەی ئەمەریکابوو بۆ دەسەلاتی سەربازی بەسەر هەموو جیهاندا. ئەو بەڵگەیە ڕوانگەیەکی پراگماتیزمانە بوو سەبارەت بە شەڕی فەرەنسا و تێڕوانینی لاوازتربوو لە سەربنەمای هەنگاوی بەرگرتن و بەرگریکارانە، کە لەسەر چوار ئەرکی سەرەکی چڕبووەتەوە: 1. بەشداریکردن لەگەڵ حکومەتانی ناڕەزامەند و بێ توانا بۆ نەزۆککردنی هەڕەشەی تیرۆریستی ناوخۆیی، 2. بەرگریکردن لە نیشتمان، بریتییە لە پەلاماری وەشاندن لە گرووپە تیرۆریستییەکانی نەخشەکێشی پەلامارەکان، 3. کاریگەردانان لەسەر بژاردەکانی وڵاتانی وەک چین و ڕوسیا لە دوو ڕێگای ستراتیژەوە، 4. ڕێگریکردنی حکومەتانی نەیار و گرووپە تیرۆریستییەکان لە دەست گەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ. ئایا ئەوروپا لەسەر ئەو کارە ڕەزامەندە؟ ئایا ڕازی دەبێت بەوەی یۆنان نەرم و سست، لە ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بەدەسەڵاتی ڕۆمادا، ڕۆڵی ببینێت؟

ئەمـــڕۆ ئەوە تـــاکە چانســـمانە، تەنهـــا بە (درزی دەستەگەری) لە میراتی باوی ئەوروپا، یان جیاکردنەوەی تـابووتی ئاوسـاوی ئەوروپـای کـۆن، دەتـوانین میراتـی زینـدوکراوەی ئەوروپـا بەزینـدوویی بهێڵیـنەوە. دەبێـت درزێکی وەها ئامانجی گریمانەییمان بکاتە مەسەلە، پێش نووسـینەکان لـەبارەی تەنگژەکـانی ئێسـتا کە نەخـراونە بەربـاس، وەک دیـاردەیەک کـە زۆرجـار وەک سیسـتمی نـوێی جیهـان دیاریـدەکرێت و هـەروەها پێویسـتی بە ڕاییکردنە لە ڕێگای (مۆدێرنیزاسیۆن)ەوە.

پێویسـتە بەڕاشـکاوی بووترێـت، ئەگەر سـەرهەڵدانی سیستمی نوێی جیهانی، چوارچێوەی بۆ مێژگرد -دانەناوە - بۆ هەموومـان بێت، ئەو کاتە ئەوروپا دۆڕاوە، بەمەش تـاکە چارەسـەر بە مەترسـیکردنی و شـکاندنی تەلیسـمی چارەنووســـمانە. هـــیچ شـــتێک نابێـــت وەک کـــاری ڕوومـــاڵنەکراو لەو بنەمـایە نـوێیەدا قبـووڵ بکرێـت، نە پێویســـتی بە (مۆدێرنیزاســـیۆن)ی ئـــابووری و نە بتـــی پیرۆزی لیبراڵ و دیموکراسیی.

بەمەش ئەگـەرچی ***نەی*** ئەڵمـانی - فەرەنسـی لـە لایـەن بۆچـوونی جیـاواز، گونجـاو و ڕەوا پشـتیوانی ناکرێـت، بەڵام لانـیکەم فەزا بۆسـەرهەڵدانی بۆچـوونێکی وەهـا دەکـاتەوە، بەدەســـتەواژەیەکی دیکـــە، چاڵێـــک هەڵدەکـــەنێت، کە داواکارییەکـــان، بە پێشـــنیازی نـــوێ پڕیـــدەکەنەوە — لە دژایەتیکردنی پارێزەرانی دەستوور کە بە کردەوە، بەربەستی ئەندێشـە و خسـتنەڕووی ***بـارودۆخی نەگەڕاوەیە*** لـە کـاری ڕاپەڕاندن - سیاسیی.

پەیــامی ***نەی*** فەرەنســی، بــۆ هەمــوو ئێمــە کە گرنگــی بە ئەوروپــا دەدەیــن، ڕەتکــردنەوەی شــارەزایانی گومنــاوە کە لە گــورزەی ڕەنگاوڕەنــگ و درەوشــاوەی فــرە کولتــوورگەرایی لیبــراڵ دا، کاڵاکانیــان بــە ئێمــە دەفرۆشــرێت، ئــەو کاڵایانــەی کە نــابێتە بەربەســتی ***بیرکــردنەوەی*** ئێمــە. کــاتی ئەوە هــاتووە بەناچـــاری ئاگامـــان لە بڕیـــاری سیاســـی بەجێبێـــت بـــۆ خواســتەکانمان. هــیچ ئاســۆیەکی گەشــبین لەبەرچــاوی جــوانی ئێمە ئەم کارە ناکات.

**ئەم وتارە لەم سەرچاوەیە وەرگێردراوە:**

«Temptation Populist the Against» ,Slavoj ,Ziezk – .(2006 Spring) 32 Inguiry Critical

# بۆچی سازدانی خەڵکانێك ئەركی سەرەكیی سیاسەتی ڕادیكاڵە؟

**ئەرنستۆ لاكلاو**

**محەمەد ئەیزدی**

ڕەخنەیەک کە سلاڤۆی ژیژەک لە کتێبەکەم ***عەقڵی پۆپۆلیستی*** گرتی، کەمێک منی سەرسام کرد[34]. هەڵبەتە لەوەی کە ***عەقڵی پۆپۆلیستی*** ڕەخنەیەکی جدی بوو لەسەر لێڕوانینی ژیژەک، کاردانەوەی ئەویش چاوەڕواننەکراو نەبوو. ئەو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنانە، میتۆدێکی ناڕاستەوخۆی هەڵبژاردووە، ئەو تەنانەت وەڵامێکی

---

[34]. بڕوانە وتاری: (دژی کەڵکەڵەی پۆپۆژیستی)، سلاڤۆی ژیژەک، :551-74
Critical Inquiry 32 [spring هەروەها Laclau, Emesto, On populist Reason, London: Verso, 2005. 2006]

ســـادەی شـــێوازی تێفکـــرین و پێکهـــاتەی ڕەخنەکەمـــی نەداوەتەوە، ئەو لەجیاتی، ڕەخنەکانی ئاڕاستەی کتێبەکەم کـردووە و تەنهـا کاتێـک مانابەخشـە کە سـەرەتا هەمـوو بنەمـا تیۆرییەکانی قبووڵ بکەیـن، شـتێک کە بـەوردی مـن پێشـتر، لێـی بـەگومـان بـووم. ئێسـتا بـۆئەوەی کـە ئەو هەڤپەیڤیـــنە لێـڵ و ئـــاڵۆزە کۆتـــایی پێبێـــنم، لە ئەســـڵی مەسـەلەکە دەکۆڵمەوە، ئەوە بیـردێنمەوە کە لـە تێڕوانینـی ژیژەک بەنادرووستی دەزانم و لەباسەکەشدا نادرووسـتی ڕەخنەکانی ژیژەک دەسەلمێنم.

## پۆپۆلیزم و شەڕی چینایەتی

بەشێکی زۆری وتارەکەی ژیژەک دەخەمە لاوە[35] – کە لە ڕیفرانـدۆمی ئەڵمانیـا و فەرەنسـای کۆڵیـوەتەوە و تـا ئاستێک لەگەڵیدا کۆکم – لەجێدا لەسەر بەشە تیۆرییەکان قووڵدەبمەوە، کە لە جیاوازی بۆچوونەکانمان دەکۆڵێتەوە. ژیـژەک بەمجـۆرە دەسـتپێدەکات، کە مـن پۆپـۆلیزم لە شـەڕی چینـایەتی بەباشـتر دەزانـم (p. 554). ڕەخنەگرتنی لەو بابەتە شتێک بێجگە لە ڕەوشێکی بێمانـای بردنەپێشـی بەڵگەکـان نییە. بەپێـی ئـەو بۆچوونـە، پۆپـۆلیزم و شـەڕی چینـایەتی دوو شـتی هەنووکـەیی و ئامـادەن، کە دەبێت لە نێـــوان هەردووکیـــان یـــەکێک هەڵبژێریـــت. دروســـت

[35]. هەڵبەتە بێجگە لەوجێگایەی کە ئەو بە تایبەتمەندی لاوەکی (نە)، بـە تـەرخانکراوی دیـاریکراوی هەرشـێوەیەکی شـیاو لـە پۆپـۆلیزم بەیەک دەزانێت.

هاوشێوەی کەسێک کە بڕیاردەدات ئەندامی تیمێکی یاری دوو گۆڵی، یان ئەندامی حزبێک بێت.

مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە وێنام لە خەڵک (people) و لە مارکسیزمی کلاسیکی چەمکی شەڕی چینایەتی، لەواقیعدا دوو شێوازی جیا لە تێگەیشتنی تەرزی هەڵسەنگاندن و ئامادەکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتییە، لەو ڕووەوە ئەگەر یەکێک لە وێناکانم ڕاستبێت، پێویستە دووەم بخرێتەلاوە - یان لانیکەم دەبێت یەکێک لە وێناکانم لە تیۆری نوێدا بتوێنرێتەوە و پێناسەبکرێتەوە. سەرەڕای ژیژەک وەسفێکی ورد لە خاڵی جیاوازی ئەو دوو تێڕوانینە دەخاتەڕوو:

خەباتی چینایەتی بوونی گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت (چینی کرێکار)، وەک هۆکاری سیاسی نایاب گریمانە دەکات، ئەو ئیمتیازە بۆخۆی بەرهەمی مملمانێی هەژمۆنیک نەبووە و لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی واتایی چینی کرێکار وەستاوەتەوە، ململانێی سیاسی - ئایدۆلۆژیا بەو ڕێگایە لە کۆتاییدا سەبارەت بە پرۆسە کۆمەڵایەتییە واتاییەکان، دەسەڵاتەکان و لێکدژییەکانیان، بۆ دیاردەی مام ناوەندی دادەشکێت.

لە بەرامبەردا، واقعیەت لای لاکلاو، هەڵکشانی جۆرێکی تایبەتە لە ململانێی هاوسەنگ بۆ هەموو جۆرەکانی شەڕ، نەک واقعیەتێکی پێشتر زانراو، بەڵکو ئەنجامی ململانێی سیاسی گریمانەییە بۆ هەژموونی. دەکرێت ئەو ململانێیە لە سیستمێکدا، شەڕی چینایەتی بێت، لە سیستمێکی تردا جەنگی شاردراوەی دژی ئیمپریالیزم و تەنانەت لە

سیستمێکی دیکەدا ململانێی ئەنارشیستییە بۆ لێکبووردەیی کولتووری. هیچ پێویستییەکی دەروونزانی لە ململانێیەکی تایبەتدا بوونی نییە، کە پێشتر ڕۆڵی هەژموونیک، وەکو هاوسەنگی گشتی بەهەموو فۆڕمە ڕووتەڵییەکان ببەخشێت، (p.554).

هەرچەند ئەو وەسفە لە جیاکاریی [نێوان تیۆری لە سەربنەمای شەڕی چینایەتی و تیۆرەکەی من] بەئاشکرا ناتەواوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ ڕەخنەیەکم لە وێنەیی ئاسایی نییە، کە نەخشەی جیاکاری بنەمایی نێوان ئەو دوو تێڕوانینەی کێشاوە. لەواقیعدا ژیژەک ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی پۆپۆلیزم دەکات، کە من سەرنجم لێنەدابوون. هەرچەند ئاماژەم بەسروشتی پووچی دالی گەورە کردبوو، کە دووژمن بەرجەستە دەکات، بەڵام لە ***زرە بەرجەستەبوونێکی*** (Pseudoconcreteness) فیگۆریم نەکۆڵیبووەوە، کە ئەو دوژمنە بەرجەستەدەکات. دەبێت دانیپێدابنێم هیچ بنەماوبنچینەیەکم لە تۆمەتبارکردنی ژیژەک نەدۆزییەوە. هەموو شیکارەکەم، لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوەتەوە کە هەر جۆرە فەزایەکی سیاسی – وتارییی، بەردەوام لەڕێگای پرۆسەی دوولایەنەوە سازدەکرێت، پرۆسەیەک کە لەودا پووچ بوون [دالی گەورە]، وردەکاری دالێکی بەرجەستەبوو لاوازدەکات و لە بەرامبەردا، وردەکارییەکی وەها بەپێدانی پەیکەری بەرجەستەکەر و پێویست بە تێکڕایی، دوولایەنە ڕەفتار دەکات.

من هەژموونیکم بەپەیوەندییەک پێناسەکرد، کە لەودا وردەکارییە دەستنیشانکراوەکان بۆ تێکڕاییەکی تەواو هەڵنەسەنگێندراو دەگۆڕێت. بۆیە کاری تێکڕاییەکەی، کە ئازار بەدەست هەژاری نیشاندانەوەی ڕاستەوخۆ، یان نوێنەرایەتی بێ نێوەندگیر دەچێژێت، بەهۆی پاوانکاری پاژێکی دەستنیشانکراوەوە، تەنیا دەکرێت خاوەنی بوونێکی ڕووت بێت.

هەنووکە لەم مەسەلەیە تێدەپەڕین، چونکە ژیژەک ئیزافەیەکی سەرەتاییتری خستۆتە سەر وێناکەی من لە پۆپۆلیزم. ئەو دەڵێت:

هەروەها دەبێت ئاڕاستەیەک بخرێتە بەرباس، کە وتاری پۆپۆلیستی جێی ئەنتاگۆنیستی گرتووەتەوە، دوژمن دادەتاشێت. لە پۆپۆلیزمدا، لەناوبردنی دوژمن، کە بوونەوەرێکی کراوەدەر، یان لە بوونەوەری ئەرێنی و بووناسانەدا بۆتە شت (تەنانەت گەر ئەوبوونەوەرە تارماییئاسابێت)، هاوسەنگی و دادپەروەری دەگێڕێتەوە، بەجۆرێک لێکنزیکیی، شووناسی ئێمە - هۆکاری سیاسی پۆپۆلیست - وەکو بوونەوەری پێشوو دەرک دەکرێت، سەبارەت بە پەلاماری دوژمن (p.555)».

هەڵبەتە من هەرگیز نەم وتووە شووناسی پۆپۆلار پێش پەلاماری دوژمن بوونی هەیە، بەڵکو لەپڕ بەپێچەوانەوە: ئەو پەلامارە مەرجی پێشبینیکردنی هەرجۆرە ناسنامەیەکی پۆپۆلارە. من تەنانەت بۆ وەسفکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لەزەینمدایە، وتم یەکێتیی کۆماری جگە لە لەناوبردنی ئەو شتە هیچ شتێکی دیکە

نییە، کە کەوتووەتە بەرامبەر کۆمارییەوە. ئێستا بابزانین ژیژەک چۆن بەڵگاندنەکان بەرەوپێش دەبات. ئەو رایدەگەیەنێت بوونەشتی ئەنتاگۆنیزم لەدڵی گەوهەرێک، یان شتی پۆزەتیڤ، وێنەی بەرایی نهێنی ئامێزی ئایدۆلۆژیای هەڵگرتووە و ئەگەرچی پۆپۆلیزم دەتوانێت لە لایەنی سیاسی جۆراوجۆرەوە کاربکات (گەڕانەوە، ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیزمی دەمارگیر و هاوشێوەیان)، «لەگەڵ ئەوەشدا، پۆپۆلیزم بەسەرنجدان بەخودی چەمکەکەی ئەنتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی و مانەوە لەناوەوە لەگەڵ ئەنتاگۆنیزم، یان شەڕی نێوان خەڵکانێک، کە یەکییانگرتووە و جێگۆڕکێ بەدوژمنی دەرەکی دەکات، ئەو بارودۆخە سەرئەنجام هەڵگری مەیلی درێژماوەیە بۆ فاشیزم» (p.557). هەربەوهۆیەیە کە ئەو بەباسکردنی چەندین هۆ، دەیەوێت نیشانی بدات بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان هەرگیز پۆپۆلیستی نەبوون.

***ئەندێشە*** لە فاشیزمدا لەژێر هەژموونی ***پێشەوا***دایە، لە کاتێکدا لە کۆمۆنیزمدا، ستالین - بەمانای فرۆیدی- پێشەوای ***مام ناوەندی***یە، چونکە بۆخۆی لەژێر هەژموونی ***ئەندێشە***دایە، تابڵێی ئەوە وەسفێکی جوانی ستالینە! وەک چۆن کە هەموان دەزانن، ستالین لەژێر دەسەڵاتی ***هیچ*** ئایدۆلۆژییەکدا ***نەبووە***، ئەو ئایدۆلۆژی لەنەکاو لەناپێوەندیترین شێوەیدا بەکارهێنا تالەم ڕێگایەوە بتوانێت بەرنامەی سیاسی و چالاکییەکانی ڕابپەرێنێت. وەک نمونە بنەمای ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی (national – determination self) گرنگترین بنەمای جیهانی ستالینیستی و

ئایدۆلۆژیایـــە، دیـــارە لێـــرەدا کـــۆتێکیش هەیە کە دەبێـــت ئامـــاژەی پێـــبکەین، چـــونکە دەبـــوایە بنەمـــای نـــاوبراو بەشـێوەی «دیـالێکتیکی» بەکـاردەهێنـرا، بەزمـانێکی دیـکە، ئـەو بەو ڕێگـایە دەیتـوانی چەندینجار ئـەوە پێشـێل بکـات، بەشـــێوەیەک کە لەڕوانـــگەی سیاسیشـــەوە مـــایەی کێشـــە نەبێت.

ســتالین پاژێـک نەبـوو کە لەژێـر تێکڕاییەکـی چەمکیـدا جێیبکرێتـەوە؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو تێکڕاییە چەمکیک بـوو کە دەکەوتە ژێرنـــاوی ســـتالینەوە. لەم ڕوانـــگەیەوە، هیـــــتلەریش لە بەکارهێنـــــانی ئەندێشـــــە سیاســـــی – نیشـتمانییەکان، ڕەگەز و هتـد - هیچـی لە سـتالین کەمتـر نەبوو، بۆ ئامـانجی سیاسـی و دەرفەتخـوازی سـوودی لە ئەندێشـــەکانی وەردەگـــرت. مـــن نـــاڵێم ڕژێمـــی نـــازی و ستالینیستی کتومت وەکیەکن، قسـەی من ئەوەیە، ئـەوەی دەکرێـت ڕووی جیـاوازی ئەو دوو ڕژێمەبێـت، جیـاوازی پەیوەنـدی بوونناسـی نێـوان ***ئەندێشـە و پێشـەوا***یـە[36]. (بۆ

---

[36]. یـەکێک لـە هـەقیقەتە ئاشـکراکانی کـە ژیـژەک زۆرجـار لـە بەرهەمـــەکانی خۆیـــدا پـــەنای بـــۆ دەبـــات، بەیەکســـان زانینـــی ڕای نووســەرانێکە کــە بــە پلــەی لێکچــوونی نێــوان تایبەتمەنــدیی ڕژێمــە نازییــەکان و ســتالینین لەگــەڵ ڕای نووســەرانی محافزکــاری وەک نویتـل، کـە هـەرجۆرە جیاوازییـەکی نێـوان ئـەو دوانـە ڕەتدەکەنـەوە. گومـانی پەیوەنـدی نێـوان ڕابـەری سیاســی و (ئایدۆلۆژیی)ەکـەی، لەواقیعدا، کارێکی ئەستەم و ئاڵۆزە. بارودۆخێک چنگ ناکـەوێت کـە لـەودا پێشـەوا تـاکێکی ***بەتـەواوی*** بـەدەر لـە ئایدۆلۆژییەکـەی بێت و پەیوەندییەکی دەگمەنن و ئامڕازی نێوان ئەو دوو بوونـەوەرە بێت. زۆربــەی هەڵــە ســتراتیژییەکانی هیتلــەر لــە هــەر دوو قۆناغەکــەی

پەیوەنـــدی هەنووکـــەی کۆمـــۆنیزم و پۆپـــۆلیزمیش دەگەڕێـمەوە)، بەڵام بـۆ قۆنـاغە لۆژیکییەکـانی شـیکاری ژیژەک گەڕاینەوە – بە دەسـتەواژەیەکی دیکـە، ئەو چۆن پاشکۆیەکی بۆسـتراکچەرە تیۆرییەکانی من زیـادکردووە، بەڵگانـدنەکانی ئـەو جگە شـتێک لە چەنـد ئەنجـامگیرییەک زیاترنین «بەم شـێوەیە نییە کە...» (nonsequitur). ڕەوتـی بەڵگاندنەکانی ئـەو بەمجـۆرەیە: 1. ژیـژەک بەگواسـتنەوەی بەشـێک لە کتێبەکەم، کە ئامـاژە بەشـێوەی هەڵسـەنگاندنی شووناســـە پۆپۆلارەکـــان دەکـــات، بزووتنـــەوەی ڕیفۆرمخـــوازی بەریتانیـــا [1838 – 1848] دەکاتـــە دەستپێک، کـە من لـەوێ نیشـانمداوە چۆن کارەسـاتەکانی کۆمەڵگە لەناو سیستمی ئابوورییەکەی ڕیشـەناگرن، بەڵام ئەو قۆرخکردنەی دەسـەڵات لە لایەن گرووپە مفتەخۆر و هەڵپەرســـتخوازەکانەوەیە، کە سـەردەکێشـــنە گەنـــدەڵی

---

شــەڕدا، بـە تایبــەت ســەردەمی داگیرکردنـی ڕووسـیا، تـەنیا بـەو واقعیەتـە پاسـاوهەڵنەگرن کـە ئــەو بــە یەکــەمین کــەمپی وتــاری ئایدۆلۆژییەکــەی هاوتــا بــوو، ئــەو بــەو مانایــە، پێشــەوای مــام (ناوەندی)یـە، کـە لـە بەرامبـەر وتـاری ئایدۆلۆژییەکـەی دایـە، بـەڵام ئەگــەر مانــای پەیوەنــدی دەســتێوەردراوی پێشــەوا – ئایــدۆلۆژی بـەخودی ڕژێمـی (تۆتالیتـار) و یـەکجۆر نـەزانین، ئەوکاتـە بـەهەمان ڕادە نادرووسـتە کـە هاوشـێوەی ژیـژەک بڵێـین جیـاوازی میکـانیکی نێوان ڕژێمێکی (کۆمۆنیستی) کە پێشەوا لـەودا بەتـەواوی خەسـڵەتی مـام ناوەنـدی هەیـە و ڕژێمێکـی (فاشیسـتی) کـە لـەودا پێشــەوا پێشینەیەکی بێسنوورە، بوونی هەیە.

کۆمەڵایەتییەوە[37]. 2. ئەو ئاشکرای دەکات کە ڕووداوی هاوشێوە لە وتاری فاشیستیدا ڕوودەدات: فیگۆری یەهودی، بەرجەستەبوونی لکانی هەمانشتە کە سەنگەری لە کۆمەڵگە گرتووە (بەوتەی ئەو، ئەو لکاندنە، بەشێکە لە پرۆسەی شتبوون)، 3. ئەو پاشان ئەنجامگیری دەکات، کە ئەو واقعیەتە لە هەموو شێوازەکانی پۆپۆلیزمدا دەیسەلمێنێت (بۆچی؟ چۆن؟)، جۆرێک (ئارەزووی ماوەدرێژ بۆ فاشیزم) بوونی هەیە، 4. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمۆنیزم لەهەموو پۆپۆلیزمێک دەپارێزرێت، چونکە لەوتارەکەیدا بوونەشت ڕوونادات، پێشەوا بەردەوام لەڕواڵەتێکی پێشەوایەتی مامناوەندیدا دەمێنێتەوە. ئەستەم نییە تێبگەین ئەو بەڵگاندنە هەمووی هەڵەیە. یەکەم، هەردوو بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی بەریتانیا [چارتیزم] و فاشیزم بە پێی دووجۆر ڕەگەزی پۆپۆلیزم ناسێنراوون، دووەم، چونکە شێوازی کاری یەکێک لە جۆرەکانی (فاشیزم)، لەجیاتی بوونەشت تێگەیەنراودەبێت، سێیەم، ئەوە کە بەبێ هیچ بەڵگەیەک (لێرەدا نمونەی چارتیزم بێ مشتومڕ پشتگوێ دەخرێت)، شێوەی کاری جۆرێک، ڕووی جیاکەرەوەی تێکڕای ئەو ڕەگەزە دەبێت،

---

[37]. لەودەقەیدا کە ژێژەک گواستوویەتییەوە، من تەنیا شیکارەکەی گاریس ستیدمان جۆنزم بۆ چارتیزم کەمێک کورتکردۆتەوە، کە ئۆباڵیشی بۆ دەکێشم.

Gareth Stedman Jones, „Rethinking Chartism„, Languages of Class, Studies in Working Class History 1832 – 1902 (Cambridge, 1983).

چوارەم، یەکێک لەجۆرەکان، وەک دەرئەنجام، دەبێتە ئاکامی ئەنجاماناسانەی جۆرەکانی تر، کە پەیوەندییان بەو ڕەگەزەوە هەیە. سەرەڕای ئەوە دەبێت بابەتی پێنجەمیش لەجیاتی ئەنجامگیرییەکی ئاڕاستەنەکراو زیادبکەین، کە کۆمۆنیزم ناتوانێت جۆرێک لە ڕەگەزی پۆپۆلیزم بێت، چونکە ئەو وەک ***پێشگریمانە*** دەڵێت (لە هیچ شوێنێک ڕاشکاوانە باسی ئەوکارە نەکراوە)، بوونەشت لە کۆمۆنیزمدا ڕوونادات و [مەحاڵە]. لە کۆمۆنیزمدا ئێمە ڕووبەڕووی تێکڕاییەکی ڕاستەوخۆ بووینەتەوە، دوورنییە بەو هۆیەوەبێت کە بەرجستەکردنی پەتی کاری لکان، ***پێشەوا***، دەبێت تەواو لەژێر دەسەڵاتی ***ئەندێشە*** دابێت. پێویست بەوە ناکات بڵێین ئەو ئەنجامگیرییە لەسەر هیچ ئەزمونێکی مێژوویی نەوەستاوەتەوە، بەڵکو لەسەر بنچینەی جۆرێک بەڵگەی پاڵپشت بەدەستهاتووە.

پێش ئەوەی بەئاشکرا لە دوورەوە لە بەڵگاندنەکەی ژیژەک بکۆڵینەوە، دەبێت لە گریمانە نالۆژیکییەکانی ئەو، چاوێک بەئەنجامگیری کۆتاییەکەیدا بخشێنین. ئەم دووگریمانەیە بەمشێوەیە: 1. هەرجۆرە بەرجەستەبوونێکی کاری تێکڕایی لەکاری بەشی، دەبێت بەجۆرێک بوونەشت وەربگیرێت. 2. بەرجەستەبوونێکی لەوجۆرە، بۆخۆی فاشیستییە. بە هەردوو بنەمای بابەتەکە ناکۆکین، چونکە، چەمکی بوونەشت هەرگیز بۆتێگەیشتن لەجۆری بەرجەستەبوونی کاری تێکڕایی لە کاری بەشی بەس نییە، بەرجەستەبوونێک کە خودی هەڵسەنگاندنی شووناسێکی پۆپۆلارە، بەرجەستەبوونێکی

وەهـا، بەمەرجێک کە درووسـت تێگەیەنراوبێت، ناتوانێت ڕووی جیـاکەرەوەی فاشـیزم یـان هەر بزووتنـەوەیەکی سیاسـی تربێت، ئەو جۆرە بەرجەستەبوونە خـودی هەر پەیوەندییەکی هەژمونیکییە - واتا خودی پەیوەندییەکە کە ئەو پەیوەنـدییەش، بۆخـۆی لەکـاری سیاسـیدا بەکـاری خـودی ئـەژماردەکرێت. [واتـا هەژمـوونییە بـەپێی پەیوەندییەکی بەهێزکەری کاری سیاسیی: لە هەرشوێنێک سیاسەت هەس، هەژموونیش هەس].

بـا بە***بوونەشت*** دەستپێبکەین. ئەو وشـەیە، وشـەیەکی بـاو نییە لەزمانـدا، بەڵکـو نـاوەڕۆکێکی فەلسـەفی تـایبەتی هەیە. ئەم زاراوەیە بـۆ یەکەم جـار لۆکـاچ بەکاریهێنـاوە، ئەگـەرچـی تـاڕادەیەک تەواوی ڕەهەنـدەکانی لە بەرهەمەکـانی مارکسـدا پـێش ئەمـە پێشـبینیدەکرێت، بەتایبەت لە هەندێک بەشی ***سەرمایە***دا، کە بۆ بـوونە بتـی کاڵاکان تەرخانکراوە. دەسەڵاتی ڕەهای بەهای ئـاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگـەی سـەرمایەداریدا، گەیشـتن بە بۆچوونێـک لـە تەواویەت مـەحاڵ دەکـات؛ پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤەکـان سروشـتی واتـایی دەدۆزێـتەوە و لە هەمـان دۆخـدا مرۆڤەکان بۆ شت دەگۆڕێن، شتەکان لە دەستەی بکەرانی ڕاسـتەقینەی کۆمەڵگـە سـەروەدەردەنێن. ئێسـتا ئەگەر وردتر چاو بەستراکچەری بوونەشتدا بخشێنین، یەکسـەر تایبەتمەنـدییەتی بەرجەسـتەیی تێـدا ئاشـکرادەبێت: بوونەشت جۆرێک ***قلْپ بوونەوە***یە. لە [بوونەشتدا] ئەوەی لاوەکـی (derivative)یە، بنەڕەتـی (originary) دەنوێنێـت، ئەوەی ڕواڵەتـی(appariential)یە، جەوهەری (essential)

دەنوێنێت. قلْپ بوونەوەی پەیوەندی بابەت/هەڵگری ناوکی سەرەکی هەرجۆرە بوونەشتێکە. بوونەشت بەم مانایە، پرۆسەی نهێنیاوی ئایدۆلۆژییە، کە بەبێ وەستان بەردەوامە و فاکتەری پێکەوەبەستنی (Correlatum) سۆبێکت و ئەو هەمان گومانەی زانیاریی درۆیە.

پێکهاتەی بوونەشت/زانیاری درۆ، تەنها کاتێک مانا دەدۆزێتەوە کە پرۆسەی شێواندنی (distortion) ئایدۆلۆژیای ئاوەژووبێتەوە، ئەگەر ئەم پێکهاتەیە پێکهاتەیەکی پەیکەری زانیاری بوو، هەرگیز نەماندەتوانی تێکدانی، یان گۆڕینی شێوەی قسەکردن بێنینەگۆڕێ. هەربۆیە ژیژەک بەچەمکی زانیاری درۆوە دەنووسێت و ناچاردەبێت لەجۆرێک میکانیزمی ئیماناسدا بەدوای ڕیشەی ئەنتاگۆنیزمەکان، یان شەڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بگەڕێت، کە زانیاری بکەرانی کاری جیابوونەوە [نەک ڕەسەن]ی گریمانە دەبێت، یان بەدەربڕینێکی وردتر، میکانیزمێک کە لەودا، ئەگەر لەبنەڕەتڕا پەسندی بکەین، زانیاری بکەرانی کۆمەڵایەتی لەجیاتی دەربڕینی ڕوونی ئەنتاگۆنیزمییەکانی کۆمەڵایەتی تێگەیەنراودەبێت، [واتا شەڕەکانی ناوکۆمەڵگە ڕیشەی زانیاری تاکە لەکۆمەڵگەدا، نەک بەپێچەوانەوە]. کاری تێکڕایی بە بێ هۆ و بێ پێویستبوون بەهەرجۆرە نێوەندگیرییەکی کاری تێکهەڵکێشراو دێتە قسە.

ژیژەک دەڵێت: پۆپۆلیزم (شەڕی کۆمەڵایەتی ئیماناس بەو شەڕانە جێگۆڕکێ پێدەکات، کە لە نێوان خەڵکانی یەکگرتوو، دوژمنی دەرەکیدایە). بەزمانێکی تر،

هەڵسەنگاندنی دوژمن بەهۆی ئەنجامگیری عەقڵییەوە وەک چالایەکییەکی لە سەربنەمای ئاوەژوبوونەوە پێشنیازدەکرێت. ئەگەر ئەنتاگۆنیزمی تێکڕایی و جێگیر دەرفەتی ئەوەی هەبوو دەربڕین، یان ئێکسپرسیۆنی ڕاستەوخۆی هەبێت، نێوەندگیرییەک دەیتوانی هەمان بوونەشت بێت، کە تەنها بەهاوکاری کاری تێکهەڵکێشەوە مەیسەر دەبێت.

مەخابن دەربڕینی کاری لاوەکی و کاری تێکڕایی لای ژیژەک، کە ڕوانینم بۆ مەسەلەی شووناسە کۆمەلایەتییەکان بەپێشگریمانە وەریگرتبوو، لەبنچینەدا لەپێوانە بەچەمکەکانی وەک بوونەشت و تێکدانی ئایدۆلۆژیادا ناتەواوە. ئێمە لێرەدا لایەنگری زانیاری درۆنین کە ڕووبەڕووی زانیاری ڕاستی بوویێتەوە، کە لەپێگەی چارەنووسدا پێشتر دیاریکراوە و لەگەڵ بۆچوونی مەبەستناسی گریمانەیە بۆئێمە. ئێمە ڕووبەڕووی هەڵسەنگاندنی گریمانەیی[و نەک پێویست] زانیاری بووینەتەوە کە داوای هەڵوێستەمان لێدەکات.

بۆیە ئەوەی ژیژەک لەژێرناوی تەواوکارێک بۆ تێڕوانینەکانم دەیخاتەڕوو، لەواقیعدا لەبنەڕەترا تەواوکار نییە، ئەو بەکردەوە پشت لەگریمانەی تێڕوانینم دەکات. ئەو گریمانەکان بەتێگەیشتنێک بۆ پەیوەندی کاری تێکڕایی و کاری بەشەکی، کاری ڕووتەڵی و کاری تێکهەڵکێشی دەگەڕێنەوە، کە من لەکتێبەکەم دا، لە سێ ڕوانگەوە لێیانم کۆڵیبووەوە: دەروونشیکاری، زمانناسی و سیاسەت – لێرەدا دیسانەوە نیازموایە بەکورتی ئەو سێ ڕوانگەیە

شـــرۆڤە بکـــەم تـــا بەمشـــێوەیە ناتەبـــاییەکەی بە مـــۆدیلی سستیی ژیژەک، لە زانیاری درۆ نیشان بدەم.

بە دەروونشـــیکاریی دەســـتپێدەکەین. مـــن لە ***عەقڵـــی پۆپۆلیستی*** دا هەوڵمداوە نیشانی بدەم لۆژیکی هەژموونی و لـۆژیکی objet a لکانی تاچەند هاوپۆشـن، [ئـوبێکتی aی (سـمۆڵ) هــەمان هۆکــاری ئــارەزووە لــە دەروونشــیکاری لکانیــدا.] لــۆژیکی هــەژموونی و لــۆژیکی ئــۆبێکتی a، بــۆ پەیوەندی بوون ناسی و بنەمایی دەگەڕێنەوە کە پڕبوونی ئەو لەماوەی سـەرمایەگوزاری «investment» ڕادیکاڵ، لە پاژێکدا – ئوبێکتی[38] قابیلی بەرکەوتنە، ئوبێکتێک کە تەنها بەشێکی ***لەناوەوە*** تەواویەت نییە، بەڵکو خودی تەواویەتە. «بەدەربڕینێکــی ســادەتر، پــاژ – ئوبێکــت بەوهــۆیەی کە ســـوبێکتییەکەی بە ئـــوبێکتی ئـــارەزوو دەزانێـــت، دەبێـــتە ئوبێـــــک]. بەرهەمەکەم لەو ڕوانـــــگەیەوە زۆر قەرزداری شـــیکارەکانی جـــۆن کـــۆپژە (Joan Copjec)، چونکـــە لێکــۆڵینەوەیەکی زۆری لە پانتــایی ئامــاژە لۆژیکەکــانی وتەزای لکانــدا ئەنجــام داوە، بــێ ئەوەی وەک ژیــژەک بە پێوەرە زەقەکانی هیگڵی بیانشێوێنێت.

گرنگتــرین مەســەلەی پەیوەســت بەباســەکەی ئێمــە کە پڕبــوون - شــتی فرۆیــدی – دەستپێنەگەیشــتووە، پڕبــوون تەنهــا وەهمێــک لە ســـەربنەمای ســـۆزە بـــۆ کۆنخـــوازی

---

[38]. بۆ توێژینـەوەی زیـاتر لـەبارەی [objet partie] بڕوانـە: ئیـۆنز دیلۆن، ***کولتورە سەرەتاییەکانی دەروونشیکاری لکانی***، تەرجومـەی مەهدی رەفیح و مەهدی پارسا. گام نو، 1386، ل200.

(retrospective) و جێی پاژی – ئوبێکت دەگرێتەوە، پاژ – ئوبێکتەکان، کە ئەو مەحاڵە بەرجەستەدەکەن. بەدەربڕینی لکـانی: بەتـاڵکردنەوەی گرێـی دەروونـی (sublimation)، بریتییە لە هەڵکشانی ئوبێکتێک بۆ پلەی شتێک. تائێستا چەندینجار نیشـانمداوە، پەیوەنـدی هەژمـوونیکی هەمـوو ئەو خـاڵە سـتراکچەرانە بەرهەمـدێنێتەوە، وردەکـارییەکی دیـــاریکراوی نیشـــاندەرەوەی تێکڕاییەکـــی بەردەوام پێشکەوتوو گریمانەدەکات. [وەک چۆن پاژێک – ئوبێکت بەهۆی وەهمی سوبێکت بۆ ئوبێکت، مەیل دەگۆڕێت.

ڕەوتی نیشاندانەوەی/ بەتاڵکردنەوەی گرێی دەروونی دوو نمـــونەن لـــە مۆدیلێـــک: مـــۆدیلی نیشـــاندانەوە] بـــــــەهەمانشـــــــێوە کە دەبینـــــــین، مـــــــۆدیلی بوونەشت/شێواندن/زانیاری درۆ لەبنچینەوە سەبارەت بە مـۆدیلی هەژمـوونی objet a/ نـاتەواوە؛ پێشـتر مـۆدیلی پێشـووی دەستگەیشـتن بەپڕبـوونی گریمـانەکردبوو، کە تەنهـا بەهـۆی ئـاوەژوبوونەوەی پڕۆسـەی بوونەشـت ئاسـانە، لەکاتێکـدا لە مـۆدیلی دووەم دا پڕبـوون (شـت) قـابیلی پێگەیشـتن نیـیە، چـونکە شـت لە هەمـوو جـۆرە ناوەڕۆکێک بەتاڵە و لە کاتێکدا کە لە مۆدێلی پێشوودا لە کـاری لکانـدا بەرجەسـتەکرابوو، وەک بوونەشـتێک بەشێوێندراو لە قەڵەم دەدرێت.

پێـدانی هەڵکشـانی ڕادیکـاڵ لە مـۆدیلی نوێـدا، پـێگەی ئوبێکت تەنها لەجیاتی ڕێگایەک وێنادەکرێت، کە جۆری دەستنیشـانکراوی پڕبـوون لەناویـدا دەستپێگەیشـتووە. ژیـژەک دەتوانێت لێڕوانینی بەشـتبوون/ ئاگـایی سـاختە،

تەنیا بەنرخی سڕینەوەی لۆژیکی ***ئوبێکتی aی سمۆڵ*** لەپانتایی پەیوەندییە سیاسییەکاندا بپارێزێت.

دوا ڕوانگە: بەڵگە (ئەوەی من ناومناوە ڕوانگەی زماننناسی، تەنیا تایبەت نابێت بەزماننناسییەوە، بەڵکو ئاماژە بە هەموو سیستمە هێماییەکان دەکات. ئەگەرچی سیستمی هێمایی هاوسنوورو نزیکە بەژیانی کۆمەڵایەتیی، وتەزاو پەیوەندییەک سەربەمەیدانی بوونناسی گشتیین کە پەیوەست نین بە مەیدانی ناوچەییەوە و لە شیکارکردنی زماننناسیدا دەخرێنەبەرباس و لێکۆڵینەوەوە).

ئێمە لێرەشدا، وەک ڕوانگەی دەروونشیکاری تەبای هاوشێوەی نێوان وردەکاری و تێکڕاییمان بنیووە. من لە شوێنێکی دیکەدا نیشانم دابوو، کە تێکڕاییکردنی سیستمێک لەجیاوازییەکان بێ ڕیزپەڕی ***ستراکچەری*** مەحاڵە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕیزپەڕی ستراکچەریی، جیاکارانەیە، کەلێنێک کە هاوتای ئاکامی لۆژیکی و یەکەمین ئاوارتەی سەرەوەیە. سەرنج بەوەی کە، ئەو دوو لایەنە ناتوانن لەڕوانگەی لۆژیکییەوە بەیەکەوە بدوورێن، ئەنجام ئەوەدەبێت کە هەر تەقەڵێک شێوەی دەربڕین، یان ڕیتۆریکی هەیە؛ [واتا پەیوەندی یان بەدەربڕینی وردتر، تەقەڵەکانیان لەئاستی هێمادا ڕوودەدات]. وردەکارییەکی دیاریکراو، بێئەوەی دەست لە وردەکاری خۆی هەڵبگرێت، ڕۆڵی دیاریکراو لە هێمای تێکڕایی دەگرێتە ئەستۆ. بۆیە لەنگی یان نایەکڕیتمی پەنهان لە هێمادا، تەنها مەیدانێکە کە لەودا، پڕۆسەی ئاماژە ئاشکرادەبێت.

***بەکارهێنانی ناڕاستەوخۆی وشەی Catachresis***، هەمان ***ڕواڵەتی دەربڕین و ڕەوانبێژی*** (rhetoricity)، یان هەمان ***توانای مانای*** هەیە. لۆژیکێک کە لە دەروونشیکاری نێوان ***شت*** (مەحاڵ) و ئوبیکتی aی (سمۆڵ)دا بینیبوومان، هاوشێوەی لە هێمادا دەبینین. شیکارەکەی ژیژەک ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی ئاماژە ناکۆڵێتەوە، بەڵام دژواریش نییە بڵێین شیکارەکەی سوود لە تیۆروانینی خۆی، واتا بوونەشت وەردەگرێت: [ژیژەک لە واقیعدا دەڵێت] هەرجۆرە جێگرەوەیەکی ڕیتۆریک مانای زانیاری درۆیە، کە بەر بە نەگوونجانی تەواو ئاماژەگەرانە دەگرێت.

سەرئەنجام سیاسەت، سەرەتا چەند نمونەیەک لەو نمونانە دووپاتدەکەینەوە کە لە ***عەقڵی پۆپۆلیستی***دا باسمکردبوون: ***سۆلیداریێشک*** [بزووتنەوەی هاوپشتی]، لە پۆڵەندا ڕووبەڕووی کۆمەڵگەیەک بووینەوە، کە ناچالاککردنی زۆرینەی داواکارییەکان لە لایەن ڕژێمێکی ستەمکارەوە، دەبێتەهۆی پەیدابوونی جۆرێک هاوتایی خۆرووژێنەری نێوانیان، بەشێوەیەک کە بۆ دەربڕینی داواکارییەکان پێویستمان بە یەکێتییەکی هێماییە. بەدیلێکی ئاشکرا، یان جۆرێک ناوەڕۆک ***لە ڕوانگەی چەمکی*** دیاریکراوەوە بوونی هەیە، کە لە لایەن ڕژێمی ستەمکارەوە ڕەتدەکرێتەوە - لە هەلومەرجێکدا کە ناوەڕۆک دەتوانێت ڕاستەوخۆ لە شووناسی ***ئەرێنی*** و جیاکارانەدا خۆی بەیان بکات - یان داواکارییەکان لەبنچینەدا پێکەوە ناتەبان و تاکە ڕووی هاوبەشیان تایبەتمەندێتی ***نەرێنیان***، ناکۆکی هاوبەشیانە لە بەرامبەر ڕژێمی ستەمکاردا. لە نمونەی سەرەوەدا، مەسەلەی

دەربڕینــی ڕاســتەوخۆی تایبەتمەنــدێتی ئەرێنــی، یــان پـۆزەتیڤی لـە داواکـاری جیـاوازدا پەنهـان نیـیە؛ چـونکە ئەوەی پێویستە باسی بکرێت، جۆرێک نەرێنی دانەشکاوە، کە نـوێنەری ئـەو وەک پێویسـت بـە سروشـتی هێمـایین دەوڵەمەندە[39].

داواکــاری ***سۆلیدارینشــک*** بــۆ هێمــای زنجیرەیــی هەمەگیرتــر لە داواکــاری دەگۆڕێــت، بــەشــێوەیەک کە هاوتــایی نــابەردەوام لەســەر ئەو هێمــایە، ناســنامەی پۆپـۆلاری هەمەگیرتـر هەڵدەسـەنگێنێت. هەڵسـەنگاندنێکی وەها سەردەکێشیتە یەکخستنی هێماکانی کەمپی پۆپۆلاری - و تێکەڵی، یەکخستنی هێمـای ڕژێمـی ستەمکار بە هـۆی میکانیزمەکـانی وتـاری/جیـاوازدانەرانەوە - هەمانشـتە کـە ژیــژەک پێشــنیاری دەکــات، دەبێــت بوونەشــت لەبەرچاوبگرین[40]، بەڵام ئەو تەواو هەڵەیە.

لە پرۆســەی بوونەشــتدا، بەوجــۆرەی کە بینیمــان، جۆرێک ئـاوەژووبوونەوە لە پەیوەندی نێوان دەربڕینـی حــەقیقی و هەڵگــەڕاوەدا هەیە، لە کاتێکــدا بێمانــایە کە

---

[39]. من لێرەدا بەمانای لکانی سوود لـە زاراوەی هێمـایین وەرنـاگرم، بەڵکو سوود لـە هێماییینێک وەردەگرم، کە بەگشـتی لـە باسـەکەماندا لەبارەی چەمکی نیشاندانەوە بەکاردەهێنرێت. وەک نمونە بڕوانە:
Hanna Fenichel pitkin, The Concept of Representation (Berkeley. 1967), chap. 5.

[40]. پێدەچێت هەڵوێستی لاکلاو لە بەهێمایین زانینی ئەو ***نە***یە لەگەڵ یاسـایەک کـە بڕیاروایـە "پێشـتر" ئـەو ***نـە***یـە سـەرکوت بکـات، گرێـی خـواردووە. بـەم مانایـە حکومـەت بـەڕە لەسـەر یاسـای/ هێمـایینی نەرێنییــەک هەڵدەداتــەوە، لەبنچینــەوە خــودی داواکارییــەکانی هەڵسەنگاندووە – و.ف.

تێڕوانینمـــان ڕووبەڕووی ڕاســـتی هەڵگـــەڕاوە دەبێـــتەوە؛ ســـەرنج بـــەوەی کە پەیوەنـــدی هاوتـــایی نێـــوان داواکـــاری لەبنچینەدا ناتەبا فۆڕمی گرتووە، (هاوچەشن سازی)یان بەهۆی دالی کۆتاوە جۆرێک Passage a l, acte [***هەنگاو بە کـردەوە***] پەتییە؛ بە زمـانێکی دیکـە (هاوچەشـن کـردن) داواکـاری هەڵسـەنگاندن بۆخـۆی شـتێکی نـوێیە، نەک ئاشکراکردنی ناسنامەیەک (حەقیقی) کە تێیدا شاراوەیە.

بەم بەڵگەیە من لە کتێبەکەمدا جەختمکردووەتەوە کە بەڵگەی پووچ، ناوێکی پەتییە و پەیوەندی بە یاسا، یان بە سیســتمی چەمکیـیەوە نیـیە. بـۆیە لەمەودوا مەســەلەکە لەسەر زانیاری حەقیقی، یان درۆ نییە، بەهەمـانجۆر کە لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە خرایەبەرباس - هەڵکشانی ئوبێکتێک بۆ پێگەی شت [یان تشت]، هاوشێوەی ڕوانگەی هێمـایین - جێگـایەک کە ڕووبەڕووی ئامادەیی درکـەکان بووینەتـەوە، لەڕوانـگەی زمـانییەوە لە خشـتەبەرە، چـونکە ناویـدەنێت و بەمشـێوەیە، چاڵێـک کـە خـودی بنەمـای هێمـــایینە، لە سیاسەتیشـــدا بەئاشـــکراکردنی بـــکەران - لەباســـەکەماندا، خـــەڵک - بەهـــۆی لـــۆژیکی هاوتـــایی و جیاوازدانەرانەوە ڕووبەڕووین. ئەو لۆژیکانە پێویستییان بـە بەرجەسـتەبوونی درکەییـە کە لە بنەمـای creatio ex nihilo [***خوڵقاندن لە نەبووەوە***] بەرهەمدێن، مەحاڵـە بـۆ هـــیچ ڕواڵەتییـــەکی (literality) پێشـــتر، یـــان مەبەســـت کەمبکـــرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا بوونەشـــت پشـــتگوێ بخەیت[41].

---

[41]. خەڵک لە نەبووەوە درووست دەبن، ئەمە بە مانای بەدیهاتنی کۆمەڵانی خەڵکە. هاتنەدی کۆمەڵانی خەڵک، پێویستیی بە بارودۆخی

به مەش دووەم تێـــزی ژیـــژەک هیچـــی چارەســـەر نەکردووە؛ لەم تێزەدا، نیشـاندانەوەی هێمـایین [یان هەمـان بۆچوونی کاری تێکڕایی لە کـاری لاوەکـی] - کە ئـەو ئـەوە بـەشـتبوون وێنـای دەکـات – وەک پێویسـت یـان لانـی کـەم، مەیلی بوونە فاشیستی هەیە.

ژیـژەک لێـرەدا سـوود لە تـاکتیکی فریـودانی خەڵـک وەردەگرێت: پێگەی جوولەکە لە وتاری نازیدا، کە یەکسـەر سـەریکێشـــایە کارەســـاتی هۆلۆکۆســـتەوە، لەدرێژەیـــدا سـەریکێشـایە کـاردانەوەی نەرێنـی و هەڵبەتـە ئاسـایی بـوو. ئێسـتا ئـەوە واقعیەتێکـە کـە وتـاری فاشیسـتی شـێوازێک لـە نیشـاندانەوەی هێمـایینی بەکارهێنـاوە، بەڵام دەبێـت ئاگامـان لـەوەبێت کە لـەودا تـوخمێکی بەڕاشـکاوی فاشیسـتی تێـدا نییـە، چـونکە هـەرگیـز وتـارە سیاسـییەکەی بـوونی نییـە کـە هێماکانی بەشێوەی ناوبراو ئامادە بکات. من تەنانەت دەڵێم ئەو ئاشـکراکردنە، پێناسـەکردنی هەمانشـتە کە سیاسـەت لێیدەکۆڵێتەوە. ڕەنگە خەرواری پڕ لە نمونەی ئایدۆلۆژیمان هەبێت، کە قەتـیش بەتـاڵ نابێـت و دەتـوانین لە سـەلماندنی بانگەشەکەماندا بەکـاری بهێنـین، ئەو نمونـانەی کە تەواو لە نمونەکانی ژیژەک جیاوازە.

چ شـــتێک لە بەرجەســـتەبوونی هێمـــایینی ســـادەی وتارێکی سیاسیدا، وادەکات واڵ ستریت ببێتە سەرچاوەی هەموو بەڵا ئابوورییەکانمان؟ یان لەگردبوونەوەی وڵاتانی

---

پێشـوو نییـە. ئـەوە بریتییـە لـە بنـەمای خوڵقانـدن لـە نەبووەوەیـە لـە میتافیزیکی مەسیحی. و.ف.

جیهانی سێدا، هۆکاری سووتاندنی ئاڵای ئەمەریکا بێت؟ یان لە درووشمی گوندنیشنەکان و دژە مۆدێرنیستی شۆڕشی گاندیدا دەربکەوێت؟ یان لە ئاگربەردان لە کۆشکی بۆینس ئایرس بەدەستی جەماوەری پیرۆنیستی ئاشکرابێت؟ ئاشنای هەندێک لەو هێمایانە دەبین، هەڵبەتە هەندێکیانیش دەخەینەلاوە، بەڵام ئەوە نابێتە بەڵگەی ئەوەی بانگەشە بکەین تۆری ئامادەکەری هێما، بەگۆڕینی ناوەڕۆکە مادییەکان دەگۆڕێت. ئەو بانگەشەیە [واتا پەیوەستی ستراکچەر و ناوەڕۆکی ئەو]، بەبێ وێناکردنی ژێژەک لە بوونەشتدا مەحاڵە، ئەو هەندێک لە ناوەڕۆکەکان بەزانیاری حەقیقی و هەندێکیان دەداتەپاڵ زانیاری درۆ. ئەو شەڕە بەبێ گریمانەی بنەمایەکی بابەتی بنچینەیی، پووچ و ناوەڕۆک بۆشە، بنەمایەک کە لێرەدا دەڵێت هەر شێوازێک لە بەرجەستەبوونی هێمایین ڕەونەقی ئەو زانیارییە درۆیە دەبێت، لە کاتێکدا زانیاری ڕاستین هیچ جۆرە نێوەندگیرییەکی هێمایینی تێدا نییە. (ئەوە هەمان خاڵە کە لە تیۆری لکانی، دەبێتە دەستمایەی تۆڵەکردنەوەی ژێژەک؛ گەشەکردنی هەرجۆرە نێوەندگیرییەکی هێمایین، پێچانەوە و هەبوونی دەربڕینێکی پاک لە زانیاری حەقیقی، هاوشێوەی ئەوەیە کە بڵێین دەستگەیشتنی ڕاستەوخۆ و بێهۆ بە تشت، یان شت ئاسانە و لە کاتێکدایە کە بابەتەکانی aی (سمۆڵ)، تەنها بە نیشاندانەوەی ئاوەژووکراوە، یان شێوێندراو دێتەئاراوە).

**داخوازی، ویست و داواکاری**

وتەزای داواکــاریی گچکەتــرین یەکەیــە، کە ئێمــە لە شــیکارکردنی کۆمەڵایەتیــدا بەکارمانهێنــا. دیــارە ئەو پێشگریمانەیە بەهێز و گوڕی خۆی ماوەتەوە کە گرووپی کــۆمەڵایەتی بــابەتێکی بــۆ گەڕانەوەیــی تەواو تەبــاو یەکپــارچە نیــیە، بەڵکــو دەبێــت یەکێتیــیەکەی لەجیــاتی جومگەبەندی داواکاری ناهۆمۆژیین لێی تێبگەیین. ژیژەک لە دژایەتیکردنی ئەو تێڕوانینە، دوو بەڵگە ئاڕاستە دەکات: یەکەم پێــوەندگی داواکــاری سروشــتی ڕاســتین و تــووش بــوو بەکــردەی شــۆڕش، بەشــێوەیەکی تەواو، وەســفی ناکـات. («ئایـا شۆڕشـی حەقیقـی، یـان کـردەی سیاسـی فریادڕەسـی ئـەودیووی ئـەو ئاسـۆی داواکـارییە دەسـت پێناکـات؟ سـوبێکتی شـۆڕش ئیـدی لە خـاوەن دەسـەڵات هیچی ناوێت؛ نەهۆ ئـەو خوازیـاری لەناوبردنیـانە. (p. 558)

دووەم، هــیچ هاوپەیوەنـدی و پەیوەنـدی نێـوان زۆرینـەی ناوەوەیی چەمکی زنجیرەی داواکـاری و ئامـانجی واقیعـی ئامــادەکردنی پۆپۆلیســتی بــوونی نیــیە، چــونکە زۆربەی بـزووتنەوە پۆپۆلیسـتییەکان سـەرچاوە لـە ئامـانجی تـاک بابەتیی دەگرن (دەبێت سـەرنجی تێکڕاییتر لە بزووتنـەوە جەماوەرییەکــانی تــاک بــابەتی بــدەین). بــۆ نمــونە شۆڕشــەکانی ئەمەریکـا کە لەســەر دارایـی هەڵگیرســان، ئەگەرچی سیمای پۆپۆلیستیان هەبوو، هاندانی خەڵک بە پێــی داواکــارییەک کە دامەزراوە دیموکراســییەکان پێیڕانــاگەن، بەڵام پێناچێــت لە ســەربنەمای زنجیــرەی

ئـــاڵۆزی هاوتاییەکـــان بێـــت، بەڵکـــو لەســـەر خواســـتێک قوڵبووەتەوە.«p. 560»

هەردوو ڕەخـــنەکەی ژیـــژەک نیشـــانیدەدات، کە ئـــەو لەبنچیـــنەدا ســـەرنجی لە ئەســـڵی مەســـەلەکە نەداوە. لەڕەخنەی یەکەمی ئەو دەستپێدەکەین، هەرچەند ژیژەک بۆ گرژی ویست / داواکاری دەیگێڕێتەوە، گرژییەک کە ئاگـای لە ئاکـامە تیۆرییەکـانی ڕەخـنەکەی خـۆی نیـیە و ناومانـنا، چەمکی داواکـاری وەرگیـراو. بەبۆچـوونی ئێمە هەر داواکـارییەک لەبەراییـدا بـەپێی ویسـتێک (request) دەخـــرێتەڕوو؛ وەک نمـــونە، دامەزراوەکـــانی ســـەر بەدەسەڵاتی ناوخۆیی، بۆ وەڵامدانەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵکـی نـاوچەیەک، لێپرسـینەوەیان لەگەڵـدا دەکرێـت – بۆنمـونە شـوێنی نیشـتەجێبوون. ئـەوە تـاکە دۆخـێکە کە ژیـــژەک لەبەرچـــاوی دەگرێـــت؛ دەبێـــت ئەوانە لەڕووی بەخشش و ڕەحمەتەوە مل بۆ ویستی گروپێک لە خەڵک بـدەن، کە لەدەســەڵاتدان. لەم ڕوانـگەیەوە، بـارودۆخەکە تەواو ناوەکییەک دەبێت؛ ڕازیبوون لەسـەر داواکارییەکان ***بەمافدان*** (concession) لە لایەن ئەوانـەوە دەگۆڕێت، کـە لـەدەســەڵاتدان، بەڵام بـۆ کـورتکردنەوەی بـابەتی جێگـەی بـــاس، بەم بـــابەتە تـــایبەتییە دەبێـــت لایەنـــی دووەمـــی شیکارەکەمان لە بەرچاوبگرین، لایەنێک کە تێیدا ویستێک لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا بۆ ***داواکارییەک*** دەگۆڕێت، بەڵام چۆن ئەو وەرچەرخانە ڕوودەدات؟ وەک چۆن کە بەڵگەم هێنـابووەوە، ئەو ئـاڵوگۆڕە بەهـۆی ئۆپراسـیۆنی لـۆژیکی هاوتـــــاییەوە ڕوودەدات. خەڵکانێـــــک کە داواکـــــاریی

نشـــــتەجێبوونیان نەهاتۆتـــــەدی، دەبیـــــنن تـــــەواوی داواکارییـــەکانیان هاوشـــێوەی هەڵگـــرتن و گواســـتنەوە، تەندروســـتی، ئاســـایش، فێرکـــردن و.. هتـــدیان تێبینـــی نەکـــردووە. ئەو کـــارە پڕۆســـەیەک دەخـــاتەگەڕ، کە لە کتێبەکەم دا ناوم نابوو in extenso ***[گەشەکردنی ئاسۆیی]***.

ئەو پڕۆسەیە بەم جۆرە بەردەوام دەبێت: بەدینەهێنانی ***تاکە*** داواکارییەک مادام خەڵک خۆی بە هەڵگری مافگەلێک دەزانێـــت کە بەفەرمـــی نەناســـراوە، ویســـت بـــۆ داوکـارییەک (claim) دەگۆڕێـت. هێشـتا ئەو داواکارییـانە ســـنووردارن، چـــونکە ئەو شـــتەی کـــە بـــۆی تەرخانـدەکرێن، تـەواو شـایانی دەستنیشـانکردنن – لە نمـونەکەی خۆمـان، سـەرۆکی شـارەوانی شـار[ە کە دەکەوێـتە ژێـر سـۆزەوە]، بەڵام ئەگەر هاوتـایی نێـوان داواکارییەکـان زۆربێـت، دیـاریکردنی ئـەوەی کـە کـامە داواکاری تایبەت دەبن بە کام بابەت، دژوار دەبێت.

لێرەدا تاک خۆی بەشێوەی هێمای دوژمن سازدەدات – [دوژمنەکانی وەک] ئۆلیگارشی، بنکەی ئابووری، پارەی زۆر، سـەرمایەداری، بەجیهـانیکردنی دڵڕەقـی بەرامـبەر و هەر بەو هـۆیەوە شووناسـی بکەرانـی داواکـاری لە پرۆسـەی یەکپـارچەکردن، یـان تێکڕاییکردنـی ئامـانج و دوژمنان، بۆ خۆی دەگۆڕێت. تێکڕای پڕۆسەی شۆڕشی ڕوسیا بە سێ داواکاری دەستپێکرد: (ئاشتی، نان، وڵات.) ئەم داواکارییـانە تـایبەتبوون بە چـی؟ هەرچەنـد هاوتـایی زۆرتربێـت، ئاشـکراتربێت کە ئەو داواکارییـانە تـەنیا بەردانگ نەبوون بەڕژێمی قەیسەرەوە. ئەگەر لە بەشێکی

دیاریکراوی شۆڕش بپەڕینەوە، هەر ئەوەی کە ***ناوەوەی*** دامەزراوەکان بە ویست دادەنرێت، بۆ داواکاریی دواندنی دامەزراوەکـــان گـــۆڕا، هەر لەو قۆنـــاغەدابوو کە ئەو داواکارییـــانە ماهیەتیـــان بـــۆ داواکـــاری ***دژی*** یاســـای دامەزراوەیی گۆڕی. کاتێک کە ئەو پرۆسەیە لە ئامراز و کەلـــوپەلی دامەزراوەیـــی و لە ئاســـتێکی دیـــاریکراو بپەڕێتەوە، ئیمە خەڵک [گرفتار لە] پۆپۆلیزم دا دەبینینەوە.

دەتـوانین لە خۆمـان بپرسـین، بـۆچی دەبێت بەردەوام لەجیـاتی داواکـاری، لە کـردە کۆمەڵایەتییەکـان بگەیـین؟ سـوبێکت هەمیشـە سـوبێکتی [هەڵتۆقیـو لە] لەدەسـتدان بەڵگەیەکە کە لە ***عەقڵی پۆپۆلیستی*** دا شـرۆڤەم کـردووە؛ سـوبێکت بەردەوام لە بەراوردنەکردنـی نێـوان پـڕی (مەحاڵ) کۆمەڵ و ڕەسـەنێتی وردەکاریی (particularism)، پەنهـان لەشـوێنی دەربـڕین یـان وتـاردا (enunciation) سـەرهەڵدەدات [واتە سـوبێکت بەرئەنجـامی درزێـکە، کـە لە نێوان تەواویەتی تێکڕاو تەکنیکی بەشدا بوونی هەیە].

ئەم کـارە لەگەڵ ئەوەشـدا ئامـاژەیەکە، کە بـۆچی نـاوە ناوزەدکراوەکان لەسەر پڕی [لەجیاتی مەرجی دیالێکتیک]، بەردەوام لەســـەرمایەگوزاری عەیـــارە بیســـتوچواری بەهایەکی تێکڕایی وردەکارییەکی دەستنیشـانکراو بەرهەم دەهێنـرێن: ئەوە هەمـان هەڵکشـانی ئوبێکتـە بەپلەی ***شت [تشـــت]***، بەڵام تێگەیشـــتنی تەواو لەم بـــابەتە ئەوەیە، کە سـەرمایەداری لەوچەشـنە بە بێ گۆڕان، واز لـە ئـوبێکتی بەشەکی [دەروونی خۆی] ناهێنێت. ئەو سـەرمایەگوزارییە عەیـارە بیسـتوچواری ئوبێکـت بە هـۆی تۆمـارکردن و

دیسپلینی دەروونییەوە، بناغەوبنچینەی [ژێرخان]ی پەیوەندی هاوتایی «تێکڕایی دەکات«.

بۆیە ئەو پرۆسەیە ناتوانێت بەوجۆرەی ژیژەک دەیڵێت، بوونەشتێکی سەرف بێت. (بوونەشت، وەک چۆن پێشتر وتمان، جۆرێک ***ئاوەژووبوونەوەیە*** کە لەودا، بەش و تێکڕا جێگەی خۆیان دەگۆڕنەوە، بە بێ ئەوەی شووناسیان گۆڕانی بەسەردابێت؛ ئەوە لە کاتێکدایە کە [تیۆری لە سەربنەمای] پەیوەندی هەژمۆنیک، پێشتر ئاوێتەکردنی کاری بەشەکی و تێکڕایی فەرزدەکات).

بۆ وەڵامدانەوەی بەشی دووەمی ڕەخنەکانی ژیژەک ئەوەندە بەسە ئەو دۆخە لەبەرچاوبگرین، کە وردەکاریی دەستنیشانکراو هەرگیز وردەکارییەکی ***سەرف*** نابێت، چونکە پەیوەندی هاوتایی هەمیشە ناوەڕۆکەکەی (تێکڕایی دەکەن)، واتا ئامادەسازی جەماوەری تاک بابەتی کە ئامانجی بەشگەرایانەیان هەیە و ناتوانن چەمکی شووناسی سیاسی فراوانتر بەهێز بکەن. ئەو دۆخە دۆخێکی ئاڵۆز و سەیرە.

ڕەنگە بابەتێکی ڕواڵەتیی لاوەکی بێت، بەڵام ئەو کارە ڕواڵەتییە تەنها هاوشێوەی لوتکەی کێوێکی بەستەڵەکە، کەوایە لەودیو کاری تاکدا، جیهانێکی فراوانتر لە پەیوەندی و دۆخەکان هەیە، کە ئاوێتەی کاری تاک دەبێت و ئەوە بەدەربڕینێک، لە لایەنگریکردنی تێکڕاییتری دەگۆڕێت. پشتبەستن بە بەهای فەرمی [بە مانای مارکسی] و لەئەنجامدا ماهییەتی تاک بابەتی ئیرادەی جەماوەری، وەک لێکدانەوەی خەونێکە کە بۆ ناوەڕۆکی

ڕواڵەتییەکەی کەمی بکەینەوە. دەکرێت ئەو ڕیفراندۆمانە نمونەی باش بێت کە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا، [بۆ دەنگدان بە دەستووری ئەورووپا] ئەنجام درا.

ئەو نمونەیە بۆخۆی مانای هەیە، بەڵام وەک چۆن کە ژیژەک نیشانیدەدات، هەموو نائومێدییەکان، ترس و دەمارگیرییەکان، دەربڕینی خۆیان لە ***نە***یەکدا کورتکردۆتەوە. هەموو دەزانن کە ئەوەی لە ڕیفراندۆمی باجی وڵاتە یەکگرتووەکان جێی باس بووە، جۆرێک جێگۆڕکێی سیاسی فراوانتر بووە بەمانای تیپی وشە. بەرئەنجامی ئەوە کە مانای پەنهانی سازدانی جەماوەر هەرگیز ناتوانێت لە درووشمی تیۆری و ئامانجی پشتڕاستکراوەی بەدەستبێت، [هاوشێوەی نمونەی لێکدانەوەی خەون]، تەنها کاتێک شرۆڤەیەکی سیاسی شایستە دەستپێدەکات، کە تاکی شرۆڤەکار [وەک دەروونشیکار] بەدیاریکردنی فرە هۆکاری (overdetermination)، بێپێچوپەنا، مانای پاراستبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانی چ ئەنجامگیرییەک بکەیت لەکۆمەڵەیەکی لەوچەشنە ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان شووناسەکانی پۆپۆلار، داواکاری، هەروەها پەیوەندییە ناوەوەییەکانی داواکاری بۆخۆی، دیارە لە نێوان داواکاریی و خواستەکاندا؟ گرنگترین ئەنجامێک، کە دەتوانی دەستەبەری بکەیت ئەوەیە کە هەریەک لە دەربڕینە ناوەوەییەکانی ماتریسی بنەمایی، بەجیا هەڵسەنگاندنی شووناسە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بەپلەی جیاواز سەردەکێشێتە تێکڕایی داواکارییەکانی

ئـەوان. لە لایەکـی مەسـەلەکەوە، کاتێـک داواکارییەکـان، خـود، لەقۆنـاغی ویسـتی سـەرف سـەرووتر نـاکەون، ئێمە جۆرێــک ئارایشــتی بەزۆری دامەزراوەیــی دەبینــین. هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی بوونی» (existence) ئیمانـاس»ن لەنــاو شــوێنە واتاییەکانــدان کە یاســای دامەزراوەیــی کـۆمەڵایەتی وێنـادەکەن. (دیـارە ئەم دۆخە ئاسـتێکی زۆر ئایدیالییە؛ کۆمەڵگە هـەرگیز بەجۆرێک بوونیادنەنراوە کە بکەرانــی کــۆمەڵایەتی بەتــەواوی لــە دامەزراوەکانــدا بتوێنەوە.) لایەکەی دیکەی مەسەلەکە بەم شێوەیە: گـرژی بەردەوامتــر لە نێــوان داواکــاری و ئەوەی ڕێســای دامەزراوەیی دەتوانێت پەلکێشی بکات، بوونی هەیە.

لەم دۆخەدا داخوازییەکـان دەیانەوێـت بـۆ داواکـاریی بگــۆڕێن و هەربــۆیە لەجیــاتی پەســەندکردنی ئەرێنــی ڕەوایەتــی دامەزراوەکــان، جۆرێــک لەڕەخــنە فۆڕمیــان پێدەگرێت. سـەرئەنجام کاتێـک پەیوەنـدی هاوتـایی نێوان زۆرینەیەک لەداواکارییەکان، لەخـاڵێکی زانـراو سـەرووتر بکـەوون، ئیـرادەی جەمـاوەر دژی یاسـای دامەزراوەکـان دێتەئـاراوە، بە شێوازێک کە یاسـای دامەزراوەکـان وەکـو یەک لەتێکڕا لێی تێدەگەن.

ئێمـە لێرەدا لایەنگری سـەرهەڵدانی خەڵکین لە پێگەی هەڵســوڕاوێکی تێکڕاییتــر، [جیهــانگیرتر] و مێژووییتــر، هەڵسـوڕاوێک کە ئامانجەکـانی بەناچـاری لـە پەیوەنـد بە بەڵگـەی پـووچ و بـێ ناوەرۆکـدا بەرجەسـتە دەبێـت؛ ئەو بەڵگە پووچ و بێناوەرۆکانە هەمـان مەسـەلە، یـان ئۆبێکتی دیـاریکردنی شووناســی سیاســیین. لێـرەدا ڕووبەڕووی

جۆرێـک ڕادیکـالیزەکردنی داواکارییەکـان بووینەتـەوە، تـا ئەو جێــیەی کە تەنــانەت ڕەنــگە بەگــۆڕینی شــێوازی شۆڕشــی یاســای دامەزراوەیــی کۆتــایی پێبێـت. گریمـانە دەکرێـت ئەوە هەمـان جـۆری پەرەپێـدانی لـە خەیاڵـە، کە ژیـژەک کاتێک لـە داوانەکردن لە دەسـەڵاتداران و لەجێدا، باســی ئیــرادەی لەناوبردنیــان دەکــات. لەگەڵ ئەوەشـــدا، جیاوازی تێڕوانینی ئەو و من، لەوەدایە کە بە باوەڕی مـن ســەرهەڵدانی هەڵســوڕاوانی ڕزگــاریخواز لـۆژیکی خـۆی هەیە، بەو مانایە کە ئەو لۆژیکە ئاوێتەی بنەمای داواکاری کـردەی کـۆمەڵایەتی بـووە، بەڵام لای ژیـژەک ئـەو لۆژیکـە مانــای نیــیە. لای ئەو، لە پــێگەی بــوونەوەری کامڵــدا لە ســوبێکتە ڕزگــاری کــەرەکان دەگەیـن، کەســانێک کە وەک مینـروا لەسـەری ژۆپیتەر، بەبێ بڕینـی هـیچ پڕۆسـەیەکی کۆرپەلەیی [بە جارێک] سەرهەڵدەدەن.

بەشــێک لە کتێــبەکەی مــن کە تــایبەتە بە ژیــژەک، بەناونیشــانی «ژیــژەک: لە چــاوەڕوانی مەریخەکــان». لە واقیعـدا ئەو بەشـە لە سـوبێکتەکانی ڕزگاریکـەری ئەودیـو زەوی ژیــژەک دەکــۆڵێتەوە؛ مەرجەکــانی ئەو ســوبێکتانە لەجیاتی بکەرانی شۆڕش، باسی دەروون ئەندازەیی ڕەقـی ئاکــامی کــۆمەڵایەتی کــراوە، کە هــیچ هەڵســـوڕاوێکی بە ئەزمون و واقعیەکانی ناتوانێت تەبای بێت. هەرچۆنێک بێــت، ژیــژەک لە نووســـینەکانی ئەم دوایـــیەی خـــۆی، ســـتراتیژییەکی نــوێی بــۆ ناونــانی بکەرانـــی شـــۆڕش بەکاردەهێنـــا؛ ئەو بەهەڵبـــژاردن و ســــوودوەرگرتن لە هەڵسـوڕاوانی واقعـی و ئامـادەگی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا

مەریخییەکان دەخولقێنێت و زۆر خەسڵەتی خەیاڵیان دەداتە پاڵ و تەنیا ناوێک لە کردە گەرێتی سیاسیان بەناوچاوانەوەیە، ئێمە بۆ ستراتیژیەتی «بەمەریخیکردنی» ژیژەک دەگەڕێینەوە.

## ناتەبایی و ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان

ئێستا با ئەو ڕوونکردنەوانە شرۆڤە بکەین، کە ژیژەک دەربارەی بارودۆخی هەنوکەی تیۆری مارکسیستی خستوویەتییەڕوو. گرنگترین بەش کە ئەو ئاماژەی پێدەکات، بۆ ئابووری سیاسی مارکس دەگەڕێتەوە. بەوتەی ئەو لە واقیعدا تێڕوانینی بەرایی بۆ ئابووری سیاسی مارکس «زانستێکی ئەتنیک» و ئەرێنییە، کە ئاستی بەشێک لە واقعییەتی کۆمەڵایەتی مادی دیاریدەکات، بەمەش بەپتەوکردنی ڕەخنەی ئابووری سیاسی لەسەر سیاسەتی ڕزگاری کەر (یان بەدەربڕینێکی دیکە، ڕازیبوون بەپێدانی مافی پاوانکاری بەخەباتی چینایەتی). کاری سیاسی بۆ دیاردەی بەشەکی لە واقعیەتی مادی دادەشکێت، (p. 565) ئەو پاشان بۆ ڕەتدانەوەی ئەوبانگەشەیە، کە دابوویە پاڵم، پەنا دەباتەبەر وتاربێژی دووروودرێژ تا بەو ڕێگایە نیشانیبدات بوونە بتی کاڵا، بەمانای وشە، جۆرێک ئاکامی دەروونی خودی شێوە [فۆرم]ی سەرمایەیە؛ ئەو هەوڵدەدات نیشانیبدات ئەوە شێوەی ڕووتەڵی نییە، چونکە پرۆسەی کۆمەڵایەتی واقعیی دیاریدەکات: (کێشە، واقعی بوونی ئەو ڕووتەڵییەیە - ڕووتەڵییەک لە چەمکی وردی

دیاریکردنی بنەمای تەواو مادی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی نییە، کە تەنیا لە خراپ تێگەیشتنی ئێمە «مامەڵەخوازانی دارایی»ە، لە واقعیەتی کۆمەڵایەتیدا. سەمای تاک و بازرگانانەی سەرمایە، چارەنووسی تێکڕای چینە مرۆڤایەتییەکان و هەندێکجار هەموو وڵاتان دیاریدەکات، کە لەساردوسڕی سەرخۆشانە سەبارەت بە چۆنییەتی کاریگەری لەسەر واقعیەتی کۆمەڵایەتی، تەنیا بیر لە قازانج دەکاتەوە) .«p.566»

ژیژەک دوای ئەوەی کە دەست بۆ توندووتیژی ناوەندی و خودی سەرمایە دەبات، ئەنجامگیری دەکات: (لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی جیاوازی لکانی نێوان واقعیەت و کاری واقعی دەبینەوە: واقعیەت، واقعیەتی کۆمەڵایەتی خەڵکانی حەقیقییە کە گیرۆدەی پرۆسەی لایەنێکی مامەڵە و بەرهەمهێنەرانن، لە کاتێکدا کاری واقعیی، لۆژیکی نەگۆڕ، تارماییئاسا و ڕووتەڵی سەرمایەیە، کە ڕەوتی واقعیەتی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات) .«p. 566»

بانگەشەی ئەم دواییە، ڕاڤەیەکی تەواو ناڕاستە لە چەمکی کاری واقعیی. نموونەیەکی زۆر باش لە گۆڕانی سیستمی تیۆری لکاندنە بەدەست ژیژەکەوە، ئەو دەیەوێت بەوهۆیەوە تیۆری لکاندن تەبای جۆرێک هیگڵیزم بکات، فەلسەفەیەک کە لە زۆرلاوە ڕووبەڕووی سیستمی لکاندن دەبێتەوە. ناکرێت کاری واقعی جۆرێک لۆژیکی سەخت، نەگۆڕ و خەیاڵی بێت، کە بەسەر واقعی کۆمەڵایەتیدا دەسەپێنرێت، ئەوەش بەو بەڵگە سادەیە، کە کاری ڕاستەقینە ئۆبێکتی دیاریکراو نییە، یاسا باڵادەستەکان

لەسەر جووڵانی پێیدرابێت، بەڵکو بە پێچەوانە، کاری واقعیی شتێکە تەنیا ئامادەیە و بە هۆی کاریگەرییە تێکدەرە شاراوەکانی کاری هێماییەوە خۆی نیشاندەدات. کاری واقعیی یەک/ ***ئۆبێکت*** نییە، بەڵکو جۆرێک ***سنووردارییەتی*** دەروونییە کە بەر بە هەڵسەنگاندنی تەواوی هەرجۆرە ئۆبژیکتۆڤیتەیەک، یان واتایی دەگرێت.

دەستنیشانکردن (یان دیاریکردن)ی ناسنامەی کاری واقعی، بەهۆی لۆژیکی سەرمایەوە، نمونەیەکی باشە کە بەوهۆیەوە دەتوانین بزانین ژیژەک هەمیشە پەنادەباتەبەر وتەزای بوونەشت. هەڵەکەی هاوشێوەی هەڵەی کانتە؛ کانت پاش ئەوەی دەڵێت وتەزاکان تەنها لەسەر دیاردەکان هەڵدەگیرێن، نەک لەسەر شتەکان، پشتڕاستیدەکاتەوە شتەکان لەخۆیدا هۆکاری دەرەکی دیاردەکانن (appearances)، ئەوە واتا وتنی وتەزایەک – هۆکارە - لەسەر شتێک کە لەبنەڕەتدا ناکرێت بکەوێتە ژێر **هیچ** وتەزایەکەوە. هۆکاری ئەوەی ژیژەک ناچارە بەمشێوەیە چەمکی کاری واقعی بگۆڕێت، بۆیە تەواو ئاشکرایە: تەنها کاتێک لۆژیکی سەرمایە دەتوانێت لەپێگەی بناغەو بنچینە، یان ژێرخانێکی دیاریکەری ڕاستی کۆمەڵایەتیدا کاربکات، کە لۆژیکی خود – بینابێت، بەڵام کاری واقعی لە مانای لکانیدا ڕێک پێچەوانەیەتی، کاری واقعی بازنەیەک دەکێشێت تابەر بەخودی - بنەمای کاری هێمایین بگرێت.

بەکارهێنانی خوازە بۆخۆی و پێشکەوتنی دوانەیی واقعیەت/ کاری واقعی کە لەحەقیقەتدا جگە لە جیاوازی

ژێرخـــان/ ســـەرخان شـــتێک نیـــیە، لێـــرەدا تەواو بێمانـــا دێتەبەرچاو. ئاشکرایە لۆژیکی سەرمایە، هێندەی واقعیەتی کۆمەڵایەتی بەردەم دیاریکردن، هێمایین، هێماییینە. بەمەش دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی، کە ئەگەر لـۆژیکی سـەرمایە و واقعیـەتی کـۆمەڵایەتی لە ***بـارودۆخی ماتریـالی*** (pari material) دابن – هەردووکیان هێمایین بن – ئەو بۆشایی و درزانـــەی کە بە هـــۆی ئامـــادەگی کـــاری واقعـــی، لە واقعیـەتـی کۆمەڵایەتیـدا دەردەکەوون، لە هەمـان لـۆژیکی سەرمایەشـدا (***self-development***) گەشـەپێدانی خـودی ئامـــادەن (گەشـــەپێدانی خودێـک کە بەزوویـــی ئـــالودەی شـتێکی ناتەبـا بەخـۆی دەبێـت؛ ئەو گەشـەپێدانی خـودە، گەشەپێدانی خودی پەتی نابێت).

من ناڵێم کاری واقعی پەیوەندی بە باسەکەمانەوە نییە، بەڵکو دەڵێم ژیژەک لە شـوێنێک بەکاری هێنـاوە، کە هـیچ فـڕی بەسـەرەوە نـیـیە. لۆژیکێـک ناتوانێـت کـاری واقعـی لەجیاتی کاری واتایی شیکار بکات، کە سـەروکاری لەگەڵ کۆمەڵە چەمکێک هەیە. سەرەڕای ئـەوە، پـێش هەوڵـدان بۆ پێدانی شوێنی ئەنتۆلۆژیک و دیاریکراو بەکاری واقعی – ئـەگەر بتـوانین ئەو دەسـتەواژەیە لە پەیوەنـد بەو شـتانە بەکـــاربهێنین، کە ئامادەییـــان لـــەنەکاو [شـــوێنەکانی ئەنتۆلۆژیک] ئاوەژوودەکەنەوە –.

دەمەوێـت بۆبانگەشـەکەی ژیـژەک بگەڕێـمەوە، ئـەو دەڵێت: لەجیاتی زانستی ئەتنیک «سەرزەنشتی» ئـابووری سیاسـی مارکسـم کـردووە، کە سـنووری بـۆقەڵەمڕەوی واقعیـەتی کـۆمەڵایەتی دانـاوە، کـاری سیاسـی بـۆ نـیمچە

دیــاردەیەک دابەزانــدووە. ئــەوە کە مــن سەرزەنشــتی ئابووری سیاسیم کردووە، تەواو درووستکراوی خودی ژیــژەکە. مــن هەرگیــز بانگەشــەم نەکــردووە ئــابووری سیاسـی زانسـتێکی نـاوچەییە، هەر بەو هـۆیە سـادەوە کە وێڕای شایستەیی و ناتەواوییەکانی ئەو، ئابووری سیاسی مارکســـــی، وتـــــارێکە ســــەروکاری لەگەڵ تەواویەتـــــی کۆمەڵایەتیــدا هەیە، («توێکــارانی کــۆمەڵگەی مەدەنــی، ئابووری سیاسییە»).

بەمــەش دوو ڕێــگەی شــیاو بــۆ ڕەخنەلێگرتنــی، بەم شێوەیە: کە لەمەودوا بتوانین بیسەلمێنین ناکۆکی لۆژیکی لە وتەزاکاندا هەیە، یا نیشانیبدەین لە ئابووری سیاسییدا جۆرێک دەرەوەیی ناتەبا لە گۆڕێیە کە لە هەڵسەنگاندنی ***نابەردەوامی بنەمایی*** (fundamentum inconcussum) کاری کۆمەڵایەتی، لە دەوری وتەزای نـاوخۆیی خـۆی ناهێڵێـت. ئێسـتا ڕەخـنەی بەرایـی ڕێتێچـووە؛ لە سـەدەی ڕابـردوو چەنــــدینجار ئەو ڕەخــــنەیە بـــۆ ئـــابووری سیاســـــی دووبــارەبووەوە، ئەوە لەکاتێکــدایە کە لە تیــۆری کــاری تەوەری بەهـــــای مـــــارکس، بەوجـــــۆرە شـــــتێکی زۆر نەمـاوەتەوە کە خـۆی ئاڕاسـتەی کردبوو. ئەوەنـدە بەسـە ناوەکـانی: یـۆگن فـۆن بـووم – بـاورک (Bohm Bawerk)، لادیــلاوس بۆرتکیــۆیچ(Ladislaus Bortkiewicz) ، جــۆن ڕۆبنسن (Joan Robinson)، یان پیرۆ سـرافا (Piero Sraffa) بیربێنینەوە[42]. تێکڕای باسی گۆڕانی بەهاکان بۆ نرخەکان،

---

[42]. بڕوانە کتێب درەوشاوی:

لەسەرەتای سەدەی بیستەم، یەکەم نموونەی ئەو شیکارە ڕەخنەییە بوو. ژیژەک بەگشتی ئەو ئەدەبە نادیدەدەگرێت و پارێزگاری لە نوسخەی مارکسی تیۆری کاری تەوەری بەهـا دەکـات، ئەوەش لەجیـاتی بیروبـاوەڕی نەگـۆڕ و ململانێ هەڵنەگر.

کەوایە کـــات لەســـــەر ئەو دۆگمـــــاتیکی نەزۆکە بەفیرۆنـــادەین و لە دووەم ڕەخـــنەی شـــیاوی ئـــابووری مارکسی دەکۆڵینەوە؛ کە زیاتر لەگەڵ بابەتەکەمان دێتەوە. بەدیلـــی ئەو ڕەخـــنەیە ئەم شـــیکردنەوەیە: لە یەکەم سیناریۆی شیاودا، هیچ دەرەوەییەک لەبارەی پڕۆسەیەک نییە، کە داهـاتووی وتەزاکـانی ئـابووری وەسفیانکردووە؛ تەنیا مێژوو دەتوانێت مەیدانی خۆنیشـاندەری نـاوەوەیی ئەو وتەزایە بێـت، بـۆیە گێـڕانەوەی ئەتنیـک کە - ئەگەر سوود لە دەستەواژەکانی خودی ژیژەک وەربگرین — بە هۆی وتەزاکانی ناوبراوەوە بەرجەستە دەبن، بە هاوکات دەبنە ئەنتۆلۆژیکیش. بەم شێوەیە ڕووبەڕووی پڕۆسەی تەواو دەروونـی بووینەتـەوە، کە هـیچ جۆرە دەرەوەییەک کاری تێ ناکات.

ئەم داهاتووی لۆژیکییە هاوکـات بەهـای میتافیزیکیشـی هەیە، بەڵام لەبـارەی هێـزە ***نەیارەکـانی*** سـەرمایەدارییەوە دەتوانین بڵێین چی؟ ئەم هێزانە لە مۆدیلی ناوبراودا، تەنها ئاکـامێکی دەروونـین لـە خـودی سـەرمایەداری، دەتوانیت بەســادەیی تێبگــەیت شــەڕی چینــایەتی چ ڕوویەکــی لەم

---

Ian Stedman, Marx after Sraffa (London, 1977).

چاوپێداخشـاندنەوەی واتـایی خـوازەدا هەیە؛ بەم جـۆرەیە کە سـەرمایەداری بۆخـۆی گـۆڕی خـۆی هەڵـدەکەنێت. سـیناریۆی دووەم لەگریمـانەی پێکنـاکۆک بەدەسـتدێت: هێـزە دژە سـەرمایەدارەکان تـەنیا ئاکـامی لـۆژیکی سـەرمایەداری نـین، بەڵکـو لە دەرەوەیـدا ***وەسـتان*** دێنێتـەئاراوە، بـۆیە گێـڕانەوەی سـەرمایەداری لە ئاشـکراکردنی وتەزا دەروونییەکـانی فـۆڕم ناگرێـت. لەم بـارەیەوە نمـونە دێنیـنەوە: بەهەمانشـێوە کە تـوویژینەوەیەکی زۆر نیشـانیداوە، پەڕیـنەوە لە بەهـای زیـادکراوی ڕەهـا بـۆ بەهـای زیـادکراوی ڕێژەیـی، تەنیـا بەرئەنجـامی بزووتنـەوەکانی فـۆڕم گرتـووی دەروونـی لۆژیـک لە فەزای دامـاڵراو لە ناکۆکییەکـان و شـەڕ بەهرەمەنـد نیـیە، بەڵکـو ئەو پەڕیـنەوەیە بۆخـۆی کاردانەوەی بۆ ئامادەکارییەکانی کرێکارەکانیشی هەیە.

ئەگەر بەم جۆرەبێت، ناکرێت باسی هیچ مێژوویەکی تەواو دەروونی بکەیت، مێژووی هاوشێوە کە لە پێشـەکی ***ڕەخـنەی ئـابووری سیاسـی***دا هـاتووە، دەبێـت باسـی مێـژووی شـەڕ تەوەر بکەیـن، کە نـاچێتە ژێربـاری هـیچ تیـۆرییەکی پەرەپێـدانەوە. مـن زۆر جەخـت لەوخـاڵە دەکەمەوە، چـونکە بـە درووسـتی تێگەیشـتن لێـی، ڕاستەوخۆ بۆ چەمکی خەڵک ڕێنماییمان دەکات، خەڵکانێک کە لە ***عەقڵی پۆپۆلیستی*** دا شرۆڤەم کردبوو.

کەوایە پێویست ناکات بڵێم ئێمە لە نێوان دوو بژاردەی بەردەممانـدا بـۆ بەدیلـی ڕەخـنەی ئـابووری-سیاسـی، لێبـڕاوانە، دووەمیـان هەڵبژێـرین. لەواقیعـدا، ***عەقڵـی***

***پۆپۆلیستی*** تاڕادەیەکی زۆر، هەوڵدەدات ئاکامی تیۆری ئەو هەڵبژاردنە ئاشکرا بکات، بەم حاڵە، ژیژەک گوماندەکات و لە من باشتر دەزانێت و پشتڕاستیدەکاتەوە هیچ بەدیلێک بۆ [ئابووری سیاسی مارکس] نییە. بۆ نمونە دەڵێت، (مارکس جیاوازی لە نێوان چینی کرێکار و پرۆلیتاریادا دەکات: چینی کرێکار بە ئاشکرا گرووپێکی کۆمەڵایەتی لاوەکییە، لە کاتێکدا پرۆلیتاریا جۆرێک دۆخی سوبێکت نیشانە دەکات) .(p. 564) باشە، دەبێت لە سەرەتادا بووترێت، مارکس ***هەرگیز*** ئاماژەی بە جیاوازییەکی لەوجۆرە نەکردووە.

دەبووایە بەڕێکەووت ئەوکارەی ئەنجام دەدا، بەڵام ئەنجامی نەدا. هەموو هەوڵە تیۆرییەکانی ئەوەبوو، کە نیشانیبدات تەنها کاتێک تەمی مێژوویی دەڕەوێتەوە کە سوبێکت، یان هۆکاربوونی شۆڕشگێڕی، ئەستەم، ڕیشەی لەدۆخی بابەتی یان واتایی دایە، دۆخێک کە بۆخۆی پرۆسەیەک بەرهەم دێنێت کە کۆمەڵێک لە یاسا ئیماناس و پێویستەکان بالادەستن بەسەریدا. ئایا ژیژەک تا ئێستا ***مانیفێستی کۆمۆنیستی*** خوێندووەتەوە؟ ئەگەر خوێندوویەتییەوە، بێگومان دەزانێت بە وتەی مارکس و ئەنگلس، (بۆرژوازی تەنیا ئامرازەکانی شەڕ لە کارگەکان درووست ناکات، ئامرازەکانی شەڕ دەخوڵقێنێت، کە بۆ خودی بۆرژوازی مردن بەدیاری دێنن؛ واتا ئەوانەی کە بە چینی کرێکار و پرۆلیتاریای دەزانین)[43].

[43] . Karl marx and Frederick Engels, Manifesto of the Communist party, in The Marx-Engels Reader, trans. Pub., ed. Robert C. Tucker (New York, 1978), p. 478.

ئایا ژیژەک ***خێزانی پیرۆزی*** خوێندووەتەوە، کە لەودا مارکس و ئەنگڵس، لەدژی برۆنۆ و باویەر ئاماژە بەحەتمیبوونی کۆمۆنیزم دەکەن، شتێک کە ڕێک لە مرۆڤایەتی دامالێنی پڕۆلیتاریا (چینی کرێکاری)، کە لە لۆژیکی خاوەندارییەتی تایبەتیدا فۆرمیگرتووە؟ ئایا ئەو ***ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی*** خوێندووەتەوە، کە لەودا، مارکس و ئەنگڵس، دژی سۆسیالیزمی ڕاستەقینە دەوەستنەوە و یەکێتی کرێکاری – واتە، کۆمەڵێکی بەهێز لە بابەتی واتایی و کۆمەلایەتی – بە ڕیشەی سەرەکی نامۆیی مرۆڤی دەزانن؟ چما ***سەرمایە و گرۆندەریسە*** هەوڵی بەردەوام نییە بۆ بنبڕکردنی چەوسانەوە لە پڕۆسەی واتاییدا، ئایا پڕۆسەیەک بەسە کە شەڕی چینی کرێکاری خراوەتەسەر؟. پێویست ناکات درێژە بە باسەکە بدەین، هەموو خوێندکارێکیش ئەوە دەزانێت.

سەرەڕای ئەوە، ئەوەی مارکس لە بابەت جیاوازی ڕیزبەندناسی نێوان کاری سۆبژێکتیڤ و کاری ئۆبژێکتیڤ لە زەینیدایە، تەواو ڕوون و ئاشکرایە، ئەو دەیویست بڵێت ئەو دوو چەمکە جیاوازنین، کە لەچاوپێداخشاندنەوەی کۆمەلایەتیدا، گرنگ نییە، بەڵکو لۆژیک و تۆپۆگرافی، یان دیاریکردنی بارودۆخ، پەیوەندی نێوان سنووری ئەو دوانەیە، پیشەکی ***ڕەخنەی ئابووری سیاسی***ش شرۆڤەیەکی تەواوی ئەو شێوە پەیوەندییەیە.

لە واقیعدا ئەو جێگرەوەیە بۆ شێوازی تێڕوانینی لێکدژی ژیژەک دەگەڕێتەوە، کە پێشنیازمان کرد. جیاوازی نێوان کاری سۆبژێکتیڤ و کاری ئۆبژێکتیڤ، لە

لایەک، بۆ ژیژەک زۆر گرنگە، کە درێژ بووەوەی هەمان دوانــەیی نێــوان بــارودۆخ و ڕووداوی ئــالان بــادیۆیە[44]، چونکە ئەو هەوڵیدەدا درزێکی بنەمایی بکاتە نێوان پچڕانی شۆڕشگێڕی و بارودۆخی پێش ئەو، کە ئەمە دەرئەنجامی لاوەکــی ئەو بۆچــوونەیە، نابێــت کــردەی شۆڕشــگێڕی شتێکی هاوبەشی لەگەڵ بارودۆخێکدا هەبێت، کە شۆڕش لەوێدا ڕوودەدات. سەرەڕای، لە لایەکەی دیکەوە، ژیژەک بەردەوام، (ad nauseam) جەخت لە تەوەریبوونی شەڕی ***ئابووری*** - دژی سەرمایەداری دەکاتەوە، تۆبڵێی شتێک لە بارودۆخی هەبوو - کاری ئابووری لەجیاتی شوێنی بەشــەکی، لەنــاو تۆپــۆگرافیکی کۆمەڵایەتیــدا - هەبێــت، کە ڕۆڵی باڵاڕۆیی و بنیاتنەری جۆرەکانی بینیووە؟

ڕووداوەکــان بەشــێوازی پێشــتر دیاریــدەکات، ئەگەر بڕیــارە شــتێکی وەهــا لەواقیعــدا ڕووبــدات. لــەو ڕووەوە دەبێــت بارودۆخەکــە جۆرێــک پێشــینەی ئەنتۆلــۆژیکی لــەبــارەی ڕووداوەوە هەبێــت، ڕووداوێــک کە وەســتان و درزی ئەو لەبارودۆخدا، وەکو ئاکامەکەی، ناتوانێت کاری ڕادیکــاڵ بێــت، یــان ڕیشــەیی. بەم جــۆرەیە کە ژیــژەک ڕووبەڕووی ئەڵتەرنــاتیڤی ***پاوانکــاری*** دەبێــتەوە و ئەو ئەڵتەرنـــــاتیڤە بەڕادەیەک پێکەنینـــــاوییە کە بۆخۆشـــــی تێیناگات، لەجێدا، بەشێوەی پێکناکۆک پێدادەگری دەکات لەسەر هەردوو بژاردەکە.

---

[44]. See Alain Badiou, L, Etre et I,e ve nemnt (paris, 1988).

با ژیژەک لەگەڵ دژایەتییەکەی خۆی هەڵبکات، ئێمە لە تیۆرێکی دیکە دەکۆڵینەوە، کە لانی کەم بە ئەندێشەی مارکس بەستراوەتەوە. گومان لەوەدا نییە کە لای مارکس، لایەنی ئۆبژێکتیڤ پێگەی بالاتری هەیە. مێژووی گێڕانەوەی زنجیرەییە، چونکە پەرەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێنان، مانای پەنهانی خودی پەرەپێدان ئاشکرادەکات. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا سەردەکێشێتە چەوسانەوەی زۆر، بۆیە شەڕی کرێکاران قەیرانی سەرمایەداری خێرادەکات، بەڵام ڕیشەی ئەو نییە.

نابێت لە کردەی کرێکاراندا بۆ هۆکاری پاشەکشەی یەکجارەکی سیستەم بگەڕێیت، ئەگەرچی بە میکانیکی ئەنجام نادرێت. ئەوە هەڵەیەکی ئاشکرایە، کە گومان بکەین لای مارکس، پێویستی مێژوویی، ئازادی کار بۆ نیمچە دیاردەیی سەرف دادەبەزێنێت. مەسەلەکە لێرەدایە کە پێداویستی مێژوویی و کردەی ئازاد و شۆڕشگێڕی، بەجۆرێک هاوتای یەکن کە ناتوانرێت لێکجیابکرێنەوە. تیۆری سپینۆزا لەبابەت ئازادی، ئازادی وەکو زانیاری پێویست، کە هێشتا لایەنی ڕەسەنێتی تیۆری فەلسەفەی هیگڵی هەڵگرتووە، لە مارکسدا بۆ ئەسڵی ***کارا*** دەگۆڕێت، کە پێویستی و ئازادی یەکدەخات. هەربۆیە لای مارکس هیچ جیاکردنەوەیەکی شیاوی نێوان کاری وەسفکردن و کاری یاسایی [یان ئەخلاقی] بوونی نییە و لەئەنجامدا، هەر لەبەرئەوەیە، مارکسیزم پێگەی ئەخلاقی سەربەخۆی نییە، دیسانەوە بۆیە جیاکردنەوەی ژیژەکی نێوان پڕۆلیتاریا و چینی کرێکار، کاری سۆبژێکتیڤ و کاری

ئۆبژێکتیڤ، دەکرێت لە فەلسەفەی مارکسدا هەڵگەڕانەوەیەکی ئاشکرابێت.

کێشەکە لەوێ دەستپێدەکات کە بەڕامانی زیاتر، تێدەگەین جۆرێک پووش بەسەری خۆیی بەکارهێنراوە کە ڕێگەنادات پەڕینەوەیەکی هێمن لە وتەزایەکی ئابوورییەوە بۆ وتەزایەکی دیکە و لە ئەنتاگۆنیستی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەنتاگۆنیزمێکی دیکە ڕووبدات. تێڕوانینی مارکسیستی بۆ چارەنووسی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەسەر گریمانەیەک وەستاوەتەوە: ئاسانکردنەوەی ستراکچەری کۆمەڵایەتی بەهۆی [وێنای] سەرمایەدارییەوە. ڕەعیەت و چینی مامناوەند بزردەبن و لەکۆتاییدا، بەشی بەرچاو لەکۆمەڵ، پەیوەندی بەجەماوەری زۆری پڕۆلیتاریاوە دەکەن، بەمشێوەیە دوابەشی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنتاگۆنیستی مێژوو، قۆناغی کۆتایی ململانێی نێوان بۆرژوازی و چینی کرێکار دەبێت. یەکسەر نەگونجانی ئەو مۆدیلە ستراتیژیکە، هەم لە ئاستی تیۆری و هەم لەجیاتی موتالاکردنی ڕووداوەکانی کۆمەڵگە، ئاشکرا بوو.

تیۆری کاری تەوەری بەها نیشانیدا، ئازار بەدەست پچڕانی تیۆری زۆرەوە دەبینێت؛ جیاکارییە دەروونییەکانی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابووری ناتوانێت بەهۆی هیچ جۆرە یاسایەکی سۆزدارییەوە، ئەویش بەشێوازێکی عەقڵانی یەکبخرێت. ستراکچەری کۆمەڵایەتی، لەجیاتی ئەوەی هاوچەشنی تربێت، ئاڵۆزتر و فرەجۆرتر بوو؛ درزەکانی نێوان شەڕی ئابووری و شەڕی سیاسی، تەنانەت لەناو چینی کرێکاردا، پاشان

لەڕوانگەی سیاسییەوە کەمتر و کەمتر جڵەو کرابوو. یەکەمین چارەسەر ئەوەبوو کە هەوڵبدرێت هێڵی سەرەکی تیۆری کلاسیک بپارێزرێت، بەڵام سیستمی هۆکارەکان زۆر بێت و لە کاتێکدا ئەرکی دلێرانەی هاوتاسازی کاری ناتەبا لە ئەستۆبگرن، کە ئەو هۆکارانە، دەبنە جێی متمانەیەکی زۆری. تیۆری لۆکاچ لەبابەت ئاگایی ساختەوە - کە ئەڵقەی پەیوەند(correlatum)ی ئەو، شوێنی ئاگایی ڕاستینی پرۆلیتاریابوو لە حزب - نمونەی ئاشکرا لەم بەکارهێنانەدا زۆر زەحمەت، بەڵام تەواو بێکەڵکی سیستمی هۆکارەکانە.

لە مارکسیزمدا بوونیادگەرا، جیاوازییەک کە نیکۆلاس پۆلانزاس لە نێوان (دیاریکردن لەدوا هەنگاو) و (ڕۆڵی لەسەرووتری)[45]ش بێئاکام دەبێت، تاکە بەدیلی گونجاو، پەسەندکردنی ناتەباییە لە بەهای فەرمی دا، بێئەوەی بۆ

---

[45]. “determination in last instance” و "dominant rol".
ئەو دوو زاراوەیە لە بنەمادا بە وێناکردنی ئاڵتۆسێر لە تەواویەت بەپێی ستراکچەرێک دەکرێتەوە. ئەو بە ئاماژەکردن بە تەواویەت لای هیگڵ و مارکس، ئاماژە بە جیاوازی نێوان ئەو دووانە دەکات. لە کاتێکدا تەواویەتی هیگڵی پێشگریمانەیەکی جۆری ڕەسەن و سەرەتایی هەیە کە لەودیوو نمودی پێکهاتەیی شوێنی هەیە و بەهۆی دەرەوەیی گەرایی ئەو زاتە، لە مێژوودا بەرهەم دێت، تەواویەتی مارکس لە بەشە بەهێزکەرەکانی جیانییە و لەو ڕووەوە تەواویەتی بێ ناوەندە. تەواویەتی مارکسی لە پێگەی ستراکچەرێکی لە ناوەند داماڵراو [structure decentree]، تەنها تووخمی بانتر و لەسەرووتری هەیە کە تەنیا لەبەردەم دوابەشی دیاری دەکرێت. و.ف.

هەرجۆرێک تەبایی پەنهانی و نووسین کەمی بکاتەوە و ئەو پرسیارەی کرد کە چۆن دەکرێت یەکپارچەکردن، یان تەواویەتبەخشی دیاریکراو، شیاوبێت، کارێک کە بۆ ناتەباییەک کەمنەکرابێتەوە. نەخشەکێشانی ئاسۆیی، کە وەڵامی ئەوپرسیارە ڕووندەکاتەوە، کارێکە دەمانەوێت ئێستا ئەنجامی بدەین.

پێش ئەوەی لەم کارە بکۆڵینەوە، بە باشی دەزانم وتارەکەی ژیژەک لە لاپەڕەکانی 565 تا 568 ڕوونبکەمەوە، چونکە ئەو لەو بەشەدا بەبەڵگەی گونجاو سەرەتای تیۆرەکانی خۆی جیاکردوەتەوە، خاڵی سەرەکی بەڵگاندنەکانی بەمجۆرەن:

1. دوو لۆژیکی تێکڕایی یان جیهانگر (universality) هەیە، کە دەبێت لێکجیابکرێنەوە. لۆژیکی یەکەم، بۆ دۆخێک دەگەڕێتەوە کە هیگڵ بۆ یەکەمجار، وەک چینی تێکڕایی یان جیهانگر، هۆکاری بێ نێوەندگیریی ڕێسای کۆمەڵایەتی، خستییەڕوو. لۆژیکی دووەم، تێکڕایی زیادە و زیادکراوە، کە لە سیستمەکەدا هەیە، بەڵام شوێنی لەودا لە دەستداوە – «بەشێک لە هیچ بەشێک «the part of no part»). ژاک ڕانسێر. بەم شێوەیە، قسەکردن نییە لەسەر ناوەڕۆکی بەشەکی کە (شێوەی پووچی تێکڕایی هەژمۆنیزە بکات، بەڵکو لەسەر شەڕی نێوان خودی شێوەی پاوانکاری و دوانەییە)«p. 564» .

2. پرۆلیتاریا جۆری دوەمی تێکڕایی بەرجەستە دەکات. (لێرەیە کە ژیژەک بەوشێوەیەی پێشتر ڕوونمانکردەوە، پرۆلیتاریا و چینی کرێکار

لێکجیادەکاتەوە). لێرەدا ژیژەک ڕەخنە لە تێڕوانینم بۆ مەسەلەی (lumpenproletariat)[46] دەگرێت و دەڵێت جیاوازی ئەو ***بەمانای وردی*** پڕۆلیتاریا، هەمان (جیاوازی نێوان گرووپێکی کۆمەڵایەتی واتایی و ناگرووپێک نییە، ناگرووپێک کە - زیادەی بەبێ شوێنی گونجاو لەبنیاکردنی کۆمەڵایەتیدا بیردێنێتەوە؛ لەواقیعدا ئەوجیاوازییە هەمان جیاکاری نێوان دوو دۆخی ئەو بیرهێنانەوە - زیادەیە کە دەبێتە هۆی فۆرمگرتنی دوو پێگەی سۆبژێکتیڤی جیاواز) .«p. 564»

لەکاتێکدا کە لۆمپینی پڕۆلیتاریا لەپێگەی ناگرووپێکدا، دەتوانێت بەشداری ستراتیژیەتی هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بکات - بەم مانایە کە تەواو جڵەوکراوبێت - چینی کرێکار ***لەجیاتی گرووپێک***

---

[46]. ***لۆمپین پڕۆلیتاریا***، زاراوەیەکە کە بۆ یەکەمین جار مارکس و فیدریک ئەنگلس لە دووەمین کتێبی هاوبەشی خۆیان بەناوی ***ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی*** (1845) بەکاریانهێنا. ئەوان لەو بەرهەمەدا و بەرهەمی داهاتووی خۆیان ***لۆمپین پڕۆلیتاریا***ن بە (خڵتەی چین) زانی، کە بەپێچەوانەی بۆرژوازی و پڕۆلیتاریا، لە بەرهەمهێناندا ڕۆڵیان نییە و لە پەراوێزی کۆمەڵدا لەڕێگا گوماناوی ئاساکانی وەک سواڵ و دەلالی و فرتوفێڵەوە بژێوی ژیان دابین دەکات. مارکس ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە بە پەیوەست، کاسەلێسی بۆرژوازی، خانەدان دەزانێت و هەر لەبەر ئەوە ئەوان بەدژە شۆڕش هەڵیاندەسەنگێنێت. لە چەند دەیەیەکی ئەم دواییە، ئەو زاراوەیە بەشێوەی کورتکراوە (لۆمپن)، لە زمانی ڕوسی، توورکی، هەندێک زمانی دیکە و هەروەها بەشێوەی (لمپن) لە فارسیدا بۆ سووکایەتی پێکردن بەکاردەهێنرێت.

کەوتووەتە پێگەیەکی لێکدژەوە، واتا خاوەن شوێنی وردو دەستنیشـــانکراوی لـــەناو [ســـتراکچەر] کەڵەکەبـــوونی سەرمایەدایە، بەمشێوەیە، ناتوانێت لە ڕێسای کۆمەڵایەتیدا جێگایەک بۆ خۆی دابین بکات.

3. لـۆژیکی ڕووتەڵیــی ســەرمایە، ئەنجــامی لکــانی بەدوادایە. ژیژەک لێرەدا بە جیاکارییەک لە نێوان واقعیەت «خەڵکــانی واقعــی کە لە نێــوان کردەکــان و پڕۆســەی بەرهەمهێنەردا گیریانخواردووە (p.566) و کاری واقعی («لــۆژیکی تارماییئاســا، ڕووتەڵیــی و ئاشــتنەبووەوەی سەرمایەیەک دیاری دەکات، کە لەسەر واقعی کۆمەڵایەتی دەڕوات»)، ڕازی دەبێت. مـن پێش ئـەوە، نەگونجاویم لەم جیاکـارییەدا بیرهێنـابووەوە و جـارێکی دیـکە دووبـارەی ناکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا، ئـەو مەسـەلەیەکی دیکە دێنێتە پێش: (وتەزاکانی ئـابووری سیاسـی «تۆ بیخـوێنییەوە کـە بەهـای هێـزی کـاری کـاڵایی، یـان ڕادەی قـازانج» دراوە کــۆمەڵایەتی – سیاســییەکان واتــایی نــین، بەڵام ئــەو دراوانـــەن، کە بەردەوام بـــەکۆتایی گەیشـــتنی شـــەڕی سیاسـیی نیشـاندەدات «p. 566»، چـونکە ناکرێـت کـاری سیاسی نیمچە دیاردە بێت).

4. پاشـان، ژیـژەک بەشـێوازێکی چەمکسـازی ڕەخنەم لێدەگرێت. بە مـۆدیلی ***ئەلـف*** - ***ب*** نـاکۆکە کە لەوێدا ***ب*** - بـوونی ***ب***، لە بەرامبەر بەرگری لە گۆڕینی پەیوەندی بۆ پەیوەنـدی پەتــی ***ئەلــف – نــا ئەلــف*** دەکـات، کــە بەڵــگە دەربـارەی ئەو بـابەتە، پێویســتی بەگەڕانــەوە دەبێـت بـۆ

هەنـــــدێک لەگریمانەکـــــان، شـــــتێک کە لەم وتـــــارەدا لێیدەکۆڵمەوە، هەنوکە چاوپۆشی لەو ڕەخنەیە دەکەم.

5. (سـەرمایەداری، بەمشـێوەیە، ئیـدی وتەزایەکـی سەرف نییە، کە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ئەرێنی دیاری بکات، بەڵکو جۆرێک ماتریستی ڕواڵەتی - باڵاڕۆییە، کە سنوورەکەی، لـە لایـەن سـەرمایەدارییەوە دیاریـدەکرێت، ماتریسێک کە تێکڕای شوێنە کۆمەڵایەتییوکان - بەمانای وردی وشـە، ڕوویەک لـە بەرهەمهێنـان - دادەتاشێت) .p. 567)

لەنـاو ئـەو ڕەخنـانە، کامیـان شـایانی تێڕامـانە؟ وەڵام سادەیە: هیچکام. نهۆ لەیەک بەیەکیان بکۆڵینەوە.

[وەڵامدانـەوەی ڕەخـنە] 1. ناکرێـت دوو تێکـڕاییەک لە شــــوێنێک یەکســـــانی نیشــــانبداتەوە، کە ژێـــــژەک وەسفیکردووە، یان تەنانەت بە یەکەوە، لەژێر شێوەیەک لە بوونی شەڕانی، یان ئەنتاگۆنیستی، ئامادەبن. ئامادەیی سـەرفی یەکێک لەو تێکڕاییـانە، ئامادەیی تێکڕاییەکەی تـر مەحـاڵ دەکـات. تێکڕایـی شـاراوە لە چینـی تێکڕایـی، یـان جیهانگری هیگڵ، ***تێکڕایی دەداتە*** فەزای کۆمەڵایەتی، بۆیە ناکرێت هیچ شتێکی ***تەواو*** ئەنتاگۆنیستی لەناویدا ئامادەیی هـەبێت؛ بـێجگە لەمـە، دەوڵەت ناتوانێـت بە پێـی پانتـایی، ئاشتی بێت لە نێوان بەشە بووەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنـی و ڕۆڵی تێکڕایی خۆی ببینێت.

ئێستا ئەگەر ئەو ڕۆڵـە بە هـۆی بەشـێکەوە هەڕەشـەی لێبکرێت چ ڕوودەدات، کە ناتوانێت گەورە بێت؟ دەتوانین

لەم دۆخەدا بەسادەیی بڵێین، هیچ ئاشتی یان سازانێک ئەنجام نادرێت؛ تێکڕایی، ***تێکڕاییەک، کە بەپێی ئالودە، یان ئاوێتە تێگەیەنراوەبێت***، شتێکی درۆ دەبێت. لەوێ کە پەیوەندی نێوان تێکڕایی دەوڵەت، کە لە پەسندکردنی ڕۆڵی ئاشتیخوازانە خۆی دەدزێتەوە و ڕێژەی دەرەکیی پەتییە، ئەو پەیوەندییە بۆخۆی گریمانەدەبێت، هاوشێوەی ئەوەی کە بڵێین، دەبێت بە گوێرەی سیستمی ***دەسەڵات*** لەو پەیوەندییە بگەین. تێکڕایی دراوێکی ***پەنهان*** نییە، بەڵکو دەسەڵات و هێزێکە لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکان، کار لە شتێکی لەخۆی جیاوازدەکات. بۆیە هەر شێوەیەک لە تێکڕایی، بێجگە لە وردەکارییەک شتێک نییە کە لە دەربڕینەکەی لە جیاوازییەکان، دەورووبەری خۆی و بەگریمانەیی، سەردەکەوێت، بەڵام ئەو تێکڕاییە، جگە لەو پێناسەیە هیچ شتێک نییە کە بۆ پەیوەندی ***هەژمۆنیک*** هەمانە. ئێستا لە دووەم تێکڕایی ژێژەک بکۆڵینەوە – تێکڕایی بەشێک کە ئەگەرچی لەناو فەزای کۆمەڵایەتی ئامادەیی هەیە، ناتوانێت لەجیاتی ئەندامێکی ئەو فەزایە ئەژمار بکرێت.

بۆ نمونە ***کۆچبەرانی نایاسایی*** (sans papiers) لە فەرەنسا، زۆرتر لەم بارەیەوە بە کاردەهێنرێت. لە بنەڕەتدا بەمجۆرە بڵێین: ئەوە حەقیقەتە کە هیچ شتێک لە دەرەوەی سیستمی شوێنەکان، لە چوار چێوەی کۆمەڵایەتیدا پێناسە ناکات، لەواقیعدا هیچ جۆرە تێکڕاییەک ناداتە گرووپێک لە خەڵک. ***کۆچبەرانی نایاسایی*** دەیانەویست ***شوناس***(papiers)یان هەبێت، ئەگەر ئەو

شووناســه لــه لایــان دەوڵەتــەوە دابــین دەکرێــت، ئــەوان بەجیاکارییەکی دیکە لەدەوڵەتی خۆشگوزەران دەگۆڕان. مەرجێکــی تــر بــۆ تێکڕایــی بــوون، یــان جیهــانگربوون پێویســتە - بەدەســتەواژەیەکی دیکــە، بــارودۆخی ئەوانــە واتــا لە دەرەوە مانەوەیــان بــۆ هێمــایەک بــۆ هەمــوو لەدەرەوە ماوەکــان، یــان پەراوێزییەکــانی نــاو کــۆمەڵگە دەگۆڕێـــت - ئەو مەرجە، جۆرێـــک کەڵەکەبـــوونی (aggregation)گریمـــانەیی تـــوخمە ناتەباکـــانە. ئەو کەڵەکەبوونە هەر ئەو شتەیە، کە ئێمە ناومان ناوە ***خەڵک***. دووبارە بیردەهێنینەوە کە ئەو جۆرە لە تێکڕایی بەخشی هەمانشـــتە کە لە ***هەژمـــوونی*** تێیگەیشـــتبووین. ئێســـتا بەهەمــان ئەنجــام گەیشــتین کە پێشــتر لە باســی تێکڕایــی دەوڵەت پێیگەیشتبووین. هەربەوهۆیەیە کە گرامشی باسی «دەوڵەتبــوونی چینــی کرێکــار» دەکــات، تیۆرێــک کــە بەپێشگریمانەی جۆرێک دیسانەوە کەڵەکەبوونی جارێکی دیکەی هەندێک توخم، لە پیش ***ئەوانی دیکە***، دەخریتەڕوو. گرامشــی ئەو بزووتنــەوەیە ناودەنێــت جۆرێــک «شــەڕی پێگە»ی نێوان تێکڕای ئەنتاگۆنیستییەکان. ئەو واقعیەتــەی کە ژێژەک دوو تێکڕایی خراوەڕووی خۆی هەڵدەواسێت و ناتوانێت ڕوونیبکاتەوە شــەڕی نێوان ئــەو دوانــە لەســەر چییــە، هەروەهــا بە پێــی بەشــێکی ســازێنەری «شــێوەی پــووچی تێکڕایـــی»، لـــە شـــەڕی هەژمۆنیـــک دەگـــات، نیشــانیدەدات ئــەو تەنــانەت ئەلفبــای تیــۆری هەژمــوونیش نازانێت.

[وەڵامدانەوەی ڕەخنە] 2. ژیژەک لەکاتی شیکارکردنی چەمکی ***لۆمپینی پڕۆلیتاریا***، دووباره باسەکه دەشێوێنێت. ئەو دەڵێت له وتەزای پڕۆلیتاریادا، جۆرێک لێکدژی له نێوان ڕێک شوێنی ئەو، لەناو [ستراکچەر] کەڵەکەبوونی سەرمایه و لەدەستدانی شوێنی پڕۆلیتاریا له سیستمی سەرمایەداریدا بوونی هەیه؛ ئەوه لەکاتێکدایه که لەچەمکی ***لـۆمپینی پڕۆلیتاریـا***، ڕێـک بابەتەکـەی ئـەو، لـەناو ستراکچەری کەڵەکەبوونی سەرمایەدا نائامادەیه، بۆیه شووناسی کۆمەڵایەتی سیاسیی ئەو، تەواو خۆگونجێن دەبێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیه که ئایا لەدەستدانی شوێنی پڕۆلیتاریا ئەوەنده بەشوێنی وردی لەناو ستراکچەری کەڵەکەبوونی سەرمایەوه گرێدراوه، که هیچ هاوتاییەک نەتوانێت له نێو هەموو بەشەکانی دەرەوه – له – شوێن فۆرم بگرێت و ناسنامەیەکی گشتیتر بۆ کاری له دەرەوه ماوه بێتەکایەوه، که هەرجۆره شوێنیکی بەشەکی لەخۆبگرێت؟ ئەگەر بەڕاستی بەوجۆرەیه، پەراوێزبوونی ***لـۆمپینی پڕۆلیتاریـا*** دەتوانێت سمپتۆمی دیاردەیەکی زۆر گشتگیرتربێت. ئێمه بۆ ئەو بابەته دەگەڕێینەوه.

[وەڵامدانەوەی ڕەخنە] 3. لای ژیژەک، قەڵەمڕەوی ئابووری، له ئاستی خۆیدا، سیاسییه، چونکه مەیدانێکه شەڕی چینایەتی تێدا ڕوودەدات. بێگومان هاوڕای گشتاندنێکی لەوشێوەیەم. گرامشی دەی وت هەژموونی له کارگەدا فۆرم دەگرێت. ناهاوڕابوون لەگەڵ ژیژەک لەوێ دەستپێدەکات، که هەردووکمان هەوڵدەدەین پێناسەی

خۆمـان لـه كـاری سیاسـی بخەینـەڕوو. بە بـاوەڕی مـن، كاری سیاسی ڕۆڵی بەرایی و هەڵسەنگاندنی هەیە، چونكە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان تەواو گریمانەیین، هەرجۆرە دەربڕینێكـی بەردەوام لە بەریەككەوتنـی ئەنتاگۆنیسـتیدا بەدیدێت، كە پێشتر ئاكامەكانی دەستنیشان نەكراوە، بەڵام بە بـاوەڕی ژیـژەك، دراوە كـۆمەڵایەتی - سیاسـییەكان بەردەوام ئاماژەیەكن لـە ئاكامی شـەڕی سیاسـیی - واتـا ئەگەر پەڕیـنەوەی لـۆژیكی لەدراوە ئابوورییـەكـان [وەك ئاماری هەڵاوسان و بێكاری]، بۆ ئاكامی سیاسی هەبێت، كـاری سیاسـی، ئەو كـاتە، دەبێـتە وتەزای دەروونـی لە مەیدانی ئابووریدا.

كـاری سیاسـی، بە ئەگەرێكـی زۆرەوە نـیمچە دیـاردە نیــیە، بەم مانـــایە كە پــێگەی ئەنتۆلــۆژیكەكەی تـــەنیا ڕەنگـــدەرەوەی واقعیـــەتی جەوهەری نیـــیە، بەڵكـــو بەشـێكییەتی و بـەوردی بەم هـۆیە، هەرجۆرە [ڕوویەكـی] سـەربەخۆیی لە دەسـتدەدات. شـیكاری مـن لـە بە سیاسـی كردنـــی ئـــابووری كۆتـــایی پێـــدێت، شـــیكاری ژیـــژەك، سەردەكێشێتە (بە ئابووری كردنی) سیاسەت.

[وەڵامدانەوەی ڕەخنە] 5. بەهەمانشێوە كە وتم، پاشـان بـۆ ڕەخـنەی چـوارەم دەگـەڕێمەوە. لە ڕەخـنەی پێنجەمـدا، ژیـژەك، لە واقیعـدا، لەسـەر ئەو بۆچـوونە نـامێنێتەوە كە شتێك لەجیاتی شوێنێكی ساختەكار و لەژێر نـاوی ***ڕووی بەرهەمهێنان*** هەیە، ئەو، لەجێدا، دەڵێت شوێنێكی وەها:

1. ماتریسی ڕواڵەتی – باڵاڕۆییە و 2. ڕاستەوخۆ تێکڕای شوێن، یان فەزای کۆمەڵایەتی دادەتاشێت - تا بەو ڕێگایە، واقعیەتی کۆمەڵایەتی لە هیچ خاڵێک لەوەی ماتریسی ناوبراو دیاری و جڵەوی دەکات، لێوڕێژ نەبێت (جگە لە من، لەوانەیە خاڵێک لە پەڕینەوە لەڕوویەکی بەرهەمهێنانەوە بۆ ڕوویەکی دی، هەرچەند پەڕینەوەیەکی وەها، ئەگەر مۆدیلی شیکاری گونجاوبێت، ڕەنگە بەناچاری لۆژیکێک جڵەوی بکات، کە لەبارەی خودی دۆخی بەرهەمهێنانەوە کارێکی دەروونییە و لەم حاڵەتەدا، لەدۆخی تێکڕایی جیاواز نابێت). ڕاڤەی ژیژەک سەر بەمتمانەی ئەو دوو گریمانەیەیە، کە لە درێژەیدا لێیدەکۆڵینەوە.

## ناهۆمۆژینی و دیالێکتیک

ئێستا بەدیاریکردنی پێگەی کاری ناتەبا، دەست بە باسەکە دەکەین. ئێمە بەهۆی پەیوەندییەکی ناتەبای نێوان چەند توخمێکەوە، زانیمان کە ئەو پەیوەندییە پەیوەندی بە هەمان فەزای نیشاندانەوەوە نییە[47]. چەمکی فەزای نیشاندانەوە، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، چونکە فەزای نیشاندانەوە دەتوانێت بە چەند شێوەیەک پێکبێت. یەکگرتوویی فەزایەکی وەها بە پلەی یەکەم، ئەنجامی نێوەندگیرییەکانی دیالێکتیکی - یان ئەنجامی جۆرێک

[47]. ئەوە کە چۆن پەیوەندییەک شتێکە دەتوانێت لە نێو ئەو بەشانەی پەیوەندییان بە فەزای جیاوازی نیشاندانەوەوە نییە، کە پاشان لێیدەکۆڵینەوە.

پەیوەنـدی نێـوان تووخمەکـانە، بە شـێوازێک کە لە هەر کامێکیانـــدا، هەر ئەو شـــتەمان لەبەردەســـتە کە بـــۆ جووڵانـدنی لـۆژیکی، پێویسـتی بـە تووخمەکـانی دیـکەیە. [هەر تیـــۆرێکی لە ســـەربنەمای ***نیشـــاندانەوە***، یـــان نـــووێنەرایەتی ***ئەلـــف*** لە لایەن ***ئەلـــفەوە***، لە ســـەربنەمای قبووڵکردنی ***دیالێکتیکی*** هیگڵە] لە پەیوەندی دوانەیی ***ئەلف نا ئەلف***، شـووناس یـان هەر ئەوەی هەر جەمسـەرێک، لە ڕەتکردنەوەی پەتی ئەوی دیـکەدا لاوازدەبێت. بـۆیە، تـەنها باسکردنی ناکۆکییەکان [بنەمـا]، پەڕینەوەی دیـالێکتیکی و بنەمای [ڕێگری] پێکناکۆک نییە.

ئەو تێپەڕاندنانە، بە ڕێکەوت لەسـەر پێکنـاکۆکی، وەکو مەرجی یەکگرتنیان لە فەزای تەبـادا، وەسـتاونەتەوە. هـیچ شـتێکی ناتەبـا لە پێکنـاکۆکی دیالێکتیکیـدا نییە. هەر بـۆیە، دەکرێـت پەڕیـنەوەی [دیـالێکتیکی]، تـەنها لە فەزایەکـی تێربـوودا ڕووبـدات. هەرجـۆرە دواکەوتـووییەکی کـارێکی ئەزموونی گریمانەیی، کە بە شێوازی دیالێکتیکی لـە لایـەن تێکڕایی (the Whole)ەوە نەخراوەتە ژێردەسەڵاتەوە، تێکڕا دەخاتـــە مەترســـییەوە، چـــونکە ئەگەری ســـەرهەڵدانی توخمێـک کە لەژێـر دەسـەڵاتدا نیـیە، هەر بەو ڕادەیە کە تێکـڕا گریمـانە دەکـات، ئەگەری نـاوبژیوانی دیـالێکتیکیش دەخـاتە مەترسـییەوە (ئەوە هەمـان نـاڕەزایی نووسـراوی کـــروگ (Krug) بـــوو بـــۆ دیالێکتیـــک، کە هیگـــڵ لە کاردانەوەیـــدا، دانیشـــتنەکەی پەکخســـت، بەڵام ئەو حەقیقەتەی نەشـاردەوە، کە ئـەو لەواقیعدا وەڵامـی بـۆ ئەو ڕەحنەیە نەبوو). پێداگری ژیژەک لەسەر ئەو بنەمـایەی کە

تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی سیاسییەکان (نیشاندەرەوە و ئەنجام و ئاکامی شەڕێکی سیاسییە)، نموونەیەکی باشی تێپەڕینی دیالێکتیکییە - واتا تێپەڕینێک کە لە کەشێکی تەبادا ڕوودەدات و بە تەواوی ئەگەری ڕەتکردنەوەی ڕادیکاڵ لەناودەبات (p. 566)، بەڵام تەبایی، وەک پێویست، نایگرێتەخۆی کە پەڕینەوەی دیالێکتیکی نێوان تووخمەکان، شوێنێک سنووردار دەکات. پەیوەندییەکی ئاماژەناسی نێوان توخمەکانیش، نموونەیەکی دیکەی ئەو پەڕینەوەیە.

بۆچوونی سۆسۆر لە زمان، زمان وەک سیستمێک لە جیاکارییەکان، تا ئەوجێیەی کە شووناسی هەر تووخمێک پێویستی بەبوونی جیاکارییە لەگەڵ توخمەکانی دیکە، هەروەها پێشگریمانەی تەبای تێدایە. تەنیا کاتێک ناتەبایی دەچێتەناو گەمەکەوە، کە بتوانێت نیشانیبدات خودی لۆژیکی ***تەواویەت*** - [تەواویەت] دیالێکتیکی یان [تەواویەت] ئاماژەناسی – لەپێگەی ئاکامی ***گرژییەک*** [یان ئاپۆریا]، لە خاڵێکدا شکستدەخوات کە نەتوانێت بە پێی بنەما بەهێزکەرەکانی تەواویەتی وەها، بەرزببێتەوە .

[بۆ شرۆڤەکردنی مەسەلەی تەواویەت،] بە بۆچوونی هیگڵ بە مێژوو دەستپێ دەکەین. گریمانەی بنچینەیی هیگڵ ئەوەیە کە جووڵانی ڕووداوەکانی مێژوو سەربە لۆژیکی دەروونییە، لۆژیکێک کە بەشێوازی چەمکی، لەجیاتی بەردەوامی ئاوەژووبووەکان و بەدەستهێنانەوەی دیالێکتیکەکان، لێی تێ بگەین. چوونەناوەوەی تووێژی جیاوازی خەڵک بۆ ناو ئەو شەڕە مێژووییەوە،

دەربڕینێکی ئەو لۆژیکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵی کوێر کە لەم وێنا [مێژوویی]ەدا بوونی هەیە، هەمانشتە کە هیگڵ ناوی نا [میللەتی بێ مێژوو]، کەسانێک کە لە ڕەوتی دیالێکتیکدا، نوێنەری هیچ خاڵێکی جیاکارانە نین.

من ئەو میللەتەم لە کتێبەکەمدا بەوە بەراوردکرد کە ناوی نا لکان Caput mortuum .Caput mortuum لەبنەمادا، دواکەوتوویی ناو هەڵبەزودابەزی ئەزموونی، دوای ئەنجامدانی ئەزموونێکی کیمیاییە. ئەو بوونەوەرە نامێژووییە، وەک دڵۆپێک بەنزین، بەرمیلێک هەنگوین خراپ دەکات؛ ئامادەیی زۆری گریمانەیی کە لێوڕێژدەبێت لە دیالێکتیکی مێژوویی، ئەویش گریمانە دەکات و لە ئەنجامدا، تێکڕای چاوپێداخشاندنەوەی مێژوویی لەجیاتی گێڕانەوەی گونجاو، بەمشێوەیە، دەخاتە مەترسییەوە.

ئەو شێوازە، لە مۆدیلی مێژووی ژیژەکیشدا ڕاستە. ئەوەی بۆ سەرمایەداری پێویستە تا بەناوی (ماتریسی ڕواڵەتی - بالاڕۆیی، کە تێکڕایی فەزای کۆمەڵایەتی بەهێزبکات)، ئەوەیە کە ماتریسی وەها، بەوردی، بەپێی بوونیادێک، یان ڕیشە کاربکات، واتا، نابێت هیچ شتێک لەفەزای کۆمەڵایەتیدا سەرووی شایستەیی ماتریسی بکەوێت.(p. 567) سەرەڕای ئەوە، دەکرێت نوسخەی پراگماتیکی لەم مۆدیلەدا، دیالێکتیکیش وێنابکرێت؛ ئەگەرچی ئەونوسخە نوێیە، پێگەخوازی دیالێکتیکی دادەبەزێنێت، بەڵام هێشتا دەبێت پەلەبکەین (زێدەبایی)، بەردەوام لە بەرامبەر ڕەوتی سەرەکی کامڵبوونی مێژوو دا کارێکی پەراوێزییە، بۆیە ئەو زێدەباییە، لەڕوانگەی

مێژوویەکی تێکڕایی، یان جیهانگرەوە، بە ئاسانی شایانی چاوپۆشیکردنە. لێرەدا مەسەلەکە، تەنیا بڕیاردانێکە، کە ئایا دەکرێت ڕاستی بە کردەوە گریمانەکانی ئەو نوسخە پراگماتیکییە زامن بکەن یان نا.

لەم قۆناغەدا، دەبێت لە هیگڵ تێپەڕێنین و بچینە سۆراخی مارکس، کە دەکرێت لە ژێژەک زیاتر بە شوێنکەوتە و شاگردی هیگڵ دابنرێت، بەڵام لە سەرەتادا، کەمێک ئاماژە بە سەرباسەکانی بابەتی پێشوو دەکەم. یەکەم، بینیمان هەرجۆرە پەڕینەوەیەکی دیالێکتیکی، ڕیشەی بۆ مەیدانی لۆژیکی و پڕبوو دەگەڕێتەوە، پانتاییەک کە هیچ شتێک ناتوانێت خۆ لە دیاریکردنی دیالێکتیکی بدزێتەوە. دوو، مەیدانێکی لۆژیکی بەمشێوەیە دەستەبەرنابێت، چونکە ئەو مەیدانە شتێکی تێدایە خۆی لەدەسەڵاتی دیالێکتیکی دەدزێتەوە؛ ئێمە باسی نموونەی خەڵکی بێ مێژوو دەکەین، لە کاتێکدا کە دەمانتوانی ژمارەیەک نموونە بێنینەوە. سێیەم، ئێستا بەگەڕانەوە بۆ مەیدانی مێژوو، دەبینین زێدەباییەکی لەو چەشنە کە ڕووبەڕووی کامڵبوونی دیالێکتیکی بۆتەوە، تەنها بەهۆی پەیوەندی گریمانەییەکەی بە ***هێڵی سەرەکی*** کامڵبوونی مێژوووەوە، دەکرێت چەمکەکەی بخرێتەڕوو. چوارەم، ئەوحەقیقەتەی کە ئەو هێڵە سەرەکییە لەدەرەوەی خۆی پەیوەندی گریمانەیی بەشتێکەوە هەیە، پێویستی ئەو واقعیەتەشە کە خودی ئەو ڕەوتە مێژووییە، بۆخۆی، بۆ کارێکی گریمانەیی دەگۆڕێت. لەئەنجامدا، ئەو هێڵە ناتوانێت تەنها بەپشتبەستن بە کامڵبوونێکی دیالێکتیکی و

زەرووری؛ لەجیاتی هێڵی سەرەکی بەتێکڕای کامڵبوونی دیالێکتیکی ئەژماربکرێت، ئەو هێڵە تەنیا توانای ئەوەی هەیە بەپێی پرۆسەی گریمانەیی و لەڕوانگەی مێژووییەوە ***سەلمێنراو*** گریمانەبێت. بەمەش، ئێستا پرسیار ئەوەیە: ئایا بوونەوەری [جەوهەری] لە تیۆری مارکسدا بوونی هەیە، کە بەگریمانەیی هاوتای [میللەتی بێ مێژوو]ی هیگڵ بێت؟ بەبۆچوونی من بوونی هەیە و ئەو هەمان ***لۆمپۆن پرۆلیتاریا***یە. ئاکامی ئامادەیی لەو شێوەیە، ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی سکاڵای پرۆلیتاریایە لە سەربنەمای هەبوونی ڕۆڵی تەوەری و پێشبینیکراوە وەک هۆکاری پێویستی مێژوو.

مێژوو لای مارکس، تا ئەو جێیەی بە گێڕانەوەی تەبا لە قەڵەم دەدرێت، مێژووی بەرهەمهێنانە (کامڵبوونی هێزەکانی بەرهەمهێنان، گونجان/نەگونجانە لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان). بۆیە داگیرکردنی شوێنێکی دیاریکراو لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بەوتەی مارکس، تاکە داوای شیاوە بۆ گۆڕان بۆ هەڵسوڕاوی ***مێژوویی***، بەڵام ئەو ئەگەرە بێگومان، ئەو شتەیە کە لە دەسەڵاتی ***لۆمپۆنی پرۆلیتاریا***دا نییە.

مارکس، یەکسەر، تەنها ئەنجامی شیاو لە گریمانەکانی خۆی ئەنجامگیری دەکات: دەبێت ***لۆمپۆنی پرۆلیتاریا*** لە هەرجۆرە مێژووییەک دابماڵرێت؛ ***لۆمپۆنی پرۆلیتاریا*** پارچەیەکی مشەخۆرە دەکەوێتە درزی تەواوی شێوەبەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. لێرەدا ڕووبەڕووی بابەتی هاوشێوەی دەبینەوە، کە لە (میللەتی بێ مێژووی)

هیگڵ دا تێیدەگـەیـین؛ ئامـادەیی ***لۆمپـۆنی پڕۆلیتاریـا*** لە بەرامـبەر ڕەوت یـان هێڵـی سـەرەکی کـامڵبوونی مێـژوو، کـارێکی پەراوێزیـی و گریمـانەییە. ئەگەر مەسـەلەکە تـەنیا ئەوەبێت، کێشە ڕوونادات؛ ئەگەرچی ***لۆمپۆنی پڕۆلیتاریا*** لە گێـڕانەوەی دیـالێکتیکی و مێژوویـی شـوێنی نیـیە، دیـاریکردن یـان [داشـکاندن] ئـەو لەجیـاتی وتەزای پەیوەست بە جەماوەری باڵادەستی شار - کە بەئاشکرا بەشـی پەراوێـزییە - ناکرێـت بـۆ نوسـخەی پراگمـاتیکی گێڕانەوەی دیالێکتیک هەڕەشە بێت.

لەگەڵ ئەوەشـدا، هێشـتا دژواری بـوونی هەیە. لای مـارکس، بێگومـان، جەمـاوەری شـاریی لە پـێگەی ئامـاژەگەری بینـراو، لـە وتەزای ***لۆمپـۆنی پڕۆلیتاریـا*** تۆمـارکراوە؛ بەڵام مـارکس پێناسـەی چەمکـی لەو ئامـاژەگەرییە بەدەسـتەوەدەدات، تـا مەودای ***لۆمپـۆنی پڕۆلیتاریا*** بەپرۆسـەی بەرهەمهێنـانەوە نیشـان بـدات. ئـەو یەکجێ تێگەیشت مەودایەکی وەهـا تەنها تـایبەت نابێت بە جەمـاوەری شـارییەوە، بەڵکـو لە هەمـوو بەشەکانیشـدا بـوونی هەیە؛ ئـەو، وەک نمـونە، لەجیاتی سـەرهەڵدانەوەی سـەرلەنوێی ***لۆمپـۆنی پڕۆلیتاریـا*** لە ئاسـتە باڵاکـانی کـۆمەڵگەدا، باسـی ئەریستۆکراسـی دارایـی دەکـات و بەسـەرنجدان بە ئاشـکرابوونی تێکـڕای باسـەکە لەبـارەی کـاری بەرهەمهـێن و بەرهەم نەهێنـەوە — بابـەتێک کە تـا ئەو کـاتە ئـاوڕدانەوە و دیقەتـی ئـابووری زانسـتە سیاسییەکانی نیشاندەدا - چەمکی مێژوو وەکو مێژووی بەرهەمهێنـان، زوو ڕەخنەیەکـی زۆری لێگیـراو

بەرگریکــردن لێــی، پێویســتی بەدارشــتنەوەی خــودی چەمــکەکە بــوو. بێگومــان پێشــتر، بەکــردەوە لە مەحەک نەدرابــوو، هەر بەوهۆیەیــە کــە مەســەلەی ***لۆمپــۆنی پرۆلیتاریا*** گرنگـە بـۆم، ئەو پرسـیارە، لـەو ڕووەوە بـۆم گرنگە، کە مەسـەلەی گەورەتر ئاشکرا دەکات. هەر لەبەر ئەوە ***لۆمپۆنی پرۆلیتاریا***م ناونا سمپتۆمێک.

بەم وەســفکردنە، هێشــتا بــابەتێکی دیــکە هەیە، کە ڕێکاری ژیژەک بەجیا دەخاتە ململانێوە. ئەو مەسـەلەیە لە تێکــڕادا بــۆ پــێگەی تیــۆری شــەڕە کۆمەڵایەتییەکــان دەگەڕێــــتەوە. ژیــــژەک دەڵێــــت چینــــی کرێکــــار (گرووپێکـە لەخۆیـدا، لەپـێگەی گرووپـی نـاو تەلارە گەورە کۆمەڵایەتییەکان، ناگرووپێکە، بە دەربڕینێکی دیکە، شتێکە کە پـێگەکەی، لەخۆیـدا، پێکنـاکۆکە؛ چینـی کرێکـار هێـزی بەرهەمهێــنە، کــۆمەڵگە(و ئەوکەســانەی لەدەســەڵاتدان) پێویســتیان پێیــانە تــا بۆخۆیــان و یاســاکەیان بەرهەم بێننەوە، بەڵام سـەرەڕای ئـەوە، جێگەیەکی گونجاویـان بۆ نادۆزنەوە(p. 565). دەکرێت ئـەم وتـەیە دوو مانـای هەبێت: ***یان پێگەی بابەتی*** کرێکـار، نـاو پێوەندی بەرهەمهێنـان، ***ڕیشـــەی*** پــێگەی پێکنــاکۆکی وەکــو یەک لەتێکــڕا، نــاو کۆمەڵگەی سـەرمایەداری، ڕیشـە لە ئەندێشـەیەک دەگرێت کە بەو پێـیە، کرێکــار ***هەمەلایەنــی بــابەتییەکەی***، لەنــاو پەیوەنـدی بەرهەمهێنانـدایە، بەســەرنجدان لــە تێڕوانینــی گشتی ژیژەک، ئەو بە ئاشکرا مانـای یەکـەمی لەبـەرچاوە، بەڵام ئـەوە هـەر هەمـان مانایـە کە لەڕوانگەی تیۆرییەوە ناتوانرێت داکۆکی لێبکرێت. ئەگەر پێگەی کرێکاری نـاو

پەیوەندی بەرهەمهێنان، بڕیارە پێگەیەکی تەنیا بابەتی بێت، دەبێت کرێکار ببێتە فرۆشیاری هێزی کار، فرۆشیارێک کە هێزی کاری وەک کالآیەک بە سەرمایەداری دەفرۆشێت. بۆیە ئێمە لەم دۆخەدا، هیچ شەڕ یان ئەنتاگۆنیزمان پێناسە نەکردووە، چونکە مادامێک کە کرێکار لە بەرامبەر چەوسانەوەی کاری زێدەبایی، لە لایەن سەرمایەدارەوە ***بەرگری*** نەکات، هیچ شەڕێکیش فۆڕم ناگرێت؛ دیارە دەبێت ئاگامان لەوەبێت ئەو بەرگرییە لە شیکارکردنی سەرفی وتەزای فرۆشتنی هێزی کار، ئەوەش بەشێوەیەکی لۆژیکی، دەستەبەرنابێت. هەر بۆیە لە بەشە جیاجیاکانی شیکارەکەم دا بەڵگەم هێناوەتەوە، کە شەڕە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی بابەتی نین، بەڵکو لەپڕ بەدەوری نائەگەرێکی پەتییدا فۆڕم دەگرن[48].

ئاشکرایە بۆ دەرچوون لەو کوێرە ڕێیە تیۆرییە، دەبێت پەنابەرینە بەر مانای دووەمی پێداگری ژیژەک (مانایەک، کە ژیژەک بەهۆی تێکڕای سیستمی فکرییەکەی خۆی لێدەپارێزێت). مانای دوەم ئەوەیە: سەرمایەداری ناوکی شتێکی خۆیی نییە لە کرێکاردا، کە پەیوەندی بە وتەزای فرۆشتنی هێزی کارەوە هەیە، لەنەکاو کرێکار کەوتۆتە

---

[48] . See Lacleu and Chntal Mouffe, Hegemony and Socialist Strategy: Towards a Radical Democratic Politics, trans, Winston Moore and Paul Cammack (London, 1985), chap.3, and Laclau, New Reflections on the Revolution of Our Time (London, 1990), pp. 17-27 and On Populist Reason, pp. 139-56.

هەمەلایەنی ئەو وتەزایەوە (واقعیەت ئەوەیە کە کرێکار بە کرێدەستێکی کەمتر لە بڕێکی دیاریکراو، توانای گەیشتن بە لانی کەمی بڕی خەرج، ژیانی خوازراوتر و دیکەیشی نییە).

بۆیە شەڕ یان ئەنتاگۆنیزم لەناو پەیوەندی بەرهەمهێناندا نییە، بەڵکو دەکەوێتە ***نێوان*** پەیوەندی بەرهەمهێنان و شتێکی دەرەکییەوە. بەدەستەواژەیەکی تر، جەمسەرەکانی شەڕ بەهۆی پەیوەندی پێکەوە نەبەستراو پێکەوەدەبەسترێنەوە؛ واتا، بۆخۆیان بەیەکەوە ناتەبان. کاتێک کۆمەڵگە بەهۆی شەڕەکانەوە تۆڕئاسا دەبێت، جۆرێک ناتەبایی لەناخی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرهەڵدەدات.

ئاکامەکانی خولانەوەیەکی وەها لە چەمکی فەزای تەباو پڕبوو بە فەزایەک، کە ناتەبای بەهێزکەر و خودی ئەوە، یەکسەر خۆیان نیشاندەدەن. لەسەرەتای یەکەمدا، ئەوباوەڕەی کە شەڕی کۆمەڵایەتی لەجۆری ناتەبای خۆلێنەدزراوەدا دەردەکەوێت، پێویستی ئەو واقعیەیە، کە پەیوەندی ئەنتاگۆنیستی یان شەڕتەوەر، لەڕوانگەی چەمکییەوە، هەرگیز لێی تێنەگەین. هیچ ***ڕۆحێکی ڕەها*** کارپێکراو نییە، کە بتوانرێت ناوەڕۆکی واتایی و دیاریکراوی پێبدرێت.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو دوو جەمسەرە، پەیوەندییان بە فەزایەکی هاوبەشی نیشاندەرەوەوە نییە. ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی بارودۆخی تەواو هاوشێوەی ئەوەین، کە لەماوەی دەسەڵاتی بەناوبانگ بە لکان وەسفیکرد:

پەیوەندی سێکسی بوونی نییە. ئەو بێگومان، نەیدەویست بەو دەسەڵاتەوە بڵێت پەیوەندی سێکسی لە نێوان تاکەکاندا بوونی نییە، بەڵکو مانای دەسەڵاتی ناوبراو ئەوەیە کە هیچ فۆرمۆلێکی سادەی سێکسی بوونی نییە تا هەر دوو جەمسەری ناوبراو و مێینە لە ئانوساتێکدا و تەواوکەربێت[49]. ئەوە دەرەوەییەکی بنەماییە کە ناچێتە ژێر هیچ مەیدانێکی هێماییینەوە. ناتەبایی ناوێکی ترە بۆ کاری ڕاستەقینە.

ئەو مەسەلەیە تەواو ئاشکرادەکات، کە بۆچی ژیژەک ناتوانێت لە کاری ڕاستەقینەی لکان بگات[50]. ئەگەر ڕووی بەرهەمهێنان - بەوجۆرەی کە ئەو تێیدەگات - ماتریسی ڕواڵەتی - بالاڕۆییی کاری کۆمەڵایەتی بێت، دەبێت لە دەرەوەی بزووتنەوەی ناو خودی ماتریس، لە هەموو شتێکی ناو کۆمەڵگە بگەین؛ بۆیە لەمەودوا شوێنێک بۆ ناتەبایی (= ئامادەیی کاری واقعی) نامێنێتەوە. پشت بەستنی ژیژەک بەکاری واقعی، لەناو ناوەڕۆکی ڕواڵەتی - بالاڕۆیی، تەواو دژی بنەما بەراییەکانی بیردۆزەی لکانە. ئێرەیە کە پێگەراییەکانی ئیپریالیزمی و ئەبیستمۆلۆژی تایبەت بەڕووی بەرهەم هێناندا، لەناو

---

[49]. بڕوانە، وتاری کلاسیک:

Jon cCopjec, “Sex and the Eutanasia of Reason,” Read My Desire: Lacan against the historicists (Cambrige, Mass., 1994), pp. 201-36.

[50]. واتا هەمان نیشاندانەوەی کاری نیشان نەدراوە هەڵگر، کە هانس بلۆمنبێرگ ناوی نا (خوازەی پەتی).

خودی نەریتی مارکسیستی، زۆر پێش ئێستا، دابەزیبوون. تەنیا بە ئاماژە بە قووتابخانەی ئاڵتۆسێری دەتوانین ببینین. ئاتین بالیبار بوون باوەڕی کتێبی ***خوێندنەوەی سەرمایەی*** وێرانکردووە، نیشانداوە یەکگرتوویی شاراوە لە ڕواڵەتبەندییەکی کۆمەڵایەتیدا، بەدەر لە ماتریسی ڕووی بەرهەمهێنان، لەبنەڕەترا شایانی تێگەیشتن نییە[51].

لەگەڵ ئەوەشدا، پێدانی ڕۆڵێکی وەها بەهێزکەر بەناتەبایی، ئاکامێکی گرنگی دیکەیشی بەدوادایە، کە وتەزای شەڕی چینایەتی لە هەموو لایەکەوە هەڵدەتۆقێت. ئێستا لە خاڵە گرنگەکانی ئەو مەسەلەیە دەکۆڵینەوە.

1. ئەگەر شەڕەکان لەناو پەیوەندی بەرهەمهێناندا نەبن، بەڵکو بکەونە ***نێوان*** پەیوەندی بەرهەمهێنان و ڕەوتێکەوە کە بکەرانی کۆمەڵایەتی ***دەرەوەیان*** دادەتراشرێت، مەحاڵە سروشت و سیمبۆلی شەڕێک تەنها بەشیکارکردنی سەرفی ستراکچەری ناو پەیوەندی بەرهەمهێنان، دیاری بکرێت. ئێمە لەڕوانگەی ئەزموونەوە دەزانین دەکرێت گرووپەکانی خەڵک، کاردانەوەیان بە شێوازی جۆراو جۆری چەوسانەوە هەبێت.

هەروەها لە ڕوانگەی تیۆرییەوە بەسەرنجدان بە ناتەبایی خودی شەڕەکان دەزانین، ئەمان ناتوانن بەجۆرێکی دیکە لەبەرچاوبگیرێن. بۆیە ئیدی جێگایەک بۆ

[51] . See Balibar, „Sur la dialectique historique: Quelgues remarques critiques a propos de Lire le capital,,, Cinq E,tudes du matrialisme historique (paris, 1974), pp. 205-45.

قسەکردنی منداڵانە لەبارەی ئاگایی ساختەوە نابێت، تیۆری سادەڕوانینانە، کە دەستەبژێرانی ڕووناکبیر لەناویدا پێشتر ئامادەگیان هەیە و لەگەڵ بوونە خاوەنی حەقیقەت، بەرژەوەندی ڕاستینی چینی تایبەت دابین دەکەن.

2. بەڵام ناتەبایی، هێشتا بەجۆرێکی دیکە، تەوەرییەتی چینی کرێکار لەرزۆک دەکات. ئەگەرچی پەسندمان کرد شەڕەکان پێشتر شوێنی دەرەکی و ڕادیکاڵیان گریمانە کردووە، بەڵام بەڵگەیەک نییە گومانمان هەبێت لەوەی کە ئەو شوێنانە لەناو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندان، بۆ خاڵی تایبەتی سەرهەڵدانی شەڕەکان دەگۆڕێن.

سەرمایەداری مۆدێرن، ڕیشەی تەواوی جۆرەکانی ناهاوسەنگی و خاڵەکانی قەیرانە: قەیرانە ئەکۆلۆژیکەکان، پەراوێزنشینی و بێکاری، ناهاوسەنگی لە پێشکەوتنی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، چەوسانەوەی ئیمپریالیزمگەرانە و تر و ترە. ئەوە بەو مانایەیە کە خاڵەکانی شەڕ زۆر دەبن و ڕاستکردنەوەی سۆبێکتیڤیتە یان هۆکارەکانی پۆپۆلار، دەبێت لەو ناتەباییانەوە دەستپێ بکات. هەرگیز ئەو چاوبەستەکییە بەهیچ شێوەیەک لە دیاریکردنی چینی تەوەردا موومکین نییە.

3. ساختەکاری سوبێکتی پۆپۆلار [واتا خەڵک]، ئاکامی سێیەمیشی هەیە، کە بەدووروودرێژی لە کتێبەکەم دا باسمکردووە. ڕوودانی هەر جۆرە ناسنامەیەکی چینایەتی سنووردار، بەهۆی لۆژیکە هاوتاییەکانەوە، دەبێت ئەو واقعیەتەی لەبەرچاوبێت کە هاوتاییەکان لەژێر ناوەندێک

له داواکارییه‌کـانی خۆیـدا ناته‌بـا فـۆڕم (substratum) ده‌گـرن. به‌ده‌سـته‌واژه‌یه‌کی دیـکه‌، جـۆری یه‌کگرتنێـک که‌ ڕه‌نگه‌ له‌و داواکاریانه‌ [ناته‌با] ساخته‌ بکرێت، یه‌کگرتنێکی ***نۆمینـاڵ*** یـان ***ناوبـاوه‌ڕانه‌یه‌***، نه‌ک یه‌کگرتنێکـی **چه‌مکـی**. به‌هه‌مانشـێوه‌ که‌ پێشـتر وتبـووم، نـاوی بنچینه‌یـی یـان ڕیشه‌ی شته‌؟ له‌م ڕووه‌وه‌ ناسنامه‌کانی پۆپۆلار به‌رده‌وام ***تاکێتی*** (singularity) مێژووییین[52].

ئێسـتا ده‌تـوانین وه‌ڵامـی ڕه‌خـنه‌که‌ی ژیـژه‌ک و ئه‌وه‌ بـده‌ینه‌وه‌، که‌ بـۆ که‌مکردنـه‌وه‌ی کـاری واقعـی بـه‌ دیـاریکردنی ئه‌زمـوونی ناوینـاوه‌ سـوبێکت. ئامـانجی له‌و ڕه‌خنه‌یه‌، بۆ به‌شێک له‌ کتێبه‌که‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ که‌ هـاتووه‌: (ڕووبه‌ڕوبـوونه‌وه‌ی ***ئه‌لـف*** – **ب** هه‌رگیـز به‌ته‌واوی بۆڕووبه‌ڕوبوونه‌وه‌ی ***ئه‌لف –نائه‌لف*** ناگۆڕێت. **ب** بوونی **ب** ته‌واو دیـالێکتیزه‌ نابێت. به‌رده‌وام خه‌ڵک شـتێک زیـاتر

---

[52]. لای لاکلاو، شت یان شمه‌ک، جه‌وهـه‌ری تاکی نییه‌، به‌ومانایه‌ کـه‌، به‌پێچه‌وانـه‌ی میتـافیزیکی ئه‌رسـتۆ، شـت پـێش نـاودێرکردن، ڕه‌سـه‌نێتی میتـافیزیکی نییـه‌: شـت لـه‌و ڕووه‌وه‌ شـته‌، کـه‌ ئێمـه‌ ناویده‌نێین (شت). لـه‌م ڕووه‌وه‌ یه‌کێتییـه‌ک کـه‌ لـه‌ ئاستی هاوتـایی بوونی هه‌یه‌، یه‌کێتیی چه‌مکی به‌و مانایه‌ی که‌ چـه‌مکی (مرۆڤ) لـه‌ میتـافیزیکی بـاودا، لـه‌ژێر (جۆرێک)دایـه‌، کێیـه‌. یه‌کێتییـه‌ک کـه‌ لـه‌ناو داواکارییه‌کانـدا دێتـه‌ئاراوه‌، یـه‌کێتیی سـتراکچه‌رییه‌، نـه‌ک یـه‌کێتیی چـه‌مکی. بۆیـه‌ پێویسـته‌ بـه‌رده‌وام لـه‌ یادمـان بێت، کاتێـک لاکـلاو، هاوشـێوه‌ی تـه‌واوی بـان سـتراکچه‌ران، لـه‌ ناسـنامه‌دان، باسـی شته‌کانی هاوشێوه‌ی ئه‌وه‌ ده‌کات، ئیدی سه‌روکارمان له‌گه‌ڵ چه‌مکی عه‌قڵی نییه‌، به‌ڵکو به‌(ناو) زمـانی لایـه‌نگرین، بـه‌م جیاکارییـه‌ کـه‌ ئـه‌م ناوه‌ هه‌م مادییه‌ و هه‌م هه‌نووکه‌یی. و. ف.

دژی دەسـەڵاتی تێکـەڵاوون. جۆرێک کـاری واقعـی خەڵـک بــەکارهاتووە کە لە بەرامــبەر تــوانەوەی لە مەیــدانی هێماییندا بەرگری دەکات).(p.566) .

ژیـژەک بـە پێچەوانــەی ئەم پەرەگـرافە دەنووسـێت: «جۆرێـک ئـاڵۆزی لەفۆرمۆلبەنـدی لاکـلاودا بـوونی هەیە، چـونکە گومـان لە نێـوان پەسـەندکردنی چەمکـی ڕواڵەتـی کــاری واقعـــی لە پــێگەی شــەڕێک و کەمکــردنەوەی بەدیـــاریکردنی ئەزمـــوونی ســـوبێکت بـــوونی هەیە، بەشـــێوازێک کە ناکرێـــت بەڕووبەڕوو بـــوونەوەیەکی ڕواڵەتـی ئـەژمار بکرێـت». مەسـەلەی گرنـگ لای ژیـژەک، دۆزینەوەی ئەو شتەیە کە لە خەڵکدا، دەکەوێتە سـەرووی ڕووبەڕووبوونەوە بەدەسەڵات، چـونکە ئەگەر ئەو شـتە لە ڕەگەزی دیـاریکردنی ئەزمـوونی بێـت، (ئەوکـاتە ئـێمە لایەنگــری کــاری واقعــی نــین کە لەبەردەم تــوانەوە لە مەیدانی هێماییندا بەرگـری دەکـات، چـونکە کـاری واقعـی لەم حاڵەتەدا شتێک نابێت جگە لە شـەڕی ***ئەلف- نائەلف***، بۆیە «ئەوەی لە ***ب***دا لە ***نائەلف*** زیاترە» کاری واقعـی نـاو ***ب*** نییە، بەڵکو دیاری کردنی هێماییی ***ب*** یە).(p. 567).

ئەو ڕەخنەیە بە تەواوی سـمپتۆماتیک و نەخۆشـانەیە، چونکە نیشانیدەدات ژیژەک چەمکی کـاری واقیع، شـەڕ و ناســنامەی پۆپــۆلار ناناســێت. بــۆ ئــەو دوو بــژاردە دەمێنێـتەوە: ***یـان*** ئێمـە ڕووبەڕووی دیالێکتیـک بـووینەوە (***ئەلــف – نــائەلف***)، ***یــان*** ئێمــە ڕووبەڕووی دوو ڕووی ئەزمـوونی سـوبێکت بووینەوە (***ئەلـف – ب***)، ئەوەی کانـت ناویـدەنێت Realreugnanz. ئەگەر بەدیلـی ***بژاردە***دەبـوو، ئاشــکرایە ***ب*** بــوون لە زێــدەبایی ***نــائەلف*** دا بە هــۆی

سروشتێکی ئەزموونی بوو، ژیژەک دەیتوانی بەئاسانی نیشانی بدات، لەم حاڵەتەدا، ئێمە کارمان بەکاری واقعی نییە، بەڵکو ڕووبەڕووی دیاریکردنی هێماییی سوبێکت بووینەتەوە، بەڵام ژیژەک خاڵێکی گرنگ لەبەرچاوناگرێت. واقعیەت ئەوەیە کە ئایا من لە ***ئەلف***دا ئەو شتەی دەمویست هەمە، ئێستا دەبێت بەناچاری بەرەو دژەکەی (واتە شتێک کە لە ئەنجامدا بۆ ***نا ئەلف*** کەمکراوەتەوە) بجووڵێم؟

بۆ باسەکەی پێشوومان دەگەڕێینەوە: ئایا من هەر ئەو شتە لە ***فۆڕمی سەرمایە***دا دەستەبەر دەکەم، کە بۆ ئەنجامگیری لۆژیکی شەڕی کرێکاری پێویستم پێیەتی یان نا؟ ئەگەر بەمجۆرە بێت، لێکدژییەک دێتەئاراوە، بەڵام نەک لەجۆری ئەنتاگۆنیستی یان شەڕتەوەری، چونکە ئەو لێکدژییە، لەناو کەشێکی هێماییین و یەکگرتوودا تەواو پیشاندراوە، چاوەڕوانکراوە [لێکدژی دیالێکتیکی، بە پێچەوانەی لێکدژی ئەنتاگۆنیستی لەئاستی هزردا هەیە، لەو ڕوانگەیەوە لێکدژی ***لۆژیکییە***، نەک ***ماددی***] دەکرێت ئەو لێکدژییە ببێتە لێکدژی سەرتاپا هێماییین، بۆیە ئێمە تەنها سەروکارمان لەگەڵ کاری واقعیدا نییە. فەزای ساختەکار فەزایەکی تەواو پڕە، کە لەدەوری دژایەتی ***ئەلف – نائەلف*** بوونی هەیە، فەزایەک کە لەو هەموو بەدیلە شیاوانەدا بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە یان دژایەتی کردنییەوە بەرهەمدەهێنرێن و ئۆقرە (intrerruption) ناگرن.

هەر بەو هۆیەوەیە، کە جیهانی دیالێکتیکی هیگڵ، بە بەرزەفڕی بۆگەیشتن بەتەبایی نێوان سیستمی ئەتنیک و ئەنتۆلۆژیک، ناتوانێت کاری واقعی پەنهان لە

ئەنتاگۆنیزمــدا شــیکاربکات، شــیکارێک کە بە ڕاشــکاوی پێویســـتی بـــە هەڵوێســـتە، یـــان درزی فەزای پڕبـــووی (هێمـــایین)ە. چەمکـــی شـــەڕ یـــان ئەنتـــاگۆنیزم لای ئـــێمە، لەجیاتی دیاریکردنی ئۆبێکتیڤێک، لە واقیعدا، ڕێگایەکی ترە بۆ ناولێنـانی کـاری واقعـی و پێشگریمانەشـی ئەوەیـە کـە دەبێـت لە هەرجـۆرە کەشـێکی پڕبـووی ***ئەلـف – نـائەلف*** خۆبدزینەوە.

ئێسـتا ئەگەر بچینە سـۆراخی دوەم بەدیلـی ژیـژەک و جەخت لە **ب** بوونی دیالیکتیزەنەبوونی **ب** بکەینەوە، ئایا ڕووبەڕووی فەزای هاوشـــێوە- واتـــا فەزای پڕبـــوو – نەبـــووینەوە؟ ئەگەر ئەو زێـــدەباییە بەهـــۆی ڕووی ئەزمـــوونییەوە ســـوبێکت دیـــاری بکرێـــت، وەڵام بەڵێـــیە. فەزایەکـــی وەهـــا تەواو هێمـــایین بـــووی دیکـــە، فەزای دیـــالێکتیکی نیـــیە، بەڵکـــو فەزایەکـــی جیاکـــارانە، یـــان ئاماژەناســـییە، لەگەڵ ئەوەشـــدا، خـــودی نیشـــاندەرەوەیی واتـــایی ئەو فەزایە هێشـــتا لایەنـــی دیـــاریکردنی دەبێـــت. لێرەدایە کە ئەنجامی شیکارەکەمان لە بابەت ناتەباییەوە دەستەبەر دەبێت.

ئێمە لە باسەکەی پێشوومانـدا، ڕامانگەیاند شـەڕەکان لە پەیوەنـدی بەرهەمهێنانـدا نییە، بەڵکـو لە پەیوەنـدی نێـوان بەرهەمهێنـــان و ڕەوتێـــک دێنەئـــاراوە، کە هەڵســـوڕاوانی کـۆمەڵایەتی، لە دەرەوەیـان سـاختەکار دەبـن. ئـەوە بـەو مانایەیـە کـە چەوسـانەوە لە سـەرمایەداریدا، بەرهەمێکـی ***هەڵوێســـتەکەر*** (interruptive)ە. ئەو بەرهەمە، وەک چـــۆن بینیمان، هاومانای کاری واقعی لەشـەڕ یان ئەنتاگۆنیزمدا

پەنهـــانە. لەو ڕووەوە، ئامـــادەیی شـــەڕەکان پڕبـــوونی شووناسـیێک لە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی دریێغـی دەکەن؛ بەمشـــــیۆەیە جۆریێـــــک پڕۆســـــەی بەشـــــووناس کـردن (identification) فـۆڕم دەگریێت کە لـەودا ئۆبیێکتـە دەستنیشـانکراوەکان، ئامـانج و هاونمونەیـان بەناوەکـانی ئەو پڕبـوونە، یـان تەواو نائامـادە دەگـۆڕیێن (ئەوان بـۆ «پیێگەی شـت هەڵدەکشـیێن»). ئەوە هەمـان مانـایە کە لە **ب** بوونی **ب** تیێدەگـەین. دیـاریکردنی تـایبەتی بۆ نمـونە **ب**، ئـــوبیێکتیێکی ئەزمـــوونی نیـــیە، بەڵکـــو ئوبیێکتیێکـــە کە نیشـــاندانەوەی پڕبـــوونیێکی لیێوڕیێژبـــوو لە وردەکـــاری ئەتنیـک، یـان بـوونی ئـەو، دراوەتە ئوبیێکتیێـک [بـەمانای شووناسـی ئوبیێکـت، جـگە لە هەڵگـری بۆچوونیێـک یـان نیشـــاندانەوەی لەســـەر ئوبیێکـــت شـــتیێک نیـــیە، یـــان بە دەربڕینیێکی سادەتر، ئوبیێکت شووناسی پیێشووی نییە].

کەوایە دەتـوانین ببینـین بەدیلـی پیێشـنیاری ژیـژەک، تووشـی بەدحـاڵی بـوونی ئاشـکرا بـووە. یەکەم، مەبەسـتی ئـەو لە کـاری واقعـی ئامـادە لە شـەڕ، یـان پەیوەنـدی ئەنتاگۆنیسـتی، پەیوەنـدی دیـالیێکتیکی ***ئەلـف- نـائەلفە***، کە لەودا، نیشـــــاندانەوەی تەواوی هەر دوو جەمســـــەری پەیوەنـدی، مـاهییەتی لیێکدوورخسـتنەوەی کـاری واقعـی لەناودەبـات و دوەم، ئەو **ب** بـوونی **ب** [واتـا دیـاریکردنی **ب**] بـۆ دیـاریکردنی ئەزمـوونی ئۆبیێکت دادەبەزیێت و لەم ڕووەوە، تیێکـڕای لـۆژیکی ***ئـۆبیێکتی*** aی ***سـمۆڵ*** لەبەرچـاو دووردەخاتـەوە. لە ڕەخنەکـەی ژیـژەک دا، هـیچ شـتیێکی شایانی گرنگی پیێدان نابینریێت.

## ڕەچەڵەکناسیی خەڵك

دەبێت لە قۆناغی داهاتوودا لە ڕەنگدانەوەی ناتەبایی بوونیاتنەر لە هەڵسەنگاندن، یان ساختەکاری شووناسە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵینەوە. تا ئێستا هەندێک لایەنی ئەو ڕەنگدانەوەیە ئاشکرابووە. لە یەکەم هەنگاودا، دیالێکتیکی تەباسازی/ناتەباسازی، پێویستە بەلەبەرچاوگرتنی پێشینەی ناتەبا سازی تێگەیەنراوبێت.

لەواقیعدا لە هیچ ژێردامەزراوەیەکی تەواو، هیچ ***سروشتێکی سروشت ئەفرێن***(natura naturans) لای سپینۆزا، ئاماژە بەم چەمکە نییە، بەدەر لەوەی دەربڕینە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرادەکەن. دەربڕینە سەرخانییەکان شتێک نین، ئەوان یەکەم مەیدانن کە ئوبێکتیڤ یان بابەتێتی کۆمەڵایەتی، لەودا ساختەکاری دەکرێت.

ئەو هەڵسەنگاندنە یان ساختەکاریکردنە بە مەرجی گریمانەی دەربڕین گونجاوە، چونکە ئەو دەربڕینانە لە کۆمەڵێک ئەنسامبلەکانی [کۆمەڵەگەلێک] پەیوەندین، کە لە هیچ لۆژیکێکی ناوەوەیی، جگە لە واقعیەت پێکەوە – بوونیان پەیڕەویی ناکەن. هەڵبەتە ئەوە بەومانایە وانییە کە دەربڕینەکان لە هەر ڕوویەکەوە و هەمووکاتێک گەشە دەکەن. لەپڕ بەپێچەوانەوە، شێوەبەندییە هەژمۆنیتیکەکان دەتوانن بەردەوامییەکی زۆریان هەبێت، بەڵام ئەو بەردەوامییە، بۆ خۆی، ئاکامی بنەماییە کە بە نۆرەی خۆی، بەرهەمی زۆرینەیەکی نێوان تووخمە ناتەباکانە. تەبایی بەردەوام دەستەبەردەبێت، نەک ئەوەی کە لە پێشتر درابێت. جۆرج باتای لەم بوارەدا زۆر کاریکردووە.

لایەنێکی دیکەی شیکارەکەی پێشومان، بۆ پێشینەی کاری سیاسی لە فۆڕم و ڕواڵەتدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە.

لێرەدا دەبێت ئاشکرابێت کە من بەهۆی چەمکی کاری سیاسییەوە لە مەیدانی ناوچەی کردە ناگەم، من لەڕێگای شرۆڤەی هەڵسەنگاندنی ***گریمانەییەوە***، پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو مەیدانە شیکار دەکەم. هەر بەو هۆیەیە کە وتەزای هەژموونی، پێداویستی تەوەرییەتی لە شیکارکردنی کۆمەڵایەتیدا. ئەو ئەنجامەی کە وتەزایەک بەناونیشانی شێوەبەندییە هەژمۆنیکەکان، جێگرەوەی چەمکی ڕوو یان شێوەی بەرهەمهێنان، وەکو تەواویەتی خود – لە - خۆبگرن (self embracing) و لکانی دەبێت. بەڵگەکان ئاشکران، ئەگەر ڕووی بەرهەمهێنان، لە دەرەوەی خود، هەلومەرجی ئامادەبوونی بڕەخسێنێت – واتا ئەگەر ئەو هەلومەرجانە لە***دەرەوە*** بڕەخسێن و سەرخانێکی ئابووری نەبن – هەلومەرجی تەواون.

لەواقیعدا، لایەنی ناوەوەیی دیاریکردنی تەواویەتی بەرایی و کۆمەڵایەتی دەبن. جێگرەوەیەکی وەها، [واتا جێگرەوەی چەمکی شێوەبەندی هەژمۆنتیک لەگەڵ شێوازی بەرهەمهێنان]، کاتێک ئاراستەتر دەبێت کە پەیوەندییەکانی نێوان بەش و خاڵەکانی پرۆسەی ئابووری بێنینەکایەوە، ئەو پەیوەندییانەی کە بۆ خۆی، ئاکامی دەربڕینە هەژمۆنیکەکانن، بەڵام ڕەهەندەکەی دیکە کە دەبێت لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە ئەگەر ناتەبایی ڕاستکردنەوەیی، یان بوونیاتنەربێت، بەردەوامی دەربڕینە

هەژمۆنییەکان، لەکاتی گێڕانەوەیدا ساختەکاری دەکرێت، کە بۆ خۆشی ڕاستکردنەوەیە؛ ئەو گێڕانەوەیە، هەڵگەڕانەوەی پڕۆسەیەکی لۆژیکیانەی دەرخەر نییە [واتا پەیوەندی تەکنیکە ناتەباکان، گێڕانەوەیەکی لۆژیکی نییە، بەڵکو سەر بە لۆژیکی هەژمونییە، شتیک کە لاکلاو زۆرجار دووبارەی دەکاتەوە].

مانایوایە کە ڕەنگدانەوەی ناتەبایی لە شێوازی ڕاستکردنەوە، یان ساختەکاری بوونی شووناسە کۆمەڵایەتییەکان، بۆخۆی، شێوەیەک لە سیستم شکێنی (دووبارە، هێرشی کاری واقعی)، کاری تەبا لە لایەک، کاری ناتەبا پشتڕاستدەکاتەوە. وەک چۆن کە دەزانین، مارکسیزم، بەدەوری چەمکی یاسا پێویستەکانی مێژوودا ڕێکخرا، بەڵام ئێستا دەبێت شێوازێک لەبەرچاوبگیرێت کە تێیدا، ئەوی دیکەی ناتەبا [نەک ***ئەوی دیکە*** لەجیاتی هەمان ***دوانەیی***«aterite»، بەڵکو ئەوی دیکە لەجیاتی کاری جیاواز] پەلاماری دەدرێت، پەلامارێک کە کتوپڕ لە قەڵەمڕەوی وتاری مارکسیزم ڕوویدا و سەری کێشایە ***دووبارە سەرهەڵدانەوەی*** خەڵک لەپێگەی هەڵسوڕاوی نایاب و مێژوویی، [دەکرێت بەم شێوەیە باسی ڕەچەڵەکناسی خەڵک بکرێت].

ژمارەیەک خاڵ کە مارکسیزمی کلاسیک، وەکو مەیدانی تەبای ڕواڵەتی وتاری، لەوێ، بەهۆی کارێکی دەسەڵاتهەڵنەگری ناتەبای ناو سیستمی وتەزاکانییەوە زۆرن، کە تووشی وەستان دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە تەنها ئاماژە بە ئەزمونی لینینستی دەکەین، هەم لەبەر

تەوەریـــیەتەکەی، نـــاو وەهمـــی سیاســـی چەپ و هەم بەم بەڵگەیە، کە نمونەیەکی باشە بۆنیشـاندانی جۆری قەیرانـی سیاســـی و تیـــۆریی کە دەمانەوێـــت ئامـــاژەی پێـــبکەین. ژمـارەیەک بنەمـا هەیـە کە مارکسـیزمی کلاسـیک وەکـو فەزای لەباری نیشاندانەوەی وتاری، ڕێسـای پێبەخشـی[53]. یەکێکیان گریمانەی سروشتی چینایەتی بکەرانی مێژوویە. دووەمیـان وێنـای سـەرمایەدارییە بە پێی بەردەوامـی ئەو قۆناغانەی کە لەژێر هەژموونی لۆژیکی ئابووری و لە – ناو – دیاریکراوە. سـێیەم و گرنگترینیـان لە باسـەکەماندا، چاوپێداخشـــاندنەوەیە کە تێیـــدا ئامانجـــە ســـتراتیژییەکانی چینـــی کرێکـــار، بـــە تەواوی ســـەر بە قۆنـــاغی کـــامڵبوونی ســـەرمایەدارین. ڕوســـیایەک کە بـــۆ خـــۆی لە پرۆســـەی پەڕینەوە دابووە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری و ڕووخـانی ســـتەمکاری لـــەودا، تەنهـــا بەهـــۆی شۆڕشـــی بـــۆرژوا – دیموکراسـییەوە ڕەخسـا، کـە دەیتـوانی هاوتـای سـیمبولی هاوشـێوەی خۆرئـاوا، ڕێگـا بـۆ قۆنـاغی دوورودرێـژی گەشەی سەرمایەداری بکاتەوە.

تەواوی ئەوســـــــیناریۆیە، تەبـــــــای پێشـــــــبینی و چاوپێداخشاندنەوەی ستراتیژی مارکسیزمی کلاسیک بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، جۆرێک پشێووی ناتەبا لەگۆڕێ بوو – ئەگەر بمانەوێـــت ســـوود لە وشـــەکانی ئەو قۆنـــاغە وەربگـرین، «ئـاوارتە»یەک – کە بـارودۆخەکەی ئـاڵۆزتر

[53]. لاکلاو وتار بەشوێنی لەبار لە نیشاندانەوە وێنادەکات، شتێک کە لەوانەیە لەگەڵ وتاری فۆکۆ جیاوازبێت. و.ف.

دەکرد: بۆرژوازی ڕووسی زۆر درەنگ دەستی بەبازاڕی جیهانی سەرمایەداری گەیشت و لەئەنجامدا، لاوازبوو نەیتوانی فۆڕم بە شۆڕشی دیموکراسی بدات. ئەوکارە لە یەکەم مانفێستی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیادا ئاشکرا بوو، مانفێستێک کە پیتەر ستروڤ نووسی، نەک دەمارگیری سەرسەختی وەک پلیخانۆف، کە وەک ڕۆڵی سەرۆکایەتی لە شۆڕشی پێشوودا، باسی بۆرژوازی دەکرد. لەو بارودۆخەدا، دەبوایە ئەرکی دیموکراسی بکەوێتە ئەستۆی چینی جیاجیاوە (بە باوەڕی لینین، سەندیکایەکی کرێکاری و جووتیاری، بە باوەڕی ترۆتسکی، چینی کرێکار).

ئەوە کە سۆسیال دیموکراتەکانی ڕوسیا، ئەو پەسەندکردنەی ئەرکەیان لە لایەن چینێکەوە ناونا هەژموونی، کاری سمپتوماتیک یان نەخۆشانەیە، چینێک کە لەبنەتڕا هەڵگری سروشتی ئەو ئەرکە نییە؛ بەم شێوەیە، ئەوان ئەو وشەیەیان هێنایەناو زمانی سیاسییەوە. ئێمە لێرەدا ناتەباییەک دەبینین، کە بەردەوامی ڕێسای وتەزاکانی مارکسیستی لە ڕێسمە دەبات. وتارەکانی لینین و ترۆتسکی هەوڵێکی بەردەوام بوون، بۆ جڵەوکردنی ئەو دوو ئاکامە ڕێساشکێنە. مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە ناسنامەی چینایەتی چینی کرێکار لەئاکامی قبووڵکردنی ئەرکی دیموکراسی دەگۆڕا، یان کاتێک ماهیەتی خودی ئەرکەکان تووشی گۆڕان دەبوون، کە کرێکاران، بۆخۆیان، هەڵیانگرتبوون. بۆچوونی لینینستی بۆ یەکێتی کرێکاری، لەم ڕوانگەیەوە، ڕوون و ئاشکرایە: (مانگرتنی بەکۆمەڵ و ڕێپێوانی بەجیا)،

له لایەکــەی دیــکەوە، لای ترۆتســـکی، تێکــڕای لــۆژیکی شۆڕشــی بەردەوام، لەســەر بنچینەی جۆرێک بەردەوامــی قۆناغەکــانی شــۆڕش وەســتاوەتەوە، لۆژیکێــک کە تەنهــا کاتێک مانای هەیە کە سروشتی چینایەتی بکەران و هەم سروشــتی ئەرکەکــان، لە بــارودۆخی پێشــوو پارێزرابێت. ســەرەڕای ئــەوە، (ڕیزپەڕییــەتی) بــارودۆخ، تەواو بەکــاتی وێنــا دەکرێــت، تەنهــا کاتێــک توانــای شــۆڕش لە ڕوســیا بەردەوام دەبوو، کە سەرکەوتنی سۆسیالیستی لە وڵاتانی پێشکەوتووی ســەرمایەداری خۆرئاوادا ڕوودەدات. ئەگەر بەوشــێوەیەبێت، دیســانەوە کــاری دەرەکی ناتەبــا بەهــۆی کامڵبوونیکی نۆرماڵ، ڕاست ئاییننییەوە پەلکێشدەکرایەوە.

شکســـتی شـــۆڕش لەخۆرئـــاوا، بەهـــۆی کـــاریگەری چارەنووســـسازییەوە، گرنگــی تــایبەتی هەبــوو، بەڵام لە ڕووخــانی نەریتخــوازی مارکســیزم دا نەریتێک (بۆ نمــونە جــۆر و بەشــەکانی مــۆدێلی ڕووســیی مارکســیزم)، هێنــدە چارەنووســساز نەبــوو. ئەوە ڕوانــگەی لینینســتی بــوو بــۆ نێــودەوڵەتی بــوون، کە ســـەرەتای ڕووخـــانێکی وەهـــای ڕەخســـــاند. ســـــەرمایەداری نێـــودەوڵەتی، لای لینـــین، واقعیــەتێکی سیاســی بــوو نەک تەنیــا واقعیــەتی ئــابووری؛ سەرمایەداری ئینتەرناسیونالی زنجیرەیی ئیمپریالیستی. لە ئەنجامـــدا، ئەگەر قەیرانێـــک لە یەکێـــک لەو زنجیـــرانە ڕوویــدەدا، لە پەیوەنــدی هێزەکــانی دیــکەدا، هاوســەنگی زنجیرەکان تێکدەچوو.

چارەنووســـی زنجیــرەی وەهــا پــارچە پــارچەبوونی لاوازتــرین پەیوەنــدی بــوو، هەڵــبەتە لە زۆربەی کــۆمەڵگە گەشـــەکردووەکانی خۆرئـــاوادا، هـــیچ گـــرەنتییەک بـــۆ

پارێزگاریکردن لەو پەیوەندییانە بوونی نەبوو. هەڵبەتە بارودۆخەکە بە پێچەوانەی ویناکردنێکی وەها بەرەوپێش چوو. ئاشکراترین ڕەنگدانەوەی دابڕانێکی لەو شێوەیە، چەمکی کامڵبوونی نا هاوسەنگ و بەیەکەوەبەستراو بوو، دابڕانیک کە لەبەردەوامی ڕێکوپێکی بەشە مێژووییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک ڕوودەدات. کاتێک کە ترۆتسکی لە 1930دا وتی ئێستا لەسەردەمی ئێمەدا، کامڵبوونی ناهاوسەنگ و پێکەوەبەستراو، مەیدانی شەڕی کۆمەڵایەتییە، لەواقیعدا بڕیاری مردنی نەریتخوازی سنووررداری نێودەوڵەتی دوەم و سێیەمی درێژکردەوە (دیارە بە بێ ئەوەی بۆخۆی ئاگاداری بێت).

بۆچی بەوشێوەیەی بەسەرهات؟ چونکە چەندی کامڵبوون نارێک و پێکەوەبەستراوبێت، بە شێوازێکی قووڵتر، پەیوەندی نێوان پیشە و بکەرانی تێکبدات، ئەگەری تەرخانکردنی پیشەکان بۆ هۆکاری سروشتی، زانراو و پێشبینیکردنی کەمتر دەبێت و دەتوانیت بکەری کەمتر بدۆزیتەوە، کە شووناسی سەربەخۆی ئەرکی گۆڕاویان هەبێت. بۆیە دەچینە مەیدانێکەوە ناویدەنێین مەیدانی دەربڕینی سیاسی گریمانەیی، ئێمە بەپەڕینەوە لە [مەیدانی] نەریتخوازی دەمارگیر بۆ [مەیدانی شمولگەرا]، شووناسی گشتگیرتر و پۆپۆلار هەنگاودەنێین. تەنیا کاتێک ئامانج و ئایدیالی هەموو ئەو گرووپانە دێتەدی، کە لە شەڕی دەسەڵاتدا بەشدارن، تەنها کاتێک دێنەئاراوە کە ئەو گرووپانە بەشێوازی هەژمۆنیک، هەمەلایەنی هێزەکانی باڵادەست بەسەر خۆیاندا کاربکەن، کە گۆڕانی خودی سوبێکتی، یان سەردەکێشێتە لایەنی بکەری

گرووپێکەوە. گرامشی لە ئاماژەکردن بەم مانایەیە، کە باسی ئیرادەی هاوبەش و گرووپی دەکات. بانگەشەی ژیژەک لەسەر ئەو بنەمایە لەبنچینەوە سستە کە پۆپۆلیزم - لەو مانایەدا فرێی بەسەر کۆمۆنیزمەوە نییە - کە دەرمانبڕی.

ماو لە (ڕێپێوانی دووروودرێژ)دا (long march)، جگە لە ئەفراندنی جۆرێک شووناسی پۆپۆلاری فراوانتر چی کرد؟ ئەو تەنانەت باسی (لێکدژی دەروونی خەڵک)ی کرد و وتەزای خەڵکی لەجیاتی شتێکی نەفرەت لێکراو لە لایەن مارکسیزمی کلاسیکەوە پێناسە کردەوە. ئێمە دەتوانین وێنای کارەساتێکی ئەوتۆ ترسناک بکەین، کە تیتۆ لە یوگسلاڤیای ژیژەک دەیتوانی بەدیبێنێت؛ ئەگەر تیتۆ لەجیاتی بانگهێشتکردنی جەماوەری خەڵکێکی زۆر بۆ بەرگریکردن لە بەرامبەر داگیرکاری دەرەکی دا کەمێک ئاوڕی لە کرێکاران دەدایەوە، خەڵکی بەدەستدەهێنا. لەجیهانی ناتەبا [ئێستا]، تا کاتێک کە شووناسی ناوچەیی، (sectorial identity) لەجیاتی خاڵی بەرایی بۆ ساختەکاری ئیرادەیەکی فراوان و پۆپۆلار تێی نەگەین، هیچ کردەیەکی سیاسی مانادار مەحاڵە.

## ڕەخنەکانی دیکە

لەکۆتاییدا چەند ڕەخنەیەکی ژیژەک لە کتێبەکەم دەمێنێتەوە، کە نیازم نییە بێ وەڵام بیانهێڵمەوە.

ژیژەک بە ئاماژەکردن بەجیاکاری نێوان وتەزای بەڵگەی پووچ و بێ ناوەڕۆکی من و چەمکی شوێنی بۆشایی دەسەڵات لای کلود لیفۆر (claud Lefor)،

دەنووسـیت: (لەواقیعـدا، ئـەو دوو جـۆرەی پـووچ و بـێ ناوەڕۆک بـوون، پـێکەوە بەراووردنـاکرێن. پـووچ بـوونی خەڵک، یان بە مانـای پووچ بێ ناوەڕۆک بوونی بەڵگەی هەژمـۆنیکییە، کە زنجیرەکـانی هاوتـایی تێکڕادەکـات، یـان بەجـۆرێکە کە نـاوەڕۆکی بەشـەکی خەڵـک، لە ڕواڵەتـی بەرجەسـتەبوونی تێکـڕای کـۆمەڵایەتی (بەڵگـەی مـاهیەت) دەبێـت؛ ئەوە لەکاتێکـدایە کە بۆشـایی شـوێنی دەسـەڵات [لەبیـــردۆزەی لۆفـــۆر]دا، مەودایەکە کە هەر جـــۆرە هەڵگرێکی دەسـەڵاتی ناکارا گریمـانەیی دەکـات و بەکـاتی دەیهێڵێـــتەوە.(p.559) مـــن دواکەســـی ڕەتـــکەرەوەی ئەو جیاوازییە دەبم کە ژیژەک پێیڕازییە. ژیژەک بە وەرگرتنی وتەیەک لە کتێبەکەم، بەمجۆرە ئاماژە بە بابەتەکە دەکات: (بە بـاوەڕی مـن، بۆشـایی یـان پـووچ بـوون، جۆرێـک شووناسـە، نەک شـوێنی بنەمـایی. (p. 559) (من سـاڵانێک داکـۆکیم کـرد لە بەرامـبەر مەیلـی ئەوانـی دیـکەدا بـۆ بەهاوشێوەزانینی تیۆرەکانی خۆم بە ئەندێشـەکانی لیفۆر، مـەیلێک کە ڕەنـگە لە دوو شـیکاردا پەیوەنـدی بە وشـەی ***پووچەوە*** هەبێت.

هەڵبـەتە جیـاوازی چەمکـی بۆشـایی لەم دووڕێکـارەدا بەمانـای ئەوە نییە، کە هـیچ پێوەرێـک لـەنێوانیـان ئاسـان نییە. ئەوەی ژیـژەک لە ئەندێشـەی (هەرجـۆرە هەڵگرێکـی دەسـەڵات، هەڵگرێـک «ناکـارا»، گریمـانەیی، «کـاتی»یە) دەی پارێزێـــت، تەنیـــا ئەگەری جێگـــرەوەی دیـــکەی هەڵگرەکـــانی دەســـەڵاتە؛ ئـــەو هەرگیـــز ســـەرنجی بـــۆ

کاریگەرییە کاراکانی خەسڵەتی وەک ناکارا، گریمانەیی و کاتی بەسەر شووناسی هەڵگرەکانی ناوبراودا نییە. دیارە بەسەرنجدان بە بێ ئاگایی تەواو و نەبووی ژیژەک لەبارەی لایەنی هەژمۆنیکی سیاسەت، ئەو کارە ئەوەندەش سەیر نییە.

ژیژەک لەبارەی بە بزووتنەوەی دژەجوداخوازی ڕەگەزی لە ئەمریکا، کە مارتین لۆسەر کینگ کەسایەتی ناسراوی بوو، دەڵێت: (ئەگەرچی ئەو بزووتنەوەیە هەوڵیدابوو ئەو داواکارییانە جومگەبەندی بکات، کە لە دامەزراوە دیموکراسییەکاندا یەکلانەکرابووەوە، بەڵام بە هیچ مانایەک ناکرێت بە پۆپۆلیستی دابنرێت) .«p.560»

هەڵبەتە ڕیشەی هەموو شتێک، بۆ پێناسەی ***پۆپۆلیزم*** دەگەڕێتەوە. ئەگەر مانای باو و سنورداری پۆپۆلیزم لەبەرچاوبگرین، کە دیارە بەهۆی مانای ئاماژەگەرانە و دابەزێنەرییەوە، لە مانای (خەڵک خەڵەتێن) نزیکدەبێتەوە و گومانێک نامێنێتەوە، کە بزووتنەوەکانی تایبەت بە مافە مەدەنییەکان ناتوانن پۆپۆلیستی بن، بەڵام ئەو مانایە هەمانشتە کە من لە هەموو کتێبەکانمدا ڕەخنەم لێگرتووە. بەڵگەم ئەوەیە، کە ساختەکاری خەڵک لە پێگەی هەڵسوڕاوی کۆمەڵیدا، پێویستی بەگەشەی چەمکی پۆپۆلیزمە بۆ زۆربەی بزووتنەوە و دیاردەکان، ئەو بابەتانەی کە پێشتر بە باو لەو کۆمەڵەیەدا جێیان

نەکرابووەوە[54]. لەم ڕوانگەوە، هیچ گومانێک نامێنێتەوە، کە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا، لە زۆر لای جیاوازەوە گەشەیان بە لۆژیکی هاوتایی داوە و سڕینەوەی ئەم کارەی یەکێتی ستەمدیدەکان لەمەیدانی گشتیدا ئاساندەکات، بەڵام لەکۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بەڕووداوێک بکەم، تەنیا لەبەرئەوەی کە ژێژەک

---

[54]. هەرکاتێک پێناسەیەک لە ڕیشەی ڕیفۆرمکردنی بواری سۆبژێکتیڤیتە ئامادەبێت، ئەوکاتە سنووری ئەو بوارەش قووربانی گۆڕان دەبێت و لەئەنجامدا، بابەتی ئاماژەیی کە لە لایەن وتاری ناوبراوەوە ئاماژەپێکراو دەبن، لە ڕیشەوە دەگۆڕێن. وەک نمونە سەیری ئەم پەرەگرافەی لینین بکە: (ئێمە بە نیشاندان و ئاشکراکردنی بەشێک کە لە لایەن ئەندازەی جووڵەی لادەرەوە ئیدارەدەدرێت و لە فۆڕم گرتنی سمپتۆمەکانی نەخۆشانی دەروون ئازارچەشتوودا ڕۆڵی هەیە، بەشێوەیەکی بەرچاو، ژمارەی ئەوکەسانەمان زیادکردووە کە دەکرێت بە لادەر ئەژمار بکرێن.... لەم ڕووەوە، بڵاوبوونەوەی لادانی زۆر کە ئێمە ناچاردەکات گومان بکەین شێوازی ئارایشتی ئێمە لە بەرانبەر لادانەکان، بۆخۆی ئەوەندە جیاجیا نین، بەشێک لە ستراکچەرێکی نۆرماڵ یان باو پێکدەهێنن.)

(Sigmund Freud, Three Essays on the Tyeory of Sexuality, inn The Standard Edition of the Complete Pssychological Woorks of Sigmund Freud, trans, and ed. James StracHey, 24 vols. [London, 1953-74], 7:171).

دەکرێت شتێکی وەها لەبارەی پۆپۆلیزمیشەوە بڵێیت.

هێنایـەپێش. مـن لە گفتوگۆیەکـدا لە بـۆینس ئـایرس لەپڕ ئامـاژەم بە گفتوگۆیەکی ژیژەک کرد کە لە ڕۆژنـامەیەکی تـری بـۆینس ئـایرس بڵاوببـۆوە؛ ئـەو لەو چـاوپێکەوتنەدا وتبووی کێشەی ئەمریکا ئەوەیە، کە جیهـانی کاردەکـات و نـاوخۆیی بیردەکـاتەوە و لەو ڕوانـگەیەوە ناتوانێت ڕۆڵـی پۆلیس ببینێت[55]. من بەبیانووی ئەو ئامۆژگارییەی ژیژەک کە داوای لە ئەمریکـا کردبـوو جیهانیـانە بیربکـاتەوە و ڕەفتاربنووێنێت، گەیشتمە ئەو نجامـەی کـە ئـەو لەواقیعـدا لە ئەمریکای دەوێت بۆ چینی جیهـانگر بەمانـای هیگڵـی - مارکسیسـتی وشـە بگۆڕێـت. ژیـژەک لەوتـارێکی بڵاوبووەوەی Critical Inquiry بە تـووڕەییەوە کـاردانەوەی لە بەرامـبەر ئەوەدا نیشـاندا، کە بە (دوژمنـایەتی پێکەنیناوی) خوێندومەتەوە و دەڵێت ئەو ئەوەی لەبەرچـاو بووە (کە ئەو مەودایەی نێوان تێکڕایی و بەش لەڕوانگەی بنەمـاییەوە پێویسـتە، لەواقیعـدا هەربـۆیە وڵاتە یەکگرتووەکـان لە مـاوەیەکی زۆردا گـۆڕی خـۆی هەڵدەکەنێت) .(p.563).

---

[55]. See Laclau, “Las manos en la masa,” Radar, 5 June 2005, p.20, www. Pagina 12.com.ar/diaro/suplementos/ radar/922862005 06.09.html, and “Z”izek: Estados Unidos deberla intervener ma,s y melor en el mundo: pide que asuma su papel de policI,a global, “La nacion, IoMar, 2004, www.lanacion.com.ar/04/03/Iodg-580163.asp.”

ئێستا بابزانین ژیژەک لە گفتوگۆکەیدا بەوردی چی وتووە. ژیژەک لە وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکە ("ئایا گومانت هەیە پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عێراق بڕیارێکی ڕاستبووە؟") دەڵێت: (پێموایە مەسەلەکە شتێکی ترە. ئایا لەبیرتانە درووشمی لایەنگرانی ژینگە ئەوەبوو کە «ناوخۆیی بیربکەیتەوە و جیهانی ڕەفتار بکەیت؟» دەی، مەسەلەکە ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکان بە پێچەوانەوە ڕەفتاردەکات: «ئەوان ناوخۆیی بیردەکەنەوە و جیهانی ڕەفتاردەکەن. من بەپێچەوانەی باوەڕی زۆربەی ڕۆشنبیرانی چەپ، کە بەردەوام سکاڵایانە بەدەست ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە، گوماندەکەم ئەو وڵاتە دەبێت زیاتر دەستتێوەردات)، ئەو دوای هێنانەوەی چەند نمونەیەک لە ڕواندا و عێراق، دەگاتە ئەو ئەنجامەی: (ئەوە تراژیدیای وڵاتە یەکگرتووەکانە: ئەوانە لە قۆناغێکی کەمدا براوەی شەڕەکانن، بەڵام لە قۆناغی دوورودرێژتر دەبێت کۆتایی بەخراپی ئەو کێشانە بێنن کە لە هەوڵی یەکلاییکردنەوەیان دابوون. مەسەلەکە لێرەدایە کە دەبێت ئەوان بەڕاستگۆیی زۆرتر ڕۆڵی پۆلیسی خۆیان نیشان بدەن. ئەوان ئەو کارە ناکەن، بۆیە باجی ئەنجامەکەی دەدەنەوە.) «ژیژەک«.

دیارە لەئەستۆی خوێنەرە داوەری بکات، ئایا من لەو بوارە تایبەتەدا، کاتێک تێنەگەیشتم کە ژیژەک لە وتنی ئەوەی کە ئەمریکا «دەبێت بە ڕاستگۆیی زیاتر ڕۆڵی پۆلیسی خۆی بنووێنێت» لەواقیعدا، ویستوویەتی بڵێت

«لەڕوانـگەی سـتراکچەرەوە، مەودای نێـوان تێکڕایـی و بەش پێویســـتە، هەربەو هـــۆیە، وڵاتە یەکگرتووەکـــان بەکـردەوە لەمـاوەیەکی زۆردا گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت» قـین لە دڵ و پێکەنینـاوی بـووم یـان نـا..؟ ئەگەر وەهـایە جیهان پڕە لە خەڵکی قین لە دڵ و پێکەنیناوی. لەبیرمە کە گفتوگۆی ژیژەک بڵاوبووەوە، من بۆچوونی ئەوانی دیکەم لەو بارەیەوە لەگەڵ چەندکەسێک لە ئەرجەنتین باسکرد و سەرنجڕاکێشە کە هەتا کەسێکیشم نەدۆزییەوە لەواقیعدا بۆچوونەکـانی ژیژەکـی شـرۆڤە کردبێـت؛ هەڵبەتـە ئێسـتا دەڵێـت دەبوایـە ئەو گفتوگـۆیە شـرۆڤە دەکـرا. تەنـانەت ڕۆژنامەنووسەکە کە چاوپێکەووتنی لەگەڵ کـردووە، لـەوە ڕاچڵـەکی بـوو، کـە فەیلەسـوفێکی مارکسیستی خوازیـاری بینینـــی ڕۆڵـــی پۆلیســـی نێودەوڵەتییـــە لـــە لایـــان وڵاتە یەکگرتووەکانـــەوە. ناونیشـــانی گفتوگـــۆکە بەمشـــێوەیە: (ژیـژەک: پێویسـتە وڵاتە یەکگرتووەکـان زیـاتر و باشـتر، دەســـت لە جیهـــان وەربـــدات.) (ئـــەوە مانـــای چیـــیە کە نـەهاتنـەدی ئەوڕاسـپاردەیە، «لەڕوانـگەی سـتراکچەرەوە، پێویست»ە ؟)

لەگەڵ ئەوەشـدا، بـۆچی بەدینـەهاتنی ئەو ڕاسـپاردەیە زەروورییـــە؟ ژیـــژەک لێـــرەدا پەنـــا دەبـــاتەبەر هێگـــڵ: (هیگڵیزمـی مـن ***لەوێ*** دامرکـاوە: «داینـەمۆی» پرۆسـەی مێـــژووی دیـــالێکتیکی، ڕێـــک، هەمـــان مەودای نێـــوان ڕەفتـارکردن و بیرکـردنەوەیە، (p. 563) (بەڵام ئامـاژەی هیگـڵ، بەشـێوەیەکی تـایبەتی، پەیوەنـدی بە سیاســەتی

نێـودەوڵەتییەوە نیـیە، چـونکە وتەکەی ئـەو بەشـێوەیەکی تێکڕایـی یـان جیهـانگر، ئامـاژە هەر بەو شـتەدەکات کە لە جیهاندایە. بۆیە ژیژەک لە وەڵامـی ئەو پرسـیارەدا، لەسـەر ئەو بنەمایەی کە ئایا ئەمەریکا بۆ هێرشکردنە سەر عێراق لەسـەر هەقە یـان نـا، دەڵێت مەسـەلەکە ئەوە نییە، چـونکە ڕاسـتی کـارەکە ئەوەیـە کـە جۆرێـک مەودای پێویسـت، لەواقیعـدا لە سـتراکچەری کـار، لە نێـوان بیرکـردنەوە و ڕەفتـارکردن بـوونی هـەیە. بە هەر شـێوەیەک، مـن لە نیازباشییەوە ئامادەم لێکدانەوەیەک پەسـەند بکەم، کە لە وتەکانیدا دەیخاتەڕوو. بەم حاڵە، ڕاسپاردەی هاوڕێیانەم ئەوەیە ئەگەر ئەو بە گشـتی تووشـی بەدحاڵیبوون بـووە، لانی کەم، زیاتر دیقەت لە هەڵبژاردنی وشەکانی بدات.

## یەکلاکردنەوەی چەپی تووندڕەو لە کاری سیاسیدا

ئێمـە تـا ئێسـتا بەسـەریەکەوە، چەنـدین وتەزامـان خستۆتەڕوو: ***کاری سیاسی، خەڵک، بەڵگە پووچ و بێ ناوەڕۆکەکان، هاوتایی/جیاکاری، هەژموونی***. تێگەیشتن لە هەرکـام لەم زاراوانە، پێویسـتی بە تێگەیشـتنە لە زاراوەکەی دیکـە. پەرتـوبڵاووی شـەڕ و داواکارییـە کۆمەڵایەتییەکان، کە جیاکاری سەردەمێکی سەرمایەداری بەجیهانی بوون دەردەبڕن، پێویستی ساختەکاری سیاسی تەواوی شووناسـە کۆمەڵایەتییەکـانە، شـتێک کە تەنیـا ئەگەری گریمـانەی بەرجەسـتەبوونی هەڵسـەنگاندنی

پەیوەنــدی هاوتــایی نێــوان تــوخمە ناتەبەکــان و لایەنــی هەژمۆنیکی ناونانە.

بەم هـۆیەیە کە ***تەواوی*** شووناســە سیاسـییەکان، وەک پێویسـت، خەسـڵەتی پۆپۆلیسـتیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشـدا، بەشـێکی دیکــە هەیە کە دەبێــت زیــاتر جەختــی لەســەر بکـــرێتەوە. ناتەبـــایی ئەنتاگۆنیســـتی [بە پـــێچەوانەی پێکناکۆکی دیالێکتیکی]، وەک چۆن کە نیشـانماندا، بەڵگەی لەسەر چوارچێوەگەلێک هەیە، کە لە ساختەکاری ئوبێکت، یان بابەتـە کۆمەڵایەتییەکانـدا هەیـە، بەڵام ڕاسـت هەر بەو هـــۆیە، ئەو ناتەبـــاییە ناتوانێـــت ***تەواو*** دەرەکیـــی بێـــت ســـەبارەت بـــە سیســـتمێک کە بەرەوڕووی بـــووەتەوە. دەرەکـی یـان دەرەوەبـوونی تـەواو بـەمانـای بـارودۆخی تۆیۆلـــۆژیکە، کە بەهـــۆی شـــوێنی ورد لە ڕووبەڕوو بـــوونەوە بـــە سیســـتم پێناســـەدەکرێت، لەم دۆخەدا، ئەو شوێنە بەشـێکە لە سیسـتم[56]. دەرەکـی بوونی تەواو تەنها ڕواڵەتێکی دەرەوەییە.

دەستێوەردانی سیاسی ڕاستین وەک پێویست بەمانـای ڕووبەڕووبـــوونەوە بـــەسیســـتم نیـــیە، بەڵکـــو زیـــاتر دەستێوەردان یان، هەڵوێسـتەیەکە کە تـەنها سـەردەکێشـێ گـۆڕانی ترمینۆلـۆژی مێزگـردی [سیاسـی] و دەربڕینـی دووبارەی بارودۆخەوە. شانتاڵ موفە لە کتێبەکەی خۆیدا

[56]. لاکلاو دەیەوێت بڵێت ڕێسای سیستمێکی ستراکچەری ناکەوێتە بەرامبەر بێ ڕێسایی و ئەنارشی شاراوەی لە داواکارییە ناتەباکاندا، شتێک کە چەپە نوێکان بە پەنابردنەبەر کردەی سیاسی ئەنارشیک، جەختی لێدەکەنەوە. و.ف.

لـــه دوانـــەیی ئەگـــۆنیزم/ئەنتـــاگۆنیزم دەدوێـــت و بیرماندەخاتەوە کردەی سیاسی، بەمانای پەسەندکردنی پێگەیەکی ناو پێکهاتەیەک و مەیدانێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو مانای پەسەندکردنی بەرپرسێتی ساختەکاری هەمان پێکهاتەیە. پێکهاتە یان مەیدانێکە کە لەودا، زۆربەی بابەتەکان، خۆیان دەخەنەڕوو[57]. ئەوە هەمان مانای شەڕی ڕوانگەکانە، وتەزایەک کە ئاماژەمان پێکرد. ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە چەپی دەمارگیر، بەهۆیەوە، دەرەکیی تەواو دەکاتە هاومانای ڕیشەکێشکردنی کاری سیاسی.

دۆزینەوەی نموونەیەکی دەمارگیرتر لە قسەکانی ژیژەکدا، بۆ چەپی دەمارگیر دژوار دەبێت. ئەم

---

[57]. زۆر جێی خۆشحاڵییە کە ژیژەک لە وتارەکەی خۆیدا لە Critical Inquiry، بۆ یەکەمین جار، هەوڵدەدات بۆچوونی من و موفە بەجیا تاوتوێ بکات، بە بێ ئەوەی کە وتەکانی هەریەکەمان بداتە پاڵ ئەوی دیکە. نمونەیەکی نادادپەروەرانە دووپات دەکەمەوە: ئەو دوای هێنانەوەی وتەیەکی دووروودرێژ لە موفە دەڵێت: (مەسەلەکە لێرەدایە کە وەرگێڕانێک لە ئەنتاگۆنیزم بۆ ئەگۆنیزم بەهۆی پێناسەوە، واتە چوونەناو گەمەی جڵەوکراوی ڕکابەری سیاسییەوە، پێویستی بە سڕینەوەی ستراکچەرییە، ئەوە هەمان سڕینەوەیە کە لاکلاو ناتوانێت دەری بخات).
(Zizek, Iraq: The Borrowed Kettlw [London, 2004], p. 90)
مەسەلەک لەسەر ئەوە نییە کە من هاوڕای موفەم یان نا، مەسەلەکە ئەوەیە کە ڕەخنە لە نووسەرێک ناگرن، لەبەر ئەوەی نووسەرێکی دیکە نووسیوویەتی.

پەرەگرافەی خوارەوە بایەخی ئەوەی هەیە بەشێوەیەکی تەواو بهێنرێتەوە، تا وردتر ڕای خۆمانی لەسەر بدەین:

لێرەدا ئیرادەیەک هەیە تا بە (گوژمی باوەڕ) وەفاداربمێنێتەوە و بۆ ***چوونەدەر*** لە مەداری جیهان ***هەنگاو بنێت***، ئیرادەیەک کە لە دەمارگیرترین و ترسناکترین شێوەیدا، لەڕووداوی بەناوبانگ، واتا شەڕی ڤێتنام، ڕەنگیدایەوە: دوای ئەوەی سووپای ئەمریکا گوندێکی ناوخۆی داگیرکرد، پزیشکانی سووپا، قۆڵی چەپی منداڵانیان کوتا، تا چاودێری مرۆڤدۆستانەی خۆیان بسەلمێنن. دوای ڕۆژێک، ویت کینگەکان گوندەکەیان وەرگرتەوە، ئەوان قۆڵی چەپی هەموو ئەو منداڵانەیان بڕی کە کوترابوون.. ئەگەرچی ئێستا زەحمەتە پێداگری لەسەر مۆدیل، یان سیمبوولی ورد و ڕەهادا بکەین، بەڵام دەبێت ئەوجۆرە پاشەکشەی لە سەدا سەدی دووژمن، ڕێک لە مانای (مرۆڤدۆستانە) و مرۆڤایەتییەکەی، بێ تێچوونی، لەبەر نیازی بەرایی پشتڕاستبکرێتەوە.

دەکرێت هاوشێوەی ئەوکارە لە داگیرکردنی گوندێک لە لایەن سندیرۆ لۆمینۆسۆ ببینی، ئەو دوای داگیر کردنی گوندەکە، سەرنجی لەسەر کوشتنی سەربازەکان، یان پۆلیسە جێگیرەکانی ئەوێ چڕنەکردەوە، بەڵکو زیاتر خوازیاری کوشتنی ڕاوێژکارانی کشتوکاڵی ڕێکخراوی نەتەوەکان، یان ئەمریکا، یان بەرپرسانی تەندرووستی بوو کە یارمەتی ستەمدیدەکانیان دابوو - ئەو دوای وتاردانی چەند سەعاتە و دانپێدانان وەرگرتنیان لەژێر ئەو ناوەوە گوولەبارانیان کردن، کە لەبانگەشەی

ئیمپریالیزمدا شەریکە تاوانن. ویڕای بێویژدانبوونی ئەو هەنگاوە، دەبێت لە ئاوەزی زیرەکانەوە بۆ ڕیشەی بگەڕێی: ئەوان، نە پۆلیس و نە سووپا، ***مەترسی واقعی*** نین، دوژمن کەسێکە کە خائین و پەیمانشکێنە، چونکە (ڕاستی لەبن دەمامکدا ون دەبێت) – هەرچەند دوژمن (بێگوناهتر) بن، ئەوان «لەواقیعدا» هەوڵدەدەن هاوکاری ستەمدیدەکان بکەن)، زیاتر لەخزمەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دان. باشترین زەربەدان لەدوژمن لەم خاڵەدایە، لەوێ کە دوژمن «بەڕاستی یاریمەتیماندەدات»؛ ئەوە هەمان مانای دەسەڵاتدارەتی (sovereignty) و سەربەخۆیی شۆڕشە [Zizek, Savoj, Iraq The Borrowed Kettle, pp. 83-84].

سەرەڕای ترسی شاردراوە لەم پەرەگرافەدا، لەسەر بابەتێک قووڵدەبینەوە، کە لەم باسەدا زۆر گرنگە: شێوازی وەرگرتنی سیاسەتێک کە دەربڕینێکی وەها دەخوازێت. یەکەم تەرخانکراو کە لەم سیاسەتەدا دەزێتەزەینەوە، ئەوەیە کە تێکڕای چەمکی دەربڕینی دووبارەی داواکاری لە شەڕی ڕوانگەکان، تەواو نائامادەیە. بەڕێکەووت، ئێمە شایەتحاڵی هەوڵێکین بۆ پتەوکرنی یەکگرتوویی بلۆکی دەسەڵاتی هەبوو. چەپی دەمارگیر زۆرتر بۆ گەورەترین پارێزەری فرماسیۆنی هەبوو، هەژمۆنیک دەگۆڕێت. ئەندێشەی هەوڵ بۆ هەژمۆنیزەکردنی داواکاری لە بلۆکێکی پۆپۆلاری نوێدا، لەژێرناوی بنەمایەک ڕەتدەکرێتەوە.

تاکە ڕووبەڕووبوونەوەی ***تووندوتیژانە و ڕوو – لە – ڕوو*** بە دوژمن، دەکرێت کردەیەک بێت بەسەر حەق و ڕەوایی بووندا. تەنها ڕوانگەیەکی سەربەدەرەوەیی کامڵ دەتوانێت لە بەرامبەر بارودۆخی هەبوودا، دڵسۆزی شۆڕش زامن بکات. [لای چەپێکی دەمارگیری وەک ژیژەک،] بالادەستی دەرەکیی، لەو ڕوووەوە کە دەرەکییە، بە پێگەی بەهایەکی سیاسی بەرز و بەرگری لە تووندوتیژی لەبەر خودی تووندوتیژی، نزیکە ڕوودان لەم پەرەگرافەی خوارەدا دیارە:

تاکە چاوپێداخشاندنەوەی (واقعگەرایانە) ئەوەدەبێت کە بۆ بەرپاکردنی تێکڕاییەک (universality) سیاسی نوێ، شوێنی ئاوارتە، بەبێ هیچ تاپۆ و هیچ ڕێسایەکی پێشبینیکراو («مافەکانی مرۆڤ،» «دیموکراسی»)، بە ئاوڕدانەوە لەوەی ئێمە لە تیرۆر، یان ترسان (ڕادەستکەری) سەپاندنی زاڵمانەی دەسەڵات و ڕوح بزواندن ناهێڵێت، دیاری بکەین و ***کاری مەحاڵ*** هەڵبژێرین... ئەگەر ئەو هەڵبژاردنەی ڕادیکاڵ لە لایەن لیبراڵە دڵناسکەکانەوە لەژێرناوی Linksfaschismus[58] سووکایەتی پێدەکرێت، ئەوە باشترە، کە ببێت[59] !

---

[58]. ئەم وشەیە بەمانای فاشیستی دەستەچەپە کە بە درکەیەکی سوکایەتی پێکردنەوە بە بیانووی لێکچوونی نێوان ڕەوتە تازە سەرهەڵدراوەکانی چەپ و فاشیزم بەکاردەهێنرێت. ئەو وشەیە بۆ یەکەمین جار لە لایەن هابرماسەوە لە 1960، بۆ نیشاندانی مەودای نێوان ڕوانگەی مارکسیستی نوێی قووتابخانەی فرانکفۆرت و تووندوتیژی دەسەلاتگەرای چەپ بەکارهێنرا. و. ف.

[59]. Zizek, “Holding the place,” in Judith Buler, Laclau, and Zizek, Contingecy, Hegemony, Universality:

ئێستا دەبێت لە خۆمان بپرسین سوبێکتەکانی سیاسی فاشیزمی چەپ چین، کە ژیژەک باسیان دەکات؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زەحمەت دەبێت، چونکە ڕوانگەی ئەو لە بەرامبەر ستراتیژییەکانی چەپدا بەتەواوی پەنهانە. بەم حاڵە، کتێبەکەی ژیژەک دەربارەی عێراق سوودی بۆ ئێمە دەبێت، چونکە چەند لاپەڕەیەکی بۆ قارەمانی کردەی شۆڕشی ڕاستەقینە تەرخانکردووە. ئەو ئاماژە بەسێ قارەمان دەکات: ئەنجومەنییە کرێکارییەکان لە قوتابخانەی ڕوسیا – کە ئەو بۆخۆی خودی ئەوانە لە – لەناوچوو دەزانێت؛ کانودۆس - (Canudos) بزووتنەوەی باوەڕ بە باڵادەستی هەزارەیی مەسیح لە بەرازیلی سەدەی نۆزدەیەم و ***کەوێڵ نشینانی***[60] بەرازیل، ژیژەک

---

Contemporary Dialogues on the Left (London, 2000), p. 326.

[60]. ئاماژەی ژیژەک بە شەڕی کانودۆس و سەرکووتکردنی ململانێی ناوچەیی لە پارێزگای باهیان بە هەمان ناوە، کە لە لایان سووپای بەرازیلەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ئەنجام درا. دانیشتوانی هەژار و بەگشتی پێست ڕەشی کانودۆس بە باوەڕبوون بە خواوەندییەتی ڕزگاری بەخشی مەسیح، شۆڕشیان لەدژی حکومەتی ئەوکاتەی بەرازیل بەرپاکرد، ئەوان بە ڕابەری ئەنتۆنیۆ کانسلیرۆ ڕوویان لە خەباتی ناوخۆیی چەکداری کرد، بەڵام دوای چەندین ساڵ کێشمەکێش لە ئۆکتۆبەری 1897 لە لایەن سووپای حکومەتی تازە سەرپێکەوتووی بەرازیل سەرکوتکران. ڕزگاربووانی ئەو دەستەویەخەیە لە ناوچە کەوێڵ نشینەکانی شارەگەورەکانی وەک ڕیودوژانیرۆ نیشتەجێکراوون، کە پاشان ناونرا ***ڤافێلا***

لەم وتەیەی خـوارەوەدا باسـی شـێوازی پەیوەنـدی دوو قارەمانی ئەم دواییە دەکات:

زایەڵەی کـانودۆس بە ئاشـکرا لە ***کەوێـڵ نشـینانی*** ئەمڕۆی شارە گەورەکانی ئەمریکای لاتیندا دەگاتەگوێ: ئایـا ئەوان بەمانـایەک، یەکەمـین (ناوچەکـانی ئـازادبوو)، ژوورەکـانی کـۆمەڵگەکەی خۆیـان – ڕیفـۆرم کـراوی داهـاتوو نـین؟ ... نـاوچەی ئازادبووی کانودۆس لە بـاهیە، بـۆ هەمیشـە سـیمبوولی بـە فەزایەکـی ڕزگـارکراو دەمێنێـتەوە، کـۆمەڵگەیەکی بەدیـل کە بە تەواوی شـوێنی دەوڵەتی هەبوو ڕەتدەکاتەوە. هەمووشتێک لەوێ، تەنـانەت (فانتـازیزم) ئـایینیش ڕێپێدراوە [Zizek, Savoj, Iraq The Borrowed Kettle, p. 82].

ئەو دەستەواژانە، وڕێنەی پەتین. ***کەوێڵەکانی***[بەرازیل]، شوێنی کەوێڵنشینن و هەژارن کە بەهۆی تاوانی ئەوپەڕی ناسیاسی خراونەتە بەردەست ڕووتەوپووتەوە تا خەڵک لەترسـیان بپـارێزن؛ دەبێـت ڕەفتـاری پۆلیسـیان بـۆ زیادبکرێـت کە بەرپرسـی سـزادانیانن و بەردەوام چاپەمەنییەکـان ئیـدانەی دەکەن. لە کـاردانەوەی وتەی ژیژەک لەسـەر ئەو بنەمـایەی کە ئەو ***کەوێڵانە*** یادەوەری

---

(favela). ***فـاڤێلا*** لەوەبـەدواوە، وەک دەڵـێن بـۆ کۆمەڵگەیـەکی بەمشێوەیە گچکە گۆڕا، کۆمەڵگەیەک کە لە دەورووبەری خۆیان، سـتراکچەری کۆمەڵایـەتی جیاوازیـان هەیـە. دانیشـتوانی فاڤێلاکـان لـە بـەرازیلی هەنووکـە، چینـی زۆر بێبەشـی کۆمەڵگـە، کەمینـەی کولتووری، (بەدناوان) پێکدەهێنن. و.ف.

کـــانودۆس بەزینـــدوویی دەهێڵـــنەوە، بانگەشـــەیەکی لەخشتەبەری سەیر و سەمەرەیە. دەبێت بووترێت (برۆ و ڕاهێنانەکەت بنووسەوە).

ئێستا تەنانەت بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە بەرازیلی ئێســـتادا نـــادۆزرێتەوە، کە بانگەشـــەکەی پەیوەنـــدی بە نەریتی هەزارەی سەدەی نۆزدەیەمەوە بێت – دانیشتوانی ئەو ***کەوێڵانە*** لەبنەڕەترا فەرامۆش بکەیت، کەسانێک کە نهۆ هـیچ ئەندێشـەیەکیان لەبـارەی شـووناس و چییەتـی بزووتنـەوەی کانودۆسـەوە نیـیە. ژیـژەک بەتێکـڕا گـوێ بەوەنادات لە بەرازیلی ئەمڕۆ، دوێنێ یان هەرکاتێکی تر ڕوویـداوە – هەربەوهۆیەیـە، هـیچ بەربەسـتێک بـۆ ئـەو بوونی نابێت، چونکە دەربڕینە گشتگیرەکانی ئەو لەبارەی ســـتراتیژییەکانی شۆڕشـــی بەرازیلـــەوە ئەوەنـــدەش چـــاوەڕوان نـــەکراویش نیـــیە. ئەوە هەمـــان پڕۆســـەی (بـــەمەریخـــی کردنـــە) کە ئامـــاژەم پێکـــرد: لەڕاســـتیدا پەیوەستیی بێماناترین تایبەتمەندیی سوبێکتەکانی هەبوو، لەکـاتی مـانەوەی ناوەکانـە بـۆ دەستگەیشـتن بەوەهمـی پەیوەندی بەواقعیەتـەوە. خەڵکانی ئەو ***کەوێڵانە*** بێئـەوەی سـەرنجێکیان لەسـەر کارنـامەی قیامەتناسـانەی ژیـژەک هەبێت، بۆخۆیان، پرسـی گرنگتریـان هەیە. ئـەوەی ژیـژەک پێویســـتی پێیـــەتی، مەریخـــی ***واقعیـــین***، بەڵام ئەوان لەوە عـاقڵترن کـە بـۆ هەسـارەکەی ئـێمە بـێن، تەنیـا بـۆ ئەوەی ڕواڵەتە شێرانەکەی ژیژەک بخەملێنن.

**ئەو وتارە لەم بابەتە وەرگێراوە :**

Laclau, Emesto, «Why Constructiong a People Is the Main Task of Radical Politics», Critical Inquiry vol.32 (Summer 2006).

# سەرنجڕاکێش بوو...

سلاڤۆی ژیژەک
عەباس ئەرز پەیما

وەڵامی لاکلاو بۆ وتاری ***دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستی***، بۆ من زۆر ناخۆش بوو. من لە بابەتەکانی یەک بەدوای یەکدا (ڕێک لەسەر هەڵەبووم «p. 654»). من لە ئاکامی تیۆری ئەو چەمکانە(تەواو بێ ئاگام)، کە بەکاریاندەهێنم (p. 654). تەنانەت لە ئەلفبای تیۆری هەژموونی نەگەیشتم)؛ (p. 654) ڕەخنەکانم (بەرئەنجامی پەتی)ین ( «p. 658»بێئەوەی هەرجۆرە (ڕاستی گریمانەی)یان (p. 663)هەبێت، لە بەرامبەردا (بەڵگەیەک کە هەر خوێندکارێکی قۆناغی پەیمانگا دەیزانێت بەسە (p. 660) من

(بەشێوەیەکی سیستم مەند، تیۆری لکان چەواشە دەکەم). (p. 657) پێویستە من بچمە لای وانە و ڕاهێنانەکانم)؛ (p. 680. گەڕاندنەوەی سیاسی چوونەپاڵی من (وڕێنەکردنە پەتییەکان)ن؛(p. 680) هەر کەسێک لەجێ جێی دەقەکەی من (قسەی پووچ) (p. 678 n. 3) دەدۆزێتەوە، ڕەوشی من (فریودەرانە و ساختەکارانە)یە.(p. 678 n.19).

ئایا ئەو دوژمنکارییە کەسییە بەئاشکرا دەمارگیرە، کەمێک سەیرنییە؟ لە زانکۆ، شێوازێکی بەڕێزانە بۆ دەربڕینی گەمژانە، یان بێزارکەربوونی بەشداری یان قسەی هاوکارمان ئەوەیە کە بڵێین، (سەرنجڕاکێش بوو)، ئەگەر لەجیاتی بە ئەو بڵێین قسەکانی بێزارکەر و گەمژانە بوو، تەواو مافی خۆیەتی، کە واق وڕماو بپرسێت، (ئەگەر قسەکانم لەڕوانگەی تۆوە بێزارکەر و گەمژانە بوو، کەوایە بۆچی بەسادەیی نەتوت سەرنجڕاکێش بوو؟) ئەو هاوکارە داماوە مافی خۆیەتی کە ئەو ڕا وتنە ڕاستەوخۆیە بەشتێک زیاتر لە شرۆڤەکردنی چۆنایەتی کارەکەی بزانێت و بەپەلاماردانی کەسی لێکیبداتەوە، بەڵام جیاوازی من و لاکلاو لەوەدایە کە کاتێک ئەو بە من دەڵێت دەقی من بێزارکەر و گەمژانەیە، من بەڕێزەوە بە ئەو دەڵێم، دەقەکەی ئەو سەرنجڕاکێشە.

لەواقیعدا ئەوە تۆنی پەلاماری لاکلاو نییە کە من ئازاردەدات، بەڵکو بێسەروبەرەیی زۆرێک لە سەلمێنراوەکانی ئەو (بەوتەی ئەڵمانییەکان، schlagend, aber nicht treffend) دژی من ئازاردەرە و بێ ئەوەی کە پاڵنەرێک بۆ پەلاماردانی بەرامبەر بێنێتەئاراوە، ساردوسڕم دەکات. مخابن ناتوانم بانگەشە بکەم کە

دڵخۆشم بەکاری لاکلاو و بۆچوونەکانی زیاتر ئەندێشە وروووژێنەرن. زۆرجار لەکاتی نووسینی ئەو وەڵامەدا هەستم دەکرد گیرۆدەی کاری بەجێگەیاندنی ماندووکەر بووم. بەمەش با لەسەرەتاوە دەستپێ بکەم، سەرەتایەک کە بەکردەوە سەلمێنەری گفتوگۆی نێوان کەڕ و لاڵە. لاکلاو من سەرزەنشت دەکات کە لە وەڵامدانەوەی ئەو (ڕێچکەیەکی ناڕاستەوخۆم (p. 646) گرتۆتەبەر: (ژیژەک وەڵامی هیچکام لە ڕەخنەکانی من ناداتەوە و لەجیاتی کۆمەڵێک ناڕەزایی دەخاتە ناو کتێبەکەی منەوە کە تەنها لەکاتی قبووڵکردنی تەواوی ئاسۆی تیۆریی ئەو، مانایان هەیە (p. 646) ڕەخنەیەکی چەندە سەیر! دیارە کە من لە ***دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستی،*** وەڵامی ئەو نادەمەوە، چونکە ئەو دەقە تەنیا لەبارەی کتێبەکەی ئەو نەنووسرابوو، بەڵکو بەجۆرێکی تێکڕاییتر لەبارەی کێشەی هەنوکەی پۆپۆلیزمەوەیە. من لە دەقێکی دیکەدا، بەدووروودرێژی ئاماژەم بە ڕەخنەکەی ئەو کردووە، بۆیە ئەو درکەیە ناڕاستە، کە من لەڕووی فریودانەوە بەشێوازێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بە بۆچوونەکانی ئەو فریوم خواردووە[61].

[61]. See Zizekk, ''Concesso and dato," in Treversing the Fantasy: Critical responses to Slavoj Zizek , ed. Geo Boucher, Jasom Glynoos, and Matthew Sharpe (Aldershot, 2005), pp. 219-55.

## 1. کاری زیهنی و کاری بابەتی:
## لاکلاو، لۆکاچ، لینین

بەشی زۆری باسەکەی لاکلاو لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە کە من لە چەمکەکەی ئەو لەبارەی هەژموونی نەگەیشتووم؛ هەژموونی لەکاری واقعی ڕیشەدەگرێت، بەمەش من لەکاری واقعی لە لکاندنیش ناگەم، سەرچاوەی ئەو خراپ تێگەیشتنە ئالودەبوونی لکانە بە هیگڵ، کەوایە من لە هیگڵیش ناگەم. بەکورتی کەوایە من لەهیچ شتێک ناگەم. لەهەموو ئەو بابەتانەدا، لاکلاو بەدووی ڕێبازی یەکڕیتمی دەکەوێت: یەکەم ئەو بەکورتی بابەتەکەی من (دەڵێتەوە)، بۆ نوسخەیەک کە بەشێوەیەکی پێکەنیناوی ساختەیە دای دهبەزێنێت؛ پاشان بێهۆ، بابەتەکەی من بەدژی بابەتەکەی خۆی دەزانێت (ئەمە تەواو ڕاستە) و بەسادەیی بابەتەکەی خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەوە نمونەیەکە لە میکانیکی کارای لاکلاو بۆ لەناوبردنی دوژمن:

جیاکاری نێوان کاری سوبێکتی و کاری ئوبێکتی، کە درێژبوونەوەی هەمان دوانەیی نێوان بارودۆخ و ڕووداوی ئالان بادیۆیە لە لایەک، بۆ ژیژەک، زۆر گرنگە[62]، چونکە ئەو لە هەوڵی هێنانەئارای کەلێنێکی بنەماییە لە نێوان پچڕانی شۆڕشگێڕی و بارودۆخی پێشتر. دەرئەنجامی بەشەکی ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە کردەی شۆڕشگێڕی نابێت شتێکی هاوبەش، یان بارودۆخێکی هەبێت کە شۆڕشی تێدا ڕوودەدات. لە

---

[62]. See Alain Badiou, L, E,tre et ve nemnt (paris, 1988).

لایــەکەی دیــکەوە، ســەرەڕای، ژیــژەک بەردەوام (ad nauseam) لە تەوەریـــی شـــەڕی ***ئـــابووری*** – دژە سەرمایەداری جەختدەکاتەوە، تۆبڵێی شتێک لە بارودۆخی هەبـوو - کـاری ئـابووری لەجیـاتی شـوێنی بەشـەکی، لە تۆپۆگرافییەکی کۆمەڵایەتی – هەس، کە ڕۆڵـی بـاڵاڕۆیی و ئامادەباشی جۆرەکانی بینیوە.

ڕووداوەکـانی وەک پێشــوو دیاریــدەکات، لەڕاســتیدا هەروەک بڕیــارە شــتێکی وەهــا ڕووبــدات. بــۆیە دەبێــت بــارودۆخ جۆرێــک پێشــینەی ئەنتۆلــۆژیکی دەربــارەی ڕوداوەکـان هەبێت، ڕووداوێک کە هەڵوێسـتە و درزەکەی لە بارودۆخێک، وەکو ئاکامی ئەو، ناکرێت کاری ڕادیکاڵ یـان ڕیشــەیی بێـت. بەمجـۆرەیە کە ژیـژەک ڕووبەڕووی بەدیلــی ***پاوەنکــاری*** دەبێــتەوە و ئەو بەدیــلە بەڕادەیەک پێکەنیناوییە کە بۆخۆشی تێیناگات، لەجیاتی، بەشیوازێکی پارادۆکسانە پێ لەسەر هەردوو بژاردەکە، دادەگریت (pp. 660-661).

کێشـــەکە ئـــەوەیە کە هەردووکیـــان پەیوەنـــدییان بە لاکــلاوەوە هەیە؛ ئاکامێــک کە بەوپێــیە (نابێــت کــردەی شۆڕشگێڕی هیچ پەیوەندییەکی بەو بـارودۆخەوە هەبێت کە تێیـدا ڕوودەدات) و بانگەشـەی بەرامـبەری کە (پـێگەی گەڕانەوەی ئەنتۆلـــۆژیکی بەســـەر ڕووداوەکەوە هەیە)، هەردووکیان ڕیشـەیان لەچەواشـەکردنی ڕوانگەکەی مـنەوە گرتــووە. ئەوە بــادیۆ بــوو چەمکــی (شــوێنی ڕووداوی)، وەکــو درزێــک لە بــارودۆخی هەبــوودا شــرۆڤەکرد، کڵاوڕۆژنەیەک بۆ ئەگەری بەشداریکردنی کردەیەک. لەو

ڕووەوە پەیوەنـدی نێـوان بـارودۆخ و کـردە ئاشـکرایە؛ هەرگیز کردەکان بەهۆی بارودۆخەوە دیاری ناکرێن (یان بەشـداری کەشـێکی دەرەوەیـی گومانـاوی نـاکەن)، بەڵکـو کردەکـان لەبەر کراوەیـی (nonclosure) ئەنتۆلۆژیـک، ناتەبایی، یـان بۆشـاییەکانی بـارودۆخ ئاسـانن. بەمیتـۆدی هاوشـێوە، لاکـلاو لە سـەربنەمای پەیوەنـدی نێـوان کـاری سیاسـی و کـاری ئـابووری، دژایەتـی نێـوان هەڵوێسـتی خۆی و هەڵوێستی من هەڵدەچنێت:

بەبـاوەڕی مـن، کـاری سیاسـی ڕۆڵـی سـەرەتایی و نرخاندنی هەیە، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەواو گریمـــانەیین و هەر جـــۆرە دەربڕینێکـــی بەردەوام لە بەریەککەوتنـی ئەنتاگۆنیسـتی دێـتەدی، کە ئاکامەکـانی پێشـتر دیـاریکراو نیـیە، بەڵام بەبـاوەڕی ژیـژەک، دراوە کـــۆمەڵایەتی - سیاســـییەکان بەردەوام ئاماژەیەکیـــان لە شەڕی سیاسی هەیە - واتـا ئەگەر پەڕینەوەی لۆژیکی لەدراوە ئابوورییەکان [وەک ئاماری هەڵاوسان و بێکاری] بەئاکامی سیاسی بوونی هەبێت، کـاری سیاسـی، ئەوکاتـە، وتەزایـەکی دەروونـی دەبێـت لـە پانتـایی ئابووریـدا. کـاری سیاسـی، بەئەگەرێکـی زۆرەوە نـیمچە دیـاردە نیـیە، بەم مانـــایە کە پـــێگەی بوونناســـییەکەی ئـــەو، تـــەنیا ڕەنگدانەوەیەک لەواقعیەتی جەوهەری نییە، بەڵکو بەشێکە لێی، ڕێک بەم هـۆیە، هـیچ جۆرە [ڕوویەک] سـەربەخۆیی نییە. شیکارەکەی من بە بەسیاسیکردنی ئابووری کۆتـایی دێـــت، شـــیکاری ژیـــژەک سەردەکێشـــێتە بە «ئابووریکردن»ی سیاسەت .(p. 664)

لاکلاو جارێکی دیکە، کە بەهۆی دوژمنکارییەکەیەوە کوێر بووە، ناچارم دەکات ڕێک دژی وشەی خۆم قسە بکەم. تەواو ئاشکرایە کە باسی بەسیاسیکردنی ***ئابووری*** دەکەم و نەک (بەئـــــابووری کردنــــی سیاســــەت). بەدەربڕینێکی دیکە، لاکلاو بانگەشەکەی من لەسەر ئەو بنەمایەی کە دراوە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکان بەردەوام ئاکــامی شـــەڕی سیاســـی نیشـــاندەدەن، بەمجـــۆرە دەیخوێنێتەوە: (پەڕینەوەی لۆژیکی لەدراوی ئابوورییەوە بۆ ئاکامی سیاسی بوونی هەیە)، ئەو دراوە کۆمەڵایەتی - ئابوورییە ئاکامی شەڕێکی سیاسی دیاریدەکات، لە کاتێکدا کـــە قســـەکەی مـــن تەواو لەمـــە جیـــاوازە: ئەو دراوە کـۆمەڵایەتی – ئابووریـانە ئامـاژەی شـەڕی سیاسـین، بەدەستەواژەیەکی دیکە، بابەتی ئاشکرای ئەوان ئاکامی شەڕێکی سیاسییە[63].

[63]. لە بەرامبەر ڕوانگەکانی من لەسەر ئەو بنەمایەی کە مارکس جیاوازی دەکات لــە نێوان چینــی کرێکـار و پرۆلیتاریـا، لاکـلاو بەڕاشکاوی دەڵێت: (پێویستە لەسەرەتادا بڵێین کە مارکس بەوجۆرە جیاوازییە ڕازی نییە). مارکس وەک هیگڵێکی مێژووگەرا باوەڕی هەیە کە توانای شۆڕشی سیاسی چینی کرێکار ڕاستەوخۆ لە پێگەی سیاسـی – ئابوورییەکـەی شـوێنی هەیـەک لـەو ڕووەوە، جیـاوازی نێوان ئەنتۆلۆژی کۆمەڵایەتی و ئاکارە ناکارامەکانە. جێی باوەڕ نییە: هەڵبەتە من دەرک بەنەبوونی ئەوجۆرە جیاوازییە ڕاشکاوە دەکەم، لە بەرهەمەکانی مارکسدا. من مارکس بە هەمانجۆر دەخوێنمەوە کە لکانی فرۆید، واتـا بەسـەرنجدان ببـە منـی ئایـدیالی (Idealich) ئایدیالی من (- Ideaal ich). ئەگەرچی فرۆید زۆرجار ئەو دوانە

سروشـــتی پرۆبلمـــاتیکی ڕەخنەکـــانی لاکـــلاو - بەدەربڕینێکـی دیکـە، شـێوازی پشتپێبەسـتنی ڕەخنەکـانی ئەو بەوێنایەک لە خەنیم، کە بەجۆرێکی پێکەنیناوی سادە بـووە - لەدەرپەڕانـدنی ڕێسـایی و تـا ڕادەیەک بـاوی ***مێـژوو، زانیـاری چینـایەتی*** لۆکـاچ لە لایەن ئـەو وەک پـاکترین جـۆری مارکسـیزمی هیگڵـی (پرۆلیتاریـا وەکـو چینێکـی تێکڕایـی، بەرجەسـتەبوونی سـوبێکت - ئـوبێکتی مێـژوو، کە ڕۆڵـی ئـەو وەک هۆکـاری وەرچـەرخانی شۆڕشـگێڕی بەسـەر پـێگەی کـۆمەڵایەتی بابەتییەکەیـدا بەرجەسـتە بـووە؛ چەمکـی بـەشـت بـوون وەک (زانیـاری درۆ (p. 650) (کە خـۆی لەخۆیـدا ئەگەری (زانیـاری ڕاستیین) (p. 654) دەکاتە پێشگریمانە؛ زانیاری چینایەتی پرۆلیتاریا کە لەودا پرۆسەی مێژوویی سەبارەت بەخۆی تەواو تیوار(شـەفاف) دەبێـت). بەم حـاڵە، تایبەتمەنـدی بنەمـایی لە تیـۆری لۆکاچـدا هەیە کە بەو وێنـایە لەگـەڵ لۆکـاچی مێژووگەرا - قەدەرگەرای هیگڵـی نـایەتەوە، واتـا، پێداگری ئەو لەسـەر دیاری نەکردن و گریمـانەیی بوونی پـەتی پرۆسـەی شۆڕشـگێڕی. هەربـۆیە، ***مێژوو، زانیاری چینـایەتی*** زۆر لینینیـیە. کاتێـک کە لەتێزەکـانی ئـۆرویلی 1917 لینین Augenblick تاکە چانس بۆ شـۆڕش، شرۆڤە

---

لە شوێنی یەکتری بەکاردەهێنێت، بەڵام لکان نیشانیدا کە چۆنچۆنی جیاوازی نێوان ئەو دوانە لە بەرهەمەکانی فرۆید دا، لە حەقیقەتدا ئاماژەگەرانە و گرنگە. هەربەوشێوەیە، من باوەڕم بەبوونی جیاوازی ئاماژەگەرانـەی نێـوان چینـی کریکـار و پرۆلیتاریـا هەیـە، لـە بەرهەمەکانی مارکس دا.

دەکـات، پێشـنیارەکانی بەساردوسـڕی یـان ڕووبەڕووی سـووکایەتی ژمـارەیەکی زۆر لە هاوڕێیـانی حزبـی دەبێتەوە. هیچکام لەڕێبەرانی ناسراو لە حزبی بەلشـەفیک، پشـتیوانیان لە بانگەوازەکەی نەکرد بۆ شـۆڕش و ***پراڤدا*** هەنگاوێکی بەرزتری بۆ لێکترازانی حزب، تێکڕای دەستەی نووسەران، لەتێزەکانی ئۆروێل هاویشـت. ڕوانگـەی لینین لەسـەرووی ڕووبینـی هەلخوازانـە و سـوودوەرگرتن لە بـارودۆخی هەبـووی خەڵـک، زۆر نـاوازە بـوو. باگـدانیڤ تێزەکـانی ئـۆروێلی بە وڕێـنەی شـێتێک زانـی و نادژیـدا کرۆپسـکایا (Nadezhda Krupskaya) شـێتی لینینـی ڕەتـدایەوە. جێـی سەرسـوڕمان نیـیە، کە لینـین لەنووسـینەکانی سـاڵی 1917دا، تەوسـی زۆر چـزووداری بۆ پاراستبوون کە بەجۆرێک گرەنتـی شـۆڕش، ئـالودەی گەڕانی بێکۆتـایی ببوون. لەدۆخـی دوو شـێوەی سـەرەکی ئەو گرەنتیـانە دەخـرێنەڕوو: یـان وێنـای بوونـەشـت لـە پێداویسـتی کـۆمەڵایەتی (نابێـت مەترسـی لەسـەر شۆڕشی زوو پێگەیشتوو هەبێت؛ دەبێت تـا کـاتی گونجـاو سـەبر بگرێت واتـا تـا کاتێک، کە پێگە بە پێـی یاسـاکانی بزووتنـەوەی مێـژوو کامـڵ بووبێـت؛ (بـۆ شۆڕشـی سۆسیالیستی زووە، هێشتا چینی کرێکار کامڵ نەبووە)، یان ڕەوایەتـی ڕێسـایی (یان «دیموکراسـی») («زۆرینەی کـۆمەڵگە لەگەڵمانـدا نـین، بەمەش شـۆڕش لە حەقیقەتـدا دیموکراسـی نابێـت»)، هەروەک لینـین چەنـدینجار بەیـانی کـردووە، گـوایە پـێش ئەوەی هۆکـاری شۆڕشـگێڕی بـۆ بەدەستەوەگرتنی دەسـەڵاتی دەوڵەت مەترسی بێت، دەبێت

مـۆڵەت لەجـۆری ***دیکـەی گەورەیـی*** مـرۆڤ وەربگرێـت (ڕاپرسـی بکات بۆ دیاریکردنی پشـتگیری یان پشـتگیری نەکردنی زۆرینە لە شۆڕش).

لای لینـین و هەروەهـا لای لکـان، مەسـەلە ئەوەیە کە شـۆڕش تـەنیا بەهـۆی خۆیـەوە ڕەوادەبێت؛ (ne s,autories que d,elle-meme). دەبێت وێنـای بکـەین کە ***ئەوی دیکەی گەورە، کـــردەی*** شۆڕشـــگێڕی توانـــای نابێـــت تـــرس لەداگیرکردنـی ناوەخـت و بەپەلەی دەسـەڵات و گەڕان بـۆ زامنکـردن بەمانـای تـرس لە چـوونەژوورەوەی گێچەڵـی کــردەیە. لێــرەدایە کە دوابەشــی لایەنــی مەحکومبــوونی هەلخـــوازی ئاشـــکرادەبێت، مـــەحکوم بوونێـــک کە لینـــین بەردەوام خەریکی بوو، گرەوی لەسـەر ئەوەیە هەلخـوازی بابەتێکە لەخۆیدا درۆ، کە ترس لە بەئەنجامگەیاندنی کـردە لەگەڵ واقعـــیەت، یاســـاکان، یـــان بەهـــا (بابەتییەکـــان) دادەپۆشـــــێت، هەربەو هـــــۆیە، یەکەمـــــین هەنگـــــاو لە بەگژداچـــوونەوەی، ئاشـــکراکردنییەتی. کەوایە دەبێـــت چ بکرێـت؟ وەڵامـی لینـین (دەبێـت هەمـوو کەس واقعیـەت بڵێت، (aussperchen was ist) دەبێت کۆمیتەی ناوەنـدی ئەو حەقیقەتە قبووڵ بکات کە خاوەنڕایە).

گەڕانەوە بــۆ ڕاســتی بــابەتی ***جیــاواز*** نیــیە، بەڵکــو دووبـارەکردنەوەی سـەلمێنراوێکە، کە پـێش دەیەیەک لە لایەن ڕۆزا لۆکسـامبۆرگەوە دژی کایۆتسـکی خرایـەڕوو: کەســـانێک تاهەتـــایە لـــە چاوەڕوانیـــدا دەمێنـــنەوە، کە چـاوەڕوانن هەلـومەرجی بـابەتی شـۆڕش بگـات. بـابەتی

چـــاودێری بـــێلایەن (نەک بـــابەتی هۆکـــارێکی گیـــرۆدە) بۆخۆی کۆسپی سەرەکی شۆڕشە.

ئایا دەکرێت ***مێژوو، زانیاری چینایەتی*** لۆکاچ، وەک کاریکـاتۆرێکی مارکسـیزمی هیگڵـی لەبـەرچاو نـەگرین؟ وەکو ناسـاندنی ڕاشـکاوانە، پرۆلیتاریـا وەک سـوبێکت – ئـوبێکتی ڕەهـای مێـژوو؟ لەوەدا هـونەری لۆکـاچی ناونـا Augenblink، ئێمــە ڕووبەڕووی لۆکاچێــک دەکــاتەوە کــە زیـــــــــاتر لەوە وێنادەکرێـــــــــت گرامشـــــــــی و گومانکردن/گریمـــــــانەگەرایە. Augenblink لۆکـــــــاچ بەشـێوەیەکی چـاوەڕواننەکراو لە***ڕووداوی*** بـادیۆ نـزیکە، بەشـدارییەک کە ناکرێت لەڕوانـگەی هەلـومەرجی بـابەتی پێشـــترییەوە ڕوونبکـــرێتەوە. کرۆکـــی باســـی لۆکـــاچ، ڕەتکـــردنەوەی دابەزانـــدنی کـــردەیە بـــۆ هەلومەرجـــە مێژووییەکـەی؛ هـیچ جـۆرە هەلـومەرجێکی بـابەتی بێلایەن بوونی نییە، یان بەدەربڕینی هیگڵی، هەمـوو گریمانەکـان، لە پێشتر، بە لانی کەمی بەڵگەنەویست وێنادەکرێت.

شـــیکاری لۆکـــاچ لە باســـکردنی بابەتگەرایـــانەی بەڵگەناکامەکـانی شـورا/دیکتـاتۆریی شۆڕشـی پۆڵەنـدا لە سـاڵی 1919 (خیـانەتی ئەفسـەرانی سـووپا، بـایکۆتی دەرەکـی کە بووەهـۆی برسـێتی و هیتـر)، نمـونەی ئەو جۆرە بۆچوونەیە. ئەگەرچی ئەو هۆکارانە، بێشک، ڕۆڵـی گرنـگ لە شکسـتپێهێنانی شۆڕشـدا دەبیـنن، سـەرەڕای، لەڕوانگەی دەروونناسییەوە نادرووستە کە بەبێ دوورایی دانانی پەیوەندی ئەو هۆکارانە بەهەسارەی تایبەت لەهێزە سیاسییە کاراکـانەوە، ئەوانـە تـەنیا بەدراوەکـانی بەراییان

بـزانین. بـایکۆت لە زەیـن بگریـت؛ بـۆچی، لە بەرامـبەر، دەوڵەتی ڕوسیا خۆبەدەستەوەدانی بایکۆتی ئیمپریالیستی بەهێزتر و دژی شۆڕش نەبوو؟، چونکە حزبی بەلشـەفیک لـە ڕوسـیا، جەمـاوەری لە بینینـی ڕۆڵـی هێزەکـانی دژە شۆڕشـــی دەرەکـــی و نـــاوخۆیی لە بـــایکۆتکردن ئاگادارکردبووەوە، لە کاتێکدا کە لە پۆڵەندا حزب لەڕووی ئایـــدۆلۆژییەوە، وەک پێویســـت دەســـەڵاتی نەبـــوو؛ جەمـاوەری کرێکـاری خۆیـان تەسـلیمی بانگەشـەی دژە کۆمۆنیســـتی بـــوون، کە بانگەشـــەی دەکـــرد بـــایکۆتی بەرهەمـی سروشـتی نادیموکراسـی بـوونی ڕژێـمە، واتـا لۆژیـک (بـا بـۆ دیموکراسـی بگەڕێیـنەوە تـا هاوکـارییە دەرەکییەکان بگەن).

خیـانەتی ئەفسـەرەکان؟ بەڵـێ، بەڵام بـۆچی خیـانەتی هاوشـــیوە ســـەری نەکێشـــایە ئاکـــامی کارەســـتباری هاوشـێوەوە لە ڕوسـیای سـۆڤێت؟ کاتێـک کە خائینەکـان دەرکەووتن، بۆچی جێگرتنەوەیان بە کادیرانی دڵنیابەخش ئاسـان نەبـوو؟، چـونکە حزبـی کۆمۆنیسـتی پۆڵەنـدا، وەک پێویست، بەهێز و کارا نەبوو، لەکاتێکدا حزبی بەڵشـەفیکی ڕوســـیا ســـەربازگەلێکی لەبەردەســـتدابوو کە تاکۆتـــایی، ئامـادەبوون بەرگـری لە شـۆڕش بـکەن. دیـارە دەکرێـت بانگەشـە بکرێـت کە لاوازی حزبـی کۆمۆنیسـت بەشـێکی بابەتی بوو لـە بارودۆخی کۆمەڵایەتی؛ بەم حاڵە، تەواوی بڕیـــارە زیهنـــی و کردەکـــان دووبـــارە لەودیـــو ئەو واقعـیەتەوەن، بەمەش، ئـێمە هەرگیـز دەسـت بـۆ خـاڵی سفری بارودۆخێکی بابەتی پەتی لە کارەکان نابەین، خاڵی

کۆتایی، نە بابەتییەتە کە تەواویەتی کۆمەڵایەتییە لەجیاتی پڕۆسەیەک لە نێوەندگیری هەمەلایەنەی نێوان ڕووی بابەتی و زیهنیی.

هەنووکە نموونەیەک لە پانتایی جیاواز، میتۆدێیک کە ئایدۆلۆژییەک بەپێی ئەو پێشگریمانانەی بینا دەکات، بە ئاسانی، لە شێکردنەوەی ستاندارد (درۆ)، گەشەی پەسەندکراوی ئایدۆلۆژیای نازی لە ئەڵمانیای 1920، شایانی دەستنیشان کردنە.

نازییەکان بەلێزانییەوە لە ترس و نیگەرانی چینی ناوەڕاست بەخراپ کەڵکیان وەرگرت، کە لە قەیرانی ئابووری و وەرچەرخانی کتوپڕی کۆمەڵایەتییەوە هاتبووەئارا. کێشەی ئەو دیاریکردنەیە ئەوەیە، خوولانەوەی خۆگەڕانەوەیی نادیدە دەگرێت، کە لێرەدا بەشدارە.

بەڵێ، بێگومان نازییەکان ترس و نیگەرانییەکانیان بەلێزانییەوە بەکارهێنا؛ بەڵام ئەو ترس و نیگەرانییە نەک بەسادەیی واقعیەتێک پێش ئایدۆلۆژیایە کە پێشتر، بەرهەمی ئاسۆی ئایدۆلۆژییەکی دیاریکراوبوو. ئایدۆلۆژیای نازی بۆخۆی، وەکو هۆکاری هاوکات، ترس لە شتێکی هێنایەئارا، کە خۆی لەجیاتی ڕزگارکەری ئەو پێشنیازکرد. لێرەدا خاڵی گرنگ ئەوەیە کە لە نێوان ڕوانگەی هیگڵی لۆکاچی مارکسیست لەبارەی پرۆلیتاریاوە (سوبێکت - ئوبێکتی مێژوو)، ئەو لۆکاچی (گومانگەرا) («conjecturalist») لێکدژی بوونی نییە، ئەوان دوو ڕووی دراوێکن.

## 2. هەژمووونی لەجیاتی پرۆسەی بە مەریخ کردن

بەڵگەی سیاسی سەرەکی لاکلاو دژی من ئەوەیە کە من بەهۆی داشکانخوازی چینە سفت و ڕەقەکان و ڕوانگەی نیمچە شۆڕشگێڕیم بۆ (کەسێک کە چاوەڕێی مەریخییەکانە) «ل652»، دادەبەزێنم، هەلومەرجێک کە من بۆ بکەرانی شۆڕش بڕیارم لێداوە (لە ئەندازەیەکی وەها نەگۆڕی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکاندا وادەکات کە هیچ کردەگەرێکی ئەزمونی شایانی هەلومەرج نەبێت) (p. 657) . ئەگەرچی بۆ ئاشکراکردنی، کە باسی بکەرە ڕاستەقینەکانی دەکەم، دەبێت پەنابەرمەبەر پرۆسەی بەمەریخی کردن؛ من ناچارم (نادیارترین تایبەتمەندی بدەمە پاڵ سوبێکتەکانی بەڕاستی هەبوو، لە هەمانکاتدا، بە پاراستنی ناوی ئەوانە، وەهمی پەیوەندییان بە واقعیەتەوە بپارێزم) .«p. 680»

پێویستە سێ شت زیاد بکەین. هیچ چارەیەکمان نییە جگە لەوەی ئەوە بیربخەینەوە کە پرۆسەیەک چەند لە بیردۆزەی هەژموونی خودی ئەو نزیکە؛ کاتێک لاکلاو بەناوی (بەمەریخ کردن) شرۆڤەی دەکات، کە ڕووداووی ئەزمونی و بۆ (پلەی شت (Thing) هەڵدەکشێت)«p. 671»، هەروەک بەرجەستەبوونێک، لە پڕبوونی مەحاڵی کۆمەڵگەدا کاردەکات.

لاکلاو بەگەڕانەوە بۆ ژون کوبژە، هەژمموونی بە بەهای بەرایی (breast-value) دەشوبهێنێت کە هاوپێچ بە ئۆبێکتە لاوەکییەکان دەکرێت؛ بەمەش ئایا لەسەر ناوەندی ئەو، دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانە، ئەوە نییە کە وەک

مەریخییە نەشیاوەکان، بەڵام پێویستن، تۆخمێکی کۆمەڵایەتی ئەزموونی لە پرۆسەی هەژمونیدا، هاوبەهای مەریخی دەبێت؟ دەبێت جیاوازی نێوانی ئێمە ئەوە بێت، کە من (بەڕووکەش) باوەڕم بەمەریخییە واقعیەکان هەیە، لەکاتێکدا کە ئەو دەزانێت شوێنی مەریخییەکان بۆ هەتا هەتایە بەتاڵە، بەو مانایە کە تەنها دەتوانین بەهای مەریخی بدەینە بکەرانی ئەزموونی.

دووەم، بیۆگرافیای بەڵێننامە سیاسییەکانی خودی لاکلاو، نمونەیەکی باش لەم بە مەریخی کردنە دەخاتەڕوو. دوای یەکەمین سەرکەوتنی حزبی نوێی کرێکار، ئەو (بۆ ماوەیەک) لەجیاتی نمونەیەکی زیندووی چەپ، بەشێواوی پشتگیری لە حکومەتی بلێر کرد؛ دوای یەک دوو ساڵ نائومێدبوو، بە ناچاری قبوولیکرد، کە ئەو سوبێکتی سیاسی ناڕاستی بە مەریخی کردووە (دەکرێت بەدڵنیاییەوە پێشبینی بکرێت، لەدوو ساڵی داهاتوو، هەمان ڕێککەوتن دەکرێت بۆ دوا هۆکاری مەریخی بووی، پۆپۆلیستە نوێکانی ئەمریکای لاتین).

لەکۆتاییدا، شێوەیەک کە لاکلاو گاڵتە بەگەڕانەوەی من دەکات بۆ کەوێڵەکانی جیهانی سێیەم (کەوێڵەکانی بەرازیل، یان هەمان ***فاڤیلاکان***)، نمونەیەکە خەماویی لەوەی کە چۆن دووژمنکاریی کەسی، ئەو بۆ ڕوونکردنەوەی سادە پاڵدەنێت، کە لەواقیعدا جگە لە بووختان پێکردنی سیاسی، زیاتر نین:

ئەو دەستەواژانە وڕێنەی ڕووتن. ***کەوێڵەکان*** [بەرازیل] گەڕەکە کەوێڵنشین و هەژارەکانن کە بەهۆی تاوانی تەواو

ناسیاسی، خراونەتە بەردەست ڕووتەوپووتە و هەرچی و پەرچییەوە تا خەڵک لە ترسیان بپارێزن؛ دەبێت ڕەفتاری پۆلیسیان بۆ زیادبکرێت کە بەرپرسی سزادانیانن و ڕەفتارێک کە بەردەوام لە لایەن چاپەمەنییەکانەوە ئیدانە دەکرێت. لەکاردانەوە بەوتەی ژیژەک لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو ***کەوێڵانە*** یادەوەری کانودۆس بەزیندوویی دەهێڵێتەوە، بانگەشەیەک کە بەشێوازێکی سەیروسەمەرە لەخشتەبەرە، دەبێت بووترێت (بڕۆ و ڕاهێنانەکەت بنووسەوە.) .(p. 680)

زۆرباشە، من ڕاهێنانەکەمم نووسییەوە و دەتوانم بڵێم باسەکەی لاکلاو لە کەوێڵەکانی بەرازیل، بێ حورمەتیکردنە بەو خەڵکەی کە لەوێ دەژین. هەروەک بەڕوونی لە دەقەکەی مندا دەردەکەوێت، ڕێک لەهەمان خاڵدا کە لاکلاو لێرەدا بۆی دەگەڕێتەوە، قەت شوێنە هەژارنشینەکان ناکەمە مەیدانی ئایدیالی شەڕی شۆڕشگێڕی. تەواوی ئەوەی من بانگەشەی بۆدەکەم ئەوەیە کە ئەوان ***شوێنی ڕووداو*** (eventual site) (زاراوەی بادیۆ)، یان شوێنێکە بۆ ***ئەگەری*** سەرهەڵدانی کاری نوێ [64].

من باش دەرک بەوەدەکەم کە لەوێ زۆرێک لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان چالاکی دەکەن: تاوانکاران، بنەڕەتگەرایانی ئایینی، سەرمایەدارانی دڕندە (ئەو ***کەوێڵانە*** کە هەرگیز ناچالاک نین، زۆربەی کات

---

[64] See Alain badiou, Being and Event, trans. Oliver Feltham (London, 2005).

شـــوێنی مـــامەڵەی ســـەرمایەدارانی نایاســـایین)، بەڵام هەروەک چێشـــتخانەی سۆسیالیســـتی، تـــۆڕی نایاســـایی دابەشکردنی کارەبا و پەرەپێدان (سنوردار، لەحەقیقەتدا) فۆڕمی بەزەبری خۆی - ئۆرگانیزەکردنی ڕزگاری بەخش لـــەوێ بـــوونی هـــەیە. لێکـــدانەوەی لاکـــلاو بـــۆ شـــوێنی هەژارنشـــینەکان وەک شـــوێنی کەڵەکەبـــوو بەهەژاری ناچـــالاک و تۆقیـــوو لـــەتاوانکـــاران، ســـادەکردنی کاردانەوەخوازانـــەی پێکەنینـــاوییە. لاکـــلاو کە ســـۆزی بـــۆ ستایشـــکردنی پۆپـــۆلیزمی ئەمریکـــای لاتـــین هەیـــە، دەبێـــت لەجیـــاتی هەمـــوان بیـــربێنینەوە کە چـــۆن پـــاش تەمەنێکـــی کەمـــی کودەتـــای دژی ڕژێمـــی چافێز لە ڤەنـــزوێلا، بەزۆری بزووتنـــەوەی جەمـــاوەری هەژارنشـــینی دەورووبەری شـــار بوو کە ئەویان بۆ دەسەڵات گەڕاندەوە، ئەو کارە بەباشـــی دەیسەلمێنێت کە ئێمە ڕووبەڕووی (هەژاری ناچـالاک نـین کە ڕادەسـتی چـالاکی تـەواو ناسیاسـی تاوانکـارانە بـووە) (p.680).لەبـــارەی پەیوەنـــدی ئایـــدۆلۆژیای نێـــوان ئـــەو ***کەوێڵانە*** و ڕووداوی کـانودۆس، یـان ئەو واقعیەتـەی کە کانودۆس بە شێوەیەکی ڕابردوو نیگەرانە (retroactively)، وەکـو بـاپیرەی ئوسـتورەی ئەو ***کەوێڵانە*** وێنـا دەکرێـت، ئەوە واقعیـــەتێکی ســـادەیە لـــە ئایـــدۆلۆژیای هەمـــوان کە تەنـانەت لـە لایـەن ڕەوتـی سـەرەکی میدیاکانیش سـوودی لێوەردەگرن و کەڵکەواژووی دەکەنەوە.

لێـــرەدا ڕووی وڕێـــنەم لەڕووداوی کـــانودۆس زیـــاتر ئاشـــکرا دەبێـت، جیگەیـــەک کە بە ئاشـــکرا دژی بەدحـــاڵی بوونێک هۆشداری دەدەم:

و، بۆ خۆبەدوورگرتن لەبەدحاڵیبوونێکی داهێزەر، ئەو کــارە بانگەشـــەی (لەدەرەوەبــوونی تەواو) وەلانراوانـــی بەدواوە نییە - ئەگەر ئەو دۆخە لەمەودایەکی نزیکتر تاقی بکەیـنەوە، یەکســەر دەتــوانین بیســەلمێنین، کە چـۆن ئەو دوو ئاســــتە چوونەتــــەناو یەکترییــــەوە، یەکتـــــری ڕەنگدەدەنەوە — بۆ نموونە، چۆن فەزای سـڕدراوان، زۆر جــار دەســەلاتخوازانەترین و ترســناکترین تایبەتمەنــدی دەوڵەت بەرهەمـدێنێتەوە؛ یـان لە لایەکـی دیـکەوە، چـۆن فـــەزای ســـڕدراوان، زۆرجـــار دەســـەلاتخوازانەترین و دڕندانـــەترین تایبەتمەندییـــەکانی دەوڵـــەت بەرهـــەم دەهێنێتەوە، یان بارودۆخی ڕەوا، زۆرتر لە لایەن چالاکییە «سڕدراوەکان» (کە بەئاشکرا ڕەتدەکرێنەوە)، پارێزگـاری لێ دەکرێت.

ئــەگەرچی ئەو ڕەنگــدانەوە و کــاریگەری بەرامــبەرە، پەیوەنـــدی بە نـــاوەڕۆکی ئەرێنیـــیەوە هەیە، کە لە دوو فەزای بنەمایی جیاوازدا پڕدەبن. گەڕاینەوە بۆ کۆمەڵگەی کانودۆس: دیارە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ئـەو لەڕژێمـی شیاو بەقەرز وەرگیراوون (ئەوان خۆیان وەک وەفـاداران، پـارێزەرانی ڕۆڵـی گشـتی کڵێسـا لە بەرامـبەر داینەمـۆی بزاوتـــی کۆماریخوازانـــە بـــۆ بـــەمـــۆدێرنکردنی دەوڵەتـــی بەرازیل پێناسەیان دەکرد)، بەڵام خاڵی لە حەقیقەتدا گرنگ ئەوەبـــوو کە تەواوی ئەو توخمـــانە بەهـــۆی کەشـــێکەوە شـێوەیان گـۆڕی (تەنـانەت گـۆڕینی مـاهیەت)[65]، کە لەودا سەریانهەڵدایەوە.

---

[65]. Zizek, *Iraq*: The Borrowed Kettle (New York, 2004), p. 91.

هەروەهـــا لاکــــلاو لە باســــی (ژیــژەک چـــاوەڕوانی مەریخییەکانە)، بانگەشە دەکات کە:

هــیچ شــەڕێکی ڕزگــاریخوازی ڕەوا، جـگە لەخەبـاتی ڕاستەوخۆ دژی سـەرمایەداری بـوونی نییـە. بەوتەی ئەو: (مـن بـاوەڕم بە ناوەنـدێتی ڕۆڵــی بنەمــایی شــەڕی دژی ســـەرمایەداریی هــــەیە). کێشــــە ئەوەیە کــــە ئــــەو هـــیچ ئامـــــاژەیەک بە مــــاهیەت، گریمــــانەی خەبــــاتی دژی سـەرمایەداری ناکـات. ژیـژەک زوو خەبـاتی فـرە کولتـوور خـواز، دژی جووداخـوازی ڕەگەزی و دژی جووداخـوازی نەژادی و لەمجـــۆرانە دەخـــاتەلاوە؛ کە ڕاســــتەوخۆ دژی سەرمایەداری نین. ئەو هەروەهـا خواسـتە باوەکـانی چەپ بەڕێپێـــــدراونازانێت، کە پەیوەنــــدی ڕاســــتەوخۆتریان بەئـــابوورییەوە هــــەیە: داخــوازی بــۆ مـــافی زیـــاتر، بــۆ دیموکراسـی پیشـەسـازی، بـۆ کـۆنترۆڵ کردنـی پرۆسـەی کـــار، بـــۆ دابەشـــکردنی بەرزبـــووەوەی داهـــات، ئەوانەش بـەدژی ســەرمایەداری وەرنـاگیردرێن، تەنـانەت دێڕێـک لە بەرهەمەکـــانی ژیژەکـــدا بـــوونی نیـــیە کە نمـــونەیەک لە تێگەیشـــتنی بـــۆ شـــەڕی دژی ســـەرمایەداری بخـــاتەڕوو. مــــرۆڤ دەحەپەســــێت کە نەکــــات ئــــەو پەلامــــاردانی بوونەوەرانێک لە هەسارەیەکی دیکەوە پێشبینی دەکات[66].

کـاتی خوێنـدنەوەی ئەو پەرەگرافـانە هیـیچ دەرەتـانیکم نەبوو، جگەلەمەی کە بیربکەمەوە هەر دووکمان بەکردەوە لەدوو جیهـانی هاوسـەنگدا دەژیـن؛ ئەگەر مـن چـاوەڕوانی

---

[66] . Laclaau, “The Populist Reason,” Umbr(a) 1 (2004): 34.

مەریخییەکـــــانم، کەوایە ئەو دەبێـــــت لە ڤینۆســــــی سەیروسەمەرەوە هاتبێت.

یەکەم، ئەو ڕوانـگەی مـن لەبـارەی ناوەنـدێتی ڕۆڵـی بنەمـایی شـەڕی چینـایەتی تێکەڵی ئەو بانگەشـەیە دەکات، کە هەر شـەڕێکی ڕزگـاریخوازی ڕەوا دەبێت بـەتەواوی و ڕاسـتەوخۆ دژی سـەرمایەداری بێـت. ئـەو وەک کەسـێک، کە بەزۆری لەبـابەت دیـاریکردنی فرەهۆکـاری و دەربـڕین نووسـیوویەتی، دەبێت مانـای ***ڕۆڵـی ئامادەباشـی*** بزانێت، بەدەربڕینێکـی دیـکە، ئـەوە کـە شـەڕی چینـایەتی بنەمـای چەنـد هۆکـارێکی دەربڕینـی چـڕی شـەڕە چینایەتییەکـانە، نەک نـاوەڕۆکی واقعییـان. (مـن خـودی نمـوونەی ڕوون و دیارە پرۆبلۆماتیک یان مەسەلەدارم بۆ لاکلاو و زۆربەی تـــر، لەم بـــابەتەو لە بەرهەمەکـــانم لـــەبـــارەی لینـــین خسـتۆتەڕوو، ڕای خـۆم وتـووە کە لە هەسـارەی ئێسـتا، ***نابێت*** لەسـەر چڕبـوونەوەی بەرایـی دژی سـەرمایەداری، بەڵکو دەبێت لەسەر لاوازکردنی بارودۆخی وەک بتئاسای یـان فتیشیسـتی دیموکراسـی وەکـو ئامـاژەی گەورەمـان بێت[67]، هەروەک بادیۆ بەم دواییە وتوویەتی (ئەمڕۆ نـاوی دووژمـن ***ئیمپراتـۆر*** یـان ***سـەرمایە*** نیـیە، ئەمـڕۆ دووژمـن ناوی ***دیموکراسییە***)[68].

---

[67]. See Vladimir illich lenin, Revolution at the Gatex: A Selection of writings From Februery to October 1917, trans. Peter Hallwaard, ed.Zizek (London, 2005).

[68] . Badiou, “prefazion all,edizione italiana,” metapolitica (Naples, 2002), p. 14.

پاشـان ئەو بووختـانە سـەیرە، لە سـەربنەمای متمـانە نەبوون بە هەموو شێوە هەبووەکانی خەباتی ڕزگاریخواز (لە بزووتنـــــەوەکانی دژە جوداخـــــوازی ڕەگەزی و فرەکولتوورخواز تا کردە باوەکانی یەکێتییە پیشـەییەکانی کرێکـاران)، لەژێـر ئـەو ناونیشـانەی کە بەڕاسـتی دژی سـەرمایەداری نین و ئـەوە کـە من تەنانەت ئاماژەیەکی بچوکیش بەچۆنییەتی خەباتی دژی سەرمایەداری حەقیقی ناکەم. ئەو پرسیارە وەک ئەوەیە کە بپرسین، (ئەوەش لە سـێوەکان و پرتەقاڵەکـان.. کەوایە میوەکـان لە کـوێن؟). (ئەگـەرچـی، بژاردەیەکـی گرنـگ لە کـۆمەڵە کاندیـدەکانی لاکـلاو بـۆ خـەبـاتی ڕزگـاریخوازی ئێسـتا بـاسـی ناکرێت، سیاسەتی شۆڕشگێڕی توندوتیژاوی).

دەرووی سـاختەکاری شـەڕی چینـایەتی، ناچارمـان ناکات خەباتی دژی جووداییخوازی ڕەگەزی و نەژادی و هتد وەلابنێین، بەڵکو وەک ئامرازێک ئێمە بەتوانا دەکات تـا: 1. گۆڕانکـاری لە ئەنجـومەنی دژە چینایەتییـەکان دا ڕوونبکەینەوە (لەڕوانگەی منەوە، خودی ئاڕاستەگۆڕین لەڕۆڵـی ناوەنـدی شـەڕی ئـابووری، لـە لایـەن چینـی کرێکاری کلاسیکەوە، بەسیاسەتێک پشتڕاستدەبێتەوە کە بەهۆی دینامیکی شەڕی چینایەتییەوە شرۆڤە بکرێت) 2. پێکهـاتەی سیاســی - چوونەپـاڵی شــەڕە جیاوازەکـان شـیکاربکەین و خەریکـی نێوەنـدگیریان بـین، لیبراڵەکـان لەکـاتی گوێڕایەڵی هاوپەیوەستبوون بـە هەژاران، لایەنـی خـۆی لە شــەڕی کولتـووردا بەهـۆی پەیـامی چیـنە پێکناکۆکەکانەوە ڕەمز دادەنێن؛ لە زۆربەی لاوە، خەباتیان بـۆ لێکبـووردەیی، فرەکولتـووری و مافەکـانی ژنـانە لە

بەرامبەر لێک نەبووردەیی، بوونیادگەرایی و ڕەگەزگەرایی باوکسالارانەی چینەکان وەک دەڵێن خوارەوە، ئاماژە دادەنرێت.

خالّی لێکدژ، ڕۆڵی بنەڕەتخوازی پۆپۆلیستی وەک هۆکاری پاراستنی لۆژیکی ئەنتاگۆنیزم، یان شەڕە. کاتێک کە چەپی لیبراڵ، لۆژیکی ناسینەوە و دەستنیشانکردنی جیاوازیی و ئاڵوگۆڕکردنیان شوێن جیاوازییە خاڵە هاوبەشەکان دەکەوێت، خەباتی جەماوەری پۆپۆلیستی - موحافیزکارانە، ئەرکی چەپی ڕادیکاڵی باو لە بزووتنەوەی جەماوەری و خەبات دژی چەوسانەوەی چینە باڵادەستەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

بەمەش دەبێت ئێمە لە سوکایەتییەکانی لیبراڵی و سادەڕوانینانەی بونیادخوازانی پۆپۆلیست(و تەنانەت لەوەخراپتر، مەخابن بیرکراوە لەوەی کە ئەمان چەند بەخراپی سوودیان لێوەردەگیرێت) خۆبەدووربگرین؛ ئێمە دەبێت شەڕی کولتووری تێپەڕێنین. ئەگەرچی، چەپێکی ڕادیکاڵ لەبارەی ناوەڕۆکێکی ئەرێنی لەزۆربەی مەسەلەکاندا خراوەتە بەرباس (لەبارەی لەباربردنی کۆرپەلە، دژی جووداخوازی نەژادی و هیمۆفۆبیاو...)، دەبێت پشتگیری لەڕوانگەی لیبراڵەکان بکات، بەڵام نابێت لەبیری بچێت کە لەماوەیەکی زۆردا، هاوپەیمانەکەی بنەڕەتخوازی پۆپۆلیستە نەک لیبراڵ، پۆپۆلیستەکان سەرەڕای تووڕەبوونیان، وەک پێویست، تووڕە و ڕادیکاڵ نین تا پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و ئەفسوس، لە داکەوتنی ئەخلاقی تێبگەن.

### 3. بۆچی سەرمایە کارێکی واقعییە

خاڵێکی چەقی تری ڕەخنەکەی لاکلاو بۆ بۆچوونی من لە لۆژیکی سەرمایە، وەکو کاری واقعی ئەوەیە: (دانانی بێمانا بۆ کاری واقعی، ناوەڕۆکێکی ڕواڵەتی - بالاڕۆیی جیاوازە بۆ سەرەتاییترین چەکی تیۆری لکاندن). «p. 669».

تەنیا کاتێک لۆژیکی سەرمایە دەتوانێت لە پێگەی ژێرخان، یان بنەمای ژێرینە لە واقعیەتی کۆمەڵایەتی یەکلاکەرەوە کاربکات، کە لۆژیکی خود - بوونیادبێت، بەڵام کاری واقعی لەمانای لکانیدا ڕێک پێچەوانەیەتی؛ کاری واقعی چوارچێوەیەک دادەنێت تا ڕێگە لە خود – بوونیادی کاری هێماپین بگرێت. خودی بەکارهێنەری خوازەیی و پێش مەیسەربوونی دوانەیی واقعیەت/کاری واقعی کە لە حەقیقەتدا لە جیاکاری ژێرخان/ سەرخان شتێک زیاتر نییە، لێرەدا تەواو بێجێ بە زەین دەگات؛ ئاشکرایە کە لۆژیکی سەرمایە هەرهێندەی واقعیەتی کۆمەڵایەتی لەبەردەم دیاریکردن دا، هێماپینە (p. 658).

### بە پێی بۆچوونی من لە کاری واقعی:

نمونەیەکی زۆرباش لە گۆڕانی سیستم تیۆری لکان...ییە؛ ئەو دەیەوێت بەم هۆیەوە تیۆری لکان بەجۆری هیگڵیزم بگونجێنێت، فەلسەفەیەک کە لەزۆرلاوە دەکەوێتە بەرامبەر سیستمی لکاندنەوە. کاری واقعی ناتوانێت لۆژیکی سەخت، حەتمی و خەیاڵیبێت کە بەسەر واقعیەتی کۆمەڵایەتیدا دەسەپێنرێت، ئەوەش بەم هۆیە سادە کە

کـــاری واقعـــی ئـــۆبێکتی دیـــاریکراو نیـــیە، کە یاســـا باڵادەســـتەکان بەســـەر جووڵانیـــدا پێیـــدرابێت، بەڵکـــو بەپـێچەوانەوە، کـاری واقعـی شـتێکە تەنیـا هەیە و خـۆی بەهۆی کاریگەری تێکدەرە پەنهانەکانەوە لە کاری هێماییین نیشاندەدات.«p. 657».

ئێســـتا ئـــەوە لاکـــلاوە، دەبێـــت بچێـــتەلای وانە و خوێنـدنەکەی. بەهەمانشـێوە کە هەمیشـە لکـان دووبـارە دەکاتەوە، کاری واقعی (the Real) چەمکێکی ئاڵۆزە کە لە تیۆرەکەی ئەودا لانی کەم سێ ڕەهەندی سەرەکی هەیە. یەکەم، کاری واقعی خەیاڵی: شت یان تشت (the Thing) جەوهەر و بنچینەییەکەی، هەمـەلایەنی نواندنەوە، کە بەم حاڵە، لە پەراوێزی کاری خەیاڵاویدا (the Imaginary) دەمێنێتەوە، ئەگەرچی وەک جۆرێک وێنا [خەیاڵاوی] (image)هەوڵدەدات، لە سنووری کاری نیشان نەدراودا، پەرە بە خەیاڵ (imagination) بدات.

ئەو کارە واقعییە (لە هورلای [گی دی] موپاسانەوە تا تۆفانی [ئێدگار ئالان] پۆ و نامۆی فیلمێک بە بە هەمان ناوەوە لەگەل ئەو)، کە بەشی هاوبەشی کاری خەیاڵاوی و کـاری واقعـی داگیردەکـات، ئاماژەی کـاری واقعـی، لە ترسناکترین ڕەهەندی خەیاڵییەتی کە وەک گۆڕی ئەزەلی هەمـــوو شـــتێک قووتـــدەدات و هەمـــوو شووناســـەکان ڕەتدەکاتەوە. دووەم کاری واقعی هێمایین: کاری واقعی لە جیـاتی تەبـایی و خۆگونجانـدن، بەئاماژەیـەک کە بـۆ فۆرمـۆلی بێمانـا کەم کراوەتـەوە، وەک فۆرمـۆلی فیزیکـی

کوانتۆمی که لەمەودوا ناتوانن بۆ ئەزموونی ڕۆژانە تەرجومەبکرێن، یان ڕێژەیەکی لەگەڵ بێنەئاراوە.

لەهەردوو ئەوکارە واقعیانەدا، خەون بە بەدەستهێنانی دەرزی وەشاندنی خوازەی فرۆیدەوە دەبینن؛ ئەگەر کاری واقعی خەیاڵی، سەیرکردنی گەرووی خوازەبێت، گۆشتی هەڵاوساوی ناخی، کاری واقعی هێماین، فۆرمۆلی کیمیایی (trimethylamine) کۆتایی خەونە، کاری واقعی زانستی، کاری واقعی فۆرمۆلێکە کە کاری خۆکار و بێمانای سروشت دەردەخات.

جیاوازیی، پەیوەستە بە خاڵی دەستپێکی جۆراوجۆرەوە: ئەگەر بەکاری خەیاڵاوی (بەرەنگار بوونەوەی ئاوێنەئاسای فرۆید و خوازە) دەستپێبکەین، کاری واقعی لە ڕەهەندی خەیاڵییەکەیدا دەدۆزینەوە، وێنای ئەزەلی ترسێنەری کە خوازەی (imagery) ڕەتدەکاتەوە؛ ئەگەر بەکاری هێماین دەستپێبکەین، (باسی نێوان سێ دکتۆر)، زمانێکی داماڵراو لەمانای مرۆڤایەتی دەدۆزینەوە، کە بە کاری واقعی فۆرمۆلی بێمانا شێوەی گۆڕاوە.

لەکۆتاییدا، کاری واقیع واقعی (کە لاکلاو کاری واقعی بۆ کەم دەکاتەوە)، بۆشایی/ئاستێک کە بە جۆرێکی پەتی ڕواڵەتییە و هەر شووناسێکی هێماین نەزۆک، یان جێگۆڕکێ پێدەکات. بەمشێوەیە کاری واقعی، بەکردەوە، هاوکات هەرسێ ڕەهەندی هەیە: گەرداوی قووڵی شت (the Thing)، بنەمای گونجاو و ماتماتیکئاسای واقعی،

ئاستی ڕواڵەتی پەتی هەر بابەتێک، پێویستە لەسەر چۆنیەتی پێکەوەتەنراوی خودی سێلایەنەی ڕاستەقینەی خەیاڵاوی هێمایین چڕبینەوە؛ جارێکیتر تێکڕای سێلایەنەی خۆمان، لە نێوان هەریەک لەم بەشانەدا دەدرەوشێنەوە. تەنیا سێ دۆخ لەکاری واقعی بوونی نییە. بەشێوەیەکی کتومت هاوشێوە، سێ شێوە لە کاری هێماییین بوونی هەیە: واقعی (دالێک کە بۆ فۆرمۆلی بێمانا دابەزیوە)، خەیاڵاوی (نیشانەکانی یۆنگی)، هێماییین (وتار، زمانی مانادار). هەروەها سێ دۆخی کاری خەیاڵی بوونی هەیە: واقعی (خەیاڵکردنەوە، کە کتومت سیناریۆیەکی خەیاڵییە و شوێنی کاری ڕاستەقینە داگیردەکات)، خەیاڵاوی (وێنای بە خودی خۆی، لە کاری بنەماییەکەی وەک داوێک)، هێماییین (جارێکی دیکە نیشانەکانی یۆنگی، یان ئەلگۆکانی نیڤایج).

فرەڕەهەندی بوونی کاری واقعی ئاشکرا دەکات، کە بۆچی لکان بەردەوام ڕایدەگەیاند وتاری زانستی مۆدێرن، لە فۆرمۆلی ماتماتیکییەکەیدا، نەک تەنیا شێوەیەکی دیکەی لە گێڕانەوەی هێماییین، بەڵکو زانیاری یان مەعریفەیەک لە کاری واقعی دەردەبڕێت. هەربەو ئاقارەدا، من بانگەشەدەکەم کە بارودۆخی لۆژیکی سەرمایە پەیوەندی بە کاری واقعییەوە هەیە، بەڵام ڕێک بە کام لایەوە؟

بادیۆ لە کتێبی ***لۆژیکی جیهانەکان*** (Logique des maonde) بەخستنەڕووی چەمکی point بۆ شرۆڤە کردنی ساتێک، کە بڕاردەی سوبێکتی جیهانی جێگیردەکات،

بارودۆخێک کە پێویستە بڕیاری سادەی بەڵێ، یان نەخێر وەربگرێت، ئاماژە بە point de capiton (خاڵی کاپیتۆن) لکان دەگێڕێتەوە. ئایا ئەمە بەو مانایە نییە کە جیهانێک لەدەرەوەی زمان بوونی نییە؟ جیهانێک کە ئاسۆی ماناکەی بەهۆی ڕێسای هێماییینەوە دیاری بکرێت؟ بەمەش پەڕینەوە بۆ حەقیقەت، پەڕینەوە لە زمان (سنووری زمانی من، سنووری جیهانی منن)، بۆ letters بۆ mathemesیە کە بەتیرەیی، بەر کۆمەڵێک لەجیهانیان دەکەوون. ڕێژەگەرایی پۆستمۆدێرن ڕێک ***بە کۆمەڵێک لە جیهانیانی*** کەم نەکراوە قایلە کە هەریەکەیان لە پشتگیریکردنی گەمەی زمانی تایبەتی بەهرەمەندن، بۆیە، هەر جیهانێک گێڕانەوەیەکە، کە دەماودەم لە نێوان ئەندامەکانی دەگوازرێتەوە، لە لایەن خۆیان و دەربارەی خۆیان، بەبێ هیچ قەڵەمڕەوێکی هاوبەش و هیچ زمانێکی هاوبەش. کێشەی حەقیقەت، ڕێک چۆنییەتی هاتنەئاراوەی شتێکە، کە بەگەڕانەوە بۆ چەمکەکانی هەموانی، لە لۆژیکی مۆدێل(modal logic)، لە ***هەموو جیهانە شیاوەکاندا بە یەکسانی دەمێنێتەوە***.

بۆچی بادیۆ نیازی لێکۆڵینەوەی لەو وتەزایە لەجیهان هەیە؟ (لۆژیکی جیهانەکان)؟ چ دەبێت ئەگەر پاڵنەرەکەی لەڕوانگەی قوڵتری ئەو لەبابەت سەرمایەدارییەوە، ڕیشە بگرێت؟ چ دەبێت ئەگەر چەمکی جیهان بەهۆی پێویستی دەرککردنی دنیای سەرمایەدارانە پێویست بووبێت، وەکو دنیایەکی بێ جیهان؟ بادیۆ بەم

دواییە ڕایگەیاند کە سەردەمەکەمان ***جیهانی*** لەدەستداوە؛ دەبێت چۆن لەو تێزە نامۆیە بگەین؟ تەنانەت بەگژداچوونەوەی نازیزم بۆ جوولەکەش دنیایەک دەکاتەوە؛ نازیزم لە ڕێگای شرۆڤەکردنی بارودۆخی قەیراناوی هەنوکە، ئامانج و هۆکاری گەیشتن بەئەو، بەناونان و دەستنیشانکردنی دوژمن (پیلانی جوولەکە)، واقعیەت بەشێوازێک ئاشکرادەکات، کە ڕێگە بە سوبێکتەکانی بدرێت نووسینێکی شووناسی جیهانی دەستەبەربکەن، بەلێکدانەوەی ئاسمانی بۆ بەڵێندان بە ماناکەیان، ڕەنگە ئێرە شوێنێکبێت کە دەبێت مەترسی سەرمایەداری تێداجێبکرێتەوە؛ ئەگەرچی سەرمایەداری جیهانییە و تێکڕای جیهانی داگرتووە، بەڵام لەمانایەکی قووڵتردا، پشتیوانی هەسارەی ئایدۆلۆژیای بێجیهانی دەکات، کە بەشی زۆری خەڵک لە هەر جۆرە نووسینێکی بەمانا شووناس بێبەشدەکات. جیهانی بوونی سەرمایەداری لەو واقعیەتەدا پەنهانە، کە سەرمایەداری ناوێک نییە بۆ شارستانییەتێک، ناوێک بۆ جهانێکی کولتووری - هێماییی تایبەت، بەڵکو ناوێکە بۆ میکانیکی ئابووری - هێماییی ناچالاک و بێلایەن، کە بەها ئاسیاییەکانی وەکو باقی بەهاکان بەکاردەهێنێت، بۆیە، سەرکەوتنی جیهانی ئەورووپا هاومانای شکستییەتی، بۆخۆی وێرانکەری تەواو کامڵ، بەندی نێوکی بەستراوە بە ئەورووپا دەبڕێت.

لێرەدا ڕەخنەگرانی ئەورووپی تەوەرێک کەم دەهێنن کە هەوڵدەدەن نهێنی لایەنگری ئەورووپای سەرمایەداری ئاشکرا بکەن، کێشەی سەرمایەداری لایەنی ئەورووپیی گومانـاوی ئەوە نییە، بەڵکو ئەو واقعیەتەیە کە لەڕاستیدا سەرمایەداری جیهانییە، ماتریسێکی نەزۆکە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا.

بەجیهانیبوونی کاپیتالیستی چییە؟ کەپیتالیزم، یان سەرمایەداری یەکەم ڕێسای کۆمەڵایەتی - ئابوورییە، کە ***مانا لە تەواویەت دادەماڵێت***. سەرمایەداری لە ئاستی مانادا، جیهانی نییە، (هیچ جیهانبینییەکی کەپیتالیستی جیهانی بوونی نییە، هیچ شارستانیەتییەکی کەپیتالیستی بوونی نییە، وانەی بنچینەیی بەجیهانیبوون ئەوەیە کە سەرمایەداری دەتوانێت خۆی لەگەڵ شارستانیەتییەکان بگونجێنێت، لە مەسیحیەتەوە تا هندۆییزم و بوودیزم)، ڕەهەندی جیهانییەکەی تەنها دەتوانێت بەم جۆرە فۆرمۆلبەندی بێت: حەقیقەت – بە بێ - مانا، هەروەک کاری (واقعی) میکانیزمی بازاڕی جیهانی.

## 4. خەڵك بوونی نییە

بەڵام چەمکی پۆپۆلیزم، بابەتی سەرەکی ئەم باسەیە. لاکلاو بەم جۆرە لەسەر ئەو بنەمایە بانگەشەکەی من، بەگومانـاوی دەزانێت و وەک بوونەوەری پێشبینیکاری پەلاماری دوژمن، لە شووناسی ناسنامەی هۆکاری پۆپۆلیستی گەیشتووە: (دیارە هەرگیز نەموتووە شووناسی میللی لە پێشەوەی پەلاماری دوژمنە، بەڵکو

ڕێک بەپێچەوانەوە، پەلامارێکی وەها پێشمەرجی هەر شووناسێکی میللییە، من تەنانەت بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی جیٚ مەبەستم لە سەنژویست وەرگرتووە، کە دەیوت یەکێتی کۆماری تەنیا لە ئەنجامی وێرانکردنی شتێک بەدەستدێت، کە دژییەتی).

لەڕاستیدا پشێوی ئامادە لەم ڕادەربڕینانە وڕوگێژکەرە، (هەڵبەتە) لەسەر ئەو بنەمایە من بە باشی تێزی لاکلاو دەرک دەکەم کە شالآوی (شەڕی ئەنتاگۆنیستی)، پێشمەرجی هەر شووناسێکی پۆپۆلیستییە، بەڵام خاڵەکە ڕێک لێرەدایە کە ***هۆکاری پۆپۆلیستی*** ئاگای لەوە نییە، لەم ڕووەوە، ئەو شووناسە مادییەکەی پێشتر هەبوو وێنادەکات.

دەبێت چی لەبارەی سەن ژویستەوە بووترێت کە دەرکی بەئەوە کردبوو؟ ڕاست هەربەو هۆیە من ژاکۆبنەکان (یان بەڵشەفییەکان)، بە پۆپۆلیست ***نازانم***. مانای قسەکەم لە ڕاڤەکردنی ڕەخنەکەی لاکلاودا بزردەبێت. من هاوڕای هەوڵی لاکلاوم بۆ پێناسەکردنی پۆپۆلیزم بەشێوازێکی ڕواڵەتی - چەمکی، هەروەک دەرک بەو خاڵە دەکەم چۆن ئەو لەدوا کتێبیدا، بەڕوونی، بابەتەکەی لە دیموکراسی ڕادیکاڵەوە بەرەو پۆپۆلیزم گۆڕی (ئەو ئێستا دیموکراسی بۆ داواکارییەکانی دیموکراسی لە ***ناو*** سیستمەکە کەم دەکاتەوە). لەگەڵ ئەوەشدا، بە هەمانشێوە کە بۆ ئەو ڕوونە، دەکرێت پۆپۆلیزم بەشێوەیەکی نائاسایی کاردانەوەیەک بێت؛ بەمەش دەبێت چۆن ئاستەکەی دیاری بکەین؟

پێشنیازی من ئەوەیە: هەر بنەماو کردەیەک بەنوێنەرایەتی خەڵک، وەک سوبێکتێکی سیاسی، ***بە مانای*** پۆپۆلیزم نییە. بەهەمانشێوە، کە لاکلاو بانگەشەدەکات کۆمەڵگە بوونی نییە، خەڵکیش بوونی نییە، کێشەی پۆپۆلیزم ئەوەیە کە خەڵک تەنیا لە ئاسۆکەیدا بوونی هەیە. ئامادەیی خەڵک بەهۆی ڕیزپەڕی بنەماکەیەوە زامن دەبێت، بەهۆی ***وەدەرنانی*** دوژمن لەدەستەیەکی ***کەڵەگایی/ بەربەست*** دا. بەم شێوەیە، گەڕانەوەی ناپۆپۆلیستی، دەبێت لێکدانەوەی پێناسەی جوانی کانت بێت بۆ خەڵک، واتا جوانی وەکو ZweckmaBigkeit ohne Zweck بێت، کاری میللی [کاری جەماوەری] بە بێ خەڵک، بەدیوێکی دیکەدا، کاری میللی کە بەهۆی ئەنتاگۆنیزمی بنیاتنەرەوە، دەبێتە کۆسپی گەیشتنی بە ناسنامەی تەواو و جەوهەری خەڵک، بەدەوردراوی ناچالاک دەبێت. هەربەو هۆیەوەیە پۆپۆلیزم نەک ئاماژەی کاری سیاسی پەتییە، بەڵکو هەمیشە لانیکەمی ***سیاسەتی داماڵراو*** لە سروشتیبوونی کاری سیاسی لەخۆدەگرێت.

ئەم مەسەلەیە پێکناکۆکی بنەمایینی دیکتاتۆری فاشیزم، جیاکاری و تاڕادەیەک بە بەرامبەرکردن، پێچەوانە دەکاتەوە، کە موفە بە (دژایەتی دیموکراسی) دەیخوێنێتەوە. ئەگەر گەمەی دیموکراسی (بە دامەزراوەبوون)، تێکەڵی شەڕی ئەنتاگۆنیستی فەزای ناوەندی/جیابوونەوەیی و گۆڕینی بۆ کێشمەکێش، یان ئەگۆنیزمی ڕێسامەندە، ئەوا فاشیزم ڕەوتی بەرامبەر دەگرێتەبەر.

کاتێک کە فاشیزم لە شێوەی کارکردنی، لۆژیکی ئەنتاگۆنیستی بەدوابەشی ئەو دەگەیەنێت (لەگەڵ دوژمنانی تا ئاستی مردن لە خەبات دەدوێت و بەردەوام بانگەشە دەکات، لانی کەم لە هەڕەشە بۆ توندوتیژی دەرەوەی مەیدانی هێماییین بەهۆی فشاری ڕاستەوخۆی کەسانێکەوە بوونی هەیە، کە کەناڵە ئاڵۆزەکانی یاسایی - ناوەندی فڕێدەدات، تەنانەت ئەگەر ئەوە دیاریش نەکەن و ڕێک ئامانجە سیاسییەکەی دەخاتە لایەنی بەرامبەرەوە، واتا جەستەی کۆمەڵایەتی بەرزی ڕێک وپێگەیی. (جێگەی سەرسوڕمان نییە کە فاشیزم بەردەوام پشت بەخوازەی ئەندام ڕستەباوەڕانە دەبەستێت). دەکرێت ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بەوردی لە وشەکانی لکاندا، لەبابەت ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان سوبێکتی دەربڕین و سوبێکتی بەیانکراودا (ناوەڕۆک) بخاتەڕوو. کاتێک کە دیموکراسی وەک ئامانج، شەڕی ئەنتاگۆنیستی پەسەند دەکات (لە وشەکانی لکاندا: وەک سوبێکتی بەیانکراوی ناوەڕۆکەکەی)، شێوازی کاری ڕێکوپێک – چاکە و باشە، لە بەرامبەردا، فاشیزم هەوڵدەدات هاوئاهەنگی پێگەی بنەما، لە ڕێگەی ئەنتاگۆنیزمی جڵەو پچڕاوەوە بسەپێنێت.

بەشێوازێکی هاوشێوەیی، ئاڵۆزی چینی مامناوەند ئەو پێکناکۆکییە بەرجەستە دەردەکەوێت (بە هەمانشێوە کە مارکس لەبارەی برۆدۆنەوە وتی)، بە باشترین شێواز، لە پەیوەند بەسیاسەتەوە. لە لایەک، چینی مامناوەند دژی بەسیاسی کردنە و تەنها دەیەوێت بوونی خۆی بپارێزێت تا بەخەیاڵی ئاسودەوە درێژە بەژیانی بێترسی بدات

(بەهەمان هۆ چینی مامناوەند مەیلی بەلای پشتگیریکردنی کودەتای دیکتاتۆری دایە، کە بەڵێن بەکۆمەڵگە دەدەن کۆتایی بەبزووتنەوە سیاسییە گەمژانەییەکان بهێنن، لە ئەنجامدا هەموو کەس دەتوانێت بگەڕێتەوە سەرکاری گونجاوی خۆی).

لە لایەکەی دیکەوە، چینی مامناوەند - لەژێرئالآی زۆرینەی ئەخلاقی هەڕەشەلێکراو، نیشتمان پەروەر و زەخمەتکێشدا - سەرەکیترین داینەمۆی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکە (لەژێر ئالآی پۆپۆلیزمی ڕاستگەرایی، وەک نمونە، فەرەنسای ئەمڕۆ، واتا جێیەک کە تەنها هێزێک لە حەقیقەتدا بەڕێوەبردنی مرۆڤدۆستانەی بان سیاسی و تەکنۆکرات ئازاردەدات، بەرەی میللی لۆپنە).

سەرەڕای ئەوانە، تەنها ئەو بابەتە نەخراوەتەڕوو، کە مەیدانی سیاسی نێوان بەڕێوەبەرەکانی پۆست سیاسی و بەسیاسیبوونی پۆپۆلیستی جەمسەربەندی بووە؛ دیاردەی وەک بیرلۆسکۆنی [ڕابەری سیاسی ئیتالیا] نیشانیدەدات کە چۆن هەردوو لایەنی ناکۆک دەتوانن هاوکات لەناخی هێزێکی سیاسی یەکگرتوودا بوونیان هەبێت. ئایا ***ئیتالیای پێشکەوتووی*** (Forza Italia!) بیرلۆسکۆنی، نمونەیەک نییە لە پۆپۆلیزمی بان سیاسی؟ بەدەربڕینێکی دیکە، دەوڵەتی میدیایی – ڕاپەڕێنەر کە بە زاراوەی پۆپۆلیستی، ڕەوایەتی بەخۆی دەبەخشێت.

ئایا تاڕادەیەک ڕووداوێکی هاوشێوە بۆ حکومەتی بلێر لەبەریتانیا، یان حکومەتی بۆش لە ئەمەریکا ڕوونادات؟ بەدەستەواژەیەکی دیکە، ئایا پۆپۆلیزم بەشێوازێکی

پێشەنگ، شوێنی لێکبووردەیی فرەکولتووری ناگرێتەوە، وەک پاشکۆی ئایدۆلۆژی خۆهاندەری بەڕێوەبردنی بان سیاسی؟ وەک بابەتی درۆیین، هەروەک وەرگێڕانی بەشێوازێک کە بۆ ئەزموونی ئێستای تاک سەرنجڕاکێش بێت؟ واقعیەت کلیلێکە، بان سیاسی (ڕژێمێک کە ڕەوایەتی پێدانی تەکنۆکراتیکە، خۆی وەک ڕێکخراوی جێبەجێکاری کارا دەخاتەڕوو) بۆخۆی مەحاڵە. هەر ڕژێمێکی سیاسی پێویستی بە خودێک- ڕەوایەتی پێدانی پۆپۆلیستی تەواوکەرە.

### 5. سیحری عەقڵ

بۆ لاکلاو گەڕاینەوە، ئەو لەڕوانگەی منەوە، تایبەتمەندی جیاواز لەخودی پۆپۆلیزم دەگێڕێتەوە. بنچینەی ڕەخنەکانی ئەو، ئاڵۆزی گریمانەییم لەبارەی چوونەپاڵی درۆ و هەژموونییە، بەدەربڕینێکی دیکە، بانگەشە دەکات ڕاکانم بە پێی دوو گریمانەی نەسەلمێنراو خراونەتەڕوو:

1. هەرجۆرە بەرجەستەبوونێک کاری تێکڕایی لە کاری لاوەکی، دەبێت بەجۆری بەشت بوون وەربگیرێت؛ 2. ئەو جۆرە بەرجەستەبوونە بۆخۆی فاشیستییە. لەگەڵ ئەو دوو بنەمایەی بابەتەکە ناتەبایین، چونکە چەمکی بەشت بوون هەرگیز بۆ تێگەیشتن لەجۆری بەرجەستەبوونی کاری تێکڕایی لەکاری لاوەکی بەس نییە، بەرجەستەبوونێک کە خودی هەڵسەنگاندنی ناسنامەیەکی میللییە؛ بەرجەستەبوونێکی وەها، بەمەرجێک

کە ڕاست تێگەیەنراوبێت، ناتوانێت ڕووی جیاکەرەوەی فاشیزم، یان هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی تربێت (p. 650).

بانگەشەی لاکلاو، خاڵی ناڕاست و تەواو لە خشتەبەری ئەو بابەتەیە، کە لای من (دەبێت وەکو بە شت بوون هەر بەرجەستەبوونێکی کاری تێکڕایی، لە کاری بەشەکیدا دەرک بکەین). تەواو بە پێچەوانەوە، لەڕوانگەیەکی هیگڵی گونجاوەوە، ئەو کاری بەشەکییە نموونەیەکە لە کاری تێکڕایی، هەمان ***حەقیقەتی*** کاری تێکڕاییە. لێرەدا، هیگڵ لە فەلسەفەکەیدا بەکردەوە جۆرێک ماتریالیستە. لە بۆچوونی ئایدیالیستی ئەفلاتوونیدا، بەردەوام نموونەکان ناتەواون؛ ئەوان هیچ کات بەتەواوی ئەوە دەرناخەن، کە بڕیارە نمونەی هاوشێوەی بن.

بەمەش دەبێت ئاگاداربیین کە ئەوانە زۆر ڕاستنووێن وێنا نەکەین، لەکاتێکدا کە بۆماتریالیستێک، بەردەوام لە نمونەی، شتێک زیاتر لەوەی دەوێت، کە هاوشیوەی ئەو بێت؛ بەدەستەواژەیەکی دیکە، نمونە بەردەوام هەڕەشەی ئاوەژووبوونەوە لەبابەتی نموونە دەکات، چونکە ئەوەی خودی چەمکی نمونە – هێنراوە سەرکوتدەکات و ناتوانێت بەسەریدا زاڵبێت، جەستەیی پێدەبەخشێت. لێرەدایە کە ڕەوشی ماتریالیستی هیگڵ لە***دیاردەناسی***دا ئاشکرادەبێت؛ هەر شێوەیەکی زانیاری بۆ سەر ستەیج – هێنراوە، نمونە دەهێنرێتەوە و پاشان لەناخی نمونەکەی خۆیدا سستدەبێت. هەربۆیە ڕەوشی ئایدیالیستی بەردەوام مشتێک نمونە دەخوازێت؛ چونکە هیچ

نمونەیەکی تاک کامڵ نییە، دەبێت بۆ ئاماژەکردن بە بەها باڵادەستە ئایدیالەکان نمونەی زۆرتر بێنینەوە، کە دەهێنرێنەوە و خاڵی جێگیری گەڕانەوەی نمونە سەرئاوکەوتووەکانە.

لە بەرامبەردا، ماتریالیستێک لایەنگری دووبارەکردنەوەی نمونەیەکە و هەمیشە بەڕاڕایی بۆ هەمان نمونە دەگەڕێتەوە. ئەوە هەمان نمونەی بەشەکییە کە لە تەواوی تێکڕاییە هێماییینەکاندا بە یەکسانی دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا ئەو چەمکە تێکڕاییە بەردەوام شێوەی دەگۆڕێت، کە بڕیارە ئەو نمونەیە نمونەیەکی بێت، کەوایە دەگەینە کۆمەڵێک چەمکی تێکڕایی، وەک زیندەوەرانێک کە بەدەوری ڕووناکیدا دەخولێنەوە، بەدەوری نمونەی تاکدا دەسوڕێنەوە. ئایا ئەوە هەمان کار نییە کە لکاندن دەیکات؟ گەڕانەوە بۆ بابەتی نمونەی یەکسان (کاڵەمستێنە، ڕووئیای دەرزی وەشاندنی خوازە)، بەڵام هەموو جارێک بەڕاڤەیەکی نوێ. ئەوە لەکۆتاییدا، بابەتی چاوبەستەکێی عەقڵە لای هیگڵ.

گەمەی ئەو ئەوەیە، باشترین ڕێگا بۆ لەناوبردنی دوژمن - لەم بارەیەوە، ئەندێشەی تێکڕایی – ئازادکردنیی ئەوە بۆ بەکارهێنانی تواناکانی، لەئەنجامدا سەرکەوتنی شکستدەهێنیت، چونکە لە دەستدانی بەربەستی دەرەکیی ئەو بەرێگری بابەتییەکەی، واتا ڕووبەڕووی لێکدژی بابەتەکەی دەکاتەوە:

چاوبەستەکێ لە فێڵبازی جیاوازە. کراوەترین کردەگەری، گەورەترین چاوبەستەکێیە (دەبێت لەمەودوا

لەژێـر ڕۆشـنایی حەقیقـەتەکەی لیبیرۆوانرێت). بەدیـوێکی دیـکەدا، مـرۆڤ بەکـرانەوەی ئەوی دیـکە لەخـودی خۆیـدا نیشـــاندەدات، ئەو ئەوی دیکـــە هەروەک کە لەخـــود و بۆخۆیەتی ئاشکرادەکات و بەم ڕێگایە، لەناوی دەبات.

چاوبەسـتەکێ، هـونەری گەورەی ناچـارکردنی ئەوانـی دیکەیـە بـەبـوون لەخـود و بـۆ خـۆدە، کە بـوونێکی لەم چەشنە لەڕووناکی ئاگاییدا دەردەخـات. ئەگـەرچـی ئەوانـی دیـکە مـافی خۆیـانە، بەڵام نـازانن چـۆن بەهـۆی وتـاری بەرگرییەوە، بەرگری لە مافەکەیان بکەن. خامۆشی خراپە، چاوبەســـتەکێی نـــزم، لەم ڕووەوە، خـــاوەنی حـــەقیقی، لەواقیعدا، تـاکە کەسێکە کە دەتوانێت ئەوی دیـکە بەهـۆی کردەی خودی ئەو بگۆڕێت[69].

بەمشێوەیە گەمەی چاوبەستەکێی عەقڵ چی وا مانـای دڵنیـابوون نییـە لە دەسـەڵاتی عەقڵ ("دەتـوانین مەسـەلەکە بەئاسـودەیی بسـپێرین، عەقـڵ، سـەرکەوتن باشـترین ڕواڵەت زامنـــدەکات")، بەهەمانشـــێوە کە دڵنیـــابوون لە دەســـەڵاتی نەشـــیاو لە هەر هۆکـــارێکی دیـــاریکراودا کە بەئامڕازەکانی ڕزگارکرابێت، ئەو لەناودەبـات. بەمەش لای هیگـڵ، نـەزان نـوێنی (Irony) هەمـان نـاوکی دیـالێکتیکە: (تێکـــڕای دیالێکتیـــک بەوەی دەبێـــت ڕاســـتبێت، ڕاســـت ئیزنـدەدات، وەک بڵێـی تەواو کامـڵ و ڕاسـتە [ lasst das gelten, was gelten soll, als ob es gelte]، بەم جۆرە ئەو بۆ

[69] W.F.Hegel,JenaerRealphilosophie, Vorlesungsmanuskript e zur Philosophie der Netur und des Geistes von 1805-1806 (Berlin, 1969), p. 199.

پاشەکشە ئامادە دەکات – نەزان نوێنی تێکڕای جیهان[70]).
سوکرات بەهۆی بەپرسیاری ڕکابەرەوە، خۆی بەبابەتیکردنی ئەندێشە - نیشاندانەوەی [یان بەشیوەیەکی گشتی بۆچوونی] ناچاردەکات (مەبەستت لەدادپەروەری چییە؟ لەشادی؟) بەم جۆرە ڕێگەدەدات لێکدژی بابەتەکەی ئاشکرابکات و ئەو بابەتە، هۆکارەکانی لەناوبردنی خۆی برەخسێنێت.

بۆیە، ئەو پێوەری دەرەکی بەسەر ئەندێشەیەکدا ناسەپێنێت، بەڵکو ئەندێشە بەهۆی پێوەرەکانی خۆیەوە هەڵدەسەنگێنێت و ڕێگەدەدات خۆی بەهۆی خۆیەوە-دەرخستنی تێکوپێک بدات. بەمەش، ئایا کاتێک کە هیگڵ دەنووسێت جۆری ژن (نەزاننوێنی نەمریی «لەژیانی» کۆمەڵدایە)، تایبەتمەندی ژنانەی نەزاننوێنی/دیالێکتیک نادرکێنێت[71]؟ ئەوە بەو مانایەیە کە ئامادەیی سوکرات، ڕەوشی بەرپرسیاری، بەزمانی بوونەوەرێکی بێگیان (prosopopoeia)شێوەی قسەی بەرامبەری دەگۆڕێت:

کاتێک بەشداربووان لە مێزگردەکە گفتوگۆ لەگەڵ سوکراتدا دەکەن، کتوپڕ وشەکانیان زایەڵەی وتنەوە و کلێشەیی وەردەگرێت، وەک دەنگی ناجێگیر. گفتوگۆکاران دەکەونە بەرامبەر دنیایەک، کە مافی قسەکردنیان پێدەدات و بەردەوام هەوڵدەدەن پشت بە پتەوی باوی مافی خۆیان

---

[70] . Hegel, Vorlesungen u ..ber die Geschichte der philosophie, ed. Eva Molddenhauer and Karl Markus Michel, 3 volss. (Leipzig, 1971), 1:581.

[71] .Hegel, Phenomenology of Spirit, trans, A. V. Miller (Oxford, 1977), p. 288.

ببەستن، مافەکانیان هەڵدەوەشێتەوە. گوایە زایەڵەی بێدەنگی نەزاننوێنی خۆیان دەکەنە پاشکۆی قسەکانیان، زایەڵەیەک کە وتەو دەنگیان پووچ بوو، دەنگیان ناجێگیر و زەوتکراو دەنووێنن[72].

لای لکان، نەزاننوێنی [یان خۆ لەگێلیدان، دڵگیری و شۆخی]، سوکراتێک هەڵوێستی بکەرێکی دەروونشیکاری ڕادەگەیەنێت. ئایا شتێکی لەمچەشنە لەبارەی دانیشتنی دەروونشیکاریشەوە ڕاست نییە؟ گریمان وایدابنێین کە نەخۆش، چیرۆکی هەستیار لەهەندێک ڕووداو، یان خەیاڵی ئەم دوایەی خۆی بۆ دەروونشیکار دەگێڕێتەوە. ئامادەیی دەروونشیکار بەهۆی بەریەککەوتنی نەزاننوێنییەکەی، سوبێکت لە نەخۆش دادەماڵێت؛ دەربڕینی سوبێکتی متمانەدار ئەو بەخستنەڕووی بووکەڵەی کۆمەڵێک یادەوەری خەوشدار و پچڕپچڕ لەبارودۆخێکی تەواو جیاوازدا. کە لەبنچینەدا پەیوەندییان بە ئەوانی دیکەوە هەیە (وەک باوکی نەخۆش)، یان ماهییەتی بەشێک لە قسەکانی دەگۆڕێت، کە لە بنچینەدا قسەی ئەوانی دیکەیە.

ئەم (نەک ئەو بۆچوونە پێکەنیناوییە لەجۆری ڕۆحی گومانــاوی، کە بەنهێنی ڕستکراوەکان ڕادەکێشێت و ئاقیبەت خۆشی خەباتمان زامندەکات). هەمانشتە، کە ***چاوبەستەکێی عەقڵ*** پێیدەگات. (من هیچ لە ئێوە ناشارمەوە، من تێکڕای هێرمۆنیکی بەدگومانی

---

[72] . Mladen Dolar, Proozopopeja (Ljubljana, 2006), pp. 214–15. For the insight on this issue of the feminine chaarrecter of irony/dialectics, see esp. p. 186.

دەخەمەلاوە، مـن هیچیـەک لەپـاڵنەرە تاریـک و تارەکـان نادەمە پاڵ ئێوە، من تـەنیا مەیدان بۆ ئێوە دەکەمـەوە تـا شایستەییتان بەکاربێنن و بەو ڕێگایە خۆتان لەنـاو ببەن.) دیاریکردنی نزیکەی چاوەڕوان نەکراوی خاوەنی هیگڵـی و دەروون شیکاری لکاندن ئاسانە؛ ***چاوبەستەکێی عەقڵ*** بەم مانـــایەیە کە ئەندێشـــەی خـــۆی بەهـــۆی ناکـــامییەوە لە بەدیهێنانی خۆی بەدیدێنێت.

بیرهێنـــانەوەی گەڕانەوەی بـــاڵاڕۆیی، لە ***ئـــارەزووە گەورەکـانی*** چـارلز دیکنـزدا بەهامەنـدە. کاتێـک کە پاپـا لەکـــاتی لەدایکبـــوون، پیاوێـــک بەئـــارەزووی گەورە ناودەنرێت، هەموو ئەو ناونانە وەک پێشبینی سـەرکەوتنی هەمەلایەنەی وێـادەکـات. تەنهـا لەکۆتـایی ڕۆمـانەکەدا، کاتێک کە ئەو ئەفسونی درۆیینەی لەندەن بەجێدێڵێت و بۆ کـــۆمەڵی خـــاکی ســـەردەمی منـــداڵی دەگەڕێـــتەوە، ئەو پێشبینییە بەدیدێنێت. تەنها بەهۆی دەستەبەرکردنی توانای تێپەڕاندنی تامەزرۆیی کۆتایی کۆمەڵی باڵا پلەی لەندەنە، کە ئـارەزووە گەورەکـانی ئـەو دەخەملێنـرێن، بەم ڕێگـایە پشتگیری دەکرێت و دەسەلمێنرێت.

ئێمــە لێــرەدا بەرەوڕووی جۆرێــک درەوشــانەوەی (reflexivity) هیگڵـــــی بـــــووینەتەوە؛ ئەوەی لەکـــــاتی تـاقیکردنەوەی پاڵەوانـدا دەگۆڕێـت تەنهـا کەسـایەتیی ئـەو نییە، بەڵکـو سـتانداردی ئەخلاقییەکەیەتـی کە سـوودی بـۆ هەڵســـەنگاندنی کەســـایەتییەکەی دەبێـــت. ئەوە هەمـــان ڕەتکـردنەوەی نەرێنییە، گـۆڕانی ئاسـۆیی کە شکسـت بـۆ سـەرکەوتنی حەقیقی دەگۆڕێت. ئایا کـاری چـوونیەک لە

***کردەی ناکامی*** (acte manqué یان Fehlleistung) فرۆیدی ئێستا نییە، کارێک کە لەناخی ناکامییەکەیدا سەردەکەوێت؟

بەدەربڕینێکی دیکە، Begriff هیگڵ لە دژایەتیکردنی وێنای ناونانە، (بەرهەمی ڕووتەڵیی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی کۆمەڵەی بابەتە تایبەتییەکان) چییە؟ بەزۆری ڕووبەڕووی بابەتی تایبەتی دەبینەوە کە تەواو لەگەڵ جۆری تێکڕاییەکەی [جۆری بەرامبەری ڕەگەزی تێکڕایی ئەرستۆیی]دا نایەتەوە، جۆرێک ڕیزپەڕی، هەنگاوی داهاتووی داننانە بە (ڕیزپەڕی) بوونی ***هەر کاریکی بەشەکی، کە جۆری تێکڕاییەکەی لە ڕیزپەڕییەکاندا دەدۆزێتەوە***. بۆیە، گرژی بنەمایی نێوان کاری تێکڕایی و کاری بەشەکی لە ئارادایە.

لەم کاتەدا، ئێمە تێدەگەین کە کاری تێکڕایی لەمەودوا نەک تەنیا هەڵکەوتێکی کۆتاو ناچالاکی جۆرەکانی نزمییە، بەڵکو بوونێکە لەگەڵ هەریەک لەجۆرەکانی لەگرژیدایە. کەوایە وێنای تێکڕایی، دینامیکی تایبەتی خۆی هەیە؛ بەشێوەیەکی وردتر، کاری تێکڕایی حەقیقی هەمان دینامیزی ئەنتاگۆنیستی نێوان کاری تێکڕایی و کاری بەشەکییە. لەهەمان دۆخدایە، کە لەکاری تێکڕایی ڕووتەڵی بۆ کاری تێکڕایی لکان دەپەڕینەوە، واتا کاتێک کە دانی پێدادەنێین هەر کارێکی بەشەکی ڕیزپەڕێکە و لە ئەنجامدا، کاری تێکڕایی لەجیاتی ئەوەی بریتی بێت لە پێکهاتەی وردەکارییەکەی، ***دەیکاتە دەرەوە*** (یان ***بەهۆی*** ئەوەوە دەکرێتە دەرەوە).

ڕەخـــنەکەی لاکـــلاو – لەســـــەر ئەو بنەمـــایەی کە (نێوەندگیری هێمایینی تەواو کاملْم وەلاناوە و دەربڕینی پەتیم بۆ دەرککردنی زانیاریی ڕاستیین هەیە «p. 654» کە (هاوشـــێوەی ئەو بانگەشـــەیە، کە گەیشـــتنی ڕاســـتەوخۆ بەخودی بەشت بوونی هەیە، لەکاتێکدا ئۆبێکتی aی سمۆڵ تەنیـا وەرگرتنـی باروودۆخێـک دەبێـت لەنیشـاندانەوە چەواشەکراوەکان) – نەک تەنها ڕوانگەی من، بەڵکو بایەخ بە دیالێکتیکی هیگڵیش نادات (چەواشەی دەکات، ئەگەر لە تانە بڕوانین). لای هیگڵ، ئەگەر ***ئەندێشە*** نەتوانێت وەک پێویست خۆی نیشانبداتەوە، ئەگەر نیشاندانەوەی ئەو چەواشـــەکراو و ناتەواوبێـــت، هاوکـــات ئەم چەواشـــە ئامـــاژەگەری ســـنووردارییەت، یـــان نـــاتەواوی خـــودی ***ئەندێشـــەیە***. پێویســـتە بـــۆ گەیشـــتن بە کرۆکـــی تیـــۆری دیـــالێکتیکی هیگڵـــی، هەنگـــاوێکی دیکـــە بنێـــین. نەک هەر ***ئەندێشـــــــەی*** تێکـــــــڕای بەردەوام لە دەســـــــتەیەکی چەواشـــەکراودا، یـــان جێگـــۆڕکێ پێکـــراودا دەردەکەوێـــت، بەڵکـــو لەبنـــەڕەتڕا ئەوئەندێشـــەیە شـــتێک نیـــیە جـــگە لەچەواشەو جێگۆڕکێ پێکراو، خودی بەس نەبوونی کاری بەشەکی.

لە ئەنجامدا ناهاوسەنگی نێوان کاری تێکڕایی و کاری بەشـــەکی، بۆخـــۆی، داینەمـــۆی بـــزووێنەری بزووتنـــەوەی دیـــالێکتیکی هـــیگڵە؛ ئـــەوەی بـــزووتنەوەی دیـــالێکتیکی بەرەوپـێش دەبـات، خـودی بـەس نەبـوونی هەر بەشـێکە. ئێمە باوەڕی تێکڕایی هەڵدەبژێرین، دەیهێنینە سەر ستەیج و کاتێک ئاستی وردەکارییەکەی جێگیردەکەین، بەردەوام شتێکی کەمتر(و/یان زیاتر) بەدەستدێنین، شتێک لە کاری

بەشـــەکی کە لە چوارچێـــوەی تێکڕاییەکەیـــدا ناگونجێـــت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەوەی مـن لـە بـەشـت بووندا دەیکەمـە مەبەســـت، شـــتێکی تـــەواو جیـــاوازە. کاتێـــک شـــتبوون ڕوودەدات کە هۆکـاری ناهاوسـەنگی، نەک خـودی کـاری تێکڕایـی، بەڵکـو تـایبەت بەبـابەتی سـەپێنراوی دەرەوەی دەزانرێت و ئەوکارە ڕێک ناهاوسـەنگی هەڵدەوەشـێنێتەوە. بەمشێوەیە، کـاری تێکڕایی ڕاستەقینە لەژێرئـاڵای ڕێسـای ئۆرگـانیکی بـوونی دەدۆزێـتەوە، کە لەگەڵ لەنـاوچوونی دوژمن، جارێکی دیکە سەقامگیردەبێتەوە.

ئەوسـا لاکـلاو ناتوانێـت لەم هەلەدا، بـۆ ئامادەسـازی پەلامارێکی تری بۆ من لەبارەی ستالینەوە دەربازی بێت: (***ئەندێشـــە*** لە فاشـــیزمدا لەژێـــر هەژمـــوونی ئیـــرادەی سـەرۆکدایە، لەکاتێکدا لە کۆمۆنیزم دا، ستالین سـەرۆکی ***دواییـنـە*** - بەمانـای فرۆیـدی -، چـونکە بۆخـۆی لەژێـر هەژمـــوونی ***ئەندێشـــە***دایە؛ ئەوە ستایشـــێکی زۆرجوانـــە لـە ستالین! وەک چۆن کە هەمـوو دەزانـن، ستالین لەژێر هەژموونی هـیچ ئایدۆلۆژیەکدا ***نەبوو***؛ ئـەو ئایـدیۆلۆژیای بەڕێکـەووت نەگونجـاووترین شـێوەی بەکارهێنـا تـا لـەو ڕێگەیـــەوە بتوانێـــت بەرنـــامە سیاســـی و چالاکییەکـــانی جێبەجێ بکات.«p. 648» چەند ***گەمژانەیە***! گوایە هـیچ کەس نازانێـــت کـــە ســـتالین ئایـــدۆلۆژیای مارکســـیزمی بەناێاســـاییترین شـــێوەی، بـــۆ بەرنـــامەی سیاســـی کـردارییەکەی بەکارهێنـا. هەڵبەتـە ڕوانگەکـانم پەیوەنـدی بەڕواڵەتـــی جیـــاواز، ***بـــابەتێکی وتـــاری*** ڕووکەشـــی، لە ستراکچەری ستالینزم دا، هاوشێوەی فۆڕمیی وتارییە.

شـێوازی وتـارییەکەی وەک میکـانیزمێکی پێویسـتی مێژوویی بوو، کە ستالین خۆی پێ بادەدات و لە فۆڕمی ئەندێشـەی کۆمـۆنیزمی نێـوان دووقۆناغـدا دەرکەووت (هەربـەوهۆیەوە کە بەهەمانشـێوە پـێش چەنـد دەیەیەک تیـۆریزەم کـرد و لاکـان لە سـیمینارەکەیدا ڕایگەیانـد، ستالینیزم وتارێکی ئـەکادیمی «discourse of university»یە، دژایەتیکردنـی فاشـیزمە، کە گەڕانەوەیە بـۆ وتـاری سەرۆک)(master discourse of) .

## 6. زەروورەتی گریمانەیی، گریمانەی زەروورەت

ڕوانـگەی ناوەنـدی و دژە هیگڵـی لاکـلاو، پەیوەسـت دەبێـت بەدژایەتیکردنـی نێـوان دیالێکتیـک و ناتەبـایی. پڕۆسـەیەکی دیـالێکتیکی، بەپێـی پێناسـە، پڕۆسـەیەکە بەردەوامـی نـاوکیی، کە لە کەشـێکی تەواو پڕبـوودا ڕوودەدات، فەزایـەک کە هـیچ ڕووبەڕووبـوونەوەیەکی تێکـدەر بەکەشـێکی دەرەکیـی ڕادیکـاڵ ناتوانێـت تێیـدا ڕووبدات. نێوەندگرییـەکی دیالێکتیکی جۆری پەیوەنـدی نێوان بەشـەکانە کە لە هەریەکەیاندا هەموو ئەوەیە کە بۆ گەورەیـی لـۆژیکی بـاقی بەشـەکان پێویسـتە و پێشـتر ئامـادەکراوە. لە دوانەیـی **نـائەلف - ئەلـف**، شوونـاسـی هەریەک لە جەمسـەرەکان، ڕێـک بەهـۆی ڕەتکـردنەوەی پەتی ئەوی دیکە دەردەبڕێت.

کەوایە، پەڕیـنەوەی دیـالێکتیکی نەک هەر سـازگارنین بەلێکدژی، بەڵکو دەبێت وەکو هەلومەرجەکانی تەواویەت لە کەشـێکی تەبـادا پشتببەسـتن بەلێکـدژی. هـیچ شـتێکی

ناتەبا لەلێکدژی دیالێکتیکیدا بوونی نییە. هەر بەو هۆیە پەڕینەوەی دیالێکتیکی تەنها لەفەزای پڕبوودا ڕوودەدات. هەر بەجێمانێک لە تاقیکردنەوەی گریمانەیی، کە بەجۆری دیالێکتیکی، بەهۆی تێکڕاوە جڵەونەکرێت، تێکڕا دەخاتە مەترسییەوە، لە ئەنجامدا، لەوانەیە بەشی جڵەونەکراوی تێکڕا بەجۆرێکی هاوتای گریمانە (contingent) دەکات و ئەگەری نێوەندگیری دیالێکتیکی دەچێتە ژێرپرسیارەوە ("ئەوە هەمان ڕەخنەی نووسراوی کرۆگ «krug» بوو بۆ دیالێکتیک، کە هیگڵ لە کاردانەوەی، دانیشتنەکەی وەستاند، بەڵام ئەوحەقیقەتەی نەشاردەوە، کە ئەو لەواقعدا وەڵامێکی بۆئەو ڕەخنەیەنەبوو") .«p. 665»

لێرەدا دووبارە فۆڕمی کاری لاکلاو دەبینین. دۆخی لێکدژ - لەم بارەیەوە هیگڵ - بۆ فۆرمۆلی مەلزەمەی تاڕادەیەک پێکەنیناوی خوێندکاری داشکاوە ("لێکدژی هیگڵی، واتا پەیوەندی ***نائەلف - ئەلف*** کە لەودا ئەگەری نیشاندانەوەی تەواوی ئەو هەر دوو جەمسەرە، سروشتی تێکدەری کاری واقعی دەسڕێتەوە")، کە بەئاسانی بەهۆی درکاندنی ناتەبایی دانەشکاوی ئەزمونی گریمانەییەوە پەلاماری دەدرێت، کە ناتوانێت لەڕوانگەی پەرەپێدانی دیالێکتیکی بەردەوامی ناوکی ئاشکراببێت.

وێنای ڕەخنەیی ڕێساتری لەبارەی هیگڵەوە زەحمەتە (ئەوە لاکلاوە وەک لایەنێک لەکاری واقعی سوورە لەسەر «ئەزموونییەتی گریمانەیی» و بەگژ ناوبژیوانی هێماییندا دەچێتەوە). لاکلاو لەبەردەم ئەم ناوبژیوانەی دیالێکتیکدا وەک سەقامگیری لێکدژی بەردەوامی ناوکی، لۆژیکی

هەژمــوونی دادەنیــت، کە لــەودا بە پێــی ئەنتــاگۆنیزمی بنەمایی، سوبێکت - بکەر لە دەستگەیشتن بە شووناسی تەواو پێشــی پێدەگیرێت و پاشــان بــۆ نیشــاندانەوەی ئەو شووناســە تــەواوە، دەیداتە پاڵ تـووخمێکی ئەزمـوونی و گریمانەییەوە.

جۆرێـــک پرۆســـەی بەشـــووناس کردنـــی (Identification)فۆرمـــــدەگرێت کە لـــــەودا ســـــوبێکتە دەستنیشـــانکراوەکان، ئامـــانج و نمونەیـــان بۆناوەکـــانی پڕبوون، یان تەواو نائامادە دەگۆڕێن (ئەوان بۆ «پێگەی شت هەڵدەکشێن») . ئەوە هەمان مانایە کە لە ب بوونی بدا تێیـــدەگەین. دیـــاریکردنی تـــایبەتی بۆنمـــونە ب، ســـوبێکتێکی ئەزمـــونی نیـــیە، بەڵکـــو ســـوبێکتێکە، کە نیشـاندەرەوەی بـابەتێکی پڕبـووی لێـوڕێژ لەوردەکـاری ئەنتیـک یـان بـوونی ئـەوە، بەسـوبێکتەکان دراوە [واتـا شووناســـی ســـوبێکت شـــتێک نیـــیە جـــگە لە هەڵگـــری بۆچوونێک، یان نیشـاندانەوە نییـە لەسـەر سـوبێکت، یان بەدەربڕینی سادەتر، شووناسی سوبێکتی پێشـووی نییە]. کەوایە دەتوانین ببینین بەدیلی پێشنیازی ژیـژەک تووشـی بەدحـاڵیبوونی ئاشـکرایە. یەکەم، ئامـانجی ئـەو لەکـاری واقعـی هـەبوو لەشـەڕدا، یـان پەیوەنـدی ئەنتاگۆنیسـتی، پەیوەنـدی دیـالێکتیکی ***ئەلـف - نائەلفـە***، پەیوەنـدییەک کە لـەودا، نیشـاندانەوە هـەڵگری تەواوی هـەردوو جەمسـەری پەیوەنـــدی، مـــاهییەتی مەودا دانەرانـــەی کـــاری واقعـــی لەناودەبات. دوو، ئەو ب بوونی ب [واتە دیاریکردنی ب]، بـۆ دیـاریکردنی ئەزمـوونی بـابەت کەم دەکـاتەوە و لەم ڕووەوە، تێکـڕای لـۆژیکی بـابەتیaی سـمۆڵ لەبـەرچاو

وندەکات. هیچ شتێکی جێیمتمانە لەڕەخنەی ژیژەک دا نابینرێت (p. 671).

بەڕاستی سەیرە کە لاکلاو لە نێوان ڕوانگەی خۆی و من باوەڕی بەلێکدژی هەیە، لەکاتێکدا کە جۆری هەڵسوکەوتمان لەگەڵ بابەتەکە زۆر لێکنزیکە. دیارە لەوە ئاگادارم، کە چۆن لە لۆژیکی هەژموونی، توخمێکی گریمانەیی – ئەزموونی، هەڵگری ڕۆڵی نیشاندانەوەی شتی مەحاڵە[73]. جیاوازی لەکاری ***واقعی*** ئەنتاگۆنیزم لە ڕێژەکەیەتی لەگەڵ لێکدژی دیالێکتیکی (پەیوەندی دیالێکتیکی ***نائەلف – ئەلف***)؛ لای لاکلاو، ئەوانە تەواو ناتەبان، چونکە ئەنتاگۆنیزم واتا لادان لێی، لە کاتێکدا کە لێکدژی (هیگڵی) سەقامگیری بەردەوامی ناوکی شووناسی ***ئەلف***ە، بەڵام ئایا بەم جۆرەیە؟ پێموایە، (نەک تەنها من)، لێکدژی هیگڵی نێوان ***ئەلف و نا ئەلف*** نییە، بەڵکو لێکدژییەکە ناهێڵێت کە ***ئەلف*** شووناسەکەی بەدیبێنێت، واتا لە گۆڕانی بۆ ئەوەی هەیە، بۆیە نەزۆک و ناچالاکی دەکات.

لەوەدا کە لاکلاو پێیدەڵێت فەزای نیشاندەرەوەی تەواو، ئەلف و ب، سنووری خۆی – هەر لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدان بە یەکتری و یەکتری بونیاد دەنێن، کە لەڕێگای ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە خۆی پێناسەکردووە، پیاو تەنها لەڕووبەڕووبوونەوە بە ژن پیاوە و هتد. بە باوەڕی من، ئەوە قەت لێکدژی هیگڵیی

---

[73]. ئاوێتەکردنی object aی و دالی گەورە لەو بابەتانەیە کە ئێستا کاتی شرۆڤەکردنیمان نییە.

نییە و تەنیا پەیوەندی سادەیە لەجەمسەربوونێک، کە لەودا، هەردووئاست، یەکتری تەواو دەکەن. بۆئەوەی لەڕووبەڕووبوونەوەی جەمسەریدا بگەینە لێکدڕی، دەبێت دوو کار ئەنجام بدرێت: یەکەم، تێگەیشتنی ب لەجیاتی ناچالاکبوونی (پووختە بوون، ڕێگریکردن) ***ئەلف*** لەڕێگای نەهێشتنی (نەک درووستکردنی) خود – هەمانییەکەی، ئەویش لەناوەوە، دووەم، لەخولانەوەی زیادەیی و گرنگ، تێگەیشتن لە ***ب*** لەجیاتی ئاکامە مادییەکەی (بەمادیی بوون) ناتوانایی ***ئەلف*** لە لەخۆیدابوونی تەواو، دەستەبەربوونی خود – هەمانە. بەکورتی، نەک ئەوە کە ***ب***، ***ئەلف*** لە دەستەبەربوونی خود - هەمانەکەی، لەش یان جەستەی دەرەوەی لەمەودای ئەو، دەهێڵێتەوە، بەڵکو ***ب*** شتێک جگە لەناکامی ***ئەلف*** لە لەخۆیدابوون نییە، بەرجەستەبوون یان مادی بوونی ئەو ناکامییەیە.

ئەوە وێناکردنی لاکلاوە لە دیالێکتیکی هیگڵی، نوسخەی سادەکراو لە مەلزەمەیەکی خوێندکاریی. ئەو بەتەواوی باسی پەیوەندی هیگڵی نێوان پێداویست و گریمانە ناکات. بۆ خستنەڕووی پێشنیازێکی پووختی ئەو پەیوەندییە، ڕێبدە با بەنمونەیەکی جەوهەرگەرایی پێش هیگڵیی دەست پێبکەم؛ ڕۆسۆ، کەسێک بوو ترسی نەبوو لە بەدواکەوتنی لێکدڕی ئیرادەی تێکڕایی، تاکۆتایی ستالینییەکەی:

جگە لەو ڕێککەوتننامەی بەرایی، بەردەوام ڕای زۆرینە هەموان پابەند و وەفادار دەکات. ئەوە ئاکامی خودی ڕێککەوتننامەکەیە، بەڵام دەپرسرێت چۆن کەسێک

دەتوانێت هەم ئـازاد بێـت و هـەم بەناچـاری پەیـڕەوی لەو ئیرادانە بکات کە هی ئەو نین، چۆن نەیاران دەتـوانن هـەم ئـازاد بـن و هـەم گـوێڕایەڵی ئـەو یاسـایانە بکـەن کە لێیـان ڕازی نەبوون؟

وەڵامــی مــن ئەوەیــە، کــە ئەو پرســیارە بەباشــی نەخراوەتــەڕوو. هــاووڵاتی، بەهەمــوو یاســایەک ڕازیــیە، تەنــانەت ئەوانەش کە لەدژی دانــراون و ئەوانەی لەکــاتی تــاوانکردن ســزای دەدەن. ئیــرادەی بەردەوامــی هەمــوو ئەنــدامانی کــۆمەڵگە، هەمــان ئیــرادەی تێکــڕاییە؛ بەهــۆی ئیــرادەی گشــتییەوە، کە بە هــاووڵاتی و ئــازاد ئــەژمار دەکرێن. کاتێـک کـە یاسـایەک بەگشـتی خەڵـک پێشـنیازی دەکات، داوای پشـتگیری یان ڕەتکردنەوەی نـاکەن، بەڵکو دەپرسن ئایا ئەو یاسایە بەپێی ئیرادەی گشتییە یان نا، کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە.

هەرکەس بە دەنگــدان ڕای خــۆی لەم بــارەیەوە ڕادەگەیەنێت و ڕاگەیەنراوی ئیرادەی گشـتی بە ژمـاردنی دەنگەکـان ئاشـکرادەبێت. زاڵبـوونی ڕای نەیـاری مـن، بـۆ ئەوەیە ئۆبــاڵ دەکێشــێت کە لەســەر هەڵەبــووم و وێناکردنەکەم لەسەر ئیرادەی گشتی ناڕاست بووە. ئەگەر ڕای کەسـیم زاڵبووبـوو، کارێـک ئەنجامـدەدات پێچەوانەی ئــەوەبوو داوام کردبــوو، کــە مــن لەم بــارەوەیە ئــازاد نەبووم[74].

[74] .Jean – Jacques Rousseau, “On Voting,” On the Socisl Contract trans. and ed. Donald Cress (Indianapolis, 1987), p. 81.

مەرجـــی تەواویەتخـــوازانەی ئەو وتـــارە، مەداری پەیوەندییەکی کورتی نێوان کاری ڕاستئاسا (Constative) و کاری کردەیی (performative)، بەخستنەڕووی ڕەوشی ڕاپرسی، نەک لەجیاتی کردەی بڕیاردان، بەڵکو لەجیاتی کـاری ڕاستئاســا، وەک ڕادەربــڕین (یــان گومــانکردن) لەبــارەی مــاهیەتی ئیــرادەی گشـــتی (کە لە شــتێکدا بەرجەســـتەبووە، ســـەبارەت بـــە ڕاپرســـی کـــاری پێشبینیکراوە).

ڕۆســۆ لە کێشــەی مــافی کەمینەکانــدا کورتدەبێتــەوە (ئەوان دەبێت پەیڕەوی لە بڕیاری زۆرینە بکەن، چونکە بەدیتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان فێردەبن، کە لەڕاستیدا ئیرادەی گشتی چییە). بەدەربڕینێکی دیکە، ئەوانەی لە کەمیــنەدا دەمێنــنەوە تەنیــا کەمیــنەیەک نــین؛ ئەوان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکــان (کە دژی ڕای تــاک بەتاکیــانە)، تەنیا لە کەمینەبوونی خۆیان ناگەن. ئەوەی ئەوان فێری دەبن ئەوەیە کە لەمەڕ ڕای گشتییەوە هەڵەیان کردووە.

هاوســەنگی ئــەو بــەمــادیی بــوونی ئیــرادەی گشــتی و گومانی ئایینی، چارەنووسێکی سەرنجڕاکێشە. چارەنووس بڕیارێکە لە پێشەوەی پڕۆسە، کەوایە ئەوەی لە چالاکی تاکدا مەسەلەسازە، نەک بنەمای کردەی چارەنووسی خودی ئەو، بەڵکو زانینی (یان پێشبینیکردن) چارەنووسی لە – پـــێش – ئامـــادەبوونییـــەتی. ئەوەی لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئاڵۆزە، گەڕانەوەی دیالێکتیکی گریمانەیە بۆ پێویستی، یان ڕێگایەکە کە لە ماوەیدا ئاکامی پڕۆسەیەکی گریمــانەیی، هەمــان ســەرهەڵدانی پێویســتییە؛ کارەکــان

بەجۆرێک بەرەو دواوە پێویست دەبن. ژان پییەر دوپۆ، ئەو ئاوەژووبوونەوەیەی بەوردی شرۆڤە کردووە:

بێگومان، ڕووداوی کارەساتبار، نەک تەنیا وەک چارەنووس، بەڵکو وەک ڕێکەوتێکی گریمانە لە داهاتوودا نەخش بووە: دەکرێت ڕووداو ڕوونەدات، تەنانەت ئەگەر لە داهاتوودا، وەک پێویست ئاشکرابێت... ڕووداوی گرنگ، بۆ نمونە کارەساتێک، دەکرا ڕوونەدات؛ سەرەڕای ئەوە، تا ئەوکاتەی ڕووی نەداوە، پێویست نییە. ئەوە کردەکی بوونی ڕووداوە - ئەو واقعیەتە کە ڕوودەدات – بەجۆرێک بەرەو دواوە، پێویستی بوون دەیخولقێنێت.

دوپۆی بەنمونەیەک لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری فەرەنسا لەئازاری 1995 درێژەی پێدەدات، ئەو پشت دەبەستێت بەپێشبینی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی وڵات لەمانگی حوزەیران(1995): (ئەگەر لە8ی ئازاری داهاتوودا خاتو بالادۆر هەڵبژێردرێت، دەکرێت بووترێت چارەنووسی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار تەنانەت پێش ئەنجامدانی دیاریکراوە)[75]. ئەگەر بەڕێکەووت، شتێک ڕووبدات، ئەو ڕووداوە بەخولقاندنی زنجیرەیەک لەڕووداو لەدواوەی خۆی بەپێویستی نیشاندەدات و ئەو - نە ڕێککەوتنی باو و دووبارەبووەوە لەبابەت ئەوەی کە پێویستی ژێرخانی چۆن خۆی لە ماوەی گەمەی ڕێکەوتی کاری ڕواڵەتی بەیاندەکات - بەکورتی هەمان دیالێکتیکی هیگڵی گریمانە و پێویستە.

---

[75] . Jean – pieree Dupuy, petite mw taphysique des tsunamis (paris, 2005), p. 19.

هەمـــان بـــابەت لەمەڕ شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەر (کاتێـــک کە بەلشەفیکەکان سەرکەوتن و دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئەو ســـەرکەوتنە وەک ئاکامێـــک و دەربڕینـــی پێویســـتییەکی مێژوویی قووڵتر دەرکەووت)، تەنانەت یەکەم سەرکەوتنی هەڵبژاردنـی زۆر ئـاڵۆزی جـۆرج بـوش (دوای زۆریـنەی گریمانەیی و ئاڵۆزی فلۆریدا، سەرکەوتنی ئەو بەجۆرێک بەرەو دوا، وەک بەیانێـک لـەپـاڵنەری سیاسـی قـووڵتری ئەمەریکا دەرکەووت)، ڕاستە.

گاڵتەجـاڕی لاکـلاو لــەبــارەی (ڕەخـــنەکەی کـروگ سەبارەت بە دیالێکتیک، ناسراو بەڕەخنەی قەڵەم) -کروگ یـەکێک بـوو لـە هاوسـەردەمانی هیگـڵ کـە داوای لێکـرد بەشێوەیەکی دیالێکتیکی هەمان قەڵەم ئەنجامگیری بکات، کە پێیدەنووسـێت. هیگـڵ (چالاکانـە خـۆی لـە وەڵامەکـە دزییـــەوە و نەیتـــوانی ئەو واقعیـــەتە بشـــارێتەوە، کە جانتاکەی وەڵامی تێدا نییە).(p. 665)

ئەوە لە دوو ڕووەوە ناڕاســـتە. هیگـــڵ نەک هەر ***پێویســـتی گریمـــانەیی*** (تەواو لەگونجـان لەگەڵ بنەمـای بەڵگانـدنەکانی) ئەنجـامگیری کـرد - بەدەربڕینێکـی دیـکە، چـۆن ئەندێشـــەی، وەک پێویســـت لەو دیـاردانە کـردەی دەرەوەیی دەدۆزێتەوە کە بۆخۆیـان گریمانەیین، واقعیـەت داگیردەکات - بەڵکو هەروەهـا (زۆرجـار شـرۆڤەکاران ئەو لایەنە لەبەرچاونـاگرن) خـاڵی بەرامـبەر، کە لەڕوانـگەی تیۆرییەوە زۆر سەرنجڕاکێشترە، واتا ***گریمانەی پێویستی*** فراوانکرد. ئەوە بەو مانـایەیە، کە کاتێک هیگڵ پێشـڕەوی لە گەشەی گریمانەیی و دەرەوەیی بۆ خودی پێویسـتی لـە - پێشتر - هەبوو، واتا خـود — کـردن بە بەشـیک لەخۆ و

پەیڕەوکردنی بەهۆی خودەوە - ڕەنگدانەوەکەی شرۆڤە دەکات، سەرقاڵی وەسفی ئاشکراکردنی زاتێکی دەروونی لە - پێشتر – ئامادە نییە، واتا دزەکردنەناو شتێک، کە - پێشتر لەوێیە (کە لەم کاتەدا، هەمان بەشتبوونی جەوهەری دەبوو)، بەڵکو پرۆسەی کردەیی (permormative) فۆڕمگرتنی ئەوەی ئاشکرا بووە. بەهەمانشێوە کە هیگڵ لە *لۆژیک دا* دەڵێت: لە پرۆسەی ڕەنگدانەوەی، ڕێک گەڕانەوە بۆ بونیادی بزربوو، یان پەنهانە کە مەبەستی گەڕانەوە بەرهەم دەهێنێت.

ئەوە بەو مانایەیە کە نەک تەنها پێویستی ناوەکیی، بەرهەمی هاوپەیوەستیی ئەو بە گریمانە، لای ناکۆکی ئەو، بەڵکو گریمانە وەک بەشێک لە چرکەیی (moment) خۆی دادەنێت. گریمانەش بەمانای تەواوی هاوپەیوەستی خۆیەتی بە لایەنی دژ، واتا پێویستیی؛ بە دەستەواژەیەکی دیکە، پرۆسەیەک ***کە لەماوەیدا، پێویستی سەروەدەردەنێت، هەمان پرۆسە وەک پێویست گریمانەییە***. هەمان کار لە بابەت پەیوەندی نێوان یاساو زێدەڕۆییکردن، بەو پشتڕاستدەکاتەوە. لێرەدا بەراووردکردنی هیگڵە بە جەی کەی چیسترۆنی بەئەزموون. چسترتۆن لە ***پیاوێک بەناوی پێنج شەممە***دا، لە دیالێکتیکی تاوان سوود وەردەگرێت.

بە بۆچوونی ئێمە نهۆ ترسناکترین تاوانبار، فەیلەسوفی مۆدێرنی تەواو بێ یاسایە. لە بەراورد بە ئەو، دز و کەسانی خاوەن دوو هاوسەر، خودی مرۆڤی بە ئەخلاقن و هاودەردییان لەگەڵدا دەکەم. ئەوان

پشـــتگیری ئایـــدیالی خـــودی مرۆڤەکـــان دەکەن، تەنیـــا لەڕێگایەکی هەڵەوە بەدوایدا دەگەڕێن.

دزەکـــان ڕێـــز لەخاوەنـــدارییەت دەگـــرن، ئـــەوان تـــەنیا دەیانەوێـــت خاوەنـــدارییەتیان بـــۆ بگـــوازرێتەوە تـــا زیـــاتر ڕێزیـــان لێبگـــرن، بەڵام فەیلەســـوفەکان ئارەزوویـــان لـــە خاوەنـــدارییەت نییـــە لەجیـــاتی خاوەنـــدارییەت، ئەمـــان ئارەزووی لەناوبردنی خاوەندارتییەتی تایبەتی لەسـەریاندا باردەهێنن.

کەسـانی خـاوەن دوو هاوسـەر ڕێـز بـۆ هاوسـەرگیری دادەنـێن، یـان نایانەوێـت جەژنـی بەشـکۆ و تەنـانەت دابـونەریتی ڕێبـازی دوو هاوسـەری ئەنجـام بـدەن، بەڵام فەیلەسـوفەکان لە هاوسـەرگیری لەجیـاتی هاوسـەرگیری بێزارن. بکوژان ڕێز بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دادەنێن؛ ئـەوان تەنیـا دەیانەوێـت لەڕێگـای قوربـانی کردنـی کەسـانێکەوە مـاڵی گەورەتـری ژیـانی مرۆڤـایەتی دەسـتەبەر بـکەن، کە پێیانوایە لەژیانی کەمتر بەهرەمەندن، بەڵام فەیلەسوفەکان لەخودی ژیان بێزارن، لە ژیـانی خۆیـان بەهەمـان هێندەی ژیانی ئەوانی دیکە... تاوانبارێکی ئاسایی مرۆڤێکی خـراپە، بەڵام لانی کەم مرۆڤێکی باش مەرجدارە. ئەو دەڵێت تـەنیا ئەگەر بەربەستێکی دیاریکراو لەسـەر ڕێگا هەڵدەگیرێت – بـۆ نمـونە لەگەڵ مـامێکی دەوڵەمەنـد – ئـەو ئامـادەی قبـوولکردنی جیهـان و ستایشـی خـودا بـوو. ئـەو ڕیفـۆرم خـــوازێکە، نەک ئاژاوەخوازێـــک، ئـــەو خوازیـــاری پـــاککردنەوەی تەلارەکەیە نەک وێرانکردنـــی، بەڵام

فەیلەسوفی ناپاک هەوڵنادات کارەکان بگۆڕێت، دەیەوێت هەموو شتێک وێران بکات[76].

ئەو شـــیکارە بـــاس ورووژێـــنەرە چوارچێوەکـــانی چســـترتۆن نیشـــاندەدات، واتـــا لەدەســـتدانی هیگڵخـــوازی حەقیقی، ئـەو لـەوەتێناگـات کە تـاوانی گشـتێنراو لەمەودوا تـاوان نیـیە و خـۆی وەکـو تـاوان نکـۆڵی دەکـات (خـۆی ڕەتـــدەکاتەوە/بەســـــەرخۆیدا زاڵـــدەبێت)، فـــۆڕمی لە سنورشـکێنییەوە بـۆ ڕێسـای نـوێ دەگۆڕێـت. ئەو لـەو وتەیەدا لەسـەر حەقـە، کە بە بەراورد بە فەیلەسـوفی بـێ یاسـا، دز و کەسـانی خـاوەن دوو هاوسـەر و تەنـانەت بکـووژان بۆخۆیـان ئەخلاقـین. دزێـک، (مرۆڤێکـی باشـی مەرجدار).

ئـــەو خاوەنـــدارییەت ڕەتناکـــاتەوە، تەنـــانەت بڕێکـــی زۆرتـری بۆخـۆی دەوێت و پاشـان تـەواو ئامـادەیە ڕێـزی لێبگرێت. لەئەنجامدا تاوان خۆی لەخۆیدا ئەخلاقییە و تەنیا خوازیاری ڕێسابەخشینەوەی نـاڕەوا و بەشـێکە لەڕێسـای ئەخلاقی تێکڕایی کە دەبێت لە هەلـومەرجی تـردا بەردەوام بێـت، بەڵام پێویسـتە ئەو دراوە لە ڕووحێکـی بەڕاسـتی هیگڵـی دا ("ئەخلاقی خـودی"تـاوان) بـە ئاوەژووبوونـەوەی بەردەوامـی نـاوکی بگۆڕێـت؛ نەک تەنهـا تـاوان (بۆخـۆی ئەخلاقـی)یە، (بەدەربڕینـی هیگڵـی: بەشـێکی جیـانەکراوەی سـەقامگیری شـەڕەکانی دەروونـی و لێکدژییەکانی خـودی نووسـینە لە ڕێسـای ئەخلاقیـی، نەک شـتێک کە لەدەرەوە ئـــازاری ڕێســـای ئەخلاقـــی دەدات، هەروەک ســـەپاندنی

---

[76]. Gilbert Keeith Chesterton, The Man Whowas Thursday (harmondsworth, 1986), pp. 45-46.

ڕێکەوت)، بەڵکو ***ئەخلاق بۆخۆی تاوانبارانەیە***، نەک تەنیا بەم مانایە کە یاسای ئەخلاقی تێکڕایی وەک پێویست خۆی لە تاوانی تایبەتیدا (ڕەتدەکاتەوە)، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕیشەییتر، بەم مانایە ڕێگایەک، کە ئەخلاق خۆی (لەبارەی دزێک، خاوەندارییەت)ەوە ئاشکرادەکات، پێشتر بەشێوەیەک لەخۆیدا تاوانێکە. هەروەک کە لە سەدەی نۆزدەیەم دا دەیانوت خاوەندارییەت بەمانای دزیکردنە، بەدەربڕینێکی دیکە پێویست بوو لە دزێک لەجیاتی هەڵەیەکی تاوانکردن و بەشێک لەوێنای تێکڕایی خاوەندارییەت، وەکو تاوانکردنێکی تاوانبارانە، بەخودی ئەو وێنەیەدا، گوزەر بکات. ئەوەی چسترتۆن تێی ناگات ئەوەیە، تاوانی گشتێنراو کە ئەو لە (فەیلەسوفی مۆدێرنی بێ یاسا)دا بەرجەستەی دەکات و هاوتا سیاسییەکەی ئەو، بزووتنەوەی (ئەنارشیستی) پێشتر لە حکومەتی یاساییدا بوونی هەیە، کە خوازیارە تێکڕای ژیانی شارستانییەت وێران بکات، بەمەش شەڕی نێوان یاساو تاوان، خۆی بەشێوەی کاری خودی تاوان ئاشکرادەکات، شەڕی نێوان تاوانی تێکڕایی و تاوانی بەشەکی. چسترتۆن لە (بەرگریکردن لە چیرۆکە پۆلیسییەکان)دا، دەرکی بەم کارە کردبوو. لەوێ ڕایدەگەیەنێت، کە چۆن چیرۆکی پۆلیسی:

ئەو واقعیەتەی، کە خودی شارستانییەت تائاستێک بۆخۆی وروووژێنەرترین گەورەیی و عاشقانەترین سەرپێچییەکان لەودیو زەیندا دەهێڵێتەوە. مادامێک کە لێکۆڵەرەوە لە ڕۆمانێکی پۆلیسیدا، تا ئاستێک بە بێباکی گەمژانە لەناو چەقۆ و مستی دزەکاندا تاک و تەنیا

دەمێنێتەوە، بێگومان ئەوە بیرهێنانەوەگەرای ڕەسەنێتی و پیشەشاعیری هۆکاری دادپەروەری کۆمەڵایەتییە، لەکاتێکدا دزەکان، چەتەکان تەنها موحافزکارانی هێمنی جیهانی کۆنن، بەتێبینیکردنی کاری دێرینی مەیمون و گورگەکان دڵخۆشن. ڕۆمانی پۆلیسیی لە سەربنەمای ئەو واقعیەتە دەوەستێتەوە کە ئەخلاق، تاریکترین و سەرکێشترین پیلانە.

دەستنیشانکردنی پرەنسیپەکانی پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ، لەم پەرەگرافەدا زەحمەت نییە. ڕووبەڕوو بوونەوەی دەرەکی (نێوان یاساو تاوانکردنی تاوانبارانە)، شێوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەک دەگۆڕێت کە خودی تاوانکردن، ناوکییە، لە نێوان تاوانکردنی بەشەکی و تاوانکردنی ڕەها لەجیاتی یاسای تێکڕایی، کە لە بڕیاری دژەکەیدا ئاشکرا دەبێت.

## 7. (دژوارترین چەمکەکان، بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکی)

یەکێک لە کاملترین خاڵی دیالێکتیکی زەروورەت و گریمانە، ئەنجامگیری ناوزڕاوی هیگڵە لەبابەت زەروورەتی عەقڵانی باڵادەستی میراتیی. دەبێت زنجیرەی بۆرۆکراتیکی زانیاری بەبڕیاری پادشا، (وەک بابەتییەتی تەواو چوونەپاڵ ئیرادەیەک کە دیسانەوە هەموو وردەکارییەکانی لەخودییەکەیدا پەلکێشدەکاتەوە، دەستی نەیاران و ڕازیبووانێک دەبڕێت، کە لەنێوانیاندا خۆی بەڕێپێدراوی بزووتنەوەی ئەبەدی دەکات، ئێستا ئەم

ڕێگاو ئەو ڕێگایە و بەدەربڕینی ***من ئیرادە دەکەم*** بڕیار دەدات و دەست بەهەموو کار و ڕاستییەکان دەکات. چەمکی فەرمانی هەمەلایەنەی دژوارترین چەمکگەلە بۆ بیرکردنەی لۆژیکی (Ratiocination)، بەدەستەواژەیەکی دیکە، لەبارەی ڕەوشی تێفکرین کە لەسەر تێگەیشتن (Understanding)بونیادنراوە[77]. تەنانەت هیگڵ بۆ ڕوونکردنەوەی زەرووڕەتی تیۆریی باڵادەستی ڕەها سەرووتر دەڕوات:

ئەو خودی دواییینە، کە ئیرادەی دەوڵەت لەودا چڕدەبێتەوە، کاتێک کە دەکەوێتە کێشەوە، بۆخۆی تاک و لەم ڕووەوە، تاکێتی بێ ناوبژیوانە. بەمەش کەسایەتی (سروشتی)ی ئەو، درووست لە چەمکەکەیدا دەردەبڕدرێت. لەم ڕووەوە، باڵادەستی ڕەها لەبنچینەدا وەکو ئەو تاکە جیادەبێتەوە. لە کێشەدا لەهەموو جیاکەرەوەکانی و ئەو تاکە بەپێی باڵادەستییەتی ڕەها، لە سیمبولی بێ ناوبژیوان و سروشتی بەدەستدێت، بەدەربڕینێکی دیکە، لەڕێگای لەدایکبوونییەوە لە ڕەوتی سروشت... زۆرتر دژی باڵادەستی ڕەها بانگەشە دەکرێت کە ئەو کارە، بەختەوەری وڵات بە بەخت و چانس دەسپێرێت، بەمەش بەڵگەهێنانەوە، ڕەنگە باڵا دەستی زانانە نەبێت، لەوانەیە بۆ کراوەترین چەمکی وڵات

---

[77] . Hegel, Philosophy of Right, trans. and ed. T. M. Knox (Oxford, 1981), p. 288.

گونجاونەبێت و پێویستبوونی دۆخێکی وەها لە کارەکان بەهۆی پێویستی عەقڵانیبوونی دەبێتەدۆخێکی بێمانا، بەڵام هەمـــــووی لە ســـــەربنەمای پێشـــــگریمانەی بێبەهـــــا وەستاوەتەوە، بەدیوێکی دیکەدا، هەموو شتێک وابەستە بە کەسێتی تاکی باڵادەست دەزانێت.

لەوڵاتێکـــی تـــەواو ڕێکخـــراودا، ئـــەوە مەســـەلەیەکە پەیوەندی بەکراوەترین خاڵی بڕیاردانی فەرمییەوە دەبێت (پـــارێزەری سروشـــتی دژی خولیـــا، بەمەش، داخـــوازیی چۆنـایەتی بـابەتی لەباڵادەستی ڕەهـادا نادرووستە)؛ ئـەو تەنیا بڵـێ (بەڵـێ) و خـاڵی (مـن) دابنێـت، چـونکە دەبێـت کورسی پادشایی بەمشێوەیەبێت، کە گرنگترین شت لای خاوەنی کەسایەتی ئەو نەبێت... لەباڵادەستی ڕەهاو ڕێکدا، لایەنـــی بـــابەتی پەیوەنـــدی بە یاســـاوە هەیە و پشـــکی باڵادەست تەنها دانانی ***من ئیرادە دەکەم***، سوبێکتە لەسەر یاسا (Ibid.,pp.288-289).

ئەو خـاڵەی تێڕامـان (speculative) تێگەیەنـراو نابێـت، (تێپەڕینە لە چەمکی پەتی خودموختاری بێ نێوەندگیری و بەمەش، بۆ قەڵەمڕەوی سروشت)ە. بەدەربڕینێکی دیکە، لەکاتێکدا کە لێکتێگەیشتن بەباشی لەناوبژیوانی تەواوی تێکڕایی زیندوو دەگات، ناتوانێت لەو خاڵە بگات کە ئەو تێکـــــڕاییە بـــــۆ بەکردەوەکردنـــــی خـــــۆی، ناچـــــارە بەکردەوەبوونی لە بەرگی تەکنیکێکدا (singularity) بێ نێوەندگیری و سرووشتی دەستەبەربکات[78].

---

[78]. ئایـا ئـەو مارکسیستانەی کـە گاڵتـەیان بـە هیگـڵ کـرد، لـە سەرسپاردن بە ڕابەردا، بەهای ئەو بێئاگاییەیان نەدا، کە نەک تەنها

لێرەدا وشەی ***سرووشتی*** دەبێت تەواوی کێشی هەبێت، هەر لەبەر ئەوە، لە کۆتاییدا ***لۆژیک***، کە خود – نێوەندگیری تەواوبووی ***ئەندێشە***، خۆی لەسروشت ڕزگاردەکات، لە ناڕاستەوخۆی دەرەکی سروشتدا دادەڕمێت. دەبێت خود – نێوەندگیری عەقڵانی دەوڵەت لەئیرادەیەکدا، بەکردەوە هەبێت کە وەک کارێکی تەواو سروشتی، نێوەندگیری نەکراوە و ڕێک ناعەقڵانییە.

هیگڵ دوای ئەوەی ناپلیۆنی بینی بەسواری ئەسپەوە، لە شەقامەکانی یەنای پاش شەڕی 1807، ڕایگەیاند گوایە ڕۆحی ***جیهانی*** بەسەر ئەسپەوە بینیوە. ئاماژەکانی مەسیح ناسانەی ئەو وتەیە درەوشاوەن. لەبارەی مەسیحەوە، خوا، ئەفرێنەری تێکڕای جیهانی ئێمە، خۆی وەک کەسێکی ئاسایی پێیخستە سەر زەوی. ئەو نهێنی بەرجەستەبوونە لەئاستی جیاجیادا، شایانی جیاکردنەوەیە، داوەری تێڕامانیی (Speculative) باوان لەبارەی منداڵەوە، (ئەو دەرەوە، عیشقی ئێمە خەریکی پیاسە کردنە)، ئاماژەی قڵپ بوونەوەی هیگڵی، ڕەنگدەرەوەی دیاریکراوە سەبارەت بەدیاریکردنی ڕەنگدانەوەیی).

---

تەواویەتی عەقڵانیی بەرجەستەکرد، بەڵکو ئەوەی وەک پەیکەرێک لە زانیاری تێروتەسەلدا، گیانی بەبەرداکرد؟ نە، کەسێک کە تەنیا خاڵی نەزانانەی (من) دەگوزەرێنێت. بەدەربڕینێکی دیکە، ڕابەری ستالینیست، باڵادەستی ڕەها نییە و ئەو بابەتە بەدفەڕییەکەی ئەو زۆر زیاد دەکات.

شتێکی وەها لەبارەی پادشایەک، کە کاتی پیاسەکردن دەبینرێت، لەوانەیە بووترێت: (ئەو لە دەرەوە، دەوڵەتی ئێمە خەریکی پیاسەکردنە). بانگهێشتی دیاریکردنی ڕەنگدانەوە لە لایەن مارکسەوە (لە پەراوێزی بەناوبانگی بەشی یەکەمی ***سەرمایە***)شدا تووشی ناتەواوی بووە؛ تاکەکان گوماندەکەن لەو ڕووەوە وەک پادشایەک ڕەفتار لەگەڵ کەسێک دەکەن کە بێوێنەیە، لەکاتێکدا لە واقیعدا، ئەو لەو ڕووەوە پادشایە، کە وەک تاکێکی بێوێنە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن. بەم حاڵە، خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە بەشتبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ناتوانێت لە تاکێکدا وەک بەدحاڵی بوونێکی سادە و بتئاسا بخرێتەلاوە. ئەوەی خودی ئەو خرانەلاوەیە لەبەرچاوناگرێت؛ ڕەنگە بتوانێت ناوی بنێت کاری کردەیی هیگڵی (Performative). بێگومان پادشا لەخۆیدا تاکێکی داماوە. بێشک، ئەو تەنیا تا ئەو جێیە پادشایە، کە شوێنکەوتوانی بە بێوێنەی بزانن؛ سەرەڕای ئەوە، خاڵەکە لێرەدایە کە وەهمی بتئاسای یان فتیشیستی کە پارێزەری ڕێزگرتنی ئێمەیە لە پادشا، ڕەهەندی کردەیی هەیە. یەکگرتوویی وڵاتی ئیمە، کە پاشا بەرجەستەبوونیەتی، تەنها لە بوونی پادشادا دەستەبەردەبێت. هەربۆیە کە پێداگری لەسەر پێویستیمان بەخۆ بەدوورگرتن لەداوی فتیشیستی و جیاوازی بوونی نێوان کەسێتی گریمانەیی پاشایەک بەس نییە و ئەوەی سمبوولییەتی، پادشا تەنیا ئاماژەی شتێکە، کە لە کەسێتی ئەودا بوونی دەبێت، هاوشێوەی عەشقی ژن و پیاوێک

(لانـی کەم لە ئاسـۆیەکی بـاوی دیـاریکراودا)، کە تەنیـا لە منداڵەکانیاندا دەستەبەر دەبێت.

هیـوادارم لەو درکەیە بگەیـت، کە لێـرەدا پەنهـانە. لای هیگـڵ شـتێک هەمـان پێویسـتی بەرجەسـتەبوونی تێکڕاییـە لە تەکنیکی گریمانەییدا، کـە لێکتێگەیشـتن ناتوانێت دەرکـی بکـات و بە پێـی بۆچـوونی لاکـلاو، هیگـڵ ناتوانێـت تێـی بگات(و لە ئەنجامدا منیش تێیناگەم). ڕەنگە ئەو پێویسـتییە بۆ ئەندێشـەی لۆژیکی لاکلاویش زۆر ئاڵۆز بێت.

**ئەم وتارە لەمەی خوارەوە وەرگێردراوە:**

-Zizek, Slavoj, «Schlagend, aber nicht Treffend!», Critical Inquiry 33 (Autumn 2006).

# بەشی دووەم

# کۆمەڵە وتار و گفتوگۆیەك لەگەڵ (شانتال موفە)

**وەرگێڕانی: هاوار محەمەد**

## (1)

# ئەمریکا لە سەردەمی پۆپۆلیزمدا

*گفتوگۆ لەگەڵ "شانتال موفە"*

**پێشەکی:**

شانتال موفە یەکێکە لە تیۆرسێنە سیاسییە دیارەکان لەبارەی پرسە دیموکراسی و پۆپۆلیستی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە جیهانی ئەمڕۆدا. "موفە" شتانێکی زۆری لەبارەی قەیرانی نیولیبراڵی، شوناسی سیاسی، سۆشیالیزمی کۆمەڵایەتییەوە نووسیووە.

موفە، بە هاوبەشی لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەرە کۆچکردووەکەیدا "ئەرنستۆ لاکلاو"، بەڕابەرانی فیکریی پشتەوەی هەندێک پەرەسەندنی سیاسی هەرە

سەرنجڕاکێشی ئەوروپا دەزانرێن. حزبی سیاسی نوێی ئیسپانی "پۆدیمۆس" (Podemos) بەرچاوڕوونی جەوهەریی لە بەرهەمەکانی موفە و لاکلاوەوە وەرگرتووە. پاڵنەری پشتەوەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن "سیریزا" لە یۆنان، هزرەکانی ئەم دوو بیرمەندە بوون؛ "یانیس فارۆفاکیس"ی حاکمی ئەسینا و وەزیریی دارایی پێشووی یۆنان یەکێک بوو لە قوتابییەکانیان.

"ئینیگۆن ئەریگۆن" (Iñigo Errejón)، سکرتێری سیاسی حزبی پۆدیمۆس، بەرهەمەکانی "موفە" و "لاکلاو" لەبارەی پۆپۆلیزمەوە، بەدرێژایی سی ساڵی ڕابردوو، لە دوای مردنی لاکلاو، بەم جۆرە کورت دەکاتەوە:

«سیاسەت نە گەمەی بۆکسێنە (واتە تەنیا بەرکەوتنی و زۆرانبازیی نێوان دوو بکەری دیار نییە) و نە یاریی شەترەنجە (واتە هاوپەیمانی و جووڵە و تەکتیکەکان کە تویژە پێدراوەکان بەکاردەهێنێت)، بەڵکو سیاسەت بریتییە لە "جەنگی بەردەوامی پێگە" لەگەڵ واقیعەکانی بزووتنەوەکە دا، بەڵام بێگومان لەگەڵ هاوسەنگیی هێزە بەرجەستەبووەکان لە دامەزراوەکانیشدا؛ ئەمەیش لەپێناو پێکهێنانی لایەنەکانی "شوناسەکان"، مەرجەکان، گۆڕەپانی خودی جەنگدا. گەر سەبارەت بە پەرشبوونەوە و تێپەڕێتی شوناسە مومکینەکانی بدوێین، ئەوا ئەمە نە واتای ئەوەیە بە پارتیکولاریزم شاگەشکە بین و نە بە ئەفسانەی کۆنزەرڤەتیڤیزم لەبارەی کۆتایی دوژمنایەتییەوە؛ بەڵکو پتر واتای هۆشیاربوونەیە لە

کەموکـــوڕی حەتمیـــی سیاســـەت لە پێنـــاو ئامـــانجی دوورمەودا و بەرهەمهێنـــانی خەیاڵەکانـــدا، کە دەتـــوانن خەڵکـــی کـــۆبکەنەوە و یەکـــبخەن. ئەم گفتوگـــۆیە لەلایەن وەلید شەهیدەوە، لە ئەمریکا لەگەڵ موفە دا ئەنجام دراوە.

*** بیرکردنەوەکانت چییە لەبـارەی پەرەسـەندنی چەپ و پۆپۆلیزمی چەپڕەو و پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو لە ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؟**

- من لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پسپۆڕ نیم. وایدەبینم "ســـاندەرز" (Sanders) نمـــوونەیەکە بـــۆ بـــزووتنەوەی پۆپـۆلیزمی چەپـڕەو و "ترەمـپ" ـیش نمـوونەیەکە بـۆ پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو. بەڕاستی جێگای داخە کە "ساندەرز" کاندید نەکرا. ئەو هەلێکی باشتری دژ بە "ترەمپ" هەبوو، تێکڕا ژمارەیەکی زیاتری خەڵکانی هێنایە مەیدان، لەڕێگەی حەماســەتێکی ڕووت (pure enthusiasm) ـەوە بـــۆ ئەڵتەرناتیڤ و گۆڕانکاری. دەمەوێت بە تەواوەتی فزوڵـی بـم لەوەدا، کە زیـاتر ببیســتم لەبـارەی ئەوەی کە بـۆچی خەڵکـی پێیـانوایە "بێرنـی سـاندەرز" بەشـێوەیەکی بـاش مامەڵە لەگەڵ کەمینەکاندا ناکات.

حـزبە سۆشـیال-دیموکراتەکـانی ئەوروپـا، هەر وەکـو ئەوانەی ئەمریکـا، وازیـان لەوە هێنـاوە پـێگەی خۆیـان لە خەباتەکانی چینە میلییەکاندا دابمەزرێنن و قاییم بکەن – کرێکـــاران، چینـــی ناوەنـــد، خوێنـــدکاران، ..هتـــد". ئۆلیگارشـیزەکردنێکی سیاسـەت ( an oligarchization of politics) لە ئـــارادایە. ئەو کەلێـــنەی کە لەنێـــوان چیـــنە

میلییەکان و چینە دەوڵەمەندەکاندا هەیە لە زیادبووندایە. خەڵکی وا هەست دەکەن کە لەلایەن حزبە باڵادەستەکانەوە نانوێنرێنەوە، لێرەدا، پۆپۆلارێتی مارین لوپێن و پۆدیمۆس و سێریزا دەردەکەوێت.

قاعیدەکەی ترەمپیش بەشێکە لە چینە پۆپۆلارەکان، چونکە ئەم چینانە لەلایەن نیولیبراڵیزمەوە سەرکەوتکراون و پەراوێزخراون. چینە سپییە ناوەندی و کرێکارییەکان دەبێت مافی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زۆرتریان هەبێت. "ترەمپ"یش پۆپۆلیزمێکی ڕادیکاڵ بەکاردێنێت بۆ فریوودانی ئەم هەشتکردنە، ئینجا بۆ دروستکردنی شوناسێکی نوێی سیاسی کە دووالیزمی چەپ بەرامبەر ڕاست تێدەپەڕێنێت.

دەبێت چەپیش وەڵامی ئەمە بدەنەوە، ئەو شتە پێکبهێنن کە ناوی دەنێم "بەرەی پۆپۆلیزم" (a populist frontier) بۆ هەموو چینە پۆپۆلارەکان دژ بە نوخبە و دامەزراوەکان. "ساندەرز" تاکە کاندیدێک بوو کە دەیتوانی ئەم ئەڵتەرناتیڤە جیاوازە بخاتە ڕوو.

لە فەرەنسا، زۆرینەی چینی کرێکار دەنگیان بە "مارین لوپێن"دا، ئاسانە لەمە تێبگەین، چونکە ئەمە ئەو کەرتانەن کە لە جیهانگیریدا دۆڕاون و لایەنی زیانپێگەیشتوون. لێرەدا "مارین لوپێن" توانی –بە زمانی کزینۆفۆبیک- (xenophobic vocabulary) گوزارشت لە داواکاریی چینە پۆپۆلارەکان بکات. ئەوانەیش داواکاریی دیموکراسین. ئەوان خەڵکانێکی ئاسایین کە دەناڵێنن. بەڵام "لوپێن" بەم گوتارەوە هاتە پێشەوە: «تێدەگەم کە ئەوان دەناڵێنن.

ئەوەی لەمە بەرپرسە کۆچبەرانن»، ئەو بەرەیەکی دژە-کۆچبەرانی کردەوە. "لوپێن" دەڵێت ئەو گرنگی بە خەڵکی دەدات، لەکاتێکدا حزبی سۆشیالیزمی فەرەنسی – هەروەکو کلینتۆن- گوتارێکی دەربارەی کێشە راستەقینەکانی خەڵکی لەدۆخی ئێستادا نەبوو. خەڵکی چیتر متمانەیان بە سەرکردەی دامەزراوە و حزبەکان نەماوە، چیتر باوەڕیان پێناکەن.

پێمویە ئەمە ئەو شتە بوو کە "ساندەرز" دەیویست ئەنجامی بدات. چونکە وەڵامێکی دیکەی دەدایەوە. ئەوە کۆچبەران نین کە دوژمنن، بەڵکو وۆڵ ستریت و بەرژەوەندییە دارابیەکانن. ئەمە پۆپۆلیزمی چەپە. بەڵام ئەم پۆپۆلیزمە تەنیا پەیوەست نییە بە داواکارییەکانی چینی کرێکارەوە؛ بەڵکو لە دەوری ئەو شتەیش دەسووڕێتەوە کە ناوی دەنێم "زنجیرەی هاوتایی" (a chain of equivalence) لەنێوان کەرتە جیاوازەکاندا: داواکاریی فێمێنیستەکان، مافە مەدەنییەکان، بزووتنەوە جیاوازەکان.

بۆ چەپ ئێجگار ئەستەمە کە زنجیرەی هاوتایی دابمەزرێنێت. ئەمە واتای ئەوەیە کە کۆمەڵەکان لە زنجیرەیەکدان کە هەریەکێکیان پەیوەندییەکی تایبەتی بە بونیادی دەسەڵاتەوە هەیە، بەڵام هێشتایش هەموویان دەتوانن لەبارەی هەندێ ئەجندای هاوبەشەوە بەشێوەیەکی یەکگرتوو کار بکەن. بەڵام زنجیرەکە پەیوەست نییە بە یەکخستنی هەموو داوکارییەکانەوە لە بزووتنەوەیەکی تاکلایەنە و یەکدەستدا. ئەم کۆکردنەوەی

هێزانه هەر بە سادەیی لەوێوە دەستپێدەکات کە خۆیان لەگەڵ یەکتریدا هاوبەند و هاوپشت دەبینن، دەیشبینن کە لە بونیادی دەسەڵاتی باڵادەست بێ بەشن. هەر ئەڵقەیەکی زنجیرەیەکە تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە، بەڵام زنجیرەکە هەموو پێکەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتریدا کار دەکەن.

بەڵام لەپێناو دروستکردنی ئەم زنجیرەی هاوتاییەدا، تۆ پێویستت بە دیاریکردنی دوژمنێکی هاوبەش هەیە. ئەمە ئەو ڕێگایەیە بەهۆیەوە زنجیرەکە دەبێتە زنجیرێکی یەکگرتوو و تێهەڵکێش.

*** پێتانوایە ساندەرز دەیتوانی زنجیرەی هاوتایی دروست بکات؟**

– بەڵێ، تاڕادەیەک، بە درێژایی دە ساڵی ڕابردوو، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو بزووتنەوانە بەهێزبوونەوەتەوە کە گەنجان ڕابەرایەتییان دەکەن: مافی کۆچبەران، وۆڵ ستریت بگرن، بزووتنەوەی ژینگەپارێز، بزووتنەوەی بلاک لایفس ماتەر، بزووتنەوەی (Fight for 15). "ساندەرز" چەندینجار داوای "شۆڕشێکی سیاسی" (**political revolution**) کردووە بۆ تەحەداکردنی وۆڵ ستریت و چینی ملیاردێرەکان. ئەمە ڕێیخۆشکرد بۆ دامەزراندنی جۆرێک "زنجیرە" بۆ خەڵکە بێنەواکە، کە سەر بە هیچ بزووتنەوەیەک یان ڕێکخستنێک نەبوون، بەڵام لەمیانەی حەماسەتی وەرزی هەڵبژاردن و نامەکەی ساندەرزدا هەست بە کاریگەرییەکەی دەکەم.

بەلام هەڵـمەتەکەی ئەو بە تەواوەتـی و بەو شـێوازەی کە "ترەمـــپ" کـــردی چیرۆکـــی لەبـــارەی "ئەمریکـــا" وە نەدەگێڕایەوە. زۆرێک لە نووسـەران ڕەخنەی ئەوەیان لە هەڵمەتـی بانگەشـەکەی گـرت ،کە ناتوانێـت ئەو پەیونـدییە بگێڕێتەوە وا لەنێوان ڕاسیزم و جیاوازی ئابووریيدا هەیە؛ واتە ئەو مەســـەلە ســـەنتراڵەی کە بەدرێژایـــی کـــات لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبووە.

*** من زۆر سەبارەت بە پۆپۆلیزم لە ئەوروپا دەدوێـم. بەڵام زۆربەی ئەوروپییەکـــان حەزیـــان لە چەمکـــی "پۆپۆلیزم" نییە، چونکە بە شاراوەیی ئامـاژە بە فاشـیزم یان سەرکردایەتی کەسێکی ناسیۆنالیسـت دەدات. بەڵام لە ئەمریکـــا نەریتێکـــی پۆپـــۆلیزمی پێشـــکەوتنخوازت هەیە. تۆ هاوڕای ئەمە نیت، وایە؟**

- هەنـدێک بـابەت هەبـوون، کە لە کەرتە لیبراڵیسـتییە پشتیوانەکانی "کلینتۆن" ـەوە پەیدابوون، لە کەرتی میدیا و چینی سیاسیدا دەربارەی تووڕەیی "ساندەرز" و ڕیتۆرێکە دوولایەنەکەیەوە. تەنـــانەت یەکێـــک لە سیاســـەتمەدارە دیموکراســـییەکان "ســـاندەرز" ی بە کەســـێکی مەکـــارتی نـاوزەدکرد، چـونکە دەیەویسـت ئەو سیاسـییانەی پارەیـان لە بانکەکان بردووە، بدات بە "دادگای پیشـاندراو" ( show trials). هەنـدێکی کەسـیتر وەک حەشـیمەتێکی تـووڕە کە توانـــای گـــوێرگرتن و میانەڕەوییـــان نیـــیە، وەســـفی قاعیـدەکەی سـاندەرزیان کـرد. بەڵام تـۆ ڕاسـت دەکەیـت،

پێموایە ئەم چەمکی پۆپۆلیزمە هەمان ئەو دەلالەتە نەرێنییانەی نییە  کە لە ئەوروپا هەیەتی.

هێشتایش پێموایە کولتووری چەپ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، تاڕادەیەک نەفرینی لە پۆپۆلیزم هەیە، چونکە ئێمە بوغزێنراوی سیاسەتی گەردوونین **(universalist politics).** چوارچێوەی بالادەستی سیاسیی لە چەپدا بریتییە لە یەکتربڕین (ئینتەرسێکشنالێتی) **intersectionality**، زۆرجار بۆ چەپ هەڵوێستێکی دیاریکراو لە گوتاری یەکتربڕینەوە، لەبری ئەوەی ببێتە گەردوونی بۆتە مایەی تایبەتمەندی و جیاوازی. بەهۆی بەردەوامبوونی ڕاسیزمیشەوە هاوبەندیی لەنێو چینی کرێکاردا پڕییەتی لە مەترسی.

*** بەڵێ، ئەمەیش کێشەیەکی گەورەیە. بەڵام حەزم لە چەمکی "یونیڤێرساڵیزم" (گەردوونگەرایی) نییە، بۆیە چەمکی "دامەزراندنی ویستی بە کۆمەڵ" (establishing a collective will)م پێ باشترە. ئەمەیش پەیوەستە بە ڕێگای بیرکردنەوەمانەوە لە خەڵکانێکی جیاوازی یەکگرتوو لەپێناو دۆز و خەمی هاوبەشدا. داخۆ کەرەستە و زمانی درووستمان بۆ بیرکردنەوە لەم پرۆژەیە هەیە؟**

- من باس لە وازهێنان لە خودی فۆرمە تایبەتییەکانی خەبات ناکەم. بەڵام کاتێک باس لە ویستی بە کۆمەڵ دەکەین، ئەوا بە حەتمی هەندێک لێکدژیی بێچارەسەر دادەمەزرێنین. ئەمەیش سیاسەتە. زنجیرەی هاوتاییەکان

لەبارەی جووڵاندنی خەڵکییە پێکەوە، لەمیانەی ململانێ جیاوازەکانییانەوە؛ ناو لەمە دەنێین " بەیەکگەیشتنی ململانێکان" (convergence of struggles). خوڵقاندنی پەیوەستەگیی لەنێوان ئەم ململانێیانە دا، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بە واتای دەرککردنی تایبەتمەندییەکانی ململانێ جیاوازەکانە؛ بگرە هەستکردنێکی توندیشە بەلایەنە هاوبەشەکان و هاوبەندییەکان لەنێوان ململانێی جیاوازەکاندا. ئەمە کێشەی گەورەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە، کە دەبێت بەرپەرچ بدرێتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا مەیلێک لە چەپی ئەمریکیدا هەیە بەرەو فۆرمێکی دیاریکراوی سیاسەتی شوناس، کە وەک کۆمەڵەیەکی بەهێزی یەکپارچە وێنای خۆی ناکات. دەبێت دەرک بەوە بکەین، کە تایبەتمەندییەک لە ململانێی فێمێنیستانە یان لە ململانێی ڕەشپێستەکاندا هەیە. فۆرمی هەژموون لای ئەوان دیاریکراوە. ناتوانین بڵێین ئەمە بەرهەمی سەرمایەدارییە و تاکوتەنیایش پێویستمان بە سۆشیالیزمە.

لە ئەوروپا، ڕێبازی پێچەوانە (opposite tendency) ئێجگار بەهێزە؛ خەڵکی دی چەپ دەڵێن: «هەموو ئەم خەباتانە چینی ناوەڕاستە، بەڵام خەباتە سەرەکییەکە خەباتی چینایەتییە». ئەمە زۆرباشە بۆ ئەوەی ئەم دۆگمایە بخرێتە ژێر پرسیارەوە.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئێوە کێشەی پێچەوانەتان هەیە. لەوێ سیاسەتی شوناسی زیاترمان هەیە، ململانێی بە کۆمەڵی تەواویش بوونی نییە. چۆن دەتوانیت ئەم دوو

بــــابەتە پـــێکەوە کـــۆبکەیتەوە؟ لە دوایـــین کتێبمـــدا، بە ناونیشـانی "پۆدیمـۆس، بە نـاوی خەڵکەوە" ( Podemos: In the Name of the People)، لەگەڵ "ئینیگـۆ ئەریگـۆن" مشتومڕی ئەم بابەتەم کردووە، چونکە دەبێت سیاسـەت پەیوەست بێت بە دامەزراندن و سەرپێخستنی ململانێی بە کـۆمەڵ لەنێـوان "ئـێمە" ی گەورە و "ئەوان" ی بچووکـدا. ئەمە هەمــوو شــتێکە. دەشــێت ئەم بەرەیە بەشــێوازێکی نەرێتــی و مارکســی دابمەرێنرێــت: ململانێــی چینــایەتی بەرامـــــبەر ســــــەرمایەدارەکان. بەڵام ئەمە لە ویـــــلایەتە یەکگرتووەکـان، بەهـۆی ڕاسـیزمەوە، سـەرکەوتوو نابێت، لەمە بەدوایش هەرگیز لە ئەوروپایش سەرکەوتوو نابێت.

ئــــێمە پێویســــتمان بە دامەزرانــــدنی بەرەیەک هەیە بەشێوازێکی پۆپۆلیستی؛ کە تێیدا خەڵک (گەل) لەبەرامبەر دامەزراوە و دەسـتەبژێر دا بێت. "خەڵـک" دامەزراوەیەکـی سیاسـییە. ئەرکـی چەپـیش دروسـتکردنی (خەڵک)ـ ێکە. جیـاوازیی نێـوان ڕاسـت و چەپ لەوەدایە، کە ئێمە وەکـو چەپ فـــۆڕمی جیـــاوازی خەڵـــک دادەمەزرێنـــین. بەڵام زنجیرەی هاوتاییەکان شتێکی جیاوازە. پۆپۆلیزمی چەپ بە پـاڵ کێشــەکانی چینــی کرێکــارەوە، بــۆ هەمــوو ئەم ململانێیـــــانەی شــــوناس شــــتێکی یەکــــلاکەرەوەیە. ئەمریکییەکـان ئەگەر بێتـوو نەتـوانن وەڵامـی ئەم پرسـیارە یەکــلاکەرەوەیە بـــدەنەوە، ئەوا نایانەوێـــت ڕووبەڕووی سیستەمی هەژموون ببنەوە.

پێموایە "ساندەرز" دەیتوانی هاوشوناسی و وەسفی زۆرەملێی "ئەوان" دەربخات، بەڵام نەیدەتوانی بە باشی "ئێمە" یان "خەڵک" دیاریی بکات. پێموایە سەرۆک ئۆباما، بە تایبەتی لە هەڵمەتی ساڵی 2008ـ یدا، لە دروستکردنی "ئێمە"دا لێهاتووتر بوو، بەڵام هەرگیز "ئەوان"ـێک نەبوو، کە بشێت دیاریی بکرێت.

زۆر پەرۆشی ئۆباما نەبووم. سیاسەتەکەی خۆی لکاند بە سیاسەتی نیولیبراڵیی کۆدەنگی و تەباییەوە. هەڵبەت پێموایە شتێکی مێژووییە، کە پیاوێکی ڕەش پێست ببێتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام هەمیشە بە گومان بووم، هاوڕێ ئەمریکییەکانم ئێجگار پەرۆش بوون. کەچی ئۆباما هەرگیز دوژمنێکی هاوبەشی دیاریی نەکرد.

"ئۆباما" هەوڵیدا لەگەڵ کۆمارییەکاندا بگاتە لێکتێگەیشتن یان هاوڕاییەک دروست بکات. کاتێک لە ساڵی 2010 دا گەڕامەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، خەڵکانی چەپ پێیاندەوت خیانەتکار. بەڵام خۆ ئۆباما هەرگیز خۆی وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ، یان وەک کەسێکی ڕادیکاڵ پیشان نەداوە. ئەوە تەنیا هەندێ لە خەڵکانی چەپ بوون، کە بە کەسێکی ڕادیکاڵیان دەزانی. دەنا ئۆباما بە درێژایی کات پێیی دەگوتین: «ئێمە گەلێکی باشین، هەموومان شانبەشانی یەکتر دەڕۆین».

لە سەردەمی "بێڵ کلینتۆن"ـ ەوە، حزبی دیموکراتی بۆتە حزبی وۆڵ ستریت. ئەمەیش هۆکاری بەدبەختی زۆرێک لە کەرتە میلییەکانە. دەبێت چەپ بە ڕاستی

هەوڵبـــدات لەم مەســـەلەیە تێبگـــات. لە ئێســـتادا جـــگە لە "ترەمـــپ" هـــیچ گوزارشـــتێکی سیاســـی لە داواکـــارییە ڕاستەقینەکانی خەڵک بوونی نییە.

کۆمارییەکـــــان مۆنۆپـــــۆلی نـــــوێنەرایەتیکردنی سپیپێســــتەکانیان کــــردووە، نــــوێنەرایەتیکردنیش واتە "ئەمریکیەکـــی ڕاســـتەقینە" (true American) بێـــت. دیموکراتەکـان وتیـان ئەوان نـوێنەرایەتی کەمایەتیەکـان و چیـــنە کۆزمۆپۆلیتانەکـــان دەکەن. هەنـــدێک کەس لە نێـــو حزبـــی سۆشـــیالیزمی فەرەنســـیدا هەن، کە داوای ئەوە دەکەن پێویستە حزب چینی کرێکار لەبیر بکات، چونکە ئەوان لە ئێســـتا دا مەیلیـــان بـــۆ "مـــارین لـــوپێن" هەیە و نـاگەڕێنەوە بـۆ حزبـی سۆشیالیسـتی. ئەو سـەرکردانە لە ئێستادا دەڵێن کە حزبی سۆشیالیست حزبی کۆچبەران و چیـــنە کۆزمۆپۆلیتانییەکـــانی ناوەڕاســـت و بـــاڵایە. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە.

*** بۆچوونـــت چیـــیە دەربـــارەی پەیوەنـــدیی نێـــوان بـــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـــان و ئەم حـــزبە سیاســـییە نوێیانە؟**

– هەروەکو بزووتنەوەی "وۆڵ ستریت بگرن"، زۆرێک لە بزووتنەوەکان لە ئەوروپا نایانەوێت هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ حزب و دامەزراوە نەریتییەکاندا دروست بکەن. ناو لەمە دەنێین "ئۆتۆنۆمیزم" (autonomism). دیموکراسییەتی ڕاستەقینە لەسەر شەقام، نە ڕابەرە فەرمییەکانی دەوێت و

نه حزبەکـــــان. ئەمە لەبەرژەوەنـــــدیی وازهێنـــــان لە دامەزراوەکـان و سیاسـەتە هەڵبژاردنییەکـانە. بەڵام دوای تەقینـەوەی بـزووتنەوەی "ئـێم 15" ( M-15) لە ئیسـپانیا، ڕاسـتڕەو لە هەڵبژاردنـی ڕابـردوو دا زۆریـنەی دەنـگ دەبـاتەوە؛ چـونکە بـزووتنەوەکە بە خەڵکیـی وت واز لە سیسـتەمی هەڵبـژاردن و سیاسـی بهێنن. مەسـەلەکە ئەوە نییە حزبی ڕاسـتڕەو دەنگی زۆرتـر بباتەوە، بەڵکو ئەمە بەو هـۆیە ڕوویـدا، کە حزبـی سۆشیالیسـتی، بە هـۆی نائامادەییەکەیەوە، پێنج ملیۆن دەنگی لەدەستدا. ئەمە ئەو بۆشـاییەیە، کە حزبـی پۆدیمـۆس پـڕی کـردەوە چـونکە بۆشاییەکی کارەساتبار بوو.

ناتوانین جموجوڵەکان بە ئاسـانی بۆ شـەقام جێبهێڵین. مـــن ڕەخنەگرێکـــی جـــددی ئایـــدیای سیاســـەتم وەک ورووژانـــدنی ســـاتەوەختێکی ڕووخانـــدنی گشـــتی لەگەڵ دۆخـی ئێسـتا دا. ئەمە ڕێگەی سـەرکەووتنی شۆڕشـەکان نییە. لە قۆناغێکدا، وزەبەخشـەکانی هێز لەدەست دەدەین. ناتوانێت شتەکان تەنیا لەسەر ئاستی ئاسۆیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێت. دەبێت پەرە بەو شتە بدەیت، کە حزبـی پۆدیمـۆس پێیـی دەڵێـت: "ماشـێنێکی جەنگیـی هەڵبژاردن" (an electoral war machine). تۆ پێویستت بە گەیشـتن بە دەسـەڵاتێکی کـردەییە لە دامەزراوەکـان و حکومەتدا. ئەمە ڕێگای سیریزایشە.

زۆرێـک لە بزووتنەوەکـان و سـەرکردە چەپەکـان نایانەوێت لە هەڵبژاردنەکانـدا بەشـداریی بـکەن. ئەمە بـۆ

بزووتنەوەکـانی یۆنـان و فەرەنسـا ڕاسـتە. زۆرێـک لە سـەرکردەی بزووتنەوەکـان دەڵـێن هەڵبـژاردن بـۆ مەڕە گێژەکـانە؛ چـونکە هەمیشـە سیاسـییەکان دەبـن بە دژت. دەرهەق بە کاندیدبوونی حزبی پۆدیمۆسیش دژایەتییەکی زۆر هەبـــوو لەلایەن بـــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـــانەوە. هێشـــتایش لەلایەن ســـەرکردەی بزووتنەوەکـــانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە لەسەر ئەوەی چوونەتە نێو سیســـتەمی پەرلەمـــانییەوە. هێشـــتایش زۆرێـــک لە ســـەرکردەی بزووتنەوەکـان دەڵـێن حزبـی پۆدیمـۆس ڕێکـــخەری بزووتنەوەکـــانە، بەڵام ئێســـتا سیاســـەتی پەرلەمانی دایڕزاندووە، بەڵام ئەوانە کەمینەن.

بەڵام حزبـی پۆدیمـۆس هەرگیـز نەیوتـووە تـاکە چارەسـەر ئەوەیە بچینە نێـو حکـومەتەوە. بەڵکـو دەڵـێن ئەوان بۆشاییەک پڕ دەکەنەوە. پێویستە پۆپۆلیزمی چەپ پەیوەندیی نێوان ئەم دوولایەنە ببینێت: هێڵی ئاسۆیی لە شەقام و هێڵی ستوونی لە دامەزراوەکاندا. هەندێک دەڵێن دەوڵەت و حزبەکـان داڕزاون، بـۆیە تەنیـا پێویسـتمان بە بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان هەیە. هەنـدێکی تـر پێیـانوایە تەنیـا پێویســتیمان بە بـردنەوەی هەڵبـژاردن و گرتنـی کورسی پەرلەمانە. ئەم دوو شێوازە بیرکردنەوەیە هەڵەیە. ئـێمە پێویسـتمان بە لێکبەسـتنەوەی "حزبـی بـزووتنەوە" (movement party) یە لەگەڵ ڕەهەنـدی یەکـلاکەرەوەی هەڵبژاردنـدا، کە پەیوەسـتە بە بزووتنەوەکـانەوە، بەڵام هاوکـات جیـاواز و تایبەتیشـە. جگە لەمەیـش بە درێژایـی

کات دڕدۆنگییەک لەنێوان بزووتنەوەکان و حزبەکاندا هەبووە.

*** تۆ نووسیوتە ئەرکی چەپ وا لە بەدەستهێنانەوەی دیموکراسی و گێڕانەوەی نەریتی سۆشیال دیموکراتیدا. دەتوانیت لەبارەی ئەم خاڵەوە شتانێکی زیاتر بڵێیت؟ داخۆ هێشتا سۆشیال دیموکراتی ئاسۆییە؟**

- نازانم خەڵکانی چەپ مەبەستیان چییە کاتێک لەبارەی خولْقاندنی شتێکی نوێوە دەدوێن. سەرکردەکانی حزبی پۆدیمۆس مەبەستیان لەوە نییە، کە دەیانەوێت چەپ بگەڕێتەوە بۆ سۆشیال دیموکراسیی تەقلیدیی ئەورووپیی ناوەڕاستی سەدەی بیست. ئەوان شتێک دەڵێن، کە ڕەنگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێوازی جیاواز دەرببڕدرێت؛ چونکە سەرکردەکانی پۆدیمۆس دەڵێن گەلێک مافی کۆمەڵایەتی هەیە، کە لەسەدەی بیستەمدا بەدەستهێنران، بەڵام نیولیبراڵیزم هەڵیوەشاندنەوە. هەنگاوی یەکەم وا لە گەڕاندنەوە و فراوانکردنی ئەو مافە کۆمەڵایەتییانە دا.

کاتێک لەگەڵ ئەرنستۆ لاکلاو دا، سی سال لەمەوپێش کتێبی "هەژموون و ستراتیژییەتی سۆشیالیستی" (*Hegemony and Socialist Strategy*)ـ مان نووسی ئێمە هێشتا لەژێر هەژموونی سۆشیال- دیموکراتیدا بووین. ئەو کاتە تازە سەرەتای نیولیبراڵیزم بوو. ئەرگومێنتەکەمان ئەوەبوو، کە پێویستمان بە ڕادیکاڵکردنەوەی دیموکراسییەتە. بڕوامان بەوە بوو ئەو

دەستکەوتانەی لە سایەی دیموکراسییەتدا بەدەستهاتبوون ببەینە پێش. پێمانوابوو سۆشیال- دیموکراتی هەست بە داخــوازییە نوێیەکــانی بزووتنەوەکــانی ژنــان، دژایەتــی ڕاســیزم، داخــوازیی ئیکۆلــۆژیی، هۆمۆکــان ناکــات. ئەمە بەشێک نەبوو لە کارنامەی سۆشیالیزمی تەقلیدی.

دوای ســــی ســــاڵ، زۆرێــــک لەو شــــتانە هەڵوەشێنراونەتەوە، کە بەدەستهاتبوون. جا کاتێک باس لە گێـــڕانەوەی دیموکراســـییەت دەکەم، مەبەســـتمان گەڕانـــدنەوەی ســـەرجەم ئەو مافـــانەیە، کە بەرلەوەی دووربخـــرێنەوە، هەبـــوون. هێشـــتایش ئامـــانجی ڕادیکــاڵکردنەوەی دیموکراســیەت وەک خــۆی مــاوەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕادیکاڵیزەی بکەین، پێویستە یەکەمجار بەدەستی بهێنینەوە.

ئێمە لە کۆمەڵگە پۆست-دیموکراسییەکاندا دەژین. ئێمە لەو کۆمەڵگایانە دا دەژین، کە بەخۆیان دەڵێن کۆمەڵگەی دیموکراسی. بەڵام لێرەدا دیموکراسییەت لەنێو جۆرێک بۆشــاییدا کــار دەکــات (sort of vacuum). خەڵکــی ئیمکانییەتێکی ڕاستەقینەی ئەوەیان نییە مومارەسەی مافی هــاوڵاتیبوونی خۆیــان بــکەن. پێویســتمان بە دووبــارە دامەزراندنەوەی دیموکراسییەتێکی چالاکە، ئینجا پێویستە کۆشش بکەین بۆ ڕادیکاڵیزەکردنی چۆنییەتی تێگەیشتنمان لە دیموکراسییەت.

لە دۆخی ئێستا دا، ئێمە بە ڕاستی لە دۆخێکداین، کە خراپترە لە دۆخی پەنجا ساڵ لەمەوپێش. هەنگاوی یەکەم

ئەوەیە ئەو شتە بەدەستبهێنینەوە، کە لە دەستمانداوە. چەپی توونـدڕەو کاتێـک بە ئاشـکرا بانگەشـەی خـاپوورکردنی سـەرمایەداری، خـاپوورکردنی دەوڵەت و شتانی لەم بابەتە دەکات، لە هەڵەدایە. ئەمە بەشێکە لەو چەپەی، کە هەیە بەبێ هیچ کاریگەرییەکی پراکتیکی یان بە بێ هیچ دەسەڵات و ستراتیژییەتێک.

ئێمە پێویستمان بە شەڕی پێگەیە (war of position)؛ کە تێیدا هێزە پێشکەوتنخوازەکان بتوانن قەڵەمڕەوییەکی ڕاستەقینە لە کـۆمەڵگەی مەدەنیـدا، لە دامەزراوە باڵادەستەکاندا، لە کولتووری باودا، لە میدیا دا بنیات بنێن. پێویسـتمان بەوەیە لەو ململانـێ ئاسـاییانەوە دەسـت پێـبکەین، کە ڕووبەڕووی کەرتە گەورەکـانی کـۆمەڵگە دەبنەوە. گەلێک ململانێی جیاواز هەن؛ بەڵام پێویستمان بە دامەزرانـدنی زنجیـرەی ڕادیکـاڵی هاوتاییەکـانە بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی ململانـێ باڵادەسـتەکان دژ بە دووژمنێکی هـاوبەش، نەک تەنیا هەبـوونی پەیوەنـدیی بە ململانێکـانەوە، کە هـیچ نیـیە جـگە لە هەنگـاوی یەکەم. دوژمـن وۆڵ سـتریت، دامەزراوەی سیاسـی، ئۆلیگارشـییەتە. ئەگەر بە زمـانی خەڵـک گوزارشـت لە ویسـتە دەسـتەجەمعییەکان نەکەیـن هەمیشـە شکسـت دەهێنین.

ئەمە ئەو کێشە سەرەکییەیە، کە من لە چەپی ویلایەتە یەکگرتووەکانـدا دەیبیـنم. چـاڵێکی گەورە لەنێـوان زمـانی خەڵـک و زمـانی بزووتنەوەکانـدا هەیە. مـن وا تێـدەگەم،

لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئەمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاسان نییە؛ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی حزبێکی ڕاستەقینەی چەپ بوونی نییە، تۆ لە وڵاتێکدا دەژیت، کە بێئەندازە هەمەڕەنگە. بەڵام هەڵبژاردنەکان ئەو جێیەن کە تێیدا دەبێت خەڵکی لەپێناو خەمی هاوبەشدا پێکەوە یەکبگرن؛ چونکە هەڵبژاردنەکان هەلی گونجاو بە خەڵکی دەدەن بۆ گوزارشتکردن لە جۆرە جیاوازەکانی ململانێکان لە فۆڕمی ویستی بەکۆمەڵدا. دەبێت ئەمە بە مەبەست و ئەنقەست بنیات بنرێت. ئەمە شاراوەیە و هەیە، بەڵام دەبێت شوناسی نوێی سیاسی و بەستەرەکانی هاوبەندیی، بە وردی و دیسپلینەوە لەلایەن سەرکردەکانەوە دروست بکرێن.

### سەرچاوەکان:


بە زمانی عەرەبی:

أمريكا في أزمنة الشعبوية، حوار مع شانتال موف، ترجمة: كريم محمد. http://midan.aljazeera.net/reality/interviews/2017

بە زمانی ئینگلیزی:

America in Populist Times: An Interview With Chantal Mouffe; By Waleed Shahid, December 15, 2016. https://www.thenation.com/article/america-in-populist-times-an-interview-with-chantal-mouffe/

(2)

# پێویسته چەپ پەرە بە پۆپۆلیزم بدات

*گفتوگۆ لەگەڵ "شانتال موفە"*

**پێشەکی:**

لە کیشوەری ئەوروپا، بزووتنەوە سیاسییە نوێیە چەپەکان لە هەڵکشاندان، ئەمەیش بۆتە مایەی ئەوەی لە بەرکەوتەکانی هەڵبژاردندا دەرفەت و ئامادەیی زیاتری هەبێت، واتە لە پرۆسەیەکدا، کە هەتا دوێنێیش هەر لەسەر هێز و حزبە تەقلیدییەکان ماڵبوو، کە لەژێر لافیتەی پانوپڕی "چەپ-ڕاست" بە سەر داچوونە دەسەڵاتەوە و مەرجیش نەبوو شوناسی ڕاستەقینەی ئەم هێزانە بنوێننەوە.

ئەو جۆرە چەپەی لە ئەوروپا گەشەی کردووە، بەو چەپەیشەوە، کە بەم دوواییانە، لە میانەی پێشکەوتنی بەربژێری چەپەکان "ژان لوک میلانشۆن" ـەوە لە فەرەنسا دەیبینین، سەرجەمی ڕوانگە و پراکتیکەکان بۆ دروستکردنی ڕەگەزە جیاوازەکانی گوتارێکی سیاسی دەخاتەگەڕ، کە هەتا بکرێت زۆرترین توێژی دەنگدەران لەخۆبگرێت. "شانتال موفە"، خانمە فەیلەسوف و توێژەری ئەکادیمی، یەکێکە لە تیۆرسێنەکانی ئەم ڕوانگەیە. بۆ ئەوەی لە چییەتی ئەم ڕوانگەیە ئاگاداربین وامان بەباشزانی تەواوی ئەم دەقەی خوارەوە، کە گفتوگۆیەکە لەگەڵ موفەدا و ڕۆژنامەی بەناوبانگی "لۆفیگارۆ"ی فەرەنسی، لەگەڵیدا ئەنجامیداوە، بکەینەوە بە کوردی.

**گفتوگۆکە:**

*** لە بەرامبەر هەژموونی نیو- لیبراڵیزمدا، ئێوە پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە پێویستە چەپ ستراتیژییەتی نوێی سیاسی دیاریی بکات...**

- بە لە مشتومڕکردنی ئاڕاستە ستراتیژییەکان، دەبێت ئەم ڕەوشەی ئێستا شیکار بکەین. من پشت بە ماکیاڤیللی دەبەستم کە، وەک لووی ئاڵتۆسێریش ئاماژەی پێکردووە، هەمیشە پشتی بەو دۆخانە بەستووە، کە لە کۆنتێکستەکەدا ئامادەیە. من هەوڵدەدەم لە مەسەلەکانی ساتەوەختی ئێستا تێبگەم. لەسەر ئەم بنەمایە دەمەوێت ڕوانگەیەک دروست بکەم، هەر لەبەرئەمەیشە، کە بەرهەڵستیی فەلسەفەی پێوانەیی دەکەم (واتە فەلسەفەیەک کە بۆ ئەوەی دەبێت هەبێت، پێوەری هەیە).

فەیلەسوفە سیاسییەکان حەزدەکەن تیۆریزەی گەورە گەورە بکەن تاوەکو ئەوەی پێ شرۆڤە بکەن کە دەبێت جیهان چۆن بێت، بەبێ ئەوەی کۆنتێکستەکە بە هەند وەربگرن، بەڵام من لای خۆمەوە، هەوڵدەدەم لەبری ئەوە، بە پشتبەستن بە فاکتەکانی ئەم سەردەمە زەمەنییەی ئێستا، پەرە بە تیۆرەکانم بدەم.

شیکاریی من ئەمەیە، کە ئێمە ئێستا لە "ساتەوەختێکی پۆپۆلیستی"ـ دا دەژین، ئەم ساتەوەختە لە دەرکەوتنی ئەو بزووتنەوە سیاسییانەدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەم ناوەیان بەخۆیانەوە لکاندووە. پێش هەموو شتێک دەبێت ڕوونی بکەینەوە، کە مەبەستم لە "پۆپۆلیزم" چییە. لەسەر زاری زۆربەی سیاسی و قسەکەرانی ئەم بابەتەوە، وشەی "پۆپۆلیزم" وەک هاومانای "دیماگۆژییەت" دەردەکەوێت. هەروەها تۆمەتی "پۆپۆلیستی" وەک چەکێک بەکاردەهێنرێت بەدەستی ئەو کەسانەوە، کە دەیانەوێت دۆخی باو هەر وەکو خۆی "جێگیر" (ستاتیکۆ) بمێنێتەوە دژ بەوانەی، کە تەحەدای دۆخی باو دەکەن.

من لای خۆمەوە پشتیوانی لە ڕوانگەی "ئەرنستۆ لاکلاو" دەکەم، کە لە کتێبی "لۆژیکی پۆپۆلیزم"دا ڕوونی کردۆتەوە پۆپۆلیزم ئایدیۆلۆژیا و دۆکترین نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ چەسپاندنی سنووری سیاسی یان لێکجیاکردنەوەی سیاسی. بەلای منەوە، سیاسەت هەمیشە ئامرازێکە بۆ دامەزراندنی سنوورەکانی نێوان ***"ئێمە"*** و ***"ئەوان"***، مومکینیشە ئەم سنوورانە بە فۆڕمی زۆر جیاواز بکێشرێن. بۆ نموونە بەلای مارکسییەکانەوە، سنوور ئەوەتا لە نێوان "پرۆلیتاریا" و "بۆرژوازییەت"ـدا. بەلای پۆپۆلیستەکانەوە، ئەم سنوورانە لەنێوان دوولایەندا

دریژبـــوونەتەوە: لەنێـــوان ئەوانەی، کە "لەســـەرەوە"ن و ئەوانەی، کە "لەخـــــوارەوە"ن، لە نێـــــوان "خەڵـــــک" و "دامەزراوە"دا. ئەوە چییە، کە تەفسـیری "هەڵقـوڵان"ی ئەم جموجوڵە "دژە-سیستم"ـانە دەکات؟ بەر لە هەر شتێک و بەڕێگای جیاواز، ئەوانە کاردانەوەن بە ڕووی ئەو شتەدا، کە هەنـــــدێک بیرمەنـــــد ناویـــــان دەنـــــێن "پۆســـــت-دیموکراســـییەت". لەمـــڕۆدا دەبینـــین دیموکراســـییەت لە سەروەرییە پۆپۆلارەکەی دابڕاوە و بەمەیش لە ناوەڕۆکی خـۆی خـاڵیی کـراوەتەوە. سـەروەریی گەل لە فەرهەنگـی سیاسـی دوورخـراوەتەوە، چـونکە دووژمنـی سـەرەکیی نیولیبراڵیزمە، کە دەیەوێت سەروەریی بازاڕ و تەکنۆکرات دابمەزرێنێـــت. ئەم هەژمـــوونە نیـــولیبراڵییە، هەتابێـــت شۆڕشـی زیـاتر لە لایەن هاوولاتیـانەوە دەورووژێنێـت. یەکێـــــک لەو دروشـــــمانەی، کە بـــــزووتنەوەی دژە دەســـتپێوەگرتن [سکهەڵگوشـــین] لە ئیســـپانیا بەرزیـــی کردەوە ئەمە بوو: «دەنگدانمان هەیە، بەڵام دەنگمان نییە». ئەمە ئەو شـتەیە، کە لە کتێبەکەمـدا "وەهمـی کـۆدەنگی" ناومناوە پۆست-سیاسەت.

بەلای مـــنەوە، دەبێـــت دیموکراســـییەت مـــۆرکێکی دیـــالەکتیکیی ململانێکـــارانەی هەبێـــت، واتە ئیمکـــانی هەڵبژاردنی پرۆژە جیاوازەکان لەبەردەستدا بێت، لەوێدا کە جیـــاوازییەکی جەوهەریـــی لەنێـــوان ئەو بەرنـــامە سیاســییانەدا نەبێـت کە لە لایەن حزبەکـانی ڕاسـتڕەوی ناوەڕاسـت و چەپـڕەوی ناوەڕاسـتەوە خـراوەتە ڕوو، ئەو کـاتە دەنگدان ئەنجـام دەدرێت، بەڵام دەنگەکـان بوونیـان

نابێت، چونکە ئیمکانییەتی ڕاستەقینەی هەڵبژاردن بوونی نییە. ئەم "کۆدەنگیی ناوەڕاست"ـە، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا کۆنترۆڵی دیمەنی سیاسیی ئەوروپای کردووە. ئەو بزووتنەوانەی، کە پێیاندەوترێت "پۆپۆلیزم"، کە زۆربەیان لە باڵی ڕاستڕەوون، ئەم وەهمەی کۆدەنگییان شکاند. دەبێت دان بەوەدابنێین، کە ئەم بزووتنەوانە دەیانەوێت دووبارە دیموکراسییەت بەرهەم بهێننەوە، بەڵام خراونەتە چوارچێوەی نەریتە ناسیۆنالیستییە-نەژادییەکانەوە کە لەگەڵ ئایدیالە چەپەکاندا یەکناگریتەوە.

چەپ داکۆکی لە سەروەریی خەڵک دەکات، بەڵام لەپێناو چەسپاندنی ئایدیا باڵاکانی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا ئەمە دەکات. ستراتیژییەتی چەپ دەبێت ئەم داواکارییەی دیموکراسی بە جددی وەربگرێت، کە لە لایەن زنجیرەیەکی تەواوی تویژە کۆمەڵایەتییەکانەوە جاڕدەدرێت؛ ئەم تویژە کۆمەڵایەتییانەی، کە هەستدەکەن دەنگیان نییە تەنیا گروپە میللییەکان نین. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، دەبێت چەپ خۆی بە زاراوەی ئەوتۆ دەوڵەمەند بکات، کە دەرفەت و توانای داڕشتنەوەی داخوازییەکانی بۆ وەرگرتنەوەی سەروەری پێبدات، بەڵام لە چوارچێوەی گوتارێکی جیاواز لە پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو، کە مۆرکێکی ناسیۆنالیستیی ڕەگەزپەرستانەی هەیە.

بە کورتی، ئەگەر چەپ دەیەوێت دووبارە دیموکراسییەت بەرهەم بهێنێتەوە ئەوا دەبێت پەرە بە پۆپۆلیزمی چەپ بدات.

*** جیاوازیی چییە لە نێوان پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو و پۆپۆلیزمی چەپڕەو؟ خۆ مارین لوپێنیش داوای عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکات..**

– بەڵێ: بەڵام تەنیا بۆ ئەوانەی لە نەتەوەی فەرەنسییەوە هاتوون. جیاوازییەکی زۆر لەمەدا هەیە! جیاوازیی جەوهەریی نێوان پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو و پۆپۆلیزمی چەپڕەو وا لە چۆنییەتی پێکهێنانی خەڵکدا؟ "دانیشتوان" گروپێکی سۆسیۆلۆژیین، بەڵام تەواو بە پێچەوانەوە "خەڵک" (یان گەل) گروپێکە لە ڕەگەزی جیاواز پێکهاتووە، خەڵک (گەل) توێژێکی سیاسییە. ئەو ڕێگایەی، کە مارین لوپێن گەلی پێ پێکدەهێنێت زۆر جیاوازە لەو ڕێگەیەی کە ژان لوک میلانشۆن گەلی پێ پێکدەهێنێت.

هەموو ئایدیاکانم بەشێکن لەو ڕوانگە تیۆرییەی کە من و ئەرنستۆ لاکلاو لە کتێبی "هەژموون و ستراتیژییەتی سۆشیالیستی"دا، پەرەمان پێداوە کە لە ساڵی 1985 دەرچووە و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر حزبی "پۆدیمۆس"ی ئیسپانی داناوە. لەم ئەزموونە دا ڕەخنەمان لەو شتە گرت، کە ناومان ناوە چەمکی "جەوهەرگەرا" (essentialist)ی سیاسەت. بۆیە ئەم کتێبەمان نووسی، چونکە هەر یەکە لە چەپی سۆسیال-دیموکرات و چەپی نەریتی، تەواو دەستەوەستانبوون لە تێگەیشتنی تایبەتمەندیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، کە لە ئایاری 1968ـەوە پەرەیان سەندووە: بۆ نموونە فێمێنیزم، یان بزووتنەوەی ژینگەپارێز، بەگژداچوونەوەی ڕاسیزم،

جیاکاریی دژ بە هۆمۆکان. بۆچی دۆخێکی دابڕان لەنێوان ئەم بزووتنەوە نوێیانە و چەپی نەریتیدا هەبوو؟

لە کــاتی تــاتوێکردن و لێکۆڵینەوەمانــدا لەم قۆنــاغە، دەرکمـــان بەوە کـــرد کە کێشـــەیەک هەیە مـــۆرکێکی تیۆرییـــانەی هەیە: نەدەکـــرا ئەم ململانـــێ نوێیـــانە لەچوارچێوەی سنوورەکانی ململانێی چینایەتیدا تەفسیر بکـــــرێن، ئەمە ئەو شـــــتەیە، کە بە تـــــایبەتی لای مارکسیســـتەکان هەر بەبـــێ تێگەیشـــتن مـــاوەتەوە. جەوهەرگەرایـــی فـــۆڕمی هەمەجـــۆری هەیە: مارکســـیزم پشتت بە "جەوهەرگەرایی چینایەتی" دەبەستێت، لەوێدا، کە شوناســـە سیاســـییەکان پشـــت بە پـــێگەی ســـوبێکتی کـــۆمەڵایەتی دەبەســـتن لە چوارچێـــوەی پەیوەنـــدییەکانی بەرهەمهێناندا، کە ئاگایی ئەم سوبێکتە دیاریی دەکات.

بەگـــوێرەی ئەوەی، کە مـــن و لاکـــلاو نووســـیومانە، شوناسێکی کۆمەڵایەتی پێشوەختە بوونی نییە، "ئێمە" لە سیاســـەتدا بە پێکهـــاتوویی بـــوونی نیـــیە. "ئـــێمە" لە ستراتیژییەتی پۆپۆلیستییانەی چەپدا نواندنەوەی هەندێک بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی نییە، کە هەر پێشوەختە هەبن. داخوازییەکـــانی دیموکراســـییەت بە پـــاڵ داخـــوازییە ئابوورییەکانەوە هەن، بەڵام زنجیرەیەکی تەواوی دیکەی داخوازییە دیموکراسییەکان هەن، کە مۆرکی ئابوورییان نییە. گرنگ فیدراڵیزەکردنی ڕستێک داخوازیی هەمەجۆر و ناهاوشێوەیە، کە دەشێت هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیتریاندا ناتەبا بن بۆ ئەوەی کارگێڕییەکی دەستەجەمعی بخولقێنن، واتە بۆ ئەوەی "ئێمە" بخولقێنن. دژوارییەکە لە خولقاندنی "ئێمەیەک" دایە، کە دان بە جیاوازییەکاندا بنێت. وێناکردنی

خەڵک بۆ ڕاست و چەپ وەکویەک نییە. بەلای مارین لوپێنەوە خەڵک پێکهاتەیەکی هاوبەند نییە، بەڵام ئەو لە ڕێگەی خولقاندنی "ئێمە"یەکەوە فیدراڵیزەی کرد کە بە جیاوازی لەگەڵ "ئەوان"، واتە لەگەڵ کۆچبەراندا پێناسە و دیاریی دەکرێت.

هەمیشە "ئێمە" لە پەیوەندیی بە "ئەوان"ەوە پێناسە دەبێت و کەوڵ وەردەگرێت، بەڵام "ئەوان" هەمیشە و بە زەڕووڕەت پەنابەران نین. دەشێت "ئەوان" هەر شتێکی دیکە بێت، بۆ نموونە وەکو هێزە نیولیبراڵیستەکان. جیاوازیی جەوهەریی نێوان پۆپۆلیزمی چەپڕەو و پۆپۆلیزمی ڕاستڕەوی پەڕگیر وا لە سروشتی "ئەوان"دا. بە هەرحاڵ، ئەم "ئێمە"یە و ئەو "ئەوان"ە، هەرگیز بەرژەوەندییە باوەکان نانوێننەوە. بزووتنەوەی "پۆدیمۆس" زۆر بە باشی لەمە تێگەیشت، بۆیە گوتاری خۆی تەنیا ئاڕاستەی ئەو کەسانە نەکرد، کە دەنگ بە چەپ دەدەن یان خۆیان بە چەپ دادەنێن. بزووتنەوەکە هەوڵدەدات بۆ ڕازیکردنی دەنگدەرانی حزبی میللی (حزبی تەقلیدیی ڕاستڕەو)، هەوڵدەدات بۆ خولقاندنی کارگێڕییەکی بەکۆمەڵ، بۆ خولقاندنی "ئێمە"یەک کە بۆ گروپە کۆمەڵایەتییەکان مۆرکێکی کاتی و تێپەڕی هەیە.

*** ئایا دەتوانین ئەزموونی "پۆدیمۆس" بگوازینەوە بۆ فەرەنسا؟**

– لە هەردوو حاڵەتەکەدا، پەرەدان بە پۆپۆلیزمی چەپ لە گۆڕێدایە، بەڵام لە ڕەوشی جیاوازدا. لە ئیسپانیا

حزبێکی پۆپۆلیستیی ڕاستڕەو وەکو بەرەی نیشتمانی بوونی نییە. کەواتە پۆدیمۆس خۆی لەبەرامبەر بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستیی دیکەدا نەبینییەوە. لای پۆدیمۆسیش تایبەتمەندییەک لەوەی جان لوک میلانشۆن هەیە، کە پێویستە ڕووبەڕووی حزبەکەی مارین لوپێن ببێتەوە. هەر کە بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستیی ڕاستڕەو دابمەزرێت، ئیدی ئەستەمە کێبەرکێی لەگەڵدا بکەیت. سەرەڕای ئەوەیش، پێویستە ئەمە یەکێک بێت لە ئامانجەکانی چەپ.

من زۆر جیاواز لەوانە بیردەکەمەوە، کە پێیانوایە دەنگدەرانی "بەرەی نیشتمانی" بێئاگا و سەرگەردانن چونکە "ڕاسیست"ن یان لە سەربنەمای ڕەگەز جیاکاریی دەکەن، چونکە دەبێت بپرسین، کە بۆچی ئەم دەنگدەرانە هەست بەوە دەکەن ئینتیمایان بۆ "بەرەی نیشتمانی" هەیە؟ لەڕوانگەی منەوە، دەستبەرداربوونی سۆشیال دیموکرات لە چینە پۆپۆلار (یان میللییەکان) تەفسیری سەرکەوتنی پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو دەکات. سۆشیال دیموکراتەکان ملکەچی ئەو تێزەبوون، کە باس لەوە دەکات ئەڵتەرناتیڤێک بۆ نیولیبراڵیزم بوونی نییە. ئەگەر ئەڵتەرناتیڤێک بوونی نەبێت، ئەوا مانایوایە ئەو بڕیارانەی کە سروشتێکی سیاسییان هەیە، بەڕاستی سیاسی نین، بەڵکو تەکنیکین، دەیشبێت لە لایەن ئەو تەکنۆکراتانەوە چارەسەربکرێن، کە دۆخی باو (ستاتیکۆ) ڕێکدەخەن، ئەمە ئەو شتەیە، کە ناوی دەنێم قۆناغی پۆست-سیاسەت.

سەرەڕای ئەوەیش، ئەگەر بەو ئایدیایەیش ڕازیی بین، کە دەڵێت جیهانگیریی نیولیبراڵیست بێ ئەلتەرناتیڤە، ئەوا ناتوانیت گوتارێک پێکبهێنێت ئاراستەی زیانمەندانی ئەم جیهانگیرییەی بکات. ئەمە ئەو شتەیە، کە لە زۆربەی دەوڵەتە ئەوروپییەکان ڕوودەدات و تەفسیری ئەو کەلێنەیش دەکات کە لەنێوان سوودمەندان و زیانمەندانی جیهانگیرییدا هەیە. هەر ئەمەیش زەمینەیەکی زۆر بەپیتی خوڵقاندووە بۆ پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو، کە بانگەشەی خستنەڕووی ئەڵتەرناتیڤ دەکات و وا دەردەخات دەنگ بە گەل دەبەخشێت. بەمجۆرە، پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو توانیویەتی دەست بەسەر چەند داخوازییەکدا بگرێت کە، لە ڕوانگەی منەوە، لە بنەڕەتدا داخوازیی دیموکراتین. دەبێتە لە گرنگیی ئەم داخوازییانە تێبگەین. کاتێک بینیم هەندێک لە ڕۆشنبیرانی فەرەنسا هەوڵدەدەن بیسەلمێنن، کە مارین لوپێن "فاشیست" یان "دژە کۆمار"ە، سەرم سوڕما، من لەسەر ئەم جۆرە زاراوانە هاوڕا نیم، چونکە ئامرازێکن بۆ وەلانانی تێگەیشتن لە چییەتی ئەو شتە نوێیەی، کە لەپشتی ئەم جۆرە بزووتنەوانەوەیە. بۆ حزبە سۆشیال دیموکراتەکان، لەبری ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوە، ئاسانترە گلەیی ئەوە بکەن گوایە ئەمە گەڕانەوەیە بۆ سالانی سییەکان، یان سەرکۆنەی ڕاسیزمی ڕەگداکوتاوی توێژە پۆپۆلارەکان بکەن. گرنگ ئەوەیە چەپ شیکارییەکی ڕاستەقینە بۆ سەرکەوتنی پۆپۆلیزمی ڕاست بکات، بە بێ ئەوەی بکەوێتە سەرزەنشتی ئاکاریی قووڵەوە، سەرزەنشتی ئەوتۆ، کە بەرەنجامی هەڵگەڕاوەی هەبێت.

*** تـۆ یەکێکیـت لە نـوێنەرە سـەرەکییەکانی "پۆسـت-مارکسیزم". ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێـوە باوەڕتـان بە ململانێــی چینــایەتی نیــیە؟ هەر بەو بــۆنەیەوە، داخــۆ پێشنیاری ئەوە دەکەن بە خـاتری کەمینەکـان، وەکـو تیـرا نۆڤـا (سـەنتەری لێکـۆڵینەوەی سـەر بە حزبـی سۆسـیال-دیمــوکراتی فەرەنســی)، دەســت لە چیــنە پۆپۆلارەکــان هەڵگرن؟**

– ئەمە تەفسـیرێکی غەریزییـانە و ئەنقەسـتە بـۆ کتێبـی "هەژموون و ستراتیژییەتی سۆشیالیستی" کراوە. ململانێی چینــایەتی هەیە و لە گۆڕێــدایە، بەڵام نــاتوانین هەمــوو شتێکی بۆ بگەڕێنینەوە. ئێمە گومانمـان لەوە نییە لێکدژیی پەیوەست بە ئـابووریی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنـانەوە هەیە. ئەوەی لەگەڵ لاکــــلاودا گومانمـــــان لێـــــی هەیە فەلسـەفەی مێژووە، میتافیزیکای پێشـکەوتنی مارکسـیزم و ئیمتیازی ئۆنتۆلۆژیی چینی کرێکارە.

هەروەهـا ئێمە ڕەخنە لەو ئایدیایە دەگرین کە دەڵێت: سـوبێکتیڤیتەیەک هەیە پەیوەسـتە بە ڕەوشـی کـارەوە. لەم ڕوانــگە مارکســـییەوە، دەبێـــت کرێکـــار بە زەرورەت ئاگــاییەکی سۆشیالیســتانەی هەبێــت، خــۆ ئەگەر ئەمەی نەبێـت، کەواتە ئاگـاییەکەی سـاختەیە. تۆمـاس فرانـک لە کتێبــی "بــۆچی هەژاران لەســـەر هەق دەنــگ دەدەن؟" ئەوەی دەرخسـتووە، کە ئەم تیـۆری سـەرەکییە ناتوانێـت واقیعێکی ئاڵۆزتر پیشان بداتەوە.

لە کتێبــی "هەژمــوون و ســتراتیژییەتی سۆســیالیزم"دا، پەرەمان بەو ئایدیایەیشدا، کە دەڵێت: پرۆژەی سۆسیالیستی ناتوانێت تەنیا بەرگریکردن بێت لە بەرژەوەندییەکانی چینی

کرێکــار. بە پــاڵ پــرۆژەی داواکــاریی ڕەوای عەدالەتــی کــۆمەڵایەتییەوە، زنجیرەیەکــی تەواو داخــوازیی دیــکەی دیموکراسی هەن، کە پەیوەستن بەو لێکدژییانەوە وا ناکەونە چوارچێــوەی ئــابووریی دژایەتیــی ڕاســیزم، جیاکــاریی لە ســەربنەمای ڕەگەز، بە تــایبەتی. پێویســتە ئەم داخوازییــانە ببەســترێنەوە بە یەکتــرییەوە. لەبەر ئەم هۆکــارە پێشــنیاریی دووبارە داڕشتنەوەی ئایدیالی سۆسیالیزم دەکەین تاوەکو لە دەوری چەســپاندنی دیموکراســییەت تەوەر ببەســتێت. پێویستە ئایدیالە دیموکراسییەکان درێژببنەوە و کۆمەڵێکی تەواوی ئەو بوارانە بگرنەوە، کە پێشتر وەک بواری سیاسی بەهەنــد وەرنەگیــراوون. لەگەڵ ئەوەیشــدا، ئەمە هەرگیــز وازهێنان نییە لە چینە پۆپۆلارەکان، یان جێگۆڕکێپێکردنی پرســـە کــۆمەڵایەتییە قووڵەکــان (Social) [موڵکــایەتی، دابەشــکردن، پــێگەی چینــایەتی و...هتــد] نیــیە بە پرســـە کۆمەڵایەتییە ڕۆژانەییەکان [ڕاسیزم، ئازادییە کەسییەکان، جیاکاریی لە سەربنەمای ڕەگەز...هتد].

*** داخۆ زۆربوونی داخوازییە تایبەتییەکان نابێتە مایەی جەنگی هەموان دژ بە هەموان و ستەمی کەمینەکــان؟ لە ڕێــگەی "بۆرکــا یــان بۆرکینی"ــیەوە، ئیســلامی سیاســی هەوڵــدەدات بە نــاوی ئــازادییە کەســییەکانەوە، ڕوانــگەی تۆتالیتارییانەی خۆی بسەپێنێت..**

– چــــوینە نێــــو لــــۆژیکێکی لیبراڵیســــتییەوە، کە لە دووجاکردنەوەی مافە تاکە کەسییەکاندا خۆی دەنوێنێت، ئەمەیش دەبێتە مایەی کێبەرکێی بە ناوی بوون لە پێگەی قوربانیــــدا. هەمیشـــــە کەمیـــــنەیەک هەیە پێیــــوایە

نەنــوێنراوەتەوە، چــونکە دەبێــت ســەنگیی پەیوەســت بە داخوازییەکـــان ســـنووریکیان هەبێـــت، ئـــاخر هەمـــوو داخوازییەکانیش ڕەوا نین. زەرووره بنچینەیەک هەبێت بۆ هـاوڕابوون، کە پێویستە لەسـەر بەهـا ئاکارییە سیاسـییە دیموکراتییە فرەییەکان دامەزرابێت: ئازادی و یەکسانی بۆ هەموان. ئەوانەی کە ئەم بەهایانە قبووڵ ناکەن، نەیار نین، بەڵکو دوژمنن.

پێویستە چەند فۆڕمێکی دیاریکراوی ئیسلامی سیاسـی لە مشتومڕی دیموکراتی دووربخرێنەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، پێویســتیمان بەوەیە پراگماتییــانە پشــتی پــێ ببەســتین؛ هەندێکات وا بۆ دیموکراسییەت باشترە، کە لەنێو گەمەی سیاسیدا قبووڵی هەندێک گرووپی دیاریکراو بکات، چونکە دوورخســتنەوەیان واتە مەترســی، مەترسـی لەو ڕووەوە، کە پاڵدەنرێن بە نهێنی یان هەڵچوونێکی توندوتیژانە کـار بکەن، بەڵام لە هەندێ کاتدا، دەبێت ئەمە وەها بێت. هەر حزبێکــی نــوێی نازیســت، وەک "بەرەبــانی ئــاڵتوونی" لە یۆنـان، دەبێت قەدەغە بکرێت. لەگەڵ ئەوەیشـدا، پێموانییە "بەرەی نیشـتمانی" هەڕەشـەیەک بێت بـۆ سـەر بـوونی دامەزراوە ســـــەرەکییە دیموکراســـــییەکان. ئەوانەی ئەرگـومێنتی ئەوە دێننەوە کە "بەرەی نیشـتمانی" حزبێکـی کۆمـاریی نیـیە، خۆیشـیان بڕوایـان بەمە نیـیە، خـۆ ئەگەر وابێت پێویسـتە قەدەغە بکرێت. "بەرەی نیشـتمانی" لەگەڵ تەفسـیرەکەی منـدا بـۆ بەهاکـانی ئـازادی و یەکسـانی بـۆ هەمـوان، یەکنـاگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشـدا، ڕوانـگەکەی ئەو شوێنێکی لە مشتومڕی دیالەکتیکیدا هەیە.

*** بزووتنەوەیەکی وەکو "وەستان بە شەوان"، سنووری هەوڵەکانی لێکنزیک کردنەوەی نێوان ئەو گروپانەی دەرخست، کە لە بوارە هەمەجۆرەکاندا خەبات دەکەن؟**

– هەستی من بەرامبەر بزووتنەوەی "وەستان بە شەوان" تێکەڵە. بزووتنەوەکە ئیلهامی هاوسۆزیی پێدام. هەمیشەیش جێگای دەستخۆشییە کە بەشێک لە گەنجانی داڕووخاو لەسەر ئاستی سیاسی جموجوڵ بکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر لە سەرەتاوە، بە تەواوی بڕوام بە مۆرکە ئاسۆییەکەی بزووتنەوەکە نەبوو. فرانسوا ڕۆڤین، زۆر بەباشی دەرکی بە بایەخی یەکتربڕینەکانی نێوان سەندیکاکان و حزبە سیاسییەکان کردبوو، بەڵام دەنگی ئەو لە لایەن قاعیدەی بزووتنەوەکەوە نەبسترا.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەزموونی "پۆدیمۆس" زۆر جێگای بایەخە. وەک ئانجیۆ ئاریخۆن لە کتێبەکەماندا ڕوونی دەکاتەوە، "پۆدیمۆس" حزبی "چەوسێنراوان" (ناوی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ناڕازییە بوو کە ساڵی 2011 لە ئیسپانیا دروستبوو) نەبوو. "چەوسێنراوان" هەر وەکو بزووتنەوەی "وەستان بەشەو" بوو. لە فانتازیای دیموکراسییەتی ئاسۆییدا بە تەواوەتی نوقمبووبوون، هەموو جۆرە پەیوەندییەکیان بە دامەزراوەکانەوە ڕەتدەکردەوە. ئەمە هەمان شتبوو، کە بەسەر "وۆڵ ستریت بگرن"یشدا هات، کە لە تاریکایی لەبیرکردندا ڕۆچوو. دوای دامەزراندنی "چەوسێنراوان"، ڕاستڕەو زۆرینەی ڕەهای لە پەرلەمانی ئیسپانیدا بەدەستهێنا. ڕێک دوای ئەوە بزووتنەوەی "پۆدیمۆس" دامەزرێنرا.

ئەندامانی "پۆدیمۆس" بەشدارییان لە بزووتنەوەی دژە دەستپێوەگرتن (تەقەشوف)دا بەشدارییانکردبوو هاوکات مەودایەکیشیان لەگەڵیدا پاراستبوو، ئیدی بڕیاریاندا تەرجەمەیەکی دامەزراوەیی و سیاسییانەی بۆ بکەن، تێگەیشتن لە پێویستیی گۆڕینی دامەزراوەکان و دامەزراندنی میکانیزمێک بۆ جەنگی هەڵبژاردن. ئەمە ئەو شتە بوو، کە بزووتنەوە "وەستان بەشەو" لێی تێنەگەیشتن کە نوسخەی هەڵەکانی "وۆڵ ستریت بگرن" و بزووتنەوەی "چەوسێنراوان" بوو. دەبێت پۆپۆلیزمی چەپ هەوڵبدات هەماهەنگییەک لە نێوان بزووتنەوەی ئاسۆیی و ڕێکخستنی ستوونیدا بەرپا بکات.

*** تۆ جەخت لەسەر بایەخی ڕابەرێك دەكەیتەوە كە كاریزماتیكە؟**

– پەیوەستیی لە نێوان خەباتە فرەجۆرەکاندا بە مانای نزیکبوونەوە نییە. هەموو خەباتەکان بەشێوەیەکی سروشتی بەیەک ناگەن. پەیوەستەگیی پێویستی بە گۆڕانە. بۆ نموونە، خەباتە فێمێنیستییەکان دەبێت خەباتی کرێکاران بە هەند وەربگرێت. هەتا خەڵکی نایەکگرتووبن، پێویستی بە بنەمای پەیوەستکاریی، کە بتوانێت فیدراڵیزەیان بکات زیاتر دەبێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ڕابەر لەم ئاستەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. چونکە ڕێخۆشدەکات بۆ دەرکەوتنی "ئێمە" لە دەوری کارتێکەرە عاتیفییە هاوبەشەکان، وەک چۆن بە دیاریکراوی ڕێدەدات بە پێناسەکردن لە ڕێگەی مانایەکی هەژمووندارەوە. لە

هەنـــدێک حـــاڵەتی دیـــاریکراو دا، خەبـــاتی بەرجەســـتە و کۆنکرێت بەسـە، بۆ نمـوونە وەک ئەوەی لە بـزووتنەوەی "سـۆلیداریەت"، لە پۆڵەنـدا، دەردەکەوێت، کە بـزووتنەوەکە کەسایەتیی ڕابەرەکەی "لێش والاسا"ی تێپەڕاندووە، بەڵام لە زۆربەی بـــزووتنەوە سیاســـییە گرنگەکانـــدا، ڕابەر فـــاکتەرێکی یەکـــلاکەرەوەیە. ســـەرکردەی کـــاریزمی بە حەتمیی مانای ئەوە نییە کە سەرکردەیەکی ستەمکار بێت. لە حـاڵەتی پـاپلۆ ئیگلیسـیاس (بـزووتنەوەی پۆدیمۆس)ـدا، سەرکردایەتییەکەی لەگەڵ دیموکراسییەتی گرنگی ناوخۆدا لێکدژ نین.

*** تـــۆ ڕەخـــنە لە "ناســـیۆنالیزمی نەژادی" لای مـــارین لـــوپێن دەگریـــت. داخـــۆ چەمکـــی چەپ و نەتەوە بە یەك ناکۆکن؟**

- من پشتیوانیی لە ئایدیای ناسیۆنالیزمی چەپ دەکەم، چـونکە پێمـوایە سـوودێکی گەورە لە شوناسـی نیشـتمانیدا هەیە. پێویستە ئەمە بە هەند وەربگیرێت. هەروەهـا هەڵەیە نەتەوە بە شـەیتان بکرێـت و بکـرێتە ئـامرازێکی فاشیسـتی. زۆرجـــار ڕەخـــنەم لە هابەرمـــاس گرتـــووە، بەهـــۆی بانگەشـــەکردنییەوە بـــۆ دەســـتبەرداربوون لە شوناســـیی نیشـــتمانی لە بەرژەوەنـــدیی شوناســـی ئەورووپـــی پـــاش-نەتەوەیـــی. هەمیشـــە پێموابـــووە ئەمە مەحـــاڵە، چـــونکە شوناسـی نیشـتمانی بەلای گەلەوە شـتێکی ئێجگـار گـرنگە. هەڵەی بەشـێکی تەواوی چەپ، ئەو بـاوەڕەیە، کە پێیـوایە پەیوەســـتبوون بە نەتەوەوە هەمیشـــە بە حەتمـــی دەبێـــتە

مـایەی فـۆڕمە نێگەتیڤەکـانی ناسـیۆنالیزم. بە پـێچەوانەی ئەمەیشــــــەوە، دەشـــــیت ئەم لایەنە بە فـــــۆرمە پێشکەوتنخوازییەکان بەکاربهێنرێت.

بـۆ نمـوونە، ناسـیۆنالیزمی سـکۆتلەندی بە قـوولّی ناسـیۆنالیزمێکی چەپـڕەوە و مەبەسـتیش ئەوە نیـیە کەس دووربخـاتەوە، بەڵکـو دەیەوێـت "ئێمە"یەکـی گشـتگیر لە دەوری شوناسـی سـکۆتلەندیی بخولْقێنێـت. لەم حـاڵەتەدا، زۆر ڕوونە کە "ئەوان" واتای ئینگلیزەکانە. هەرگیز حزبی کۆنزەرڤەتیــڤ لە ســـکۆتلەندا زۆریـــنە نەبــووە، بەڵام سکۆتلەندییەکان ناچاربوون سیاسـەتێکی کۆنزەرڤەتیڤانە قبــووڵ بــکەن بەهــۆی ئەنــدامبوونیانەوە لە شانشــینی یەککگرتوو. ئەو شـێوازەی، کە میلانشـۆن لێیەوە ئاوڕی لە نەتەوە دایەوە، ڕێگایەکی گشتگیرە و نیشتمانپەروەرییەکی ڕەســـەنی چەپ دەنــوێنێتەوە. بــۆیە گــرنگە کــارتێکەرە عاتیفییەکان لە سیاسەتدا بە هەند وەربگیرێن.

بێئاگـابوون لە کـاریگەریی عـاتیفی یەکـێکە لە نەنگیـیە گەورەکـــانی چەپ، ســـەرەڕای ئەمە هۆکارێکیکشـــە لە هۆکارەکانی تێنەگەیشتنی چەپ لە سەرکەوتنی پۆپۆلیزمی ڕاســـتڕەو. بە پـــێچەوانەی ڕاســـتڕەووەوە، چەپ ئێجگـــار عەقلانیــــیە و بەکارهێنـــــانی کــــارتێکەرە عــــاتیفییە دەسـتەجەمعییەکان، یـان ئەوەی نـاوی دەنـێم "شـەیدایی" ڕەتـدەکاتەوە. پێویسـتە دان بەوەدا بنێـین کە مرۆڤەکـان تەنیا بوونەوەری عاقڵ نین، بەڵکو مرۆڤی بە شەیدایشن. لە سیاسـەتدا، ڕەهەنـدێکی عـاتیفی ئێجگـار بەهێـز هەیە، چـونکە کـــارتێکەرە عـــاتیفییە بە کۆمەڵەکـــان ڕۆڵێکـــی

سـەنترالّیان هەیە لە دروسـتکردنی "ئـێمە" دا. ئەمەیـش تەفسـیری بـایەخی سـەرکردایەکی بەتوانـا دەکـات بـۆ دنەدانی هەستوسۆزەکان.

**سەرچاوە:**

لینکـی چـاوپێکەوتنەکە لەسـەر تـۆڕی ئەنتەرنێـت بە زمانی عەرەبی:

http://www.kassioun.org/reports-and-opinions/item/20687-2017-04-15-17-29-52

# (3)
# پۆپۆلیزمی ڕادیکاڵ

**شانتال موفە**

**( 1 )**

**دیموکراسییەتی ئەوروپی و زەرورەتی ناکۆکیی سیاسی**

یەکێتی ئەوروپا نموونەیەکی گەشە بۆ گۆڕانی دوژمنەکانی دوێنێ بۆ نەیاریی سیاسی، ئەم یەکێتییە پردێک بوو بۆ پەڕینەوە لەو ناکۆکییانەی کە لە جەنگی جیهانی دووەمەوە سەریانهەڵدابوو. لەمڕۆدا، دەڵێن پرۆژەی ئەوروپی پەیوەندییەکی بەهێزی بە بەرگریکردن لە سیستمی نیولیبراڵییەوە هەیە. من هاوڕای ئەم بۆچوونە نیم، پێویستییەکی سەرەکی هەیە بۆ سیاسیکردنەوەی ئەوروپا، واتە گۆڕینی دامەزراوەکانی بۆ دامەزراوەی وەها کە ناکۆکییان تێدابێت و مشتومڕی گەرم لەنێو

ئەوروپییەکاندا بنێنەوە لەسەر "جۆر"ی ئەو ئەوروپایەی کە دەیانەوێت ئەو دامەزراوانەی کە بۆیان گونجاوە، تاوەکو ئەوروپا لە سەربنەما دیموکراسییە نوێیەکان دابمەزرێنن. سەروەریتی (گەڕانەوە بۆ دامەزراوە سەروەرییەکان لەبری دامەزراوە ئەوروپییە کراوەکان)، بژاردەیەکی ئەڵتەرناتیڤی ئەم بنەمایانە نییە.

لە کاتی خۆپیشاندانی "تووڕەکان" (لە ئیسپانیا) و مانگرتنەکانی "وۆڵ ستریت بگرن" (لە ئەمریکا)، لە ساڵی 2011دا، زۆرکەس سەریان لەوەسوڕما کە بزووتنەوەی لەم جۆرانە لە فەرەنسا بوونی نییە، ئەو کاتە خەڵکی پێیانوابوو کە گۆڕانکاری لە ڕێگەی سیاسەتی نەریتییەوە کاری کردەیە، بەرهەڵستکارانی ئەو کاتی سەرۆکی فەرەنسا، لەوانە نیکۆلای سارکۆزی، پێیانوابوو کاتێک سۆشیالیستەکان دەگەنە دەسەڵات شتەکان گۆڕانیان بەسەردا دەهێنرێت. بەڵام ئەم وەهمانە ڕەوینەوە. ئیدی ڕوانگەیەکی پۆست-سیاسی بەسەر ئەم کۆمەڵگایانەدا باڵادەست بوو، دەیگوت سنوورەکانی نێوان ڕاست و چەپ کاڵبوونەتەوە و ئەم پێشهاتەیش هەنگاوێکە بەرەو کۆدەنگیی نوێی دیموکراتی لە کۆمەڵگە "لۆژیکییەکاندا" (کە بەندە لەسەر لۆژیک و هاوبەندیی کۆمەڵایەتی)، کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر کە گەیشتووە بە ئامانجی خۆی. یەکەمجار ئەم ڕوانگەیە لە بەریتانیا بڵاوبوویەوە، لەگەڵ ڕەوتی "کرێکارانی نوێ"ی بلێرییدا (بە داتاشین لە تۆنی بلێرەوە)، پاشان لە ئەڵمانیا لەگەڵ شرۆدەر و، لە ئیسپانیا لەگەڵ زاپائیرۆ و دواجار لە ئەسکەندەناڤیایش

بڵاوبــووبوویەوە. ئەوەی بنچیــنە تیۆرییەکــانی ئەم ڕوانــگە پۆســت-سیاســییەیان داڕشــت، تــوێژەرانی کۆرســەکانی ئەنتـۆنی گیـدنز لە بەریتانیـا و، ئـۆلریش بێـگ لە ئەڵمانیـا بـوون، کە بانگەشـەیان بـۆ ئەو شـتە کـرد وا نـاوی دەنـێم "کـۆدەنگیی ناوەنـدگیرانە" کە لێکـدژیی نێـوان ئاراسـتە و تەوژمەکان دەسڕێتەوە. تۆنی بلێر خووی بەوەوە گرتبوو بڵێـت : «هەمووومـان چینـی ناوەڕاسـتین». لەبەرئەمە هـیچ پاساوێک بۆ ڕای جیاواز و بۆچوونی نـاکۆک بـوونی نییە، ئەمە هەمــان ئەو شـــتەیە کە ئیمانوێــل مــاکرۆنیش لە فەرەنسا بانگەشەی بۆ دەکات.

به بڕوای من کۆدەنگیی لە سیاسەتدا مەحاڵە، پێناسـەی وردی سیاسـەت ئەوەیە کە بـازنەی نـاکۆکی یـان لێکـدژی یان ململانێیە. سیاسەت سنوور لەنێوان "ئێمە" و "ئەوان"دا دەکێشــێت، هەمــوو فۆرمەکــانی سیاســەتیش بەنــدە بە دوورخستنەوەی لایەنێک لە لایەنەکانەوە. دیموکراسییەت شایەنی ئەوەیە وەها ببینرێت کە داننانە بە دژیەکییەکاندا، سیاسـەتی دیمـوکراتییش دامەزراوەکـان دەچەسـپێنێت کە ناکۆکیەکـــان تێیانـــدا بەردەوام دەبـــن و لە قـــاڵبی ڕووبەڕووبــوونەوەی هاوکــاتی دۆســت و دوژمنانــدا ناتوێنەوە، بەڵکو دان ئەوەدا دەنێت کە ئەوانەی بۆچوونی جیاوازیــان هەیە مــافی ئەوەیــان هەیە ئەم بۆچوونــانە دەببڕن. خۆ ئەگەر دەرگای بە ڕووی نەیاری و ناکۆکیدا نەکـــرێتەوە، ڕووبەڕووبـــوونەوەکە لە شـــێوەی ڕووبەڕووبــوونەوەی نێــوان بەهــا نــا-سیاســییەکان دەردەکەوێت، واتە بەهـای ئاکاریی کە دەچیتە سـەرووی

سازشـەوە، یـان لە شـێوەی نـاکۆکی ئێتنیکـی یـان ئایینیـدا دەردەکەوێت. لەمڕۆدا، ئەمە دۆخـی سیاسـەتە لە ئەورووپا، کە نـاکۆکیی نێـوان ڕاسـت و چەپـی تێـدا نەمـاوە، بەڵکـو کەوتــــۆتە نێـــوان ڕاســـــت و چەوتەوە. خــــۆ ئەگەر سنوورەکانی ناکۆکی سنووری ئەخلاقی بن، ئەوا لایەنی نەیار دەبێتە دوژمنێک نە گفتوگۆ دەکات و نەسازش.

پێویسـتییەکانی زۆرمـان بە ڕەخـنەیەک هەیە کـۆمەڵگە ئەورووپییەکـان بەرزبکـاتەوە بـۆ ئاسـتی پەیوەسـتبوون بەو بنەمایـانەوە کە لە لۆگـۆ و ئاڵاکانیانـدا هەڵیـان گرتـووە: ئازادی و یەکسانی بۆ هەمووان. ئێستا ئیمە لە کۆمەڵگەی پۆســـت-سیاســـەتدا دەژیـــن. جـــا ئەگەرچـــی دامەزراوە دیموکراسییەکان هێشتایش بە ئاوا نەبوون، کەچی چیتر نـاتوانن بژاردەی کردەیی بـخەنە بەردەستی هاوولاتیـان؛ زمانحاڵی ئەم دیموکراسیەتانە دروشمێکە کە بزووتنەوەی "ئەنـدیگناتۆس" (تـووڕە)ی ئیسـپانی بەرزی کـردۆتەوە: «دەنگـدانمان هەیە و دەنگمـان نـیە». لەبەرئەوە، لێـرەدا ڕوون دەبێــتەوە کە پێویســـتمان بە چاکســـازییە لە سیســـتەمی نـــوێنەرایەتی و پێشـــنیارکردنی زیـــاتر لە پرۆژەیەکـــی سیاســـی بـــۆ دەنگـــدەران. بیرکـــردنەوە لە نمـــوونەییترین سیســـتەم ئەرکە، وەڵامـــدانەوەی گەلێـــک پرسـی وەک: چ سیسـتەمێک نـوێنەرایەتیترە: سـەرۆکایەتی یان پەرلەمانی؟ وەڵامدانەوەیەکی تەواو ئاشکرا نییە.

بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـانی وەکـو "نـوی دوبـۆ"ی فەرەنســـی و "ئەندیگناتۆس"ـــی ئیســـپانی هەوڵ بـــۆ چەسپاندنی دیموکراسییەت دەدەن، بەڵام دەکەونە خانەی

گەڕان بەدوای کۆدەنگیدا. پێموایە دروشم "وۆڵ ستریت بگرن" کێشەی تێدایە نەک چارەسەر؛ دروشمەکە دەڵێت: «ئێمە 99%ین»، وەک بڵێی کۆدەنگییەکە ئەوەیە لە 1% ڕزگاریان ببێت تاوەکو کاروبارەکان چاک بکەن، واتە لە کەسە هەرە دەوڵەمەندەکان. ئەم بزووتنەوانە زێدەڕەویی لە ئاسۆییبووندا دەکەن (کارکردن لە دەرەوەی دامەزراوە نوانێنەرایەتییەکان)؛ خۆ ئەگەر بیانەوێت هاوسەنگیی ئێستای هێزەکان لاسەنگ بکەن و فۆرمولە بکەنەوە ئەوا دەبێت لایەنی ئاسۆیی (شەقام) و لایەنی ستوونی (دامەزراوەکان) پێکەوە کۆبکەنەوە. بەم مانایە بە ناچاری دەبێت پەیوەست بن بە سیستەمی پەرلەمانییەوە. بۆ نموونە، "ئەندیگنادۆس"، هەروەکو بزووتنەوەی "نوی دوبۆ"، لە سەرەتای نارەزایەتییەکاندا نە دەنگدانی پەسەند دەکرد و نە دەیویست هیچ پەیوەندییەکی بە دامەزراوەکانەوە هەبێت. بەڵام لە کۆتایی ساڵی 2013دا، چەپی پۆپۆلیست لە هەڵبژاردنەکانی دەسەڵاتی یاساداناندا بە زۆرینەی ڕەها سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ئیدی کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرەکانی زانکۆی "کامپلۆتانس"، لە مەدرید، هەستیان کرد کە چەندە زەرووره بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستەی دامەزراوەکان بکرێن و ڕایەڵیان لەگەڵدا دروست بکرێت و بڕژێنە نیو کەناڵەکانیانەوە و پێیاندا تێپەڕن. بۆیە بزووتنەوە ئیسپانییەکە کاندیدەکانی خۆی بۆ هەڵبژاردنە ئەورووپییەکان بردە پێشەوە و پاشان "حزبی پۆدیمۆس" دامەزرا. ئەم حزبە پێشنیاری ئەوەیکرد کە سنوورەکان لەنێوان "گەل" (خەڵک) و دەستەبژێردا جێگیر بکرێن و

جێگای دابەشکارییە نەریتییەکەی نێوان ڕاست و چەپ بگرێتەوە. جا لەگەڵ پەرەسەندنیی سەرمایەداریی قۆناغی پۆست-فۆردیزمدا، خەڵکان لێکنران بە لۆژیکی سەرمایەدارییەوە و فۆرمی جیاوازی سەرکوتکردنییان بەسەردا پراکتیزە کرا. لە زۆربەی دەوڵەتاندا، حزبە ڕاسترەوە پۆپۆلیستەکان دەرکیان بە بایەخی چەسپاندنی سنووری نوێی سیاسیی پۆپۆلاریان لەنێوان خەڵک (گەل) و "پۆستەکان" (پێگەکان) یان گرووپە فەرمانڕەواکاندا کرد، هەر بۆیەشە ڕێژەی پشتیوانەکانیان زیاتر بوو. ئێجگار زۆر پێویستیمان بە چەپێکی پۆپۆلیستە، وەکو "پۆدیمۆس"ی ئیسپانی و "سیریزا"ی یۆنانی تاوەکو بە ویستێکی پێشکەوتنخوازانەوە بەرەنگاری هەژموونی نیولیبرالیزم ببنەوە. لە فەرەنسا، ئەگەر بێتوو بزووتنەوەی "نوی دوبۆ" لەگەڵ پرۆژەکەی "جان لۆک میلانشۆن"دا یەکتر ببڕن، دەشێت پۆپۆلیزمێکی چەپ دەربکەوێت.

**(2)**

**میلانشۆن: ڕیفۆرمیستێکی ڕادیکاڵ**

هەڵشکانی کتوپڕی جۆن لۆک میلانشۆن بۆ پلەی سێیەم لە ڕاپرسییەکانی سەرۆکایەتیدا، بووە مایەی ئەوەی هەڵمەتێک لە دژی ڕابگەیەنرێت، کە بەرگریکاران لە دۆخی باوی هەنوکە ڕابەرایەتی دەکەن و وەک "شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیست" ئەوی کردۆتە ئامانج. هەروەها بەشێک لە ڕۆژنامەگەرییش، کە بۆ ماوەیەکی درێژە میلانشۆنی فەرامۆش کردووە، ئێستا کار بۆ خاپوورکردنی ڕاستگۆیی بەرنامەکەی میلانشۆن دەکات و

وەک "پلانــی کـلاود-کۆکـۆ-لانـدی چـاڤێزی فەرەنســی"ی پیشانی دەدات.

ئەو وەهــا وێنــا دەکرێــت کە پەڕگیرێکــی مەترســیدارە، بــۆیە میلانشــۆن ڕووبەڕووی لەلایەن ئەمــانەوە هێــرش دەبێتەوە کە پێیان وایە هیچ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ جیهانگیریی نیــولیبرالیزم بــوونی نیــیە. لای ئەمــانە، دیموکراســییەت پێویستی بە قبوڵکردنی کۆدەنگییەکی سیاسییە کە لەنێوان حــــزبە چەپە ناوەڕاســــتەکان و حــــزبە ڕاســــتڕەوە ناوەڕاســــتەکاندا دابمەزرێــــت. هەر پرسوباســــێکی ئەم کۆدەنگییەیش دەبێتە کاری دیماگۆژە پۆپۆلیستەکان بێت!

پاشان بەلای ئەمانەوە، بەرگریکردن لە دیموکراسییەت پێویسـتی بە وەسـتاندنی هەڕەشـەی پۆپۆلیزمە بە هەمـوو فۆڕمەکـانییەوە. بەڵام، ئەگەر دیموکراسـییەت لەمـڕۆدا لە مەترسیدا بێت، ئەوا ئەمە ڕێک بەهۆی کۆدەنگیی پۆسـت-سیاســـەتەوە. ئەم کـــۆدەنگییە بـــووە مـــایەی ئەو دۆخە "پۆســـــت-سیاسی"ـــــیەی کە لەمـــــڕۆدا لە زۆر وڵاتـــــی ڕۆژئاواییــدا بــۆتە بــاو. ئایــدیاڵی بــاڵای پەیوەســت بە ســــەروەریی گەل و وەدیهێنــــانی لایەنــــی هەرە زۆری یەکسانی، لەئێستادا شێکیان لێ نەماوەتەوە. هەڵبژاردنیش چیتـر ئیمکـانییەتی هەڵبـژاردن لەنێـوان پـرۆژە سیاسـییە جیاوازەکاندا بۆ هاوڵاتیان دابین ناکات.

وەک یەکێـــــک لە دروشـــــمەکانی بـــــزووتنەوەی "ئەندیگنادۆس" indignados (تووڕەیی) لە ئیسپانیا دەڵێت: «دەنگدانمان هەیە، بەڵام دەنگمان نییە». ئەم ڕەتکردنەوەیە کە لەنێــو پۆســت-دیموکراســیی خۆیــدایە، لە "ســاتی پۆپۆلیزم"ــدا گوزارشــتی لــێ دەکرێــت کە ئەم ڕەوشــەی

ئێستای فۆرمولە کردووە. لێرەدا، دەبێت هەستیار بین بەرامبەر داخوازییەکان بۆ بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە بڕیارە سیاسییەکاندا.

هەڵبەت، دەشێت ئەم داخوازییانە فۆڕمی هەمەجۆر وەربگرن، بە گوێرەی ئەو فۆڕمەی کە "خەڵک" [گەل] – "ئێمە"ی پێ دروست دەکرێت کە داوای دەنگ دەکات. جیاوازییەکە لەنێوان "پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو" و "پۆپۆلیزمی چەپڕەو"دایە، یەکەمیان شێوازی دەسەڵاتخوازانەی هەیە کە هەوڵدەدات دیموکراسییەت لە هاوولاتیاندا قەتیس بکات، دووەمیان هەوڵدەدات بۆ بەفراوانکردن و ڕادیکاڵیزەکردنەوەی دیموکراسییەت. خۆ ئەگەر پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو، هەتا ئێستا، ئەنجامی باشتری بەدەستهێنا بێت، ئەوا ئەمە بەهۆی ئەوەیە کە چەپ بۆ ماوەیەکی درێژە ئەسیری ڕوانگەیەکی تەباکارانەی سیاسییە، هەروەها بەهۆی ئەوەیە کە لە پێناسەکرنی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی عاتیفەکان لە پێکهێنانی شوناسە سیاسییەکاندا، شکستی هێناوە.

هێزی بزووتنەوەیەکی وەکو فەرەنسای یاخی ( France Insoumise) لەوەدایە، کە بە وردی خۆی لەم ڕوانگەیە دابڕیووە و ڕوانگەیەکی خستۆتەڕوو کە بتوانێت ویستێکی بە کۆمەڵ، "ئێمە"یەک بخوڵقێنێت کە عاتیفە هاوبەشەکان دەربخات و بە ئاراستەی قووڵکردنەوەی دیموکراسییەتدا وزەی پێبدات. لەپێناو ئەمەدا، ئامانجی "جۆن لۆک میلانشۆن" ئەمانە بوو: کۆکردنەوەی خەڵکی، بۆ دروستکردنی ویستێکی بە کۆمەڵ لەبارەی پرۆژەی شۆڕشی هاوولاتییەوە، لەپێناو نووسینێکی دەستووریکی

نوێدا کە مشتومری زیاتر سەرپێ بخات و گوزارشتکردن لە سەروەریی گەل ئاسان بکات.

بە پێچەوانەی ئەو شتانەی کە دوژمنەکانی دەیڵێن، مەسەلەکە پێویست نییە لە تێکشکاندنی بنچینەکانی سیستەمی دیموکراسی و دامەزراندنی سیستەمێکی ستەمکارییەوە، بەڵکو ئامانجەکە دانانی سنوورێکە بۆ سیستەمی ئۆلیگارشی کە لێکەوتەی هەژموونی نیولیبراڵیزمە. لە سەر ئەرزی واقیع، بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بینیمان کۆمەڵگەکانمان بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو، لەژێر فشاری سەرمایەداریی داراییدا ئۆلیگارشیزە دەکرێن.

پرۆسەی ئۆلیگارشیزەکردنی کۆمەڵگەکانمان، لەلایەکەوە، لە ڕێگەی دەرکەوتنی کۆمەڵێکی بچووکی سۆزانی دەوڵەتمەند، لەلایەکی دیکەیش، لەمیانەی بارگرژیی قووڵ لە ڕەوشی بژێویی چینە پۆپۆلارەکان و هەڵوەشاندنەوەی زیاتر و هەژارخستنی کەرتە گەورەکانی چینی ناوەڕاست بە ئەنجام گەیەنراوە. ئەمە فۆڕمە نوێیەکەی جەمسەرگیرییە کە بەڕێگەیەکی پۆپۆلار تەفسیری سەرکەوتنی بزووتنەوە ئەوروپییەکان و پشتیوانیی لە دووالیزمی سیاسیی ئەوان-ئێمە دەکات: ئەوانەی ژێردەستن دژ بەوانەی سەردەستن، "گەل" دژ بە "دەستەبژێر".

هەتا ئێستا، ئەم تەرزە شسیاسیەتە پۆپۆلیستییە، بەشێوەیەکی گەورە لەو وڵاتانەدا دەرکەوتووە کە بە قووڵی وڵاتانی ئۆلیگارشین، وەکو ئەوەی لە ئەمریکای

باشـوور هـەیە. بـزووتنەوە پۆپۆلیتسـییەکان لەو وڵاتـانەدا، لەپێنــاو ئەوەدا دروســـتبوون کە چیــنە پۆپۆلیســـتییەکان تێهەڵکێش بە دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان بکەن. لە کاتێکدا دۆخەکە لە ئەوروپا جیاوازە، لەبەرئەوەی لە ئەوروپا ئەم ئـــاوێتەکردنە، بەشـــێوەیەکی جـــوزئی بەهـــۆی سۆشـــیال-دیموکراســـتییەوە وەدیهـــاتووە. بەڵام هەژمـــوونی نـــوێی نیـــــــولیبراڵیزم، ئەم دۆخەی ئـــــــــاوێتەبوونی بەرەو هەڵوەشـــانەوە بـــرد، ئینجـــا مـــومکین بـــوو بڵێـــین کۆمەڵگەکانمان کەوتنە نێو پرۆسـەی "بوون بە-ئەمریکای لاتینی"ـەوە. ئەمە هۆکـاری ئەوە بـوو کە پۆپـۆلیزم لێرە و لە ئێسـتادا بێت و بووبێتیشـە ژەمـی ڕۆژانە ( the order of the day). لەسـەروو ئەوەیشـەوە، بایەخـدانی جـۆن لـۆک میلانشۆن بە ئەزموونەکانی ئەمریکای لاتینی لە بڕوایەتی بەوەی کە دەشـێت ئەوە یارمەتیمـان بـدات بـۆ تێگەیشـتن لەو تەحەدایەی کە لەمڕۆدا ڕووبەڕووی دەبینەوە.

وەک پێویسـت ڕوونە کە مەسـەلەکە پەیوەسـت نییە بە پراکتیزەکردنـــی نموونەکـــانی ئەمریکـــای لایتینیـــیەوە لە فەرەنســـا -وەک ئەوەی زۆرجـــار میلانشـــۆن بەمە تۆمەتبـار دەکرێـت- بەڵکـو دۆزیـنەوەی سـەرچاوەیەکی ئیلهامبەخشە کە یارمەتیمان بدات بۆ پرسیارخستنە سـەر هەنـدێ لە باوەڕەکانمـان، بە تـایبەتیش ئەوەی پەیوەسـتە بەو ڕێـــــگەیەوە کە دەبێـــــت لێـــــیەوە وێنـــــای ڕووبەرووبـوونەوەی چەپ -ڕاسـت بکەیـن. خـۆ ئەگەر بەرەنجـامی مەرجە تایبەتییەکـانی مێـژووی ئەوروپـی، نەهێڵن لەم لێکدژیی دەربـاز ببین، ئەوا لێرەدا گرنگە دان بەوەدا بنێـین کە چیتـر نـاتوانین بە هەمـان ئەو ڕێگـا و

شێوازانە بەردەوام بین لە خستنەڕوویان بەو جۆرەی لەسەری ڕاهاتبووین، گوایە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵە سۆسیۆلۆژییەکانە کە خۆیان لەڕێگەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیانەوە پێناسە دەکەن. لەڕێگەی بە ئۆلیگارشیزەکردنی کۆمەڵگەکانمانەوە، دەبێت بەشێوەیەک تەماشای سنوورەکانی "ئێمە-ئەوان" بکەین (ئەم سنوورانە لە ڕووی سیاسییەوە دامەزرێنەرن) کە هەمەجۆریی داواکارییە دیموکراسییەکان و ناتەباییەکەیان لەبەرچاو بگرێت. گرەوی پەیوەست بە پۆپۆلیزمی چەپەوە، لەوەدایە کە چۆن دەتوانین ئەم داخوازییانە بۆ بنیاتنانی ویستێکی بە کۆمەڵ بەیەک بگەیەنین و کۆبکەینەوە. ئەرکەکە دروستکردنی خەڵکە، دروستکردنی خەڵکێکە کە داخوازیی چینە پۆپۆلارەکان و چینەکانی ناوەڕاست لە خۆ بگرێت کە لەگەڵ زنجیرەیەکی تەواوی داخوازیی پەیوەست بە فۆرمەکانی دیکەی هەژموونندا هەڵگەڕاوەتەوە. وەکو ئەوەی لەلایەن فێمێنیزم و چالاکە دژە ڕاسیزمەکان و کەمینە هەمەجۆرەکانەوە چاوی لێ بدڕدراوە. ئامانجەکەیش دانانی سنوورێکە بۆ هەژموونی سیستەمی ئۆلیگارشی: نەک لە ڕێگەی شۆڕشەوە کە دامەزراوە کۆمارییەکان خاپوور بکات، بەڵکو لەڕێگەی ئەو شتەوە کە فەیلەسوفی ئیتالی "ئەنتۆنیۆ گرامشی" (1891-1937) ناوی دەنێت "جەنگی پێگەکان"، کە دەبێتە مایەی گۆڕانێکی قووڵ لە پەیوەندییە باوەکانی هێز و چەسپاندنی هەژموونێکی نوێدا. ئەمەیش لە ڕێگەی دووبارە ڕادیکالیزەکردنەوەی ئایدیالە دیموکراسییەکانەوە لە واقیعدا.

له سـەر ئەرزی واقیعدا، گرەوی "ئینسـۆمیز فرانس" و پرۆژەکەی "جۆن لۆک میلانشۆن" "شۆڕشی نیشتمان"، وا له دووباره داڕشـتنەوەی سیاسـەتی چەپدا، داڕشـتنەوە له ڕوانـــگەیەوەکەوە که خـــۆی له هەریەکه له سۆشــــیال-دیموکراســـی و چەپـی ڕادیکـاڵ جـودا دەکـاتەوە. به بـێ ئەوەی ببیـــنه فیگـــورێکی ڕەمزیـــی بـــۆ چەپـــی پەڕگیـــر، دەتوانین ئەم ڕوانگەیه به "ڕیفۆرمیستی ڕادیکاڵ" دابنێین که پێگەیەک له ئاسـۆی نەریتـی مەزنـی دیموکراسـیدا بـۆ خـۆی داگیـر دەکـات. ڕەنـگه جێگـای گاڵتەجـاڕیی بێـت که وەهـا پـرۆژەیەک، زۆرجـار لەلایەن ڕەخنەگرەکـانییەوە به دژایەتیکردنـی فرەیـی تۆمەتبـار دەکرێـت، وەک بڵێـی ئەوە ئەوان نـین که له ڕێـگەی نکوڵیکردنییـانەوە له ئیمکـانییەتی دۆزینەوە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ نیولیبڕالیزم قبوڵکردنی فرەیی ڕەت دەکەنەوە. ئەوە ئەوانـــــــن که دیموکراســـــــــییەت ڕووبەڕووی مەترسیی دەکەنەوە.

**سەرچاوەکان:**


شـانتال مـوف: الديموقراطيـة الأوروبيـة و الحاجـة الـى الخلاف السياسى، ترجمة: منال نحاس، صـفحات سـورية.
http://syria.alsafahat.net

شـانتال مـوف: ميلانشـون، إصـلاحي راديكـالي ضـد الصـــعود الاوليغـــاركي، الحـــوار المتمـــدن، العـــدد 5501، 2017/4/24.
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=556268

(4)

## پۆپۆلیزم زەرورەتە

*گفتوگۆی شانتال موفە لەگەڵ زە یورۆپییەندا*

بۆ سیاسەتناس و پۆست-مارکسیستی بولگاریی "شانتال موفە"، پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو کێشە نییە ئەگەربێتو پۆپۆلیزمێکی چەپڕەو هەبێت، کە ببێتە دژە باڵانسی ئەم پۆپۆلیزمە ڕاستڕەوە. ئەو بە "جولیا کوبریک" دەڵێت، کە پۆپۆلیزم، لەبری ئەوەی هەڕەشە بێت بۆ سەر دیموکراسیی. بۆچی بە فیعلی ناتوانێت دیموکراسییەت بچەسپێنێت.

*** خانمی "موفە" ، تۆ ئەرگومێنتی ئەوە دەهێنیتەوە، کە چەندین وڵات لە یەکێتی ئەوروپا لە دۆخی "پۆست-سیاسەت" دا دەژین. مەبەستت لەمە چییە؟**

- مەبەستم لەوەیە، کە ئەوان چیتر بە ڕاستی جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان سیاسەتەکانی حزبە چەپڕەوەکان و حزبە ڕاستڕەوەکاندا، پیشان نادەن.

*** چۆن؟**

- حزبە ڕاستڕەوەکان و حزبە چەپڕەوەکان چەندین دیوی جیاوازی هەمان جۆری سیاسەتیان پێشکەش کردووە، ئەوان بوونەتە دوو ڕووی دراوێک. چەپ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ئەو جیهانگیرییە نیولیبراڵیزمە ناخاتەڕوو، کە لە لایەن ڕاستەوە برەوی پێدەدرێت. تاکە شتێک، کە چەپ دەتوانێت بیکات ئەوەیە، کە ئەم دۆخە کەمێک مرۆڤانەتر بەڕێوەببات. ئەمە کۆدەنگییەکی لە سەنتەردا درووستکردووە، کە بە بێ هیچ بژاردەیەکی ڕاستەقینە خەڵکی لە نێو ئەڵتەرناتیڤە جیاوازەکاندا هێشتۆتەوە.

*** ئاکامی ئەمە بە چی دەگات؟**

- یان خەڵکی حەماسی خۆیان بۆ سیاسەت لە دەستدەدەن -لەبەرئەمەیە، کە ئەوان هێندە خۆیان بە دووردەگرن- یانیش خەڵکی بەرەو ئەوە دەڕۆن دەنگ بە حزبە پۆپۆلیستە ڕاستەکان بدەن، وەک ئەوەی لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتەکاندا بە بەرچاومانەوە دەگوزەرێت. ئەم حزبە ڕاستڕەوانە، لایەنیکەم، وەها خۆیان دەردەخەن ئەڵتەرناتیڤێک دەخەنەڕوو: ئەوان دژ بە دامەزراوەن؛ ئەوان داخوازییەکانی خەڵکی دەخەنە حسابی خۆیانەوە و

بانگەشـــەی ئەوە دەکەن بە نـــاوی ئەوانەوە دەدوێـــن. لەبەرئەمەیە، کە مـن وابیـردەکەمەوە ئەم دۆخە پۆسـت-سیاسییە، هەر لە بنەڕەتدا لە سـەرکەووتنی ڕوو لەزیادی حـزبە پۆپۆلیسـتە ڕاسـتڕەوەکاندایە کە هەمـوو ئەوروپـای تەنیوەتەوە.

*** باشـــە، بـــۆ ئەوەی ئەمە ئیســتیفزازیانە دابڕێژێـــت، دەپرسم: بۆچی تـۆ دەڵێـت یەکێتـی ئەوروپا پێویسـتی بە پۆپۆلیسـتی زیـاترە لەپێنـاو ئەوەی دیبەتێکـی ڕاسـتەقینە بەرپا بکات؟**

- ئـێمە دەبێـت سـەبارەت بەوە بـدوێن، کە چ جـۆرە پۆپۆلیزمێک پێویست و ئارەزووکراوە. بە گشـتی، مەیلێک هەیە بـۆ بینینـی پۆپـۆلیزم وەک شـتێک، کە بە قـووڵی نێگەتیڤە و بە جەوهەرییش دیماگۆگییە، بەڵام لە ڕاستیدا، لە سیاسـەتی دیموکراسیدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بە پۆپۆلیزم هەیە.

*** مەبەستت چییە لەمە؟**

- بۆ من، سیاسەتی دیموکراسـی، توانـای هەیە "خەڵک" (گەل) دروســت بکــات و ویســتی گشــتی بخوڵقێنێــت. لەبەرئەمەیە، کە پۆپـۆلیزم هەوڵـدەدات ئەمە بکـات و هەر لەبەرئەمەیشـە مـن پێمـوانییە پۆپۆلیزم بە زەروورەت نـا-دیموکراســی بێـت. وێـڕای ئەوەیـش، پێویســتمان بەوەیە بپرسین، کە بۆچی ئەم "خەڵک" ـە پێویستی بەوەیە لەپێناو سیاسەتێکی دیموکراتیی تۆکمە دا بخوڵقێنرێت.

## گەڕانەوەی سەراپایی
## بۆ سیاسەتی نەتەوەیی پەتی

*** ئەی پۆپۆلیستی ڕاستڕەو چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە؟**

– کاتێک ئەوان لەبارەی "خەڵک" ـەوە دەدوێن، دەگەڕێنەوە بۆ ناوکێک، کە تەنیا لە خوڵقاندنی کاتیگۆرییەکی خەڵکدا چڕبۆتەوە، کە لەسەر بنەمای دوورخستنەوەی کۆچبەران دروستبووە. پتر ئەمە لە لایەن گوتاری *کزینۆفۆبیا* (xenophobic discourse ) [تۆقین لە غەریبە] وە بانگەشەی بۆ دەکرێت، کە بێگومان بۆ دیموکراسییەت زۆر نەرێنییە. بەڵام با ئەو ئیمکانەی پۆپۆلیزمی چەپ لەبیرنەکەین، کە تێگەی "خەڵک" بەڕێگایەکی جیاواز بنیات دەنێت: ئەمە هەم کۆچبەران لەخۆدەگرێت و هەمیشە هەموو ئەو خەڵکانەی، کە لە وڵاتێکی دیاریکراودا کاردەکەن. نەیارەکانی خەڵک لەم کەیسەدا، کۆچبەران نین، بەڵکو کۆمپانیا زەبەلاحە فرەنەتەوەکان و هێزەکانی جیهانگیریی نیولیبراڵن. بەلای منەوە، گەشەکردنی پۆپۆلیزمی چەپڕەو تاکە ڕێگای بەگژداچوونەوەیە دژ بە سەرکەوتنی زیاتری پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو.

*** بەگژداچوونەوەی ئاگر بە ئاگر، ئەگەر ئەم گوزارشتە بگونجێت.**

- وەک وتم: لە گەلێک وڵاتدا، پۆپۆلیستە ڕاستڕەوەکان ئەوانەن، کە قسە بۆ کەرتە پۆپۆلارەکان دەدەکەن و بەلای خۆیاندا ڕایاندەکێشن. ئەوەی ئێمە هەتابێت زیاتر دەیبینین ئەو سۆشیالیستەیە، سۆسیال-دیموکراتیک، یان حزبەکانی کار کە واز لە چینە پۆپۆلار و میلییەکان دەهێنن. ئەوان زیاتر چوونەتە نێو نوێنەرایەتی و نواندنەوەی چینەکانی ناوەڕاستەوە. بەرەنجامەکە ئەوەیە چەندین توێژ هەن، کە وا هەستدەکەن لە لایەن پارتە چەپڕەوە باوەکانەوە نوێنەرایەتی ناکرێن. لەبەرئەمەیە ئەوان دەیانەوێت بەلای پۆپۆلیزمی ڕاستڕەوەوە سەرنجڕاکێش بن. هەم لە فەرەنسا، لەگەڵ مارین لوپێن و بەرەی نیشتمانی، هەمیش لە نەمسا، لەگەڵ هێنز-کریستیان ستراچ و (FPÖ)، پۆپۆلیستی ڕاستڕەو هەتا بێ زیاتر ئەو شتە بۆ تێماکانی گوتارەکەی زیاد دەکات، کە لە گوتاری چەپی دزیووە. بەرگریکردن لە دۆخی خۆشگوزەرانی و کەرتی گشتی، تەنیا دوو نموونەی بواریکن، کە پارتە دیموکرات و سۆشیال-دیموکراتەکان چەندین ساڵە فەرامۆشیان کردووە، چونکە کراونەتە بژاردەی ئایدیۆلۆژیای نیولیبراڵیزم.

*** تۆ ئەرگومێنتی ئەوە دەهێنێتەوە، کە زۆربەی پارتە پۆپۆلیستییەکان تەنیا بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە ئەلتەرناتیڤێکی واقیعی هەیە بۆ سیاسەتی سەنتەرخواز (politics of the center) هەیە. بەڵام زۆربەی**

**کەیسەکان ئەڵتەرناتیڤێک دەخەنەڕوو، کە بە تەواوەتی یۆتۆپییە.**

– هەرگیز وا نییە. پرۆگرامە سیاسییەکەی مارین لوپێن بۆ فەرەنسییەکان کارەسات بوو! دەیەویست لە یەکێتی ئەورووپا بێتە دەرەوە، دەیەوێت لە یۆرۆ بێتە دەرەوە، دەیەویست سنوورەکانی فەرەنسا دابخات – واتە گەڕانەوەیەکی سەراپایی بۆ سیاسەتی نەتەوەیی پەتی. بەدڵنیاییەوە، ئەمە واقیعیی نییە! پرۆگرامەکەی لوپێن لە ئاستێکی مۆڕاڵییشەوە بە تەواوی جێگای پەسەندکردن نییە. بە قووڵی کزینۆفۆبیکە. بۆ لوپێن، موسوڵمانەکان دووژمنی خەڵکی فەرەنسین. ئەوان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر پرەنسیپە سیکولارەکانی کۆماری فەرەنسا پیشاندەدرێن. هەمان دیاردە لە هۆڵەندا لەگەڵ گێرت ڤیڵدەرزدا دەبینین. گریمانەکە ئەمەیە، گوایە: موسوڵمانەکان ئاوێزان نابن و ناتوێنەوە، چونکە ئەوان بەهاکانی ئێمەیان لەڕووی یەکسانیی نێربازەکان و ژنان و شتی لەم بابەتەوە پەسەند ناکەن. بێگومان، ئەم جۆرە سیاسەتە لەگەڵ چەمکی فرەیی دیموکراسیدا ناگونجێن.

*** تۆ لەبارەی دەرفەتی پۆپۆلیزمی چەپڕەوەوە دەدوێیت. لە بەریەککەوتنی پۆپۆلیزمی ڕاسترەو دا چ چارەسەرێک دەخرێتە ڕوو؟**

– پۆپۆلیزمی ڕاسترەو لە ڕێگەی خستنەڕووی چارەسەری دیکەوە و لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکانی تێکۆشان دژ بە جیهانگیریی نیولیبراڵ، ئەرکی

لەخۆگرتنی خەڵکیی خستۆتە نێو پلانی خۆیەوە. بێگومان، ئامانجەکەی ئەوان ڕەتکردنەوەی جیهانگیریی نییە – هەر بە سادەیی ئەمە کاری کردە نییە –، بەڵکو تێکۆشانە بۆ ڤێرژنێکی جێگرەوەی جیهانگیری. حزبە پۆپۆلیستە ڕاستڕەوەکان بە سادەیی جیهانگیریی ڕەتدەکەنەوە. دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی نەریتی، کە لەمڕۆدا مەحاڵە. پرسیاری قورس و ڕاچڵەکێنەر بۆ چەپ ئەوەیە، کە چۆن داخوازییە پۆپۆلارەکان بخاتە حسابی خۆیەوە، ئەو داخوازییانەی کە داوای ئەڵتەرناتیڤێک دەکەن بۆ نیولیبراڵیزم و داوای وێناکردنی شتێک دەکەن کە لەم دۆخە سازگار و هاوڕاییەی ئێستادا ببێتە ئەڵتەرناتیڤیکی واقیعی.

*** ئایا ئەوەندەیش بەسە، کە بە ئاسانی بڵێیت مادام پۆپۆلیزمی چەپڕەو دژ بە پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو تێکۆشان دەکات ئیدی چارەسەرە؟ بەتایبەت ئەگەر بزانین پۆپۆلیزمی چەپڕەو هەر جۆرێکە لە پۆپۆلیزم.**

– بەڵێ، بەڵام وەک وتم، پۆپۆلیزم خۆی شتێکی خراپ نییە! ناوەڕۆکی بۆچوونەکەم ئەوەیە، کە پۆپۆلیزم ڕەهەندێکی پێویستی سیاسەتی دیموکراتییە. پۆپۆلیزم زەرووڕەتە بۆ ئەوەی داخوازییەکانی خەڵک بگرێتە خۆی و ویستێکی گشتی بخوڵقێنێت. مەسەلەی بنجبڕ ئەوەیە کە چۆن "خەڵک" (گەل) بنیات بنرێت. ئەمەیش

دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پێناسەکردنی ڕەهەندێکی دیکە، کە پێموایە زۆر گرنگە، ئەویش: ڕۆڵی عاتیفەیە لە سیاسەتدا.

## بەرجەستەکردنی نیولیبراڵی پرۆژەی ئەوروپی

*** مەبەستت چییە لە "عاتیفە لە سیاسەتدا"؟**

- مەبەستم لەمە هەموو ئەو شتانەیە، کە پەیوەندییان بەو ڕەهەندەی کاریگەریدانانەوە هەیە، کە لە سیاسەتدا مۆبیلیزە کراوە. ڕەهەندی کاریگەریدانان لە بنەڕەتی فۆڕمە کۆلێکتیڤەکانی هاوشوناسبووندایە. بۆ خولقاندنی خەڵکی، ئینجا لەپێناو خولقاندنی ویستی دەستەجەمعی و دروستکردنی شوناسی خەڵکیدا بە پرۆژەوە، پێویستت بە خستنەگەڕ و ئاڕاستەکردنی ئەم ڕەهەندە کاریگەرییەیە، بەڵام لە دۆخی پۆست-سیاسەتدا، کە لەم ساتەی ئێستاماندا دەیبینین، هەریەکە لە ڕاستڕەو و چەپڕەو باوەڕیانوایە، کە عاتیفە شتێکە لە تارمایی سیاسیدا تەنیا لە لایەن ڕاستڕەووەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت. پێموایە ئەمە خەملاندنێکی زۆر مەترسیدارە.

*** بۆچی؟**

- ئەگەر ڕەهەندی کاریگەریی بۆ پۆپۆلیستی ڕاستڕەو بەجێبهێڵیت ئیدی هیچ دەرەتانێکت بۆ تێکۆشان دژ بە ڕاستڕەو نامێنێت. ڕەهەندی کاریگەری تەنیا بۆ ئەوە نییە بناسرێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە دان بەوەیشدا بنرێت، کە ئەم ڕەهەندی کاریگەرییە دەتوانێت لە ڕێگای پێشکەوتنخوازانە تردا شێوە وەربگرێت. دوو عاتیفەی

سەرەکیی لە سیاسەتدا، "ترس" و "ئومێد"ن: ئەم دوانە زەرووڕەت بۆ پیشاندانی ئەوەی وێنەیەی، کە لەگەڵ گەورەبوونی کەلێنی نێوان دەوڵەمەند و هەژار و تێکشکاندنی دەوڵەتی خۆشگوزەراندا، ئەلتەرناتیڤێکیش هەیە بۆ دۆخی باو دێتە ئاراوە. پۆپۆلیستی ڕاستڕەو، زۆر هۆشیارە بەرامبەر گرنگیی بەکارهێنانی ئەم ڕەهەندەی کاریگەری. بۆ چەپ ئەوە یەکلاکەرەوەیە، کە بیکاتە بەشێک لەخۆی و ناواخنی بکاتەوە، بۆ ئاڕاستەکردن و دانانی کاریگەریی بەهێز لەپێناو خوڵقاندنی ئەو فۆڕمە دەستەجەمعیانەدا کە دەتوانن دیموکراسی قووڵ بکەنەوە.

*** وێڕای ئەوەیش، پێتوایە پۆپۆلیزم –بەهۆی بەکارهێنانی عاتیفەکانەوە بە شێوازی خۆی- دەرفەتێک بێت بۆ یەکێتی ئەوروپا و بتوانێت یارمەتیدەری بێت لە هێنانەکایەی کۆدەنگی و تەبایی نێوان ڕاست و چەپ؟**

– ڕەنگە، بەڵام نەک ئەو کاتەی، کە ئێمە لەبارەی پۆپۆلیزمی ڕاستڕەوەوە دەدوێین. من پێموایە ئەوە گرنگە جۆرێک پۆپۆلیزمی ئەوروپایی چەپ بخوڵقێنرێت.

*** چۆن ئەمە دێتە دی؟**

– دەبێت گەلانی ئەوروپا لە دەوری پرۆژەیەکی وەها کۆببنەوە، کە جۆری جیاوازی ئەوروپا بخاتە ڕوو. من گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی، کە نوقسانیی ئەڵتەرناتیڤەکان بۆ ئەوروپای باوی، نیولیبراڵ یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەریدەخات بۆچی گەڕانەوەی زۆر هەیە بۆ یەکێتی ئەوروپا- کە پتر وەک قەیرانێکی پرۆژەی ئەوروپی

لێکدراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەیش، من وابیردەکەمەوە ئەوە پتر قەیرانی بەرجەستەکردنی نیولیرالّی پرۆژەی ئەورووپییە.

*** یەکتێتی ئەوروپا خۆی جێگای مشتومڕ نییە، بەڵام تەنیا دۆخە باوەکەی لە کارو مەسەلەکاندا.**

– ڕێک وایە. با زۆر دوورنەڕۆین، یەکێتی ئەورووپا شتێک بوو کە خەڵکی دەیانتوانی بیکەنە شوناسی خۆیان، بەڵام لەم دە ساڵانەی دواییدا شتانێک گۆڕانیان بەسەردا هات: گەشەکردنی بزووتنەوەی ئیرۆسکێپتیسیزم (Euroscepticism) و ئیرۆ-ڕیجێکشن (Euro-rejection) دەبینین. بەلای منەوە، هۆکاری ئەمە ڕوونە: خەڵکی ناتوانن لەم ئەورووپا نیولیبراڵەوە شوناس وەربگرن. ئەوان ئەزموونی ئەوە دەکەن، کە ئەم جۆرە ئەورووپایە حیساب بۆ خواستەکانی ئەوان ناکات، بە تایبەتیش کاتێک مەسەلەکە پەیوەست بێت بە ئیشەکان (jobs)ەوە. تەواو بە پێچەوانەوە: زۆرینەی وڵاتە ئەورووپییەکان ئیشیان تێکشاندووە.

**حزبەکان لەخۆیاندا بەس نین**

*** دەشێت چی بکرێت بۆ گۆڕینی ئەمە؟**

– پێویستمان بە خوڵقاندنی پرۆژەیەکی ئەورووپییە، کە خەڵکی بتوانن لێیەوە شوناس وەربگرن. خەڵکی زانیویانە ئەگەر ئەورووپایەکی نیولیبراڵییان نەوێت، ئەوا دەتوانن ئەورووپایەکی دیکەی جیاوازیش دروست بکەن. سەرەڕای

ئەوەیش، تێبینیی ئەوەم کردووە مەیلێک هەیە، کە هەمیشە ئەو خەڵکـــانە وەک دژەئەوروپـــی نیشـــاندەدات، کە ڕەخنەگـــری ئەوروپـــای نیـــولیبراڵن، بەڵام ئەوان دژە ئەوروپی نین!

*** نموونەیەکت لایە؟**

– حـــاڵەتی هەڵبژاردنەکـــانی 2012ی یۆنـــان زۆر سەنجڕاکێشـــە. کاتێـک "ئەلێکسـس تسـیپراس" ( Alexis Tsipras) و سـیریزای هاوپەیمـانی ڕەخنەیـی– یەکێتیـیە ئەورووپاییەکەی بەلای منەوە، ڕێک نموونەی پۆپۆلیزمی چەپە– کە نەیبـردەوە، هەمـوو کەسـێک ئاسـوودەبوو: سـوپاس بۆ خـودا پـرۆ– ئەوروپییەکـان بردیـانەوە! بەڵام تسـیپراس دژە– ئەوروپـایی نەبـوو! هەرگیـز پێشـنیاری دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا یان لە یۆرۆی نەکردووە. ئەوەی ئەو و هاوپەیمانەکەی دەیانوویست ڕیفۆرمکردنی ئەوروپا بوو. پێموایە ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە پێویستمانە – دەبێـت لەوە تێـبگەین کە ئەو خەڵکـانەی ئەوروپـایەکی جیاوازیان دەوێت خەڵکانی دژە–ئەوروپی نین.

*** چـــۆن دەتـــوانین ئەو تـــێگەیە دەربخەیـــن کە ڕەخنەگرانـی پـرۆژەی ئەوروپـی هەمیشـە، بەشـێوەیەکی بنەڕەتـی، دەبـنە دژە-ئەوروپـی؟ دەزانـم ئەو ململانێـیە شـوێنێکی گرنگـی لە تیـۆرەکەی تـۆدا هەیە دەربـارەی ئەگۆنیزم (agonism) (بێگۆشەیی).**

– له پەرلەمـانی ئەورووپـا هەبـوونی هاوپەیمـانێتییەکی حـزبە چەپەکـان هەبـوونیکی ڕەخنەیـیە لە دۆخـی بـاوی یەکێتیـی ئەورووپـا. سـەیرە، کە ببینیـت لەوێ هەمـوو لایەنەکـانی ئەورووپـا کۆمەڵێـک گـرووپن لەپێنـاو ڕوونکـردنەوەی جـۆرێکی جیـاوازی یەکێتیـی ئەورووپـا دا ڕێکخـراون. پێمـوایە دەبێـت ئەمە ببێـتە گرنگییەکـی ڕاستەقینە، کە هەموو ئەو گرووپانە دەستیان لەنێودەست کردووە، چونکە بزووتنەوەکە لە ئێستادا زۆر پەرتوبڵاوە. زۆر بڕوام بە گرنگیی پێکەوەکۆبوونەوەی هێزەکان لەنێو فـۆرمە نوانـدنەوەییە نەریتییەکـان و بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێییەکاندا هەیە.

*** ئەی ئەمە نییە کە هەمیشە ڕوودەدات؟**

– نەخێـر، چـونکە هەڵوێسـتێک هەیە – نمـوونەیەک، کە لە لایەن ئینـدیگنادۆس ( Indignados) و بـزووتنەوەی وۆڵ ستریت بگرنەوە دەرکەوتووە- کە بانگەشـەی ئەوە دەکەن پێویستە دامەزراوەکانی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی ڕەت بکەینەوە. لە زۆربەی بزووتنەوەکانـدا ئایـدیاکە ئەوەیە، کە ئـێمە پێویسـتمان بە شـتێکی تەواو جیـاوازە، مـۆدێلێکی دیموکراتیی تەواو جیاواز و ئاسۆیی. گوایە پێویستمان بە حزبەکان نییە، چـونکە زەمەنیان بەسـەرچووە. باشـە، من بـڕوام بەمە نیـیە. بەبـڕوای مـن هەبـوونی حزبەکـان بـۆ دیموکراسـییەت زەرووریـن. لە دیموکراسـییەتی فرەییـدا، حزبەکان ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە لەوەدا دەگێڕن کە دەرفەتـی ململانێـی بەدامەزراوەییکـراو دەڕەخسـێنن، بەڵام

حزبەکــان لەخۆیانــدا بەس نــین، بەڵکــو پێویســتە لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کار بکەن. ئەوەی پێویستە هەمــاهەنگییە لە نێــوان بــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکــان و حزبەکاندا.

*** نوقســانیی دیبەیــت (یــان گفتوگــۆ) لە ئاســتی ئەوروپیــدا، زۆرجــار ڕەخنەکــراوە. دەبێــت چــی بکریــت بــۆ پشتیوانیکردن لە دیبەیت؟**

– پێموایە، دەبێت ئەوروپا بە سیاسی بکەینەوە و واز لەو ڕوانــگەیە بهێنــین، کە پێیــوایە ئەوروپــا جۆرێــک لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەیــی بێلایەنە. بە بــڕوای مــن ئەمە هۆکــارێکی تــرە کە بــۆچی گفتوگــۆیەکی ڕاســتەقینە دەربارەی ئەو جۆرە ئەوروپایەی کە ئێمە دەمانەویت، لە ئــارادا نیــیە. ململانێــی نێــوان تێگەیشــتنی چەپــڕەو و تێگەیشــتنی ڕاســتڕەو لە ئەوروپــا دەبێــت بچەســپێنرێت و بنرخێنرێت. گفتوگۆیەک کە بەدڵنیاییەوە بەشدار دەبێت لە بەتەنگەوەهــاتنی زیــاتر لەنێــو خەڵکیــدا. بێبــاکیی لە دەرئەنجــامی هەڵبژاردنەکــانی ئەوروپــادا، لەو هەســتەوە سەرچاوەی گرتووە کە لێرە هیچ شتێک لە گرەودا نییە.

**ئەو دەزگایانەی، کە دەکرێت ڕادیکاڵیزە بکرێنەوە**

*** مەبەستت ئەوەیە ئێمە پێویستمان بە چارەسەرێکی ڕادیکاڵە؟**

– ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی کە مەبەستت چییە لە وشــەی "ڕادیکــاڵ". ئەوە مەســەلەی خــاپوورکردنی نەزمــی

ئێستا و مارکێته زۆروزەبەندەکان نییه. بەلای منەوە، کێشەکە ئەوەیە کە مۆدێلی ئەنگلۆ-ئەمریکان هەتا بێ زیاتر بەسەر ئەورووپادا باڵادەست دەبێت. ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نێوجەرگەی ئەو شتەی کە لە دڵی شوناسی ئەورووپیدایە. ئەوەیش بە جۆرێک لە جۆرەکان وا لە سۆشیال-دیموکراسییەتێکدا کە بەپاڵ جەختکردنەوەکانەوە بێت لەسەر یەکسانی، مافە کۆمەڵایەتییەکان، ئینجا دەوڵەتی خۆشگوزەران. بێگومان ئەمە پێویستی بەوەیە لەگەڵ دۆخی ئێستادا بگونجێنرێت و داخوازییەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە خۆ-بگرێت. من ناڵێم دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەوڵەتە خۆشگوزەرانەی کە سی ساڵ لەمەوبەر هەمان بوو، بەڵام ئەو بەهایانە -مافە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ڕێگایانەی کە بەهۆیانەوە دەتوانین ئەم مافانە جێبەجێ بکەین و زیاتریش بیانچەسپێنین- بە ڕاستی شتانێکی گرنگن. من بە تەواوەتی دڵنیام ئەگەر ئەمە لە ناوەندی سیاسەتی ئەورووپییەکاندا بێت، ئەوا خەڵکی جارێکی دیکە گووڕوتین وەردەگرنەوە و دەچنە پاڵ پرۆژەی ئەورووپی.

*** تۆ دڵسۆزی گوزارەی "دیموکراسییەتی ڕادیکاڵ"ـیت؟ دیموکراسییەتی ڕادیکاڵیی یەکێتی ئەورووپا چی دەردەخات؟**

- مەبەستی من لە دیموکراسییەتی ڕادیکاڵ ڕادیکاڵیزەکردنی دامەزراوە لیبراڵ-دیموکراسییەکانە. خەڵکانێکی زۆر لەمە تێناگەن و وا بیردەکەنەوە کە

پــــرۆژەی دیموکراســــییەتی ڕادیکــــاڵ پێویســــتی بە ڕەتکــــردنەوەی دامەزراوە لیبــــراڵ-دیموکراســــییەکانی نوێنەرایەتی دیموکراسییە. دیموکراسییەتی ڕادیکاڵ ئەمە نییە.

*** کەواتە لە بری ئەوە پێویستی بە چییە؟**

- دیموکراسییەتی ڕادیکاڵ دامەزراوە دیموکراسییەکان قــووڵتر و بەرفراوانتــر دەکــات. لەبەرئەمەیە کە پــرۆژەی دیموکراسییەتی ڕادیکاڵ پێچەوانەی ئەو تێگەیە کە دەڵێت پێویســتمان بە شۆڕشــە و دەبێــت لیبــراڵ-دیموکراســیی لەپێناو دامەزراندنی دیموکراسییەتی ڕاستەقینەدا خاپوور بکەیــن. مەبەســتی مــن ئەمە نیــیە. دامەزراوە لیبــراڵ-دیموکراســییەکان دەشــیت ڕادیکــاڵیزە بکــرێنەوە: دەشــێت لەنێویاندا دیموکراسییەتی زیاتر پیادە بکرێت. بۆ ئیشکردن لەنێو سیستمدا، ئەم مەسەلەیە دەربارەی گواستنەی ئەو دامەزراوانەیە، وایــان لێبکرێــت زیــاتر بەرپرســیارێتی هەڵبگرن، زیاتر نوێنەرایەتی بکەن- ئەمە ئامانجێکە بەرەو ئەوەی کە پێویســــتە حزبەکــــان و بــــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە کار بکەن.

*** داخۆ ئەمە جۆرێکە لە پــرۆژەی دیمــوکراتی، تەنــانەت ئەگەر ڕیالیستییش بێت؟ ئایا لایەنــی کەم تــۆبڵێیی ئەمە شتێکی تەواو خوزاراو بێت؟**

- ئەم پــرۆژە ڕیفــۆرمیزمە ڕادیکــاڵە یــان ئەم پــرۆژە سۆســیال-دیمــوکراتییە ڕادیکــاڵە شــتێکە دەشــیت لەنێــو

ڕەخنەیەکی ئیمانێنتی دامەزراوە لیبراڵ-دیموکراسییەکانەوە بەدەستبهێنرێت، جا ئەگەربێتو دان بەوەدابنێین کە بنەما ئەخلاقی و سیاسییەکانی لیبراڵ-دیموکراسیی بۆ هەموان لە بەردەستدان و یەکسانن – ئەوا کەس بنەمای لەمە ڕادیکاڵتر نابینێتەوە. پرۆژەی دیموکراسییەتی ڕادیکاڵ بەندە بە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکانمانەوە بۆ ئەوەی بە فیعلی بیانخەینە نێو پراکتیزەی ئەو ئایدیایەوە کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن.

**سەرچاوە:**

ئەم گفتوگۆیە یەکەمجار لە ( The European's European Elections Special Website) بڵاوبۆتەوە و منیش هەر لەو سایتە وەرمگرتووە دەستکارییەکی بچووکم لە ناونیشانەکەیدا کردووە:

Populism is a necessity, Conversation by Julia Korbik with Chantal Mouffe, The European, 02.05.2014.

# (5)
# تەحەدای پۆپۆلیستی

**شانتال موفە**

لەمڕۆدا، جاروبار دەنگێک دێت کە لە مەترسی پۆپۆلیزم ئاگادارمان دەکاتەوە و وەک "بەلاڕێدابردنی دیموکراسی" (perversion of democracy) دەیدات بە گوێماندا. وێڕای ئەوەیش، لەگەڵ سەرکەوتنی بریکستییەکان (Brexiteers)[79] لە بەریتانیا و دەرچوونی چاوەڕواننەکراوی دۆناڵد ترەمپ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، سەرکۆنەکردنی پۆپۆلیزمیان بردە ئاستێکی توندتر. ئەندامانی دامەزراوە فەرمییەکان، بە

[79] دانەران و لایەنگرانی پرۆژەی جودابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا. (و. کوردی)

ئاشــکرا دەســتیان کــرد بە دەربڕینــی وەڕزی خۆیــان ســەبارەت پۆتێنشــییەڵی نائومێــدیی کــۆمەڵایەتی ( social discontent) کە تــازە بە تــازە ســەرنجیان لێــدەدا. ئــێمە لەلایەک بـــووینە نێچیـــری ئەو بەیاننـــامە و لێـــدوانە ئاگـادارکەرەوانەی کە بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد دەبێـت پۆپۆلیزم کۆتوبەند بکرێت چونکە هەر لە مێژە هەڕەشـەی بـۆ سـەر دیموکراسـی دروسـتکردووە. لەلایەکـی دیـکە، ئەوان باوەڕیان وایە کە بەشەیتانکردن ( demonization)ـی پۆپـۆلیزم و تـرس لە ئیمکـانی پۆپـۆلیزم دەگەڕێـتەوە بـۆ "فاشیزم" کە ئەمە بە تەواوەتی ڕێدەگرێت لە گەشـەکردنی حزبەکان و بزووتنەوەکان کە بە گومانەوە پێیی دەوترێت کۆدەنگیی نیولیبراڵی.

ئەمە شـتێکی گـرنگە بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئەم هیسـتریا دژە-پۆپۆلیستییە لە ڕێگەی تـاقیکردنەوەی ئەو شـتەوە کە لەم سـاڵانەی دوایـی ئەو بـزووتنەوانەدا کە پێیانـدەوترێت "پۆپۆلیسـت"، لە گـرەوی دەرکەوتنـدا بـووە. ئەمە شـتێکی بنەڕەتیـیە بـۆ ئەوەی شـیکارییەکی لەسـەرخۆ بـۆ دۆخـی بـاوی دیموکراسـییەتەکەمان ببەیـنە پـێش، لەپێنـاو ئەوەی ڕێگاکـانی بەهێزکردنـی دامەزراوە دیموکراتییەکـان دژ بەو مەترسـییانەی کە ئەوان باسـیان کـردووە بەرچـاو بخەیـن ( visualize). ئەم مەترســییانە واقیعــین، بەڵام لــێکەوتەی خەمسـاردیی ئەو حزبـانەن کە خۆیـان وەهـا پیشـان داوە گـــوایە حزبـــی "دیموکراسی"ـــن و لەســـەر بنەماکـــانی ســـەروەریی خەڵـــک (گەل) و یەکســـانی دامەزراون و

بەشـێکن لە سیاسـەتی دیموکراسـی. لەگەڵ سـەرکەوتن و هەڵکشـانی نیولیبراڵیزمـدا، ئەم بنەمایـانە دابەزینـە ئاسـتی کـاتیگۆرییە زۆمبییەکـان (zombie categories)[80]ـەوە، لەبەرئەمەیە کە کۆمەڵگەکانمـان چـوونەتە نێـو پانتـایی "پۆست-دیموکراسییەت"ـەوە.

1. بە وردی "پۆسـت-دیموکراسـی" واتـای چییـە؟ بـا یەکەمجـار لە ڕوونکـردنەوەی مانـای "دیموکراسی"ـیەوە دەست پێبکەین. گەر لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە قسە بکەین، دەزانـین کە دیموکراسـی لەوشـە لێکـدراوی (*demos/kratos*)ـی گریکەکـانەوە پێمـان گەیشـتووە، کە واتـای "دەسـەڵاتی خەڵـک" دەگەیەنێـت. ئەمە بنەمـای ڕەوایەتی (legitimacy) بووە کە بە ئەبستراکتی مومارەسە نەکـراوە، بەڵکـو لەبـری ئەوە لە ڕێـگەی دامەزراوە دیاریکراوەکانەوە مومارەسەکراوە. ئێمە کاتێک دەربارەی "دیموکراسی" لە ئەوروپا دەدوێین، دەگەڕێنەوە بۆ مۆدێلە ئەبستراکتەکەی: ئەو مـۆدێلەی ڕۆژئـاوا کە لە وێنـاکردنی ئایـدیاڵی دیموکراسـییەوە لە کۆنتێکسـتێکی مێژوویـی تایبەتـدا پەیـدابووە. ئەم مـۆدێلە –کە چەنـدین نـاوی هەمەجـۆری وەرگرتـووە: دیموکراسـییەتی مـۆدێرن، دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی (representative democracy)، دیموکراسییەتی پەرلەمانی، دیموکراسییەتی دامودەزگایی،

---

[80] نەمـردوو نە زینـدوو، یـان زینـدووییەک کە لە مـردنەوە هەستاوەتەوە، یان مردووییەک کە هێشتایش زیندووە. (و. کوردی)

دیموکراسـیـیـەتی لیبراڵـی [لیبـراڵ دیموکراسـی]، دیموکراسـیـیـەتی فرەیـی (pluralist democracy)- لە بەیەکگەیشـتنی دوو نەریتـی جیـاوازەوە خاسـییـەت و تایبەتمەنـدیی خـۆی وەرگرتـووە. لەلایەک، نەریتـی لیبراڵیزمـی سیاسـی: ڕۆڵـی یاسـا، دابەشـبوونی هێزەکـان، بەرگریکردن لە ئازادیی تاکەکەسی؛ لەلایەکی دیکە، نەریتی دیموکراسی کە ئایدیا سەنتراڵەکانی بریتییە لە یەکسـانی و سـەروەریی خەڵـک. بە پـێچەوانەی ئەوەی هەنـدێ کـات دەوترێـت، زەرور نەبـوو پەیوەنـدیی لەنێـوان ئەم دوو نەریتەدا بەرپا بکرێت، بەڵکو تەنیا بەیەکگەیشتنە مێژووییە —وەک CB MacPherson دەریخسـتووە- بە ناچـاری لە سـەدەی نـۆزدەدا ڕوودەدات، ئەویـش لە میـانەی ئاوێزانکردنی خەباتەکان بۆ ئازادی و بۆ دیموکراسـی دژ بە ڕژێمە ڕەهاخوازەکان.

هەنـدێک نووسـەری وەکـو "کـارڵ شـمیت" جەختیـان لەسـەر ئەوە کـردۆتەوە ئەم بەیەکگەیشـتنە —کە بنەڕەتـی دیموکراسییەتی پەرلەمانی بوو- ڕژێمێکی سـەرنەکەوتوو (unviable regime)ـی بەرهەم هێنـا، وەک بڵێـی لیبراڵیـزم نکـوڵی لە دیموکراسـییەت دەکـات و دیموکراسـییەتیش نکوڵی لە لیبراڵیزم دەکات؛ بە پەیڕەویکـردنیش لە یـۆرگن هابەرماس، هەردووکیـان ئۆرگینـاڵێتییە هاوبەشـەکەی (co-originality) بنەماکـانی ئـازادی و یەکسـانییان پاراسـت و هێشـتەوە. شـمیت لەوەدا لەسـەر هەق بـوو کە دەریخسـت ململانێیەک هەیە لەنێوان "گرامەر"ی لیبراڵیی یەکسـانی —

کە گریمـــانەی گەردوونگەرایـــی دەکـــات و ئامـــاژە بە "مرۆڤایەتی" دەدات- و "گرامەر"ی دیموکراتیی یەکسانیدا، کە پێویستی بە بناتنانی خەڵک و سنوورێکە لەنێوان "ئێمە" و "ئەواندا. بەڵام پێموایە ئەو لەوەدا کەوتە هەڵەوە کە ئەم ململانێـــیەی بە چەمکەکـــانی دژیەکـــی (contradiction) خستەڕوو، کە حەتمەن دەبێت دیموکراسییەتی فرەخوازیی لیبراڵی بەرەو خۆ-وێرانکردن ببات.

لە "پارادۆکسی دیموکراسی"[81]دا، پێشنیاری وێناکردنی پێکەوەبەستنەوە و داڕشتنەوەی ئەم نەریتانەم کردووە – لە ڕاســتیدا، دواجــار لە ســازانبەدەر (irreconcilable)ــن- لەســـەر مـــۆدێلی پێکەوەگونجانـــدنی پارادۆکســـیکاڵ (paradoxical configuration) وەک جێگای دڕدۆنگییەک ( as the *locus* of a *tension*) کە ئۆرگیناڵێتیی لیبراڵ دیموکراسی دەناسـێنێت و خەسـڵەتە فـرەییەکەی گەرەنتـی دەکـات. لۆژیکیی دیموکراسیی دروستکردنی خەڵک و بەرگریکردن لە مومارەسەکانی یەکسانیخوازی (egalitarian practices) شـتانێکی زەروریـن بـۆ پێناسـەکردنی *demos* [خەڵـک لای گریکییەکـان] و لەنێـوبردنی مەیلـی گوتـاری لیبراڵیـزم بـۆ یونیڤێرســاڵیزمی ئەبســتراکت: بەڵام بەیەکگەیشــتنی ئەم لــۆژیکە لەگەڵ لــۆژیکی لیبراڵیــدا ڕێگەمــان پێــدەدات ڕووبەڕووی ئەو فۆڕمـــانەی ئەنجـــامگیریی ببیـــنەوە کە ڕیشــەکانی ئەوەتـا لە پـراکتیکە سیاسـییەکانی پرۆسێســە بەردەوامەکـــانی دانوســـتان (*negotiation*)ـــدا –لەڕێـــگەی

---

[81] Chantal Mouffe, *The Democratic Paradox,* Versobooks, 2000.

پێکەوەگونجاندنە هەژموونگەرییە جیاوازەکانەوە- یان ئەوەتا لەم دڕۆدۆنگییە بنەڕەتییەدا. ئەم دڕدۆنگییە، لە تێرمە سیاسییەکاندا لە ڕێگەی سنووری نێوان ***ڕاست*** و **چەپ**ەوە دەربڕدراوە، کە بەشێوەیەکی کاتی تەنیا لەڕێگەی دانوستانە پراگماتیکییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانەوە توانراوە بە جێگیریی بهێڵرێتەوە. ئەم دانوستانە هەمیشە هەژموونی یەکێک لەم دوولایەنەی دامەزراندووە. بە چاوخشاندنەوە بە مێژووی دیموکراسییەتی فرەیی لیبراڵیدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەندێک بۆنەدا لۆژیکی لیبراڵی زاڵبووە و لە هەندێ کاتی تردا لۆژیکی دیموکراسی. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەردوو لۆژیکەکە هەر بەهێزی خۆیانەوە مانەوە و، ئیمکانی دانوستانێکی ڕکابەرییانە لەنێوان ڕاست و چەپدا –کە لە ڕژێمی لیبراڵ-دیموکراتیکدا بەرجەستە بوون- هەر مایەوە.

2. دەشێت دۆخی باو وەک دۆخی "پۆست-دیموکراسی" وەسف بکرێت، چونکە لەم ساڵانەی دواییدا، لەگەڵ لاوازبوونی بەها دیموکراسییەکاندا بەهۆی هەڵکشانی هەژموونی نیولیبراڵییەوە، ئەم دڕدۆنگییە بنەڕەتییە سەرکوتکرا و کپکرایەوە، ئینجا فەزای ڕکابەریی (*agonistic spaces*) ونبوو کە فەزایەک بوو پرۆژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەیانتوانی تێیدا ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە. لە مەیدانی سیاسەتدا، ئەم پەرەسەندنە بووە مایەی مانیفێستێک، واتە شتێک کە لە کتێبی "دەربارەی سیاسەت"دا پێنیشارم کردووە پێیی بووترێت "پۆست-

سیاســـەت"، ئەمەیـــش وەک ئامـــاژەیەک بە تێکەڵبـــوونی سنووری سیاسی لەنێوان راست و چەپدا82. مەبەستی مـن لەو تێـرمە ئەو کـۆدەنگیەیە ( consensus) کە لەنێـوان حـزبە ڕاســتە میانڕەوەکــان (centre-righ ) و حـزبە چەپە مانڕەوەکانـــــدا (centre-left) دروســـــتبووە لەســــەر ئەو ئایدیایەی کە [گوایە] هیچ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ جیهانگیریی نیولیبراڵ بوونی نییە. لەژێر پاساوی "مۆدێرنیزەیشن"ـدا کە لەلایەن گلۆباڵیزەیشـنەوە سـەپێنراوە، حـزبە سۆشـیال دیموکراتەکـــان رازیـــی بـــوون بە *diktats* (فەرمان)ـــی سەرمایەداریی دارایی و ڕازی بوون بەو سنوورانەی کە لە سیاســـــــەتە دابەشـــــــکارییەکانیاندا بەســـــــەر دەســـــتێوەردانەکانی دەوڵەتـــدا ســــەپێنراوە. ڕۆڵـــــی پەرلەمانەکان و دامەزراوەکان کە ڕێگە بە هاونیشتمانیان دەدەن کاریگەرییـــان لە بڕیـــارە سیاســـییەکاندا هەبێـــت، بەشێوەیەکی ڕیشـەیی کەم کراونەتەوە، هاونیشـتمانیانیش لە ئیمکـــانی مومارەســـەکردنی مـــافە دیموکراتییەکانیـــان دوورخـــراونەتەوە. هەڵبژاردنەکـــان چیتـــر هـــیچ هەل و دەرفەتێـــک بـــۆ هەڵبژاردنـــی ئەڵتەرنـــاتیڤە واقیعییەکـــان لەڕێگەی پارتە نەریتییەکانی "حکومەت" (government)ـەوە دابـــین نـــاکەن. سیاســـەت هەتـــابێ زیـــاتر دەبێـــتە دۆزی تەکنیکیـی ڕووت بـۆ بەڕێـوەبردن و ڕێکخسـتنی نەزمـی دامەزراو، زیـــاتر دەبێـــتە بوارێـــک کە تـــایبەتکراوە بە

[82] Chantal Mouffe, *On the Political,* Abigndon, 2005.

شـارەزاكان (experts). تـاكە شـتێک کە پۆسـت-سیاسـەت ڕێگەی پێدەدات بریتییە لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەنێـوان حـزبە ڕاسـتە میانڕەوەكـان و حـزبە چەپە میانڕەوەکانـدا. هەمـوو ئەو کەس و لایەنـانەی کە دژ بەم "کۆدەنگییە لەسـەر میانڕەوی" بوەسـتنەوە، وەک "پەڕگیـر" (extremists) پیشـان دەدرێـن و وەک "پۆپۆلیسـت" وەسـف دەکـرێن. سـەروەریی خەڵـک (گەل) وەک حـوکمێکی ڕەهـا تەفسـیر دەکرێـت و دیموکراسـییەتیش لە تـوخمە لیبراڵییەکەیـدا کـورت کـراوەتەوە. بەم جـۆرە، یەکێـک لە کۆڵەکە سـەرەکییەکانی ئایدیاڵی دیمـوکراتی وەلا دەنرێت، واتە: ***دەسـەڵاتی خەڵـک***. بە دڵنیـاییەوە، "دیموکراسـی" هێشـتایش هەر قسـەی لەسـەر دەکرێـت، بەڵام تەنیـا بـۆ ئامـاژەدان بە هەبـوونی هەڵبژاردنەکـان و بەرگریکـردن لە مافەکانی مرۆڤ.

ئەم گۆڕانکارییـانە لە ئاسـتی سیاسـیدا لە کۆنتێکسـتی مۆدێلی نوێی ڕێکخسـتنی سـەرمایەداریدا ڕوویانداوە و لە سـەرمایەداریی داراییدا شـوێنێکی سـەنتراڵ داگیـر دەکەن. لەگەڵ بەداراییکـردن (financialization)ـی ئابووریـدا، بەرفراوانکردنێکی گەورەی کەرتە داراییەکـان لە تێچـوونی ئـابووریی بەرهەمهێنییـدا ڕوویـداوە. لەژێـر کـاریگەرییە هەمەلایەنەکـانی لەپیشەسازیخسـتن (de-industrialization)ـدا، بـەرەودان بە گۆڕانکـارییە تەکنۆلۆژییەکـان و پرۆسێسـەکانی گواسـتنەوە بـۆ ئەو وڵاتـانەی کە تێیانـدا کـار هەرزانتـرە، چەنـدین کـار ئـیش لەدەسـتدراون. سیاسـەتی بەتـایبەتیکردن (خەسخەسـە)

( Privatization) و کـــــــۆتلابردن (deregulation)ـــــــیش بەشـداربوون لە خولْقانـدنی دۆخـی بێکـاریی درێژخایەنـدا، کارکەرەکـانیش خۆیـان لەو دۆخـانەدا دەبینینـەوە کە هەتـا بــێ ســـەختتر دەبێــت. ئەگەر مـــرۆڤ کاریگەرییەکـــانی سیاســـەتی دەســـتپێوەگرتن [سکهەڵگوشـــین] ( austerity policies)ـیش زیـاد بکـات کە لە دوای قەیرانـی 2008ـەوە سەپێنراوە، ئەوا دەتوانێت لە هۆکارەکانی زیـاتربوونی ئەو نایەکسانییە تێبگات کە ئێستا لە چەندین وڵاتـی ئەورووپیدا دەبینـــین، بە تـــایبەتیش لە وڵاتـــانی باشـــووردا. ئەم نایەکسانییە چیتر تەنیا بەسـەر چینـی کرێکارەوە کاریگەر نیـیە، بەڵکـو کـاریگەریی لەسـەر بەشـێکی زۆری چینـی ناوەڕاســتیش دانـــاوە کە خـــراونەتە نێـــو پرۆسێســـێکی نەدارخســـــــتن ( pauperization) و بێئـــــــارامکردن (precarization)ـەوە. حزبە سۆشیال دیموکراتەکان لەپاڵ ئەم گەشەســـەندنەدان، تەنـــانەت لە چەنـــد شـــوێنێکیش ڕۆڵێکــی گرنگیـــان گێـــڕاوە لە ڕێکخســـتن و هەڵکشـــانی سیاسەتی نیولیبراڵیدا. ئەمە بەشداریکردن بوو لەو فاکتەدا کە کۆڵەکەکانی دیکەی ئایدیاڵی دیموکراتیک (بەرگریکردن لە یەکســـــانی) لە گوتـــــاری لیبـــــراڵ-دیموکراتیکـــــدا دوورخـراونەتەوە. ئەوەی ئێســتا بنەڕەتیـیە ڕوانگەیەکـی لیبراڵیی تاکەکەسخوازییە کە بە کۆمەڵگەی بەرخۆریی و ئەو ئـــازادییە شاگەشـــکە دەبێـت کە بازاڕەکـان دابینـــی دەکەن.

3. بەرەنجـامی هەژمـوونی نیـولیبراڵی، هەم لە ڕووی سۆســـیۆ-ئـــابووری و هەمـــیش لە ڕووی سۆســـۆ-کـــۆمەڵایەتییەوە، لەســـەر ڕژێمێکـــی "ئۆلیگارشی"ـــــی

ڕاســتەقینە دامەزراوە. کتومــت ئەمە ئۆلیگارشــیزەکردنی کۆمەڵگە ئەوروپییەکانە کە لە بنەڕەتی سەرکەوتنی حزبە پۆپۆلیســتە ڕاســتڕەوەکاندایە. ڕاســتی بڵێــین، ئەوان تــاکە لایەنــن کە ئەم دۆخە وەلادەنــێن، بەڵێنــی ئەوە دەدەن کە خەڵکــی دژ بە تەوژمــی جیهــانگیری دەپــارێزن و ئەو دەسەلاتەیان بۆ دەگەڕێننەوە کە دەستەبژێرەکان (elites) لێیــان زەوت کــردووە. ئەوان کێشــە کۆمەڵایەتییەکــان وەردەگێــڕنە ســەر کــۆدی ئێتنیکــی، بــۆیە لە زۆر وڵاتــدا تەبابوونەتەوە لەگەڵ فەرهەنگی کزینۆفۆفیکدا، واتە لەگەڵ داخوازییەکانی کەرتە پۆپۆلارەکاندا کە لەلایەن حزبەکانی ناوەڕاست (میانڕەو)ـەوە پشتگوێ خرابوون، چونکە ئەوان هــاوڕا و هــاودەنگی پــڕۆژەی نیــولیبراڵی نەبــوون. حــزبە سۆشــیال-دیموکراتەکــان، بــوونە دیلــی دۆگمــا پۆســت- سیاسـییەکەیان و دوودڵ بــوون لەوەی بچــنە ژێــر بــاری هەڵەکانیانەوە، ڕەتیان کردەوە دان بەوەدا بنێن کە زۆرێک لەم داخوازییانە داخوازیی ڕەوای دیموکراسیین، کە دەبوو بەرەبەرە بەدەمییــانەوە بچوونــایە. بێتواناییەکەیشــیان بــۆ تێگەیشــتن لە سروشــتی تەحەدای پۆپۆلیســتی هەر لێــرەدا بوو.

لەپێنــــاو نرخانــــدنی ئەم تەحەدایەدا، گەڕانەوە بــــۆ ڕوانگەیەکــی ســاکار کە لە لایەن میــدیاوە خرابــووە ڕوو، شــــتێکی زەروریــــیە، ڕوانــــگەیەک کە پۆپــــۆلیزم وەک دیمــــــاگۆژییەتێکی ڕووت لەقەڵەم دەدات. ئەو ڕوانــــــگە ڕەخنەیــــیەی کە لەلایەن "ئەرنســــتۆ لاکــــلاو"ەوە پەرەی پێــــدراوە، کەرەســــتەیەکی تیــــۆریی گرنــــگ دەخــــاتە

بەردەستمان بۆ خستنەڕووی ئەم پرسیارە. ئەو پۆپۆلیزم وەک ڕێگایەک بۆ دامەزراندنی سیاسەت پێناسە دەکات کە پیکدێت لە دامەزراندنی سنوورێکی سیاسی کە کۆمەڵگە بۆ دوو کەمپ دابەش دەکات و بانگەشە بۆ بزووواندنی "ژێردەستەکان" دەکات دژ بە "دەسەڵاتداران" (سەردەستەکان). هەر کاتێک هەوڵ هەبێت بۆ دامەزراندنی سوبێکتێکی نوێی ئەکتی دەستەجەمعی –خەڵک- کە بتوانێت نەزمێکی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت و سەرلەنوێ دایبڕێژێتەوە کە وەک ستەمکار ئەزموون کراوە، ئەوا ئەو سیاسەتە کارێکی حاشاهەڵنەگرە. ئەمە ئایدیۆلۆژیایەک نییە، هەروەها نایشتوانرێت بدرێتە پاڵ ناوەڕۆکێکی پرۆگراماتیکیی تایبەتی. هەڵبەت کە ڕژێمێکی سیاسییش نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ مومارەسەکردنی سیاسەتێک کە دەتوانێت بە گوێرەی شوێن و کات چەندین فۆڕم وەربگرێت، تەبا و سازگاریشە لەگەڵ چەندین فۆڕمی دامەزراوەییدا. پۆپۆلیزم دەگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندی سەروەریی خەڵک و دامەزراندنی *demos* کە بنچینەی دیموکراسییەتە. کتومت ئەمە ئەو ڕەهەندەیە کە لەلایەن هەژموونی نیولیبراڵییەوە وەلانراوە، هەر لەبەرئەمەیشە کە تێکۆشان دژ بە پۆست-دیموکراسی پێویستی بە دەستێوەردانی سیاسەتی پۆپۆلیستییە.

4. ئەو "ساتەوەختە پۆپۆلیستییە"ی کە بەربەرچاومانەوەیە، دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات سەرلەنوێ سنوورێکی سیاسی ئەوتۆ بکێشینەوە کە

ڕێگەمان پێدەدات دووبارە تایپی دڕدۆنگانەی ڕکابەریی بخوڵقێنینەوە بۆ ئەوەی بەرەوپێشچوونە نوێیەکانی ڕوون بکەینەوە. هێزی پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو دەشێت بە وردی ڕوون بکرێتەوە، چونکە لە چەندین وڵاتدا دەتوانێت سنوور بکێشێت و خەڵک پێکبهێنێت لەپێناو ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە بەرەنگارییە هەمەجۆرەکان تەرجەمە بکاتە سەر دیاردەی بەئۆلیگارشیکردن کە لە هەژموونی نیولیبراڵییەوە بەرەوی سەندووە. لەمەیشدا بە تایبەتی سەرنجی چینی کرێکاری ڕاکێشاوە، بەڵام لەنێو چینی ناوەڕاستیشدا پەرەی سەندووە کە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو ستراکتورە نوێیانەی باڵادەستییەوە کە پەیوەندیدارن بە جیهانگیریی نیولیبراڵییەوە.

سەرەڕای ئەوەیش، گومانی تێدا نییە وەڵامدانەوەی هێزە پێشکەوتووەکان بەس نییە. ئەوان لەڕێگەی گوتارەکانی هێزە دامەزرێنەرەکانەوە کاریگەرییان داناوە، کە پۆپۆلیزم لە کواڵێتی و چۆنییەتەکەی بەتاڵ دەکاتەوە لەپێناو پاراستن و هێشتنەوەی باڵادەستیی خۆیاندا. ئەوان بەردەوامن لە پشتیوانیکردن لە ستراتیژییەتە سیاسییە نەریتییەکان، کە بۆ قەیرانی قووڵی ڕەوایەتی (legitimacy) گونجاو نین، ئەو قەیرانانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕژێمە لیبراڵ-دیموکراسییەکان داناوە. ئەم قەیرانە دەربڕی زۆر داخوازی ناچوونیەکە (heterogeneous demands)، کە ناتوانرێت وەکو دارشتنەوەیەکی نەریتی لەلایەن دابەشبوونی "ڕاست/چەپ"ەوە فۆرمولە بکرێنەوە. بەپێچەوانەی خاسییەتە خەبانگێڕییەکانی سەردەمی کاپیتالیزمی فۆردی (Fordist capitalism)، کە تێیدا چینی کرێکار بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی پێناسە دەکرد، لە سەردەمی سەرمایەداریی لیبراڵیی پۆست-فۆردی (post-

Fordis)ـــدا، بەرەنگـــاری لە چەنـــدین پنـــت و پانتـــاییەوە گەشـــــــــەیان کـــــــــردووە کە لە دەرەوەی پرۆسێســـــــــی بەرهەمهێنـانن. ئەم داخوازییـانە چیتـر تەبانـایەنەوە لەگەڵ ئەو کەرتە کۆمەڵایەتییانەدا کە بە تێرمە سۆسیۆلۆژییەکان و بە گـــوێرەی پێگەکەیـــان لە ســـتراکتوری کۆمەڵایەتیـــدا پێناسـە دەکرێن. زۆرێک لەو داواکارییـانە دەسـت بۆ ئەو پرسیارانە دەبەن کە پەیوەندیدارن بە مەسـەلەی یەکسـانی لە ژیانـــــــــــــدا و تایبەتمەنـــــــــــــدیەکی لابەلاکەرەوە ( transversal)ـــیان هەیە. داخوازییەکـــان پەیوەندیـــدارن بە خەباتەکـــانەوە دژ بە سێکســـیزم، ڕاســـیزم، فۆڕمەکـــانی دیـــکەی باڵادەســـتی کە هێـــدی هێـــدی دەبـــنە مەســـەلەی ســـەنتەری. لەپێنـــاو بەیەکگەیانـــدنی هەمەجۆرییەکانـــدا لە ویســـتێکی هـــاوبەش و کۆلێکتیڤـــدا، ســـنووری نەریتیـــی ڕاسـت/چەپ چیـدی کـار ناکـات. بـۆ فیـدراڵیزەکردنی ئەم خەبـــاتە هەمەجـــۆرانە، داخوازییەکـــان بەپـــاڵ ئامـــانجی بنیاتنانی "خەڵک"ەوە هەماهەنگییەکیان لەنێوان فۆڕمەکانی بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان و حزبەکانـدا دامەزرانـدووە، بۆیە ئەو سنوورەی کە بەشێوەیەکی پۆپۆلیستی کێشـراوە کارێکی خوازراو و پێویستە.

ئەمە مانـای ئەوە نییە کە لێکـدژیی ڕاسـت/چەپ چیتـر بوونی نەماوە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە دەبێت بەڕێگـایەکی دیـکەدا ببرێـت، لەگەڵ لەبەرچـاوگرتنی تـایپی پۆپـۆلیزم و زنجیـرەی هاوتاییەکـان (the chains of equivalences) لەڕێـگەی ئەو "خەڵک"ـــەوە کە دروســـتکراوە. خەڵـــک، کە وەک کـــاتیگۆرییەکی سیاســـی تێگەیشـــتراوە، هەمیشـــە بەرەنجـــامی بنچیـــنەی گوتـــارییە، ئەو "ئـــێمە"یەیش کە لە دەوریی ئەو خەڵکە چەقی بەستووە دەکرێت بە ڕێگـایەکی

دیـــــکە بنیاتبنرێـــــت و پشـــــت ببەســــتێت بە ڕەگەزە دامەزرێنەرەکـــــــان و ئەوەی کە چـــــــۆن "ئەوان"، کە ڕووبەڕووی خەڵـک دەبـنەوە، پێناســە کـراون. ئەمە پنتــی جیـاوازییە لەنێـوان پۆپـۆلیزمی ڕاسـتڕەو —وەکـو مـارین لـوپێن کە خەڵکێـک بنیاتـدەنێت لە "نەتەوەی ڕاسـتەقینە"دا سـنووردارە"- و پۆپـۆلیزمی پێشـکەوتووخوازی چەپـڕەو. پۆپـــۆلیزمی چەپـــڕەو لە فەرەنســـا لەلایەن "جـــان لـــوک میلانشۆن" (Jean-Luc Mélenchon )ـەوە نوێنەرایەتیی کـرا. میلانشـۆن تێگەیشـتنێکی فراوانـی هەبـوو لە "ئێمە"یەک کە کـۆچبەران، بـزووتنەوە ژێنگەییەکـان، گروپەکـانی LGBT دەگرتە خۆی و "ئەوان"یشی وەک پێڕی ئەو هێزانە ناساند کە سیاسەتەکانیان برەو بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەدات. لە حـــاڵەتی یەکەمیانـــدا ئـــێمە لەبەردەم پۆپـــۆلیزمێکی دەســــــەڵاتخوازداین کە ئامـــــانجەکەی بـــــریتییە لە کۆتوبەندکردنی دیموکراسی، لە کاتێکدا حاڵەتی دووەمیـان پۆپـــــــۆلیزمێکە کە خولیـــــــای فراوانکــــــــردن و ڕادیکاڵیزەکردنەوەی دیموکراسییەتی هەیە.

5. بـۆ زیـادکردنی ئەو باسـەیش کە خەڵـک چـۆن دروسـت دەبێـت، پێویسـتە پرسـیارێکی دیـکەی گرنـگ لەبەرچاوبگیرێـــت لەپێنـــاو لێکجـــوداکردنەوە فـــۆڕمە هەمەجۆرەکـانی پۆپۆلیزمـدا: ئەویـش شـێوازی وێنـاکردنی پەیوەنـدیی نێـوان خەڵـک و دەســەڵاتدارانە. شوناســە دەستەجەمعییەکان هەمیشـە خوازیـاری لێکجوداکردنەوەی "ئـێمە" و "ئەوان"ــن، بەڵام لە کـایەی سیاسـیدا سـنووری نێوان "ئێمە" و "ئەوان" ئاماژە بە هەبوونی ئەنتاگۆنیزمێک دەکـات، ئەمە بـۆ ململانێـیەکە کە ناشـێت چارەسـەرێکی

عەقڵانییانەی هەبێت. وێڕای ئەوەیش، ئەو ئەنتاگۆنیزمە دەشیت لە فۆڕمە جیاوازەکاندا خۆی دەربخات. دەشێت لە ڕووی ئامانجەوە فۆڕمی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆست/دوژمن وەربگرێت، ئەمەیش بۆ لەنێوبردنی "ئەوان"ـە تاوەکو نەزمێکی تەواو نوێ دابمەزرێنرێت. شۆڕشی فەرەنسا نموونەیەکی ئەم جۆرە پۆپۆلیزمە "ئەنتاگۆنیستی"ـیەیە. هەروەها ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەشێت لە فۆڕمی "ڕکابەری" (ئاگۆنیستی)ـیشدا ڕووبدات، لەو شوێنەدا کە "ئەوان" وەک دوژمن نابینرێن، بەڵکو وەک نەیارێک حیساب دەکرێن دژ بەوانەی کە دەیانەوێت بە کەرەستە دیموکراسییەکان تێبکۆشن. بۆ ئەوەی بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان لەگەڵ دیموکراسییەتی فرەییدا تەبابێنەوە، پێویستە ڕووبەڕووبوونەوە بەشێوەی ڕکابەرییانە (agonistic) بێت. پۆپۆلیزمێکی ڕکابەرانە پشتیوانی لە پەرچەکرداری گشتگیری چوارچێوەکانی دۆخی باو ناکات. ئامانجەکەی خاپوورکردنی دامەزراوە لیبراڵ-دیموکراسییەکان نییە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە ئەو ڕەگەزانە لەربەیەک هەڵوەشێنێتەوە کە نەزمی هەژموونگەرایان دامەزراندووە و ئینجا لە هەژموونێکی نوێدا پێکەوەیان ببەستێتەوە.

پۆپۆلیزمێکی گونجاوی چەپ بۆ دۆخی ئەورووپا پێویستە وەک "ڕیفۆرمیزمی ڕادیکاڵ" وێنا بکرێت کە هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانەوە و قووڵکردنەوەی دیموکراسییەت. ئەمە خەباتێکە کە پێویستە لە دامەزراوەکاندا و لەپێناو گۆڕینی ئەو دامەزراوانەدا، بە کەرەستەکانی "جەنگ لەسەر پێگە" (war of position)

ئەنجام بدرێ. لە ڕاستیدا، وەها خەباتێک پێویستی بە گۆڕانی بەرچاوی دامەزراوەییە تاوەکو ڕێگە بە گوزارشتکردن لە خەڵک بدات، بەڵام ئەو گۆڕانانە نابنە تەحەدایەکی ڕادیکاڵ بۆ دامەزراوە دیموکراتییەکان. ئەمە مەسەلەی کۆتایی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی نییە، بەڵکو بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانەیە کە دەنگ بە خەڵکی دەبەخشن و دەبنە زمانحاڵیان. ئەوە فۆڕمێکی "کۆماریخوازیی ڕەشۆکی" (plebeian republicanism)ـە و لە ڕیشەی دیموکراتیی نەریتی کۆمارییدا نیگارکراوە، کە ماکیاڤیللی پێشەنگییەتی.

قەیرانە زۆروزەبەندەکان بەرهەم و لێکەوتەی دامەزراوەکانمانە کە نە وەک پێویست نوێنەرایەتییە و نە خۆیشی زۆر بە ڕوونی نوێنەرایەتیکردنە. چارەسەرەکە ناشێت سڕینەوە و لابردنی نوێنەرایەتکردن و دامەزراندنی دیموکراسییەتی "ڕاستەوخۆ" (presentist democracy) بێت، وەکو ئەوەی هەندێک بانگەشەی بۆ دەکەن. وەکو لە (*Agonistics*)[83]ـدا جەختم لێکردۆتەوە، لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، کە دان بە ئیمکانی لەمەبەدوای ئەنتاگۆنیزمدا دەنێت و تێیدا فرەیی لە هارمۆنییەت و ڕێگای دژە-دیموکراسیدا وێنا ناکرێت، دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان -هەر لە فۆڕمە ئامادەکانییەوە تاوەکو

---

[83] Chantal Mouffe, *Agonistics: Thinking The World Politically*, Verso, 2013.

دابەشـــکردنی کۆمەڵگــا- ڕۆڵێکــی یەکلاکەرەوەیـــان هەیە، چـــونکە زەمیـــنە دەڕەخســـێنن بـــۆ بەدامەزراوەییکردنـــی ڕەهەندە ململانێکارییەکان. ئێستا، ئەو ڕۆڵە تەنیا دەکرێت لەڕێگەی هەبوونی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕکابەرییانەوە ئەنجام بدرێت. کێشەی سەنتەریی پۆست-دیموکراسییەت نائامـــــادەیی ڕووبەڕووبـــــوونەوەیەکی ڕکابەرییـــــانە و بێتوانـــایی هاونیشـــتمانیانە بـــۆ هەڵبژاردنـــی ئەڵتەرنـــاتیڤە ڕاســـتەقینەکان. لەبەرئەمەیە کە مەســـەلەی ســـنوورەکانی نێوان لایەنەکان بە زەیندا دێت و دەهێنرێتە بەرباس.

مـن وایبۆچـووم لە چەنـد سـاڵێکی داهـاتوودا تەوەری سەنترالی ململانێی سیاسی لەنێوان پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو و پۆپـۆلیزمی چەپـڕەودا پەرەدەسـتێنێت، بـۆیە دەبێـت کەرتە پێشـــکەوتنخوازەکان لەوە تێـــبگەن کە چەنـــدە زەروریـــیە خۆیان بخەنە نێو ئەو خەباتەوە. بۆ داهێنانی پۆپۆلیزمی چەپ پێویســتە سیاســەت بە شــێوازێک پیشــان بــدرێت کە خاسییەتە پارتیزانییەکەی خۆی بناسێتەوە. پێویسـتە ئێمە بـــواری ڕوانـــگە عەقڵانیـــیەکەی بیرکـــردنەوەی سیاســـیی لیبـــراڵ-دیموکراســـی فەرامـــۆش بکەیـــن و دان بە گرنگیـــی کاریگەریی هاوبەشدا (ئەوەی کە من ناوی دەنێم "عـاتیفە") بنـــێن لە فۆرماســـیۆنی شوناســـە دەســـتەجەمعییەکاندا. ئەوەیـش بە بنیاتنـانی خەڵکێکـی دیـکە مەیســەر دەبێـت، بە دروســـــتکردنی ویســـــتێکی بە کـــــۆمەڵ کە بەرەنجـــــامی بزاووندنی عاتیفەکان بێت بۆ بەرگریکردن لە یەکسـانی و عەدالەتــی کــۆمەڵایەتی، کە ئیمکــانی ئەوەی هەبێــت بەگــژ

سیاسەتی کزینۆفۆبیکدا بچێتەوە، واتە ئەو سیاسەتەی کە پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو برەوی پێدەدات.

لەڕێگەی دووبارە خوڵقاندنەوەی سنوورەکانەوە، ئەم "ساتەوەختە پۆپۆلیستیە"ی کە ئێمە لە ئەوروپا دەیبینین ئاماژە بە "گەڕانەوەی سیاسەت" دەکات. ئەو گەڕانەوەیەی کە ڕەنگە ڕێگا بۆ چارەسەرێکی دەسەڵاتگەرییانە –لە ڕێگەی ئەو ڕژێمانەوە کە دامەزراوە لیبراڵ-دیموکراتییەکانیان لاواز کردووە- بکاتەوە، بەڵام ڕێیشی تێدەچیت ببێتە مایەی دووبارە تۆخکردنەوەی و قووڵکردنەوە بەها دیموکراسییەکان. هەموو شتێک پشت بە جۆری ئەو پۆپۆلیزمە دەبەستێت کە سەرکەوتنی خۆی لە خەبات دژ بە پۆست-سیاسەت و پۆست-دیموکراسیدا پیشان دەدات.

**سەرچاوە:**

5 The populist challenge :CHANTAL MOUFFE December 2016
https://www.opendemocracy.net/democraciaabierta/chantal-mouffe/populist-challenge

# (6)
# ساتەوەختی پۆپۆلیستی

**شانتال موفە**

ئـێمە ئێسـتا ئەزمـوونی "سـاتەوەختی پۆپۆلیسـتی" دەکەین. ئەمە خـاڵێکی تەوەرییە بۆ دیموکراسییەتەکەمان، بـۆ ئەوانەی، کە داهاتوویـان بەنـدە بە وەڵامـدانەوەی ئەم تەحەدایەوە. بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئەم دۆخە، پێویسـتە ڤێـرژنە سـاکارەکەی میـدیا وەلابنێین، کە پۆپـۆلیزم تەنیـا وەک دیمـاگۆژییەت وێنـا دەکـات و پشـتیوانیی لە ڕوانگەیەکی شیکاریی دەکات. من پێشنیار دەکەم پەیڕەوی لە ئەرنسـتۆ لاکـلاو بکەیـن کە پۆپـۆلیزم وەک ڕێگـایەک پێناسە دەکات بۆ بنیاتنانی سیاسەت لە ڕێگەی دامەزراندنی سنوورێکی ئەو تۆی سیاسـی کە کۆمەڵکە دابەش دەکـات بەسـەر دوو کەمپـدا، ئەمەیـش لەپێنـاو بانگەشـەکردن بـۆ بزووانـدنی "ژێردەسـتەکان" دژ بە دەسـەڵاتداران (سەردەستەکان).

پۆپـۆلیزم نە ئایـدیایۆلۆژیایە و نە ڕژێمێکـی سیاسـی، بۆیە ناکرێت بدرێتە پاڵ ناوەڕۆکێکی پراگماتیکیی تـایبەتی. پۆپۆلیزم لەگەڵ چەندین فۆڕمی جیاوازی حکومەتدا هاوتـا دێتەوە. ڕێگایەکە بۆ ئەنجامدان و مومارەسـەی سیاسـەت کە دەشـێت بە گـوێرەی کـات و شـوێن چەنـدین فـۆڕمی جیـاواز وەربگرێـت. پۆپـۆلیزم ئەو کـاتە دەردەکەوێـت کە یەک ئامـانج سـوبێکتێکی نـوێی ئەکتـی دەسـتەجەمعی دروسـت بکـات (واتە خەڵـک) کە بتوانێـت دووبـارە نەزمـی کـۆمەڵایەتی تیاژیـان وەک نەزمێکـی نـا- دادپەروەرانە دەربخات و کۆمەڵگە دابڕێژێتەوە .

نمـوونەی ئەم خـاڵە، سـەرکەوتنە نوێیەکـانی فـۆڕمە پۆپۆلیسـتییەکانە لە سیاسـەتدا لە ئەوروپـا کە دەربـڕی قەیرانێکن لە سیاسەتی لیبراڵ-دیموکراتیدا. ئەمە هۆکـاری نزیکبـوونەوەی چەنـدین دیـاردەیە لە یەکتـری کە لەم سـاڵانەی دواییـدا کاریگەرییـان لەسـەر ئەو بارۆدۆخـانە هەبووە کە دیموکراسییەتیان تێدا پیادە دەکرێت. یەکەمـین دیـاردە ئەوەیە کە پێشـنیارم کـردووە پێیـی بووترێـت "پۆسـت-سیاسـەت"، ئەمەیـش وەک ئامـاژەیەک بـۆ تەڵخبوون و بەیەکداچوونی سنوورە سیاسییەکان لەنێوان ڕاسـت و چەپـدا. ئەمە بەرەنجـامی درووسـتبوونی کـۆدەنگییە لەنێـوان ئەو حزبـانەدا کە سـەر بە ڕاسـتی میانڕەو و چەپی-میانڕەون لەسـەر ئەو ئایدیایەی کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ جیهانگیریی نیولیبراڵ بوونی نییە. لەژێر فرمانی "مۆدێرنیزەیشن"دا، ئەوان ڕازیی بوون بە فەرمان

(diktats)ـی کاپیتـالیزمی دارایـی جیهـانی و ئەو سـنوور و کۆتوبەنـدانەی، کە بەسـەر دەسـتێوەردان و سیاسـەتەکانی بـواری گشـتی(public policies) ـدا سـەپێنراون. ڕۆڵـی پەرلەمانەکان و ئەو دامەزراوانەی کە ڕێگە بە هاوولاتیـان دەدەن کاریگەریان لەسـەر بڕیارە سیاسییەکان هەبێت بە خێراییەکی زۆر کەمبوونەتەوە. ئەو تێگە(notion) یەی کە دڵـی ئایـدیاڵی دیموکراسـییەتی دەنوانـدەوە وەلانـراوە و پشـتگوێخراوە، واتە ئەم کـۆڵەکەیە: دەسـەلاتی خەڵـک. لەمـڕۆدا، قسـەکردن لەبـارەی دیموکراسـییەتەوە تەنیـا بـۆ ئەوەیە ئامـاژە بکـات بە هەبـوونی هەڵبژاردنەکـان و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ .

ئەم بەرەوپێشـچوونە، بەبـێ ئەوەی پێشـکەوتنێک بێـت بەرەو کۆمەڵگەیەکی پێگەیشـتوو (وەکـو هەنـدێ کـات ئەمە دەدەن بە گوێمانـدا)، زۆربەی ئەو پێشـهاتانەی لەبەرچـاو گرتـووە کە بەسـەر مـۆدێلی ڕۆژئـاوایی دیموکراسـییەتەکەماندا هـاتووە، مۆدێلێـک کە بە زۆریـی پێیدەوترێت "لیبراڵ دیموکراسـی". ئەم مۆدێلە بەرەنجـامی بەیەکگەیشـتنی دوو نەریـتە لەگەڵ یەکتریـدا. یەکەمییـان نەریتی لیبراڵیی سەروەریی یاسـایە، کە وا لە دابەشـبوونی دەسـەلاتەکان و جەختکـردنەوە لەسـەر ئـازادیی تاکـدا. دووەمیشیان نەریتی دیموکراسیی یەکسانی و سـەروەریی خەڵکە. بە دڵنیـاییەوە ئەم دوو لـۆژیکە سیاسـییە لەدوایین سـنووردا لە گونجـانبەدەر(irreconcilable) ـن، چـونکە هەمیشـە دڕدۆنگییەک هەیە لەنێـوان بنەماکـانی ئـازادی و

بنەماکـانی یەکسـانیدا. بەڵام ئەم دڕدۆنگییـەیە، بـۆ مـۆدێلە دیموکراسـییەکەی ئـێمە کـارکردنێکی بنیـاتنەرە، چـونکە دەستەبەری فرەیی دەکات .

بە درێژایی مێژووی ئەوروپا، دانوستاندنێک هەبووە لە ڕێـگەی خەبـاتێکی "ڕکـابەرانە(agonistic) "وە لەنێـوان "ڕاسـت" و "چەپ" دا؛ یەکەمیـان لە هەمـوو شـتێ زیـاتر ئـازادی دەنرخێنێت و دووەمیـان لە هەمـوو شـتێ زیـاتر یەکسانی دەنرخێنێت. سنووری نێوان ڕاست/چەپ هەتابێ زیـاتر کـاڵ دەبێـتەوە و تێکەڵـوپێکەڵ دەبێـت، ئەمەیـش بەهۆی کورتکردنەوە و قەتیس کردنی دیموکراسییەت لە ڕەهەنـــــــدە لیبراڵییەکەیـــــــدا؛ لە هەرشـــــــوێنێک ڕووبەڕووبـوونەوەی ڕکابەرییـانە لەنێـوان دوژمنەکانـدا ]بەشێوەی ئەنتاگۆنیزم[ ڕوویـدابێت فەزای کراوە ونبووە، لەمڕۆیشـدا خولیـای دیمـوکراتی چیتـر ناتوانێـت لەنێـو چوارچێوە نەریتییە سیاسییەکاندا کەناڵەکانی دەربڕین بۆ خـۆی بـدۆزێتەوە[ (demos) .خەڵـک بە واتـا یۆنـانییە کـۆنەکەی[، خەڵکـی خـۆ-سـەروەر، وەک کـاتیگۆرییەکی "زۆمبـی" وێنادەکرێـت، هەر لەبەرئەمەیە ئێسـتا ئـێمە لە کۆمەڵگە "پۆست-دیموکراسیەکان"ـ دا دەژین .

ئەم گـــۆڕانە لە ئاســـتە سیاســـییەکەدا، کە لەنێـــو کۆنتێکستی فۆرمـولەی هەژمـوونی "نیولیبراڵی" ـی نوێ (new 'neo-liberal' hegemonic formulation)دا ڕوویـداوە، لەڕێـــگەی فـــۆڕمێکی شـــەرعیکردنی ســـەرمایەدارییەوە تایبەتمەنـــدیی خـــۆی وەرگرتـــووە کە تێیـــدا ڕۆڵـــی

سەرمایەداریی دارایی لە سەنتەردایە. ئێمە دەبینین بە خێرایی ئاستی نایەکسانی بەرز دەبێتەوە، کاریگەریی ئەمەیش تەنیا لە سەر چینی کرێکار ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر بەشێکی گەورەی چینی ناوەندیش هەبووە، واتە ئەو چینەی کە خراوەتە نێو پرۆسەی نەدارخستن (pauperization) و نا-دڵنیایی (precarization)ـەوە. ئەو کاتە دەتوانین لەبارەی دیاردەی ڕاستەقینەی "بەئۆلیگارشیکردن(oligarchization) "ی کۆمەڵگەکانمانەوە بدوێین .

لەم هەولومەرجانەی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، ئەو هەمەجۆرییەی کە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوتووە، بەرپەرچی دیاردەی پۆست-سیاسەت و پۆست-دیموکراسی دەداتەوە. ئەو بزووتنەوانە وا بانگەشە دەکەن ئەو دەنگە بۆ خەڵک دەگەڕێننەوە کە دەستەبژێرەکان لێیان زەوت کردوون. بە چاوپۆشی لەو فۆڕمە کێشەئامێزانەی، کە هەندێک لەم بزووتنەوانە هەیانە، گرنگە دان بەوەدا بنێین کە ئەمانە دەربڕی خولیای دیموکراتیی شەرعیین. وێرای ئەوەیش، دەکرێت خەڵکی بە زۆر ڕێگای جۆراو جۆر دروست بکرێن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەموو ئەم بزووتنەوانە بە ئاراستەی پێشکەوتنخوازانەدا ناڕۆن. لە چەندین وڵاتی ئەورووپیدا، ئەم خولیایە بۆ سەروەریی فەرمانڕەوایەتی لەلایەن حزبە ڕاستڕەوەکانەوە دەستی بەسەرداگیراوە، کە دەیانەوێت خەڵک لەڕێگەی گوتاری "کزینۆفۆبیک "

( xenophobic)ـەوە دروست بکەن، گوتارێک کە کۆچبەران سەرکوت دەکات و دووردەخاتەوە، چونکە وەک هەڕەشە بۆ سەر گەشەکردنی نەتەوەیی پیشانیان دەدات. ئەم حزبانە خەڵکێک دروست دەکەن کە داوای ئەوە دەکات ئامانجە دیموکراسییەکان تەنیا لە بەرژەوەندییەکانی ئەو کەسانەدا قەتیس بکرێن کە بە "هاونیشتمانی ڕاستەقینە" دادەنرێن. تاکە ڕێگایەک بۆ ڕێگەکردن لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەو جۆرە حزبانە و ئینجا دژایەتیکردنی ئەوانەی، کە هەمیشە ئەم حزبانەیان دروستکردووە ئەوەیە خەڵکێکی دیکە دروست بکرێت، بەرەو بە بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستی پێشکەوتنخواز بدرێت کە خولیا دیموکراتییەکان پەسەند بکات و ئاراستەیان بکات بەرەو بەرگریکردن لە یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی .

ئەوە غیابی حیکایەتێکە کە بتوانێت فەرهەنگێکی دیکە بخاتە بەردەست بۆ دارشتنەوەی داخوازییە دیموکراتییەکان و ئەوە ڕوون بکاتەوە کە پۆپۆلیزمی ڕاسترەو دەنگدانەوەیەکە لەنێو چەندین کەرتی کۆمەڵایەتیدا کە هەتا بێ زیاتر دەبن. ئەمە کارێکی زەرورییە بۆ ریالیزەکردنی ئەوەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە پۆپۆلیزمە، چیتر سەرزەنشتە ئاکارییەکان و بەشەیتانیکردنی پشتیوانانی ئەو پۆپۆلیزمە کار ناکەن. ئەم ستراتیژییەتە بە تەواوەتی دژەبەرهەمهێنان(counterproductive) ـە، چونکە سەرلەنوێ گوشار دەخاتەوە سەر هەستە دژە-دامەزراندنی-anti)

(establishment)ی چینە پۆپۆلارەکان. لەبری ئەوەی ئەو داخوازییانە بە داخوازی نا-هاوتا دابنرێن، پێویستە بەشێوازێکی پێشکەوتخوازانە فۆرمولە بکرێنەوە، دووژمنایەتی وەها پێناسە بکەن کە بەگژداچوونەوەی ئەو هێزانەیە کە پرۆژەی نیولیبراڵی بەهێز دەکەن و برەو پێدەدەن. ئەوەی لە دامەزراندنی ویستی بەکۆمەڵدا لە گرەودایە بریتییە لە دروستکردنی هەماهەنگییەک لەنێوان فرەچەشنی(multiplicity) ی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە کۆمەلایەتییەکاندا، واتە لەنێوان ئەوانەدا کە ئامانجیان قووڵکردنەوەی دیموکراسییەتە. جا لەبەرئەوەی زۆربەی کەرتە کۆمەڵایەتییەکان گیرۆدەی کاریگەرییەکانی سەرمایەداریی دارایین، کەوایە پۆتێنشیەڵێک هەیە بۆ ئەم ویستە بەکۆمەڵە تاوەکو خاسیەتێکی یەکلاکەرەوەی هەبێت کە دابەشکاریی ڕاست-چەپ وەک دروستکراوێکی نەریتی تێدەپەڕێنێت .

بۆ ئەوەی بگەینە ئاستی ئەو تەحەدایەی کە ساتەوەختی پۆپۆلیزم لە داهاتووی دیموکراسییدا دەریدەخات، پێویستمان بە سیاسەتێکە کە دڕدۆنگییە ڕکابەرییەکە لەنێوان لۆژیکی لیبراڵ و لۆژیکی دیموکراسیدا دروست بکاتەوە. جیاواز لەو بۆچوونەی کە هەندێکات ئەرگومێنتی بۆ دەهێنرێتەوە، ئەم کارە دەشێت ئەنجام بدرێت بە بێ ئەوەی دامەزراوە دیموکراتییە سەرەکییەکان ڕووبەڕووی مەترسی بکرێنەوە. کاتێک پۆپۆلیزم بەشێوازێکی پێشکەوتنخوازانە وێنا دەکرێت و

نـــابێتە لادان و دەرچـــوون لە دیموکراســـی، ئەوا لەمەدا دامەزراوەکـان گونجـاوترین هێـزی سیاسـین بـۆ هێنـانەوە ئارا و فراوانکردنی دیموکراسی لە ئەوروپای ئەمڕۆدا .

**سەرچاوە :**

CHANTAL MOUFFE: The populist moment, Translated from Spanish by Teresa Sastre, 21 November 2016.

https://www.opendemocracy.net/democraciaabierta/chantal-mouffe/populist-moment

# بەشی سێیەم

## مەترسیی زیاتری پۆپۆلیزم

***هێرش بۆ سەر بەهاکانی مافی مرۆڤ***

کێنیس ڕۆس

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

مافەکانی مرۆڤ بۆ پارێزگاریکردن لە خەڵکی، لەوەی کە لە لایەن حکومەتەکانەوە نەچەوسێنرێنەوە و فەرامۆش نەکرێت، پەیدابووە. حکومەتەکان کۆتوبەند دەکات تاوەکو نەتوانن ئەو کارانە بکەن کە دەتوانن بیکەن، ئەرک بەسەر ئەم دەوڵەتانەدا دەسەپێنێت تاوەکو شێوازی مامەڵە و هەڵسوکەوتی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام لەمڕۆدا نەوەیەکی پۆپۆلیست سەریانهەڵداوە کە ئەم پارێزبەندییە سەرەوخوار هەڵدەگێڕنەوە. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە بە ناوی "گەل" و "خەڵک"ەوە دەدوێن، کەچی ڕاستییەکەی لە مافەکاندا، بەربەست لەبەردەم وەدیهاتنی ویستی زۆرینەدا دەبینن، لە ئەنجامی ئەمەیشەوە نایانەوێت وڵات لە ئەگەری مەترسی و خراپەکان بپارێزن. لەبری ئەوەی مافەکان وەها قبووڵ بکەن کە پارێزگارییە لەهەمووان، دەچن بەرژەوەندیی زۆرینەی ڕاگەیەنراو دەخەنە سەرووی هەموو شتێکەوە، هانی خەڵکی دەدەن تاوەکو باوەڕێکی مەترسیدار وەربگرن: ئەوان هەرگیز پێویستیان بە داکۆکیکردن لە مافەکانیان دژ بە حکومەتی باڵادەست نییە، چونکە حکومەت بە ناوی ئەوانەوە حوکم دەکات .

سەرنجڕاکێشیی پۆپۆلیستەکان هەتا بێت لەگەڵ زیاتربوونی نیگەرانی و تووڕەیی خەڵکیدا لە دۆخی ئێستا، زیاتر دەبێت. لە ڕۆژئاوا، خەڵکانێکی زۆر وا هەست دەکەن بەهۆی گۆڕانە تەکنۆلۆژییەکان، جیهانگیریی ئابووری، زۆربوونی جیاوازییەکان و کەلێنە چینایەتییەکانەوە، لە کاروانەکە دواکەوتوون. ڕووداوە تیرۆریستییە دڵتەزێنەکان ترس و نیگەرانی دەخەنە دڵی خەڵکییەوە. هەندیک لەو خەڵکانە لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا

هەست بە ئاسوودەیی ناکەن، کۆمەڵگەکانیشیان لە ڕووی ئێتنیکی و ئایینییەوە هەمەجۆرتر بوون. هەتابێت ئەو هەستە زاڵتر دەبێت کە حکومەت و فەمانڕەواکان ئاگایان لە کاروبار و خەمی خەڵکی نامێنێت .

لەم نیگەرانییە تێکەڵوپێکەڵ و فرە ڕەهەندەدا، هەندێک کەسایەتی و ڕەوتی سیاسی گەشە دەکەن، بگرە دەسەڵاتیش دەگرنە دەست، لە سەربنەمای ئەوەی گوایە مافەکان تەنیا هاوکاریی ئەو کەسانە دەکەن کە تۆمەتی تیرۆریان لەسەرە، یان یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن کە لەسەر حیسابی ئاسایش و خۆشگوزەرانیی ئابووریی و بالایەتییە کولتوورییەکانی زۆرینەی گریمانەیی، داوای پەنابەرێتی دەکەن. ئیدی لەمەوە پەنابەران و کۆچبەران دەکەنە قۆچی قوربانی. زۆرجار لەمەدا حەققیقەت دەبێتە قوربانی، کەچی نەتەوەپەرستی، دژایەتیی بێگانە، ڕەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی ئیسلام هەتا بێت ڕوو لە هەڵکشان دەکات .

ئەم ئاڕاستەیە هەڕەشەی لە نێوبردن و خاپورکردنی جووڵە و گەشتی مافە هاوچەرخەکانی مرۆڤ دەکات. ئەم جووڵەیە لە سەرەتاکانیدا سەرقاڵی کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و چەوساندنەوەی سەردەمی جەنگی سارد بوو. کاتێک ئەو خراپەکارییانە دەردەکەوتن کە حکومەتەکان دەیانتوانی پێشی پێبگرن. دەوڵەتان پشتیوانییان لە زنجیرەیەک پەیماننامە و ڕێکەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ کرد تاوەکو سنوورێک بۆ پێشێلکارییەکان دابنێن. ڕوونبوو کە بەرگریکردن لەو

مافانە پێویست بوو تاوەکو تاکە کەسەکان بتوانن بە ڕێزەوە بژین. ڕێزگرتنی زیاتر لە مافەکانی مرۆڤ بنچینەی سەرەکیی ئەو کۆمەڵگایانە بوو کە ئازادتر و ئارامتر و گەشەسەندووتر بوون .

بەڵام لەمڕۆدا، خەڵکانێکی زۆر چیتر وا نازانن مافەکانی مرۆڤ لە دەوڵەت دەیانپارێزێت، بەڵکو بەربەستێکن لە بەردەم دەوڵەتاندا لەوەی پپارێزگارییان لێ بکەن دژ بە ڕەگەزەکانی دیکە. بۆ نموونە ئەم مافانە ناهێڵن حکومەتەکان پاریزگاریی لە خەڵکە ئەسڵییەکە بکەن دژ بە پەنابەران. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا، کۆچ لە سەرووی لیستی هەڕەشەکاندایە، لەوێدا ترسەکان دەرەبارەی شوناسی کولتووری و هەلی ئابووری و تیرۆریزمدا بەنێو یەکتردا چوون، یان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ بوون. توێژێکی گەورەی خەڵکی دەستیان کردووە بە هاندانی پۆپۆلیزم، پێیانوایە مافەکانی مرۆڤ تەنیا "ئەوانیتر" دەپارێزن و ئەمان ناپارێزن، کەواتە دەبێت لە کۆتوبەندی مافەکان ڕزگاربببین. پۆپۆلیستەکان دەڵێن، ئەگەر زۆرینەی گەل دەیانەوێت مافەکانی پەنابەران و کۆچبەران و کەمینەکان کۆتوبەند بکەن، ئەوا دەبێت لەم ڕووەوە سەرپشت بکرێن و بەربەستێکی ئەوتۆیان لەبەردەمدا نەبێت. ئیدی لەمەوە هەڵوەشانەوەی پەیماننامەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، تەنیا کینە بەرامبەر مافەکان لە جیهاندا دەهێنێتە جۆش، ئەم

جیهـــــانەیش دەبێـــــتە جیهـــــانێکی خۆپەرســــــتانە و نەتەوەپەرستانە لەسەر حیسابی کرانەوە بەسەر جیهاندا .

ڕەنگە مرۆڤ بە ئەستەم هەست بەوە بکات کە لەگەڵ ئەوانیتـری جیـاواز لەخۆیـدا هاوشـوناس بـووە، کەچـی ئاسان قبووڵی پێشێلیکردنی مافەکانیان دەکات. خەڵکی بە گریمـانەیەکی مەترسـیدار خۆیـان دەترسـێنن، ئەویـش ئەمەیە: دەشـێت یاسـا بە شـێوەیەکی گـوڵبژێرانە جێبەجـێ بکرێـت، بەو واتـایەی کە دەتـوانن مافەکـانی خەڵکـانی تـر پێشێل بکەن، بەڵام مافی خۆیان هەر بپارێزن .

بەڵام مافەکان، هەر بە سروشتی خۆی، گوڵبژێرکردن ڕەتدەکاتەوە. ڕەنگە دراوسێکەت خۆشنەوێت، بەڵام ئەگەر لەمڕۆدا مافەکانی ئەوانی تر بەهەدەر بدەیت، ئەوا ڕەنگە سـبەی مـافی خۆیشـت بخەیـتە مەترسـییەوە، چـونکە لە کۆتاییدا مافەکان پشت بە ئەرکێکی دوولایەنە دەبەستن، پشـت بەوە دەبەسـتن بەو جـۆرە مـامەڵە لەگەڵ ئەویتـردا بکەیت کە خۆت پێتخۆشـە ئەویش وەها مامەڵەت لەگەڵدا بکـات. پێشـێلکردنی مـافی هەنـدێک خەڵـک، لاوازکرنـی پەیـــکەری مافەکـــانی مـــرۆڤە کە بەناچـــاری ئەنـــدامانی گریمانەکراوی زۆرینە پێویستیان پێیەتی؛ ئەو زۆرینەییەی کە بەناوی ئەوانەوە پێشێلکارییەکان دەکرێن .

ئـــێمە بەوە خۆمـــان دەخەیـــنە مەترســـییەوە کە دیماگۆژییەتی ڕابردووی فاشیستەکان و کۆمۆنیستەکانن و هاوشـــێوەکانیان لەبیـــر بکەیـــن، ئەوانە کە بانگەشـــەی ئەوەیان دەکرد گوایە ئەوان دەزانن بەرژەوەندیی زۆرینە

چییه و کامەیە، دواجار تاکەکەسیان یەخسیر کرد. کاتێک پۆپۆلیستەکان مافەکان وەک بەربەست لەبەردەم بەڕێوەبردنی زۆرینەدا دەبینن، ئەوا هەڵگەڕانەوەیان بەسەر ئەو شتانەدا کە لەگەڵ ئەجنداکەی خۆیاندا ناگونجێت، تەنیا مەسەلەی کاتە. دۆخەکە لەمەیش مەترسیدارتر دەبێت کاتێک پۆپۆلیستەکان هێرش دەکەنە سەر سەربەخۆیی دادگا، لەو ڕووەوە کە دادگا پەیوەستە بە سەروەریی یاساوە؛ واتە سەپاندنی کۆتوبەند بەسەر هەڵسوکەوت و کردارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا .

ئەم بانگەشانە بۆ پەیڕەویکردنی بێکۆتوبەند لە بۆچوونی زۆرینە و هەروەها هێرشکردنە سەر ئەو دیسپلینانەی کە دەسەڵاتی حکومەت کۆتوبەند دەکەن، ڕەنگە گەورەترین مەترسیی بن کە لە مڕۆدا دیموکراسییەتەکانی ڕۆژئاوا خەریکە تووشی دێن .

**بڵاوبوونەوەی مەترسی و کاردانەوەی ساردوسڕ :**

لەبری ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەوژمە پۆپۆلیستییە، وا پێدەچێت هەندێک بەرپرسی سیاسیی ڕۆژئاوا متمانەیان بە مافەکانی مرۆڤ نەمابێت، تەنیا پشتیوانییەکی ساردوسڕی لێ بکەن. کەمن ئەو بەرپرسانەی کە ئامادەن بە توندی و بەهێز داکۆکیی لێ بکەن، جگە لە ڕاوێژکاری ئەڵمانی "ئەنجێلا مێرکل" و سەرۆک وەزیرانی کەنەدا "جۆستین ترۆدۆ" و سەرۆکی پێشووی ئەمریکا "باراک ئۆباما ."

وادەردەکەوێـت هەنـدێک سـەرکردە سـەری خۆیـان کردووە بژێر خۆڵدا، بە ئومێدی ئەوەی باهۆزی پۆپۆلیزم تێپەڕێـت. ئەوانیتـریش ئومێـدیانوایە ڕەوتـی پۆپـۆلیزم لە دەسەڵاتیان کەم بکاتەوە، هەڵبەت ئەگەر خۆیان بەتەمای ئەوە نەبـن سـوود لە هەسـتە پۆپۆلیسـتییەکان وەربگـرن. سـەرۆک وەزیرانـی بەریتانیـا "تێرێـزا مەی" ڕەخـنەی لەو پاریزەرە چەپانە گرت کە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا کار دەکەن و وتـــــــی «ئەوان جەســــــــارەتی ئەوە دەکەن ڕووبەڕووی هێزەکـانی بەریتانیـا ببـنەوە سـەبارەت بە ئەشـکەنجەدان لە عێـراق. سـەرۆکی فەرەنسـا "فرانسـوا ئۆلاند" کۆتەیشنێکی لە دەلیلی "بەرەی نیشتمانی" هێنایەوە و دەیەویست ئەو کەسانەی خاوەنی دوو ڕەگەزنامەن و لە فەرەنسـا لەدایکبـوون، لە ڕەگەزنامەکانیـان بێـبەش بکرێن، ئەمەیشی کردە بەشێکی سەرەکی لە سیاسەتەکانی دژ بە تیرۆریسـتەکان، دواتـر بە شکسـتەوە وازی لەم دەستپێشخەرییە هێنا. حکومەتی هۆڵەندی پشتیوانی لەوە دەکات کە ڕێگری بکرێت لەوەی ژنانی موسوڵمان پەچە و عەبا و شتی لەم بابەتە بپۆشـن، یان لانی کەم ئەم جۆرە پۆشـاکە کۆتوبەند بکرێت. بەشێکی تر لە سـەرکردەکانی ئەوروپـا پشـتیوانی لە بانگهێشـتەکەی سـەرۆک وەزیرانـی هەنگاریـا "فیکتـۆر ئۆربـان" دەکەن بۆ داخسـتنی سنوورە ئەوپەڕییەکـان و هێشـتنەوەی پەنـابەران لە دۆخێکـی سەختدا. دەبێت لاساییکردنەوە پۆپۆلیستەکان بەم شێوەیە ئەو سیاسـییانە بەهێـز بـکەنەوە کە هێـرش دەکەنە سـەر مافەکانی مرۆڤ و ڕەوایەتییش بەم هیرشانە دەدەن .

دەتــوانین لە دەرەوەی جیهــانی ڕۆژئــاواییش هەمــان خواست ببینینەوە. وا پێدەچێت هەڵکشانی پۆپۆلیستەکانی ڕۆژئـاوا هـانی چەنـد سـەرۆک و سـەرکردەیەکی دیـکەی دابێت کە مافەکای مرۆڤ پێشێل بکەن. بۆ نموونە، کرێملن بە توونـدی بەرگریـی لە فەرمــانڕەوایەتی سـتەمگەرانەی ڤلادیمێر پوتن دەکات و پێیوایە حوکمی ئەم سەرکردەیە لە لیســتی مافەکــانی مرۆڤــی ڕۆژئــاوا، کە خەریــکە تێکدەشـێکت، خراپتـر نیـیە. هەروەکـو پـوتنیش، سـەرۆک "شـی جین بینگ" هەڵمەتێکی زۆر بەفراوانی دژ بە دەنگە ئۆپۆزسـیۆنەکانی وڵاتەکەی دەسـتپێکردووە کە لە مـاوەی دوو دەیەی چینــدا گەورەتــرین هەڵــمەتە. لە تورکیــایش ســەرۆکی تورکیــا "ڕەجەب تەییــب ئەردۆگــان"، هەوڵــی کودەتــای قۆســتەوە بــۆ کپکردنــی دەنگــی نەیــاران و بەرهەڵســتکاران. "عەبــدولفەتاح سیســی"ی ســەرۆکی میســریش هەڵــمەتە چەوسـێنەرەکانی خـۆی، کە لە دوای کودەتاکەیەوە دەستی پێکردووە، فراوانتر کرد. "ڕۆدریگۆ دی ڕۆرتـی"ی سـەرۆکی فیلیپینیش بە ئاشکرا بانگەشـەی لەسـێدارەدانی ئەو کەســانە دەکــات کە تۆمەتبــارن بە ئالوودەبوون بە مادە هۆشـبەرەکان و بازرگـانیکردن بەم مادانە، بە بێ ئەوەی ئەو کەسانە دادگایی بکرێن – بگرە ئەو مافناســانەیش لەسـێدارە دەدرێــن کە بەرگرییــان لێدەکەن-. سـەرۆکوەزیرانی هندسـتانیش "نارینـدا مۆنـدی"، هەوڵیــدا ڕێکخــراوە ئۆپۆزســیۆنەکانی ڕێکخــراوە مافناسـییەکان بێدەنگ بکـات، کەچـی چاوپۆشـیکردن لەو هەڕەشــە و تــاوانە کینەبــازانەی کە نەتەوەپەرســتە

هندۆستەکان دژ بە کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان ئەنجامیان دا و ئەنجامی دەدەن. "بەشار ئەسەد"ی سەرۆکی سوریایش، یاسا نیودەوڵەتییەکانی جەنگی کێشا بە دیواردا و وردوخاشی کرد، دەیزانی کە هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە، دەیزانی ناڕەزایەتییە ڕووکەشانەکانی ڕۆژئاوایش شتێکی ئەوتۆ نین، پشتیشی بە ڕوسیا و ئێران و "حزب الله"ی لوبنانی بەست، بۆیە بە کوێرانە هێرشی کردە سەر خەڵکانی مەدەنیی ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی پۆئۆزسیۆندا بوون، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی حەڵەبیش. لە ئەفریقا، هەندێک سەرکردە، کە لە لێپێچینەوەی لۆکاڵی و نیودەوڵەتی دەترسان، ڕەخنەیان لە "دادگای تاوانی نێودەوڵەتی" گرت و سێ لەوانە لێی کشانەوە .

بۆ بەرگرتن بەم شەپۆل و ئاڕاستانە، زۆر پێویستمان بە دووبارە جەختکردنەوەیە لەسەر بایەخی مافەکانی مرۆڤ. دەشێت شپرزەیی سیاسەتمەداران و سەرکردەکان بە هۆی هەڵکشانی پۆپۆلیزمەوە قبووڵ بکەین و ناچاریان بکەین دووبارە کارتەکانیان ڕیزبکەنەوە، بەڵام هەرگیز شیاو نییە واز لە بنەمای مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ بهێنرێت، نە لە لایەن خۆیانەوە و نە لە لایەن خەڵکەوە. حکومەتە مولتەزیمەکان بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ خزمەتی باشتر بە گەلانی خۆیان دەکەن، چونکە لە فەساد، گەندەلی، خرگەورەکردن و دەست-تێکەڵکردن دوورن کە زۆرجار ئەمانە سیفەتی فەرمانڕەوایەتی ستەمگەرانەن. ئەو حکومەتانەی کە لە

سەربنەمانی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا دامەزراوون، باشتر دەتوانن گوێیان لە هاووڵاتییەکانیان بێت، باشتر دەتوانن دەرک بە دۆز و کێشەکانیان بکەن و ئاوڕیان لێبدەنەوە. ئەم جۆرە حکومەتانەی کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن، هەر کاتێک گەل لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنیان ڕازیی نەبێت، دەکرێت بە ئاسانی بگۆڕدرێن .

بەڵام ئەگەر ئەفسونی مرۆڤی بەهێز هەژموون بکات و دەنگی دەرماگیری بەرز ببێتەوە، جیهان دەچیتە قۆناغێکی تاریکەوە. نابێت دیماگۆژییەکان بە کەم بگرین، ئەوان بە ناوی ئێمەوە لەمڕۆدا قوربانیی بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن، ئەمەیش لەو پێناوەدایە کە سبەینێ هەر کاتێک ئەولەوییەتە ڕاستەقینەکەی خۆیان –واتە مانەوە لە دەسەڵاتدا- کەوتە بەردەم مەترسی، ئێمەیش دەست لە مافەکانی خۆمان هەڵبگرین .

**وتارە مەترسیدارەکەی ترەمپ :**

هەڵمەتەکەی دۆناڵد ترەمپ سەرکەوتنی بەدەستهێنا و گەیشتە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەمەیش باشترین نموونەیە بۆ ئەم سیاسەتی دەمارگیرییە. ترەمپ، دەمێک بە ئاشکرا و دەمێک بە شاراوەیی، ئاوڕی لەوەدایەوە کە داکشانی ئابووری و فرەجۆربوونی زیاتری کۆمەڵگە، زۆرێک لە ئەمریکییەکانی پەست و بێتاقەت کردووە. بەشێوەیەک ئەمەی قۆستەوە کە لێکدژ بوو لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ڕێز و یەکسانیدا. ئەو

وێنەیەکی ڕۆتینی و باوی دەربارەی کۆچبەران کێشا، وێنەیەکی خراپەکارانەی بۆ پەنابەران دانا، هێرشی کردە سەر یەکێک لە دادوەرەکان هەر لەبەرئەوەی بە ئەسڵ مەکسیکی بوو، گاڵتەی بە ڕۆژنامەنووسێک کرد کە خاوەن پێداویستی تایبەت بوو، چەندین تۆمەتی دەستدرێژیی سێکسی فەرامۆش کرد، بەڵێنیدا لەو مافانەی ژنان پاشگەز ببێتەوە کە مافی کۆنترۆڵکردنی وەچەخستنەوەیان پێدەدات .

ئەوەی دۆخەکەی خراپتر کرد ئەوەبوو کە وتارەکەی لە ڕووی کردەییەوە بۆش و بەتاڵ بوو. بۆ نموونە، بەشێک لە هەڵمەتەکەی تەرکیزی کردبووە هێرشکردنە سەر ڕێکەوتننامە بازرگانییەکان و ئابووریی جیهانگیری، کەچی ئەو پەنابەرانەی کردە قۆچی قوربانی کە ناویان تۆمارنەکرابوون، بەوە تۆمەتباری کردن ئیش و کاری ئەمریکییەکان بۆخیان دەدزن. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو هەڵمەتی ڕاگواستنەی کە بەڵێنی دا، ڕاگواستنی ئەو کەسانەیش کە ڕابردوو، ڕەگێکی پتەویان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیە و بەشدارییەکی پۆزەتیڤیان لە ئابووری ئەو وڵاتەدا کردووە، سوودی نەبوو لە دووبارە وەرگرتنەوەی ئەو وەزیفە پیشەسازییانەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ماوەیەکی زۆرە لەدەستیداوە. هێشتایش خستنەسەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە زیادبووندایە، کەچی داتەپینی ئابووری هەندێک لە سەرمایەدارەکان ناکرێت ببەسترێتەوە بە کۆچبەرە تۆمارنەکراوەکانەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕێژەی ئەم

کۆچبەرانە زیادی نەکردووە؛ ئەمانە هەمیشە ئامادەبوون ئەو کارانە بکەن کە ئەمریکییەکان خۆیان نایانەوێت بیانکەن .

لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، پلانی ترەمپ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تیرۆرەی کە موسوڵمانەکان ئەنجامی دەدەن، پلانێکی بێبەرهەم بوو – بگرە بەرئەنجامی پێچەوانەی هەبوو–، چونکە وێنەی کۆمەڵگە موسوڵمانەکانی شێواند کە بەڵێنی ئەوەیان دابوو بۆ پێشخستنی پیلانگێڕییەکانی سبەی یارمەتیی بدەن. پەنابەرانی وەک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی وێناکرد، لە کاتێکدا ئەم پەنابەرانە دەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی وردەوە، لە هەموو ئەو کەسانە زیاتر لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت کە بە مەبەستی بازرگانی یان فێربوون یان گەشتیاریی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن. هەروەها ترەمپ هیچ ئامادەییەکی پیشان نەدا بۆ کەمکردنەوەی ڕێکارە وەرزکەرەکانی وەکو چاودێریی گشتی، ئەمەیش پێشێلکردنێکی ئاشکرای تایبەتمەندی و لایەنە کەسییەکان بوو، کەچی نەیتوانی بیسەلمێنێت لەو پاسەوانییە سەرکەوتووترە کە دەکەوێتە ژێر چاودێریی دادوەرییەوە .

لەمانەیش زیاتر، ترەمپ پێشنیاری ئەوەی کرد دووبارە ئەشکەنجەی وەکو نقومکردن لە ئاودا بەکارهێنرێتەوە، بەڵام لەبیریچوو کە جۆرج بوشی کوڕ بە بیانووی لێپرسینەوەی تیرۆریستانەوە، خەڵاتێکی گەورەی لەژێر ناوی "تەکنیکەکانی لێپرسینەوەی توند"دا پێشکەش

کـردووە. پـاش هەڵبـژاردن، لەم دواییـانەدا ترەمـپ دوای مشـــــتومڕکردن لەگەڵ ئەو جەنەراڵەدا کە لە بـــــالاترین پۆسـتی وەزارەتـی بەرگیـدا داینـابوو، بـۆی دەرکەوت کە ئەشکەنجە بێ سوودە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئامادەیی خۆی دەربڕیـــی کە بگەڕێـــنەوە بـــۆ ئەشـــکەنجە "ئەگەر گەلـــی ئەمریکـــی ئەمەیـــان بوویـــت". ڕەنـــگە ئەو شـــەرەفی جیێبەجێکردنـی ئەم ئـارەزووەی پـێ ببڕێـت، لەمەیشـدا سەرجەمی ئەو یاسا و ڕێکەوتننامانە فەرامۆش دەکات کە لە هەموو دۆخێکدا ڕێ لەو وەحشیگەرییە دەگرێت .

**شەپۆلی پۆپۆلیزم لە ئەوروپا:**

لە ئەوروپا، پۆپۆلیزمێکی هاوشێوەی ئەمریکا هەیە، کە هەوڵیـدا لـۆمەی کـۆچ و کـۆچبەران بکـات، چ لە دەرەوەی یەکێتـی ئەوروپـا بـۆ نێـو یەکێتـی ئەوروپـا و چ لە نێـو یەکێتیـی ئەوروپـا خۆیـدا، ویستیشـی ئۆبـاڵی داکشـانی ئـابووری بخـاتە ئەسـتۆی کـۆچبەران. لەگەڵ ئەوەیشـدا، ئەوانەی کە ئومێـدیان بەوە هەبـوو کـۆچ بوەسـتێت و وا بـکەن بە دەنگـدان بەریتانیـا لە یەکێتـی ئەوروپـا بچیـتە دەرەوە –کە ڕەنگە ئەمە ڕوونترین نموونەی ئەم خواستە بێت-، ئابووریی بەریتانیایان بەرەو دۆخێکی خراپتر برد .

لە هەمـــوو کیشـــوەری ئەوروپـــادا، بەرپرســـان و سیاســـییەکان خەون بەوەوە دەبیـــنن بگەڕێـــنەوە بـــۆ سـەردەمە کۆنەکـان، بۆ سـەردەمە خەیاڵییەکـانی پـاکژیی نەتەوەیـــی. هەڵـــبەت کەمیـــنە کۆچبەرەکـــان لە زۆربەی وڵاتاندا بەتەواوەتی جێگیر بوون و ڕێژەیـان زۆر نـاچێتە

سەرەوە، ئینجا وەک ئەندامی بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵگەدا ئاوێزان بوون، ئەمەیش وا دەکات کە ئەو دوژمنایەتییەی لە سەرەوە ئاراستەیان دەکرێت ئامانجەکانی نەپێکێت. لێرەدا پارادۆکسێکی تراژیدی لە سیاسەتە دژە کۆچبەرییەکانی هەندێک سەرکردەدا هەیە، وەک ئەوەی لە دۆخی "ئۆربان"دا هەیە لە هەنگاریا: ئەوروپا پێشوازی لەو کۆچبەرە هەنگارییانە دەکرد کە لە دەست ستەمی سۆڤییەتی هەڵدەهاتن، کەچی لەمڕۆدا، ئۆربان بە هەموو توانایەوە هەوڵدەدات ژیانی هەڵهاتوان لە جەنگ و ستەم نابوود بکات .

هیچ حکومەتێک مەجبور نییە هەر کەس لە دەرگاکەیدا بۆی بکاتەوە و پێشوازیی لێ بکات، بەڵام یاسای نێودەوڵەتی، ئەو ڕێوشوێنانەی دیاریی کردووە کە پێویستە بۆ ڕێگرتن لە کۆچ بگیرێنە بەر. دەبێت گوێ لەوانە بگرین کە داوای مانەوە و پەنادان دەکەن، ئەگەر داوکارییەکانیان دروست بوو، دەبێت پەنایەکی ئارامیان پێبدەین. نابێت هیچ کەسێک بگەڕێنرێتەوە بۆ نێو جەنگ یان بۆ ژێر چەوساندنەوە و ئەشکەنجە. جگە لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن، دەبێت مافی پەنابەریی بەو کەسانە بدرێت کە چەند ساڵێک لە وڵاتێک ماونەتەوە، یان پەرەیان بەو پەیوەندییانە خێزانییانە داوە کە شێوازێکە بۆ هاوتاکردنەوەی دۆخ و گوزەرانیان. نابێت بەندکردن بە زۆری زۆردارەکی بێت، دەبێت ڕێوشوێنی پەنابەریی یاسایی بگیرێنە بەر. هەر حکومەتێک دەتوانێت ڕێ لە پەنابەرانی ئابووریی بگرێت یان ڕێیان پێدات، بەو

مەرجەی ئەم ڕێوشوێنانە بە هەند وەربگرێت و ڕەچاویان بکات.

بەڵام جیاواز لە بانگەشەی پۆپۆلیستییەکان، دەبێت بە تەواوەتی ڕێز لە مافی ئەو کەمینە کۆچبەرانە بگیرێت کە بەشێوەیەکی یاسایی لە وڵاتێک ماونەتەوە و نیشتەجێ بوون. نابێت دەرهەق هیچ کەس لە نیشتەجێبوون و فێربوون و کاردا جیاکاریی بکرێت. هەموان بە ڕەچاوکردنی دۆخە یاساییەکەیان، مافی ئەوەیان هەیە پۆلیس بپانپارێزێت و مافیان لەوەدا هەیە لە دادپەروەریی سیستمی دادوەری بەهرەمەند بن. ئەگەر حکومەتەکان ڕێز لەم خاڵانە بگرن و ئەم ڕێوشوێنانە ڕەچاو بکەن، دەتوانن ڕێ بە هاتنەناوەوەی پەنابەرانی ئابووریی بگرن و دووبارە بیانگەڕێننەوە بۆ وڵاتانی خۆیان .

بەڵام وێڕای گلەیی و گازاندەی پۆپۆلیستەکان، دەبێت ڕێز لە مافەکانی ئەو گروپە کۆچبەرییانە بگیرێت کە بە گوێرەی یاسا لە وڵاتێکدا دەژین. نابێت ڕووبەڕووی هیچ جیاکاری و هەڵاواردن ببینەوە. دەبێت حکومەتەکان هاوکاریی پەنابەران بکەن و یارمەتییان بدەن بۆ ئاوێزانبوون و تێکەڵبوون و بەشداریکردن لە کۆمەڵگەدا. پێویستە بەرپرسەکان بە تایبەتی کینە و دەمارگیریی پۆپۆلیستەکان ڕەت بکەنەوە و جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە متمانەیان بە دادگا سەربەخۆ و بێلایەنەکان هەیە کە ئەرکیانە پارێزگاریی لە مافەکان بکەن. تەنانەت ئەگەر هەر وڵاتێکی جیهان هەمەجۆرتریش بێت، هێشتایش ئەو ڕێوشوێنانە باشترین دەستەبەریین بۆ پاراستنی

نەریتە دیموکراسییەکان، باشترین ڕێگەن بۆ گەشەسەندن و ئەمەیش سەلمێنراوە.

هەندیک لە سیاسییەکان، بە تایبەتیش سیاسییەکانی ئەوروپا، دژایەتیکردنی کۆچبەران –بە تاییبەتیش کۆچبەرانی موسوڵمان- بەوە پاساو دەدەن گوایە ئەوان دەیانەوێت ژنان بچەوسێننەوە و ستەم لە هۆمۆسێکسواڵەکان بکەن، هەر بەو جۆرەی لە وڵاتانی خۆیاندا دەیکەن، بەڵام بەرپەرچدانەوەی دروستی ئەو مومارەسە سەرکوتکارییانە ڕەتکردنەوەیانە – ئەوە هۆکاری کۆچی زۆرێک لەو پەنابەرانەیە کە لە وڵاتانی خۆیان کۆچ دەکەن-، هەروەها دەستەبەرکردنی ڕێزگرتنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیە لە مافی ئەوانیتر. وەڵامەکە ئەوە نییە بە ناوی پاراستنی مافەکانی ئەوانیترەوە مافی گروپێک لە خەڵکی ڕەت بکەیتەوە (دیارە لە ئێستادا ئەوانە موسوڵمانەکانن). ئەم گوڵبژێرییەی ڕێزگرتن لە مافەکان و جێبەجێکردنی ئەم مافانە، زیان لە گشتگیری مافەکان دەدات کە ڕێک ئەم گشتگیرییە جەوهەرەکەیانە .

**هەڵکشانی ستەم لە تورکیا و میسر :**

فەرمانڕەوایەتی ئەردۆگان کە لە تورکیا پەرە بە دیکتاتۆرییەت دەدات، باشترین نموونەیە بۆ مەترسیی حاکمێک کە بە ناوی زۆرینەوە مافەکان قووت دەدات. لەگەڵ تێپەڕنی ساڵاندا لێبووردەیی بەرامبەر ئەوانەی کە پلان و نەخشەکانی ئەویان ڕەتکردەوە، کەمتر بوویەوە، چ لە مەسەلەی دروستکردنی پارک لە ناوەندی ئەستەمبوڵدا

و چ لە مەسەلەی دەستووریێکدا کە ڕێگە بە سەرۆکایەتی جێبەجێکاریی بەسەر وڵاتدا بدات .

لە ساڵی ڕابردوودا، ئەردۆگان و حزبەکەی "داد و گەشەپێدان"، هەوڵی کودەتایان قۆستەوە و سەدان قوربانیی لێکەوتەوە، هەر بۆ ئەوەی ئەو کودەتاچییانە سەرکوت بکات کە لە پاڵ "فەتحوڵا گولەن"ی بانگخوازی ئیسلامییەوە، بە ئەنجامدانی کودەتاکە تۆمەتباری دەکردن، بەڵام هەزارانی دیکەیش بوونە قوربانی کە ئۆردوگان بە لایەنگیر و شوێنکەوتەی گولەنی دادەنان. دۆخی ناکاوی ڕاگەیەنراو بووە هەلێک بۆ سەرکەوتکردنی هەموو ئەو کەسانەی ئەوان بە نەیار و بەرهەڵستکاریی خۆیان دەیانبینین، چەند میدیایەکی سەربەخۆ و ڕێکخراوی مافپەروەر داخران. حکومەت بە ناوی لێپێچینەوە لە "پارتی کرێکارانی کوردستان"ـەوە، سەرکردە و ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بە گەورەترین حزبی کوردیی لە پەرلەمان خستە زیندان و سەرۆک شارەوانییەکانیانی دوورخستنەوە .

حکومەتەکەی ئەردۆگان لەدوای هەوڵی کودەتاکەوە لە لایەن هەموو حزبەکانەوە پشتیوانیی لێکرا، چونکە هەموان پێیانخۆش بوو کودەتاکە شکستیهێناوە، بەڵام پێشینەی چەوساندنەوە و لەنێوبردنی سەربەخۆیی دادگاکان و یاسا، واتای ئەوەبوو کە چیتر هیچ شتێک لە سەرەڕێی ئەردۆگان و هەڵمەتە سەرکوتکارییەکەیدا ناوەستێت. ڕەنگە ڕوودانی کاردانەوەی توند لە کاتی دیاریکراودا لە لایەن سەرکردە ئەوروپییەکانەوە چاوەڕوانکراو بووبێت، کەچی بەرژەوەندیی دیکەی وەکو ڕێگرتن لە شاڵاوی

کـۆچبەران و دژایەتیکردنــی ئەو شــتەی کە پێیــدەوترێت "دەوڵەتــی ئیســلامی" (یـان داعـش)، ڕێگـر بـوو لەوەی ئەم ســـەرکردە ئەوروپییـــانە ئەو کـــاردانەوە چـــاوەڕنکراوە بنوێنن .

دەربارەی میسریش، مییسر لە ژێر دەسـەڵاتی حوکمی سیسیدا بە ئاقارێکی هاوشێوەی تورکیادا ڕۆیشت. زۆرێک لەو میسرییانەی لە حوکمی کورتی "ئیخوان موسلمین"، بە ســـەرۆکایەتی "مـــحەمەد مورســـی" ڕازیـــی نەبـــوون، پێشـوازییان لەو کودەتـا سـەربازییە کـرد کە سیسـی لە ساڵی 2013دا سەرۆکایەتیی کرد. کەچی ئەوەتا سیسی لە دەسـەڵاتی دورودرێژی حوسـنی موبـارەک دیکتـاتۆرانەتر فەرمـــانڕەوایەتی وڵات دەکـــات. بـــۆ نمـــوونە، سیســـی سەرپەرشـــــتی لە ســـــێدارەدان و کوشـــــتنی 817 خۆپیشـاندەری لایەنگرانی ئیخـوان کـرد لانـی کەم لە یەک ڕۆژی مـــانگی ئـــابی 2013دا، ئەمەیـــش گەورەتـــرین کوشـتارگەیە کە دژ بە خۆپیشـاندەران لە سـەردەمی نوێدا ئەنجام درابێت.

زۆرێـک لە میسـرییەکان پێیـانوابوو تەنیـا ئیخوانەکـان دەکـرێنە ئامـانج و خۆیـان دووردەبـن لە سـتەم، کەچـی سیسـی بە تەواوەتـی فەزای سیاسـی داخسـت، ڕێکخـراوە مافپەروەرییەکـان و میدیای سـەربەخۆ و حزبە سیاسـییە ئۆپۆزسیۆنەکانی داخسـت. ئێسـتایش دەیان هەزار خەڵکی خـراونەتە زینـدانەوە، هەنـدێکاتیش بە بڕیـار و ڕێوشـوێنی یاسـایی نـابەجێ و بگـرە بە بـێ ڕێوشـوێنی یاسـاییش ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن .

### ئەفسوونی ڕووکەشانەی پیاوی بەهێز:

شەپۆلی پۆپۆلیزمی هەڵکشاو بەناوی زۆرینەی گریمانەکراوەوە، بەپاڵ شەیدایی و تاسەیەکی نوێوە بۆ فەرمانڕەوایەتی پیاوی بەهێز سەریهەڵدایەوە، ئەمەیش بە تایبەتی لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ڕوون بوویەوە. بە گویرەی ئەم لۆژیکە، ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە گرنگن بەرژەوەندی زۆرینە بێت، ئەی کەواتە بۆچی شوێنی ئەو ڕابەرە ستەمکارە نەکەوین کە بێ دوودڵی حەخت لەسەر ئەو ڕوانگەیە دەکاتەوە کە "خزمەت بە زۆرینە دەکات" –ئەگەرچی لە بەرژەوەندیی کەسییانەی خۆیشی بێت–، هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوانە سەرکوت دەکات کە لەگەڵ خۆیدا ناگونجێن و لەگەڵ نەخشەکانیدا ناسازێن؟

بەڵام زۆرجار بۆ ساتێک ئاوێتەبوون بە پۆپۆلیزم، ئەو مەترسییە دوورمەودایانە دەشارێتەوە کە لە فەرمانڕەوایەتیی پیاوی بەهێزدا نووستون. بۆ نموونە پوتن فەرمانڕەوایەتی ڕوسیا دەکات و خەریکە ئابوورییەکەی بەرەو هەڵدێر دەبات، گیرۆدەی گەندەڵیی گەورەی دەوروبەرەکەی و کڕیارەکانی بووە، کاتێکیش نرخی نەوت بەرزبوویەوە، نەیتوانی سەرچاوە ئابوورییەکانیی هەمەجۆر بکات، بۆیە کە دواتریش نرخەکەی دابەزی، لە هەڵوێستێکی لاوازدا بەجێیهێشت. جا لە ترسی ئەوەی تووڕەییەکی میللی وەکو ئەوەی لە شەقامەکانی مۆسکۆ و شارە گەورەکانی دیکەدا، لە سەرەتاکانی ساڵی 2011دا سەریهەڵدا، دیسانیش دەست

پێنەکـاتەوە، پـۆتین پێشـی دۆخەکە کەوت و کۆتوبەنـدی توندی سەپاند بەسەر ئازادیی کۆبوونەوە و ڕادەبڕین، سزای بێ پێشینەیشی بە سەر نارەزایەتی نێو تۆڕی ئینتەرنێتدا سەپاند و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی لەکارخستن .

کـرێملن سـتەم و شـەعبییەتی پـۆتینی بەهێزترکـرد، ئەویش بە بزواندنی هەستە نەتەوەییەکان بۆ داگیرکردنی نـیمچە دوورگەی کریمیـا، ئەمەیـش وای لە یەکێتیـی ئەوروپا کرد، سزای ئابووری بەسەر ڕووسیادا بسەپێنێت کە بـووە مـایەی خراپتربـوونی ئـابووری ڕوسـیا. لە سـوریاش پشـتیوانیی پـوتن لە کوشـتارگەکانی ئەسـەد دەرهەق بە مـافی خەڵکی سڤیل بە هاوکـاری فڕۆکەکـانی ڕوسیا، ئەو سزایانە زیاتر بوون. تا ئێستا، پسپۆڕەکانی ڕیکلام لە کـرێملن هەوڵـدەدان پاسـاو بـۆ ئەو ئاسـتەنگە ئابوورییـانەی بەرەبەرە زیـاتر بـوون، بەوە دەهێننەوە کە پێویسـتە ڕوسـیا ڕووبەڕووی هەوڵە گریمانەکراوەکـانی ڕۆژئـاوا ببێـتەوە بـۆ لاوازکردنـی روسـیا، بەڵام لەگەڵ داتەپینـی زیـاتری ئابووریـدا، ئیـدی ئەسـتەمە خەڵـک بەو بیرۆکەیە ڕازیی بکرێت .

سـەرۆکی چـین "تشـی" ڕێگـایەکی هاوشـێوەی سـەرکوتکاریی مومارەسـە کـرد. چـین گەشەسـەندنێکی ئـابووریی تـایبەتی بەخـۆیەوە بینیـووە، چـونکە سـەرکردنەکانی پێشـووی چـین خەڵکیـان لە ڕووی ئـابوورییەوە بە خواسـتەکانی حزبـی کۆمۆنیسـت ڕزگـار کـرد. ئەمەیـش بـووە هـۆی ئەوەی چـین "بـازێکی گەورە

بەرەو پێشـــەوە بـــدات" و "شۆڕشـــێکی کولتـــووری" کارەساتبار تۆمار بکات، بەڵام ئازادیی ئابووری بە پاڵ چاکسـازیی سیاسـییەوە نەبـوو، کە دوای سـەرکوتکردنی بـزووتنەوەی دیموکراسـی لە گۆڕەپانی تیانـانمنی سـاڵی 1989دا هەر بە زوویی مرد. حکومەتەکانی دواتر، بڕیاری ئابووریی ئەوتۆیان دا کە ئارەزووی حزب بۆ بەردەمیدا بە گەشـەکردن بە هەر نرخێک بووە، سـەرکردایەتیی کرد تـاوەکو هەڵچـوون و یـاخیبوونی گەل دابمـرکێنێتەوە. گەندەڵی زیاتر بوو، یەکسـانیی کۆمەڵایەتی بەشـێوەیەک بەرچاو ناهاوسەنگ بوو، ژینگەیش تێکچوو .

شـتێکی تـریش دەسـتی پێکـرد کە دووەمـین هەڵمەتـی سـەرکوتکاریی گەورەیە لە دوای سـەردەمی "تیانانمن"ـەوە، لە ترسـی ئەوەی تـووڕەیی گەل لەگەڵ خـاوبوونەوەی گەشەسـەندنی ئابووریدا بەرزببێتەوە، ئەمەیش ئەوەبوو کە چین حکومەتەکەی کردە حکومەتێک کە زۆر ملکەچی لێپرسـینەوە نەبێـت. ئەم سـەرۆکە ئەگەرچـی لیسـتێکی درێژیـی سـیفەتی سـەرکردەیی بەخـۆی بەخشـی، کەچـی واپێدەچیت ئەم پیاوە بەهێزە زیاتر و زیاتر بەهێز بێت، لەبەرئەوەی وەڵامی داوخوازییەکانی گەلی چینی ناداتەوە، بە تایبەتیش دابینکردنی ژینگەیەکی پاکتر و خۆراکێکی پاکژتر و سیستەمێکی دادوەریی عادلتر و حکومەتێک کە بشیت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت .

ئەم ئاڕاسـتە و خواسـتانە سـیفەتی فەرمـانڕەوایەتییە سـتەمکارەکانی دیکەیشـە. هەر بە ڕاسـتیش مێژوویەکـی درێژی فەرمانڕەوا ستەمکارەکان هەیە کە بەرەنجامەکان

و دەستکەوتەکان بۆ خۆیان دەقۆزنەوە و بە مافی خۆیانی دەزانن، کەچی بە گەلی ڕەوا نابینن. تەنانەت ئەو سیستمە ستەمکارییانەی کە بە نموونەی گەشەکردن دادەنرێن، وەکو ئەسیوپیا و ڕواندا، کە لە نزیکەوە لێیان دەڕوانین، دەبینین بە دەست حکومەتەکانییەوە دەناڵێنن. حکومەتی ئەسیوپی جووتیار و وەرزێرەکان و گاوارنەکانی ناچارکرد بۆ سەرپێخستنی پرۆژەی کشتوکاڵیی گەورە، شوێنەکانی خۆیان جێبهێڵن و کۆچ بکەن بۆ ئەو شوێنانەی کە هیچ سوودێک لە خزمەتگوارییەکانی وەرناگرن. حکومەتی ڕواندی دەستگێڕ، سواڵکەرەکانی دەستگیرکرد و لە ناوەند، دەزگا پیس و پۆخڵەکانی دەستبەسەرکردندا دەستیکرد بە لێدان و ئەشکەنجەدانیان، ئەمەیش ڕێک بە ناوی پاراستنی جوانی شەقامەکانەوە. ئاسایی ناوەڕاست، پڕیەتی لە فەرمانڕەوای بەهێزکە وڵاتەکانیان لەژێر داتەپینێکی ئابووریدا دەناڵێنن کە هەر لە داتەپینی ئابووریی سۆڤیەتیی دەچێت. تەنانەت ئەو شارانەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە هەندێک زیندوویێتی و چالاکییان پێوە دیارە، لەمڕۆدا پەرەسەندنە ئابوورییەکەی خۆیان لە مەترسیدا دەبینن، بە هۆی ئەو فەرمانڕەوایەتییە خنکێنەرەی فەرمانڕەوا سەربازییەکانەوە، بۆ نموونە تایلەندییەکان و حکومەتی سەرۆکوەزیرانی مالیزیا "نەجیب ڕەزاق" کە هەتا بینەقاقای لە گەندەڵیدا ڕۆچووە .

**کـۆمەڵە مافناسـیەکان و دادگـای سـزای نێـودەوڵەتی ڕووبەڕووی هێرش دەبنەوە :**

لە ئەفریقـا زۆربەی ئەو هێرشـانەی دەکـرێنە سـەر دەسـتەبەرییە یاسـاییەکانی خەڵـک لە لایەن فەرمـانڕەوا بەهێزەکـانەوەیە کە نایانەوێـت دەسـەڵات بە شـێوازی هـاوچەرخ و دیموکراسـییانە دەستاودەسـت بـکەن، بە توونـدوتیژی و پاسـاوی یاسـایی ڕووبەڕووی ڕەخنەکـان دەبـنەوە. ژمـارەیەکی زۆر لە سـەرۆکەکانی وڵاتـانی ئەفریقیـا هەر خەریکـی لابردنـی کۆسـپەکانی بەردەم دەسەڵاتەکانیان و درێژکردنەوەی ماوەی حوکمڕانییەکانی خۆیـانن –ئێسـتا بەمە دەوترێـت کودەتـای دەسـتووری-، بەڵام هەنـدێکیتر لەو سـەرۆکانە هەڵمەتـی توونـدوتیژیی سەرکوتکارانە بەرپا دەکەن هەر بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن و ناڕەزایەتییە میللییەکانی گەل دژ بە هەڵبکژاردنە ناڕەوا و پڕ لە تەزویرەکان بێدەنگ بکەن. "تیۆدۆر ئۆبیانگ مگیما مباسۆگۆ" لە گینیا بیساو و "یۆری مۆسفینی" لە ئۆگەندا، "ڕۆبێرت مۆگابی" لە زیمبابۆی – هەر هەموویان زیاتر لە 30 سـاڵ لە دەسـەڵاتدان- دەسـتووری وڵاتەکانیـان بەخاتری مانەوەی خۆیان گۆڕیوە .

لەم سـاڵانەی دواییـدا، شـەپۆلی ئەو سـەرۆکانەی کە ویسـتوویانە لە سـەرووی مـاوەی یاسـایی خۆیـانەوە ولایەتـی حـوکمڕانیی دیکە وەربگـرن، بەوە گەیشـتوونەتە مەرامـی خۆیـان کە ئۆپۆزسـیۆن و نـاڕەزایەتی بێدەنگ و سـەرکوت بـکەن، وەکـو ئەوەی لە ڕوانـدە دەبینـین بە

توونـــدوتیژی نارەزایەتییەکـــان ســـەرکوت دەکرێـــت، هەمانشت لە پۆرۆندی و کۆنگۆی دیموکراتییش. بەشێکی زۆر لەم حکومەتانە هەمان کەرەستەیان بۆ سەرکوتکردن و خنکاندنی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئامڕازە ســەربەخۆکانی ڕاگەیانــدن بەکارهێنــاوە، بەکارهێنــانی کەرەستەکانی پەیوەندیگیریی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن و ئینتەرنێتیان کۆتوبەند کردووە، ئۆپۆزسیۆنی سیاسییشیان سەرکوت کردووە. هێرشەکان بۆ سەر ڕێکخراوەکانی کــۆمەڵگەی مەدەنــی ڕێــک لێــدان بــوو لە ســەرچاوە داراییەکانیان؛ ئەسیوپیا پێشەنگی ئەو وڵاتانەیە کە ئەم تەکتیکە بەکاردەهێنن؛ چونکە حکومەتەکان داوای یارمەتی و بازرگانی و سەرمایەگوزاری دەرەکی دەکات، بەڵام لە کاتێــک مەســـەلەکە پەیوەســـت بێـــت بە ڕێکخـــراوە یاساییەکانەوە کە بەدوای هاوکارییدا بگەڕێن لە دەرەوە، لە ناکاو بۆچوونیان دەگۆڕێت و ڕێگای لێدەگرن .

زۆرجار کە فەرمانڕەوا تاکڕەوەکان ڕازینابن دەست لە دەســـەڵاتن بەر بـــدەن، ترســـیان لەوەیە لێکـــۆڵینەوەی دادگاییـان لەگەڵـدا بکرێـت لەســەر ئەو تاوانــانەی کە لە ماوەی ولایەتەکانیاندا ئەنجامیان داوە. سەرۆکی پۆرۆندی "پییەر نیکۆرۆنزیرا" یەکەم کەس ببوو کە نیازی خۆی دەربـــڕی ســـەبارەت بە کشـــانەوە لە دادگـــای تـــاوانی نێودەوڵەتی، چونکە ئەو ستەمکارییە توندوتیژییەی کە لە مــاوەی دەســەڵاتەکەیدا مومارەســەی کــردووە، کــردییە ئامانجێکی سەرەکیی بۆ لێکۆڵینەوەی دادوەری. ماوەیەکی

کەم دوای ئەویش سەرۆکی گامبیا "یەحیا جامیع"، کە دیکتاتۆریەتەکەی بە وەحشیگەرییەکی زۆر بەناوبانگە، شوێنپێی ئەوی هەڵگرتەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ناچارکرا دەست لە پۆستەکەی بەربدات، جێگرەوە هەڵبژێردراوەکەیشی "ئەداما بارۆ" ڕایگەیاند بڕیاری کشانەوە لە دادگای نێودەوڵەتی هەڵدەوەشێنێتەوە. باشووری ئەفریقا ماوەیەک بوو پێشەنگیی مافەکانی مرۆڤ و عەدالەت بوو، بەڵام سەرۆک "یاکوب زۆماخ" دوای ئەوەی بە گەندەڵی تۆمەتبار کرا، لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کشایەوە، بەڵام ڕووبەڕووی نارەزایەتییەکی ناوخۆیی بەهێز بوویەوە، چونکە بڕیای دابوو گاڵتە بە یەکێک لە بڕیارەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکات و ڕێگەیدا سەرۆکی سودان "عومەر بەشیر" وڵات جێبهێڵێت لەبری ئەوەی تۆمەتی کۆمەڵکوژی و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی ئاڕاستەی بکات. سەرۆکی کینیا "ئۆهۆرۆ کینییتا" کە بەهۆی ئەو فشارانەوە شایەتحاڵەکان خستیانە سەری، تۆمەتی ڕووبەڕووکرایەوە و حکومەتەکەی نەیهێشت لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، هانی یەکێتیی ئەفەریقایدا کە هێرش بکەنە سەر دادگای تاوانی نێودەوڵەتی .

چەند سەرۆکێکی ئەفریقیا بە ناوی هەموو ئەفریقییەکانەوە قسە ناکەن، لەسەر زمانی ڕێکخراوە یاساییەکانەوە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە لە هەموو کیشوەرەکەدا پشتیوانیی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

دەکەن، لەوانە نەیجیریا، تەنزانیا، سەنیگال و گانا. ئەمانە دەرکیان بەوە کردووە ئەم دادگایە، کە داواکاریی گشتییەکەی کەسێکی ئەفریقییە و هەوڵدەدات کۆتایی بە دەرچوونی سەرۆکەکان لەو سزایانە بهێنێت کە هەقە لە پای کردەوەکانیاندا بیچێژن، دوژمنی کیشوەری ئەفرقیا نییە .

ئەوەی ئاستەنگیی خستۆتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، کە بە درێژایی ساڵی 2015 تەرکیزی خستە سەر قوربانییەکانی ئەفریقیا، ئەوەیە کە وڵاتانی گەورەی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکان، چین و ڕوسیا تێیدا ئەندام نین. لە سەروبەندی نۆڤەمبەری 1916دا، هێشتا ئەم دادگایە لێکۆڵینەوەی لە گەلێک لەو دۆسییانە نەکردبوو کە کردبوونییەوە، وەکو ئەوەی تایبەت بوو بەو بەرپرسە ئەمریکییانەی کە تۆمەتەکەیان ئەوەبوو لە ئەفغانستان ئەشکەنجەی خەڵکییان داوە، یان ئەو بەرپرسە ئیسرائیلییانەی کە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە کەناری ڕۆژئاوای داگیرکراوی فەلەستین درووست دەکەن .

ئەگەر ئەوانەی دادگاکە ڕەتدەکەنەوە هەر بە ڕاستی دادگایەکی دادپەروەریان دەوێت، ئەوا دەبێت هاوکاربن لە پێشەوەچوونی ئەو هەوڵانەی کە بۆ کاملکردنی لێکۆڵینەوەکان دەدرێن، یان فشار لە ڕوسیا و چین بکەن تاوەکو لە ئەنجومەنی ئاساییشدا ڤیتۆی زۆر بەکارنەهێنن و کارە تایبەتییەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ کارکردن لەسەر کارە قێزەونەکان لە سوریا، ڕەت

نەکەنەوە. بێـــــدەنگیی ئەوان دەرهەق بەم هەوڵانە بـــــۆ وەدیهێنانی دادپەروەریی گشتگیر کە خولیا ڕاستەقینەکانی ئەوانـیش بگـرێتەوە، مانـای ئەوەیە هەوڵەکـانی وەدیهـاتنی عەدالەت لە وڵاتەکانی خۆیشیاندا لاواز دەکەن. لە ئێستادا وڵاتـانی ئەفریقیـا دەیانەویـت دادگـای تـاوانی نێودەوڵەتی بگـۆڕن بە دادگـایەکی ئەفریقـی بـۆ ئەوەی سـەرۆکەکان و بەرپرسـە گەورەکانیـان لە کـاتی فەرمانڕەوایەتییەکانیانـدا، بێتاوان بکات .

هەموو هێرشـەکان بـۆ سـەر دادگـای تـاوانی دەوڵەوتـی لە ئەفریقیاوە نەکراون، بەڵام بەرژەوەندییە هاوبەشـەکانی ئەم هێرشـانە لە هەر کـوێیەکەوە بـن، لەوەدایە کە لە سـزا دەرباز ببن .

**هێرش بۆسەر مەدەنییەکان لە سوریا :**

ڕەنـگە سـوریا، مەترسـیدارترین هێـرش بێـت بـۆ سـەر پێـوەری مافەکـانی مـرۆڤ. هـیچ سـەرکردەیەک نەبـووە لە کاتی جەنگدا ڕێ لە هێرشـەکردنە سـەر خەڵکانی مەدەنیی بگرێت، بەڵام ستراتیژییەتی سـەربازیی بەشار ئەسـەد هەر بە ئەنقەســت یــان بە کــوێرانە دەســتڕێژ و بۆمبــارانی مەنـــدەنییەکان دەکـــات، بە تـــایبەتی ئەوانەیـــان کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی چەکداردا دەژیـن، هەروەهــا بە ئەنقەســت ژێرخــانە مەدەنییەکــانی وەکــو نەخۆشخانەکان، خاپوور دەکات .

ئەسـەد بە مۆمبارانەکـانی، نـاوچەیەکی بەرفراوانـی لە شـارەکانی سـوریا وێرانکـردووە، لەم پەلامارانەیشـدا "بەرمیلی تەقینەوە" و مۆمبی هێشوویی و بۆمبارانی ناپاڵم و هەنـدیکاتیش چەکـی کیمیـایی بەکارهێنـاوە، ئەوەیـش بە ئامـانجی چـۆڵکردنی ئەو شـوێنانە لە دانیشـتووانەکانیان، یـان بۆ ئەوەی هێزەکـانی ئۆپۆزسـیۆن بە ئاسـتەم بتـوانن کۆنترۆڵی ئەو ناوچـانەی ژێـر دەسـەڵاتیان بکەن. ئەسـەد ئەم سـتراتیژییەتەی بە پـاڵ گەمـارۆدانی کوشـندەوە بەکارهێنا بە ئامـانجی برسیکردنی دانیشتوانە مەدەنییەکە تاوەکو دواجار خۆیان ڕادەست بکەن .

لە سێپتێمبەری 2015ەوە، وێڕای ئەو تاوانە قێزەونـانە، ئەسـەد لە لایەن سـوپای ڕوسـیاوە هاوکـاریی دەکرێـت، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی توانای سەربازییەکانی ڕوسـیا بەشـێوەیەکی گەورە بەرزببـنەوە، بەڵام بەم حـاڵەیش هەر ئەو ستراتیژییەتەی نەگۆڕی .

ئەم تاوانـانە دژ بە خەڵکـانی مەدەنـی، کە هەمیشـە ئەنجام دەدرێن و سەرۆکەکانیشـیان وەک بەرزەکی بانـان بـۆی دەردەچـن و ڕووبەڕووی عەدالەت نـاکرێنەوە، هۆکـارێکی سـەرەکیی ئـاوارەبوونی خەڵکـی سـوریایە. نیوەیان ناچارکراون وڵات بەجێبهێڵن، نزیکەی 4.8 ملیۆن کەسـیش بـۆ وڵاتـانی دەرودراوسـێ هەڵهـاتوون، بە تـایبەتیش لوبنـان و تورکیـا و ئـوردون، نـزیکەی ملیۆنێکیشـیان ڕێـگەی ئەوروپایـان گرتـۆتەبەر. لەگەڵ ئەوەیشـدا، کاتێـک مەسـەلەکە پەیوەسـتە بە سـوریاوە،

ڕۆژئاوا هەر سەرنجی لەسەر داعشە. دیارە ڕێکخراوی داعش بەرپرسە لە تاوانی قێزەونی بێ وێنە، هەڕەشەیەکە بۆ سەر بەشێکی گەورەی جیهان نەک تەنیا بۆ سەر عێراق و سوریا، بەڵام کوشتنی مەدەنییەکان لە لایەن داعشەوە هێشتا بەو کوشتوبڕەی ئەسەد بەراورد ناکرێت. بە پێی هەندێک لێکۆڵینەوە 90%ی ئەو مەدەنییانەی کە لە سوریا کوژراون، بە دەستی هێزەکانی ئەسەد بوون .

جا لەبەرئەوەی مانەوەی ئەسەد لە ڕووی سیاسییەوە لەمڕۆدا پشت بە هاوکارییە سەربازییەکانی ڕوسیا دەبەستێت، بۆیە پوتن دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ڕەفتاری ئەسەد دا هەیە، بەڵام هیچ دەلیلێک نییە کە کریملن ئەم دەسەڵاتەی بەکارهێنابێت بۆ وەستاندنی کوشتنی خەڵکانی مەدەنی. بەڵکو بە پێچەوانەوە، وەک لە حەڵەبەدا دەبینین، تۆپهاوێژەکانی ڕوسیا بە بەردەوامی بەشدارن لەم کردەوانەدا .

لەگەڵ ئەوەیشدا، ئیدارەی ئۆباما زۆر دوودڵ بوو لەوەی فشار بخاتە سەر ڕوسیا تاوەکو ئەو دەسەڵاتەی بەسەر ئەسەد دا هەیەتی بەکاربهێنێت بۆ وەستاندنی کوشتوبڕی مەدەنییەکان، لەبری ئەوە تەرکیزی خستە سەر ئەوەی کە ڕوسیا لە گفتوگۆکانی ئاشتیدا هاوبەشی ئەمریکایە –ئەگەرچی ئەو گفتوگۆیانە هەر تا ناکۆتا درێژدەبنەوە و هیچ دەرەنجامێکی ئەوتۆیان لێ چاوەڕوان ناکرێت- بۆیە پێدەچیت هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ

حکومەتەدا بۆ ماوەیەکی نیمچە درێژ ڕێکەوتن بکەن. بە گوتارەکانی ترەمپیشدا دیارە کە ئەمریکا دەیەوێت تەرکیزی زیاتر بخاتە سەر داعش، بگرە دەیەویت بۆ ئەم ئامانجە هەوڵەکانی ئەمریکا بخاتە پاڵ هەوڵی پوتن و ئەسەدەوە .

جەختکردنەوەی لەسەر بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ :

ئەوەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێرشانە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا پێویستمانە، دووبارە جەختکردنەوەیە لەسەر بەها بنچینەییەکانی ئەم مافانە و بەرگریکردنە لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ .

ڕۆڵی زۆر هەیە کە بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ئەنجامی بدەن، بە تایبەت ئەو ڕێکخراوانەی کە لەپێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا تێدەکۆشن؛ دەبێت پارێزگاری لە شوێنە مەدەنییەکان بکەن، ڕێکەوتن لە نێوان زۆربەی گروپەکاندا دروست بکەن بۆ ئەوی جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە هەموان بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەوەدایە مافەکانی مرۆڤ دووپات بکەنەوە، هەروەها پێویستە ئەم ڕێکخراوانە پردی لێکبەستنەوەی نێوان باکور و باشوور بن، تاوەکو هەوڵەکان دژ ستەمکاران یەک بخەن .

پێویستە میدیا ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەم مەیلە ترسناکانە، زیاتر گوتارەکان بگوازێتەوە و شیکاریی جددی بۆ ئاکامە چاوەڕوانەکانی ئەو گوتارانە بکات.

هەروەها پێویستە هەوڵی تایبەت بدات بۆ دەرخستن و پـــووچەڵکردنەوەی پروپاگەنـــدە درۆینەکـــان و "هەواڵە ساختەکان"، کە هەندیک لایەن بڵاویان دەکەنەوە .

دەبێـــت حکومەتەکـــان ئیلتیزامکردنـــی خۆیـــان بە بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ ڕابگەیەنن، بە بەردەوامی داکۆکیی لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو مافانە بکەن. لەوانە دەسەڵاتە دیموکراسییەکانی ئەمریکای لاتین، ئەفریقیا و ئاسیا، کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەڵێ دەنگ بۆ دەستپێشخەریی وڵاتانی تر دەدەن، بەڵام بە دەگمەن خۆیـــــــان دەستپێشـــــــخەریی دەکەن، چ لە نەتەوە یەکگرتووەکان و چ لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا .

بەرپرسیارێتییەکە بۆ گەلان ماوەتەوە. دیماگۆژییەکان یاریی بە قسەکانیان دەکەن و بە گەمەکردنی بە تەفسیرە هەڵەکـــان و چارەســـەرە درۆزنەکـــان بـــۆ کێشـــە ڕاستەقینەکان، پشتیوانیی بۆ خۆین کۆدەکەنەوە. باشترین چارەسەر ڕەنگە هێشتایش هەر ئەوە بێت کە گەلان داوای سیاســیەتێک بــکەن کە لەســەر حەقــیقەت و بەهــای دیموکراســی دابمەزرابێــت، دیموکراسییەتێک کە ڕێــز لە مافەکان دەگرێت. لە نائامادەیی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەدا پۆپۆلیستەکان سەرکەوتن بەدەسست دێنن، هیچ شتێک لە کاردانەوەیەکی بەهێزی گشتی خەڵک، بە بەکارهێنانی هەمــوو کەرەســتە بەردەســتەکانی کــۆمەڵگەی مەدەنــی، حزبی سیاسی، میدیای نەریتی، ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی

بەرگریکردن لەو بەهایانەی کە هێشتایش کەسانێکی زۆر پیرۆزیی پێدەبەخشن (وێڕای ئاستەنگەکان)، کاریگەرتر نییە .

درۆکان تەنیا بەوهۆیە نابنە حەقیقەت کە سوپایەک فریوودەری سەر ئەنتەرنێت و لایەنگریی سیاسی ئەم درۆیانە بەناوی حەقیقەتەوە بڵاوبکەنەوە، یان ئەم درۆیانە وەک حەقیقەت وەربگرن. حەقیقەتەکان هێزی خۆیان هەیە، ئەمەیش وا لە ستەمکارەکان دەکات هەموو هەوڵی خۆیان بدەن بۆ سەپاندنی چاودێریی بەسەر ئەوانەدا کە حەقیقەتە وەڕسکەرەکان دەردەخەن، بە تایبەتیش ئەو حەقیقەتانەی کە پەیوەستن بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە .

بەهاکان لاوازن، جا لەبەرئەوەی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بە هاوسۆزیی لەگەڵ ئەوانیتردا، پشت دەبەستێت بە داننان بە گرنگیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانیتردا بەو جۆرەی کە دەمانەویت ئەوان مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن، بۆیە ئەمە دەیکاتە بەهای لاواز بەرامبەر بانگەشە دیماگۆژییە سەرکوتکارییەکان. کولتوور پێویستی بە ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا، پێویستی بە چاودێرییەکی بەردەوامە بۆ ئەوەی ترسی ساتەکان ئەو دانایییە لە نێو نەبات کە حوکمی دیموکراسیی دامەزراندووە .

**سەرچاوە :**

التزايد الخطير في النزعة الشعبوية: هجمات على قيم حقوق الإنسان حول العالم، كينيس روس، 2016 .
https://www.hrw.org/ar/world-report/2017/country-chapters/298822

# بەشی چوارەم

# پۆپۆلیزم؛ باڵاترین قۆناغی تۆتالیتاریزم

مونا خوەیس

وەرگێڕانی: ئاران عەلی

## ناساندنی پۆپۆلیزم

دۆزینەوە و دانانی پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرا و چوارچێوەدار بۆ چەمکی "پۆپۆلیزم" ئاسان نییە، ئەم چەمکە، وەک چەمکەکانی دیکەی زانستی سیاسی، لە لایەن توێژەران و لێکۆڵەرانی ئەم زانستەوە گرنگییەکی پێویستی پێنەدراوە و نەیانخستۆتە چوارچێوەی توێژینەوەکانیانەوە، بە شێوەیەکی قوڵ و هەمەلایەنیش کاری لەسەر نەکراوە، بەجۆرێک کە بتوانرێت پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ دابتاشرێت. هەربۆیە کاتێک بەدوای پێناسەیەکی دەستنیشانکراو و بەرجەستەی چەمکی پۆپۆلیزمدا دەگەڕێین، دەکەوینە بەردەم کۆمەڵە دەروازەیەکی سادە و چەند پێناسەیەکی کەمی ئەم چەمکە، کە بێگومان پاش خوێندنەوەیان بەر هەمان ئەو تەمومژ و ناڕوونییە دەکەوین، کە لەگەڵ دەستپێکردنی گەڕانمان بەدوای پێناسەیەکی دیاریکراودا، دەوری دابووین. ئەو پێناسانەی خراونەتەڕوو، گەلێک ئاڵۆز و ناڕوونن، بەڕادەیەکی زۆریش هاوکار نابن لە دەرخستن و ناساندنی چەمکەکە بەشێوەیەکی ڕوون. هاوکات زۆرێک لە توێژەران خۆیان بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمەند لەسەر ئەم چەمکە تەرخانکردووە، لێکۆڵینەوەیەکی وەها کە ببێتە سەرچاوە بۆ توێژەرێک، کە دەخوازێت توێژینەوەیەک لەسەر ئەم پرسە ئەنجام بدات. هەر بۆیە زۆرێک لەو پێناسانەی بۆ ئەم چەمکەکراون، لە چوارچێوەی ئەو لێکۆڵینەوە سیاسییانەدان، کە بۆ پرسە سیاسییە جیاجیاکان ئەنجامدراون، یاخود لێکۆڵینەوەن لە

بزووتنەوە سیاسییە دیاریکراوەکانی هەندێک کۆمەڵگەی دیاریکراو، هەربۆیە تەنها کەمینەیەک لە لێکۆڵەران خۆیان، بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردووە، وەک چەمکێکی سیاسیی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لێیان کۆڵیوەتەوە.

وەک هەوڵێک بۆ نزیکبوونەوە لە واتایەکی ورد و دەقیق و ڕوونی چەمکەکە، پێویستە سەرەتا چاوێک بەو میراتەدا بخشێنینەوە، کە لەم بارەیەوە جێهێڵدراوە، کە بێگومان بەتەواوی میراتێکی مۆدێرنە.

بێگومان کاتێک بەدوای هەر چەمکێکدا دەگەڕێیت و توێژینەوەی لەسەر دەکەیت، یەکەم هەنگاو بە ئاڕاستەی ئینسایکلۆپیدیا و فەرهەنگانەدایە، کە بە شێوەیەکی کورت و پوخت شتێکمان دەربارەی چەمکەکە پێدەڵێن. لێرەوە ئەم توێژینەوەیە چەند پێناسەیەک لە خوارەوە دەخاتەڕوو:

- بە پێی فەرهەنگی (Le petit Robert) و فەرهەنگی (المنهل)، وشەی پۆپۆلیزم (میللییگەرایی- الشعبوية) لە وشەیەکی دیکەی نزیک لە خۆیەوە وەرگیراوە (میللەت — الشعب)، ئەمەش دیدگای ڕۆماننووسە میللییەکان بووە، کە بە واقیعی ژیانی خەڵکی گشتییان خستۆتەڕوو.

- بەڵام بەپێی ئینسایکلۆپیدیای (ویکیپیدیا) پۆپۆلیزم فەلسەفەیەکی سیاسییە، تایبەتە بەو سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی خەڵک دەخانە پێش نوخبەوە، یاخود ڕەشە خەڵک دەخاتە پێش کەسانی خاوەن سامانەوە. پۆپۆلیزم دژ بە سەرمایەداری کاردەکات.

- بەڵام (تاگــاییڤ) پێیــوایە جەوهەری دەســتەواژەی پۆپــۆلیزم بــریتییە لە خەڵــک، هەربــۆیە ئەو بــانگەوازەی ئاڕاستەی خەڵک دەکرێت، گوزارشتە لە فۆڕمێکی سادەی دیمــاگۆگییەت، بەو مانــایەی دوانــدن و جوڵانــدنی لایەنــی عاتیفی و فەنتازیی مرۆڤە نەوەک توانا فکرییەکانی... هیچ دۆکترین و بیروباوەڕێکی یەکگرتوو، ئایدۆلۆژیایەک نییە نــاوی پۆپــۆلیزم بێــت، بەڵکو کۆمەڵە درووشــمێک یــاخود جۆرە تێکەڵەیەک هەیە لە نێوان نــاڕەزایەتییە میللییەکــان و پێکهاتە ئایدۆلۆژییەکاندا... لەڕووی مەبدەئییەوە پۆپۆلیزم هاوئاهـــانگە لەگەڵ ئایـــدۆلۆژیاکانی (کۆســـمۆپۆلیتانیزم، سۆســیالیزم، فاشــیزم، ئەنارشــیزم و ...هتــد). بەوپێــیەی میتــۆدێکی سیاســییە. ئەگەر گریمــانەی ئەوە بکەیــن کە پۆپــۆلیزم ئایــدۆلۆژیایەکی هەیە، بە زەرووری پەیوەنــدیی بە ڕەهەنــدە ئەفســانەییەکەوە هەیە. پێویســتە ئەم ڕەهەنــدە ئەفســـانییە فەرامــۆش نەکەیــن، کە لە ڕێــگەی ئایــدیای یەکێتیی گەلەوە خۆی دەردەخات، بەو مانایەی گەل یەک بارســتەی یەکگرتــووە، هەر ئەم یەکێتیــیەش شوناســێکی هاوبەش و وێنەیەکی هاوبەش دەبەخشێتە نوخبە، دژ بەم نوخبەیەش.

-لای (ئەلکسەندەر دۆنا) وشەی پۆپۆلیزم لە وشەیەکی دیــکەوە داتاشـــراوە (مــیللەت)، گوتــاری پۆپۆلیســتیی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ڕووی لە جەماوەرە، ئەویش بە پێی ڕەوتێکــی ئایــدۆلۆژیی مەبەســت و ئەنجامەکــان، هەربــۆیە ناکرێـــت خۆبەخـــۆ پۆپـــۆلیزم وەک بزووتنەوەیەکـــی کۆنەخــوازی دیمــاگۆگی و فاشیســت، وەک هەنــدێک کەس

بەو شـــێوەیە وەســـفی دەکەن. پۆپـــۆلیزم دیـــاردەیەکی ڕاگـوزەر و ڕووکەش و کـاتییە، لەنـاو قەیرانێکـی گشـتییدا دەردەکەوێـت، لەنـاو دۆخێکـی سیاسـیی کۆمەڵایەتییـدا، کە گـرانە زۆریـنە بتوانێـت گریمـانەی بکـات. پۆپۆلیزم زیـاتر لەوەی تەقینەوەیەک بێت بۆ وێرانکردنـی هەمـوو شـتێک، لێدانی زەنگی ئاگادارکردنەوەیە. پۆپۆلیزم دواجار ئامانجی ئەوە نییە بە شێوەیەکی کۆتایی سیستم بگۆڕێت. بێگومـان ئەگەر پەیامەکە نەگاتە چینی فەرمانڕەوا، ئەوا پەنابردن بۆ گەڵ بـــریتییە لە چارەســـەری ئەڵتەرنـــاتیڤ لەدۆخـــی قەیراناوییـــدا. کلیلـــی چارەســـەر لە گیرفـــانی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەدا نییە، کە هاوشـانە لەگەڵ پۆپۆلیزمـدا، بەڵکو لەنـــاو قـــوڵایی عـــاتیفییە جوڵێنەرەکەیـــدایە، لێـــرەدا پەیوەســـتبوون و یەکێتیـیەکە کـۆمەڵایەتی نیـیە، بەڵکـو دەروونیـــیە. پەرچەکردارێکـــی تـــوڕە و گومانکـــارە لە دامەزراوەکان و ئەو هێزانەی هەڕەشـەن بۆسـەر ئەفسـانە ناسیۆنالیسـتییە بنەڕەتییەکـان... پۆپـۆلیزم نە خـۆی وەک ئایـــدیایەکی نـــاوازە و تیـــۆرێکی گشـــتگیر و هەمەلایەن دەخـاتەڕوو، نە وەک تێگەیشـتنێک لە مـرۆڤ و کـۆمەڵگە، بەڵکـو پـێش هەمـوو شـتێک خواسـتێکە بـۆ دووبـارە گێـڕانەوەی خاوەنـداریێتییەکی هـاوبەش بـۆ کـۆمەڵگە. هەربـۆیە (ئێرنســـتۆ لاکـــلاو) پێیـــوانییە پۆپـــۆلیزم نە بزووتنەوەیەکـی ڕەخنەیـی بێـت بەرامـبەر کـۆمەڵگە، نە سیستمێکی دەوڵەتیی بێت، بەڵکو دیاردەیەکی ئایدۆلۆژییە و لەنـاو ڕێکخراوەکـان، سیسـتمە حکومڕانییەکـان، چیـنە

کۆمەڵایەتییەکـــــان، فۆرماســــیۆنە هەمەچەشـــــن و جیاوازەکاندا دروستدەبێت.

- نووســەری سـلۆڤینیی (سـلاڤۆی ژیـژەک) پێیـوایە پۆپــۆلیزم دیــاردەیەکی نێگەتیــڤ و قــوڵە، ئەو دەڵێــت: "هەموومـان ئەو نوکتەیەمـان بیسـتووە دەربـارەی پیاوێک، کە لە تاریکییەکــدا کلــیلەکەی بزردەکــات، بەڵام دەچێــتە شوێنێکی ڕووناکەوە بۆی دەگەڕێت، کاتێکیش لێیدەپرسـن بۆ لە شوێنێکدا بۆی دەگەڕێیت کە لەوێدا لێت بزرنەبووە؟ وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: لەبەر ڕووناکیدا بـۆی دەگەڕێـم، لەبەرئەوەی لێرەدا بینین باشترە. هەمیشە ئەم فێڵانە لەناو پۆپۆلیزمــدا دەبینیــنەوە. هەربــۆیە پۆپــۆلیزم جێگەیەکــی گونجــاو، نیــیە کە پــڕۆژە ڕزگاریخوازییەکــانی تێــدا ڕێکبخەین. هەروەهـا ژیـژەک ئەوەش دەڵێت: کە پۆپـۆلیزم بزووتنەوەیەکـی سیاسـیی دیـاریکراو نیـیە، لە باشـترین حاڵەتــدا فــاکتەرێکی سیاســییە، واتە شــکاندنی ئەو فەزا کۆمەڵایەتییەی، کە کاریگەریی لەسەر هەموو پێکهـاتەیەکی سیاسـی هەیە. هاوکـات ژیـژەک ڕەهەنـدێکی فیتیشیسـتیی بەسـەر پۆپۆلیزمـدا دەبەخشـێت، چـونکە پێیـوایە دیـاردەی پۆپۆلیزم توانستێکی نـاوازەی هەیە بـۆ دانـانی ئـارەزوو لە جێگەی ئارەزوو.

- بەڵام (بورهـان غەلیـون) پێناسـەی پۆپـۆلیزم دەکـات بەوەی دیمــــــاگۆگییەتی نیشــــــتیمانییە، نە لەســــــەر لێپرســــینەوەیەکی ڕاســــتەقینە ڕاوەســــتاوە، نە لەســــەر بەدیهێنـانی ئـامـانج و پرۆگرامـی ڕوون و ڕاسـت وەسـتاو، هاوســــەرگیرییەکی تەواو و بەردەوامە لەنێــــوان گەل و

سـەرکردایەتییەکەیدا، ئەوەش لە ڕێـگەی پیاهەڵـدان و بەرزنرخاندن و پیرۆزکردنەوە... پۆپۆلیزم ڕەنگدانەوەی بەدیهێنانێکی وەهمیی خواست و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانە، کە ڕەنگە لە واقیعدا بەدیهێنانیان کەمێک دووربێت، پۆپۆلیزم ئامرازێکی هەرزان بەها پێشکەش بە چینی فەرمانڕەوا دەکات بۆ ڕووماڵکردنی بەرپرسیارێتییەکانی، بەهۆیەوە خۆی لە داننان بە هەڵە و نشووستییەکان دەبوێرێت لەبەرامبەر پێشهاتە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا... پۆپۆلیزم، کە کۆکراوەیەکە لە نێوان زیادەڕۆیی لە ویستی جەخت لەخۆکردنەوە و سەربەخۆیی و سەروەریی و زەبری پراکتیک، لەگەڵ هەڵچونە هەژارەکان لەڕووی کاری جدیی و ڕێکخراو و عەقڵانیی درێژ مەوداوە، هەر تەنها بە کارکردن لەسەر قەبەکردنی لێکدژیی و جیاوازیی نێوان خواستە گەورەکان و چالاکییە زۆر لاوازەکان وازناهێنێت.

-(عەبدوڵلا بەلقەزیز) لە وتارێکیدا بە ناوی (پۆپۆلیزم و میتافیزیکی گەل)، بەم شێوەیە وەسفی دەکات "پۆپۆلیزم شێوازێکی بیرکردنەوەی سیاسییە، مەیلی بەلای پیرۆزکردنی گەلدایە. ئەوەی گەل دەربارەی دابونەریتی بانگەشەکارانی ئەم مەیلە دەیلێت، گوتەیەکی ڕاست و دروستە، کە بەدوایدا گوتەی متمانەپێکراو دێت، ئەمەش حیکمەتێکە، کە وانەکانی مێژووی هەڵگرتووە و پوختەکەی دارشتۆتەوە... ئەم مەیلە خۆی لە بەرامبەر نوخبەگەراییدا دەبینێتەوە، کە بە چاوێکی نزم لە گەل و جەماوەر

دەڕوانێــت... پۆپــۆلیزم هاومانــایە لەگەڵ ئەنارشــیزم و ڕێکخستنی خۆڕسکدا.

– (ڕۆبــن ماکــایکۆ چیرامبــۆ) لە وتارێکیــدا لەژێــر ناونیشــانی (چــۆن دەتــوانین ســنوورێک بــۆ ئەو دەســەڵاتە دابنێین لە پۆپۆلیزم دەیبەخشێتە سەرکردە سیاسییەکان)، بەم شێوەیە پۆپۆلیزم دەناسێنێت "سیاسەتێکە گوزارشت لە ڕاو بۆچــوونی خەڵکــی گشــتی و بەرژەوەنــدییەکانیان دەکـــات، بەڵام ئەم وشـــەیە لە زانســـتە سیاســـییەکاندا ئامــاژەیە بە هەوڵــدان بــۆ بەدەســتهێنانی پاڵپشــتی گشــتی خەڵکـــی گشـــتی لەڕێـــگەی ئـــامڕازی نـــاڕەواو سەرلێشێواندنەوە

– بەڵام (تەیــب حومســی) زیــاتر پێناســەی کەســی پۆپۆلیســت دەکــات وەک لە پۆپــۆلیزم، لەو بــاوەڕەدایە کەســی پۆپۆلیســـت: "جەمـــاوەرێکی بەرفراوانـــی هەیە، چـــاوەڕێی قســـە و شـــیکار و ئاماژەکـــانی ئەم کەســـە پۆپۆلیستە دەکەن، کەسێکە ختوکەی هەست و سۆزی جەماوەر دەدات، ئەوەیان پێدەڵێت، کە دەیانەوێت گوێیان لێبێت، لەگەڵ ڕای گشتیدا هاوڕەوت دەڕوات، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕەوتە دژە لۆژیکیش بێت، یاخود تەنانەت دژ بە بیروباوەڕەکانی خۆشی بێت. کەسی پۆپۆلیست وەهەم بە خەڵــک دەفرۆشــێت، خەیــاڵی ئەوەیــان پێــدەدات، کە ئەوەندەیان نەماوە سەرکەون و دوژمنەکانیشیان لەسەر لێواری دۆڕاندان. کەسی پۆپۆلیست دەزانێت ڕەوتی باوی نــاو کــۆمەڵگە بەرەو کــوێ دەڕوات و ئەمــیش لەگەڵیــدا دەڕوات... پۆپۆلیزم ئەفیونێکە بۆ سڕکردنی هەستی خەڵک

له بەرامبەر واقیعدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان عەقڵیان خامۆش و کز دەکات، هەموو شکۆ و توانستێکی بیرکردنەوەیان بۆ چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکانیان پەکدەخات، لەبری ئەوە لەسەر چارەسەری ئاسان و ڕووکەش ڕاياندەهێنێت و ئاڕاستەیان دەکات.

- هەریەکە لە (شاتیلیێ، دوهامڵ، بیزێ کۆشنەر) بەم شێوەیە پێناسەی پۆپۆلیزم دەکەن: "هەموو ئەو سیستمە شۆڕشگێڕییانە، یان ئەو سیستمانەی بانگەشەی شۆڕشگێڕیی و گەڕانەوە بۆ گەل دەکەن، پۆپۆلیستن... زۆرینەی دەوڵەتە باڵادەستەکان، کاتێک دەیانەوێت ناوەڕۆکێکی فیعلیی بە سەربەخۆییەکەیان ببەخشن، پێویستیان بە گوزارەی گەلە".

- هاوکات (شەریف یونس) دەڵێت پۆپۆلیزم "سیاسەتێکە لەسەر کوشتنی نەیار و بەرهەڵستکارەکانی دەژی، داوایان لێدەکات بێدەنگ بن لە دەرئەنجامی سیاسەتەکانی... دەنگی پۆپۆلیزم هەمیشە بانگەشەی باڵابوون دەکات، واتە دەنگێکە لە سەروو دەنگی شەڕەوە".

-(**ئالان تۆرین**)یش لەو باوەڕەدایە کە "پۆپۆلیزم هەموو دامەزراوە نوێنەرایەتیی و دیموکراسییەکان ڕەتدەکاتەوە، هەموو هەوڵ و تەقەللاکان لەپێناو بیرکردنەوەی ئازاد دا ڕەتدەکاتەوە، هەموو ئەوانەش بە ناوی (جەوهەری گەل)ـەوە دەکات. تیرۆریزم توندترین فۆڕمەکانی پۆپۆلیزمە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین پۆپۆلیزم ناوێکی دیکەی شەیتانی سیاسەتە".

لێـرەدا ئـێمە نـاتوانین تەنهـا یەکێـک لەم پێناسـانە هەڵبژێـرین وەک پێناسـەیەکی تەواو بـۆ پۆپـۆلیزم، لەبەرئەوەی هەریەکێک لەوانە گوزارشـتن لە پێکهـاتەیەک لە پێکهاتەکـانی پۆپـۆلیزم، لە واقیعـدا هەریەکەیـان بە جۆرێک بەسـەر ئەم دیاردەیەدا جێبەجێدەبن، لێرەوە بە پشتبەسـتن بە پێدراوەکان لەسـەر ئەم چەمکە، دەتـوانین چوارچێوەیەک فۆرمولە بکەین، یاخود بۆ گواسـتنەوەی پۆپۆلیزم لە پۆلێنکردنی لەژێر ئەم ناونیشانانەدا.

## پۆپۆلیزم

ئێستا جێگەی خۆیەتی ئەم بنەمایانە شیبکەینەوە کە پۆپـۆلیزم لەسـەریان ڕاوەسـتاوە، هەروەهـا پێویسـتە دەسـتبەرین بۆ هەندێک زیادە و ڕۆشـنکردنەوەی زیـاتر بۆسەر ئەم چەمکە. هاوکات هەوڵدەدەین بەراوردی بکەین بەو چەمکـانەی هەنـدێک جـار لەگەڵیـدا دەرگیـر دەبـن، هەروەهـا جیـاکردنەوەی لەو چەمکـانەی دیـکە، کە وەک ئامڕازێک بەکارهێنـدراون بـۆ زیـاتر ڕوونکـردنەوەی ئەم چەمکە تەمومژاوییە، ئەمەش بە ئامانجی پوختکردنەوە و گەیشتن بە داڕشتنی چەمکێکی سەربەخۆ.

پـێش هەمـوو شـتێک لەڕووی داڕشـتنی وشـەکەوە، تێکەڵاوییەکـی بەرچـاو هەیە، ڕاسـتە سـەرچاوەکەی لە وشەی "گەل – خەڵک – جەماوەر)ـەوە هاتووە، بەڵام مانا دیموکراسـییەکەی گەل نابەخشـێت، ئەو مانـایەی گوزارشـتێکە بـۆ نـوێنەرایەتیکردنێکی باشـتری گەل لە دەسـەڵاتدا، بـانگەوازێکە ڕوو لە گەل. ڕەنـگە لێـرەوە

چەمکەکە داڕێژرابێت. سەرەڕای ئەوەی ئەم بانگەوازە ڕووی لە هەموو گەل نییە، ئامانجەکانیشی هیچ پەیوەندییەکیان بە لایەنی نوێنەرایەتیکردنەوە نییە، هێندەی پەیوەندیدارن بە پاشکۆیەتی و وەدەرخستنی جەماوەر. کاتێک پۆپۆلیزم بانگەوازی خۆی ئاراستەی توێژێکی دیاریکراوی گەل دەکات، بەتایبەت ئەو توێژە فەرامۆشکراو و پەراوێزخراوەی لەژێر جەور و زەبری دەسەڵاتی کۆمەڵگەکەیدایە، ئەو توێژەی زۆرترین ڕێژەی هەژاری و کەمترین ڕێژەی خوێندەواریی تێدایە، کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت بەئایدۆلۆژی بکرێت و ببێتە جەمسەرێک لەناو جەمسەربەندییەکاندا و لایەندارییەکی تۆخی بەسەردا جێبەجێبکرێت، هەموو ئەمانەش بە ئامانجی ملکەچکردنی لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی نوخبەی دەسەڵاتدار دا.

هەروەک چۆن بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان، کە لە کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکاندا لە بزاوتندان، گەلێک جیاوازن لەو بزووتنەوە پۆپۆلیستییانەی کە بە ئامانجی داواکردنی ئەو بەرژەوەندییانەی پێیانوایە مافی خۆیانە لە دەوڵەتی وەربگرن جەماوەر لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە، واتە دەوڵەت دەکەنە مەرجەعی خۆیان.

لە باری یەکەمدا، بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان، فۆڕمی دەوڵەت هەرچۆنێک بێت ئەم دژ بەو دەوڵەتە دەوەستنەوە، وەک هەوڵێک بۆ ڕووخاندنی ئەو دەوڵەتە، بەڵام لە باری دووەمدا، جوڵەی ئەم بزووتنەوەیە لەژێر چەتری دەوڵەتدایە و ڕووبەڕووی دەوڵەت نابێتەوە.

لێـــــرەوەیە، کە پۆپـــــۆلیزم وەک بزووتنەوەیەکـــــی بەرهەڵستکاری چینی دەسـەڵاتدار پۆلێندەکرێت، لە نێوان ئەوانەی لە دامێنـــی کـۆمەڵگەدان، لەگەڵ ئەوانەی لەســـەر بـورجی عـاج دانیشـتوون، لە نێـوان هەژارانـی کۆمەڵگە و خـــاوەن ســـامانەکاندا، لە نێـــوان پیـــاوانی دەســـەڵات و شوێنکەوتە و دەربارەکانیان، لەگەڵ چینی فەرامۆشکراو و بەکـۆیلەکراو، کە لەســـەر هەمـــوو ئاســـتەکان گیـــرۆدەی هەموو جۆرە بێبەشیی و نەهامەتییەک بۆتەوە.

هەر لەم ڕوانــگەیەوە پۆپـــۆلیزم وەک بــزووتنەوەیەک خەســـــڵەتی ڕووبەڕووبـــــوونەوەی ســــــەرمایەداری وەردەگرێـت، ئەوەی دەیجوڵێنێـت مەیلـێکە بـۆ دووبـارە گێـڕانەوەی خاوەنـداریێتیی هـاوبەش بـۆ کـۆمەڵگە [لەبـری خاوەنداریێتیی تـایبەت]. ئەمەش وەڵامە بۆ دەرکەوتنی ئەم جۆرە بزووتنەوانە لە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەمدا زیـاتر لە جیهـــانی مۆدێرنـــدا، لە جیهـــانی ســـێیەمدا مـــرۆڤ بەجێهێڵـدراوە بـۆ چارەنووسـی خـۆی، لەکـاتی پێویسـتدا دەســـەڵاتەکان ئەو مرۆڤـــانە بـــۆ بەرژەوەنـــدیی خۆیـــان بەکاردەهێنن، دوای ئەوەی کاری خۆیانیان پێدەکەن، ئیدی بەجێیان دەهێڵن و فەرامۆشیان دەکەن، بە هەموو جۆرێک مرۆڤیـــان بێـــبەش کـــردووە لەو مـــاف و ئازادییـــانەی "جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مـرۆڤ" دانـی پێدا نـاون، لەو دەمەی لە کــۆمەڵگەی مۆدێرنــدا کاتێــک یەکســـانیی لەپـــێش پلەبەنـــدییەوەیە، دۆخەکە تەواو جیـــاوازە، هەر ئەمەشـە وەهـای لە بیرمەنـدە ئەوروپییەکـان کـردووە کە دۆخـی بـزووتنەوە ڕاسـتڕەوە پەڕگیرەکانیـان کـردووە،

خۆیان ببورن لە دانەپاڵی سیفەتی پۆپۆلیست بەسەر ئەم بزووتنەوانە دا.

هاوکات لە بەرکەوتنیدا لەگەڵ هەست، سۆز، غەریزەکان و تایبەتمەندێتیی لە عاتیفیبوونە قوڵەکەیدا، توانایەکی زیاتری هەیە بۆ بڵاوبوونەوە لەو کۆمەڵگەیانەی "عەقڵ" و "بیرکردنەوەی عەقڵانی" تێیاندا نائامادەیە. گۆڕەپانی پۆپۆلیزم ئەو ڕووبەر و فەزایانەیە، کە هەتاوەکو ئێستا لە ڕابردووی کۆمەڵگە پێش-کۆپەرنیکییەکاندا دەژین. ئەم فاکتەرەش وەهای کردووە لەو کۆمەڵگەیانەدا گەلێک ئاسان بێت وەهەم جێگەی حەقیقەت بگرێتەوە، خەون جێگەی واقیع بگرێتەوە. هەروەها باوەشکردنەوەی بۆ هەر دوو ڕەهەندی تەوتەمیی و ئەفسانەیی، وەهای کردووە زیاتر پەیوەستبێت بە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانەوە.

ئەم شیکارییە ڕێگەمان بۆ دەکاتەوە ئەوەشی بۆ زیادبکەین: پۆپۆلیزم چەمکێکی لێکدژە لەگەڵ دەوڵەت و چەمکەکانی پەیوەست بە دەوڵەتەوە لەناو کۆمەڵگەدا، کارکردنی پۆپۆلیزم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت بە ئامانجی ڕووخاندن و جێگرتنەوەیەتی لە لایەن خۆیەوە. بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان لە لایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوە ڕابەرایەتیی دەکرێن، کە لە لایەن (تۆماس هۆبز)ـەوە بە "پەرتبوو لە دۆخی سروشتیدا، هێزێکی لەم شێوەیە خواستێک ئاراستەی دەکات کە هیچ شتێک سنوورداری ناکات". بەو مانایەی ناچنە ژێرباری هیچ یاسایەکەوە، بەڵکو کاریان هەڵپەساردنی یاساکانە لەناو کۆمەڵگەدا. ئەم

یاســـایانەش، کە (مۆنتســـکیۆ) لە کتێبەکەیـــدا "ڕۆحـــی یاساکان" بە "ڕەنگە ببنە مایەی لەدەستدانی هەموو شتێک ئەگەر خـــودی مـــرۆڤ یـــان خـــودی جەســـتەیەک ئەم دەسەڵاتانە پراکتیزە بکرێن".

پۆپۆلیزم پەرچەکردارێکە بەرامبەر دۆخی باڵادەست، بەڵام ڕەنـــگە هەنـــدێک کەس بڵـــێن دەرکەوتنـــی هەمـــوو بـــزووتنەوەیەک پەرچەکردارێـــک بـــووە بەرامـــبەر دۆخـــی باڵادەست، کەواتە جیاوازیی پۆپۆلیزم چییە؟

بۆچوونەکە ڕاستە، بەڵام پۆپۆلیزم بارودۆخێکی هەیە ناتوانرێـــت قەتـــیس بکرێـــت، ئەوەی خـــاڵی جیـــاکەرەوەی بـــزووتنەوە پۆپۆلیســـتییەکانە، ئەوەیە، کە دەرکەوتنـــی ئەم بـزووتنەوانە هاوشـانن لەگەڵ لاوازیـی دەوڵەتـدا، تەنـانەت لەو دەوڵەتانەشـدا کە فەرمانڕەواکـانی پێیـانوایە خـاوەنی دامەزراوەیەکـی ئەمنیـی وەهـا بەهێـزن دەتـوانن جڵەوی دۆخەکە بەدەســـتەوەبگرن و لەکـــاتی پێویســـتدا دەخـــالەت بـــکەن، بە مەبەســـتی یەکلاکـــردنەوەی بارودۆخێـــک. چیرۆکێـــک هەیە کە دەگەڕێـــتەوە بـــۆ شـــەوی (١٤ی تەمووزی ١٧٨٩) لە پاریس، کاتێک (لویسی ١٦) لە ڕێگەی نێـردراوەکەیەوە (لیـانکۆرت) گوێبیسـتی هەواڵـی کەوتنـی قەڵای باستیل و ڕزگاربوونی هەندێک لە بەندکراوانی ناو ئەو قەڵایە دەبێت، لەگەڵ یاخیبوونی هێزەکانی پادشـایەتی، پـێش ئەوەی هێرشـێکی جەمـاوەری ئەنجامبـدرێت. ئەو گفتوگـۆ کـورتەی نێـوان پادشـا و نێـردراوەکەی گەلێـک کورت و پوخت و پڕمانـایە، دەگوترێت پادشـا لەو ڕۆژەدا گوتویەتی "ئەوە یاخیبوونە"، بەڵام نێردراوەکەی قسـەکەی

بۆ ڕاستکردۆتەوە پێیگوتووە: "نەخێر خاوەن شکۆ، ئەوە شۆڕشە".

لێرەدا پادشا، کە خاوەنی دەسەڵاتە، هەستی بەوە نەکردووە فەرمانڕەواییەکەی چەندە لاواز بووە، بەتەواوی وەک ئەوەی لەم دواییانەدا لە تونس ڕوویدا، لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی یاسەمیندا (بەهاری عەرەبی)، (زەین ئەلعابدین بن عەلی) دەرکەوت بە مەبەستی هێورکردنەوەی هەرای شەقامەکان، گرنگ نییە لەم پێناوەدا چی گوت، ئەوەی گرنگە لێرەدا بۆ ئێمە لێکچوونی ئەو دوو ساتەیە، کاتێک ئەلعابدین لەبەردەم تونسییەکاندا دەردەکەوێت نازانێت سیستمەکەی چەندە لاوازە، ڕەنگە لە مێشکی خۆیدا ئەوەشی لێکدابێتەوە کە بۆچی دامەزراوە ئەمنییەکانی لەسەر شەقامەکان خەڵک دادەپڵۆسن، بەڵام پێیوابووە ئەوەی دەگوزەرێت هیچ نییە جگە لە یاخیبوونێک، بەڵام دوای تەنها چەند کاتژمێرێک ناچاردەبێت وڵاتەکەی جێبهێڵێت و پاشان فەرمانڕەواییەکەی دەکەوێت، بە زەبری هێزی هەمان ئەو کەسانەی شۆڕشی یاسەمینیان سەرپێخستبوو لەو وڵاتە، (حوسنی موبارەک)ی سەرۆکی میسریش ڕووبەڕووی هەمان پێشهات بووەوە. سەرانی پۆپۆلیست وێڕای سەرلێتێکدانی جەماوەر، وەها دیارە خۆشیان سەریان لێتێکچووە. ئەو هێزەی خەیاڵی ئەوە دەکەن لەبەردەستیاندایە بۆ بەکارهێنانی لە بەرامبەر جەماوەردا، لەبەردەم هێزی توڕەیی جەماوەردا ئەم هێزە دەبێتە

پڵنگێکی کارتۆنیی و شان و شکۆی سیستمەکەش وەک گەڵای پایز وردە وردە هەڵدەوەرێت.

هەمیشە لەکاتی لاوازیی ئەم دەوڵەتە فەرمانڕەوایەدا، بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان دەتوانن دەستی خۆیان بوەشێنن، دەوڵەتیش لەو ساتەدا بە هۆی لاوازییەکەیەوە ناتوانێت ئەو ئاپۆرایە ڕابگرێت کە کۆبوونەتەوە بۆ ڕووخاندنی. هەر ئەمەش بوو پاش شۆڕشی فەڕەنسی ڕوویدا، لە هیچ شتێک نەیدەتوانی ئاپۆرای مرۆیی ڕابگرێت، کە شەقامەکانی پاریسیان تەنیبوو، ئەمە جگە لەو خرۆشانەی خەڵک لە شارە گەورەکاندا، کە بە شێوەیەکی مەزن لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵک لەپێناو ئازادیدا تێکەڵاو بووبوو. هەمان دیمەن لە شۆڕشی تونسی ساڵی ٢٠١١ دووبارە بووەوە. ساتی لاوازیی دەوڵەت لە هەردوو دیمەنەکەی (لویسی ١٦) و (زەین ئەلعابدین بن عەلی)، ئەم پەیوەستبوونەی نێوان لاوازیی دەوڵەت و دیاردەی پۆپۆلیزم ڕووندەکەنەوە، بە چاوپۆشین لەوەی کە ئایا هەردوو شۆڕشی فەڕەنسی و توونسی بەرئەنجامێکی ڕووتی دیاردەی پۆپۆلیزم بن یاخود نا، یان لە جەوهەریاندا سیماکانی پۆپۆلیزم دەبینرێت یاخود نا. بەراوردکردنی نێوان ئەم دوو دیمەنە، لە چوارچێوەی ڕۆشنایی خستنەسەر ئەو پەیوەستەگییە بوو کە لە نێوان لاوازیی دەوڵەت و گۆڕانکارییدا هەیە، هەروەها لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییەدایە کە کەرەستە کۆمەڵایەتییەکەی کورتکراوەتەوە لەسەر بزووتنەوەیەکی

پۆپۆلیســـــتیی ڕووت، بە ســـــەرجەم تایبەتمەنـــــدی و سیماکانییەوە.

بەمەش میتــۆدی هەڵوەشــاندنەوە و شــەنوکەوکردنی پێناسـەکانی پۆپۆلیزم کۆتاییدێت، لە ئەنجامیشـدا دەگەیـن بە ئەنجـامگیرییەکی نـیمچە یەکـلاکەرەوە، کە ئەو ئەنجـامە بەدەســـتەوە دەدات، کە پۆپــۆلیزم تەنهــا لەژێــر ســایەی لاوازیـــی دەوڵەتـــدا لەدایکـــدەبێت. وێـــڕای ئەوە وەک دیاردەیەک هەمیشـە لە ڕووبەڕووی دەوڵەتدا دەوەسـتێت و بە هەمــوو کیــانێکی خــۆیەوە لێکــدژ لەگەڵ چەمکــی دەوڵەتــدا دەوەســتێت. ئەو ســیما پۆپۆلیســتییەی لە دوو نمــوونەکەی ســەرەوەدا ئاماژەمــان پێـدان، مەبەسـتمان پێناســـەکەی هەریەکە لە (شـــاتیلیێ، دوهامـــڵ، بیـــزێ کۆشنەر)ـە، گوزارشت لەوە دەکەن کە پۆپۆلیزم بریتییە لە هەمـوو سیسـتمە شۆڕشـگێڕییەکان. بە مانـایەکی وردتـر هەموو شۆڕشـەکان لەنـاو خۆیاندا تۆوێکی پۆپۆلیستییان هەڵگرتووە.

ڕەنــگە لێــرەدا پرســـیاری ئەوە بکرێــت، کە بــۆچی بـــزووتنەوە پۆپۆلیســـتییەکان لە هەردوو کـــۆمەڵگەی ئەوروپیـــی و ئەمریکییـــدا دەردەکەون، لەکاتێکـــدا دوو کۆمەڵگەی مۆدێرنن و مۆدێرنیتە پێشکەوتن و گەشـەیەکی باشـــی لە هەردوو کـــۆمەڵگەکەدا ڕەخســـاندووە، کە لە بنەڕەتـــدا منـــداڵی ڕاشـــیۆنالیزمن (عەقڵانیـــیەت)، کە فەرمـانڕەوایی زیهنییەتـی ئەو کۆمەڵگـایە دەکـات، ئەو دوو کۆمەڵگەیە دوو کۆمەڵگەی لاواز نین، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەریەکەیان خـاوەن دەوڵەتـی بەهێزی خۆیـانن، ئەگەرچـی

بە شێوەیەکی یەکسانیش نەبێت ئەو بەهێزییە، بەڵام هەیە و پتەوە، کەواتە دەرکەوتنی بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان لەو کۆمەڵگەیانە چی ڕاڤەیەک هەڵدەگرێت.

بەڵی ئەمە ڕاستە، وەڵامی ئەوپرسە لای (تاگاییڤ) دەدۆزینەوە، کە پێیوایە "ئیشکالیک لە پۆپۆلیزمدا هەیە، هەموو فۆڕمێکی پۆپۆلیزم پەیوەستە بە چوارچێوەی نیشتیمانیی خۆی و زەمەنی مێژوویی خۆیەوە، دەشێت لە یەک تاکە وڵاتدا ڕەوتگەلی پۆپۆلیستیی لێکجیاواز و بگرە ناکۆک لەگەڵ یەکتریشدا هەبن... ئەگەر بمانەوێت کۆنترۆڵی چەمکەکان بکەین ڕووبەڕووی گرانییەک دەبینەوە... ناتوانین بڵێین دەستەواژەکانی "پۆپۆلیزم" و "ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیزم" و "ناسیۆنالیزمی توندڕەو" و "فاشیزمی نویێ" لە ڕوسیا، ڕاستییە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان دەشارێتەوە بەراورد بە ئەوروپای خۆرئاوا، ئەمە خۆلادانە لەوەی بزووتنەوە ڕاستڕەوە پەڕگیرەکانی ئەوروپا بە پۆپۆلیست ناوببرێن، بەڵام لە واقیعدا هەڵگری سیمایەکی پۆپۆلیستیین پێش هەموو شتێک، لەبەرئەوەی بزاڤی دژە سیستم بوون، واتە لە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی باڵادەستدا ڕادەوەستان، بەڵام ئامانجیان بنکۆلکردن و هەڵتەکاندنی ئەم دەسەڵاتە نەبوو، بەتەواوی هاوشێوەی ئەوەی لە هندستان ڕوویدا لەگەڵ دەرکەوتنی بزووتنەوەی پۆپۆلیزم و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی حکومداری، لەبەرئەوەی ناچارە بچێتە ژێر ڕکێفی دامەزراوە باڵادەستەکانەوە، توانای هەڵتەکاندن و گۆڕینی ئەو دامەزراوانەی نییە، بەڵکو لەژێر هەمان چەتردا

کاردەکـات، ئەم کۆتـاییەش واتە هەرەسـهێنانی پۆپـۆلیزم لەژێـر ئەم چەتـرەدا، چەتـری دەوڵەت، هەروەک چـۆن لە دەرەوەی دەسـەڵات دەتوانێـت بەڕووی پڕۆژەکـانی حکومەت بوەستێت، ئەمەش کاتێک ڕوویدا کە لە دەنگدان بـۆ دەسـتووری یەکێتیـی ئەورووپـا، دەنگـی "نەخێـر" سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام هەر هێندە دەوەستێت و بە بـێ هـیچ ئەڵتەرناتڤێـک ناتوانێـت ئاسـتی بەدیهێنـانی داخوازییەکانی بەرزبکاتەوە.

سـەبارەت بە هۆکارەکـانی دەرکەوتنـی لە ئەورووپـا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیـرانەی، کە وردە وردە هاووڵاتیـان لە کۆتاییەکـانی سـەدەی رابـردووەوە لەو دەوڵەتـانەدا هەستیپێدەکەن، ئەم قەیرانەش یەکێکە لە دەرهاویشـتەکانی جیهـانگیری، کە وەهـای کـردووە ئەو تـوێژەی هەسـت بە فەرامۆشکردنی خۆی دەکات، دەستبکەن بە دروسـتکردنی کۆمەڵە و گروپ و چوونیان بۆنـاو بزووتنەوەی سیاسـی، ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی لە هەموویـان لە چوارچێوەی ڕاسـتی تونـدڕەودا پـۆلێنکراون. یـاخود بەپـێچەوانەوە، لە ڕووکـاری بـردنەوەی شـەڕە سیاسـییەکاندا، سـەرکردەی هەندێک لە پارتەکان ڕوودەکەنە قۆستنەوە و بەکارهێنـانی نیگەرانیـی هەنـدێک لە تـوێژە کۆمەڵایەتییەکـان و تـرس و دوودڵییەکانیـان، بەم شـێوەیە گوتـارێکی پۆپۆلیستییان بۆ ڕێکدەخەن بە ئامـانجی کۆکردنەوەیـان و بەپاشـکۆکردنیان بۆ خۆیـان. ئیدی جۆری ئەم گوتـارە دەگاتە ڕادەیەک، کە دەتوانین ئەو سـەرکردانە بە پۆپۆلیست نـاوببەین. ئەمە لە فەڕەنسـا لەگەڵ دەرکەوتنـی دیـاردەی (مـارین لوپـان)دا

دەرکەوت. هەمانشت بەسەر دیاردەی دەرکەوتنی (پارتی چـــای) لە ئەمریکـــاش جێبەجێـــدەبێت، ئەم دیـــاردەیە دەرکەوتنـــی بە شـــێوەیەکی بنەڕەتـــی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی ئەو قەیرانە داراییەی (جۆرج بـــوش) لەدوای خـــۆی جێیهێشـــت و ئۆبامـــاش نەیتـــوانی چارەسەرێکی خێرای بۆ بدۆزێتەوە، ئەمەش دەستی نایە بینەقاقـای تـوێژێکی فراوانـی دانیشـتوان، بەتـایبەت کە لەم ســـاڵانەی دواییـــدا تێکـــرای بێکـــاری لە ویـــلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرزبووەوە بۆ (١٤.٣%)، تێکڕای بێکـاریێش گەیشـتە سـنوری (١٠%)، ئەمە جـگە لەوەی ڕووداوەکـانی ١١ی سـێپتەمبەریش کـاریگەریی خۆیـان هەبـــوو، یەکێـــک لە گرنگتـــرین کاریگەرییەکانیشـــی هەڵمەتەکانی ترساندن و تۆقاندن بوو دژ بە بیانییەکان، بە تایبەت عەرەب و موسوڵمانەکان، هەموو ئەم فاکتەرانە لە لایەن (پـارتی چـای)یەوە بەهەنـد وەرگیـران و کاریـان لەسەر کرا، هەموو ئەمانەی کردە چەکێک بۆ شەڕکردن و ڕووبەڕووبـــوونەوەی هەردوو پـــارتی کۆمـــاری و دیموکراتەکـــان، بەڵام چارەنووســـی ئەم بـــزووتنەوەیە، ئەگەرچـی لە هەنـدێک شـوێن سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا، دواجار داڕوخان بوو پێشئەوەی بگاتە دەسەڵات یاخود لە دەسەڵات نزیک ببێتەوە، هەربۆیە ڕیشەکانی ئەم دیاردەیە پێش کۆمەڵگە ئەوروپییەکان، ڕیشـەکانی لەنـاو کۆمەڵگەی ئەمریکیشدا هەیە. (تۆکفیل) لەو بـاوەڕەدایە، ئەم هۆکـارانە کە لەلایەن فەیلەسوفانی سەدەی هەژدەیەمەوە گشـتێنراون، لە چەمکـی "تـاکگەرایی"دا کورتـدەبێتەوە، واتە پشـکنین و

شـــەنوکەوکردنی ئـــازادانەی هەمـــوو بیروباوەڕەکـــان، لە زۆربەی پڕۆســـە زەینییەکانـــدا هەمـــوو تـــاکێکی ئەمریکـــی تەنها بەرهەمی هەوڵی تاکەکەسیی عەقڵی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە، نەوەک بە نەریت و ڕیتواڵی باپیرانی، بەو پیاوانەی لە زەمەنـی خۆیانـدا سـەرکەوتوو بوون. هەمـوو ئەوانەی پەیوەستبوون بەو بزووتنەوەیەوە، گەیشـتوونەتە ئەو ئەنجامگیرییەی هەموو شتێک لە جیهاندا قابیلی ڕاڤە و شـــیکردنەوەیە و هـــیچ شـــتێک نیـــیە ســـنوورەکانی زیـرەکییەکەی تێبپەڕێنێت. ئەم شـێوازە لە بیرکـردنەوە بە بڕوای (تۆکفیل) بە ئاسانی ڕێگەی جێهێشتنی هەموو شـتە کۆنەکان دەکاتەوە و ڕێگەیەکی دیکە دەکاتەوە لەبەردەم شـتە تازەکانـدا. ئەو عەقـڵەی کـۆنترۆڵی هەمـوو شـتێکی کـردووە و لە چوارچێـوەی سیسـتمێکی ئـازاد دا دێـت و دەچێت لەو چوارچێوانەی یاسا ڕێگەی پێداوە، چەکێکی کـــاریگەری بەدەســـتهێناوە، چەکـــی لێپرســـینەنەوە و موحاســـەبەکردن، پۆپۆلیســـم هەرگیـز ناتوانێـت زەفەر بە عەقڵێکـی لەم شـێوەیە بەرێـت. لێـرەوە تۆکفیـل لە کۆتـایی بـزووتنەوە پۆپۆلیسـتییەکان دەڕوانێـت، بەوپێـیەی هەر لە ســاتی دەرکەوتنییــانەوە لەو کۆمەڵگەیــانەدا شکســت لە چارەیان نووسراوە.

وەک بینیمـــان لە چەنـــدین وێســـتگەدا جەختمـــان لەوە کردەوە کە عەقڵ دەتوانێت شکست بە پۆپۆلیزم بهێنێت، هەروەهـــا قســـەمان دەربـــارەی عەقڵانییەتـــی جەمـــاوەری کـــۆمەڵگە مۆدێرنەکـــانیش کـــرد، بەڵام ئەوەی جـــێگەی ئاماژەپێـدانە دەوڵەت (یـاخود دەسـەڵات)یش لە کـۆمەڵگە

مۆدێرنەکانـدا هەمیشــە عەقڵانیـیە، کـاتێکیش ئەم ســیفەتە عەقڵانییە لەدەستدەدات ئەوکاتە دەبێتە پۆپۆلیست. کاتێک هەمـــوان لەســـەر ئەوە کـــۆکن، کە پۆپـــۆلیزم خـــاوەن قوڵاییەکی عاتیفییە و ختوکەی هەست و سۆز دەدات، ئەوا بێگومان ناعەقڵانییە. لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیشدا دەوڵەت ناچـارە بـۆ دانـانی چارەسـەری عەقڵانیـی بـۆ ئەو کێشـــانەی ڕووبەڕووی دەبێـــتەوە، مەرجە بڕیارەکـــانی بەرجەســـتە و جێبەجێکـــراوبن، واتە عەقڵانیـــی بـــن. هەندێکجار زۆرێک لە چارەسەرە نوێیەکانی بۆ کێشـەکان چارەســـەری میللیـــی نـــین، بەڵام دەوڵەت بەوپێـــیەی سەرپەرشـــتیاری کاروبـــاری خەڵـــکە و گرنگیـــی بە بەرژەوەندییەکانیان دەدات پێویستە لەسەری چارەسەرێک بـۆ کێشــەکان بـدۆزێتەوە کە عەقڵانیـی بێـت، هەتـاوەکو ئەنجامی خوازراوی لێبکەوێتەوە، تەنـانەت ئەگەر توندیش بێت و پێویستی بە خشتەیەکی کـاتییش هەبێت بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی ببینرێـــت، هەروەک چـــۆن ئەو دەوڵەتـــانە ســـوورن لەســـەر دوانـــدنێکی واقیعییـــانەی گەلەکانیـــان، ســـەرجەم پـــلان و پـــڕۆژە و چارەســـەرەکان بـــخەنە بەردەمیـان، هەنـدێک جـاریش ڕاپرسـییان دەخەن بەردەم لەپێنـــاو بەشـــداریپێکردنیان لە بڕیاردانـــدا. لەو دەمەی چارەسەرە پێشنیارکراوەکانی پۆپۆلیستەکان، پێش هەمـوو شـتێک چارەسـەرێکن لەسـەر ئاسـتێکی بـاڵا و لە سـەرەوە جێبەجێدەکرێن، واتە فەرمـانڕەوا و دەسـەڵاتدار بڕیـارەکە دەدات بەبێ گەڕانەوە بۆ هـیچ کەسێک، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار ئەو چارەسەرانە ناعەقڵانیین و هەڵچوونیان پێوە

دیاره، بگره ئەنجامی کارەسات ئامێزیشی لێدەکەوێتەوە بۆسەر میللەت، یان ڕەنگە هەر لە بنەڕەتەوە چارەسەرێکی هێندە ناعەقڵانیی بێت کە هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەری لێنەکەوێتەوە. یاخود هەوڵدەدرێت لەبری چارەسەرکردنی کێشەکان، چارەسەرە عەقڵانییەکان بگۆڕدرێن بە چارەسەری دیکەی ناعەقڵانیی، بەتەواوی وەک ئەوەی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی (پیرۆن)دا لە ئەرجەنتین ڕوویدا، وڵاتی ئەرجەنتین لەو کاتەدا پێویستییەکی زۆری بە چاکسازیی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی هەبوو، بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی خواستەکانی بازاڕی نیشتیمانیی، لەبری ئەوەی سیاسەتێک بۆ چارەسەری ئەم دۆخە دابنرێت، (پیرۆن)ی پۆپۆلیست پەنایبردە بەر سیاسەتێکی ماڵوێرانکەر، بەجۆرێک ئامانجی لەپێشینەی گواستنەوەی ئەرجەنتین بوو بۆ هێزێکی بنەڕەتی لەدوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. بێگومان سەبارەت بە واقیعی ئەوکاتەی ئەرجەنتین، ئەمە سیاسەتێکی تەواو ناواقیعیی بوو، قابیلی جێبەجێکردن نەبوو.

هەمان سیاسەت لە سەردەمی (ماو تسی تۆنگ)دا لە چینیش گیرایەبەر، ماو لەو باوەڕەدا بوو کە لە ڕێگەی کۆمۆنە کشتوکاڵییەکانەوە دەتوانرێت کۆمۆنیزم لەناو گوندنشینە چینییەکاندا جێبەجێبکرێت. جەختیشی لەوە کردەوە یەکەم هەنگاو بە ئاڕاستەی کۆمۆنیزمدا، بریتییە لە کردنەوەی چێشتخانەی گشتیی، کە ژەمەخواردنی خۆڕایی پێشکەشبکات، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەم

چیشـتخانەیە بەکـاربەرە و بەرهەمهـێن نیـیە. جوتیـارانی چینـیش، کە بەدەسـت کەمیـی خـۆراک و چەوسـاندنەوەی فیودالییەوە دەینالاند، ئەم هەنگاوانەی قبولکرد. (محەمەد خەیرلوادی) باس لەوە دەکات، کە چۆن چاپەمەنیی چینیی بـازاڕگەرمیی بـۆ ئەم مـوعجیزەیەی مـاو کـردووە: "لەنـاو چـــاپەمەنیی چینییـــدا درووشـــمگەلێک دەردەکەوتـــن کە ئاڕاســـتەی جوتیـــاران بـــوون، لەوانە: پێویســـتە هەمـــوو خولەکێک و هەموو چرکەیەک کار بکرێت، شـەو و ڕۆژ، وەک مێرولە، کە شـاخ لە شـوێنی خـۆی هەڵدەکەنێت. بەم شـــێوەیە کۆمۆنەکـــان درووشـــمێکیان بەرزکـــردەوە: خولقاندنی مۆدێلێکی نوێی ژیان لەناو جوتیارەکانی چیندا، لەسـەر ئەم بنەمـایەش لەنـاو گونـدە چینییەکانـدا شـەپۆلێک ســـەریهەڵدا بـــۆ دەســـتبەرداربوونی جوتیارەکـــان لە موڵکەکانیـان... لەنـاو کۆمۆنەکانیشـدا دروشـمی هانـدان بـۆ کـارکردن بەپێـی پێویسـت جێبەجێـدەکرا، نەوەک بەپێـی کـارکردن، ئیـدی کۆمۆنەکـان دەسـتیانکرد بە دابەشـکردنی خـۆراک و جلـوبەرگ و کەلـوپەل بەسـەر ئەندامەکانیـدا، هەروەهـــا خەرجیـــی هاوســـەرگیریی و مردووناشـــتن و ڕاهێنـانی منـدالانیان دەگرتەئەسـتۆ... مـاو پێیوابـوو، کە ڕێکخستنی هەڵمەتێکی بەکۆمەڵی کشـتوکاڵیی، هاوشـێوەی هەڵمەتێکـی سـەربازی، ئەگەر ئەم شـێوازە لەکـاتی جەنگدا کاریگەربوونی خۆی سەلماندبێت، مەرج نییە لە ئابووریی گشتیدا بە هەمان کاریگەریی بێت، بەتـایبەت لە کشـتوکاڵدا بە شـــێوەیەکی تـــایبەت... بەڵـــگە لەســـەر ئەمەش ژمـــارە لاوازەکـــــانی بەرهەمهێنـــــانی کشـــــتوکاڵییە بەهـــــۆی

جێبەجێکردنی ئەزموونی کۆمۆنەکانەوە... وێڕای ئەنجامە کارەسات ئامێزەکانی سیاسەتی بەکۆمەڵکردنی کشتوکاڵی، ماو سوور بوو لەسەر ئەوەی بە ئاڕاستەی ئەزموونەکانی خۆیدا بڕوات و بەردەوام بێت، ڕەتیشیکردەوە گوێ بە دەنگە ڕەخنەگر و ناڕازییەکان بدات، بەڵکو بە دوژمنی خۆی ناوی دەبردن.

هەروەها لە ڤەنزوێلا سەرۆک (هۆگۆ چاڤێز) مەرسومێکی سەرۆکایەتی دەرکرد لەژێر ناونیشانی "دۆخی لەناکاوی وزەی کارەبا"، بەپێی ئەم مەرسومە بڕیار لەسەر درێژکردنەوەی پشووی ساڵی ٢٠١٠ لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی وزە، کە وڵات بەخۆیەوە بینیبوو. فەرمانی دەرکرد بە داخستنی دەرگای گشت فەرمانگە و دامەزراوە گشتییەکان بۆ ماوەی یەک هەفتەی تەواو لە سەرەتای مانگی نیساندا، ئەوەش لەپێناو فەراهەمکردنی وزە دا. بەو مانەیەی لەبری دۆزینەوەی ڕێگەی جدیی بۆ کێشەی وزە، چاڤێز پەنایبردە بەر ئەو چارەسەرە پۆپۆلیستییانە، واتە پەکخستنی بەرهەمهێنان لەپێناو گلدانەوەی کارەبا دا.

کاتێک دەوڵەت لەبەردەم پڕۆژەیەکدا شکستدەهێنێت، هەوڵدەدات شکستەکەی ڕاستبکاتەوە و ئەنجامەکانی باشتر بکات، بەڵام شکست لە دۆخی پۆپۆلیزمدا دەبێتە سەرکەوتن! هەر ئەمەش دەوڵەت لە پۆپۆلیزم جیادەکاتەوە. شکست لەو خاڵەوە لەگەڵ دەوڵەتدا یەکانگیردەبێت کە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکان، نیشان ڕای گشتیی دەدات،

بەڵام هەوڵدەدات بە بێدەنگیی و شاراوەیی چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە بۆ خۆلادان لە ئەنجامەکان، وەک ئەوەی هەیە بیخاتە بەردەم جەماوەرەکەی، لەو دەمەی پۆپۆلیزم کار لەسەر سیاسەتی چاوبەستکردن دەکات، حەقیقەت دەخاتە جێگەیەکی تاریکەوە و لەبەردەم جەماوەردا شکستەکانی بە سەرکەوتن نیشاندەدات، بە کورتییەکەی فێڵی سیاسی دەکات. بە دروستیی هەر ئەمەیە مەبەستی ژیژەک لە وەسفکردنی دا بۆ دیاردەی پۆپۆلیزم، کاتێک پێیوایە حەقیقەت هەمیشە لە ڕووبەرە تاریک و نەبینراوەکاندا دەمێنێتەوە، کە پێویستە جەماوەر چاوی پێی نەکەوێت. هەر کەسێک بیهەوێت بە عەقڵی خۆی پێبگات داوای لێدەکرێت بێدەنگ بێت، ئەگەرنا دەبێتە کەسێک لە بەرەی نەیار و ئۆپۆزسیۆن، یان بە مانایەکی وردتر دەچێتە ڕیزی دوژمنانەوە. پۆپۆلیزم دان بە ئۆپۆزسیۆندا نانێت، ئەو تەنها دووژمن لەبەردەمی خۆیدا دەبینێت.

(مۆنتسکیۆ) لە کتێبی "ڕۆحی یاساکان"دا پێیوایە خاوەن دەسەڵات هەمیشە مەیلی خراپ بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە و تێپەڕاندنی ئەو سنوورانەی هەیە کە بۆی دەستنیشانکراوە: "هەر دەڕوات تا ئەو دەمەی سنوورێک لەبەردەم خۆیدا دەبینێتەوە، تەنانەت چاکەش پێویستی بە سنوورێک هەیە کە سنوورداری بکات. خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، تەنها بە ڕێکخستن و پلەبەندیکردنی شتەکان ڕێگەی لێدەگیرێت، دەسەڵات بە دەسەڵات ڕادەگیرێت. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەشبەشکردن و

دابەزاندنیان، ڕێگە بە هەر دەسەڵاتێک دەدات سنوور بۆ دەسەڵاتەکانی هاوشانی خۆی دابنێت".

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕێگە بە لێپرسینەوە و محاسەبەکردن دەدات، کە ئەم مەسەلەیە بەتەواوی لەناو پۆپۆلیزمدا نائامادەیە، هەم لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و هەم لەسەر ئاستی جەماوەری. لە دۆخی پۆپۆلیزمدا جەماوەر سنوور بۆ سەرکردایەتییەکەی دادەنێت و ڕێگەی هەموو شتێکی پێنادات، کە ئەمەش پەراوێزی بەهەڵەداچوونی سیاسی زیاد دەکات، هەروەها لە بابەتی گەندەڵی کە بە شێوەیەک جێیسەرنجە لەو دۆخانەدا بڵاودەبێتەوە. لێرەدا دوو نموونە دەهێنینەوە سەبارەت بە نەبوونی لێپرسینەوە و چاودێری لە دوو فەرمانڕەوایەتییدا، کە دوو نموونەی پۆپۆلیستیی عەیارە ٢٤ـن لە جیهانی عەرەبی و لە ئەمریکای لاتینییدا. نموونەی یەکەم بریتییە لە هەڵەی سیاسی، نموونەی دووەمیش بریتییە لە گەندەڵی، هەروەک چۆن قوڵایی عاتیفیی دیاردەی پۆپۆلیستیی لەناو پۆپۆلیزمدا دەردەخەن.

نموونەی یەکەم سەبارەت بە جەنگی ساڵی (١٩٦٧)ـە، کە شکستێکی بەرچاو بوو بۆ عەرەب، بە گوتەی (دکتۆر محەمەد جابر ئەلئەنساری) لە هەفتەکانی سەرەتا و مانگەکانی یەکەمدا وەک پێویست نەتوانرا ئەم نسکۆیە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە قبووڵبکرێت، گوتاری شۆڕشگێڕیی لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا چەمکی "نسکۆ"ی بەکارهێنا، لە کاتێکدا ڕۆژنامەی (الحریة)ی

زمانحاڵی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستە عەرەبە ناسرییەکان لە بەیروت، نکۆڵیی لە ڕووداوێکی لەم شێوەیە دەکرد، دوای ئەوە بۆ ماوەی سێ هەفتەی دوای شکستەکە لە دەرچوونی ڕۆژنامەکە وەستا، پاشان بە مانشێتێکەوە گەڕایەوە: "نەخێر عەرەب شکستینەهێناوە... عەبدولناسر شکستینەهێناوە"، بەڵام (نەدیم بەتار)، کە بیرمەندێکی یەکێتیخوازی زانستی و سیکۆلارە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (لە نسکۆوە بۆ شۆڕشی ١٩٦٨)، باس لەوە دەکات ئەوەی لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا ڕوویداوە تەنها نسکۆیەک بووە، وێڕای ئەو ئازارە قوڵەی ئەم نسکۆیە بەدوای خۆیدا هێناویەتی.

کاتێکیش (جەمال عەبدولناسر) ڕۆژی (١٩٦٧/٦/٩) بە گوتارێک هاتە بەردەم جەماوەر و ئومەتی عەرەب، دەستبەرداربوونی خۆی لە سەرۆک کۆماریی ڕاگەیاند، جەماوەریش بیر و هۆشیان لای لێپرسینەوە نەبوو، بەڵکو بەلای لێخۆشبووندا دەڕۆیشتن، داوای ئەوەشیان لێدەکردن لە بڕیارەکەی پاشگەزبێتەوە، ئەمە لە لایەک، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، کە لایەنە گرنگەکەیە، لە ڕێگەی وتارە بەناوبانگەکەی جەمال عەبدولناسرەوە خراپ هەڵسەنگاندنی بڕیاری جەنگ لە لایەن سەرکردەوە دەردەخات، واتە بەو هەڵوێستە سێنتەمێنتاڵییەی مرۆڤ لە زۆرێک لە هەڵوێست و وێستگەکانی ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام ناکرێت دەوڵەتێکی عەقڵمەند ئەم ڕێگەیە بگرێتەبەر، پێویستە بەرژەوەندیی هاونیشتیمانییەکانی بخاتە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی دیکەوە. عەبدولناسر

گـوتی "ئـێمە بـاش دەزانـین ئەم قەیـرانەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت چـۆن دەسـتیپێکرد لە نیـوەی یەکەمـی حـوزەیرانی ڕابـردوودا، دوژمـن پیلانێکـی دانـابوو بـۆ داگیرکردنـی سـوریا... هەمـوو بەڵگەیەکیش لەو بـارەیەوە لەبەردەستدان... هەستمان کرد ئیدی پێویستە لەسـەرمان لە بەرامـبەر ئەوەدا بێـدەنگ نەبـین، ئەمە جـگە لەوەی ئەرکی هەموو برایەکی عەرەبیشـە... هێزە چەکدارەکانمان بە پـاڵەوانێتییەکی وەهـاوە، کە دوژمـن پـێش دۆسـتەکان شاهیدیی بۆ دەدەن بەرەو سنوورەکان جوڵان... تێپەڕینی ئاڵای دوژمن بە بەردەمماندا شتێکی قبووڵ نەکراوە، ئەمە جگە لە چەنـدین پـاڵنەری دیـکە، کە پەیوەسـتە بە شـان و شـکۆی نەتەوەی عەرەبەوە. حسـاباتە ورد و دەقیقەکـانی هێزەکانی دوژمن ئەوەی نیشاندایین کە هێزە چەکدارەکانی خۆمان، بەو ئاستەی لە چەک و چۆڵ کە لەبەردەستیانە و بەو مەشق و ڕاهێنـانەی بینیویـانە، توانـای بەرپەرچدانەوە و ڕاماڵینی دوژمنیـان هەیە... هەر بەڕاسـتییش ئەو ڕیسکە ئەنجامدەدەین. چەندین فـاکتەری نیشـتیمانیی و عەرەبی و نێودەوڵەتیمـان لەبەردەمـدایە، ئەوەمـان لێ دەخوازێت دان بە خۆمانـدا بگـرین، ئەگەر نـا ئـێمە دەستپێشـخەربین لە تەقەکـردن و هەڵگیرسـانی جەنگـدا، ڕووبەڕووی دەرئەنجـامی مەترسـیدار دەبیـنەوە. لە هەمـان شـەودا بـاڵوێزی سـۆڤێت داوایەکـی لە مـن کـرد، کە لەڕاسـتیدا داوایەکی شێلگیرانەی حکومەتی سۆڤێت بوو، کە بە هیـچ شـێوەیەک دەستپێشـخەر نەبـین لە تەقەکـردن... لە بەرەبەیـانی ڕۆژی پێنجـی حوزەیرانـدا دوژمـن دەسـتی

خــۆی وەشـــاند... ئەو دوژمـــنەی ئـــێمە لە ڕۆژهەڵات و باکوورەوە چاوەڕێمـان دەکـرد، ئەو لە ڕۆژئـاواوە هـات... هەربۆیە بەڵگەکان ڕوونن سەبارەت بە دەستتێکەڵاوکردنی لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپریالیســـتەکاندا... بێگومـــان ئەنجـــامی ڕاســـــتەقینە و چـــــاوەڕوانکراوی ئەوەش بریتیبـــــوو لە شـــەڕێکی پاڵەوانئاســـای هێـــزە پیادەکانمـــان لە چەنـــدین قـۆڵەوە و لەنـاو بیابـانێکی چـۆڵ و بـێ سـەنگەردا، لەنـاو دۆخێکی قورسـدا بـوو، هەربـۆیە پاڵپشـتییە ئاسمانییەکانی کـاریگەرییەکی ئەوتـۆی نەبـوو بەهـۆی بـوونی هێزێکـی گەورەتـری ئاسـمانیی دوژمـن" [لێرەدا دەقـی گوتـارەکەی عەبدولناسر درێژدەبێتەوە، بەڵام بەهـۆی لادانـی لە بابەتی نووسینەکە پێویست بە دانانەوەی هەمـوو وتـارەکە ناکـات و ڕاستەوخۆ دەچینە سەر شیکاریی وتارەکە].

ئەوەی لە شـــــەڕی ســـــاڵی ١٩٦٧دا ڕوویـــــدا، کە عەبدولناسر ناوی لێناوە نسکۆ نەوەک شکست، کە دکتـۆر جـابر ئەلناسـری لەم بـارەیەوە دەڵێت "لە نێو هەمـوو ئەو شکســـتانەی عەرەب لە ســـەدەی بیســـتەمدا ڕووبەڕووی بۆتەوە، شکستی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ شکستی دایکە (شکســتی هەرە گەورەیە)، کە هەتــاوەکو ئێســتاش بــرینە قوڵەکـانی بە کراوەیـی مـاونەتەوە، کە ڕەنـگە عەرەب هەر بەم بـــرینەوە پێبنێـــتە ســـەدەی بیستویەکیشـــەوە و هەر نەیتوانیبێـــت خـــۆی لە کاریگەرییەکـــانی دابماڵێـــت". ئەم شکسـتە بە قورسـایی سـاتی ڕوودانیـدا و وێـڕای داننـانی عەبدولناســـر پێیـــدا لە وتـــاری وازهێنانیـــدا، دەرئەنجـــامی هەڵســـەنگاندنی هەڵە بـــوو، بە هـــیچ جۆرێـــک پـــاڵی بە

جەمـــاوەرەوە نەنـــا بـــۆ ســـەر شـــەقام هەتـــاوەکو داوای لێپرسـینەوە و محاسـەبە بـکەن، بەڵکـو جەمـاوەر بـۆ ئەوە هـاتە سـەر شـەقام کە داوای پاشـگەزبوونەوە لە بڕیـاری وازهێنانەکەی بکەن.

نەبـــوونی لێپرســـینەوە و چـــاودێری، پەیوەنـــدیی بەو قوڵاییە عاتیفییەوە هەیە کە لە پەیوەندیی نێوان سـەرکردە و جەماوەردا هەیە لە دۆخی پۆپۆلیزمدا، هەروەها بوونی ئەو ڕەهەنــدە فیتیشیســـتییەی ژیـــژەک قســـەی لەبـــارەوە کـــردووە. هەربـــۆیە وەســـفەکەی نووســـەری ســـعودیی (ئەنوەر عەبدولمەجید ئەلجەبەرتی) ڕاستترین و پوختترین گوزارشـــتە لە هەســـت و ســـۆزی جـیلەکەی خـۆی، کە لە ســـــەرەتاکانی بـــــزووتنەوەی ناســــــریزمدا دەیگــــوت: "عەبدولناسـر ڕێبـازێکی سیاسـی و فەلسـەفیی نەبـوو بـۆ حکومڕانیی، نە تیۆر و ئایدۆلۆژیایەکیش بوو، بەڵکو تەنها سـەردەمێک و عـاتیفەیەک بـوو. شـنەی بـای نەسـیم بـوو... بووژانـدنەوەی ڕەگـی سـۆفیگەریی بـوو لەنـاو دەروێش و موریدەکانـدا... ئەوانەی بە نەزانیـی خۆیـانەوە بەرگریـی لە هەڵە و لادان و لێکـدژیی و نسـکۆکان عەبدولناسـر دەکەن لە ســـەردەمی خۆیـــدا، ســـتەم لە عەبدولناســـر دەکەن... لەبەرئەوەی عەبدولناسـر وەک کەسـێک هەر دەبـوو بێت، ســـەردەمێک بـــوو هەر دەبـــوو ڕووبـــدات، هاوشـــێوەی شەونمی بەرەبەیان... ئێمە نەدەتوانین دەسـەڵاتمان بەسـەر کۆنترۆڵکردنی بەرەبەیـان و ئێوارەدا هەبێت، نە دەتـوانین دەسەت بەسەر دڵۆپە شەونمەکاندا بگرین [ئێمە بمانەوێت یان نا هەر دروستدەبێت].

جەنگی ساڵی ١٩٦٧ هۆکاری سەرەکی بوو بۆ سەرجەم کێشەکانی میسر. (مەحمود بەغدادی) دەڵێت "عەبدولناسر وڵاتی شڵەقاندبوو بە شەڕەکانی، لەپێناو ئەوەی لەبری هەموو عەرەب و لەپاش شەڕە دۆڕاوەکانی پێشووی عەرەب، ڕۆڵێک ببینێت کە لەسەروو توانا ماتریاڵییەکانییەوە بێت، وێڕای ئەوەی بەڵێ ئەو پرسەی عەبدولناسر شەڕی لەپێناودا دەکرد پرسێکی ڕەوا بوو. ئەو دۆخەی ئەمڕۆ میسری پێدا تێدەپەڕێت ئەنجامێکی سروشتیی فەرمانڕەوایی پۆپۆلیستیی سەردەمەکانی پێشووی ئەو وڵاتە بووە، بەڵێ نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ڕەنگە هەندێک دەستکەوت بەدەستهاتبن، بەڵام بە خەرجی و باجێکی زۆر و گران، هەر ئەمەیە کە ئێمە وەک گەلێکی عاتیفی هەستیپێناکەین، چونکە عەقڵ بەکارناهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە سوود و زیانەکانی هەر بڕیارێک... پەلەکردن و بانگەشەکردنی بەدیهێنانی خەونەکانی گەل بەبێ بوونی هیچ بنەمایەکی واقیعیی، ئێمەی بەرەو دۆزەخ بردووە... لەکاتێکدا سەرکردەی ڕاستەقینە گەل بەرەو دەستکەوت و سەرکەوتن دەبات، نەک هەر وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ فشارە گشتییەکانی گەل... هەموو ئەوەی لەمڕۆدا بەدەستییەوە گیرۆدەین، لە نەزانیی و چەوساوەیی و دواکەوتوویی، بریتییە لە ئەنجامی سەرکردە پۆپۆلیستەکان، کە بڕیاری پۆپۆلیستییان وەرگرتووە، توانست، قوربانی و پاشهاتەکانیان لێکنەداوەتەوە، بەم شێوەیە شۆرشگێڕەکان پێشمانکەوتن بەرەو تێکشکانی ئابووری و تواناکانی دوو مەزنترین

وڵاتی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەوانیش عێراق و میسر بوون".

سەبارەت بە نموونەی دووەم لە گەندەڵیی سیاسی و نەبوونی لێپرسینەوە، دەگەڕێینەوە بۆ سیستمێکی هەرە پۆپۆلیستی ئەمریکای لاتین، کە ئەویش ئەرجەنتینی سەردەمی (بیرۆن)ـە. ئەم نموونەیەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆن ئەو سەرکردانە، هەڵەکەیان هەرچییەک بووبێت و قەبارەکەی هەرچەندێک بووبێت، میللەتەکەی چاو لە لێپرسینەوەی دەپۆشن، پاش ئەو کودەتایەی (خوان بیرۆن)ی لە حکوم دوورخستەوە و نەفی کرا بۆ دەرەوەی وڵات، سەرکردەی ئەوکاتەی کودەتاکە (ژەنەراڵ لیۆناردی) لەپێناو شکاندنی ئەفسانەی بیرۆندا لەنێو زەینی جەماوەری ئەرجەنتینیندا، دەرگای کۆشکەکانی بیرۆنی کردەوە لەبەردەم ئەو جەماوەرەی نغرۆی هەژاری و برسێتی بووبوون، لەبەرچاوی خۆیدا هەژاران هەستان بە بردنی ئەو کەلوپەلانەی بەلای ئەرجەنتینییەکانەوە پیرۆز بوون، جێگەی باسە بیرۆن بەتەنها خاوەنی ١٥ ئۆتۆمبێلی پێشبڕکێ بوو، کە لە گرانترین ئۆتۆمبێلەکانی جیهان بوون، ئەمە جگە لە ٢٥٠ ئۆتۆمبێل لە بەرزترین مارکە جیهانییەکانی ئۆتۆمبێلی ئەمریکی و ئەڵمانی، سەبارەت بە پارەی دانراویشی لە بانکی نیشتیمانیی ئەرجەنتین گەیشتبووە نزیکەی (١٠ ملیۆن دۆلار)، لەو دەمەی دەرکەوت لە بانکەکانی سویسرا زیاتر لە (١٠٠ ملیۆن دۆلار)ی داناوە. ئەمە جگە لە گەنجینەی ناو کۆشکە ڕازاوەکانی، کە هەموویان

پڕبوون لە بەردی گرانبەها و خشڵی ناوازە. هەروەها پێڵاوەکانی سەرجەمیان لە پێستی ئاژەڵی "مینک" دروستکرابوون، لەکاتێکدا ئەم ئاژەڵە ژمارەیان لە کەمبوونەوەدایە و ڕاوکردنی قەدەغەیە، بەڵام لەپێناو جانتا و پێڵاوەکانی بنەماڵەی سەرۆکدا پێستەکەیان بەکاردەهات، بێگومان جلەکانیشی لە مارکە هەرە بەناوبانگەکانی فاشیۆنی جیهانی بوو، بەڵام هەموو ئەم دیمەنانە ڕێگر نەبوون هەوادارانی ئەم هوتافە بکێشن "ئێمە هەموومان موڵکی سەرۆکین، چی دەکات و حەزی لە چییە با بیکات، ئێمە هەر خۆشمان دەوێت بۆ هەتاهەتایە".

سیمای چاودێری و لێپرسینەوە، سیمایەکی نادیارە، بەڵکو هەر وجوودی نییە لەو کۆمەڵگەیانەی سیستمە پۆپۆلیستییەکان فەرمانڕەوایی دەکەن، بەڵام دەستبەرداربوون لەم سیمایە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان شتێکی ئەستەمە. هەربۆیە ئەم نموونەیە جیاوازییەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، لەگەڵ ئەو میکانیزمەی لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا لێپرسینەوەی پێ ئەنجام دەدرێت. (غەسان شربل) باسی ئەو هەڵمەتەمان بۆ دەکات کە چاپەمەنی و تەلەفزیۆنەکانی ئەڵمانیا بە ڕووی وەزیری بەرگری (کارل تیۆدۆر تسوگۆتنبێرگ)دا ئەنجامیاندا، تۆمەتباریان کرد بە دزی و ساختەکاری، هۆشدارییاندا لە مامەڵەکردن و ئاسانکاریکردن بۆی، لەبەرئەوەی تاوانکار بوو، بەپێی بۆچوونی ئەوان ئەوەی گوڵە گەنمێک بدزێت بێگومان سڵ لە دزینی خەرمانێکیش ناکاتەوە، جەختیشیان

لەوە دەکـــردەوە مـــانەوەی لەنـــاو حکـــومەتی ئەڵمانیـــادا هەڕەشەیە بۆسەر وێنە، ناو و ناوبانگی دەوڵەت، ئاشتیی دامەزراوەکـــان، بەهـــا و ڕەســـەنایەتییەکان، هاوکـــات ئەزموونێک و پەیامێکی ناشایستەش دەداتە نەوەی نوێ. سەبارەت بە تۆمەتەکە لەسەر بنەمای نامەیەکی دکتۆرا بوو لە یاسادا، گوایە بە ڕێگەی ساختە بەدەستیهێناوە. تۆمەتبارکرا بە دزیکردن لەکاتی ئامادەکردنی ئەو نامەیە و بەکارهێنانی کاری کەسانی دیکە بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەکان. ئیدی ئەم تۆمەتی دزی و تەزویرە زیاتر بڵاوبـووەوە و گەردەلـول ڕووی لە وەزیـر کـرد و قسـە لەسـەر ئەوە دەکـرا چـۆن دەکرێـت متمـانە بە وەزیرێـک بکرێت، کە لە تێزی دکتۆراکەی خۆیدا درۆی کردووە؟ لە واقیعـــدا هیچـــی لەبەردەمـــدا نەبـــوو جـــگە لە دەستلەکارکێشانەوە. شربل لەسەر ئەم مەسەلەیە دەڵێت: "ئەندێشـەی ئەوە بـکە ئەگەر وەزیرێکـی عەرەب لە دزینـی تێزی دکتۆراکەی تێوەبگلایە. ئیدی دەیکردە جەژنی خۆی و دەبووە هەلی ژیانی، سەرجەم تەلەڤزیۆنە ناوخۆیی و ئاســـمانییەکانی بانگـــدەکرد و دەســـتی دەکـــرد بە تۆمەتبارکردنی دەزگای مۆساد، کە گوایە پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن و دەنگـــۆیەک بـــڵاودەکەنەوە لەپێنـــاو لێـــدان لە مێـــژووی جەنـــابی وەزیـــر. پاشـــان دەهـــاتە ســـەر تۆمەتبارکردنی ئەمریکای دوژمن، کە هەوڵدەدات ڕابوونی زانستیی عەرەب پەکبخات. حسابی بۆ زانست و زانکۆ و ڕای گشتیی نەدەکرد و هەر لە جێگەی خۆیدا دەمایەوە. لەکاتێکـدا وەزیـرە ئەڵمـانییەکە تۆمەتبـاریش نەبـوو بە

زەوتکردنی دەسەڵات و پۆست، هەروەها کەس توانجی ئەوەی لێنەدەدا، کە هاونیشتیمانیانی گەوجاندووە و فێڵیان لێدەکات و حسابیان بۆ ناکات. تۆمەتباریش نەبوو پاکتاوکردنی ئەو بەندکراوانەی تاوانی گەورەی ناڕەزایەتیی دەربڕینیان ئەنجامداوە... نە تۆمەتباریش بوو بە تێوەگلاندنی وڵات لە سەرکێشیی و سەرەڕۆیی سەرەخۆرەدا... تەنها تۆمەتبار بوو بە درۆکردن، (مێرکڵ)یش هەوڵینەدا لەم دۆخە دەریبهێنێت و واستەیەکی بۆ بکات، گەر کارێکی لەو جۆرەی بکردایە ئاگر لە جلەکانی بەردەدرا".

ڕەنگە هەندێک کەس بڵێت ئەو قسەیە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدایە، بەوپێیەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بەهرەمەند بوون لە دەوڵەت، لەو دەمەی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێ، وەک دەستەواژە میلییەکە دەڵێت "هیچی بەسەر هیچەوە نییە" و دەوڵەتی تێدا نییە، لێرەدا ڕەنگە پرسیارێکی دیکە بکرێت دەربارەی چییەتیی ئەو دامودەزگایەی لەم کۆمەڵگەیانەی جیهانی سێدا فەرمانڕەوایی دەکەن؟ بۆ نموونە عەبدولناسر دەوڵەتی بونیادنا، بەڵام لە چ ڕێگەیەکەوە چ ناوێک لەو دامەزراوانە بنێین، کە درووستیکردن، بەڵێ ڕاستە حکومڕانیی دەکرد، بەڵام پێویستە پرسیارەکە دەربارەی مەودای هێزی ئەو دەوڵەتە بێت، کە بونیادینا، نەوەک هەر لە میسر بەتەنها، بەڵکو لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهانی سێدا، لەڕاستیدا پڕۆژەکانی دەوڵەتسازیی لەم ناوچەیە سیمای دەوڵەتی بناغە لاواز و لەرزۆکیان وەرگرتووە، پڕۆژەیەکن لەسەر

هەمـــان ئەو بنـــاغەیە بونیـــادتنەنراون کە دەوڵەتـــانی خۆرئـــاوای لەســـەر بونیـــادنراوە، کە مەبەســـتمان لەو دەوڵەتەیە بە پێـــی گوزارشـــتەکەی (هـــۆبز) چـــاوی لە بەرژەوەنـدییەکانی مـیللەت بێت، هـۆبز پێیـوایە پێویسـتە لەســـەر ســـەرداری وڵات ئەو شـــتانە بـــۆ خەڵـــکەکەی دابینبکـات، کە دەوڵەتـی لەپێنـاودا دامەزرانـدووە: ئاسـایش، ئاشـــتیی و پاراســـتنی گەل، پاراســـتنی خەڵـــک تەنهـــا بە پاراســـتنیان نابێـــت لەو مەترســـییانەی ڕووبەڕوویـــان دەبنەوە، بەڵکو بەشێکی گرنـگ بـریتییە لە بەهرەمەنـدبوون لە زەمینەسازییەکانی ئەم ژیـانە. مرۆڤەکـان بە شـێوەیەکی خۆویستانە لەناو کۆمەڵگەیەکی سیاسییدا یەکیانگرتووە، تا ئەو شوێنەی مەرجەکانی مرۆڤبوون ڕێگەیان پێبدات، واتە بەختەوەریی و کەمیی ئـازار و نـاڕەحەتییەکـان... هەروەهـا پێویســـتە لەســـەر دەســـەڵاتدار ئـــازادیی بـــۆ گەلەکەی دابینبکات. کەواتە ئـازادی چییە؟ بـریتییە لە نەبـوونی هـیچ ڕێگـر و بەربەسـتێک لە دەرەوەی خۆمــان، جـگە لە یەک بەربەســـتی دەرەکیـــی، کە ئەویـــش یاســـایە. تـــاک و دانیشتوانی وڵات، ئازادن لە ئەنجامدانی هەر کردارێک کە یاســا ڕێــگەی لێنەگرتبێــت. هاوکــات ئەو یاســایانەی لە خــزمەت مرۆڤەکانــدان و یاســای گونجــاون، تەنهــا ئەو یاسایانە جێگەی بایەخن و پێویستن بۆ خۆشبەختیی گەل، یاســاکان بـــۆ بێزاربـــوونی مـــرۆڤ لە بـــوونی خۆیـــان دروستنەکراون، بەڵکو بۆ ڕێ نیشاندانیانە، بۆ پاراستنیان دژ بە خۆیـان و ئەوانـی دیـکە، هەتـاوەکو ئاشـتی بەرقەرار بێـت... هەروەهـا پێویسـتە لەسـەر دەسـەڵاتدار لەبەردەم

یاسا، لەبەردەم ئەرکە گشتییەکان، خوێندن، پەروەردە و تەندروستیدا یەکسانیی بۆ گەلەکەی دابینبکات، لەبەرئەوەی لە سەربنەمای ڕێبازە درووستەکان درووستبوون، گەشانەوەی ماتریالّی. لەپێناو ئەمەشدا فەرمانڕەوا پێویستە دژ بە بێکاریی بجەنگێت و کار بۆ هەموو مرۆڤێک دابینبکات. ئەرکی یەکەمی دەوڵەت بکات بە چاکەی گشتی بۆ ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان نییە، لەبری ئەوەی بەجێیانبهێڵێت بۆ ڕێککەوتی چاکەی تایبەتی. ئەم دووپاتکردنەوەیە لەسەر گەشانەوە، ئەوە بەسەر دەسەلاتداردا دەسەپێنێت، کە خاوەنداریتیی تایبەتی پێویست بۆ جەماوەرەکەی دابینبکات، بەلاّم دەبێت چارەسەرێک بدۆزرێتەوە لە نێوان ئەم مافپێدانە بۆ دابەشکردنی موڵکەکان، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی هەڵپە و دەستدرێژیی ناڕەوای هەندێک کەس لە ڕێگەی قۆرخکارییەوە بۆ دەستگرتن بەسەر موڵکی گشتیدا، ئەوەی مرۆڤ و دەوڵەت دەپارێزێت، بریتییە لە دەوڵەت، ئەم دروستکراوەی کە هیچ بەهەیەکی نییە. بەڕای هۆبز پەیدابوونی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ تێپەڕینی مرۆڤ لە قۆناغی "مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ" لە دۆخی سروشتییدا، بۆ دروستکردنی مرۆڤ "خودای مرۆڤ" لە دۆخی کۆمەڵگەدا. بە بڕوای هۆبز پێویستە لەسەر دەوڵەت پێش هەموو شتێک بەلاّ و نارەحەتییەکان لەخۆی دووربخاتەوە، هەروەها پێویستە مرۆڤەکان لەناو ئەو چوارچێوەیەدا حکومداریی بکرێن، کە ڕێگەی پێدراوە، واتە بەپێی یاسا نا، بەڵکو بەپێی ویژدانی خۆیان، واتە

حوكمی شەخسیی و ناوەكیی خۆیان، خۆیان بڕیاری چاكە و خراپەی خۆیان بدەن. بە بڕوای هۆبز ئەم مەیلە دوای ئەوەی دەوڵەت لاوازدەكات و بنكۆڵی دەكات، دواجار جێگەی دەگرێتەوە. هەروەها باس لەوەش دەكات كە ئەوەی جێگەی دەوڵەت دەگرێتەوە مەترسییەكی دیكەیە، یەكێكە لەو نەخۆشییانەی هۆبز ناوی بردووە بە "وێناكردنێكی پوچی پەیوەندییەكانی دەسەڵاتی مەدەنی لەگەڵ ئایین و دەسەڵاتی ئایینییدا".

هاوكات دەوڵەت و چەمكی دەوڵەت بە توندیی پەیوەستن بە پیاوانی دەوڵەتەوە. پیاوی دەوڵەت بە گەڕانەوە بۆ هۆبز "ناتوانین لەنێو ئەو كەسانەدا بیاندۆزینەوە، كە هیچ ئەزموونێكیان نییە لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی دەوڵەت لە هەموو ڕووەكانەوە. دامەزراوەكانی دەوڵەت تەنها كاتێك دەتوانن سەركەوتووبن و لەگەڵ یەكتریدا گونجاو بن، كە كەسانێک كارگێڕیی ئەو پۆستانە وەربگرن و ئەزموونێكی باڵایان هەبێت لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی دەوڵەت... پیاوی دەوڵەت بەدوای هاوسەنگییەكدا دەگەڕێت لە نێوان گەشەپێدان و پێشخستنی دامەزراوەكان و ئەو یاسایانەی كۆمەڵگە پێویستی پێیانە. "یاسا گرنگترین شتە كە پیاوی دەوڵەت پێوەی پەیوەست بێت، بۆئەوەی ببێتە نموونەیەكی باڵا بۆ هەموو كۆمەڵگە.

هەروەها (ماكس ڤێبەر) پێیوایە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی پیاوی دەوڵەت خۆی دەبینێتەوە لە چۆنیەتی دروستكردنی بڕیار، هەم بڕیارە تاكتیكییەكان،

هەم بڕیـاره سـتراتیژییەکان، ئەمە جـگە لە تواناکـانی بـۆ بەرگریکـردن لە بیروبۆچوونەکـانی بە بـێ ئەوەی یاسـای گشـــتی پێشـــێلبکات، یـــاخود ئـــامرازێکی نامەشـــروع بەکاربهێنێت، ڕەنگە مانۆڕەکانی خۆی بەکاربهێنێت، بەڵام بە لێهاتوویی و زیرەکییەوە بۆ سنووردارکردنی نەیار و دوژمنەکـانی... یەکێـک لە گرنگتـرین تایبەتمەنـدییەکان، کە پێویستە لەنـاو ئەزموونەکانیـدا ڕەنگبداتەوە سـەبارەت بە کاروباری بیرۆکراسی، پشت بە کەسانی لێهاتوو ببەستێت بـــۆ بەڕێکردنـــی کاروبـــاری دامەزراوەکەی، ئەو کـــات دەتوانێـــت ڕەوڕەوەی خـــۆی بەرەوپێشـــەوە بەرێـــت و بەردەوام بێـت لە ڕۆیشـتن بەبـێ ئەوەی هەمـوو ڕۆژێـک پێویستی بە پاڵنـان هەبێت... ناوبەنـاویش هێـزی پـاڵنەری نوێی بۆ زیادبکرێت. هەر ئەمەشە دەتوانێت بەشداربێت لە دارشـــتنی پرســـیار و جـــۆری ئەو پرســـیارانەی لەگەڵ ڕاوێژکارەکانیدا تـاوتوێی دەکـات... هێندەی گرنگی دەدات بە کار و کردەوەکان و گۆڕینیان بۆ دەستکەوتی تـایبەتی، هێندە گرنگی بە دروشمەکان نادات.

بەڵام (جـــۆن لـــۆک) لەو بـــاوەڕەدایە، کە دەوڵەتـــی مـــۆدێرن، وەکـــو یاســـایەک لە یاســـاکانی سروشـــت، لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت زامنی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە بکات کە یاسـا بەڕێوەیدەبات، بۆ نموونە دابینکردنی تەندروستیی مـرۆڤ و ئازادییەکانیـان و موڵکەکانیـان، کە تەنهـا پیـاوی دەوڵەت دەتوانێت ئەمە بکات.

یەکێـک لە دیـدگا پەرەسـەندنخوازەکان بـۆ چەمکـی دەوڵەت، لە لایەن (جۆن ڕاولز)ەوە خراوەتە سـەر تیۆری

دەوڵەت، پێیوایە پێویستە پیاوی دەوڵەت بە دیدگایەکی ستوونی لە ژیانی وڵاتەکەی بڕوانێت، نەوەک دیدگایەکی ئاسۆیی، هەروەها خۆی بپارێزێت لە لایەنداریی بۆ هەر لایەنێک، تەنانەت ئەگەر خۆی بەشێک بێت لە هەر کێشەیەک کە لە وڵاتدا ڕوودەدات، بەڵام بەو مەرجەی دڵسۆز بێت بۆ بێلایەنییەکەی خۆی.

پێویستە لەسەر پیاوی دەوڵەت توانا و لێهاتووییەکی وەها بەرزی هەبێت کە بتوانێت حکوم بەڕێوەبەرێت. ئەم لێهاتووییە بەدیاریکراوی ئەوەیە کە ئێریک فرۆم هەوڵدەدات لە ڕێگەی چەمکی دەسەڵاتەوە بۆمان شیبکاتەوە، چونکە پێیوایە جیاوازییەکی یەکلاکەرەوە هەیە لەنێوان ئەوەدا کە کەسێک دەسەڵاتی هەبێت و یاخود کەسێک خۆی دەسەڵات بێت. دەتوانین لە ڕێگەی بەراوردکارییەوە بۆ ئەم بابەتە جیاوازی بکەین لەنێوان پیاوی دەوڵەت و دەوڵەتی پیاو، ئەو دەڵێت: "ئێمە بەنزیکەیی هەموومان پراکتیزەی دەسەڵات دەکەین... لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانماندا... لە کۆمەڵگەی پیاوسالارییدا زۆرینەی پیاوان دەسەڵات بەسەر ژناندا دەسەپێنن. لە کۆمەڵگەی بیرۆکراسیی ڕێکخراو بە پێی پلەبەندییەکی دیاریکراو، وەک کۆمەڵگەکانی خۆمان، کە زۆرینەی ئەندامەکانی دەسەڵات پراکتیزە دەکەن، جگە لەوانەی لە نزمترین پلەی کۆمەڵگەدا وەستاون، کە ملکەچی دەسەڵاتی کەسانی دیکە دەبن".

تێگەیشتنمان بۆ دەسەڵات لە هەردوو شێوازەکەدا ڕاوەستاوەتە سەر درککردنمان بەوەی دەسەڵات

چەمکێکـی پـان و بەریـنە دوو مانـای تەواو لێکجیـاوازی لەخۆگرتـووە، یـان ئەوەتـا دەسـەڵاتێکی عەقڵانییـە یـاخود دەسـەڵاتێکی نـاعەقڵانییە. دەسـەڵاتی عەقڵانـی بنەمـاکەی بـریتییە لە توانـا و لێهـاتوویی، کە ئەمەش هاوکـاری ئەو کەسـە دەکـات کە پڕاکتیـزەی دەکـات بـۆ بەرزبـوونەوە گەشەســەندن، بەڵام دەســەڵاتی نــاعەقڵانیی بنەمــاکەی بــریتییە لە هێــز، کە ئەم هێــزەش بەکاردەهێنرێــت بــۆ چەوســاندنەوەی کەســە ژێردەســتەکانی... دەســەڵات لە کۆمەڵگە هەرە سەرەتاییەکاندا، بەگشتی لە لایەن کەسێکی خـاوەن توانـاوە بەڕێوە دەبـرا، ئەو سیفەتانەی کە دەبـوو لەو کەسەشـدا هەبێـت هەتـاوەکو بە لێهـاتوو بناسـرێت، ڕاوەسـتابووە سـەر دۆخـی ئەو سـەردەمە و پێداویسـتییە تایبەتەکـانی ئەو کـۆمەڵگەیە، کە زۆرجـار ئەم سـیفەتانە پێکهـاتبوو لە ئەزمـوون، دانـایی، ڕێـز، دەسـتڕەنگینی و ئازایەتی، لای زۆرێک لەم هۆزانە بە شێوەیەکی بەردەوام دەسەڵات بوونی نەبوو، بەڵکو کاتێک دەسـەڵات پێکدەهات کە پێویسـتییان پێیبـوایە... ئەگەر ئەو سـیفەتانەی کەسـی دەسەڵاتداری لەسەر پێکهاتبوو لاوازبوون یاخود بوونیان نەمـا، ئەوا خـودی دەسەڵاتەکەشـی کۆتـایی دەهـات، دەتـوانین شـێوازێکی دەسـەڵاتی لەمجـۆرە لە زۆرێـک لە کـۆمەڵگە ئەیپەکـان (مەیمـونی بـاڵا)دا ببینـین، کە دەسـەڵاتەکانیان لە سـەربنەمای هێزی جەسـتەیی نەبـوو، بەڵکو لە سەربنەمای سیفەتەکانی وەک ئەزموون و دانـایی بوو. لە تـوێژینەوەیەکی ئەزموونیی لێهاتوانەدا دەربـارەی مەیمـون (دیلگـادۆ) ئەوەی سـەلماند، کە ئاژەڵی باڵادەست

لەنــاو کۆمەڵەیەکــدا، هەر کاتێــک – ئەگەر بە شــێوەیەکی کاتییش بێت – ئەو سیفەتانەی لەدەستدا کە شیاوبوون بۆ ئەوەی ببێتە باڵادەست و سەرکردەی نـاو ئاژەڵەکان، ئەوا ڕاســتەوخۆ ئەو دەســەڵاتە لەدەســتدەدات. لەگەڵ پێکهـاتنی ئەو کۆمەڵگەیـــانەی لەســـــەر سیســـــتمێکی پلەبەنـــدیی کۆمەڵایەتی دروستبوون، ئیدی دەسەڵات لەسەر بنەمـای توانـا و لێهـاتوویی و شـیاویی، جێگەی گیـرایەوە لە لایەن دەســەڵات لە ســەربنەمای پـێگەی کـۆمەڵایەتی... جـا ئەمە هەم بۆ دەسەڵاتی پادشایەکیش ڕاستە کە بەهۆی چانسـی جیناتەوە (پشتاوپشت) ئەم پلەیەی بەدەستهێناوە، هەم بۆ تاوانکـــارێکیش ڕاســـتە کە بە بـــازدان بەســـــەر هەمـــوو ڕێوشـوێنە یاسـاییەکاندا بازیـداوە و لەڕێگەی کووشـتن و ناپاکییەوە هاتۆتە سەر دەسەڵات، هەم بۆ دەسـەڵاتێکیش، کە لە ڕێگەی وتار و جوانکاریی فیلم و پڕوپاگەندەکانەوە هـاتۆتە سـەر دەسـەڵات. لە هەمـوو ئەم حاڵەتـانەدا ڕەنگە هیچ پەیوەندییەک نەبێت لە نێوان دەسـەڵات و لێهاتووییدا، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دەسـەڵاتەکە بڕێک لە ئەزمـوون و لێهـــاتوویش لەخۆدەگرێـــت، هێشـــتا چەنـــدین کێشـــەی ڕاســــــتەقینە بوونیـــــان هەیە، ئەوەش بەهـــــۆی بنەمـــــا پلەبەندییەکەی کۆمەڵگەوە. سـەرکردەیەک دەشێت لێهـاتوو، هەڵکەوتووبێت بۆ هەندێک جێگە و گۆڕەپـانی سیاسـی و کۆمەڵایەتی، بەڵام بۆ هەندێک جێگەی دیکە بەوجۆرە نییە. بـــۆ نمـــوونە دەشـــێت لێهاتووبێـــت لە بەڕێـــوەبردنی کاروبارەکانی پەیوەست بە جەنگەوە، بەڵام لە بـارودۆخی ئاشتییدا هەمان لێهاتوویی نەبێت. هەروەها ڕەنگە کەسێک

هەبێت لە ناوەندی سەرکردایەتییدا، ئازا و دڵسۆز و دەستپاک بێت لە سەرەتای وەرگرتنی لێپرسراوێتییەکەیدا، بەڵام دواتر نابێت بەهۆی گەندەڵییەکانی کورسییەوە ئەم باشییە لەدەستبدات، یاخود بەهۆی چوونە تەمەن و پیربوونەوە... ئەو هۆکارانە هەرچییەک بن، کە دەبنە مایەی لەدەستدانی لێهاتوویی و توانستی بەرزی سەرکردەکان، زۆرینەی ئەو کۆمەڵگەیانەی، کە لەسەر سیستمی پلەبەندیی کۆمەڵایەتیی گەورە بوون، دیاردەی نامۆبوونی دەسەڵاتیان بەخۆیانەوە بینیوە. لێهاتوویی ڕەسەنی گریمانەکراو، یاخود لێهاتوویی ڕاستەقینە، دەگوازرێتەوە بۆ ناو و ناوبانگ و نازناوی فەرمیی کەسەکە... بۆ نموونە پادشا، ئەگەر ئەم نازناوەمان وەک سیمبولێک وەرگرت بۆ ئەو مۆدێلە لە دەسەڵات، ڕەنگە کەسێکی بەدڕەفتار، خراپ، توندوتیژ بێت و بە هیچ شێوەیەک ئامادەی ئەو دەسەڵاتە نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەسەڵاتەی هەیە و نازناوی پادشای هەڵگرتووە، بەڵام لەڕاستیدا پێویستە هەڵگری سیفەتەکانی لێهاتوویی و بنەماکانی شیاوێتیی بێت بۆ ئەو پۆستە، وەک ئەفسانەکە دەڵێت: تەنانەت ئەگەر پادشا ڕووتیش بێت، بەڵام خەڵک هەموو پێیانوایە جلێکی لەبەردایە کە لە ناوازەترین قوماش دروستکراوە... ئەو کەسانەی ئەم سیمبولە دەسەڵاتگەرانەیان هەیە، یان ئەوانەی سوودمەندن لێی، دەستیان بردووە بۆ لەکارخستنی هزری واقعیی (واتە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی)ی گەل و جەماوەرەکەی، پاڵیشیان پێوەدەنێت بۆ باوەڕهێنان بە

وەهمەکان، هەر کەسێک بیر لە پرسەکە بکاتەوە هەست بە یاریکردنە پڕوپاگەندەئامێزەکان و چەندین ئامڕازی دیکە دەکات، کە ڕوانگەی ڕەخنەیی و حکومدانی ڕاست و دروست لە خەڵکدا دەکووژن، بۆئەوەی دەست بەسەر زەینی خەڵکدا بگرن خەڵکی بەتەواوی دەستەوەستان بێت لە گوزارشت کردن و دەربڕینی ناخی خۆیان، لەبەرئەوەی سەربەخۆیی و متمانەی خۆیان لەدەست دابوو، چاوەکانیان لەوە کەوتبوو ڕاستییەکان ببینێت، مێشکیان لەوە کەوتبوو بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ شتەکان بکات و بڕیاریان لەسەربدات.

ئەم تێگەیشتنە بۆ دەوڵەت و پیاوانی دەوڵەت، زۆر بە کەمیی لە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێدا دەبینرێت، پێش ئەوەی بچینە ناو پیشاندانی واقیعی ئەم کۆمەڵگەیانەوە، کە وەک گوتمان زەمینەیەکی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیزم، پێویستە لەسەرمان ئەو مشتومڕە یەکلایی بکەینەوە دەربارەی ئەوەی ئایا ئەو بزووتنەوانەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بەخۆیانەوە بینیوە و هەموویان لەژێر ناونیشانی ڕاستی توندڕەودا پۆلێنکراون، بزووتنەوەی نیمچە پۆپۆلیستیین و بە ڕەهایی بزووتنەوەی پۆپۆلیستیی نین.

ئەگەر تەماشایەکی بزووتنەوە ڕاستە توندڕەوەکان بکەین لە خۆرئاوا، دەبینین هەندێک لە ڕەگەزەکانی گوتاری خۆیان لە پۆپۆلیزمەوە وەرگرتووە، سیمایەک لە سیماکانی پۆپۆلیزمیان تێدا دەبینرێت، بەڵام بەتەواویی بزووتنەوەی پۆپۆلیستیی نین، لەبەرئەوەی لەو

کۆمەڵگەیـانەدا دەوڵەتـی تێدایە بە مانـا فـراوانەکەی و بە تەواوی پێکهاتەکـــانییەوە، کە ئەمە لە جیهـــانی ســـێدا نائامـادەیە. لێرەدا جـارێکی دیـکە پرسـیارێک دێـتەوە نـاو هـزری مـرۆڤ دەربـارەی ئەو دەزگـایەی چـۆتە جـێگەی دەوڵەت لە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەمدا. هەربۆیە پێش ئەوەی بچینە نـاو وردەکارییەکـانەوە پێویسـتمان بەوەیە وەڵامێکـــی کـــورت بخەیـــنەڕوو، دەوڵەتـــی باڵادەســـتی کۆمەڵگەکـانی جیهـانی سـێ، بـریتییە لەو دەوڵەتـانەی (تاگـاییڤ) لێهـاتووانە بەم شـێوەیە پێناسـەی کـردوون: "زۆربەی کـــات پۆپۆلیســـتەکان ســـەرکەوتوو دەبـــن لە دامەزرانـــدنی جۆرێـــک لە دەوڵەتێکـــی بەهێـــز، بەڵام دەوڵەتێکی بەهێزی لەم جۆرە، بەزۆریی لەسـەر حسـابی لاوازکردنـــی کـــۆمەڵگەیە". ئەم وەســـفکردنەی چەمکـــی دەوڵەت کە لەســـەر دەســـتی پۆپۆلیســـتەکان دامەزراوە، پـــێچەوانەیە لەگەڵ ئەو چەمکـــی دەوڵەتەی لە ســـەرەوە پێناسـەمان کـرد، ئەگەر لە یەکەمـدا دۆخەکە بریتیبێـت لە لاوازکردنـــی کـــۆمەڵگە، ئەوا یەکێـــک لە هۆکارەکـــانی ســـەرهەڵدانی دەوڵەت لە بـــاری دووەمـــدا بـــریتییە لە بەهێزکردنی دەوڵەت.

بەڵام پـوختەکەی سـەبارەت بە دانـانی پۆپـۆلیزم وەک نەخۆشییەکی زووتێپەڕ، کە دەبێتە مایەی زیانگەیاندن بەو کۆمەڵگەیـانەی تووشـی ئەم نەخۆشـییە دەبـن، بەڵام لە کۆتاییـدا کۆتایـدێت بەبـێ ئەوەی هـیچ کـاریگەرییەکی لێبکەوێتەوە، ئەمە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا ڕاستە، بەڵام لە کۆمەڵگەکـانی جیهـانی سـێیەمدا وەک نەخۆشـییەکی درێژخـایەن وەهـایە، کە هـیچ دەرمانێـک سـوودی نابێـت

بــۆی. ئەگەری پەنــابردن بــۆ دەوڵەت بەو چەمــکەی لە پێشــــووتردا باســـــمانکرد، بــــارگرانییەکی گەورەی لەبەردەمــدایە، ئەمە ئەگەر ئەســتەم نەبێــت. وەرچەرخــان ڕووە و دەوڵەتی مۆدێرن، یاخود دەوڵەتی دیموکراسـی لە وڵاتــانی عەرەبیــدا، کە دەتــوانین بەســـەر زۆریـــنەی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێدا بیگشتێنین، لەبەردەم لاوازیی ئەو هێــزە دیموکراســییانەدا دەوەســتێت، کە دەتوانرێــت هیــوای لەســەر هەڵبچنــدرێت بــۆ هەســتان بە پڕۆســەی گۆڕانی سیاسی و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی. ئەم لاوازییە بە قسەی (بورهان غەلیون) خۆی دەبینێتەوە لە "نەبوونی ڕێکخــراوی دیموکراســیی ڕاســتەقینە، نائامــادەیی ڕێســا، نەریت، پڕاکتیکی ڕوون و جێگیر کە بونیـادی خـۆت بـۆ دادەڕێـژێتەوە، داخـوازیی دیمکوراسـییش تەنهـا لە چەنـد گروپێکی چەپی کۆنـدا کورتبـۆتەوە – کە ئەم گروپـانەش هەندێک جار لەپێناو دەوڵەمەندکردنەوەی خۆیان لەسـەر گۆڕەپـانی سیاسـی ئەم درووشـمانە بەکـاردەهێنن- وەک لەوەی چەشــنی پڕۆگرامێکــی سیاســیی ڕاســتەقینە بــۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی تەماشابکرێت... تا ئێستاش نەوە لاوە نوێیەکـــان، کە هێشـــتا لە ڕێـــگەی چەوســـاندنەوە و ســەرکوتکردن و تیــرۆرەوە ڕام نەکــراون، باوەڕیــان بەم جۆرە کرانەوانە نییە، بگرە تەنـانەت باوەڕیـان بە مانـای دیموکراسییش نییە؛ ئەوان بوونەتە نێچیری هەستکردن بە بێهیـوایی، کە خواسـتی گـۆڕانی ڕیشــەیی و خێـرای هەیە. هێشتا کارێکی قورسە قسە دەربارەی بوونی بژاردەیەکی دیموکراســـیی ڕاســـتەقینە بکرێـــت، لەکاتێکـــدا هێـــزی

دیموکراسیی بەهێز و ڕێکخراو بوونیان نییە. ئەو خواستە باڵادەستەی بۆ دیموکراسی هەیە، مەیلی بەلای ئەوەدایە کە ئەو سەرمایە کولتوورییە نوێیەی نوخبەی چەپی لیبراڵ بەرەکەی دەچننەوە و فەرامۆشکراون، لە کێبڕکێیەکی نوێدا بێت کە بەهۆی قەیرانی دەسەڵاتەوە هاتۆتەئاراوە... لێرەوەیە پێموایە کۆمەڵگە عەرەبییەکان بەگشتی لە قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە تۆتالیتار و دەسەڵاتخوازەکاندا دەژین، و هێشتا بە شێوەیەکی شێلگیرانە هاتوونەتە ناو پرسی وەرچەرخانی دیموکراسییەوە... هەتاوەکو ئێستاش دیموکراسی لە هیچ وڵاتێکی عەرەبی وەک شەڕێکی سەرەکیی لە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی یاخود هێنانە ئارای گۆڕانێکی قوڵ لەناو کۆمەڵگەدا.

لەم بۆچوونەیدا (سەید یاسین) هاوڕایەتی، بەڵکو لەمەش زیاتر دەڕوات لە قسەکردندا دەربارەی نەزۆکیی دیموکراسیی لە ناوچە عەرەبییەکاندا، لەم بارەیەوە دەڵێت: "پێموابوو پاش گێڕانەوەی چەمکی نەزۆکیی دیموکراسی بۆ ڕیشەکەی خۆی، وەک ئەوەی لەمڕۆدا لە سیاسەتی بەراوردکارییدا بەکاردەهێنرێت، دەتوانم بچمە سەر قسەکردن دەربارەی ڕواڵەت و هۆکارەکانی پشت نەزۆکیی دیموکراسیی عەرەبییەوە، بەڵام پاش تێڕامانێکی دوور و درێژ درکم بەوە کرد پرسەکە بەتەنها پەیوەست نییە بە نەزۆکیی دیموکراسییەوە، واتە نائامادەیی بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی، بەڵکو لە واقیعدا پەیوەستە بە

قەیرانێکی گشتگیری کۆمەڵگەییەوە... لەڕاستیدا نابێت قەیرانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی عەرەبیی هاوچەرخدا تەنها بگێڕدرێتەوە بۆ ڕەفتاری دەسەڵاتخوازانەی دەسەڵاتداران، جا سەر بە هەر ڕەگەز و چینێک بن، یاخود بە جۆرێک دەستیان بە دەسەڵاتەوە گرتبێت کە بەتەواوی هەموو دەرگاکانی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیان داخستبێت... بەڵکو لەڕاستیدا پرسەکە پەیوەستە بە ڕەفتاری جەماوەریشەوە، واتە ئێمە لەبەردەم تەنگەژەیەکی ڕاستەقینەداین، کە پەیوەستە بە ڕەفتاری دەستەبژێرێکی سیاسی و ڕەفتاری جەماوەریشەوە، لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی وەهادا کە هەژاری و نەخوێندەواری و چەوساندنەوە باڵی بەسەردا کێشاوە، پاش ئەوەی بارودۆخی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان تێکدەچێت، سەردەکێشێت بۆ دیاردەی نامۆبوونی بەرفراوان و بەهەدەردان و دارمانی گیانی مەعنەویی جەماوەر... هەربۆیە ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە گرنگانەی لە سیستمی سیاسیی میسردا ڕوویاندا، ئەو حەقیقەتە دەردەخات کە ئاماژەمان پێدا، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لەبەردەم قەیرانێکی گشتگیری کۆمەڵگەیی داین، نەک هەر بەتەنها نەزۆکیی دیموکراسیی کە ئەگەری لەناوبردنی هەبێت ئەگەر کۆتاییمان بە سیما دەسەڵاتگەراییەکانی سیستمی سیاسیی هەنوکەیی هێنا".

ئەم واقیعەی، کە پەیوەستە بە لاوازیی دیموکراسییەوە لە وڵاتانی جیهانی عەرەبیدا، لای خۆیەوە لەبەردەم کۆی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێدا دەکەوێتە پاشەکشەوە.

لێرەدا دەکرێت چاو بە یەکێک لە ئەزموونەکانی ئەمریکای لاتینییدا بخشێنینەوە، کە بەدەست لاوازیی و نەزۆکیی دیموکراسییەوە گیرۆدەیە، هەتاوەکو ببینین، کە چۆن لەگەڵ کۆتاییهێنان بە سیستمێکی دەسەڵاتخوازدا لە لایەن بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕییەوە، بە زەرووری ئەڵتەرناتیڤەکە دروستکردنی دەوڵەتێک نابێت بە مانا مۆدێرنەکەی دەوڵەت، واتە دەوڵەتێکی دیموکراسی. لە نیکاراگوا، پاش دوورخستنەوەی دیکتاتۆر (سومۆزا) لە ساڵی ١٩٧٩ لە دەسەڵات، شۆڕشگێڕان ڕەتیانکردەوە سیستمێک بونیادنراو لەسەر دیموکراسیی هەڵبژاردن بونیادبنێن و بە شتێکی لاواز و پڕوپوچیان دەزانی، ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٠ بە هەموو شێوەیەک بژاردەی هەڵبژاردنیان دوورخستەوە و (دانیال و ئەمبێرتۆ ئۆرتیگا) لەو باوەڕەدا بوون، کە بنەما لەپێشینەکانی دیموکراسیی بۆرژوازیی هیچ گرنگییەکیان نییە، جەماوەر بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانیی ساندینیستی گرتووە، کاتێک پێکەوە دژ بە دیکتاتۆر ڕاپەڕین.

ئەم نموونەیە وەردەگرین و لەوێوە قسە دەربارەی ئەو شێوازە فەرمانڕەواییە دەکەین، کە بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان پێیداهەڵدەدەن و بانگەشەی بۆ دەکەن، دوای کۆتاییهێنان بەو شێوازی حکومەت و دەوڵەتەی پێشتر هەبووە.

## ئەو ئەزموونە حكومڕانییانەی بەرهەمی بزووتنەوە پۆپۆلیستییەكانن

بـــزووتنەوە پۆپۆلیســـتییەكان دوای ســـەركەوتنیان سیستمی پۆپۆلیستی بەرهەمدەهێنن، ئەگەر وردتریش بین ئەو دەسـەڵاتانە بەرهەمـدەهێنن كە بانگەشـەی دابینكردنـی خواســـت و داواكارییەكـــانی گەل دەكەن، بەوپێـــیە سەركردەكان، لە ڕوانگەی پاداشـتكردنی جەمـاوەر بۆ ئەو خەبـاتەی كردوویـانە، كە بەبـێ ئەوان هـیچ ئامانجێـك بەدینەدەهـــات، هەوڵـــی پیاهەڵـــدانی بژاردەكـــانی ئەم جەمـاوەرە دەدەن، ئەویـش لە ڕێـگەی بانگەشـەكردن بـۆ دەســـەڵاتێكەوە، كە كـــار بـــۆ بەدیهێنـــانی خواســـت و داواكارییەكانیان دەكات، بەڵكو خۆی دەكات بە پایەكانی دەسـەڵاتی ڕاسـتەوخۆی ئەم جەمـاوەرە. لەم ڕووەشـەوە بەگشـتی دەگەڕێـتەوە بـۆ درووشـمە پۆپۆلیسـتییەكان، بەوپێـیەی درووشـم گەلـێكن بەهـیچ شـێوەیەك لە واقیـع نزیـــك نـــابنەوە، تایبەتمەندییەكەشـــیان ئەوەیە چەواشـەكارانەیە، لە لایەن ئەو دروووشـمانە دەرخـواردی جەمـاوەر دەكـات كە جەمـاوەر داوای دەكـات، لە لایەكـی دیكەشـەوە خەریكـی بەدەسـتهێنانی ویسـتەكانی خۆیـانن لەنـــاو دەســـەڵاتدا وەك ســـەركردەیەك. لێـــرەوە قســـە دەربارەی پۆپۆلیزم دەكرێت وەك كەژاوە و كەرنەڤاڵێكی بەردەوامی نێوان سەركردە و جەماوەر.

ئەوەی جـێگەی باســـە لێـرەدا قۆنـاغی دوای لابردنـی دیكتـاتۆر (سـومۆزا)یە لە نیكـاراگوا لە لایەن شۆڕشـی "ســـاندینیزم"ـــــەوە، كە لەلایەن (دانیـــال ئۆرتیگـــا)ی

شۆڕشگێڕەوە سەرکردایەتی دەکرا، هەروەها باس لەو گوتارە دەکەین کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئاڕاستەی جەماوەری کرد.

لەو فیستیڤاڵە جەماوەرییە گەورەیەی لە گۆڕەپانی "مانگوا" ڕێکخرا بە ئامادەبوونی سەرۆکی نیکاراگوا (دانیال ئۆرتیگا)، دروستکردنی ئەنجومەنەکانی دەسەڵاتی هاووڵاتیان ڕاگەیەندرا، کە لە ڕێگەیانەوە گەلی نیکاراگوا دەسەڵاتی خۆی بەڕێوەدەبات.

سەرەتا ژنەکەی سەرۆک ئۆرتیگا گوتەیەکی پێشکەش کرد، کە تێیدا هاتبوو:

"ڕوومان لەم جەماوەرە ڕابەرەیە، قسەکانمان بۆ ئەم جەماوەرە پێشڕەوەیە، ئێمە هاتووین بۆ بەگەڕخستنی دیموکراسییەکی مرۆڤ دۆستی داهێنەر و پڕاوپڕ لە هەموو ناوەڕۆکەکانی، ئێمە ئێستا بە شێوەیەکی دیموکراسی هاتووینەتە پێشەوە، کە ناتوانین بە دیموکراسی کۆمارەکان ناویبنێین، یاخود دیموکراسی حکومەتەکان، بەڵکو هاتووین دیموکراسی جەماوەر ڕابگەیەنین، ئەمە فۆڕمێکی نوێی سیاسەتە هەتاوەکو لە ڕێگەیەوە بتوانین خۆمان بڕیار لە سیاسەت و پرەنسیپەکانی خۆمان بدەین و خۆمان بڕیاری خۆمان بدەین... ئێمە ئێستا ئەگەر قسە دەربارەی دەنگی هەڵبژاردن بکەین، هیچ دەنگێک بوونی نییە جگە لە دەنگی جەماوەر، هیچ دەنگێک لە دەنگی جەماوەر بڵندتر نییە، ئێمە چیتر ماڵئاواییمان لەو دەنگە کردووە کە لەناو سندوقەکانی دەنگداندا جێهێڵدراوە، ئێستا گەل خۆی دەنگ

بەخۆی دەدات... ئێمە ئێستا قسە لەسەر بژاردەیەکی نوێ دەکەین، قسە دەربارەی ئەزموونێکی دیموکراسی نوێ دەکەین کە دیموکراسی ڕاستەوخۆی جەماوەرییە... ئێمە ئێستا لەسەر ڕێگەیەکی نوێین بۆ کارلێککردن و هاوکاری و پێگەیاندنی هەموو نەوەکانی کۆمەڵگە، هەتاوەکو داهاتووی خۆیان بونیادبنێنن... ئێمە لەناو ئەم بزووتنەوە میللییە جەماوەرییە بەرفراوانەداین، کە ئەمشەو بەوپەڕی شانازییەوە لە ڕێگەی ئەنجومەنەکانی دەسەڵاتی هاووڵاتییانەوە بۆمان ڕاگەیاندوون، ئەمە شۆڕشی ئاشتییە، شۆڕشی خۆشگوزەرانی و شۆڕشی مافەکانە".

بەڵام سەرۆک ئۆرتیگا لە کۆتایی مەڕاسیمەکەدا گوتارێکی پێشکەش کرد و گڕی بەردایە هەست و سۆزی نیکاراگۆییەکان:

"بە سەرکەوتنی گەلی نیکاراگوا و ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی خۆی، سەردەمی هەڵبژاردنەکان کۆتاییهات، ئەو هەڵبژاردنانەی وەک ئامرازێک بۆ حکومڕانیی تەقلیدیی و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و لەسەر حیسانی جەماوەر یارییان پێدەکرد... سەردەمی ڕژێمە پۆلیسییەکان کۆتایهات، کە خەریکی بڵاوکردنەوەی درۆ و تیرۆر و تۆقاندن بوو لەناو گەلدا. ئەو درۆیانە چییان لێهات کە دژ بە ئێمە، دژ بە شۆڕشی ساندینیزم بڵاودەکرانەوە... خیانەتکاران چییان لێهات... بۆ کوێ ڕۆیشتن... ئێمە ئێستا دەستمانداوەتە ئەزموونێکی نوێ، کە بریتییە لە بەشداریکردنمان لە ئەنجومەنەکانی دەسەڵاتی هاووڵاتیان،

بوار بۆ هەموو لایەک کراوەتەوە، هەموو نەوەکانی گەلی نیکاراگوا بەشداردەبن لە دروستکردنی بڕیاردا".

ئەم گوتارە پۆپۆلیستییەی (دانیال ئۆرتیگا) پەنای بۆ دەبات، هەمان ئەو گوتارەیە کە (مەعەمەر قەزافی) لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆماری میللیی لیبیادا بەکاریهێنا، بەڵکو ئۆرتیگا بە قەزافییش کاریگەر بووە، بەڵام هیچ سوپاسێکی قەزافیی نەکرد لەو مەڕاسیمەدا! قەزافی سیستمەکەی خۆی بەهۆی سەرسامبوونی بە ئەزمنووی سۆڤیەتەکانەوە هێنایەکایەوە، بەڵام هێندە بەسە تەماشایەکی ئەو سیستمە بکەین کە قەزافی بونیادیناوە، هەتاوەکو بزانین دوای ئەم گوتارەی ئۆرتیگا چی ڕوویداوە و چی دەوڵەتێک و لەسەر کام بنەما دامەزراوە، هەروەها دواهاتی ئەم دەوڵەت چۆن دەبێت.

ئەم جۆرە بزووتنەوانە ژمارەیەک نموونەی زۆریان بۆ دەرخستووین لە ناوچە جۆگرافییەکانی جیهاندا، کە لە چەندین خاڵدا یەکتر دەبڕن و هاوبەشن، چەندین خاڵی لێکچوویان هەیە، بەتایبەت ئەو ناوەی لە دەوڵەتەکەی دەنێن، کە هەموویان سیفەتی دیموکراسی و میللیی دەبەخشنە دەوڵەتەکەیان، بۆ نموونە: (کۆماری چینی میللیی، کۆماری کۆریای میللیی دیموکراسیی، کۆماری یەمەنی میللی، کۆماری جەزائیری دیموکراسیی میللیی، کۆماری عەرەبیی لیبیای میللیی)، هەموویان بانگەشەی ئەوە دەکەن سیستمەکەیان میللیی و دیموکراسییە، هەموو کاروبارەکانی گەلیان بەلاوە گرنگە، بەڵام کاتێک لە پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتانە قوڵدەبینەوە بۆمان دەردەکەوێت

کە جەماوەر وەک پاڵپشتێک بۆ حکومی تاکە کەسێک یان تاکە حزبێک بەکاردەهێنن.

وەک ئەوەی پۆپۆلیزم ڕژێمە تاکخواز و ستەمکارەکان تۆخبکاتەوە، کە پێیوایە جەماوەر سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، لەو دەمەی خۆی دەسەڵاتەکانە. بۆ تێگەیشتن لەم واقیعە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم دیاردەیە، کە ئەم تێگەیشتنەش تەنها لە ڕێگەی ئاگاداربوون لە واقیعی ئەو کۆمەڵگەیانە دەبێت کە لەسەر ڕێگەی دروستکردنی هێزێکی پۆپۆلیستیین.

وەک پێشتر باسمانکرد کۆمەڵگەکانی جیهانی سێ ژینگەیەکی لەبارن بۆ دەرکەوتنی ئەم بزووتنەوانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی ژیان و واقیعی مرۆڤەکان لەو کۆمەڵگەیانەدا. سەرەتا لێکچوونێک هەیە لەو بارودۆخەی ئەم وڵاتانەی پێدا تێپەڕبوون، بەوپێیەی زۆرینەیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەژێر دەستی داگیرکەراندا بوون، پاشان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتە ستەمکارانەی کە درێژکراوەی دەسەڵاتی ڕابردوو بوون، بونیادی ئەوە کۆمەڵگەیانە پەیوەست بوو بەو داگیرکارەی ئەم وڵاتەی داگیرکردبوو، بەتایبەت سەبارەت بە واقیعی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیانەی بە تێکشکاوی لە سەردەمی داگیرکارییەوە هاتبوونە دەر، بەوەش حکومەتەکان حکومەتی پاش مرۆڤە تێکشکاوەکان بوون.

**مرۆڤی تێکشکاو کێیە؟**

(دکتۆر مستەفا حیجازی) لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیدا دەربارەی مرۆڤی تێکشکاو، پێیوایە ئەم مرۆڤە لە کۆمەڵگەکەیدا ڕووبەڕووی گەمارۆیەکی سێ لایەنە دەبێتەوە، کە مەبەستی لەم سێ لایەنە، یان ئەم سێ گۆشەیە، بریتییە لە: "دەسەڵاتی هەواڵگری و پۆلیسی و سیاسی"، وەک گۆشەی بنەڕەتیی سێگۆشەکە، کە هەردوو گۆشەی "دەمارگیری" و "فەندەمێنتاڵیزم"، دەسەڵاتی هەواڵگری و ئەمنی لەم کۆمەڵگەیانەدا لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی لایداوە، لەبری پاراستنی نیشتیمان لە دوژمنە دەرەکییەکانی، ڕووی لە ناوخۆیەوە و لە هەموو جێگە، کردە و گوتەیەکدا بەدوای مرۆڤەکانەوەیە. مستەفا حیجازی دەڵێت: "ئەو کۆمەڵگەیانە مرۆڤیان گەمارۆداوە، سەرجەم وزە زیندووەکانیان لێسەندووە و بچووکیان کردۆتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی سانسۆرکردن و ڕاوەدوونانی بەهۆی فکرەوە. سەبارەت بە دوو گۆشەکەی دیکە، کە بریتیین لە دەمارگیرییەکان بە جیاوازیی جۆرەکانییەوە، فەندەمێنتاڵیزمی ئاینیی توند، کە لە ڕێگەی باڵادەستیی سیستمە پاتریارکییەکەیەوە هزرەکانی خۆی بەسەر لایەنگرەکانیدا دەسەپێنێت، کە ئەم هزرەش خۆی دەبینێتەوە لە دوانەی ملکەچی و دڵسۆزی، لە بەرامبەر پاراستنی و چاودێریکردنی و پێدانی پشکێک لە دەستکەوتەکان. ئەم جۆرە دەمارگیرییانە بەناو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا بڵاوبوونەتەوە (هەم دامەزراوە فەرمییەکان، هەم دامەزراوە ئەهلییەکان)، ئەم جۆرە دەمارگیرییانەش سەرشۆڕی و ملکەچیی و لاوازی دەسەپێنن لە بەرامبەر پاراستن و

بەرکەوتەی خۆیان لە دەستکەوتەکان، دوژمنی سەربەخۆیی خودییە... هەموو وزەیەکی گەشەکردن لەناودەبات و مەیلی سەربەخۆبوونی تاک دەکوژێت و لە سەربەخۆییەکی پێگەیشتوو دووریدەخاتەوە، بەڵام زیادبوونی بڵاوبوونەوەی فەندەمێنتاڵیزمی پەڕگیر دەبێتە مایەی فراوانبوونی چوارچێوەی حەرامکراوەکان لە هەموو بوارەکاندا... لەوێدا مەرجەعی ئینسان خودی خۆی نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستمەی سنووری حەرامکراوەکانی داڕشتووە، کە لە دەرەوەی خۆی هیچ شتێکی نەهێشتۆتەوە جگە لە پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییانەی هاوکات پێویستیی ئاژەڵ و ڕووەکیشن، ئەم گەمارۆیە سنووری ستەمکاری و چەوساندنەوەش تێدەپەڕێنێت و بەرەو تێکشکاندنی مرۆڤ و دانپێدانەنای پێشوەخت بە چوارچێوە و بەهای مرۆڤدا دەڕوات. تێکشکانی مرۆڤ کارەساتێکی وجودییە، وەها دەکات هەموو پڕۆژەیەکی گەشەپێدان و بەرەوپێشچوون و ئاوەدانکردنەوە، تەنها شتێکی پروپووچ بێت. مرۆڤی نامۆبوو لە نیشتیمان و لە کایەی ژیانی خۆی، ناتوانێت هیچ ببەخشێت و هیچ بونیادبنێت، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا قەناعەت دەکات بەوەی لە دۆخێکی نامۆدا بمێنێتەوە، هەروەک هەموو بوونی خۆی لە دەستکەوتێکی بچووکدا دەبینێتەوە کە ژیانی سەرەتایی خۆی پێ دابین بکات...، بەڵام شتێکی دیکەش هەیە بە تێکشکانی پێچەوانە ناودەبرێت، خەسڵەتی تێکشکان بونیادی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، دووژمنەکانیش سوود لە ڕادیکالیزمێکی پەڕگیر وەردەگرن".

لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ئەو توێژانەی زیاتر ڕووبەڕووی تێکشکان دەبنەوە بە گوتەی (دکتۆر مستەفا

حیجازی) بریتییە لە توێژی لاوان، بەجۆرێک ئەم توێژە دەبنە قورساییەک بەسەر ڕژێمی باڵادەستەوە، ئەویش لە ڕێگەی فەرامۆشکردنیان لە پێگە بەرهەمهێنەکانی ژیان و بەشداریکردنیان لە دروستکردنی بڕیار و چارەنووسی خۆیان و وڵاتەکەیان، بەڵام هەر لەناو خودی پڕۆسەی فەرامۆشکردنەکەدا تۆمارێکی توندوتیژی و پەڕگیریی دەکەنەوە "ئاشکرایە کە لاوان لەژێر سایەی کەوتنە توندوتیژییدان، هاوپەیمانێتییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان هێزە سەرکوتکار و تێکشکێنەرە دەرەکییەکان، لەگەڵ هێزە تێکشکێنەرە ناوخۆییەکان؛ ئەم هێزانە بەیەکدەگەن و یەکتر دروستدەکەن، لەڕاستیدا هێزە تێکشکێنەرە دەرەکییەکان تەنها بەو ڕادەیە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، کە هێزی خۆی ئاڕاستەی هێزە تێکشکێنەرە ناوخۆییەکان دەکات، ئەگەرنا ستەمکاری تەنها وەک هێزێک دەردەکەوێت کە شایستەی ئەوەیە شۆڕشی لەدژ بکرێت کاتێک هەلێک ڕێکدەکەوێت، ئەو ملکەچییەی دەسەڵاتگەرایی دەیسەپێنێت تەنها کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە بگۆڕێت بۆ ملپێکەچکردنێکی خودیی و باوەڕێکی خودیی کە هیچ یاخیبوون و جوڵەیەک سوودی نییە، کە ئەمەش بە ناکارایی فێرکراو ناودەبرێت، ئەوکات مرۆڤی تێکشکاو وەها تەماشای خۆی دەکات کە ناکارایە و هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نییە جگە لە تەسلیم بوون بۆ ئەم چارەنووسە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە و دووبارەکردنەوەی".

## پۆپۆلیزم و ستەمکاری

سەرانی باڵادەست لە ڕژێمە ستەمکارییەکاندا دەیانەوێت کەسانێک بن کە بە ڕەزامەندیی جەماوەر بگەنە دەسەڵات، بگرە دەتوانین بڵێین لەسەر شانی جەماوەرەوە دەگەنە دەسەڵات، هەر ئەم جەماوەرەشیان لە بنەڕەتەوە بۆ ئەم ئەرکە دەوێت، دوای ئەوەی دەزانن تایبەتمەندیی پێویستیان تێدایە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. ئەوانیش لای خۆیانەوە خاوەنی تایبەتمەندیی ڕابەرایەتیین، بۆ گرتنی ئەم ڕێگەیە، جۆرە پەرجوویەکی پێویستیشیان هەیە، کاریزمای پێویستیان تێدایە، بۆ ڕاکێشانی جەماوەر، ئەمە جگە لەوەی زۆر شارەزان لە گەمەی کاریگەریی دانان لەسەر ئەم جەماوەرە و ختووکەدانی هەست و سۆزیان، بەجۆرێک، کە دوایان بکەون، بەڵکو هەمیشە سوورن لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە بە چەندین ئامانج، لەپێش هەموویانەوە سەرقاڵکردنی ئەم جەماوەرە بە پرسی گەورە بوونی دوژمنێکەوە، کە دەبێت لەبەرامبەریدا بجەنگن بۆئەوەی دواتر لەم ڕێگەیەوە بگەنە ئەو بەختەوەرییەی، کە بەڵێنی پێدراوە، کە ئەمەش پێویستی بەوەیە لە دۆخێکی بێئاگاییدا بیانهێڵێتەوە، ئامانجی دووەم بە مەبەستی زامنکردنی یەکگرتوویانە، هەتاوەکو هەموویان یەک بارستەی یەکگرتوو بن. کە شتێکی لەم بابەتە لە دەوڵەتێکی مۆدێرندا نادۆزێتەوە، چونکە فرەیی سیاسیی گرنگیی خۆی هەیە بۆ بەتەندروست هێشتنەوەی سیستمی سیاسی، هەروەک چۆن تێبینیی دۆخێک لە پاشکۆیەتیی گشتیی جەماوەر دەکرێت، لەگەڵ کردەی بارگاویکردنی عاتیفی و غەریزەیی و نمایشکردنی هێز،

بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە، لۆژیکی لێبوردەیی جێگەی لۆژیکی دوژمنایەتی دەگرێتەوە.

چەندین نموونە هەن، کە وێنەیەکی ڕوونمان نیشاندەدەن سەبارەت بەوەی ئاماژەمان پێدا.

سەرەتا نموونەیەک لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان وەردەگرین، هەتاوەکو مەبەستەکەمان ڕوونبکەینەوە دواتر، لە ڕێگەی نموونەیەکی دیکەشەوە لە جیهانی سێدا، بەراوردێک دەکەین لە جیاوازیی نێوان جۆری گوتاری ئەم دوو کۆمەڵگەیە و شێوازی بەرکەوتنیان لەگەڵ وێنەی دیکەدا.

لە ئەڵمانیا بۆ نموونە، بەرپرسێکی پێشووی بانکی ناوەندیی ئەڵمانیی، کە ناوی (تیلۆن سرازین)ـە، کتێبێکی لەژێر ناونیشانی "ئەڵمانیا بە ئاڕاستەی لەدەستچووندا دەڕوات"، کتێبەکە بووە جێگەی شۆک بۆ هاووڵاتیانی ئەڵمانی، لەبەرئەوەی هێرشێکی توندی کردبووە سەر کۆچبەرە موسوڵمانەکان و بەرگریی لە تێزی "پێکهاتەی جیناتی جولەکە" دەکرد، سەرۆکی ئەوکاتی ئەڵمانیا (کریستیان وۆڵف) هیچی بۆ نەمایەوە لە یادی 20 ساڵەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیادا بیکات، جگە لەوەی هەڵەکە بقۆزێتەوە بۆ دەرکەوتنێکی پۆپۆلیستییانە: "ئەڵمانیای یەکگرتووە، پاش ئەوەی لە نازیزم و دواتریش کۆمۆنیزم ڕزگاریبوو، بووە وڵاتێکی خاڵی لە ڕق و کینە، هەربۆیە پێویستە لەسەر تاکی ئەڵمانیی، کە لێبوردەیی و تۆلێرانس بەشێکە لە شوناسەکەی، ئەڵمانەکان یەک گەل و یەک نەتەوەن، ئەمەش پەیامێکە بۆ هەر کەسێک کە لە لای ئێمە دەژی".

لەم گوتارەوە دەستپێدەکەین و هەندێک تێبینی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** ئەم وتارە هەڵگری خەسڵەتێکی عەقڵانییە، ئەم سیفەتەش شایستەیە بە گوتاری پیاوانی دەوڵەت. لەو دەمەی سەرکردەی پۆپۆلیست گوتارەکەی خاڵییە لە هەر سیمایەکی عەقڵانیی، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە گوتارەکەی خەسڵەتێکی ناعەقڵانیی، کە پڕە لە هەموو ئەو گوزارشتانەی هەستوسۆزی جەماوەر، هەڵچوون و غەریزەکانیان دەجوڵێنن.

**دووەم:** ئەو لێبووردەییەی سەرۆکی ئەڵمانیا وەک بەشێک لە شوناسی هاوولاتییەکانی ناویبردووە، لەڕاستیدا خەسڵەتێکە و سروشتی دەوڵەتی مۆدێرن و سیستمە دیموکراسییەکان دەیسەپێنێت، فرەیی و جیاوازییەکان لە گرنگترین ڕەگەزەکانین، ئەوەی زامنی پاراستنیشیەتی ئەو کولتوورەیە، کە لەسەر داننان بە ئەوی دیکە و لێبووردەییدا دامەزراوە، لەو دەمەی لە دۆخی پۆپۆلیزمدا ئەوی دیکەی نادیار بریتییە لە دوژمن و بەکرێگیراو، ناپاکێکە کە دەبێت دووربخرێتەوە و پاکتاوبکرێت، لەناو پۆپۆلیزمدا هیچ جێگەیەک بۆ کەسێک نییە کە لەناو بارستەی یەکپارچەی جەماوەردا بێت، ئەوەی لەو هێڵە بچێتە دەرەوە دوژمنێکە دەبێت دەرپەڕێندرێت.

لێرەدایە وتارەکەت سەرۆکی فەنزوێلا وێنەیەکی دیکەمان نیشاندەدات. گوتارێک بوو بە زمانێکی ئامادەباشیی و تەحەدا و شوێنکەوتەیی، هەروەک چۆن

وێنەیەکی سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خستۆتەڕوو کە خۆی مەبەستیەتی وەک دوژمنێک، ئەمە جگە لە نائامادەیی هەر چەمکێکی لێبوردەیی لە وتارەکەی سەرۆکی فەنزویلادا.

سالّی 2006 و لەبەردەم کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، چاڤێز ڕاوەستابوو و کتێبێکی (نوام چۆمسکی)ی بەدەستەوە بوو، گوتارەکەشی بەم شێوەیە دەستی بە قسەکردن کرد "نوێنەرانی وڵاتانی جیهان بەیانیی هەموو لایەکتان باش. پێش هەموو شتێک دەمەوێت بەوپەڕی ڕێز و پێزانینەوە داواتان لێبکەم هەرکەسێک ئەم کتێبەی نەخوێندۆتەوە بیخوێنێتەوە... نوام چۆمسکی یەکێکە لە گرنگترین بیرمەندەکانی ئەمریکا و جیهان، ئەمەش نوێترین کتێبەکەیتی بە ناوی (هەژموون و ڕزگاریی) ستراتیژی ئیمپریالیستیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (لێرەدا کتێبەکە بەرزدەکاتەوە نیشانی ڕووی هەموو ئامادەبووانی دەدات). ئەمە کتێبێکی گرنگە و هاوکارمان دەبێت بۆ تێگەیشتن لەوەی لە ماوەی 20 ساڵدا لە جیهاندا ڕوودەدات و ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات، لە گرنگترین هەڕەشەش ئاگادارمان دەکاتەوە کە لەسەر گۆی زەوییە".

"خواستەکانی هەژموونی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکیی هەڕەشە لەسەر ڕەچەڵەکی مرۆیی دەکات. بەردەوام دەبین لە ئاگادارکردنەوەتان سەبارەت بەم مەترسییە، بانگی جیهان دەکەین بۆ ڕاگرتنی ئەم مەترسییە کە وەک شمشێرێک هاتۆتە سەر گەردنمان. پێموایە یەکەمین کەس کە دەبێت ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، خوشک و برایانماننن لە ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەبەرئەوەی مەترسییەکە لەناو ماڵی ئەوانەوە بڵاودەبێتەوە. شەیتان لەناو ماڵەکەدایە، خودی شەیتان لەناو ماڵەکەدایە. دوێنێ شەیتان لێرە بوو، دوێنێ شەیتان هاتە ئێرە. بەڵێ ڕێک لێرە (لەم کاتەدا بە دەستی هێمای خاچ دەکێشێت) بۆنی کبریتەکە هەتاوەکو ئێستاش لەناو هەوای ئێرەد ماوەتەوە (لەناو کەلەپووردا کبریت سیمبلوی شەیتانە، لەبەرئەوەی بیرخەرەوەی ئاگری دۆزەخە). هەروەک چۆمسکی لێرەدا بە ڕوونیی و بە قوڵیی باسی دەکات، ئیمپراتۆریەتی ئەمریکیی چی لەدەستبێت دەیکات بۆ پاڵپشتیی لە سیستمە هەژموونخوازەکەی خۆی. ئێمە ناتوانین ڕێگەی بدەین ئەوە بکات. ڕێگە نادەین دیکتاتۆرەکانی جیهان پێکەوە کۆببنەوە".

لە وتارێکی دیکەشدا دەڵێت: "لەناو دڵی واشنتۆندا، لوتکەی تیرۆریستەکان گرێدراوە. لوتکەیەک تێیدا خوێنڕێژەکان و خوێنڕێژە ڕاستەقینەکان بەیەکدەگەن، کە پێکهاتوون لە چەتە و تالانکار و تیرۆریستەکان، هەمووشی بە سپۆنسەری کۆمپانیا ناودارەکانی جیهان، نەک هەر بەتەنها لە ڕەوتی ڕاسترەوی کۆماری پارتی، بەڵکو لە حزبی دیموکراتیش".

**سەرچاوە:** منى خويص: رجال الشرفات - دراسة تحليلية للظاهرة الشعبوية، دار الفارابي، 2011

# بەشی پێنجەم

## لە فاشیزمەوە بۆ پۆپۆلیزمی ناسیۆنالیست

کیڤن باسمۆر
وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر

له ساڵی 1945 شکۆی فاشیزم بەتەواوی ناشیرین بوو، متمانە و بەهای خۆی لەدەستداوە، خەباتیش دژ بەم فاشیزمە زۆرینەی ڕژێمەکانی ئەورووپای دوای جەنگی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو (لە ئەورووپای خۆرهەڵات و خۆرئاوا پێکرا) و شەرعییەتی خۆیان لەم خەباتەوە وەردەگرت. لە هەردوو دیموکراسییەکەی ئەڵمانیای خۆرئاوا و ئیتالیادا کریستیان دیموکراتەکان حکومیان دەکرد و سۆسیالیستەکانیش هەر گوزارشتێکی ڕوونیان ڕەتدەکردەوە، کە گوزارشت بێت لە هاوسۆزیی لەگەڵ فاشیزمدا. لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا تاڕادەیەک ئەستەم بوو هیچ یەکێک لە پارتە فاشیستەکان جێپێی خۆیان قایم بکەن، وێڕای ئەوەی ڕاپرسییەکانی ئەڵمانیا ئەوەیان دەردەخست، کە ژمارەیەک لە دانیشتوان پێیانوایە نازیزم ئایدیایەکی باشبووە، بەڵام بە شێوەیەکی باش جێبەجێنەکراوە، نیۆ- نازیزستەکانیش تەنها سەرکەوتنێکی لۆکاڵییان بەدەستهێنابوو. دەستووری ئەڵمانیا بە هەموو شێوەیەک درووستکردنی هەموو پارتێکی دژە دیموکراسیی قەدەغەکردبوو، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی کریستیان دیموکراتەکانیش لە ئامادەباشیی تەواودا بوون بۆ داخستن و ڕێگرتن لە هەر ڕێکخراوێکی فاشیستی. بەدرێژایی سالانی دوای جەنگیش. ئەو پەرجووە ئابوورییەی ئەڵمانیا بەدەستیهێنا – شانبەشانی چەند حکومەتێکی کریستیان دیموکراتە کۆنزەرڤاتیڤەکان- بەس بوو هەتاوەکو هیچ کام لەو حزبانە نەگەنە دەسەڵات کە ئەم قەدەغەکردنەی پارتە نازیستەکان هەڵبوەشێنێتەوە.

کاتێکیش، کە حکومەتی کریستیان دیموکراتەکانی ئیتالیا لە ساڵی 1960دا قبووڵیکرد پشت بەدەنگی فاشیستەکان ببەستێت بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا، خۆپیشاندانێکی گەورە هەڵگیرسا و سەرۆک وەزیران ناچارکرا دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە. (تەنانەت لە ئیسپانیاش پاش ساڵی 1945 کریستیان دیموکراتەکان و پادشاییخوازەکان لە ڕێگەی فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنی فاشییەکانی ناو ڕژێمەکەی فرانکۆوە دەنگ و نفوزیان زیادیکرد، هۆکاری ئەم فەرامۆشکردنەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ترسی دەرەکیی و سومعەی خۆیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی). سەرەڕای ئەوەش، لەبەرئەوەی فاشیزم پەیوەست بووە بە عەقڵییەتی گەلان و دەمارگیریی نەتەوەیی، گرانە بۆ ڕاستی توندڕەو و کە ڕقی جەماوەر لە ڕێگەی گۆڕانی ناوەکەیەوە دابمرکێنێتەوە، دەکرێت حزبێک فاشیست بێت تەنانەت ئەگەر هەڵگری ئەو ناو و سیفەتەش نەبێت، بەڵام بەو شێوەیە نابێت ئەگەر دەمارگیریی نەتەوەیی بەرجەستەکرد.

چیرۆکی "بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئیتالیی" – یەکێک لە دیارترین پارتە توندڕەوەکانی ئەورووپا بەدرێژایی دەیان ساڵ- ئەو کێشانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە فاشیستەکان ڕووبەڕووی بوونەتەوە. بزووتنەوە ساڵی 1946 دامەزرا و بە بێ هیچ سڵەمینەوەیەک کێماسییەکانی مۆسۆلینیی فرێدایە زبڵدانەوە، لە سەرەتادا ئەو فاشیستانە بەڕێوەیان دەبرد، کە بە نهێنی و دوورەدەستی دەژیان.

ئەم حـزبە هـیچ زامنێکـی مـانەوەی نەبـوو ئەگەر ئیتالیـا خاوەنی حزبێکی دیموکرات کۆنزەرڤاتیڤی خـاوەن متمـانە نەبـــووایە؛ زۆریـــنەی دەنگـــدەرانی کۆنزەرڤاتیڤەکـــان پاڵپشـتییان لە دیمـوکراتە مەسـیحییە میانڕەوەکـان دەکـرد، چـــونکە دەترســـان لەوەی پشـــتیوانیی لە هەر پـــارتێکی ڕاســـترەو ببێـــتە مـــایەی دابەشـــبوونی ناوەنـــدەکە و ڕێگەکـردنەوە لەبەردەم کۆمۆنیسـتەکاندا هەتـاوەکو بـگەنە دەســـەڵات، بەڵام ئەو کۆنزەرڤاتیڤـــانەی ڕەتیـــانکردەوە پاڵپشـتیی کریسـتیان دیموکراتەکـان بـکەن، دەنگیانـدا بە بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئیتـالیی، یـاخود دەنگیاندا بەو پادشاخوازانەی ڕووبەڕووی هەمان ڕادەی فەرامۆشکردن ببوونەوە.

هەتـاوەکو ئێسـتاش وشـەی فاشـیزم بێـزراوە، بەڵام سیاســـەتی ڕاســـتی پەڕگیـــر ســـەرلەنوێبۆتەوە جـێگەی پشـــتیوانیی لە لایەن کەمیـــنە ژمـــارە زۆرەکـــانەوە؛ لەبەرئەوەی دژایەتیـــی فاشـــیزم، ئەو کـــاریگەرییە قـــوڵە ســـــتراتیژییەی پێشـــووی نەمـــاوە. لەگەڵ یەک بەدوای یەکـداهاتنی نەوەکانـدا، مەرجەعییەتـی دژایەتیـی فاشـیزم بـۆتە شـتێکی "میکـانیکی، بەو مانـایەی چەمکـی فاشـیزم هەتاوەکو ئێستاش یەکێکە لە شتە قەدەغەکراوەکان، بەڵام بیرۆکە پەیوەستەکان بە فاشیزمەوە هێشتا هەمـان ئاسـتی مەترسـییان پێـوە دەبینرێـت. ڕاپەڕیـنە خوێنـدکارییەکانی سـاڵی 1968 بە بـێ مەبەسـت بـووە مـایەی لاوازکردنـی دژایەتیـی فاشـیزم؛ خوێنـدکارە ڕادیکاڵەکـان گاڵتەیـان بەو

شـــتانە دەكـــرد، كە پێیـــانوابوو چەوســـاندنەوەیەكی خۆپەرســتانەیە لە لایەن ســەركردە گەورەكانیــانەوە بــۆ پرســی دژایەتیــی فاشــیزم لەپێنــاو شــەرعییەتدان بە دەســـەڵاتی تـــایبەتی خۆیـــان. خوێنـــدكاران خـــودی حكومەتەكـانی ئەو ســەردەمەیان بە فاشیســت نـاودەبرد، ئیدی چەمكەكەیـان لە هەر ناوەڕۆكێك بەتـاڵ كـردەوە كە سوود بە حكومەتەكان بگەیەنێت.

هۆكـــاری دووەم بـــۆ زیـــادبوونی پەســـەندكردنی سیاسـەتی ڕاسـتە توندڕەوەكان لای جەمـاوەر، ئەوەیە كە ڕۆشـــنبیرە ڕاســـتڕەوەكان ســـەرلەنوێ پێناســـەیان بـــۆ دەمـارگیریی نەتەوەیـی كـردۆتەوە؛ زینۆفۆبیـا و نەبـوونی لێبووردەییـان گۆڕیـوە بـۆ زمـانێكی لیبـراڵ دیمـوكرات. هاوكات نابێت ڕۆڵی بیرمەندی فەڕەنسی (ئالان دی پینـوا) لەبیربكەین، لەگەڵ ڕەوتـی "ڕاسـتی نـوێ" كە لە حەفتاكانـدا دەركەوت. ڕەوتی ڕاستی نوێ بـریتییە لە پەرچەكردارێكی پێچەوانە بۆ بزووتنەوەی خوێندكارانی ساڵی 1968، بەڵام فاشـــیزم تـــێكەڵەیەكە لە ڕیشـــە نەریتییەكـــانی ئایـــدیا ڕاستڕەوەكان لەگەڵ هەندێك لە بیرمەندە چەپەكاندا.

ڕاستی نوێ بەها جیهانییەكانی دیموكراسیی لیبڕالیشـی هەڵگێـــڕاوەتەوە، بەڵام بەگشـــتی ئەنجـــامێكی تـــازەی لێنەكەوتـۆتەوە، ئاسـانە تێبینیـی ئەوە بكەیـن، كە تـازەترین ڤێرژنـی ئەو زانسـتە سـاختەیەی لە نێوان هەردوو جەنـگە جیهـانییەكەدا فاشـیزم ئیلهـامی لێوەرگرتـووە (ئایـدیاكانی ململانێـی حەتمیـی لە نێـوان نەتەوەكانـدا و مـانەوە بـۆ

چاکترینیـان، پێویسـتیی جیـاوازیکردن لە نێـوان تاکەکانـدا، پێویسـتیی بێگەردیـی و پـاکیی ڕەگەزیـی)، کە لە ڕاسـتیدا کـارێکی لەو شـێوەیە خەسـڵەتێکی ڕاسـتەقینەیە (یـاخود ڕەنــگە بەو شــێوەیە بێـت؛ لەبەرئەوەی سیاســەتمەداریی ڕادیکــاڵی نازیســت ئۆتــۆ شتراســە، لایەنگــری چەنــد ئایـدیایەکی هاوشـێوە بـووە)، هەمـوو ئەوانە بـریتییە لە بەکارهێنانێکی داخوازیی "مافی یەکسان" بۆ پاساودانەوەی جیاکاریی دژ بەو کەمیانەنی لەناو دەوڵەتێکدا دەژین، لەو بــاوەڕەدان کە پارێزگــاریکردن لەو جیاکــارییەی دەوڵەت دەیکات، پێویستی بە سنووردارکردنی مافی ئەو کەسانەیە کە بـوونەتە هەڕەشـە بۆسـەر شوناسـی زۆریـنە. ڕاسـتی نویێ سـەرلەنویێ جەخـت لەسـەر بانگەشـەکانی تـاکڕەوتیی ڕۆحیــی نەتەوە ئەوروپییەکــان دەکــاتەوە، لە بەرامــبەر خواســتە جیهانگیرییەکــان، کە لە لایەن ســەرمایەداری و فرەکولتـووریی ئەمـریکییەوە پەیڕەودەکرێـت. لەو دەمەوە ڕاســتی تونــدڕەو لەتوانایــدایە نکــۆڵیی لەوە بکــات، کە ڕاسیســتە – وەک خۆیــان دەڵــێن: "خەبــاتی ئــێمە تەنهــا لەپێناو ئەوەدایە هەمـوو دەوڵەتێک مـافی یەکسـانی بـوونی هەبێت- لە هەمانکاتیشدا بانگەشـەی زەڕووڕەتی جیاکاریی دژ بە کەمینەکانــدا دەکــات. ڕاســتی توونــدڕەویش توانیـویەتی خـۆی پەیوەسـتبکات بە هەمـان ئاڕاسـتەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لەو وتەیەدا: "ڕاسیست نیم، بەڵام ..."، کە گوتەیەکی باوە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا.

ئەوکـــات ڕوون نەبـــوو، کە ئەم ڤێـــرژنە تـــازەیەی دەمارگیریی نەتەوەیی بەروبوومەکەی دەچنێتەوە یان نا، ئەوەش لەبەرئەوەی "ڕاســـتی نـــویێ"، تەنهـــا دڵخـــوازی تـــویژێکی دیـــاریکراوی ڕۆشـــنبیران بـــوو (بەڵام لە سەرتاســـەری ئەوروپـــادا بڵاوبووبـــووەوە). ســـەرەڕای ئەوەش، ئەو بـارودۆخەی پـارتی "بەرەی نیشـتیمانیی" لە ســالانی ١٩٨٣-١٩٨٤ خەیاڵـدانی سیاسـیی جەمـاوەری کۆنترۆڵکردبـــوو، هاوشـــێوە بـــوو لەگەڵ بـــارودۆخی دەرکەوتنی فاشیزم لە ئەوروپا لە نێوان هەردوو جەنگە جیهـــانییەکەدا. لە ســـاڵی ١٩٨١دا لە گەرمەی قەیرانـــی ئابووریی جیهانیدا، سۆسیالیستە فەڕەنسییەکان توانییان ســـەرۆکایەتیی بەدەســـتەوەبگرن، ئیـــدی حکومەتێکیـــان پێکهێنـــا، کە بە شـــێوەیەکی تەواوەتـــی - بێگومـــان بـــۆ یەکەمجار- پشتی بە زۆرینەیەکی چەپگەرا بەستبوو. لەو ســـەرووبەندەدا، ڕاســـتڕەویی بەرەو خەرەنـــدی یەکیـــنە لێکـــدژەکان هەڵـــدەخزا، کە دواتـــر لێینەهـــاتەدەرەوە، هەنـــــدێکیش لە پارێزگارەکـــــان لـــــۆمەی حکـــــومەتە ڕاســـتڕەوەکانیان کـــرد، لەبەرئەوەی لایەنـــداریی ســـەندیکا کرێکارییەکان و پڕەنسیپەکانی ئازادبوونی کردووە (کە لە دیـــارترین وێـــنەی خۆیـــدا لە میـــانەی ئـــابڕووبردنی لەبـــاربردنی منداڵـــدا بەرجەســـتە دەبـــوو). جـــگە لەوەش فەرەنسا خاوەنی ئاڕاستەیەکی ڕەگەزپەرستانەی سیاسـیی بـوو، کە دوای جەنـگ هاووڵاتیـانی بـاکووری ئەفریقیـای گرتبـــووەوە، ئەم ئاڕاســـتەیە (بە زۆری لەســـەر دەســـتی

نەوەکـــانی پێشـــووی ئیتالییەکـــان و ئیســـپانییەکان، کە ئەوانـیش لای خۆیـانەوە لە ڕابـردوودا نێچیـری هەسـتی ڕقلێبوونەوە بوون لە جەماوەر). یادەوەریی  پاشـەکشـەی فەرەنسـا لە ئیمپراتـۆریەتەکەی لە بـاکووری ئەفریقیـا لە سـاڵی ١٩٦٣، دوای جەنگێکی دوور و درێژ، بووە مـایەی بەهێزکردنـی ئەم ئاڕاسـتە ڕاسیسـتییە، کە دواجـار بـووە مـایەی زیـادبوونی وێناکردنی ڕابەری "بەرەی نیشـتیمانی" (مارین لوپان) بۆ هاونیشتیمانیانی باکووری ئەفریقیا وەک "سوپایەکی بیانی لەسەر خاکی فەڕەنسا."

لە سـەرەتادا جەماوەری دەنگدەری "بەرەی نیشـتیمانی" تـــاڕادەیەک پێکهـــاتبوون لە چینـــی بـــۆرژوا، پیرەکـــان، کاســـۆلیکەکان، پارێزگارەکـــان و دژە سۆسیالیســـتەکان؛ پرۆگرامـــــی حـــــزب هـــــاوڕەوت لەگەڵ داخـــــوازیی ئەو دەنگـدەرانەدا بـوو، کە داوای سـوککردنی دیسـپلینەکانی حکـومەت و گەڕانەوە بـۆ بـازاڕی ئازادیـان دەکـرد (دیـارە ئەو سەردەمە سەردەمی ڕۆناڵد ڕیگان و مارگرێت تاتچەر بوو)، ئیدی عەرەب ببووە ڕەمزێک بۆ "تویژێکی خراپ"، کە بە شـێوەیەکی مشـەخۆرانە لەسـەر ورگـی سۆشـیاڵ و چـــاودێریی کـــۆمەڵایەتی دەژیـــان. ئەو بەرەیە نماینـــدەی ئـــاپۆرایەک لە پارێزگـــارانی چینـــی بـــۆرژوای دەکـــرد، کە لۆمەی ڕابەرەکانیان دەکرد لەسـەر بەرزکردنەوەی ڕادەی سۆسیالیســـتیبوون و بـــزووتنەوەی ژنـــان و زیـــادبوونی کۆچکردن.

له ساڵانی داهاتوودا ئیدی ئەو بەرەیە وەک حزبێکی لێهات و پشتیوانیی گشت توێژەکانی کۆمەڵگەی بەدەستهێنا، هەربۆیە ئەوەی زۆر جێگەی تێرامانە، بووە ئەو حزبەی پشتیوانیی نێرینەکانی چینی کرێکارانی لاوی بەدەستهێنا، کە بەگشتیی بێکاربوون و تاڕادەیەک نەخوێندەوار بوون و لە کەناری شارە پیشەسازییە گەورەکاندا دەژیان. جێگەی سەرسوڕمانە، کە (٣٠%)ی کرێکاران لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ١٩٩٥دا دەنگیاندا بە بەرەی نیشتیمانی، ئەمەش زیاتر بوو لە هەموو ئەوانەی دەنگیان بە سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکان دابوو. هەروەها دەتوانین لە دەرەوەی فەڕەنساش سیما و خەسڵەتەکانی بەرەی نیشتیمانیی لە پارتە ڕاستڕەوەکانی دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرئاواشدا ببینینەوە.

چی ڕوویدا؟ یەکێک لە هۆکارە ڕوون و ئاشکراکان، خۆی دەبینێتەوە لە تێپەڕینی چەندین دەیە لە بێکاریی لاوانی ناکارامەدا، ئەوەش لە ئەنجامی کۆچی ئابوورییەکانی خۆرئاوا بەرەو بەپیشەسازیکردن، کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم بەپیشەسازیکردنەش ئەوەبوو، کە پیشەسازیی تەقلیدیی لەناو ئابوورییەکانی خۆرئاوادا نەما، هەتاوەکو چەند ئیشێکی دیکە جێگەیان گرتەوە کە پێویستی بە لێهاتووییەکی ئەوتۆ نەبوو، زۆرجاریش لە لایەن ژنانەوە ئەنجامدەدرا، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی دیکە، ڕوسیا و ئەڵمانیای خۆرهەڵاتی جاران، داڕووخانی پیشەسازییە قورسەکان و کشتوکاڵیان

بەخۆیانەوەبینی، ئەوەش لە ئەنجامی ڕیفۆرمەکانی بازاڕی ئازاد، ئەم دوو کەرتەش پشتیوانییەکی گەورەن بۆ ڕاستی پەڕگیر. چیتر کارکردن شووناس و پێگەیەکی نەدەبەخشییە زۆرێک لە لاوان لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا. گەر لەم کۆمەڵگەیانە بڕوانین دەبینین ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر بوونەتەوە و بەردەوام لێیان دادەخورێت، کاڵا بەکاربەرەکانیش پەیوەستن بە سەرنجڕاکێشانی سێکسییەوە، ئیدی لاوانی هەژار هەست بەوە دەکەن، کە فەرامۆشکراون و دەوڵەمەندەکان ڕقیان لێیانە. ئەو کۆمەڵگەیانە کاری ژن بە سووک تەماشا دەکەن. چەندین ناوچەی نیشتەجێبوون هەن لە دەورووبەری شارەکان خەسڵەتی گیتۆیان وەرگرتووە، ئیدی لەوێدا لاوانی سپیپێست ڕووبەڕوونەوەی خۆی لەگەڵ کۆچبەراندا دەستپێدەکات، کە پێیوایە بەرپرسن لە تاوانکارییەکان و دەستدرێژیکردنە سەر ژنەکانیان. بەم شێوەیە ڕەگەزپەرستیی نەتەوەیی بە پۆپۆلیزم دەگات، کە فۆڕمی بەرگریکردن لە کەمینە چەوساوەکانی وەرگرتووە لە بەرامبەر فرەکولتوورییدا، بە سەرسامبوون بەم ناوچانە بە شێوەیەکی دیاریکراو. بەوپێیەی هەژارە پێستسپییەکان کۆمەڵێکی بێبەش لەو توێژەیان پێکهێناوە، کە سەر بە ئیتنیکێکی باڵادەستە، هەربۆیە توانیویانە هاوسۆزیی پۆلیس و میدیا بەدەستبهێنن، بە جۆرێک، کە زۆر زیاترە لەو هاوسۆزییەی کۆچبەران دەتوانن بەدەستیبهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چەمکانەی لە لایەن تاکەکانەوە پەیڕەودەکرێن، ڕەگەزێکی گرنگە لەم پرسەدا.

ئەوەی گەلێک گرنگە، بە ڕادەیەک، کە وەهای کردووە کرێکارە هەژارەکانی گیتۆ شارنشینییەکان نەبنە تاکە بەرە کە پشتیوانیی لە سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکان دەکەن، بەڵکو کۆمەڵێکی دیکە لەو کرێکارانەشیان هاتۆتەپاڵ، ئەمەش لە زیادبوونی ژمارەی لایەنگرانی پۆپۆلیزمی ناسیۆنالیستدا دەردەکەوێت لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی وەک سویسرا و نەمسا و دانیمارکدا، کە خانمە سیاسەتمەدار (بیا کاسگۆرد) توانی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠١دا ٢٢ کورسی پەڕلەمان بەدەستبهێنێت، ئەوەش بەهۆی ئیدانەکردنی داگیرکردن و هاتنی ئیسلامییەکانەوە، وێڕای ئەوەی دانیمارک لەناو وڵاتانی ئەوروپادا کەمترین دانیشتوانی مسوڵمانی تێدایە، هەربۆیە هەژاریی بەتەنها، تەنانەت ئەگەر هاوشان بێت لەگەڵ بوونی کۆچبەرانیشدا، پاساو نییە بۆ دەرکەووتنی پۆپۆلیزمی ناسیۆنالیست.

لێرەدا پرسێکی دیکەی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە پارتە سۆسیالیست و کۆمۆنیستییەکان، لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا بڕێکی زۆر لە ڕادیکاڵیزمی ڕابردووی خۆیان لەدەستداوە، هەربۆیە کەلێنی نێوان چەپ و ڕاست گەلێک بەرتەسک بووبووەوە، ئیدی هەموو حزبەکان بە شێوەیەکی گشتی بە ناوی ئەو بەرەیەوە دەدوان، کە لە میانەی وەرچەرخانە ئابوورییەکەدا لێی سوودمەند بووبوون، دۆڕاوەکانیش هیچ کەس خۆی نەدەکرد بە خاوەنیان. لەگەڵ بارگۆڕانی چەپەکان بەلای

ڕاستەکاندا و هەوڵدان بۆ سەرکەووتن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئیدی بەگشتی پارتە پارێزگارەکان پەیڕەوییان لە پۆپۆلیزمێک دەکرد کە ڕقی لە بیانییەکانە، هەتاوەکو خۆی لە پارتە چەپەکان جیابکاتەوە. چەپەکانیش هەتاوەکو لە هەڵبژاردنەکاندا تووشی شکست نەبن، بەرامبەر دەنگدەران جەختیان لەوە دەکردەوە، کە ئەوانیش ئاسانکارییەکی ئەوتۆ بۆ پەنابەر و کۆچبەران ناکەن. بەم شێوەیە سیاسەتی دژ بە کۆچبەران ڕێز و شکۆیەکی بەدەستدەهێنا، ئیدی وردە وردە دەمارگیریی ڕاستی توندڕەو دەبووە شتێکی پەسەندکراو.

ئەم وەرچەرخانە لەئێستادا لە هەموو کاتێکی دیکە گرنگترە؛ لەبەرئەوەی دەمارگیریی نەتەوەیی دەتوانێت وەها خۆی نیشانبدات، کە پارێزگاریی لە کولتووورە نیشتیمانییەکان دەکات لەبەرامبەر جیهانگیریدا، کە ئەو جیهانگیرییەش لە میانەی زیادکردنی بەنێودەوڵەتیکردنی ئابووری و هاتنی لێشاوی کۆچبەران و بەربڵاوبوونی خواردنەوەی کۆکاکۆلاوە لە گشت پارچەیەکی گۆی زەوییدا دەردەکەوێت، ئەمە جگە لە هەڵوەشاندنەوەی لێخۆشبوون لە جوتیارەکان لە باجە گومرگییەکان. ڕاستی توندڕەو توانیویەتی هەموو ئەو کێشانە بدۆزێتەوە، کە دەکرێت هۆکارەکەیان بگێڕدرێتەوە بۆ جیهانگیریی؛ لە گلاسکۆ و مۆسکۆ ڕاستی توندڕەو ئیدانەی بوونی خواردنگەکانی "ماکدۆناڵد" دەکات و هێرش دەکاتە سەر کۆچبەرە ئەفغانەکان. لە ئەورووپای خۆرئاواش ڕاستی

توندڕەو ڕەخنەی توونـد لە یەکێتیی ئەورووپا دەگرێت بەوپێیەی یەکێکە لە داردەستەکانی جیهانگیریی. ئەگەری ڕێگەدانی یەکێتیی ئەورووپا بە درووستکردنی دەوڵەتی دیکەی دیموکرات لە ئەورووپای خۆرهەڵات، ترسەکانی دووهێندە کردووە بەرامبەر شەپۆلێکی نوێی کۆچبەران لە خۆرهەڵاتەوە.

لەڕاستیدا جیهانگیریی شتێکی نوێ نییە، دەوڵەتە نەتەوەییەکان هەمیشە ناچاربوون دەرگا بەڕووی ئاڕاستەکانی بەنێودەوڵەتیکردندا بکەنەوە، ئەو ئاڕاستەیەی بۆتە خاڵی جیاکەرەوەی سەرمایەداری و گۆڕانکاریی تەکنەلۆژیی و پەیوەندییە بەرەوپێشچووەکان، سیاسەتمەدارەکانیش لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی دیکە پەنا بۆ جیهانگیری دەبەن هەتاوەکو بیکەنە پاساوێک بۆ سیاسەتەکانیان (بۆ نموونە دەڵێن: "دەبێت موچە و کرێیەکی کەمتر قبووڵ بکەن، ئەگەرنا ناتوانین لەسەرئاستی نێودەوڵەتی کێبڕکێ بکەین و ئێوەش ئیشەکانتان لەدەستدەدەن!"). لە لایەن چەندین بزووتنەوەی ئینتیما جیاوازەوە هەڵوێستی نارەزایەتیی بەرامبەر جیهانگیریی گیراوەتەبەر، فاشیزمیش یەکێکە لەو بزووتنەوانەی لە چوارچێوەی دەمارگیریی نەتەوەییدا ئەژماردەکرێت. بە گەڕانەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی نۆزدە، دەبینین ڕاستی ڕادیکاڵ پێیوابوو، کە بزنسمانێک و خاوەن بانکێکی جوولەکەی وەک (ڕۆتچیڵد) بەرجەستەبوونی هێزی شاراوەی ئەو هێزەیە، کە

سەرمایەی دارایی جیهانی هەیەتی، کە ئەمەش وەک هەڕەشەیەکە بۆ بزنسمانە نیشتیمانییە بەشەرەفەکان و کرێکارا ناوخۆییە نەبەردەکان. هەربۆیە ئێمە ناتوانین پۆپۆلیزمی نەتەوەیی بە پەرچەکردارێکی خۆڕسکانە بەرامبەر جیهانگیریی ئەژماربکەین، بەڵکو پێویستە لەسەرمان پرسیار دەربارەی هۆکاری ئەوە بکەین کە بۆچی جیهانگیریی بە دیاریکراوی لەم کاتەدا گرنگە. وەڵامەکەش ئەوەیە، کە جیهانگیریی لەم دیمەنە سیاسییە گۆڕاوەدا، کەوتۆتە یەکتربڕێکەوە لەگەڵ ئەو فۆڕمانەی لە ئەنجامی پاشەکشەی بە پیشەسازیکردن و بێکاریی بوونیادی و نەیارە ئیتنیکییەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە، لەو دەمەی ڕاستی نوێ جیهانگیریی کردۆتە ئامرازێک، کە لەڕووی سیاسییەوە سوودی لێوەردەگرێت. پارێزگاریکردن لە شوناس وەهای کردووە فاشیستە نوێیەکان هاوپەیمانێتییەکی کۆمەڵگەیی هەمەڕەنگتر و تێکەڵاوتر کۆبکەنەوە لەوەی لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا پاڵپشتیی و پشتیوانیی فاشیستەکانی دەکرد.

جیاوازیی ئەو بارودۆخەی پۆپۆلیزمی نەتەوەیی هێنایە ئاراوە، لەو بارودۆخەی، کە خودی فاشیزمی هێنایە ئاراوە لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگەکەدا، بە زەڕووڕەت سیفەتی فاشیزم لەوەی یەکەم دانامالێت، تەنها بە فەراهەمبوونی ئایدیای فاشیزم لە جێگەیەکی دیاریکراودا، دەشێت لە هەموو حاڵەتەکاندا بەکاربهێندرێت. مرۆڤ دەتوانێت گریمانەی زانستی بخاتەڕوو، کە پێشبینیی ئەو

بـارودۆخە بکـات، کە فاشـیزمی تێدا درووسـتبووە، بەڵام هـــیچ بوارێـــک بـــۆ پێشـــبینیکردنی بـــارووودۆخێکی دەستنیشـــانکراو نیـــیە، کە تێیـــدا فاشـــیزم دەبێـــتە بزووتنەوەیەکـــی جەمـــاوەریی. وەڵامـــی پرســـیارە سـەرەکییەکەشـمان ئەمەیە: مەودای لێکچـوونی پۆپـۆلیزمی نەتەوەیـی و فاشـیزم لەڕووی مێـژووییەوە چەنـدێکە؟ بـۆ وەڵام ئەو پرسـیارەش دەبێت تەماشـای گوتـار و کرداری ڕاستی توندڕەو بکەین.

**سەرچاوە:** مؤسسة الهنداوي للنشر

# بەشی شەشەم

# سەرکردە پۆپۆلیستەکان

مونا خوەیس

وەرگێڕانی:
عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە

لێـــرەدا هەڵوێســـتەیەک لەســـەر چەنـــد مۆدێلێـــک لەو ســـەرکردانە دەگـــرین، کە بە ســـەرکردەی پۆپۆلیســـتی" جەماوەرگەری" ناسراوون، بۆ ئەوەی لە میانەی خاڵەکانی لێکدابڕانی نێوانیـانەوە، کە دواتـر باسـیان دەکەیـن، لەوە تێـبگەین چـۆن هەموویـان: یەک جـۆر، یەک ڕەنـگ، یەک ژینگە و یەگ وتاریشیان هەیە.

ســـەرەتا و پـــێش بەراوردکردنـــی نێوانیـــان، یـــان بـــۆ ئاســـانکردنی پرۆســـەی بەراوردکـــردنەکە، دەبێـــت چەنـــد ناوێـــک بهێنیـــنەوە، وەک ئەحـــمەدی نەژادی ســـەرۆک کۆمـــاری پێشـــووتری ئێـــران، هۆگـــۆ چـــاڤێزی ســـەرۆکی فەنـــزوێلا، ڤیـــدل کاســـترۆی ســـەرۆکی کوبـــا، مـــوعەمەر قەزافیـــی ســـەرکردەی لیبیـــا، خـــوان بیرۆنـــی ســـەرۆکی ئەرژەنتـــین و ئیڤـــای هـــاوژینی. لێرەیشـــدا دەبێـــت پـــێش هەرشـــتێک تێبینیـــی خەســـڵەتە هاوبەشـــەکانی نێـــوان ئەو ســـەرۆک و ســـەرکردانە بکەیـــن، چـــونکە هەموویـــان یەک باگراوانـدیان هەیە و هەڵگـری یەک پـڕۆژەن، کە پـڕۆژەی شۆڕشگێڕییە بەنیازی ئەنجامدانی گۆڕانکاری فراوانگیر و چەســـپاندنی ئەوەی ئەوان بە" دادگەریـــی کۆمەڵایەتییـــان" نـــاوبردووە، هەموویشـــیان، یـــان زۆرینەیـــان دەرچـــووی کۆلێژەکـانی سـەربازی و جەنگین، یـان کـاری سـەربازی بەشێکی سەرەکی بووە لە ڕەوتی ژیانیان.

جـــگە لە کاســـترۆی پشـــتگیری هەژاران، کە خـــۆی لە خـانەوادەیەکی دەوڵەمەند بـووە، ئەو سـەرکردانەی تـر کە بە ســـەرکردەی جەمـــاوەری ناســـراوون، لە خـــانەوادەی

هەژار بـــوون و لە ژیـــنگەی نەداری و بێبەریبوونـــدا پێگەیشـــتوون، لەوێشـــەوەیە، کە تـــوێژە کـــۆمەڵایەتییە هەژارەکـان ڕووگەی ئەوان و دەسـتپێکی کاریـان بـووە بەوانەوە کەوتوونەتە جووڵە و بۆ ئەوان کاریانکردووە و شەڕیشـیان بەوان کـردووە، جـگە لە پەرۆشـییان بـۆ پاراستنی هەموو ئەو ڕەفتـار و نەریتـانەی لەو ژینگەیەدا برەویـــان هەبـــووە، واتە بە هەڕەمەکێتـــی ئیشـــکردن و مانەوەیان بە خاکیبوون لە مامەڵەیاندا لەگەڵ بەرامبەریان و شـــێوازی خۆیـــان لەکـــاتی دەرکەوتنیـــان بـــۆ جەماوەرەکەیـان، واتە خۆدەرخسـتنیان لەوپەڕی سـادەیی و سـاکاریدا لە جـۆری ژیـان و دوورکەوتنەوەیـان لە خۆشـــگوزەرانی و ڕابـــواردن، هەرچەنـــدە زۆربەیـــان سەروەت و سامانی وڵاتیان تاڵان دەکرد، بەڵام ئەوەی بۆ ڕۆڵەکانی شۆڕش و هەژارانی کۆمەڵگەکەیان دەهێشتەوە، بەس بوو بۆ پەردەپۆشکردنی بەتاڵانبردن و دەستگرتنیان بەسەر سامانی وڵاتەکەیاندا. ڕەنگە بە کورتی باسکردنی هەریەک لەو سـەرۆک و سـەرکردانە، وێنەیەکی ڕوونتری خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیانمان پێبدات، نەک تەنها بەلایەنی کەسـێتییانەوە، بەڵکـو بە لایەنـی شـێوازی بەڕێـوەبردنی دەسـەڵات و زمـانی وتـاری نـاوخۆیی و دەرەکییـان و لەخشـتەبردنی جەماوەرەکەیـان بەوەی دۆزی ئەوان تـاکە خەم و ئامانجیانە، کە لە پێناویدا خەبات دەکەن، لەکاتێکدا واقیعی حاڵ پێماندەڵێت لە خەمی بەدیهێنانی خواستەکانی خۆیـان و تێرکردنـی چڵێسـییاندا بـوون بـۆ دەسـەڵات،

پاوەنخوازیی دەسەڵات، ڕەتاندنی جەماوەریان و تەواوی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە لە خزمەتی خۆیاندا. هاوکات بارودۆخی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەکانیشیان لە هەموو ڕووەکانەوە لەیەک دەچێت، چونکە کۆمەڵگەگەلێکن کاری شۆڕشگێڕی ڕواڵەتێکی داپۆشەری هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە و ستەمکاری بووە، کە لە کۆمەڵگەدا پەیڕەویان کردووە، هاوکات کۆمەڵگەکانیان داخراو، گۆشەگیر، هەژار بوون، جگە لەوانەی پەیوەندبوون بە جومگەکانی دەسەڵات و خودی سەکردەکان خۆیانەوە، کە سەرگەرمی تالان و بردن بوون لە کۆمەڵگەیەکدا دزی و گورگی تیایدا زۆر بڵاوبووە. بە چاوپۆشی لە شێوازی هاتنەسەر دەسەڵاتیان، لە میانەی کودەتای سەربازییەوە بووبێت یان شۆڕشی جەماوەری یاخود لەڕێی هەڵبژاردنی دیموکراسییەوە، هەموویان هەرهێندەی گەیشتوونەتە دەسەڵات، کردوویانە بە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی تاکڕەوی. ئەم مۆدێلانە خاڵی لێکدادبڕانی نێوان ئەم سەرۆک و سەرکردانەمان بۆ ڕووندەکەنەوە:

### هۆگۆ چاڤێز :

هەڵبژاردنی هۆگۆ چاڤێز بۆ سەرۆکایەتیی ڤەنزویللا بە تۆڵەسەندنەوە بۆ بێبەرییەکان دانرا، درووشمی هەڵبژاردنەکانیشی بریتیبوو لە:" من تاعوونی ئۆلیگارکیی سەپێنراوم، من قارەمانی هەژارانم"، هەر ئەو هەژارانەش ئەویان گەیاندە کورسیی سەرۆکایەتی. بارت جۆنز لە

کتێبی" چیرۆکی هۆگۆ چاڤێز له کۆڵیتەی قوڕەوه بۆ شۆڕشی بەردەوام" باس له بێبەریبوونی دەکات له قۆناغی منداڵی و ڕەوتی ژیانی له سوپادا و پێیوایه گەیشتنی چاڤێز به دەسەڵات بریتیبوو له: بۆ یەکەمجار دەستگرتن و بەدەستهێنانی دەسەڵات له ڤەنزوێلادا له لایەن هەژارانەوه. له واقیعیشدا هەندێک دەڵێن چاڤێز له زۆر بواردا وەک بواری تەندرووستی و فێرکردن دەستکەوتی زۆری بۆ هەژار و نەداراکان بەدەستهێنا، لەسەردەمی دەسەڵاتیدا ژمارەی هەژارانیش، بۆ نیوه کەمبووەوه، بەڵام " ئەلبرتۆ باریراتیسکا"، که ئەمیش ژیاننامەیەکی نافەرمیی چاڤێزی نووسیوەتەوه، پێیوایه ئەو سیاسەتەی چاڤێز:" به سیاسەتکردنی هەژاری بووه"، که هەژاریی پشتبەستکردووه به بۆتەیەکی هاوتەریبی دامەزراوه فەرمی و تایبەتەکان و جۆرێک له سیاسەتی پێکهێناوه که دەکرێت به" سیاسەتی بەکرێیار" بوون دابنرێت له ئابوورییەکدا بەرەهایی پشتبەست بووه به نەوت بەرێژەی 90% که به دراوی قوورس پێکدەهێنرێت. ناوبراو هاوکات پێیوایه فەنزوێلا له ساڵانی 2003 – 2008 دا رێژەیەکی بەرزی گەشەسەندنی بەدیهێنا، بەڵام دواتر کەوته قۆناغی پاشەکشێوه که بووه هۆکاری سەرهەڵدانی زێدەبایی به ڕێژەی 30% که به بەرزترین ڕێژه دادەنرێت له ئەمریکای لاتیندا، جگه له پاشەکشێ له بواری خزمەتگوزارییه گشتییەکان، به تایبەتی پچڕانی بەردەوامی تەزووی کارەبا و سکاندەڵەکانی گەندەڵیی له حکومەتدا، هەروەک ساڵی 2009 کوژرانی زیاتر له

"19"هەزار کەسـی بەخـۆوە بینـی، واتە کـوژرانی چـوار هێنـدەی خەڵکـی، کە پـێش دەسـەڵاتی هۆگـۆ چـاڤێز کوژرابوون.

ئەگەر نووسەرانی ژیاننامەی چاڤێز وێنەیەکی تاریکی سـەردەمی دەسـەڵاتی ئەویـان نەخستبێتەڕوو، ئەوانەی لە فەنـزوێلاوە هـاتوون وێنەیەکـی زۆر تـاریکی بـارودۆخی ئەو وڵاتەمـان بـۆ باسـدەکەن و لە میـانەی ئەزمـوونی خۆیـانەوە لەو وڵاتەدا دەڵـێن: ئەگەر پـێش چـاڤێز هەژاری هەنـدێک لە توێژەکـانی کـۆمەڵگەی فەنزوێلیـی گـرتبێتەوە، ئەوا لە دەسـەڵاتی ئەودا هەژاری هەمـوو توێژەکـانی گـرتەوە و گشـتگیربوو، جەختـیش لەوە دەکەنەوە کە ئەو گشـتگیربوونی هەژاریـیە تـاکە دەسـتکەوتێکی دیـاری حـوکمی ئەو بـووە بـۆ کـۆمەڵگەی فەنزوێلـی.. وێـڕای بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە دامەزراوە و نێوەندەکانی نزیک بە دەسـەڵات و کـۆکردنەوەی سـەروەت و سـامان لە میـانەی کۆنترۆڵکردنی هەمـوو داهـات و دەسـتکەوتەکانی وڵاتەوە، ئەمە سـەرباری ئەوەی هەمـوو منداڵەکانیشـی لە دەرەوەی فەنـزوێلا دەژیـان و لە باشـترین زانکۆکـانی ئەوروپادا دەیانخوێند، لەکاتێکدا تاکی فەنزوێلی مانگانە لە چاوەڕوانیـدا بـووە بـۆ بەدەسـتهێنانی پشـکی خـۆی لە خۆراک" یەک کیلۆ شەکر، هەندێک شیر و خۆراکی تر."

مـاک گـۆرالیس پێیـوایە هۆگـۆ چـاڤێز لە هەمـوو سەرکردەکانی جیهان بوێرتر بووە لە پێشێلکردنی ڕێسا دیموکراسیەکاندا، چونکە لە ساتەوەختی گەیشتنیەوە بە دەسـەڵات، لە سـاڵی 1999 وە، هـیچ دوودڵ نەبـووە لە

بەکارهێنانی میدیاکانی ڕاگەیاندنی حکومی و دابەشکردنی هاوکاری بەسەر هەژاران و خستنەخزمەتیان لە پێناوی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکانیدا. لەدوایین ڕاپرسیی ساڵی 2008 دا سنووردارکردنی خۆکاندیدکردنی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەڵوەشاندەوە. ڕەفتار و بەڕێوەبردنی هەندێک لە کاروبارەکانی چاڤێز لە شێوازی هەرزەکارانە دەچێت و بەشێوەیەکی ئاساییش سەرکردە پۆپۆلیستەکان بە هەرزەکارانی سیاسەت ناودەبرێن، با دوژمنایەتیی نەک بۆ ئەمریکا بە تەنها، بەڵکو بە دوژمنایەتیی لەگەڵ جۆرج بووشی باوک و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بکەینە نموونە:

لە هاوینی 2004 دا چاڤێز لەگەڵ جۆرج بوشی کوڕدا گرەوی لەسەر "100"دۆلار کرد بەوەی کامیان لە ساڵی داهاتوودا لەسەر کورسیی سەرۆکایەتی دەمێننەوە، هەردووکیشیان مانەوە. چاڤێز هەر لە میانەی دوژمنایەتییدا لەگەڵ بوشی کوڕدا ڕووداوێکی تری خوڵقاند، کاتێک پەرۆش بوو بۆ سەردانکردنێکی هاوکاتی سەردانەکەی جۆرج بوشی کوڕ بۆ ئەمریکای لاتین لە ساڵی 2007 دا، بۆ ئەوەی گەشت و سەردانەکە لە بوشی کوڕ تێکبدات. دەتوانین هێندە وەسفی ئەم هەڵوێستانە بکەین، کە هەڵوێستی پیاوی دەوڵەتداری نین. هەندێک پێیانوایە چاڤێز تەنها بۆ چەسپاندنی جەماوەرگەرییەکەی لە ناوخۆ و دەرەوەدا جۆرج بوشی کوڕی بۆ ئەو دوژمنایەتیکردنەی هەڵبژاردووە، هەروەها دەڵێن ئەو دوژمنایەتییەی بۆ ئەمریکا کردی بە هاوبەشێک لە

هاوبەشـــەکانی ئێـــران، دەرگـــای زۆرێـــک لە وڵاتـــانی ناوچەکەی لێکردەوە و هاوپەیمـانێتیەکی پڕچەککردنیشـی لەگەڵ ڕوسـیادا بـۆ مسـۆگەر کـرد و پەیوەنـدییەکی هاوشێوەیشی لەگەڵ چیندا بەست. چاڤێز بووە داکۆکیکار لە قەزافـی و هەمـوو ئەو سـەرکردانەی گەلانیـان بـۆ ڕووخانیـان خۆپیشـاندان دەکەن، واتە بـووە هـاوڕێی سـەرجەم دیکتاتۆرەکـانی ئەم سـەدەیە و سـەدەی ڕابردوویش.

**ئەحمەدی نەژاد:**

مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی پێشووی ئێران لە گوندی "ئاردا" ی نزیک شاری تاران لە خانەوادەیەکی هەژار و ئاسایی لەدایکبووە، ساڵی 2003 وەک سەرۆکی شارەوانیی تاران هەڵبژێردرا، دەگێڕنەوە لەکاتی بوونیدا بە سـەرۆکی شـارەوانی تـاران، خـۆی لە شـەقامەکاندا شانبەشانی کارمەندانی شارەوانیەکەی ئیشی دەکرد. هەتا جارێـک لە گیرانـی ئـاوەڕۆیەک لە ئاوەڕۆکـانی تارانـدا بەهـۆی بـاران بـارینی زۆرەوە، کارمەنـدانی شـارەوانی کەسێک دەبینن بەدڵەی ئیشکردنی لەبەردایە و دەیەوێت یەکێک لە ئاوەڕۆکان بەربدات، کە لێیووردەبنەوە دەبینن سـەرۆکی شـارەوانییەکەیانە. هەروەک بـاس لەوەیـش دەکەن لە ماڵە بچووکە کۆنەکەی خۆیاندا دەژی کە چل ساڵ پێشتر لە هەژارترین ناوچەی ئێراندا لە باوکیەوە بـۆی مـابوەوە، تەنـانەت دوای بوونیشـی بە سـەرۆکی شـارەوانیی تـاران، ئامـادە نەبـووە لە تەلاری تـایبەت بە

سەرۆکی شارەوانیدا نیشتەجێ بێت، وای بە باشتر زانیوە لە خانووە ساکارەکەی خۆیدا بمێنێتەوە.

ساڵی 2005 دەبێتە سەرۆک کۆماری ئێران و لە 2009 یشدا دووبارە بۆ هەمان پۆست هەڵدەبژێردرێتەوە، بێئەوەی سەرۆکایەتیی وڵات لە ڕەفتار و ئاکارەکانی بگۆڕێت، چونکە بەڕای خۆی سەرۆکایەتی وڵاتیش هاوشێوەی سەرۆکایەتیی شارەوانی پێگەیەکە بۆ خزمەتکردن بە گەلی ئێران، زۆریش لە سەرکردەکان و بۆ ئەمیش بەلایانەوە خۆش بووە بە" هاوڕێی گەل" ناوببرێن. لە زۆرباریشدا هەموو ئەوانەی دەورووبەری تووشی شۆک کردووە، چونکە لە پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتیشدا نەیویستووە وەک سەرۆک نان بخوات و ڕۆژانە لەماڵەوە لەفەی پەنیر و زەیتوونی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا کە هاوژینەکەی بۆی ئامادە دەکرد. هەروەک لەسەر سیسەم نەدەنووست، چونکە خۆی بە کوڕی ئاسنگەرێک دادەنا کە هەمیشە واڕاهاتبوو لەسەر زەوی بنوێت، تەنانەت لە گەشتیدا بۆ وڵاتانیش، کە بە ناچاری دەبوو بچوونایەتە ئوتێلەوە، ئەو هەر لەسەر زەوی دەنووست. هەرکاتیش هەر وەزیرێکی دابنایە پەیمانی لێوەردەگرت و بەڵگەنامەی پێ ئیمزا دەکرد کە چەند مەرجێکی تێدابوو: دەبێت چۆن بە هەژاری بۆتە وەزیر، هەر بە هەژاری بمێنێتەوە دوای تەواوبوونی کارەکەی لە پۆستەکەیدا، بەڵام ئەم هاوڕێی گەلە، لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا جگە لە کەڵەکەبوویەک لە قەیرانی ناوخۆیی و ئابڵووقە و سزای دەرەکی هیچی تری پێشکەشی گەلانی ئێران نەکرد،

بەهـــۆی ســـــاختەکردنی زۆریشـــــەوە نەبـــوایە لە هەڵبژاردنەکانـدا، کە بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی شۆڕشـێکی سـەوز بۆ جـاری دووەم هەڵنەدەبژێردرایەوە. مـوحەممەد کەڕووبـی یەک لە سـەرکردەکانی بەرەی ئۆپۆزسـیۆن (لە ڕاپـــۆرتێکەوە لە تـــارانەوە بە ناونیشـــانی" کەڕووبـــی: سیاسـتەکانی ئەحـمەدی نەژاد نـاعەقڵانین، پاسـدارانیش لە ســزاکانی ســەر ئێــران ســوودمەندن" کە لە ڕۆژنــامەی ئەلشـــــەرق ئەلئەوســــــەتی ژمـــــارە 11549 ی ڕۆژی 2010/6/1 دا بڵاوکراوەتەوە) دەڵێت:" سیاسـەتە دەرەکییە ناعەقڵانیەکـــــانی مەحمـــــوود ئەحـــــمەدی نەژاد و سـەرکوتکردنی ڕەخنەگرانـی نـاوخۆی، بـوونە هۆکـاری هاتنەئـاراوەی دۆخێکـی زۆر نـاهەموار لە وڵاتـدا، بـۆیە لەبریـــــی وتـــــاری نابەرپرســـــانە و بڵاوکـــــردنەوەی درۆودەلەســـــە، دەبێـــت بەرپرســـــانی حکـــومەت داوای لێبووردن لە دوژمنان بکەن بۆ ئەوەی خۆیان و وڵاتیش لە سـزای نـوێ بەدووربگـرن". کەڕووبـی هەروەهـا دەڵێت هەندێک لە بەرپرسانی ڕژێم و سوپای پاسداران لەم سـزا نێودەوڵەتییـــانە بەســـەر ئێرانـــدا ســـوودمەندن، چـــونکە قازانجی زۆری داراییان لێدەستدەکەوێت، ئاماژەی بەوەش داوە هەنـــدێک لە فەرمانـــدەکانی ســـوپای پاســـداران ئامادەییان دەربڕیوە بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو پڕۆژانەی وزە، کە وڵاتانی خۆرئاوا بە هۆی سزا نێودەوڵەتییەکانەوە جێیانهێشـتوون، هەرچـی دەرئەنجـام و قورسـایی زۆری سـزا نێودەوڵەتیەکانیشـە، کەوتـوونەتە ئەسـتۆی گەلانـی ئێران.

له ماوەی دەسەڵاتی ئەحمەدی نەژاد دا سەرکوتکردن و خنکاندنی ئازادییەکان زۆربوو، بۆیە موحەمەد خاتەمی سەرۆکی پێشووی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێت" دەبێت ئەحمەدی نەژاد پێش هەرشتێک واز لە سەرکوتکردنی گەلەکەی بێنێت و ناکۆکییە ناوخۆییەکان چارەسەر بکات و هەموو زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بکات و هەموو جۆرەکانی قەدەغەکاری لەسەر حزبە سیاسییەکان هەڵبگرێت و ڕێگە بە ئازادیی ڕۆژنامەگەرییش بدات"(هەمان سەرچاوەی پێشوو). خاڵی هاوبەشی نێوان ئەحمەدی نەژاد و هۆگۆ چاڤێز بریتییە لە دوژمنایەتییان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە ئەمیش بەردەوامە لە هەڕەشەکردن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو هەڕەشە و وتار و سیاسەتانەی نەژاد جگە لە سزای زیاتری ئابووری و گۆشەگیریی نێودەوڵەتی، کە بوونەتە هۆکاری خنکاندنی گەلانی ئێران بە تەواوی، شتێکی تری بەدەستنەهێنا.

خاڵێکی تری هاوبەشی نێوان ئەحمەدی نەژاد و هۆگۆ چاڤێز دەرکەوتنیانە لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، کە هەمیشە دوای دەرکەوتنیان پەرچەکردار دەورووژێنن، هەروەک دەتوانین دوای بیستنی وتار یان دەنگی بڵندیان ببیستین و جووڵەی هاوشێوەی نمایشی شانۆییان ببینین، سەرباری هەڕەشەیان لەوەی دەتوانن نیوەی جیهان لە نەخشەدا بسڕنەوە. زۆریش گوێمان لە زایەڵەی وتارەکانیان بووە، کە زۆر شتیان تێدا وتووە بێئەوەی شتێکی ئەوتۆیان تێدا بووبێت و بەدەریش بوون لە

هەمــــوو لۆژیــــک و عەقڵگەرایــــیەک. ئەمەش بەشــــێکە لە وتـاریکی ئەحـمەدی نەژاد لە شـاری" بنت جبیل"ی لوبنـان لەکـاتی سـەردانیدا بـۆ لوبنـان و بەڕوونـی ئەوەی پێشـتر باسمانکردووە لەم وتارەدا دەردەکەوێت:

"خۆشەویستان و ئـازیزانم، هـیچ گومـان نەمـاوە، کە ئاڵای دادگەری هەڵدەکرێت، ئـازیزانم، بێگومـانە کە عەشـق و خۆشەویسـتی دێـن.. چەوسـاوەکان دەگەن بە ئـازادی.. هێندە نابات پیاوانی خـوا دێن.. بە یـارمەتیی خـوا مەهـدیی چاوەڕوانکراو دێت.. مەسیحی گەورە دێت سـەلامی خـوای لێبێـت و دەبێـتە هــاوڕێ و هاوکــاری مەهــدی.. ســتەم نامێنێت.. زۆرداری نامێنێت و هەمـوو چەوسـاوەکانی ئەم جیهـانە ڕزگاریـان دەبێـت و سـەردەکەوون.. بـۆ هەمـوو جیهـان ڕایـدەگەیەنم کە زایۆنییەکـان تێدادەچن و نـامێنن.. بـۆ خەڵکـی لوبنانیشـی ڕادەگەیـنم، کە خەڵکـی ئێـران بـۆ هەمیشــە لەگەڵتــانن.. ڕایــدەگەێنم کە ئەم "بنــت جبیــل"ە هەمیشە بە زیندوویی و خۆڕاگری دەمێنێتەوە.. هەروەهـا بە هەموو گەلانی ناوچەکەی ڕادەگەێنم، کە ئێران هەمیشـە لەگەڵیاندایە."

لەم دەقەوە نــــــاوەڕۆکی میتــــــافیزیکیی وتــــــاری جەمـاوەرگەریی ئەحـمەدی نەژاد و جەختکردنەوەمـان لە فاکتەری ئـاینی بۆمـان دەردەکەوێت، کە تەنها نـاگەڕێتەوە بـۆ ئەوەی ئەحـمەدی نەژاد سـەرۆکی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـرانە، بەڵکـو هەمـوو سـەرکردە پۆپۆلیسـتەکان هەمـان فاکتەر بەکاردەهێنن، چونکە توانـایەکی گەورەیـان هەیە لە کاریگەریخستنەسەر ئەندێشە و بیرکـردنەوەی خەڵکـی، کە

لە واقیعیشـدا ڕاکـردنە بـۆ کەوتنەپـێش کێشـە بنچینەیـیە هەڵپەسـێردراوەکان و هەوڵیشـە بـۆ چارەسـەر کردنـی واقیعبینانەیـان. دەقـی ئەم وتـارە هاوکـات هەوڵێکیشـە بـۆ سڕکردنی زەینـی جەمـاوەر لە میـانەی ئەو هەڕەشـانەوە، کە ئەوان دەسـتیان نابێـت و نیـیە لەبەدیهێنانیانـدا، ئەمە ئەگەر بتوانرێـت لەکـاتی خۆیانـدا بەدیبهێنـرێن. وتـارەکە وەک هەمیشە زمانی هەڕەشەکردنی تێدایە لە دووژمنانی، یـــان بە نەهێشـــتنیان لەڕووی زەوی، یـــاخود بە شکسـتپێهێنانی یەکجارییـان. تێبینـی دەکرێـت ئەو دوو سـەرۆکە هەردووکیـــان بـــۆ جـــاری دووەمـــیش هەڵبژێـــردرانەوە بێـــئەوەی بتـــوانن لە مـــاوەی دوو دەســـەڵاتیاندا ئەو هەڕەشـــە و پەیمانیـــان بە سـەرکەوتنەکانیان بەدیبێـــنن. لە ڕاســـتیدا ئەمەیە جەماوەرگەری، جەنگێکی دۆنکیشۆتییە، کە سـەرکردەکان دژی ئاشەکانی هەوا دەیکەن و وەهم دەکەن بە پەیمان بۆ جەماوەرێک کاتێک پەیمانەکانیان دەبیستن وەریدەگرن و کارلێکیشی لەگەڵدا دەکەن.

با سەرنج بدەینە بەشێک لە وتارێکی هۆگۆ چاڤێز بۆ ئەوەی ڕادەی زۆر لەیەکچـوونی شـێواز و ناوەڕۆکمـان لەگەڵ وتارەکـانی ئەحـمەدی نەژاد بـۆ ڕوونبێـتەوە. لە سـەردانێکیدا بـۆ مەزارگەی ئیمـام رەزا لە ئێـران دەڵێـت:" لەکاتێکدا لەم شـوێنە پیرۆزەدام واهەسـتەکەم، کە مەهـدی و مەسـیحی گەورە زۆر نـزیکە بـۆ بەدیهێنـانی دادگەریـی جیهـــانی". لە وتـــارێکی تریـــدا لەبەردەم هەزاران لە لایەنگرانیـدا دەڵێـت:"من گەلـم، لایەنگـری و پشـتگیرییەکی

ڕەهام دەوێت بۆ سەرکردایەتیم، من تەنها یەک کەس نیم، بەڵکو من گەلم و ئەرکمە داوای ڕێزگرتن لە گەل بکەم – واتە ڕێزگــرتن لەو ڕێزگــرتنە لە گەل !!-- ئەگەر ئێــوە زێـدی بـاب و باپیرانتـان خۆشـدەوێت وەرنە ڕیزەکـانی چاڤێزەوە، دەبێت ئەمجارەیش لە ئەنجوومەنی نیشتیمانیدا زۆرینە بەدەست بێنینەوە و بەردەوام بین لە بونیادنـانی دەوڵەتەکەمــان و داکــۆکی لێــبکەین و بڵێــین" نــا بــۆ ئیمپریـــالیزمی ئەمریکـــی". لەم وتـــارەدا لە ڕیتمـــی هەڕەشەکردندا هاوشێوەی ئەحمەدی نەژادە، بەڵام چاڤێز زۆرتـر بـاس لە خـۆی "مـن" دەکـات، کە لای نەژاد کەمتـر دەردەکەوێت، چونکە ئەمیان لە ئاستی کەسێتیدا هێندەی چاڤێز لووتبەرزی نەیگرتبوو کە ئەویان لەم لووتبەرزییەدا هاوبەشە لەگەڵ مامۆستاکەیدا، کە ئەو حەزدەکات پێیبڵێت" ڤیـدل کاســترۆ"، دیـارترین شۆڕشــگێڕەکانی ســەدەی ڕابردوو، بەهرەبەخش بە زۆرینەی شۆڕشگێڕانی جیهان، بە تایبەتی سەرکردەکانی وڵاتانی ئەمریکای لاتین.

**ڤیدل کاسترۆ:**

کاســـترۆ لە ســـاڵی 1926 لەدایکبـــووە، وەک هەر شۆڕشگێڕێک چووە بەرگی هەژارانی وڵاتەکەیەوە، بەڵام ئەم بە پێچەوانەی زۆرێک لەو سەرکردانەی بە منـاڵی لە ژیانێکی سەخت و ناخۆشدابوون لە خێزانێکی دەوڵەمەندا ژیاوە، بەڵام لە ژیانی خۆشڕابوێریی یاخیبووە بە تایبەتی، کە بە ژیـــانی هەژارانـــی کوبـــای بەراوورد کـــردووە. لە ســـەرەتای ژیانیـدا لە کێڵگەکـانی قامیشـی شـەکردا کـاری

کـــردووە، کە هـــی بـــاوکی بـــوون. ســـاڵی 1953 لە دژی سـەرۆک فالجنسـیۆ باتیسـتا بە سـەرۆکایەتی سـەد کەس چەک هەڵـــــدەگرێت، بەڵام هەوڵەکەی شکســــتدەهێنێت و خۆی و ڕائولی برای زیندانی دەکرێن. دوو ساڵ دواتر بەر لێبووردن دەکەون و ئەویش لە مەنفاوە لە مەکسیک لە هەوڵەکـــانی بەردەوام دەبێـــت بـــۆ کۆتاییهێنـــان بە دەسـەڵاتی باتیسـتا و بۆ ئەو ئامـانجە هێزێک پێکدەهێنێت بەبزاڤی 26ی تەمووز دەناسرێت.

بیروبـــاوەڕە شۆڕشـــگێڕییەکانی کاســـترۆ لە کوبـــادا لایەنگری زۆری بەدەستهێنا و هێزەکانی توانیان لە ساڵی 1959 دا دەسەڵاتی باتیستا بڕووخێنن. کاسترۆ دەسەڵاتی گرتەدەست و کوبای گۆڕی بە سیستمی کۆمۆنیزمی بووە یەکەمین وڵاتی دەورووبەری لەوجۆرە حوکمەدا، ئەمەیش بـووە هۆکـاری هاتنەئـارای دابـڕان و بگـرە دوژمنـایەتی لەنێـوان کوبـا و وڵاتـانی دراوسـێیدا، بە تـایبەتی دوای ئەوەی کاســترۆ کەوتە خۆمــاڵیکردنی هەمــوو کۆمپانیــا ئەمریکییەکان لە وڵاتەکەیدا.

کوبا لەسەردەمی دەسەڵاتی کاسترۆ دا چووە قۆنـاغی گۆشـەگیری و تووشـهاتنی بە کێشـە و قەیرانـی ئـابووری بەهۆی سیاسەتەکانیەوە، بەمەیش هەمـوو ئەو پەیمانـانەی بە هەژارانـی وڵاتەکەی دابـوون، بـوونە کۆمەڵێک وەهـم و خۆشـی لە تەواوی مـاوەی دەسـەڵاتەکەیدا هەمـوو کۆسـپە ئابوورییەکـانی بەوە پاسـاو دەدایەوە، کە دەرەنجـامی ئەو ئـــابلۆوقە ئـــابووریەیە واشـــنتۆن بەســـەر وڵاتەکەیـــدا ســـەپاندووە، شکســـتی بلـــۆکی سۆســـیالیزمیش لە ســـاڵی

1991 دا بــارودۆخی کوبــای خراپتــر کــرد و قەیرانــی ئابووری لە کوبا دا زیاتر کرد.

کاسترۆ لەنێو گەلی کوبادا بە "ڤیدل" یان" سەرکردە"و بە یەکێک لە بەهرەبەخشەکان بە سەرکردەکانی جیهانیش ناســراوە، بە تــایبەتی، کە تــا گەیشتنیشــی بە دەســەڵات هــاوڕێ و هاوخەبــاتی نــاودارترین شۆڕشــگێڕی مێــژوو بووە، کە "چی گیڤارایە". کاسترۆ لەسەر ئاستی کەسێتی و شــێوازی حوکمیــدا زۆر خەســڵەتی دیــاری هەبــوو، کــۆی سیاســـەتەکانی بریتیبـــوون لە ڕکـــابەری و ململانـــێ و وروژانــدن، ئەوەی بــۆ ئەحــمەدی نەژاد و هۆگــۆ چــاڤێز باســمانکرد، تەنهــا مشــتێکە لە خەرواری ئەوەی کاســترۆ هەیەتی. کاسترۆ هاوکات بە وتارە ئاگرینەکان ناسراوە کە لەڕووی کــاتەوە ژمــارەی پێوانەییــان تۆمــار کــردووە، لە یەکێـــک لە وتارەکانیـــدا لەبەردەم لایەنگرانیـــدا هەشـــت کاتژمێر وتاری داوە و لەبەردەم کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیشــدا وتــارێکی زیــاتر لە چــوار کــاتژمێر و نیوی داوە. ناوەڕۆکی وتارەکانیشی هاوشێوەی سەرکردە پۆپۆلیســـتەکان پڕبـــووە لە هەڵنـــان و هانـــدانی خەڵـــک، چەواشــەکاری، پەیمــان بە گــۆڕینی ڕواڵەتــی جیهــان و چەســـپاندنی دادگەریـــی کـــۆمەڵایەتی، کە لە مـــاوەی "49" ســـاڵ تەمەنـــی دەســـەڵاتەکەیدا نەیتـــوانی ئەم دادگەریـــی کۆمەڵایەتییە بــۆ خەڵکــی کوبــا بەدیبێنێــت، کە زۆرینەیــان لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژیان، سەرباری نەبوونی هیــچ ئــازادییەک لە ئازادییەکــان لە کــۆمەڵگەی کوبییــدا، جگە لە بڵاوبــوونەوەی گەنــدەڵی و هەمــوو ئەو ڕێوشــوێنانەی بــۆ

مـــانەوەی دەســـەڵات لە سیســـتمی دیکتاتۆریـــدا بەرۆکـــی کۆمەڵگە دەگرن.

وتـــاری جەمـــاوەرگەری لە وتارەکـــانی کاســـترۆدا بە ڕوونـــی دیـــارە، لە بـــۆنەی یـــادی لەدایکبـــوونی" ئیلیـــان گـــۆنزالیز" و ســـاڵی چـــوارەمی دەســـتپێکی بزاڤـــی هزرووبیرەکـــان لە ڕۆژی 5ی کـــانوونی یەکەمـــی ســـاڵی 2003 دا، ڤیـــدل کاســـترۆ لە خوێنـــدنگەی ســـەرەتایی "مارسیلۆ سالادۆ" لە "کاردیناس" وتارێکی پێشکەش کرد چەند بڕگەیەکی دەهێنینەوە:

"هەرکات مرۆڤ ویستی قسەبکات دەبێت قوڕگی بۆ پاک بکاتەوە بۆ ئەوەی بە باشی قسەبکات، وانیە؟ منیش دەبـوو لەم چەنـد ڕۆژانەدا چەنـد کاتژمێرێـک خـۆم بـۆ قسەکردن ئامادە بکەم... دەزانن ئێوە چی دەکەن؟ ئایا بە جوانی بیرتان لەوە کردۆتەوە چی دەکەن؟ ئەگەر بمەوێت بۆ ماوەی دوو سەعات قسەتان بۆ بکەم، پێم بڵێن: باسی چیتـان بـۆ بکەم؟ باسی هەموو شتێک؟...ئەم خوێندنگەیە کـاتێ مـن خوێنـدکاربووم وەک ئەوەی ئێسـتا نەبـوو، کە هەیە، ئـاوا بۆیـاخکراو، ڕێکخـراو، جـوانکراو کە پێشـتر وانەبوو.. من باسی ئەوەتان بۆ ناکەم بۆچی ئەوکات ئەم خوێنـدنگەیە وەک ئێسـتا نەبـوو، چـونکە خۆتـان ڕۆژێـک دادێـت زۆربـاش لەمە تێـبگەن، کە بـۆچی وانەبـوو، لەوە تێدەگەن بۆچی منالانی کوبا لە ئێستادا لە بارێکی ئەوتۆی باشی خوێندندان پێشتر هیچ کیشوەرێک و هـیچ شـوێنێکی ئەم جیهـانە بەخـۆیەوە نەبینیـوە.. ئێـوە نـاوی شۆڕشـتان بیستووە، نامەوێت باسی ئەوەتـان بۆ بـکەم شۆڕش چیە،

بەڵکو کوورت و پوخت وتەنی باسی ئەوەتان بۆ دەکەم کاتێک ئەم شۆڕشە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، واتە کاتێک شۆڕش لە شەڕ و ململانێیەکی سەختدا شکستی بە ڕکابەرەکەی هێنا، لەم وڵاتەدا هەزاران منداڵ لە خوێندن بێبەریبوون و خوێندنگەیان نەبوو، چونکە هەموو وەچەی کرێکار، جووتیار، کەسانێکی زەحمەتکێش بوون، بۆ ئیشکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیان پێویستییان بە منداڵەکانیان بوو یارمەتییان بدەن... لەو ڕۆژەدا ئەو شۆڕشە هەڵگیرسا کە ناوم هێنا بۆتان، شتێکی هاوشێوەی ئەوەی ئێستا نەبوو، کە ناومان ناوە: "پەیمانگەی باڵای هونەرەکان..."

خوێندکارێکی ئەم خوێندنگەیە بەهۆی زوڵم و ستەمێکی گەورەوە نەهاتبوو.. هەزاران منداڵ و دایک و زۆر خەڵکی تریش لەم دەریایانەدا لە دەرئەنجامی یاسایەکدا، کە ئێمە بە یاسای بکوژی ناودەبەین گیانیان سپارد، یاساکە بۆ تەنگهەڵچنین بە شۆڕش و خنکاندنی دەرکرا، بۆ تێکشکاندنی شۆڕش دەرکرا بێئەوەی دەربەست بێن ئەم یاسا هەمەجییە چەندە گەلە قارەمان و ئازیزەکەمان تووشی گریان، پرسە، خەم و ناسۆر دەکات.. خۆ ئەم یاسایە تاکە کاری وەحشیگەرانە نەبووە لە دژی گەلەکەمان کرابێت، دڵڕەقترین هێز، کە جیهان بەخۆیەوە بینیبێتی ئەوە 45 ساڵە دەیەوێت ئەم شۆڕشە بپلیشێنێتەوە و نەیتوانیووە..

لەم ڕۆژەدا، سەیری ئەو ڕێکەوتەکەن، ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی باس لە مافیایەکی ئاست بەرز دەکات لەو

فەرمانبەرانەی هیچ ترسێکیان نییە و زۆریش درۆزن و دڵڕەقن و لە کۆشکی سپیدا کۆبوونەتەوە – وەها ناوی دەبەن – و شوێنێکە بۆ کۆبوونەوەی ئیمپرتۆرەکان، لیژنەیەکیان داناوە کاریان تەنها پەیبردنە بە ڕێگە و شێوازێک بۆ لەباربردنی شۆڕش، ئەمیش دوای 45 ساڵ لە هەوڵی نەزۆک و بێهوودە و شکستی یەک لە دوا یەک.. ئەوانەی خاوەنی فراوانترین مەعریفەن لە دۆزە سیاسییەکاندا، بۆیان هەیە پێبکەنن کاتێک وێنای ئەوانە دەکەن کۆبوونەتەوە و کاتێکیش ئاژانسەکانی دەنگوباس دەبینن باس لەو شێوازانە دەکەن لەپێناو تێکشکاندنی شۆڕشدا دەیخەنەکار... منیش دڵنیاتان دەکەمەوە، کە ئەوان تەنها بەیەک هۆکاری سادەوە ئەو نەخشەوپیلانە قێزەونانە دادەنێن، ئەویش ئەوەیە ئەوان دادگەرییان ناوێت، ڕقیان لە دادگەرییە، ڕقیان لەوەیە گەلان سەربەخۆبن، ڕقیان لە ئازادییە، ڕقیان لە هەژارانە، دەیانەوێت ئەوەی لێرە هەبوو دووبارە بێتەوە و ئەوەیشی لێرە هەبوو لە سەرەتای قسەکانمەوە بۆم باسکردن...

ئەگەر بچن بۆ ئەو وڵاتە – مەبەستی ئەمریکایە – دەبینن هەزاران کەس لەژێر پردەکاندا دەژین، پەڕەی ڕۆژنامەکانیان داوە بە خۆیاندا، ئەگەر بچن بۆ ئەو وڵاتە، دەبینن هەرچەندە وڵاتێکی زۆر زاڵم و دەوڵەمەندیشە، بەڵام چل ملیۆن کەس لە خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتی بێبەشن، ملیۆنەهایان نەخوێندەوارن، لە گەڕەکە هەژارەکاندا دەژین و بوونەتە قوربانیی ڕەگەزپەرستی

بەهۆی ڕەنگی پێستیانەوە – مەبەستی لە ڕەش پێستەکانە – لەوێ هەرگیز خوێندنگەیەکی وەک ئەمەی لای خۆتان نابینن... هەرگیز ناشتوانن ببنە خاوەنی خوێندنگەیەکی وەک ئەمەی ئێوە هەتانە... ناتوانن ببنە خاوەنی یەک مامۆستا بۆ هەر 20 خوێندکار یان کەمتر.

ئەو ژمارە کەم عەقڵانە، کە دوێنێ لە کۆشکی سپیدا کۆبوونەوە هەر لە داخانا دەمرن، لەتاو شکست و لەتاو سەرسوڕمانیاندا لەو شێوازە دەمرن ئەم گەلەمان توانیان بۆ ماوەی چل و پێنج ساڵ بەرگەی ئابلۆوقەی ئابووری ئەوان بگرن... ئەوان هاوکات سوورن لەسەر پەیمانیان بە گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تری ئەفسووناوی بۆ شکستهێنان بە شۆڕشی گەلی کوبا...، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە، کە ئەو سیستمی تاڵانچییانە ناتوانن لەوە زۆرتر بژین...

ئاخر دەبێت کەسێکی پاک چی بەبیردابێت کاتێک ڕاپۆرتەهەواڵێک لەبارەی ئەو مافیایانەوە دەخوێنێتەوە، کە لە جۆرەها ڕێگە دەگەڕێن بۆ تەنگهەڵچنین بە کوبا... ئەو بێقیمەتانەی سیاسەت لە دژی کوبا دادەڕێژن... ئەوانەی هاوکاری مافیا تیرۆریستەکانن لە مەیامی؟ کورت و پوخت واتەنی... ئەوانە لە پێگەی گەشەسەندووی کوبا تۆقیوون. بچووکترین خاڵ نادۆزنەوە هێرشی لێوەبێنن. ئەوان دەیانەوێت لەسەر بنچینەی درۆ و دەلەسە و بووختانی دڵڕەقانە پاساوی کارەکانیان بدەن. بگرە کاریان گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی ئێمە بە دروستکردنی چەکی بایۆلۆژی تاوانبار بکەن، ئێمە هەموو نێوەندەکانمان بۆ

بەرهەمهێنـــانی دەرمـــانی ڕزگـــارکەری ڕۆحەکـــان تەرخـانکردووە... وڵاتێکـین بە زۆریـنەی ئاڕاسـتەکاندا لە پێشـکەوتنداین... ئەوان هەرگیـز بە ئـێمە نـاگەنەوە، بەڵکـو ئەو تـاقەت و توانایەیـان نیـیە، چـونکە لووتبەرزییـان ئەو ڕێگەیەیـان لێـدەگرێت..، بەڵام دەبێـت لەژێـر ئەو بـارەدا بمێننەوە! بەناوی گەلی کوباوە لەوە دڵنیاتان دەکەمەوە.

بەڵێ... ئەمانە سات بە ساتەکانی تەمەنی من ئەژمار دەکەن بێـــئەوەی ئەم گەمـــژانە بیـــرلەوە بـــکەنەوە کە بیرکردنەوەیان لە سـەرکردەیەکی شۆڕشـگێڕە، کە دەیـان ساڵ لە سایەی چەندین هەوڵی تیرۆرکردنـدا ژیاوە، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بۆی داڕێژراوون.. بەڵای ئەوان لەوەدایە، کە مـن پێـدەچێت خـاوەنی ئەو جینانـانە بـم ژیـانێکی درێژخـایەنم پێدەبەخشـن.. مـن بە نەفسـێکی هێمنەوە دەژیم... یەکێک لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوە مێژووییە وتوویەتی:" دەبینین ڕژێمی کوبا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتـر دەبێـت، چـونکە بە تەواوی پشتبەسـتە بە کەسـێتیی یەک کەس، ئەو کەسـەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پیردەبێـت و پێناچێـت تەندرووستییشـی بـاش بێـت". بەڕاسـتی مـایەی پێکەنیـنە، ئـاخر ئەو دۆزیـنەوەی ئەوان پێیگەیشتوون گوایە هەر خولەکێک تێپەڕێت مرۆڤ بەرەو پیـری دەبـات شایسـتەی خەڵاتـی نـۆبڵە.. ئـای! چ شـکۆمەندییەکی گەورەیە، چ جیـاوازیکردنێکی مەزنە! لە پەیـکەری ئـازادیی دەروازەی نیویـۆرک گەورەتـرە، کە هێندە لە گەورەتربوونی دەترسـم، ترسم هەیە بەر مانگ بکەوێـت.. مەبەسـتم لەو شـکۆمەندییە، شـکۆمەندیی دووبارەکردنەوەی شکست، دۆڕان، تێکەوتنەکانیان و ئەو

ڕاستییە پەی پێنەبراوەیە، کە بێگومان، ئیمپراتۆرییەتی گەورەیان بەر خەسڵەتە گومانلێکراوەکانی کەسێک کەوتووە... ئاخر ملهوڕی بەرچاوڕۆشنیی نابینا کردوون.. ئەم وڵاتە وڵاتێکی خاوەن مێژووی قارەمانێتییە و ئەرکیانە بە وردی لەوگەنجانە وردبنەوە و لەوە تێبگەن ئەوان دەتوانن ئەم دوورگەیە بە بۆمبی ئەتۆمی تۆپ باران بکەن و هەرگیزیش خۆبەدەستەوە نادات... ئێمە وڵاتێکین هەزاران هاوڵاتیمان ئەرکی نێونەتەوەیی خۆیان بەجێهێناوە.. ئەمڕۆش هێندەیان مەعریفەی سەربازی بەدەستهێناوە وڵاتیان بکەنە دۆزەخ بۆ هەر داگیرکەرێک بێت... بەجۆرێک قسەدەکەن وەک ئەوەی تەواو لەوبڕوایەدابن ئەم شۆڕشە سبەینێ دەکەوێت و ئەم وڵاتە توانای بەرگریی نییە. ئەوان لە ڕاستی و لە هێزی دۆزی شۆڕشی کوبا بێئاگان..، بەڵام ئەرکیانە پێش ئەوەی گەمژانە و نەزانانە قسەبکەن، لەوە تێبگەن لە ئێستادا کوبا چۆنە و لە چیدایە... لەبریی ئەوەی کاتی خۆیان لەوکۆبوونەوانەی کۆشکی سپیدا بەهەدەر بدەن، کە ئێمە ناترسێنێت، باشتروایە ویسکی خۆیان بخۆنەوە یان لەگەڵ شتی تردا تێکەڵی بکەن.. یەک نموونە شکنابەن پێشکەشی خەڵکی جیهانی بکەن و سوودی هەبێت بۆ بەراوردکردنی خۆیان بە دەستکەوتەکانی شۆڕشمان..، چونکە ئەو بەراووردکردنە وەک بەراووردکردنی بەهەشت دەبێت بە دۆزەخ."

ئەم وتارەی کاسترۆ پێویستیی بە بەدرۆخستنەوە و وردبوونەوە نییە بۆ دەرهێنانی خەسڵەتەکانی وتاری جەماوەرگەری، چونکە پڕە لە چەواشەکاری و

شـــاردنەوەی ڕاســـتییەکان، بە تـــاییبەتی لە لایەنـــی بەراووردکردنـی کوبـا بە ئەمریکـاوە. جـگە لە پڕکردنـی خەڵکـی لە دژی ئەمریکـا وەک دووژمـن بە ناشـیرینترین وەسـف و دواڕۆژی ئەمریکـا بەدەسـتی کوبـا، کە بریتـی دەبێت لە تێداچوونی ئەمریکا لە شـەڕێکدا بەدەستی کوبا، شـــەڕێک، کە 50 ســـاڵە کوبـــا کردوویەتـــی و هـــیچ دەسـتکەوتێکی تێدا بەدەسـت نەهێنـاوە و تەنـانەت ئاکـامی سـزا و ئـابلۆوقەی ئـابووری لەسـەر خـۆی بـۆ سـووک نەکـراوە، چـونکە شـەڕی وەهـمە و لەنێـوان ئەو شـەڕە و واقیعـدا بۆشـاییەکی زۆر هەیە. ئەمە بەلایەنـی وتـاری سەرۆکی فەرماندەوە، لەبارەی وەرگرانی وتارەکەیشـەوە، کە جەمـــاوەرەکەیەتی، ئەوا لە هەمـــوو ڕســـتەیەکدا چەپڵەڕێزان وتارەکەی بە کاسترۆ دەبڕی، کە بەڵگەیە بۆ جەماوەرگەرایی جەماوەرەکەی، واتە جەمـاوەری پڕۆژەی بێکۆتـایی، وەک ئەوەی شـۆڕش قۆناغێـک نەبێـت بـۆ گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، بەڵکو خەبـاتێکی بێکۆتـایی و هەتاهەتـایی بێـت، وەک لە "کتێبـی سـەوز"ی موعەمەر قەزافیدا هاتووە.

**موعەممەر قەزافی :**

وێڕای ئەوەی قەزافی لە هەمـوو سـەرۆک و کەسـێتییە سیاسییەکان زیاتر جێی سەرنج و مشتومڕە، هاوکات لە هەمووشـــیان جەمـــاوەرگەراترە. مـــوعەممەر مـــوحەمەد عەبدولسەلام ئەبو منیار قەزافی لە ساڵی 1942 لە گوندی "جهـنم" لەدایکبـووە، بـاوکی بـۆ خوێنـدن دەینێـرێتە شاری"سـرت" لە ناوەڕاسـتی لیبیـا و شـارێکی سـەربە

هــۆزی" قەدادفە"یە. لە ئەکادیمیــای ســەربازی شــاری بەنغــازی دەخوێنێــت و ســاڵی 1965 تەواوی دەکــات و دەبێــتە ئەفســەرێک لە ســوپای" ئیشــارە"دا. ســاڵی 1969 دەبێتە ساڵی وەرچەرخان لە ژیانی قەزافیی گەنجدا، ئەو کــاتەی هاوشــێوەی جەمــال عەبدولناســری ســومبولی کــۆمەڵەی ئەفســەرانی ئــازادیخواز پێکــدەهێنێت، دواتــر کودەتــای ســەربازی بەســەر شــا ئیــدریس سنوســی ئەنجامــدەدات و تــا ســاڵی 1977 خــۆی دەبێــتە ســەرۆکی ئەنجــوومەنی ســەرکردایەتیی شــۆڕش، واتە ئەو ســاڵەی لیبیا تیۆرێکی سیاسیی بۆ دەسەڵات دادەڕێژێت لەسەر بنچینەی دەسەڵاتی گەل لەڕێی هەڵبژاردنی دیموکراسیی ڕاســتەوخۆ وە، ئەویــش لە میــانەی کــۆنگرە میللــی و جەماوەرییەکــانەوە، کە بــوونە بنچیــنە و میکــانیزمی یاسادانان و لیژنە جەماوەرییەکانیش، کە بوونە میکانیزمی جێبەجێکردن. لە کتێبی سەوزدا، کە لە ساڵانی حەفتاکاندا نووسیی، قەزافی بە وردی باسی لەو تیۆرەی دەسەڵات و حوکم کردووە لەڕێی کۆنگرە و لیژنە جەماوەرییەکانەوە کاریان بەڕێوەدەبرێت. کتێبەکە هاوکات بەجۆرێک باس لە تیــۆری سۆســیالیزم دەکــات، کە پێشــتر نەبیســتراوە و نەبینــراوە، بــاس لە کــۆڵەکەی کــۆمەڵایەتیی تیــۆرەکەیش دەکــات، کە بە تیــۆری ســێهەمی جیهــانی ناســراوە بــۆ جیاکردنەوەی لە تیۆری سەرمایەداری و مارکسیزم، کە قەزافــی لەبــارەیەوە دەڵێــت تیــۆرەکەی پــوختەی ئەزموونەکانی مرۆڤایەتییە.

پرۆفیسۆر" دیرک فاندویل" نووسەری کتێبی" لیبیای هاوچەرخ" لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەنووسێت:" دەردەکەوێت، کە قەزافی لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکانەوە دیدی درووستی بۆ پرسەکان لەدەستداوە کاتێک کە مانیفیستۆی ناونراوی بە"کتێبی سەوزی"بڵاوکردەوە، کە بریتییە لە کۆمەڵێک دەقی ناپەیوەند بە یەکترییەوە و بەڵگەیەکی ئایدیۆلۆژی دید و بۆچوونەکانی خۆنی لەبارەی شۆڕشی "بەردەوام و بێکۆتایی" شۆڕشی لیبیاوە. زۆری نەبرد ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بووە درووشمی نیشتیمانی، کە یەکێک لەو درووشمانە دەڵێت:"ماڵ هی ئەو کەسەیە تیایدا نیشتەجێیە"، ئەم درووشمە وایکرد ئەو خاوەن خانوانەی زیاتر لە خانویەکیان هەیە، یان دەستبەرداری خانوەکانیان بن، یاخود هەرچی زووترە گرێبەستی هاوسەرگیری دەربکەن بۆ ئەوەی خانوەکان بۆ خێزانەکانیان بمێنێتەوە. درووشمێکی تریش دەڵێت:" دیموکراسی واتە لەباربردنی مافەکانی تاک". بەهۆی ئەو کتێبەوە وەک "سەرکردە، مورشید" دەڕوانرایە سەرهەنگ قەزافی، ئەو فاڵگرەوەی سەرکردایەتیی شۆڕشێکی هەمیشە گۆڕاو دەکات، بەڵام تا دەهات هزر و بیرە فەلسەفییە سەیروسەمەرەکانی قەزافی لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێدا زیاتر بەریەک دەکەوتن و ئەمەیش بووە تاریکترین لایەنی ڕژێمەکەی و بەهۆیەوە خەڵکی لیبیا کەوتنە دەستی مۆتەکەیەکی ئەوتۆی سەرکوتکردن و چەوسانەوەوە، کە سادەترین نارەزایی دەربڕین

خـــاوەنەکەی بێســـەر و شـــوێن دەکـــرد، ســـەرباری هێشتنەوەیان لە زینداندا بەبێ دادگاییکردن و بە ئازار و ئەشــکەنجەدانەوە، تــا ئەو ڕادەیەی ســزا و ئەشــکەنجە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی دەگرتەوە ئەگەر یەکێکیان لە دژی ڕژێم بوەستایەتەوە، بگرە ئەو لیبیانەی لە مەنفایش بوون لە ترسی قەزافی ئۆقرەیان نەبوو، چونکە فەرمانی بە کوشتنی ئەوانەیش کردبوو، کە بە" سەگە بەرەڵاکان"ی ناودەبردن، بۆ ئەو مەبەستەش تیمی تایبەتی تیرۆرکردنی لە دەرەوەی لیبیــادا پێکهێنــابوو. قەزافــی هەروەهــا خواســتێکی زۆری هەبــوو بــۆ گــاڵتەکردن بە نەریــتە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتەکەشی بە زۆرێک لە چالاکییە تیرۆریستییە سەلماوەکانەوە لەڕێی بەڵگەوە تێوەگلابوو، کە بــوونە هۆکــاری بەرەنگــاربوونەوەی بەهێــز لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوادا، ئەمەیش وایکرد قەزافی ببێتە کەسێکی بێـزراو لە ئاسـتە نێـودەوڵەتییەکەدا، وەک سـەرکردەیەکی پەرۆش بۆ تێکشکاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا ناسرا، ئیتر ئەو تێکشکاندنە چەندەی تێبچێت و چۆنیش بکرێت.

قەزافی بە هەموو شێوەیەک کاری بۆ بە نەمرکردنی خۆی کردووە و برەوی داوە بە هزروبیری و بۆ نموونە ماڵە ڕووخاوەکەی کرد بە مەزارگە و مۆزەخانە تا خەڵکی "جەمــاهیریی گەورە" ســەردانی بــکەن، ژووری بەشــی نـاوخۆیی لە خوێندنگەی" سبها"یش بە هەمانشێوە کرایە مەزارگە و مۆزەخانە بۆ پیرۆزڕاگرتنی مێژووی سیاسی، خەبات، تێکۆشانی و ژوورەکەیشی لە سەربازگەی "قار

یــونس" بــۆ هەمــان مەبەســت، بەڵام دەرئەنجــامی ئەو دەستکەوتانە ئەوەنەبوو قەزافی چاوەڕێی دەکرد، چونکە ئەو گەلەی لەتاو ستەمکاریی ئەو ئۆقرەی لێبڕابوو، هاتە سـەر شـەقام و کەوتـنە وتـنەوەی" گەل دەیەوێت ڕژێم بڕووخێت" کە لە سـەرەتای سـاڵی 2011 دەسـتپێکرد و چارەنووســی ئەویــش بە هەمــان چارەنووســی هەمــوو دیکتاتۆرەکانی مێژوو گەیشت کە بریتیبوو لە ڕووخانی دەســــەڵاتەکەی، تیــــاچوونی خــــۆی، مێـــژوو، دەستکەوتەکانیشی، کە ڕەنگە تەنها وەک یادەوەرییەک لە ئەندێشەی نەوەی ئایندەدا بمێنێتەوە.

لە بـارەی وتارەکانیشـییەوە، هاوشـێوەی دەرکەوتنـی خـۆی وتـاری جەمـاوەرگەری و وەک خۆیشـی مـایەی نـامۆیی بـوون، لێـرەدا دوو وتـاری دەهێنیـنەوە، وتـاری یەکەمیــان پــێش شۆڕشــی لیبیــا و دووەمیشــیان لە سـەروبەندی شـۆڕش دابـوو. سـاڵی 2007 لیبیا بیست و یەکەمــین ســاڵیادی هێرشــە ئاســمانییەکەی فڕۆکەکــانی ئەمریکای سەردەمی ڕۆناڵد ڕێگانی بۆ سـەر ماڵی قەزافی کـردەوە، کە بە" مـاڵە خـۆڕاگرەکە" نـاوبرا و سـەرکردەی لیبییش لە فێستیڤاڵێکدا، کە نـاوی نـا" وأعدوا، خۆتـانی بۆ ئامــادە بــکەن" – ئامــاژەیەکە لە ئــایەتی: (وأعــدوا لهــم مااستطعتم مـن قـوە) لە قورئـانەوە وەرگیـراوە –- ڕووی کردەوە جەماوەرەکەی:" دەبێت ئومەی عەرەبی بە گشتی و لیبــی بە تــایبەتی، ڕابــن بــۆ خەبــاتکردن لە دژی دوژمنانیــان لە نــاوخۆ دابێــت یــان لە دەرەوە.. دەبێــت

عەرەب یەکبگــرن... نــاکۆکیی نێــوان شــیعە و ســوونتە هۆکارەکەی سیاسییە نەک تایفی... ئەوەی دەوترێت ئێران شیعەیە و عەرەبیش سوونتە درۆیەکی گەورەیە هەندێک دەیانەوێت لەپێناوی درووستکردنی بەربەستێکی گەورە لەنێوان سوونتە و شیعەدا بازاڕی بۆ گەرم بکەن... فاتمییەکان یەکەمین دەوڵەتی شیعە بوون کە شیعەکان لە باکووری ئەفریقیا دامەزراند و حوکمی تونس، میسر، شام و لە هەندێک قۆناغیشدا حوکمی جەزائیر، مەغریب، دوورگەی عەرەبی، سەقلیەیان کرد و لە میانەی ئیمارەتی "کنوز"ەوە هەژموونیان بەسەر وڵاتی "نوبە"شدا هەبوو. ئەی چۆن دەڵێن لە عێراقدا زۆرینەیەکی شیعە و کەمینەیەکی سوونتە هەیە؟ عەرەب هەموو شیعەن بە باکووری ئەفریقیاشەوە، بگرە هەمووومان شیعەین. ئەم دابەشبوونە بەسەر شیعە و سوونتەدا دەگەڕێتەوە بۆ دابەشبوونی نێوان ئیمامی عەلی و موعاویە.. کەواتە عەلی کێیە و موعاویە کێیە؟

عەلی ئامۆزای پێغەمبەر، هاوسەری فاتیمەی کچی، باوکی حەسەن و حسەینە، عەلی ئەو کەسەیە کڕنووشی بۆ بت نەبردووە، لە کۆچی پێغەمبەردا بۆ مەدینە ئەو لە نوێنەکەیدا مایەوە کاتێک بێباوەڕان ویستیان لەو شەوەدا پێغەمبەر بکوژن.. عەلی یەکەمین باوەڕداریشە لەنێو گەنجاندا.

ئەی موعاویە کێیە؟ ئایا موعاویە کوڕی ئەبوسوفیان نییە، کە سەرسەختترین دوژمنی ئیسلام بوو، لەدوای

فەتحی مەککە بەناچاری موسوڵمان بوو؟ بگرە هەندێک گومانیان لە موسوڵمان بوونەکەیشی هەیە. ئەی دایکی موعاویە هیندی کچی عوتبە نییە، کە لە سەرسەختترینی بێباوەڕان بوو تا ئەو ڕادەیەی جەرگی حەمزەی گەورەی شەهیدانی دەرهێنا و خواردی؟ ئەمە موعاویە و ئەوەیش عەلییە و ئیتر کێ لە ئێمە لایەنگیری عەلی و کێیش لایەنگیری موعاویەیە لە دژی عەلی؟عەرەب هەموو شیعەن، چونکە هەموو لەگەڵ عەلیدان دژی موعاویە... بگرە موسوڵمانان هەموو شیعەن!

هەموان شیعەی عەلیین، ئێمەیش لە لیبیا، جەزائیر، میسر و مۆریتانیاش، شیعەی عەلی و حەسەن و حسەینین، بڕواننە عەرەب: کێ بەناوی موعاویەوە بۆنە دەگێڕێت و کێ ناوی دەبات و باسی دەکات؟ بەڵام هەموان ناوی عەلی و حەسەن و حسەین دەبەین و بۆنەیان بۆ دەگێڕین لە وڵاتانی عەرەبیماندا، کەواتە موعاویە لایەنگیری نییەو ئەگەر هەیشبێتن کەمینەیەکن کەس گوێیان پێنادات".

ڕەنگە زۆرێک لەدژی ئەم تێزەی قەزافی بن و زۆریش لەگەڵیدا بن، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لەم وتارەدا ناوەڕۆکە جەماوەرگەرییەکەیەتی، کە ئەگەر وتارەکە بخەینە چوارچێوە سیاسییەکەیەوە ڕوونتر بۆمان دەردەکەوێت. چونکە لەوماوەیەدا کە وتارەکەی تێدا وتراوە، لیبیا لە گۆشەگیرییەکی نێودەوڵەتیدا بوو دوای

قەیرانی لۆکەربی، ئەوکاتە قەزافی دڵنەوایی ئێرانی دەکرد و بۆ ئەو مەبەستە ئەو وتارە فاتیمیگەراییەی بەوجۆرە دارشت، کە بەڵگەیە بەوەی ناوەڕۆکی وتارەکەی لە قەناعەتی ڕاستی خۆیەوە نەبووە هێندەی جۆرێک بوو لە دیماگۆجیەت و دووڕوویی سیاسی، کە ڕەگەزی ئاینی ڕۆڵی تێدا هەبووە لەپێناوی دارشتنی هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ ئێراندا، ئەمەش ڕەفتارێکی تەواو جەماوەرگەری بوو، چونکە هاوپەیمانێتی لە نێوان وڵاتاندا بەوشێوازە ئاژەوەگێڕییە دانارێژرێت، ئەگەر بشکرێت بە سیاسەتی دەوڵەتداری دانانرێت هێندەی سیاسەتی جەماوەرگەرییە.

لەبارەی وتاری دووەمیشیەوە، کە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی لیبیا پێشکەشی جیهانی کرد، هاوکات ڕوونکردنەوەی چۆنێتیی مامەڵەکردنی پۆپۆلیستەکانە لەگەڵ گەلانی خۆیاندا دوای ئەوەی گەلانیان لە دژی ستەمکارییان ڕادەبن، بارودۆخی قەزافییش لە بارودۆخی هەر دیکتاتۆرێک جیاواز نییە کە لەبەردەم هێڵی کۆتاییاندا دەوەستن.. لە وتاری دووەمیدا دەڵێت:" لەم شوێنەوە بەرامبەر ئەمریکایەکی بەهێز وەستاینەوە، بەرامبەر گەورەهێزانی خاوەن چەکی ئەتۆمی وەستاینەوە و بەسەریاندا سەرکەوتین. ئیتالیا دەستی کوڕی شێخی شەهیدان عومەر موختاری ماچ کرد، ئەمەیش نەمری و سەرکەوتنێکی بێوێنەیە. ئێرە وڵاتی منە، زێدی باب و باپیرانی من و ئێوەشە، بەدەستی خۆمان چاندوومانە و بە

خـوێنی بـاب و باپیرانمـان ئاومـان داوه. ئێمه لەو جـرج و کرێگرتانه شایستەترین به لیبیا.

ئەو کرێگـــرته و چڵکـــاوخۆرانه چـــین، که له لایەن دەزگای هەواڵگریی ئەمریکاوه کۆمەکی دەکرێن، نەفرەتـی خوایان لێبێت، ئابڕووچوونیان بۆ منالّیان جێهێشت ئەگەر منالّیـــان هەبێـــت، حەیـــای خانەوادەکانیـــان بـــرد ئەگەر خانەوادەیان هەبێت، حەیای هۆزەکانیان برد ئەگەر بنەچه و هۆزیـان هەبێـت، بەڵام بێگومـان ئەوانه هۆزیـان نیـیه. شـۆڕش واته قوربانیـدانی هەمیشـەیی و هەتاهەتـایی تـا کۆتایی تەمەن. ئەمڕۆ تۆ دەڵێیت من لیبیم، ئەوان دەڵێن: ئااا لیبیای قەزافی، لیبیای شۆڕش... ئێوه ئێستا لێره لەم مەیدانی سـەوزەدا دەڵـێن لیبیا سـەرکەوتنی دەوێت، لیبیا دەیەوێـت بگـاته لـوتکەی وڵاتـانی جیهـان، لیبیـا دەبێـت پێشەنگی کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمریکای لاتین و بگـره ئەوروپـاش بێـت، هەمـوو کیشـوەرەکان کـۆنگره و لـوتکەی بالایـان له لیبیـا دەبەسـتن، ئەمه سـەرکەوتنه بـۆ خەڵکی لیبیا بەنێر و مێوه، وایلێهاتووه له هەموو جیهاندا پەنجه بۆ هاوڵاتیی لیبی ڕادەکێشرێت و ناوی دەبرێت.

هەرگیز کۆمەڵێک خەڵکی شـاز و کرێگرته نـاتوانن ئەم کـاروانه ڕابگـرن، ئەرێ ئەو پشـیله و مشـکانه کـێن لەم شـــەقام بـۆ ئەو شـــەقام و لەم کـۆڵان بـۆ ئەو کـۆڵان له تاریکیدا هەڵبەز و دابەزیانه؟ من جەنگاوەرم، موجاهیدم، خەباتکـــارم، تێکۆشـــەرم، شۆڕشـــگێڕم، له خـــێمەوه، له گونـــدەوه، له شۆڕشـــێکی مێژووییـــدا، که ســـەرکەوتن و

نەمریی بۆ خەڵکی لیبیا هێنا گوند و شارەکان دەستیان خستە دەستمەوە، ئەم شۆڕش و سەرکەوتنە بۆ نەوە دوای نەوە دەمێنێتەوە، لیبیایش لە لوتکەدا دەمێنێتەوە و پێشەنگیی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین و ئاسیا و بگرە هەموو جیهانیش دەکات.

من بەهای مانەوەم لێرە دەدەم، عەبدولسەلام ئەبومنیار باپیرەی منە، یەکەمین شەهیدە لەو پێنج شەهیدەی لە یەکەمین شەڕی ساڵی 1911 شەهید بوو، من هەرگیز ناتوانم ئەو قوربانیدانە مەزنەی باپیرەم لەکەدار بکەم، ناتوانم ڕووفاتی پیرۆزی باپیرەم لە چاوەڕوانیدا دابنێم، ئەوەتا ڕووفاتی باوکم لە "هانی"یە و ئەوەتا ڕووفاتی مامیشم "شێخ ساعدی" لە گۆڕستانی "منیدر"ە. من ئەگەر تەنها سەرۆکێک بم ئەوا ئێستا نامەی دەست لەکارکێشانەوەم بەڕووتانا هەڵدەدەم."

بێگومان ئەم وتارە دوایین بانگەواز نییە هێندەی دوایین هەناسەی سەرەمەرگە، وتارێکە لەبریی دانان بەو هەموو زوڵم و ستەمەی خەڵکی لیبیای تێدا دەژیا لە سایەی حوکمی قەزافیدا، دەبینین هاوشێوەی سەرکردە دیکتاتۆرەکان دەکەوێتە دووڕوویی و چەواشەکردنی خەڵکی لە واقیع و ساختەکاریی سیاسی، بەجۆرێک لیبیا لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەودا هیچ لەمانەی بەدینەهێنا، کە لە وتارەکەیدا باسیان دەکات. هەموو ڕستەیەک لە ڕستەکان لە جەماوەرگەرییدا تەنگ بە ڕستەکەی دواتری هەڵدەچنێت.

**خوان و ئیڤا بیرۆن:**

خـوان بیـرۆن سـاڵی 1895 لە خـوارووی ئەرژەنتـین لەدایکبووە، دەڵێن کەسێکی ناڕوون و سەرسام بووە بە ئەنگێـزەی جەرمـانیزم. سـەرهەنگێک بـوو، کە خـولی ئەفسـەریی لە ئیتالیـای مۆسـۆلینی و ئیسـپانیای فرانکـۆیی تەواوکردبـوو، هێنـدەی توانـا هەبـوو، کە بتوانێـت سـکرتاریەتی دەوڵەت بـۆ کـارکردن بکـاتە چەکێکـی کـاریگەری ئەنجامـدانی گۆڕانکـاری لە کـۆمەڵگەی ئەرژەنتینیـدا. دوای شۆڕشـی 1943 ی ئەرژەنتین، خـوان بیـرۆن بـۆ یەکەمجـار لە دەسـەڵاتدا بەشـداربوو، بەرنـامە چاکسـازییەکانی لەکـاتی بوونیـدا بە وەزیـری کـار و خزمەتگـوزاری بـووە هۆکـاری بەدەسـتهێنانی پشـتگیریی کرێکـاران، چـونکە هەنـدێک بڕیـاری دەرکـرد پەیوەنـد بە زیـادکردنی کـرێ و کەمکـردنەوەی کاتەکـانی ئیشـکردن و ئیمزاکردنـی گرێبەسـتی دەسـتەجەمعی و دابینکردنـی ئاسـانکاریی یاسـایی بـۆ سـەندیکاکان و بەوەیـش بـووە خاوەنی جەماوەرێک ژەنراڵەکـانی سـوپای نیگەران کـرد و بـۆ ڕزگـاربوون لێـی ناچاریـانکرد دەستلەکاربکێشـێتەوە، ئەوەیش بووە هۆکاری یاخیبوونێکی جەماوەریی بێوێنە لە بـۆینس ئایرسـی پایتەختـدا، کاتێـک هەژارانـی نـاوچە هەژارنشینەکان هاتن و دەستیان بەسەر پایتەختدا گرت و لەو گەرمـایەدا خەڵکـی کراسـی خۆیـان داکەنـد و داوای گەڕانەوەی " ژەنـراڵە باشـەکە"یان دەکـرد، کە نەک تەنهـا ئاسـتی گـوزەرانی باشـکردن، بەڵکـو شـتێکی بـۆ کـردن

هەرگیـــز لەبیریـــان نـــاچێتەوە و دەیگەێـــنن بە نەوە بە نەوەیـان، ئەویـش ئەوەیە کـارێکی بـۆ کـردن هەموویـان هەست بە شکۆ و کەرامەتی نوێیان بکەن. ئەو ڕۆژەش بە ڕۆژی" ســـینگ ڕووتەکـــان" ناســـرا و بە مێـــژووی ســەرهەڵدانی" بزاڤــی بیرۆنی"دانــرا، کە بــووە فراوانتــرین بزاڤـی جەمـاوەری لە مێـژووی ئەرژەنتینـدا، لەو ڕۆژەوە ئەو بـزاڤە ڕۆڵــی گەورەی هەبــووە لەژیــانی سیاســی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتەدا. ساڵی 1945 لە پۆسـتی وەزیـری لادەبرێت و لە 1946 دا دەبێتە سەرۆکی ئەرژەنتین.

ســـەرەتای گەشەســـەندنی وڵاتـــی ئەرژەنتـــین، کە بەرنـامەی هەنـاردەکردنی خـۆراک و جلـوبەرگ بـوو بـۆ ئەورووپـای تـازە دەرچـوو لە جەنگـی دووەمـی جیهـانی، بواری ڕەخساند بۆ ژەنراڵی سـەرۆکی وڵات تـا سیاسـەتی خۆمـاڵیکردنێکی بەرفـروان بەرجەسـتە بکـات و بکەوێـتە دانـانی سسـیتمێکی بێـوێنەی جەمـاوەرگەری، کە سـیما سـەرەکییەکانی لە فاشـیزمی تەقلیـدییەوە وەرگـرت، واتە: پەیوەنـدیی کاریزمـایی بە سـەرۆکەوە" دەسـتدرێژیکردنە سەر جەماوەر" لە میانەی ڕیکلامەوە لە هەمـوو شـوێنێکدا بە مەبەســـتی" داگیرکردنـــی بیروهۆشـــی جەمـــاوەر"، دامەزرانـــدنی ڕێکخـــراوی پیشـــەیی ڕێـــگەدەر بە چـاودێریکردنی میکـانیزمی سـەندیکایی، بەدەسـتهێنانی هاوکـاریی چینەکـان، کە دەبـووە هۆکـاری دڵنیـاکردنەوەی خـــاوەن کـــار و ســـەرمایەداران، کە لە ســـاڵی 1944دا

لەبەردەمیاندا وەستا بۆ ئەوەی پێیانبڵێت:"بەڕێزینە، وتراوە کە من دژایەتی و دوژمنایەتیی سەرمایەداری دەکەم، بەڵام خۆتان بۆتان دەردەکەوێت کە من باشترین داکۆکیکارم لە بەرژەوەندیی خاوەن کارەکان، دەبێت بە سۆز و نەرمونیانییەوە مامەڵە لەگەڵ کرێکاراندا بکەین، بۆ ئەوەی ئەوانیش زیاتر خۆیان ماندوو بکەن، ئەوانەی کرێکاریان لەبەردەستدایە دەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنیان لەم دەرگایەوە بچنەژوورەوە بۆیان."

ئەم بڕگەیەی وتارەکە گرنگترین پێکهاتەی جاماوەرگەرییمان بۆ دەردەخات، کە بریتییە لە دیماگۆجیەتی دوالیێزمەیی لە پێوەرەکاندا، کە هەمیشە سەرکردە پۆپۆلیستەکان پەرۆشن بۆ بەکارهێنانی لەگەڵ جەماوەریاندا.. وەک دەبینین لە لایەکەوە پشتگیری هەژاران دەکات و لەو لایشەوە دەچێتەپاڵ سەرمایەداران لە دژیان، بەوجۆرە پۆپۆلیستەکان نە بەرنامە و نە پلانی کاریان هەیە، بەڵکو کاریان سیاسەتێکی هەڕەمەکییانەی سەرپێییە، کە ساتەوەختێکی سیاسی حوکمی تێدا دەکات.. ئەگەر جەماوەرگەراییش وەک مێژووی هاوچەرخ دەریدەخات:" نەگۆڕێت بە دیکتاتۆرییەت بەومەرجەی تێکەڵ بە فاشیزم نەکرێت" ئەوا بیرۆن ئەو تێکەڵییەی کرد بۆیە ئەزموونی دەسەڵاتی زیاترین جەماوەرگەرایی بوو لە مێژووی ئەمریکای لاتیندا، هەروەک بیرۆنیزم بووە

مۆدێلێک بەشێکی فراوان لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین پەیڕەویانکرد و تا ئەمڕۆیش چەندین بزاڤی بیرۆنیزم هاتوونەتەئارا و دیماگۆجییەت لە تەواوی دەیەی بیرنۆنیزمدا مەیدانی کۆنترۆڵکردبوو:" ئەویش بە هەماهەنگیی تەواوەوە لەگەڵ نەبوونی بەرزەفتکارییە ئاکارییەکان لە لایەن دەستوپێوەندەکانی ڕژێم و کۆمەڵەکانیانەوە لە خزمەتکردندا بە یەکتری لەبواری گەندەڵی و دزیکردندا، کە کەسانی لوتکەی دەسەڵاتی "لوتکەی هەڕەم"ی تێپەڕاند و گەندەڵی و دزی و بەتاڵانبردنی سامانی میللەت بووە، نەریتی خەڵکانی نزیکیش لە دەسەڵات و تا ئەم ساتەش کۆمەڵگەی ئەرژەنتینی کاریگەری و ئاسەوارەکانی ئەو دزیکارییەی لەسەرە.

ئیڤینای هاوژینی خوان بیرۆنیش بەسەرهاتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم ژنەی یارمەتیدەری بوو لە گەیشتن بە دەسەڵات، بووە سومبولی گەلی ئەرژەنتین و دیارترین کەسایەتییە مێژووییەکانی. ئیڤیتا کچی ناشەرعیی خێزانێکی هەژاری ئەرژەنتینی بوو، تا تەمەنی پانزە ساڵی لای ئەو خێزانە مایەوە، کە هەڵیانگرتبوەوە، دواتر بۆ دەستکەوتنی کار، چوو بۆ بۆینس ئایرسی پایتەخت، سەرەتا ویستی بە هۆی جوانیی لە ڕادەبەردەرییەوە لە بواری نواندندا کاربکات، بەڵام چوو بۆ یەکێک لە

ئێستەگەکانی ڕادیۆ. ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆلۆنێل" خوان بیرۆن" سەردانی ئەو ڕادیۆیە دەکات، کە دەیبینێت حەزی لێدەکات و دەیخوازێت. ئیڤینا توانیی بە هۆی کارکردنییەوە لە ڕادیۆکەدا ببێتە وتەبێژی فەرمیی خوان بیرۆن و هەوڵێکی زۆریشیدا بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریی جەماوەری و زیاتربوونی لایەنگرانی و دەسەڵاتەکەیشی. کاتێک یاخیبوونێکی سەربازی لە ساڵی 1945دا بیرۆنی لە دەسەڵات دوورخستەوە، ئیڤینا لەنێو کرێکاری کارگەکان و جەماوەری گەلی ئەرژەنتین و ئەفسەرانی سوپادا کەوتە چالاکی، تا جارێکی تر وەک فەرماندەی هێزی چەکدار و سەرۆکی حکومەت و دواتریش گەڕاندییەوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، تا ئەو ڕادەیەی دۆست و دوژمنانی تەبابوون لەوەدا کە: کەس ناتوانێت خوان بیرۆن بڕووخێنێت، هۆکاری یەکەم و سەرەکییش لەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ خانمی یەکەمی وڵات، کە بە هۆی هاوکاری و یارمەتیی بۆ هەژاران و وتارە ئاگرینەکانییەوە تەخت و تاراجی دڵی ملیۆنەها کەسی لە گەلی ئەرژەنتین داگیرکردبوو. ئیڤیتا توانیی لە ماوەیەکی کەمی وەرگرتنی دەسەڵاتی خوان بیرۆندا" سندوقی ئیڤا بۆ خێرخوازی" دابمەزرێنێت و پۆست و پێگەی خۆی خستە خزمەتی دابەشکردنی هاوکاری و یارمەتی بەسەر هەژاراندا، بە جۆرێک لە ناکاودا سەردانی گوندەکانی دەکرد و خۆی

دەکرد بە ماڵی جووتیار و هەژاراندا و خۆراکی بە خۆیان و شیرینیی بۆ منداڵەکانیان دەبرد، هەروەک جلوبەرگی ئەوروپیی دەکڕی و دابەشی دەکرد بە سەریاندا و لە بۆنەکانیشدا بووکەڵە و یاریی دەدا بە منداڵەکانیان. تەواوی گەلی ئەرژەنتین خۆشیان دەویست و چەندین نازناویان پێدابوو وەک" ئیڤای قەدیس، ئیڤای فریشتەی بچووک". هەرکاتیش دەچووە شەقام گەلی ئەرژەنتین دەهاتنەدەرەوە بۆ بینینی خۆشەویستی جەماوەر و وێنەی ئەویان هاوشێوەی پیاوە ئاینییە پیرۆزەکان لە ماڵەکانیاندا هەڵدەواسی. کاتێک تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە دەبێت، ئەوکات ڕژێمەکەی خوان بیرۆن شلۆق دەبێت. ئیڤا سەرباری نەخۆشییەکەی خۆی ڕادەست ناکات، بەڵکو لە کۆبوونەوە و دیمانە سیاسی و جەماوەرییەکاندا ئامادە دەبوو. بەیانی ڕۆژی 26ی تەمووزی 1952 ئیڤا بیرۆن لە تەمەنی 33 ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات، لەگەڵ دەرچوونی ڕۆحیدا یەکێک لە شارەزایان لاشەکەی مۆمیا دەکات و ئەرژەنتین تووشی بارێکی ترس دەبێت و ملیۆنەها کەس دوای تەرمەکەی دەکەون تا ئەو ڕادەیەی حەوت کەس بە هۆی کەوتنە ژێر پێوە گیانیان لەدەستدا.

لەبەرئەوەی پەتی درۆ و ساختەکاری و فریودان کورتە، ئیتر دەبوو هەموو ڕاستییەکان دەربکەوون، کاتێک ڕژێمەکەی خوان بیرۆن لە ساڵی 1955دا دەڕووخێت،

ژەنـراڵ" لۆنـاردی" سـەرۆکی نـوێی ئەرژەنتـین خـانوو، کۆشـکەکانی سـەرۆکایەتی دەکـاتەوە و خەڵکـی تووشـی شـۆک هـاتن، کە بـۆ یەکەمجـار بۆیـان دەرکەوت خـوان بیرۆن و ئیڤای هاوسەری چۆن ژیاوون. لە یەک کۆشـکدا "15 ئۆتـۆمبێلی جـۆری سـپۆر" و" 250 مـاتۆڕ" بینـرا، لە کۆشکێکی تریشـدا سـامانێک بینـرا کە بە" 10" ملیـار دۆلار خەملێنرا، وێڕای خشڵ و کەلوپەلی گرانبەهـا، کە هەمـووی لە پارەی گەل کۆکرابووەوە و ئاودیوی دەرەوە کرابـوون بە حیسابی نهێنی لە بانکەکانی جیهاندا.

هەرچەندە دەسەڵاتی سەربازیی نوێ لە بۆینس ئـایرس سـەلماندی، کە ئیڤـا سـامانێکی زۆری پـرۆژە و دامەزراوە خێرخوازییەکانی دزیوە، کە خۆی سەرپەرشتیی کـردوون، هەموو زێڕ، خشڵ و جلوبەرگە گرانبەهاکانی بۆ هەژارانـی گەلی ئەرژەنتین خستەڕوو، کە هەمـووی لە پـارەی ئەوان دزیبـــوو، بەڵام هێشـــتا هەژاران خۆشـــیان دەویســـت و دەیانوت:" ئێمەیش هەموومان موڵکی ئیڤیتاین، با چەنـدە و چیـدەوێت ببـات و چییـدەوێت بیکـات ئـێمە تـا هەتـایە خۆشمان دەوێت."

دوای مردنی ئیڤیتا و لە ساڵی 1955دا، بە کودەتـایەکی ســـەربازی دەســـەڵاتی خـــوان بیـــرۆن ڕووخێنـــرا و بـۆرژوازییەتی کۆنسـێرڤات بە هاوپەیمـانی لەگەڵ هێـزی دەریایی ئەم سـەرۆکە ئەرستۆکرایەتییەیان بە شـێوەیەکی ناشـیرین ناچـار بە هەڵاتـن کـرد. خـوان بیـرۆن هەڵات بـۆ

پاراگوای، پەناما، لەوێیشەوە بۆ فەنزوێلا، ئیسپانیا و لەوێ نیشتەجێ بوو. بیرۆن لە ئیسپانیا لەگەڵ سەماکەرێکدا بەناوی" ماریا ئستێلا مارتینیز" هاوسەرگیریی کردەوە. هەرچەندە خوان بیرۆن لە ئەرژەنتین دەرکرا، بەڵام بیرۆنیزم لە ڕیزی هەژاران و هەندێک لە توێژی ناوەندیش بە زیندوویی مایەوە، کە هەموو ساتەکانی سەردەمی ئەویان لەبیرخۆیان بردبووەوە و تەنها بیریان لە هەندێک کاتی خۆشگوزەرانیان دەکردەوە. دواتر ژیانی سیاسیی لە ئەرژەنتیندا بە قۆناغی" پۆست بیرۆنیزم" نەبوایە باس نەدەکرا.

سالی 1973 کاتێک ڕێگەدرا بە بیرۆن لە مەنفاوە بگەڕێتەوە وڵات، چووە ڕاپرسییەکی جەماوەرییەوە و بۆ ڕاست و چەپەکانیش واینیشاندا، کە هەڵگری هزروبیریانە و لەو ڕاپرسییەدا ڕێژەی 62%ی بەدەستهێنا... بەڵام خۆی بەلای ڕاستڕەوەکاندا خست لە خاوەن کارەکان و سەندیکاکان لە یەکێتی گشتیی کرێکاران و سوپا و پەیوەندیی بە لاوانی چەپی بیرۆنی پچڕاند کە بە" مۆنتینیرۆس" ناسرابوون و خەونیان بە "وڵاتێکی سۆسیالیزمییەوە" دەبینی. سالی 1974 تا 1976 ئەو ساڵەی کودەتا سەربازییەکە ڕوویدا، کە دەسەڵاتەکەی ڕووخاند و جارێکی تر سوپا دەسەڵاتی گرتەوەدەست تا

لەو "دوژمنە ناوخۆیی"ە ڕزگاری بێت، درێژایی حەوت ساڵی سەخت بوو کە بە" ساڵانی گوللە" ناوبراوە لە 1976 وە تا 1983. ئەم کورتە باسە لە ژیان و قۆناغی دەسەڵاتی خوان بیرۆن نموونەیەکمان پێدەدات لە دەسەڵاتی جەماوەرگەرایی لەسەر هەردوو ئاستی سەرکردایەتی و جەماوەری، کە مۆدێلێکە بۆ ئەوانەی لە باڵکۆنەکاندا دەوەستن بۆ وتاردان و خەڵکیش لە خوارەوە گوێیان لێدەگرن و چەپڵەیان بۆ لێدەدەن.

**سەرچاوە**: منى خويص: رجال الشرفات - دراسة تحليلية للظاهرة الشعبوية، دار الفارابي، 2011

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفازاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵلا | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعيط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | ڕێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕداره تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 |ناملیکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵلا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموکراسی | رەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | ڕێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | ڕێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 198 | سپێنوزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 205 | جەنگی سارد | شاناز رەمزی هیرانی | 2017 |
| 206 | سیخوڕی و دژە سیخوڕی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 207 | بیرەوەریی هەواڵگری | کارناس جوبرائیل | 2017 |
| 208 | هەواڵگری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ئاران عەلی | 2017 |
| 209 | ئاییندەی کاری هەواڵگری لە سەدەی بیست و یەکدا | رەوەند هەورامی | 2017 |
| 210 | ئەرکی سیخوڕانی نهێنی | ئاسۆ حەسەن | 2017 |
| 211 | داعشیزم خەلافەت و تیرۆر | ئەسعەد جەباری | 2017 |
| 212 | شارە زەردەواڵە | موعتەسەم نەجمەدین | 2017 |
| 213 | لەبارەی خوو رەفتاری مرۆڤەوە | وەهاب حەسیب | 2017 |
| 214 | کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | نەوزاد عەلی | 2017 |
| 215 | شارنشینی رۆژهەڵاتی ناوین | چنور فەتحی - وریا غەفوری | 2017 |
| 216 | بەخشین رێگایەک بۆ گۆڕینی جیهان | بیل کلینتۆن | 2017 |
| 217 | هێزی بێهێزەکان | ڤاتسلاڤ هاڤڵ | 2017 |
| 218 | رۆڵی سیاسی کەمینەکان | د. موسڵیح خزر جبوری | 2017 |
| 219 | ئەدەبیات ئەمەیە | پێشەوا فەتاح | 2017 |
| 220 | جوانییەکانی وەرگر | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا | 2017 |
| 221 | کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سۆسیال دیموکرات | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 222 | ئەلف بێ | ژیل دۆلۆز ، کلەیر پارنێت | 2017 |
| 223 | بزووتنەوەی خوێندکارانی شۆڕشگێر | ئێرنست مەندڵ | 2017 |
| 224 | بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ | جۆن جەی میرشەمیر | 2017 |
| 225 | خوێندنەوەیەکی نوێتر بۆ ئیسلامناسی | فوئاد سدیق | 2017 |
| 226 | جەنگ و دژە جەنگ | ئالوین تافلەر و هایدی تافلەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 227 | داعش لەنێوان ململانێی مەزهەبی و شکستی بەهاری عەرەبیدا | هاوکار عەبدوڵڵا | 2017 |
| 228 | مارکسیزمی سۆسیۆلۆژییانە | مایکڵ بوراوۆی | 2017 |
| 229 | سنوورەکانی سیاسەت و دیموکراسی لە کوردستان | ئەکرەم میهرداد | 2017 |
| 230 | ئەزموونی عەلمانییەت لە هندستان | مێهرداد سەمەدزادە | 2017 |
| 231 | ئەنارشیزم لە روانگەی ڕەخنەی مارکسیزمەوە | جۆن مالینۆ | 2017 |
| 232 | فەیلەسوفان و عەشق | ماری لیمۆنییە، ئۆد لانسۆلین | 2017 |
| 233 | کوردەکانی سووریا نەتەوەیەکی لەبیرکراو | کەریم یەڵدز | 2017 |
| 234 | مۆدێلی بەرهەمهێنانی ئاسیایی | هێلمۆت ڕایش | 2017 |
| 235 | شوێنەکانی تر | میشێل فۆکۆ | 2017 |
| 236 | سۆسیالیزمی زانستی و سۆسیالیزمی یۆتۆپی | فرەدریک ئەنگڵس | 2017 |
| 237 | تیۆری ئایین | جۆرج باتای | 2017 |
| 238 | خۆشەویستی و دادپەروەریی | پۆل ریکۆر | 2017 |
| 239 | فەلسەفەو میتافیزیکا چییە؟ | مارتین هایدگەر | 2017 |
| 240 | فەلسەفەکار و سیاسەت | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل | 2017 |
| 241 | حەقیقەتو سیاسەتو ئێمەی پەنابەر | هانا ئارێنت | 2017 |
| 242 | کورد لەناو عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجیندا | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 243 | هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی | پیتەر کیڤیستۆ | 2017 |
| 244 | مێژووی بزاڤی چەپ لە ئێران | ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد | 2017 |
| 245 | کەرتبوون لە نێو پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان 1976-1988 | کاوە تەیب جەلال | 2017 |
| 246 | پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ڕێباز عبدالکریم قادر | 2017 |
| 247 | کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران _کۆمەڵە(سازکا) (1969_1988) | شەیما سەعید حمەلاو | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 248 | له سوقراتەوە تا سارتەر | ت.ز.لاڤین | 2017 |
| 249 | چەپ و ئیسلام و تیرۆر | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |



# پۆپۆلیزم